تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

انتشارات دانشگاه کردستان

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

فەرهەنگی زانستی سیاسی

(فەرهەنگی زاراوە و قوتابخانە سیاسیەکان)

کوردی - فارسی - ئینگلیزی

ئەحمەد شەبانی

٢٠١٠

فەرهەنگی زانستی سیاسی

(فەرهەنگی زاراوە و قوتابخانە سیاسییەکان)

کوردی ـ فارسی ـ ئینگلیزی

ئەحمەد شەبانی

دانشگاه کردستان

۲۰۱۰

سرشناسه : شبانی، احمد، ۱۳۵۰
عنوان و نام پدیدآور : زاراوەی سیاسی هاوچەرخ، فەرهەنگی شیکاری زاراوە و قوتابخانە سیاسییەکان کوردی - فارسی - ئینگلیزی /ئەحمەد شەبانی
مشخصات نشر : سنندج، دانشگاه کردستان، ۱۳۸۸.
مشخصات ظاهری : [۳۸۵] ص
شابک : ۹-۲۱-۲۷۹۷-۹۶۴-۹۷۸
وضعیت فهرست نویسی : فیپا
یادداشت : واژەنامە
موضوع : علوم سیاسی، اصطلاح‌ها و تعبیرها
ردەبندی کنگره : A ۶۴/ ۶۴ک۴ش ۲ ۱۳۸۸
ردەبندی دیویی : ۳۲۰/۰۳
شماره : ۰۲۰۴۶۹۱
کتابشناسی ملی

فەرهەنگی زانستی ـ سیاسی

(فەرهەنگی زاراوە و قوتابخانە سیاسییەکان)

کوردی ـ فارسی ـ ئینگلیزی
ئەحمەد شەبانی
پیت‌چن: ئەحمەد شەبانی
رازاندنەوە: سەیران پەرویزی
وێنەی بەرگ: گەلاوێژ کەریمی
سەرپەرشتی چاپ: شوانە تاهێری
جار و ساڵی چاپ: یەکەم/ ۱۳۸۹
ئەژمار: ۱۵۰۰ دانە/ روقعی
ناوەندی پەخش: سنە، پاساژ عێزەتی، کتێبی کانی ۲۲۲۵۲۵۹ ۰۸۷۱

پێشکەشە بە:

هەژار موکریانی

کە بە تاقی تەنیا فەرهەنگستانێک بوو.

پێشەکی

خوێنەری هێژا!

وەك خـەمخۆرێکی زمانی کوردی گوتوویـە: "زمانی کوردی قـەت دەرفـەتی نـەبووە لـە مەیـدانی زانست و بیرەوانیـدا هێنـدێك چـاوی بکاتـەوە و خـۆی لـە تـاقی بوونـەوە بـدات". [1] ڕەنگـە هۆکـاری ئـەم بێدەرفـەتی و ڕانەگەیشتنە، بە تەواوی ڕوون نەکرابێتەوە بەڵام بێگومان، یەکێك لەم هۆکارانە یەخەی ڕووناکبیر و نووسـەر و توێژەری کورد دەگرێت و لە سۆنگەی بەرپرسارییەتی مێژوویی و ئەخلاقییەوە دەست لـەو یەخـە نابێتـەوە. ئەم گوزارە، وا ئاکات لە دانەری ئەم کتێبە خۆی بە ڕێبواری ڕێگایەك بزانێ کە کەسی دیکە ڕێڕەوی نـەبێت و ئەم کارەی بەردەستان، بە موڵکی تایبەتی خۆی دابنێ.

ئەگـەر ئاوڕێـك بدەینـە کتێبخانـەی کـوردی- سـەد حـەیف و مـەخابن- دەبیـنین لـە بەسـتێنی زانسـتە جۆراوجۆرەکاندا گەلێك هەژارە و پڕیەتی لە بۆشایی و کەلێنی گەورە گەورە. پڕ کردنەوەی ئـەم کەلێنانـە بـە دەستەوسانی و گرتنە باوەشی ئـەژنۆی تـەنیایی و بێکەسـی و خوێندنـەوەی ئایـەتی ناهومێدی و کوتانـدنی تەپڵی دەستەنگی نایەتەدی، بەڵکوو پێویستی بە پیاچوونەوە و نوقم بوون و بووردن و فراژووتنە.

جیا کردنـەوەی زمـانی شێعر و ئـەدەب - کە تا ئێستا کتێبخانـەی کوردی پێ ئاخێندراوە — لـە زمـانی زانستی، کارێك نییە کە چاو لێی بتۆقێ و هزر نـەتوانێ بـەرەو پیری بچێت. گـەلانی جیرانـیش، دەمێك سـاڵ نییە کـە بـەرەوپیری ئـەم بیرۆکـەوە چـوون. داریـووش ئاشـووری بلیمـەتی بـوواری فەرهـەنگ نووسـی فـارس دەڵێت:

هەژمۆنی زمانی شێعر و هەستی شاعیرانە بە سەر زمانی فارسیدا بـە هـۆی لاوازی و بێ نـاوەرۆکی زمـانی فارسی نییە، بەڵکوو ئەگەڕێتەوە بۆ دوور بوونی ئێمە لە تێڕوانینی زانستی و فەلسەفی نوێ. [2]

ئەگەر چاوێك بخشێنین بە مێژووی نووسین و چاپەمەنی ئەو وڵاتانەی کە گـەلی کوردیـان لـە خۆ گرتـووە، لێمان ڕوون ئەبێتـەوە کـە ئـەوانیش ڕابردوویـەکی هاوشێوەی ئێمـەیان بـووە و هەنـدێ جاریش بگـرە لـە ئێمـە

---

[1]- ماجید مەردوخ روحانی/ فرهنگ فارسی کردی دانشگاه کردستان(پێشەکی) سنه: دانشگاه کردستان، ۱۳۸۵، ل۲۰.

[2]- داریووش ئاشووری/ فرهنگ علوم انسانی. تهران: نشر مرکز، ۱۳۸۱، ص ۱۲.

هەژارتر و لاوازتر بوون. بەڵام بە دامەزرانی دەوڵەتی مۆدێرن لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و داکۆکی کردنیان لە زمانی نەتەوەیی ـ لە گوێن زمانی رەسمی وڵاتەکانیان ـ ئینجا بە هەرەوەز بەم زمانانە راگەیشتوون و بە دامەزرانی بنکە و مەکۆی فەرهەنگی، گەشە و نەشەیان داوە بە زمانی خۆ و چییان لە دەست هاتبێ دریغییان نەکردووە و بگرە تەخشان و پەخشانیان بۆ کردووە ئینجا شاباشی خۆیان داوە و قنج هەڵپەریون!

باش دەزانم دانانی فەرهەنگ، کارێکی ئاسایی و سانا نییە و هەستان بەم ئەرکە، خۆ خستنە بەر شمشێرەکەی *دامۆکلێسە*. واتە دڵ دەرهێنانە بە دەستی خۆت. هەژاری زمان پاراوی کوردی خۆشی کوردی دۆست وتەنی: دارژتن و خاڵ و میل رشتنی فەرهەنگ بە تەکوزی، درۆینە نییە شنەشن، ئارد پێژانە و گیان کێشانە. ناو لە دووی ناو، پیت لە شوێن پیت، بە شوێن یەکدا جەلە کردن، هەر وشەیەك لە شوێن خۆیدا هاوردن،. . . کاری یەکێك و دوان نییە، گەرەك زۆر و زەبەند پیاوی دەمپاراوی پسپۆر لە زمانەوانیدا و ئاگا لە زۆر شێوەی جۆرجۆر، لە مەر ئامراز و کەرەستە تەیار و ساز، ژوانگەیەکیان بۆ دابندرێ و رۆژبەرۆژ لێك کۆ ببنەوە و جگە لە فەرهەنگ دارشتن هیچ کارێکی تریان نەبێ.[٣]

لێرەدا لە بەر نەبوون یان لاوازیی و کزی و کرچ و کاڵی خزمەتگوزاری بە زمانی زگماکی، هەروەها لە بەر پارچە پارچە بوونی ماڵی زمانی کوردی و بێ هەواڵی نووسەران و قەڵەم بەدەستان لە یەکدی، هەرکەس لە رووی خەمخۆری و دڵسووتانی خۆیەوە، هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی کارێکی لەم چەشنە. بە گوتەی بلیمەتی کورد مامۆستا مەسعود محەمەد، سۆز و عاتیفە وا دەکات لێرە و لەوێ میرخاسێکی کورد بە ئەرکی ماددی و بە رادەی لێهاتوویی خۆی خەریکی گرتنی بەشێکی ئەو کەلێنە زلەی زاراوەی کوردی بێت.[٤]

خوێنەری وشیار دەزانێ، یەکێك لە پێودانگەکانی پێشڤەچوونی کۆمەڵگاکان، رێژەی دەوڵەمەندی وئاستی بەرزی جێماوە نووسراوەکانییەتی کە ئەمەش پەیوەستە بە دەوڵەمەندی کتێبخانەی ئەو کۆمەڵگاوە. ئەگەر دەگوترێ هەژمۆنی زمانە بان ـ نەتەوەییەکان کارێکی وا دەکات کە زمانی بێخاوەن و بێدەوڵەت هێدی ـ هێدی لە ناو بات و ئەنگاوتە لێداوی ئەکات، ئەوا بەپێز کردنی زمانی کوردی لە رێی رازاندنەوەی کتێبخانەی کوردییەوە، دەتوانێ رەچەیەك بێت بۆ هەرمان و بەرخۆدان و دەربازبوون لە مەترسی فەوتان و قەیرانی هەرەسهێنان.

***

گەلی کورد لە سەر سیاسەت، تاڵی و سوێری بێژومار و کوێرەوەری لە رادە بەدەری دیوە. خۆ ئەگەر ئاورێك بدەینە مێژووی کۆمەڵیی و خەباتە رامیارییەکەی، دەبینین گەلەك نەهامەتی رووی تێکردووە و مانگی بەختی هەر لێڵ بووە و لە پشت هەورا ماوەتەوە. سیاسەت لە هەموو سووچ و قوژبنێکی ژیانی کۆمەڵیدا جێی خۆی کردۆتەوە و بۆ تێگەیشتن لێی، دەبێ پێچەڵپووچی و ئاڵۆزییەکانی ناخی پێوەندییە سیاسییەکان

٣- هەژار موکریانی/ پێشەکی هەنبانە بۆرینە. تاران: سروش، ١٣٦٨، ل٢٧.
٤- مەسعود محەمەد/ زاراوە سازی پێوانە. بەغداد: ئەمینداریەتی گشتی لاوانی کوردستان، ١٩٨٨، ل٨.

لەناو ژیانی کۆمەڵایەتیدا سادە بکرێتەوە و لێك بدرێتەوە.

نوخبەی سیاسی کورد، چ ئەو نوخبەی کە لەم چەن ساڵەی دواییدا چێژی لە دەسەڵات بینیوە و چ ئەو نوخبەش کە هێشتا هەر دۆژ داماوی فانتازیای دەسەڵاتە، پێویستە بە باوەشێکی ئاوەڵا و رۆحیانەتێکی بەرزەوە سەیری ئەندێشەی سیاسی و چەمك و واتای نوێ بکات. سیاسەت ئەو مەیدانە نییە کە بە شێوەی خۆماکی و رەمەکی خۆ بهاوێژینە ناوی، کە ئەگەر وابێت، سەر ئەشکێنێ و شەرمیش لە کەس ناکات. لەم سەردەمەدا هزرڤانی و دەروونپاکی دوو ماکی سەرەکین بۆ هاتنە مەیدانی سیاسەتەوە چونکا ئەم بەستێنە هەلێکە بۆ رێبەرایەتی کردن و بەدەستەوە گرتنی سەرچەنەی ژین و نەپساندنی شیرازەی کۆمەڵگا.

مەبەستی زاراوەسازی سیاسی، بەدەستەوەدانی زانست و تیۆریی و کەرەستەی پێویستە بۆ شرۆڤەی هەموو رەهەندەکانی ژیانی سیاسی لە سەرجەم خەبات و قۆناغە سیاسییەکاندا. مەسەلەی سەرەکی بۆ لێکدانەوەی تافێکی سیاسی، چۆنییەتی سەرهەڵدان و بەردەوامی و وەرچەرخان و لەناوچوونیەتی. زاراوەی سیاسی، وەك قەبارەیەکی زانستی، جیهانێکە، داتاکانی لە دەوروبەری خۆی دەگرێ و لە پرۆسەی پێکهاتە سیاسییەکاندا دەیخەملێنێ و ئینجا لە قەوارەی ئاکار و کردارە سیاسییەکان ئەیداتەوە بە کۆمەڵگا.

فاماندن و دەرك پێکردن بە سیاسەت ناگاتە ئەنجام مەگەر ئەوەیکە چەمك و زاراوە سیاسییەکان بە وردی شرۆڤە بکرێن تاکوو سیاسەتڤان و خوێندکاری سیاسی کورد چیدی لە قافڵەی رامیاری جیهانی و ناوچەکە دوا نەکەوێت و ئیتر لەم بۆچوونە ساکارە کە سیاسەت بە "درۆ" لە قەڵەم ئەدات، خۆ دوور بگرێ و وەك پێویستیی دانشگایی بۆی بروانێ. لێرەدا پەلکێش کردنی ئەخلاق بۆ گۆرەپانی سیاسەت و خۆ تەیارکردن بە زانستی سیاسی، دوو باڵی پێویستن بۆ گەیشتن بە ئایدیای ***فەیلەسوف ـ پاشایی*** لە پرۆسەی بەرێوەبردنی کۆمەڵگا.

بەم روانگەوە، دانەری ئەم فەرهەنگە دەستی داوەتە ئەم کارە و قەت بانگەشەی ئەوەش ناکات لەم چەشنە کارە نەکرابێت بەڵام رووسوورە کە ئەم شێوازە تا ئێستا بەر ئەزموون نەکەوتووە و بۆ دانانی فەرهەنگ لە بوارێکی زانستی(سیاسی) بەم چەشنە بەرەوپیری نەچوون. لێرەدا بە پێویستی دەزانم لە چەن خاڵێکدا سەرنجی خوێنەر بۆ تایبەتمەندیەکانی ئەم وشەدانە راکێشم:

١- رەوتی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی جیهان تا رادەیەك بەلەز و خێرایە کە لە ماوەی زیاتر لە ٢ ساڵ تەقەلا بۆ نووسینی ئەم فەرهەنگە، دەیان زاراوە و چەمکی سیاسی نوێ هاتۆتە ئاراوە یان پیاچوونەوەیان بە سەردا کراوە. ئەگەرچی نزیکەی ٢ ساڵیش پاش ئامادەبوونی کتێبەکە بۆ چاپ، چاوەروانی ئیجازەی چاپ و دەزگای چاپ و پەخش مابۆوە بەڵام هەوڵی داوە بە پێی گرینگایەتی باباتەکە خۆی لەم تازەگەرییە خافڵ نەکات. بەم حاڵەش، دیسانەوە بانگەشەی ئەوە ناکات کە بەرهەمەکە کەموکووری نەبێت بەڵکوو ئەم کارە وەك پرۆژەیەك دەبینێ کە ئەبێ دەرگای لێ ئاوەڵا بێ و بەردەوام لە چاپەکانی دیکەدا نۆژەن بکرێتەوە.

٢- ئەمە شتێکی باوە کە بۆ نووسینی فەرهەنگی سیاسی لە هەر وڵاتێکدا دەروویەکی تایبەت دەکرێتەوە بۆ پێشهات و رووداوە گرنگە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە. ئەم فەرهەنگەش هەوڵی داوە تا رادەیەك ئەم دەرووە

بە رووی پێشهاتە سیاسییەکانی کۆمەڵی کوردەواریدا بکاتەوە و تا بۆی گونجابێت، بە ئەنجامی گەیاندووە تاکوو کتێبەکە ماکێکی خۆماڵیشی هەبێت و بەو پێیە خوێنەر تا رادەیەك لەم زاراوانە بەهرەوەر بێت. ئەگەرچی رەنگە هەندێك پێیان وابێت کە ئەم زاراوەگەلە پتر لەوەیکە سیاسی بن، مێژوویی و حیزبین بەڵام نکوڵی لێ ناکرێ کە کەلتووری سیاسی ئێمە بێ رەچاو خستنی حیزب و مێژوو، ناخوێندرێتەوە.

٣- خوێنەری ئەم زاراوەنامە پێی وا نەبێت سەرجەمی زاراوە و چەمکە سیاسییەکانی زانستی سیاسی لەم فەرهەنگەدا جێی کرابێتەوە. دانەر هەوڵی داوە، زیاتر ئەو زاراوە و چەمکانە بەرجەستە بکاتەوە کە لە سەردەمی هاوچەرخدا زۆرترین رێژەی بەکارهێنانیان هەیە. هەمدیس، خوێنەر چاوەروانی ئەوە نەکات هەر دەروویەك کرابێتەوە، بە تەواوەتی راڤە کرابێت چونکا بۆ فەرهەنگێکی زانستی هەر ئەوەندەی گچکە زانیارییەك دەرەخسێ کە خوێنەر تا رادەیەکی دیاریکراو لە گەڵ زاراوەیەکدا ئاشنا بکات. دیارە بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەمەڕ چەمکێك پێویستە خوێنەر کتێب و سەرچاوەی تایبەت بپشکنێ.

٤- دانەر هەوڵی داوە زمانی شەرح و شیکاری زاراوەکان، سادە و ساکار بێت واتە شێوازێکی نووسینی هاسانی بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژاردووە تاکوو خوێنەری ئاساییش بتوانێ کاکڵی وتارەکان دەرکێشێ و بە قەدەر ئاوەزی خۆی زانیاری لێ هەڵێنجێت. بەڵام ئەمەش ناخاتە پشت گوێ کە رەنگە زمانی هەندێك لە زاراوەکان قورس بێت ئەمەش لە بەر ناواخنی فەلسەفی ئەو زاراوانەیە.

٤- دانەر هەوڵی داوە بەرهەمەکە دوور بێ لە هەڵە بەڵام کارەکە بێ عەیب نازانێ. بەم بۆنەوە خۆی بە منەتباری ئەو کەسانە دەزانێ کە بە ناردنی رەخنە یارمەتیدەری چاکسازی کتێبەکە دەبن لە چاپەکانی دواییدا.

٥- لە سەر هەندێك لە زاراوەکان، گوڵە ئەستێرەیەکی بچووك (*) دانراوە کە ئەمە بە واتای ئەوەیە کە ئەو زاراوە لە ناو فەرهەنگەکەدا دەرووی تایبەتی بۆ کراوەتەوە و لە شوێنی خۆیدا بە جیاواز شرۆڤە کراوە. خوێنەر دەتوانێ پاش دۆزینەوەی زاراوەکە، زانیاری زیاتر لەو بارەوە بە دەست بهێنێت. بۆ نموونە بڕوانە پەراگرافی دووهەمی زاراوەی "هێز" کە تێیدا لە سەر زاراوەی دەسەڵات، نیشانەی گوڵە ئەستێرە دانراوە. واتە زاراوەی دەسەڵاتیش بە جیاواز شەرح کراوە.

٦- ئەم فەرهەنگە بە سێ زمانی کوردی و فارسی و ئینگلیزی ئامادە کراوە، بەم بۆنەوە بە پێویستم زانی لە کۆتایی کتێبەکەدا دوو ئەندکس(پێرستی زاراوەکان) بە زمانی فارسی و ئینگلیزی دابنێم بۆ ئەوەی ئەگەر خوێنەرێك زاراوەیەکی بە یەکێك لەو زمانانە دەناسی بەڵام ئاگای لە هاوواتا کوردییەکەی نەبوو، بتوانێ بە خێرایی بیدۆزێتەوە و کەڵکی لێ وەرگرێت.

لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانم سەری نەوازش و سپاس و پێزانینی خۆم بۆ ئەو کەسانە دانەوێنم کە هەرکامیان بە جۆرێك یارمەتیدەری من بوون بۆ ئەوەی ئەم فەرهەنگە بێتە بەرهەم، بە چەشنێك کە ئەگەر یارمەتی و هاوڕایەتی ئەوان نەبووایە، ئەم ئەرکە بە ئەنجام نەدەگەیشت.

لە پێشدا سپاسی فراوانی هەڤاڵی شاعیرم، مامۆستای زمانی ئینگلیزی، بەکر پیروزی (بەرهەم) دەکەم کە جگە لەوەی پاڵنەرێك بوو بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارە، زاراوە کوردییەکانی لە گەڵ زاراوە ئینگلیزییەکان بەرامبەر کردووە و لە ساغکرنەوەی هەندێك لەو زاراوانەدا یارمەتی داوم. ڕێز دادەنێم بۆ برای بەڕێزم شاعیر و نووسەر، ڕەزا عەلی پوور کە ئەویش چاوێکی خشاندووە بە زاراوەکان و لە شوێنی خۆیدا راوێژی پێداوم. هەروەها سپاسی ناسر بەهرام بەیگی ئەکەم کە ئەرکی خوێندنەوەی دووبارەی بەشێك لە کتێبەکەی لە ئەستۆ گرت و هەندێ لە هەڵەکانی بۆ ڕاست کردمەوە. بە پێویستی دەزانم دەستخۆشانە و سپاسی خۆم لە خوشکە گەلاوێژ کەریمی لەمەڕ ئەو ئەرك و ماندووبوونە کە بۆ کێشانەوەی نەخشەی ڕووبەرگی کتێبەکە بە ئەنجامی گەیاند، ئاراستە بکەم. ماندووبوونی هونەرمەند تەها کەریمی و پشتگەرمی هەڤاڵان حامید فەرازی و ڕزگار ئەحمەدی لە یاد ناکەم.

ڕێز و سپاسی تایبەتی خۆم پێشکەشی دوکتۆر بەختیار سەجادی مامۆستای زانستگەی کوردستان (سنە) کە لە دوایین ڕۆژانی پێش بە چاپ سپاردنی کتێبەکەدا چاوێکی بیرمەندانە و دڵسۆزانەی خشاند بە پێرستی زاراوەکاندا و لە ساغکردنەوەی هەندێك لە هاوواتاکاندا یارمەتی بەنرخی داوم.

سپاسی بەسۆز بۆ هاوسەری ژینم، دایکی ڕاژین، شەهرزاد حەیدەریان کە وێڕای سەبر و تاقەتێکی زۆر کە بۆ ئەنجامی ئەم کارە لە خۆی نیشان دا، لە وەرگێڕانی هەندێك لەو سەرچاوە ئینگلیزییانەشدا یارمەتی داوم.

لە کۆتاییدا دەسخۆشی دەکەم لە پرۆفیسۆر عەبدوڵلا سەلیمی بریکاری زانکۆی کوردستان(سنە) و دوکتور نەجمەدین جەباری، بەرپرسی ناوەندی کوردستان ناسی زانکۆی کوردستان و دوکتور عەبدوڵلا ڕەسووڵ نەژاد چونکا ئەگەر پشتگیری و یارمەتی ئەوان نەبوایە ئەم کتێبە بە چاپ نەدەگەیشت و ڕێگەی کتێبخانەی کوردی نەئەدۆزییەوە. هەر بژین

hermankurd@gmail. com

ئە. شەبانی، بانە

٢٨ی ١ی٢٠١٠

٨ی ١١ی ١٣٨٨

ئا

ئابووری سیاسی اقتصاد سیاسی Political economy

زاراوەی ئابووری سیاسی چەمکێکی نوێباوە کە کێشە و ئاریشەی زانستەکانی سیاسەت و ئابوور لێك ئەداتەوە. بە واتایەکی‌تر ئابووری سیاسی لە شوێن دۆزینەوەی پێوەندی دوولایەنەی وزە سیاسی و ئابوورییەکان و کاردانەوەی ئەم هێزانەیە بەسەر پێکهاتەکانی سیاسەتی ئابووریدا. هەروەها کاردانەوەی بارودۆخی ئابووری بەسەر حوکمەتە هەڵبژاردە خەڵکیەکانیش لێك ئەداتەوە. سەرکەوتنی حوکمەت لە بواری سیاسەتە ئابوورییەکان، شەرعییەت و ئەگەریی دووبارە هەڵبژاردنەوەی ئەو حوکمەتە زیاد ئەکات. لە گوتاری پۆزیتۆڤیزمدا شەرعییەت و خۆشویستنی حوکمەتە هەڵبژێردراوەکان، ئەگەڕێتەوە بۆ پێودانگە ئابوورییەکانی هەلاّمسان، رادەی بێکاری و هاوتەرازنەبوونی خەرج وبەرج و...

یەکێکی‌تر لەو مەسەلە گرنگانە، ئەوەیە کە تاچ ڕادەیەك بارودۆخی ئابووری وڵاتەکان دەرەنجامی سیاسەتەکانی دەوڵەتە و تا چ ڕادەیەکیش بەرهەمی هۆکارگەلێکی بێ کۆنتڕۆڵ وەك بازاڕی جیهانییە؟

سەنگی هۆکارگەلی سیاسی لە پێکهاتنی سیاسەتە ئابوورییەکان گرانە و ئەم هۆکارانە ئەکەونە ناوەندی سەرنجی ئەم زانستەوە. بۆ وێنە ئەگوترێ کە دەوڵەتان لە پێش هەڵبژاردنەکان و بە مەبەستی خۆ شیرین کردن لە بەر چاوی رەشەگەلدا دەست ئەدەنە بووژاندنەوەی ئابووری و تەنانەت تاکوو چەن مانگێکیش ئەو شتانەی کە بەرعۆدەی بوون بە ئەنجامی ئەگەیێنن، بەڵام دوای گەیشتن بە دەسەڵات، لەم رێبازە دوور ئەکەونەوە.

پێوەندی ئایدیۆلۆجی حیزبی لە گەڵ مەسەلە ئابوورییەکانیش، بۆتە بابەتێك لە توێژینەوەکانی ئابووری سیاسی. ئەغڵەب حیزبە چەپییەکان هەوڵ ئەدەن گرفتی بێکاری چارەسەر بکەن، کەچی حیزبە راستییەکان هەوڵئەدەن پلەی هەلاّمسان دابەزێنن. کەواتە پێوەندی ئایدیۆلۆژی سیاسی و ئابووری سیاسی مەسەلەیەکی گرنگ لە ئەژمار دێت. ئابووری سیاسی بەم واتایە، لەگەڵ ئابووری سیاسی بە واتا کۆنەکەی کە بە روانگەیەکی مارکسیەوە ئەیروانییە سیاسەت، خۆیەخۆ جیاوازی هەیە.

ئابووری خوازی اقتصاد باوری Economism

بەهەند گرتنی ئابووری و بژێویی بە سەر سیاسەت و خەباتی سیاسیدا. لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم، لە حیزبی سۆسیال دیموکراتی سۆڤیەت، لاگیرییەك بۆ بەستنەوەی خەبات بە

خەباتی ئابووری(باشتر کردنی هەلومەرجی ئیش و کار و زیادکردنی مووچە و ...)هاتە ئاراوە. ئەم لاگیرییە بە حیزب و رۆڵی شۆڕشگێڕانە بەو چەشنەی کە لێنین بیری لیّ ئەکردەوە نەبوو. لینین لە کتێبی«ئەبێ چ بکەین؟»(١٩٠٢)، بەدژی ئەم فیکرە راوەستا.

ئاپاترید آپاترید Apatride

بە کەسێك دەگوترێ کە رەگەزنامە*ی هیچ ولاتێکی نەبێت ئەم حاڵەتەش لەم هەلومەرجانەی خوارەوەدا روو ئەدات:

١ـ کۆچکردن.

٢ـ بە پێی یاسای نەتەوایەتی هەندێ لە ولاتان.

ئاریستۆکراسی/ئاغەواتی آریستوکراسی Aristocracy

بە زمانی یۆنانی بە مانای باشترین حوکمەت یان حوکمەتی پیاوماقوولانە. بەڵام لە زاراوەدا جگە لەوەیکە هەڵگری پاساوێکی ئەخلاقییە، حوکمەتی کەسانی لێهاتووە کە بە پێی میرات و شەرەف و خوێن بە سەروەری گەیشتوون. کەواتە ئەکرێ بە حوکمەتی رەگەز مەزنایەتی ناوبردە بکرێ.

لە فەلسەفەی سیاسی یۆناندا ئاریستۆکراسی بەو دەسەلاتدارانە دەگوترا کە لەباری ئینسانییەوە بە تەواوی هەڵیان دابێ و گەشەیان کردبێ. ئەرەستۆ(لە کتێبی سیاسەت) و پلاتۆ (لە کتێبی کۆماری)دا هەوڵێکی زۆریان داوە لەمەڕ دیاریکردنی پێودانگێك بۆ دۆزینەوەی ئەم جورە کەسانە. ئەرەستۆ، باشترین جۆری حوکمەتەکان بە پادشایی و ئاریستۆکراسی و حوکمەتی قانوون ناوبردە ئەکا و لە نێوان ئاریستۆکراسی و ئۆلیگارکی*دا ئەم جیاوازییە قاییلە: " ئۆلیگارکی گەیشتن بە دەسەلاتە بە پێی دارایی و ئاریستۆکراسی بە پێی بلیمەتی". بەڵام هەر لە زووەوە ئەم دو زاراوە بە یەك مانا بە کار براون. بۆ وێنە کارتاژ و وینیز ئاریستۆکراتی گەورەی دارایی بوون.

ئاریستۆکراتیك بە عام، بە حوکمەتێك دەوگوترێ کە تێیدا دەسەلاتی دەوڵەت رەها بێ و حوکمەت بە دەس تاقمێکی مومتازەوە بێت. ئەم تاقمەش لە رێی میرات و پلەی چینایەتییەوە بەم شوێنە گەیشتبێ و رێگەی چینەکانی‌تر بۆ ئەم شوێنە یاساغ بێت. نمونەی ئەم سیستەمە سیاسییە لە ئێرانی پێش ئیسلام و ئەورووپا لە سەدەکانی ناوەڕاست ئەبیندرێت. ئیمرۆ نمونەی ئەم جۆرە حوکمەتە لە کەم شوێنی جیهاندا پەیدا ئەبێت و جێی خۆی داوە بە دیکتاتۆری ئولیگاریشی نوێ.

ئازادی آزادی Freedom

بە گشتی، ئازادی دۆخێکە کە تێیدا هیچ شتێك پابەند و دەربەستی شتی‌تر نەبێ و بتوانێ لە گەردوندا جێبەجێ بکرێت. لە پێوەند لە گەڵ مرۆڤدا، ئازادی، دۆخێکە کە تێیدا هیچ شتێك رێگر نەبێت لە بەردەم

ئیرادەی تاك بۆگەیشتن بە ئامانجەكانی. بەڵام ئەم پێناسە زۆر گشتی و رەهایە چونكا ئازادی بە مانای رەها بۆ هیچ بوونەوەرێك لە جیهان نایەتە بەرهەم كەواتە هەركاتێك لە سەر ئازادی باس ئەكەین، ئەبێ رێژەیەك لەم چەمكە لە بەرچاوبگرین. لە پێوەندی مرۆڤەوە، ئازادی ئەبێ لە دوو سۆنگەوە شی بكرێتەوە: یەكەم، هۆی ئازادی(واتە ئازادبوون لە چی؟)دووهەم، لایەنی ئازادی(واتە ئازادی بۆ چی؟). یەكێك لە تایبەتمەندییە دەروونییەكانی ئازادی، دابڕان لە دۆخێك یان جۆرە پەیوەندییەكە كە حەزی پێ ناكەین. بەڵام ئەو كۆت و بەندانەی كە بە رەزا و رەحمەتی خۆمان قبووڵی ئەكەین، دژی ئازادی لە ئەژمار نایەت. ئەو كەسەی كە لە بەندیخانە رزگار ئەبێت، بە "ئازاد" بوونی خۆی خۆشحاڵە بەڵام رەنگە هیچ عاشقێك حەز نەكا لە كۆت و داوی عەشقەكەی رزگار بێت یان هیچ دایكێك لە باوەشی منداڵەكەی. كەواتە ئازادی هەمیشە لە پێوەندی لەگەڵ شتێك یان دۆخێك پێناسە ئەكرێت كە بە زۆرەملی داسەپابێت یان بۆ تاك ناخۆش بێت. چونكا ئەو كەسەی كە ئەركێك بە حەزی خۆی ئەنجام ئەدات نەك لە بەر ترسی سزادان، لە باری كۆمەڵایەتی و سیاسییەوە ئازادە. بۆ وێنە ئەوەیكە نەهێڵێت كەسانێك ئازار بگەیێنن بە كەسانیتر، شتێكی بەرێوجێیە. هەروا كە بە یاسایەكی پەسندكراو هیچكەس لە گەڵ بەربەستە قانوونییەكان دژایەتی ناكا و لەناوچوونی یاسا، ئازادی لە ئەژمار نایەت بەڵكوو ئاژاوە و بشێوی بەدواوە ئەبێت.

باسی ئازادییە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكان ماوەیەكی زۆر نییە لە كۆمەڵگای مرۆڤ هاتۆتە ئاراوە و زیاتر ئەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانكارییە فیكرییەكانی ئەم چەن سەدەی دوایی ئەوروپا و بە گشتی سەردەمی ئەندێشەی مۆدێرنە لەم ناوچەدا. لەمەوبەر، لە باسە فەلسەفییەكان (چ ئیسلام چ خاچپەرستەكان)، باسكردن لە جەبر و ئیختیار، وەك ململانێی ئیرادەی خواوەند و ئیرادەی مرۆڤ و نیسبەتی ئەم دووانە لە گەڵ یەكتر لە پێوەندی لە گەڵ كێشەی خێر و شەڕ دەهاتە ئاراوە. بەڵام ئەندێشەی نوێی ئەوروپا لە جیاتی لێكدانەوەی رێژە و پێوەندیی مرۆڤ و خوا، زیاتر خۆی بە پێوەندی مرۆڤ لە گەل مرۆڤ، واتە پێوەندییە كۆمەڵایەتییەكان سەرقاڵ كردووە و كێشەی ئازادی تاك لە بەرامبەر كۆمەڵ ئەهێنێتە ئاراوە و روبەروبوونەوەی تاك لە گەڵ دەوڵەت و پێوەندییەكانیان یەكێك لە دۆزە فیكرییەكانی ئەم ٣-٢ سەدەی دوایی بووە. لە ئەوروپا، پاش راپەڕینی ئەندێشەی سیاسی رێنیسانس، پێناسەگەلی جۆراوجۆر بۆ ئازادی كراوە. بۆ وێنە "ئازادی" بە زەمینە و دەرفەتێك زانراوە كە بۆ پەرەسەندنی تواناییەكانی تاك رێز دادەنێت. لایەنگرانی رژێمە توتالیتارییەكان كە لە گەڵ چەمكە زیندووەكانی ئازادی لە هەناوی دیموكراسییەكاندا دژایەتی دەكەن، خۆیان لە پشتی ئەم پێناسەوە حەشار داوە و بانگەشەی ئەوە دەكەن كە رەهەندێك زیاتر لە رەهەندی سیاسی بۆ ئازادی قایل دەبن. بەڵام بیرمەندانێك وەك تامس هابس و جۆن ئوستوارتمیل ئازادییان بە مانا ناسراوەكەی پێناسە كردووە. هابس دەڵێ: مرۆڤی ئازاد ئەو كەسەیە كە ئەگەر ویستی كارێك بكا و هێزی بەو كارە بشكێ هیچ شتێك لەبەردەمیا رێگر نەبێت. (كتێبی لیڤیاتان). لە لایەكی ترەوە ترادیسیۆنی فیكریی رۆژئاوا، ئازادی بە شێوازی ژینی هاوكووف لە گەڵ عەقڵ و یاسای ئەخلاقی لە قەڵەم ئەدات. ئیپیكتۆس، فەیلەسوفی رەواقی رۆما

دەڵێ: هیچ مرۆڤێکی بەدکار ئازاد نییە. کارلایل، فەیلەسوفی ئینگلیزی دەڵێ: ئازادی راستەقینەی مرۆڤ، دۆزینەوەی رێگەی راستە و هەنگاونان لەو رێگەدایە.

بە گشتی لەم چاخەدا ئازادی سیاسی، ئەستوونی دیموکراسی لەژمار دێت و پێشێلکردنی ئەو ئازادییە سەرەکییانەی کە لە یاسا بنچینەییەکان بە تەرزێکی ئاشکرا بە خەڵك دراوە، پێشێلکردنی بنەرەتی سەروەری گەلە و تاوانێك بەدژی سەروەری یاسا لەئەژمار دێت. بەڵام ئەو ئازادییانەی کە لە قانوندا ناوبردە کراوە، هەمیشە سنوری ئازادی هەرکەسێك ئەبەستێتەوە بە سنوری ئازادی کەسانی ترەوە. بەم پێیە، ئەگەرچی وشەی ئازادی هەمیشە بە حەز و تاو بە زاردا دێت، خۆبەخۆ شتێکی پەسند نییە بەڵکوو دەبێ هەمیشە لە بیرمان بێ کە "ئازادی بۆ چی؟ و ئازادبوون لە چی؟" داوا ئەکرێ.

ئازادی چاپەمەنی — آزادی مطبوعات — Freedom of the Press

بە پێی ئەم بنەمایە، هەرکەسێك ماف بڵاوکردنەوەی بیروڕا و بۆچوون و هەواڵەکانی هەیە لە رێگای نووسراوە یا چاپەمەنییەکانەوە بێئەوەی بۆ بڵاوکردنەوەیان پێویستی بە ئیجازە بێت یان ناچار بە سانسۆر*کردن بێت.

ئازادیخوازی/ لیبرالیزم — لیبرالیسم/آزادیخواهی — liberalism

بە کۆمەڵێك مێتۆد و سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا دەگوترێ کە ئامانجیان بەرهەمهێنانی هەرچی زیاتری ئازادییە بۆ تاکەکەس. بە لایەنگرانی وەها مەرامێك دەڵێن ئازادیخواز(لیبراڵ). ئازادیخوازی لە سەرەتادا لەگەڵ ناوی هەندێ حیزبی ئەورووپایی ئاوێتە بوو بەڵام ئەمڕۆکە ئەم زاراوە مانایەکی بەربڵاوتری لەخۆ گرتووە و زیاتر نیشاندەری لایەنێك یا سۆنگەیەکی فیکرییە کە خاوەنی ئەم چەن پرەنسیپانەیە:

١) بەهەند گرتنی دەربڕینی ئازادانەی فیکری تاك، ٢) بڕواهێنان بەوەیکە دەربڕینی ئازادنەی فیکر بۆ تاك و کۆمەڵ بەسوودە. ٣) پشتیوانی کردن لەو دامودەزگا کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی کە رێگا بۆ دەربڕینی ئازادانەی فیکر خۆش ئەکەن.

ئازادیخوازی وەك سیستەمێکی تێکچنراو کە پڕ بووە لە ئامانج و ئایدیالی کردەیی، لە سەدەکانی ١٧و١٨ لە بەریتانیا سەری هەڵدا. پاشان لە وڵاتانی دیکەش، حیزب و تیۆریگەلی ئازادیخواز هاتنە کایەوە کە ئەمانیش یان بۆ خۆیان گەشەیان کرد یا لاساییکەرەوەی نمونەکەی بەریتانیابوون.

ئەندێشە و ئاکاری ئازادیخوازانە لە پێشدا لە سەر دوو زەمینە جەخت ئەکات: یەکەم، وەڕەزبوون لە دەسەڵاتی ملهوڕانە و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی شێوازیتری بە کارهێنانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی. دووهەم، دەربڕینی ئازادانەی ئەندێشەی تاك.

هەوڵی تیۆری و سیاسەتی ئازادیخوازەکان ئەمە بووە کە ئەم دوو بنەڕەتە پێکەوە سازگاربکەن. هەوڵی لیبرالیزم لە پێشدا ئەوە بوو کە لە گەمارۆی دەسەڵاتی ئیستبدادی رزگار بین و یەکێك لە ئامانجە

سەرەکییەکانیشی، ئازادی و چاوپۆشی ئایینی بووە. ئازایخوازە ئەوروپییەکان لە باری ئایینییەوە یا بێباوەڕ بوون یا گوماندار یان دژ بە ئاین. هەموو ڕێبەرانی گەورەی جووڵانەوەی ڕۆشنبیری نوێ لەم تاقمە بوون و لە بەرامبەر دەسەڵاتی ملهوڕانەی قەشەکان ڕاوەستاون و لایەنگرییان لە"حوکمەتی عەقڵ " کردووە.

لیبراڵەکان، لایەنگری چاودێری کردنی دەسەڵاتی گشتین بە سەر کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا واتە لە بەستێنی سیاسەت و کاروباری مەدەنی خوازیاری حوکمەتی قانون و لە بەستێنی ئابووریشدا لە بازاری ئازادی ئابووری لایەنگری دەکەن. ئازادیخوازان، خوازیاری زامن کردنی ماف و ئازادییەکانی تاك و بڵاوکردنەوەی دەسەڵات بە سەر ناوەندەکانی دەسەڵاتن و پشتیوانی خۆیان لە ئازادییە ناوچەیی و گرووپییەکان دەرئەبڕن.

یەکێك لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی لیبرالیزم، لایەنگری کردن لە ئازادی چالاکانەیە واتە ئەوەیکە تاك، دەرفەتی پەروەردەکردنی توانایی و دەربڕینی ئازادانەی بیر و بڕواکانی خۆی بۆ بڕەخسێ و لەم ڕێگاوە قازانج بگەیێنێ بە کۆمەڵگا. بۆیە لیبرالەکان لە سەر یەکسانی ماف و ئازادییەکان و نەمانی پاوانخوازی و ئیمتیازاتی سەرمایەداران ئەدوێن و لایەنگری لە چەسپاندنی یاسا بە سەر هەموو بنەمایەکی عەقڵیدا دەکەن. بەم پێیە ئازادیخوازان، بە گشتی پێشکەوتنخواز لە ئەژمار دێن چونکا لایەنگری پێشکەوتە کۆمەڵایەتی و ئابووری و زانستی و پیشەسازییەکان بوون.

لیبرالیزم، چ لە باری تیۆری و چ وەك بەرنامەیەکی سیاسی، لە بەرایی" شۆڕشیمەزن"ی بەریتانیا لە ساڵی ١٦٨٨ بە دژی جەیمزی دووهەم، تا ساڵی ١٨٦٧ کە ریفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان بوون بە قانون، بە تەواوەتی گەشەی کرد. ئەم ڕێبازە، لە سەرەتادا لە گوێن جووڵانەوەیەکی دژ بە ئیستبداد، تەنیا بۆ مسۆگەر کردنی یاسا و ئازادییەکانی تاك خەباتی ئەکرد. پاش ئەم قۆناغە، کەمتاکورتێك، ئەبێتە تیۆرییەکی ڕێك و پێکی ئابووری و سیاسی. ئازادیخوازی، هاوکات لە ئەورووپا ــ بێجگە لە بەریتانیا ــ و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بیچمی گرت. بەڵام زاراوەی لیبرالیزمی کلاسیك تەنیا بۆ لیبرالیزمی بەریتانی بە کار دەبرێت.

لیبرالیزمی بەریتانی لە پێشدا رووکاری ئازادیخوازی و چاوپۆشی ئایینی و چەسپاندنی یاسا و مافە سیاسییەکانی لە خۆ گرتبوو. شۆڕشی ١٦٨٨ کە یەکەم شۆڕشی لیبرالی مێژووە، ئەو ئازادییانەی کە لەماوەی یەك سەدە بە دەس هاتبوون، مسۆگەری کرد و ڕواڵەتێکی قانوونی پێ بەخشی. ئەو لیبرالیزمەی کە لە ١٦٨٩ بانگەشەی بۆ ئەکرا، لە بنەڕەتدا لایەنێکی ڕەخنەگرانە و سەلبی هەبووەو لە ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان لە هەمبەر دەستێوەردانی دەوڵەت و بە تایبەت پاشا، پشتیوانی دەکرد. زۆرترین ئامانجیشی سیاسی بووە وەك لەوەی ئابووری بێت. لەم میانەدا گرینگترین ئامانجە سیاسییەکانی بریتی بوو لە: ئازادی بیر و بڕوا و مافی نەیاریی و چەسپاندنی حوکمەتی یاسا و *جیاکردنەوەی هێزەکان**. هەر لەم ساڵانەدا هەندێ ئازادی مەدەنی وەك تەبایی ئایینی و ئازادی ڕۆژنامەکان دەستەبەر کراوە. کتێبی دووهەمی جۆن لاك بە ناوی"*دەربارەی حوکمەت*" و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمەریکا، گەورەترین یادگارییەکانی ئەم

قۆناغەی لیبرالیزمن.

لیبرالیزمی ئابووری: پاش قۆناغی یەکەم کە قۆناغی بە سەمەر گەیشتنی ئازادییە سیاسییەکان بوو، قۆناغێکی نوێ دەست پێئەکا کە تێیدا تیۆری لیبرالیزمی ئابووری وەك تەواوکەری لیبرالیزمی سیاسی ناوبردە ئەکرێ. ئابووری ناسانی لیبرالیزمی بەریتانی، بە رێبەرایەتی ئادام سمیت، بە تواناترین گرووپێك بوون کە تیۆری (لیبرالیزمی ئابووری)یان هێنایە ئاراوە. بە باوەڕی ئەمانە، میکانیزمی خۆبەخۆی بازاڕی ئابووری، کە پەیڕەوی قانونی خوازە و روخستنە(عرضە و تقاضا)، باشترین گەرەنتییە بۆپێشکەوتنی کاری ئابووری و هیچ لایەنێك، چ پاوانخوازانی ئازاد و چ دەوڵەت، نابێ دەستێوەردانی تیا بکا. بەڕای ئەوان، هاوبەشێتی دڵخوازانەی کەسەکان و هاوکاری نێوانیان بە پێی‌میکانیزمی بازاڕی ئازاد، کارێك ئەکات کە سوود بە هەموان بگات. ئەم تیۆرییە بووە هۆی ئەوە کە لیبرالیزمی سیاسی بەهێز ببێ و وەك تیۆرییەکی هەمەلایەن و بەرێوجێی ئابووری برازێتەوە. تیۆری ئادام سمیت، سیستەمێکی ئازاد و غەیرە شەخسی نەبوو بەڵکوو سیستەمێك بوو کە مرۆڤی هان ئەدا، هێز و داراییەکانی بە قازانجی خۆی و کەسانی تر بخاتە گەڕ.

لیبرالیزمی نوێ: بەڵام بازاڕی ئازادی ئابووری و سوودپەرەستی لە ڕادە بەدەری خەڵك نەوەك ئاواتەکانی رێبەرانی جووڵانەوەی ئازادیخوازی بەدی نەهێنا، بەڵکوو هاوکات لە گەڵ ئاکامەکانی شۆڕشی پیشەسازی لە باری بێعەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە شوێنەوارێکی دزێوی لە دوا خۆی بەجێهێشت کە گرینگترینیان لە دایکبوونی کۆمەڵێکی زۆر لە کرێکارانی هەژار لە کارخانەکان بوو(بڕوانە سۆشیالیزم).

ئینجا تەوژمی هێزە کۆمەڵایەتییە تازە پێگەیشتووەکان وایکرد لە لیبراڵەکان کە بە لیبراڵیزمی توندرەودا بچنەوە و سنوورێکیش بۆ چاودێری و کۆنترۆڵی دەوڵەت لە مەڕ دابینکردنی بەرژەوەندی هەمووان، دیاری بکەن. چڵەپۆپەی جووڵانەوەی لیبرالیزمی ئابووری، ناوەڕاستی سەدەی ١٩ بوو کاتێك کە تەنانەت لیبراڵەکان لە گەڵ داڕشتنی یاسای ئیش و کاریشدا دژایەتییان دەکرد. بەڵام لەمەودوا زۆربەی رێسا کۆنترۆڵکەرەکانی دەوڵەت، وەك قەرارە تەندرۆستییەکان و بیمە و یەکیەتی کرێکارانیان بۆ قازانجی گشتی پەسندکرد. لیبرالیزم سەرەتا لە هەناوی کۆمەڵگاکانی سەدەکانی ناوەڕاست، ڕاپەڕینێك بوو بە دژی کلێسە و ئیستبداد بەڵام ئیستا بەشێك لە ترادیسیۆنی فیکری *کۆنەپارێزی** ڕۆژاوایی لە ئەژمار دێت و دوو حیزبی گەورەی ئەمریکای خستۆتە ژێر کاریگەرییەوە. لە هەمانکاتدا لە سەر جووڵانەوەی سۆسیال دیموکراتیش کاریگەریی داناوە.

لە بەر ئەوەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، حیزبێکی بەهێزی چەپی لە مەیدان دا نییە، لیبراڵ بە سیاسەتمەدارێك دەگوترێ کە خاوەنی فیکرەیەکی نزیك بە چەپییەکان و لایەنگری ریفۆرمی کۆمەڵایەتی ئابووری بێت.

ئازادی سیاسی — آزادی سیاسی — Political Freedom

بریتییە لە ماف هاتنە مەیدان و هاوبەشێتی تاکی کۆمەڵگا بۆ ئیدارەی وڵات، چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان

لە رێی هەڵبژاردنی نوێنەران. ئازادی سیاسی یەکێك لە مەرجەکانی سیستەمی *دیموکراسی** لە ئەژمار دێت. بە باوەڕی مۆنتسکیو، ئازادی سیاسی بریتییەلە ئەرخەیانی فیکری هەر کەسێك بە نیسبەت سەلامەتی دەروونی خۆی. بۆ گەیشتن بەم ئازادییەش پێویست ئەکات بە جۆرێك حوکمەت دابمەزرێت کە هیچ کەس لە کەسێکی دیکە ترسی نەبێت.

ئازادییە مەدەنییەکان آزادیهای مدنی Civil liberties

بەو ئازادییە کەسەکی و کۆمەڵایەتییانە دەگوترێ کە دەستی بە سەر پێوەندییە مەدەنییەکانی تاکدا گرتووە و یاساش لەبەرامبەر هەرچەشنە دەستێوەردانێکیان رادەوەستێ، مەگەر ئەوەیکە لە گەڵ بەرژەوەندی گشتیدا ناکۆك بێت. ئازادییە مەدەنییەکان لە زاراوەی یاساییدا پێی دەگوترێ"مافەکانی‌تاك".

ئازادی مەدەنی، یەکێك لە چەمکە سەرەکییەکانی ئەندێشەی سیاسی دیموکراتیکی نوێیە و لە مانایێکی بەربڵاودا بریتییە لە: ئازادی تاك بۆ ئەنجامی هەر کردەیێکی شەخسی و هەبوونی ماڵ و دارایی و سوود لێوەرگرتنیان و ئازادی بڕوای ئایینی و پەرەستشی ئازاد و ئازادی بیر و باوەڕ. لە سیستەمێکی یاسامەنددا قانوون لە بەرامبەر دەسدرێژکردنی دەوڵەت یا هەرکەسێکی‌تر بۆ سەر ئەم ئازادییانە دەوەستێ و پشگیرییان لێ ئەکات. هەندێ لە پێناسەکان، مانای ئازادی تاك تەنیا بە پاراستنی تاك و بڕوا و داراییەکانی لە بەرامبەر دەسکاری خۆخوازانەی حوکمەت دەبەستنەوە.

هەندێ جار ئازادییە مەدەنییەکان بە بڕاردە ناوبردە دەکەن، وەك ئازادی رادەربڕین و نووسین و بڵاوکردنەوە و سازدانی رێکخراوە و کۆبوونەوە بێ مەترسی یان سزادانی دەوڵەت. کاتێك ئەم ئازادییانە بە بڕاردن بێتە ئاراوە، ریزکردنییان بە پێی کۆمەڵگاکان جیاواز دەردێ و ناکرێ لیستێکی هاوشێوە بۆ هەموو کۆمەڵگاکان تۆمار بکرێت. بەڵام لە باری سیاسییەوە، ئازادی بیروڕا و مەرام و کۆمەڵ و رادەربڕین، لە جوملەی ئەو ئازادییە سەرەکییەکانەن کە تەواوی دەستوورە دیموکراتیەکان لەسەری کۆکن.

ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی آژانس بین المللی انرژی اتمی

International Atomic Energy Agency(IAEA)

بیرۆکەی دروسبوونی رێکخراوەیەکی وەها بۆ سوود وەرگرتنی ئاشتی خوازانە لە وزەی ئەتۆمی، ئەگەڕێتەوە بۆ ١٩٥٠ بە دواوە. لە ساڵی ١٩٥٣ لە سەر پێشنیازی ئایزنهاوەر سەرکۆماری ئەو کاتەی ئەمریکا، بە کۆمەڵی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، بڕیار درا سەرچاوەیەك بۆ ئەم مەبەستە دابمەزرێت. لە ساڵی ١٩٥٤، کۆمەڵی گشتی بڕیارنامەی "ئەتۆم بۆ ئاشتی" مۆر کرد و سەرەنجام لە ٢٩ی ژووەنی ١٩٥٦ رەشنووسی بڕیارنامەی ئاژانس لە کۆنگرەی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمیدا پەسندکرا. ئاژانس وەك رێکخراوەیەکی نێونەتەوەیی سەربەخۆ، بەرپرسیاریەتی سوود وەرگرتن لە وزەی ئەتۆمی بۆ خزمەت بە ئاسایشی زیاتر بەرعۆدە گرتووە.

بەگشتی ئامانجەکانی ئاژانس لە دوو تەوەردا کورت ئەکرێتەوە: یەکەم، کەڵك وەرگرتنی ئاشتیخوازانە لە وزەی ئەتۆمی و رەونەق بەخشین و پەرەپێدانی بۆ خزمەت بە ئاشتی و تەندروستی و پێشکەوتن و بەهرەداری لە تەواوی جیهان. دووهەم، بێخەم بوون لەوەیکە ئەو هاریکاری و زانیارییانەی کە لە لایەن ئاژانسەوە ئاراستە ئەکرێ، بۆ ئامانجی سەربازی و جەنگی بە کار نابرێت.

ئەرکێکیتر کە بە ئاژانس سپێردراوە، ئەوەیە کە رێ خۆشبکات بۆ پاراستن و پیادەکردنی پەیمانی بەربەست کردنی چەکی ناوەکی Non Proliferation Treaty (NPT). تا ئێستا بنکەی ناوەکی زۆربەی وڵاتان کەوتونەتە ژێر چاوەدێری ئاژانسەوە، ئەم چاودێریە، ٩٥٪ پێگە ناوەکییەکانی جیهان بێجگە لەو پێنج وڵاتەی کە خاوەنی چەکی ئەتۆمین ئەگرێتەوە. ئاژانس پێکهاتووە لە ٣٥ ئەندام و ناوەندەکەشی لە شاری ڤیەنای لە وڵاتی نەمسایە.

ئاژاوەگەرێتی — غوغاسالاری — Mobocracy

فەرمانڕەوایی رووتە و پووتە و بۆرەپیاوانی سەرکێش و لاسار. ئاژاوەگەرێتی(مۆبۆکراسی) بریتییە لە حکومەتی کەسانێکی نەزان و نەفام کە لە کاتی قەیران و شۆڕش و کۆدەتا*و گۆڕانکارییەکاندا بە شێوەیەکی کاتی دەسەڵاتی وڵاتێك بەدەستەوە بگرن. لەم حکومەتەدا دەسەڵات دەکەوێتە دەست خەڵکانێکی بێ پرەنسیپ و ئاژاوەگێڕ، خەڵکێك کە بە رێگای عەقڵیاندا ناڕۆن بەڵکوو ملکەچی هەستیان بن و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان دەست ئەکەن بە شەڕنانەوە و ئاژاوەگێڕی. ئاژاوەگەرێتی رووکارە گەندەڵەکەی دیموکراسی لەئەژمار دێت. لەم بارەوە هێرۆدۆت، مێژوونووسی بەناوبانگی یۆنانی دەڵێ: هەرچەندە دیموکراسی هەموو کەس لە بەرامبەر یاسادا بە یەکسان دەزانێ بەڵام عەیبەکەشی ئەوەیە کە بە ئاسانی دەبێتە مۆبۆکراسی یا حکومەتی کەسانی نەفام و نەزان.

ئاژاوەگێڕی — آشوبگری — Sedition

ئەم زاراوە لە زۆربەی لقەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەکار براوە و لە هەمووشیان بەم واتایە شرۆڤە کراوە: هەر باس و کۆڵینەوەیەك چ بە نووسراوە و چ سەرزارەکی یان هەر کردەوەیەکی ناسپاسانە، بێجگە لە خەیانەت، کە ببێتە هۆی بێ متمانەیی و هاندان بۆ نافەرمانی بە دژی دەسەڵاتی دەوڵەت ئاژاوەگێڕی لە قەڵەم ئەدرێت. ئاژاوەگێڕی، جیاواز لەو جەوهەرە پەنامەکییەی کە لە گەڵ رۆحێکی سپڵە و ناسپاس ئاوێتە بووە ماهییەتی گەندەڵی ئەم ئاکارەش زیاتر ئەکات.

رەنگە ئەم واتایە کە هەندێ جار ناواخنێکی تاوانبارانە لە خۆ دەگرێ، لە هەر کام لە وڵاتان بە جۆرێك پێناسە بکرێت بۆ وێنە لە بەریتانیا، تەواوی ئەو کردارە ئاژاوەگێڕانەی کە تەشەنە ئەدەن بە ناڕەزایەتی لە حوکمەت و دەسەڵاتداران و دەلالەت ئەکەن بە سەر وەرچەرخاندا بە ئاژاوەگێڕی ناوبردە دەکرێ. لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئاژاوەگێڕی، بە پێی یاسای فیدڕاڵی پارمەتی گەیاندن بە رووخان یا رماندنی

حوکمەت پێناسە دەکەن.

لەم وڵاتەدا هەوڵ دراوە ئاژاوەگێڕی لە کاتی شەڕ و ئاشتی لێك جیا بکەنەوە. ئاژاوەگێڕی لە کاتی شەڕدا بریتییەلە تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بە نووسین یا بە کردەوە بەڵام لە کاتی ئارامی و ئاشتیدا رەنگە زۆربەی ئەم کارانە ئاژاوەگێڕی لە قەڵەم نەدرێ.

ئاژیتاسیۆن: بڕوانە هاندان.

ئاسایش امنیت Security

١ـ زامنکردنی هێمنایەتی و ئۆقرەیی لە رێگەی بەڵێنە سیاسییەکان بۆ کەمکردنەوەی مەترسی سەرهەڵدانی شەڕ. ٢. خۆ پاراستن لە مەترسی دەسدرێژی کردن بۆ ئازادی و مافە رەواکان. ٣ـ ئەرخەیانی و هەبوونی متمانە لە مەڕ ئاسایشی جەستە و گیان و ماڵ و شەرەف و ناموس. لە زاراوەی سیاسی و مافەکاندا بەم شێوازانەی خوارەوە بە کار براوە:

ئاسایشی تاك، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی نێونەتەوەیی.

ئاسایشی تاك امنیت فردی Individual security

حاڵەتێکە تاك تێیدا لەوە ناترسێ گیان و ماڵ و ئابڕووی لە دەس بات، بە جۆرێك کە نەتوانێ بژی.

ئاسایشی کۆمەڵایەتی امنیت اجتماعی Social security

کاتێك کۆمەڵ ئەرخەیان بێت لە هەڕەشەیەك کە دەرئەنجامی کردەوەیەکی نایاسایی دەوڵەت یان دەزگا یان تاکێك دەرحەق بە تەواوی کۆمەڵگا بێت. لە سیستەمی مافەکانی نوێدا، مەفرووزە کە یاسا، بە پەسندکردنی قانوون و بە رەسمییەت ناسینی مافەکانی تاك و سزادانی تاوانباران، ئاسایشی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی دەپارێزێ(بڕوانە ئازادییەمەدەنییەکان). دادگا و پۆلیسیش بەڕێوەبەری یاسایە و تاك و کۆمەڵگا لە بەرامبەر فەشەل هێنان بە یاسا و بێ قانوونی دەپارێزن.

ئاسایشی گشتی امنیت جمعی Collective security

بنەڕەتی پاراستنی ئاشتی نێونەتەوەیی یە کە هەوڵ و دەوڵی هاوتەریبی وڵاتان بە تایبەت هەوڵی رێکخراوە نێونەتەوەییەکان و لە سەرووی هەموویانەوە نەتەوە یەکگرتووەکان، زامنیەتی.

ئاسایشی نەتەوەیی امنیت ملی National security

حاڵەتێکە کە نەتەوەیەك، لەوە ناترسێ بەشێك لە حەشیمەت یان دارایی یان خاکی وڵاتەکەی لە دەست

بچێ. یاسا نێونەتەوەییەکان ئیمڕۆکە کارێکی وایان کردووە کە سنووری ماف و ئازادی دەوڵەتەکان دیاری بکرێ و نەهێڵێ وڵاتەکان دەسدرێژی بکەن بۆ سەر یەکتر. بەڵام دەزگایەك کە بتوانێ وەك یاسای ناوخۆیی زامنکەری بە حەقدار گەیشتنی مافەکان بێت، لە ئارادا نییە. ئێستا، کەم و زۆر لە هەموو وڵاتەکان جۆرێك پۆلیسی سیاسی یان ئاسایش لە کاردایە کە ئامانجیان بەرگری کردنە لە دزەکردنی سیخوڕ و کەسانی مەترسیدار بۆ ناو وڵات.

جا هەرچی ڕژێمەکە زیاتر توتالیتەر بێت، ئەوا دەسەڵاتی پۆلیسی سیاسی و ڕادەی زەبر و زەنگ زیاتر دەبێت. ئەم جۆرە ڕژێمانە چونکا دەرفەتی نەیاریکردنی ئاشکرا و یاسایی بە کەس نادەن، نەیاران یا دوژمنانی خۆیان بە بیانووی «دوژمنانی ئاسایشی نەتەوەیی» سەرکوت ئەکەن.

ئاسایشی نێونەتەوەیی امنیت بین المللی International security

حاڵەتێکە کە تێیدا هاوکێشە لە نێوان دەسەڵاتەکان بەرقەرارە و کەس دەستدرێژی ناکا بۆ هەرێمی ئەویتر. هەرکاتێك یەکێك لە دەوڵەتەکان ئەم کارەی کرد، لە ڕوانگەی دەسەڵاتی نەیارەوە«ئاسایشی نێونەتەوەیی کەوتۆتە مەترسییەوە» هەرکاتێکیش ئەم شتە ڕووی دا، مانای وایە مەترسی هەڵگیرسانی شەڕ هەیە.

ئاشتی صلح Peace

١- حاڵەتی ئارامی و ئاسایشی گشتی لە وڵاتێك و پێوەندی ئاسایی لە گەڵ وڵاتانی دیکە. ٢- نەبوونی شەڕ و نەبوونی سیستەمی هەڕەشە. نەبوونی شەڕ واتە پەرەپێدان بە هاریکاری و پێوەندی نێونەتەوەیی. تەنیا ئاشتی دەتوانێ ڕێز لە مافی مرۆڤ بگرێ، ڕادەی ئەو ڕێبەرانەی کە دەم لە ئاشتییەوە دەدەن، گەلێك زۆرن بەڵام بە هۆی ترس لە چەك داماڵین*ی یەکلایەنە، گفتوگۆ لەمەڕ ئاشتی هەمیشە سەرکەوتوو نەبووە، چونکا لایەنی بەرامبەر متمانەی بە ئەوی‌دی نەبووە. لەمڕووەوە بەرنامەی بەرهەمهێنان و پڕچەککردنی خۆیان درێژە پێ‌دەدەن، ئەمەش پاڵنەرێکە بۆ شەڕ و هەڕەشە لە ئاشتی دەکات.

ئاشتی پڕچەك صلح مسلح Armed Peace

لە ساڵی ١٨٧١ کە ئەڵمانیا بەسەر فەرەنسادا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، تا ساڵی ١٩١٤ کە شەڕی جیهانی یەکەم هەڵگیرسا لە نێوان دەوڵەتانی ئەورووپی هیچ شەڕێك ڕووی نەدا بەڵام لە ماوەی ئەم ٤٣ ساڵەدا ئەم وڵاتانە بە گەرمی سەرقاڵی پڕچەککردن و پشت‌ئەستوورکردنی خۆیان بوون کە ئەم زەمەنە بە قۆناغی ئاشتی پڕچەك ناوی دەرکردووە.

ئاشتی‌خوازی صلح‌خواهی /صلح‌طلبی Pacifism

حەزکردن بە ئاشتی و بێزار بوون لە بەکار هێنانی هێزی سەربازی بە تایبەت لە نێوان نەتەوەکاندا. لە

سەرەتادا بە کەسانێکیان دەگوت ئاشتی خواز کە پێیان وابوو ئەکرێ لەبری شەڕ و ئاژاوە کاری دیکە (ناوبژیوانی و دادوەری) ئەنجام بدرێ.

ویلسۆن، (١٨٥٦ــ ١٩١٩) سەرۆك کۆماری ئەمریکا و لایەنگرانی دیکەی دامەزراندنی کۆمەڵی نەتەوەکان(١٩١٦ـ ١٩١٩) بە ئاشتیخواز ناویان دەرکرد چونکا ئەمانە شەڕیان نەك هەر بە بێ ئەخلاقی دەزانی بەڵکوو بە خاپوورکەری شارستانییەتیان لە قەڵەم ئەدا. بەم حاڵەش ئەم کەسانە، سڵیان نەکرد لە بەکارهێنانی هێز و زەبر و زەنگ بەدژی ئەو وڵاتانەی کە شەڕخواز بوون. ئامانجیان ئەوە بوو کە هێزی وڵاتانی دیکە بخەنە گەڕ بۆ خزمەت کۆمەڵگایەکی نێونەتەوەیی. بەم پێیە ئەکرێ لە بری ئاشتیخواز بە«ئەنتەرناسیۆنالیست»* لە قەڵەم بدرێن.

واتایەکی تری ئاشتیخوازی، ئەگەڕێتەوە بۆ ئاکاری ئەو کەسانەی کە حازر نابن لە هیچ هەلومەرجێکدا بچنە خزمەت هێزی سەربازی بۆ ئەوەی بە دژی نەتەوەیەکیتر، شەڕ بکەن. بەم جۆرە ئاشتی خوازییە ئەڵێن ئاشتی خوازی شەخسی یان ئەخلاقی کە لە ئاخێزگەیەکی ئایینییەوە سەری هەڵ داوە(وەك مۆژگارییەکانی ساتیا گراها، بە رێبەرایەتی گاندی لە هێندوستان کە بۆ چەند ساڵێك، بوو بە بنەمای سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە).

واتایەکی تری ئەم زاراوە ئەگەڕێتەوە بۆ کەسانێك کە لەبەر هۆکاری ئەقڵی، شەڕ بە ناڕەوا دەزانن. ئەمانە پێیان وایە کە شەڕ، دوو لایەنەکە ئەخاتە دۆخێکی ئاستەنگ و دوژمنکارانەوە و لە سەر ئەم بڕوایەن کە بۆ گۆڕینی ئیرادەی دوژمن ئەبێ سەبر وئارام بگرن و چالاکانە هەوڵ بدرێ ئەم دژبەرەکییە لەناو بچێت. ئەم جۆرە ئاشتیخوازییە، بە ئاشتیخوازی سیاسی یان ئەقڵی پێناسە کراوە. هەندێ لە نووسەرانی سەردەمی شەڕی جیهانی دووهەم، لایەنگری ئەم جۆرە ئاشتیخوازییە بوون.

تا ئێستا هیچ دەوڵەتێك ئاشتیخوازی وەك سیاسەتی رەسمی و هەمیشەیی خۆی دەستنیشان نەکردووە. بەڵام ئەم بیرۆکە لە مابەینی دوو شەڕەکە لە ئەورووپا لایەنگرانێکی زۆری بە خۆوە دی و هەندێکی زۆری بە دژایەتی لە گەڵ کۆکردنەوەی چەك و تەقەمەنی هاندا. کەچی بە هەڵگیرسانی شەڕی دووهەم، لە رادەی ئەم لایەنگرانە کەم بۆوە و بە رادەی لایەنگرانی سەربازیگەری زیاد بوو. پاش داهێنانی بۆمبی ناوەکی لە دوای شەڕی جیهانی دووهەم و دروسکردنی جبەخانەی ئەتۆمی، ئاشتیخوازی بوو بە بزاوتێکی بەهێز دژ بە چەکی ناوەکی و گەلێك لە زانایانی بەناوبانگی جیهانیشی بەم خەباتەوە گلاندووە. تەنانەت ئەو کەسانەش کە لە گەڵ شەڕی ئاسایی دژایەتییەکیان نەبوو، بەم کارەوە هەستاون.

ئاگربەس آتش بس cease-fire

کۆتایی هێنان بە شەڕی چەکداری بە پێی بنەڕەتەکانی(دەست کێشانەوە لە شەڕ). بە زمانی دیپلۆماسی هاوچەرخ، ئەم زاراوە کاتێك بە کار دەهێنن کە لە گفتوگۆکاندا دو لایەنی شەر نەتوانن بڕیاری رەسمی دەست هەڵگرتن لە شەڕ مۆربکەن.

ئاڵا — پرچم — Flag

ئاڵا باڵانوێنی دیاریکراوی ڕەسمی نەتەوەیەکە. ئەم هێمایە کە تەواوی نەتەوەکانی کۆمەڵگەی جیهانی بە دەستیان هێناوە، زانیارییەکی گرینگ دەربارەی مێژوو، خەون و ئاوات، حەز و ئامانجەکانی نەتەوەیەک ئەخاتە بەردەم ئینسان. ئاڵا نیشاندەری سروشتی دەروونی و زەینی نەتەوەیە و شوناسی ئەو نەتەوە پێناسە ئەکات. ئاڵای نەتەوەیەک وێنای دەرهەستی(ئەبستراك) ئینسان بۆ نەتەوە، لەبار و گونجاو دەکات. ئاڵای نەتەوەیی لە مێژووی هێماییی نەتەوەکاندا قۆناغێکی نوێ دێنێتە ئاراوە.

گەلێك پێش سەرهەڵدانی نەتەوەکان هۆز و عەشیرە سەرەتاییەکان بە شوێن نیشانە و هێمای جیاوازەوە بوون بۆ ئەوەی ئەوان لە هۆز و عەشیرەکانی دیکە جیا بکاتەوە. بنەماڵە شانشینەکانی سەردەمی کۆن و مێژینەش، خۆیان بە هێماییی کردنی شتەکان سەرقاڵ ئەکرد. بەیداخ و پێوانەکانی سەردەمانی دوای قوناغی سەرەتایی، ئەم غیرەتەی ئەخستە بەر دەسەڵاتداران کە شوناسی خۆیان بە سەر چینی ژێردەست داسەپێنن بۆ وێنە فیرعەونەکانی میسر، هەمیشە لە خەڵکی ژێردەستی خۆیان دەویست کە نیشانەی فیرعەون بە خۆیانەوە هەڵواسن. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەیداخ، هێندە پەیوەست بوو بە ڕەوابوون و شەرعییەتی دەسەڵاتدارەوە کە گرتنەوەی بەیداخی ئەرتەش یان بنەماڵەیەکی پاشایی بە مانای بێدەست مانەوە و لووت شۆڕبوونەوەی فەرمانڕەوای وڵاتێك لە قەڵەم ئەدرا.

لە سەردەمی ناسیۆنالیزمدا (سەدەی هەژدە) هەر دەوڵەتێك کۆمەڵێك هێمای بۆ خۆی دیاریکرد کە لەو ناوەدا ئاڵای نەتەوەیی لە هەمووان بەرجەستەتر بوو. بۆ ماوەیەکی زۆر ئاڵای نەتەوەیی تەنیا پێوەندی بە ڕێبەرانی نەتەوەیەك بوو بەڵام بەگشتی چ ئێستا و چ ڕابردوو، هێمایەك بووە بۆ ئایدیال و ئاواتەکانی نەتەوەیەك وەك لەوەیکە بەیداخی بنەماڵەیەکی پاشایی بووبێت. هەندێ لە توێژەران پێیان وایە کە ئاڵای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕاستیدا بووە هۆی گەڕانەوەی ئاڵا ئەتنیکییەکانی خەڵکی ئەمریکا بە خۆیان چونکا ئاڵای نەتەوەیی ئەم وڵاتە زیاتر لەوەیکە پێناسەکەری فەرمانڕەوا یان حاکمێك بێت، وەها بە تەرزێکی زیرەکانە نەخشاوە کە دەرخەری پلانێکی نوێی سیاسی بێت. ئەم ئاڵایە کە لە شۆڕشی ئەمریکادا (١٧٧٥-١٧٨٣) لە دایك بوو، ستراکتووری نوێی ئەم دەوڵەتە نیشان ئەدات، ئەو هێڵ و ئەستێرانە بە مانای یەکگرتوویی ویلایەتەکانە بە چەشنێك کە هەموو هاووڵاتیانی ئەمریکا حەزیان دەکرد ئاڵاکە وەشەکێنن. ئەم ستراتیژییە سیمبولیکی زیندووی جڤاتی لە بەرامبەر دەسەڵاتداران بەدیهێنا.

بۆ بێخەم بوون لەوەیکە ئاڵای نەتەوەیی هێمایەکی وەرەبزوێن و زیندوو بمێنێتەوە، ڕێبەرە نەتەوەییەکان کارێك ئەکەن کە هەمیشە ئاڵاکە لە بەر چاوی جەماوەر بێت. دەوڵەتەکان بە شێوەیەکی فەرمی دامودەزگا ڕەسمی و ئیدارییەکان بە ئاڵا دەنەخشێنن. قوتابییەکان پێمل ئەکرێن کە هەر لە سەرەتاییەوە تاکوو دواناوەندی سوێند بە ئاڵا بخۆن.

توێژینەوە پێمان دەڵێ کە نەتەوە دەوڵەمەند و بەهێزەکان، حەز بەوە ئەکەن کە تەرح و تۆماری ئاڵاکەیان شتێکی سادە و ساکار بێت و ئاڵ و واڵا نەبێت کەچی ئەو نەتەوانەی کە لە ناوەندەکانی دەسەڵاتی

نێونەتەوەیی بەدوورن، حەز بە ئالاّیێکی ئالّۆز و پێچەڵپووچ ئەکەن.

ئانتی سمیتیزم: بڕوانە جوولەکە قڕان.

ئایدیۆلۆجی ایدئولوژی Ideology

لە زمانی فەرەنسەدا بریتیە لە idee بە مانای وێنا (تصور) و ئەندێشە logie بە مانای ناسین. لە زاراوەی سیاسیدا بریتیە لە فەلسەفەیەکی سیاسی و کۆمەلاّیەتی کە تێیدا کردە و بیر بە یەك ئەندازە گرنگایەتییان هەیە. ئایدیۆلۆجی سیستەمێکی ئەندێشەیە کە هەم دەخوازێ جیهان شەرح بکات و هەم ئالّوگۆڕی تیا بەدی بێنێت. بە واتایەکیتر هەر ئایدیۆلۆجیایەك شێوازێکی خەیالّی لە کۆمەلّگا ئەدا بەدەستەوە و لە لایەنگرانی خۆی چاوەڕوانی ئەوە ئەکات ئەو شێوازە تۆمار بکەن.

ئەم زاراوە یەکەم جار لە سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسە و لە لایەن دێستۆت دۆتراسی (١٧٥٤-١٨٣٦) بیرمەندی فەڕەنسی، لە ساڵەکانی ١٧٩٦ و ٩٨ بەکار برا. بۆ ئەم زاراوە چوار مەبەست ناوبردە کراوە: یەکەم، مەبەستی تراسی بوو کە بە مانای«ئەندێشە ناسی» یان «زانستی ئەندێشەکان» شرۆڤەی کردبوو. دووهەم، شێوازێکی پابەندی بە کۆماریخوازی لیبراڵ. سێهەم، مانایەکی سووکایەتیئامێز بە مانای ئیفلیجیی فیکری و ڕەفتاری و هەروەها جۆرێك لە رادیکالیزمی ترسناك و سەرەنجام، مەبەستێکی کەم بایەخ یا رەنگە رازاوە، ئەویش بە مانای «دوکتۆرینی سیاسی».

تراسی، وەك زۆربەی فەیلەسوفانی فەڕەنسی چاخی رۆشنگەری پێی وابوو کە ئەبێ لە گەلّ هەموو ئەزموونە مرۆییەکان ـ کە زۆربەیان پێشتر لە بەستێنی زانستی خواناسی و یەزدان پەرستیدا شرۆڤە ئەکران ـ بە شێوەیەکی عەقلاّنی هەلّسوکەوت بکرێت. بیرۆکە گەردونییەکان رەت بکرێنەوە و هەموویان بکرێن بە «هەست». بەڕای تراسی، ئایدیۆلۆجی، تیۆری تیۆرییەکان بوو.

هەندێ مێژوونووسی فەلسەفە، سەدەی نۆزدەیان بە «سەردەمی ئایدیۆلۆجی» ناوبردە کردووە. هۆی ئەم ناولێنانەش پەرێشانی ئەندێشەگەلێکن کە دەکرێ بە «ئایدیۆلۆجیك» پێناسە بکرێن چونکا لە ناویاندا جەخت کردن لە سەر کردە بەهێزتر بووە لە یاری کردن بە تیۆری فەلسەفی.

ئایدیۆلۆجی، جاری وامەیە مانایەکی پوختە لە خۆ دەگرێ و هەندێ جاریش مانایەکی ناپوختی هەیە. بە واتا ناپوختەکەی، بریتییە لە هەر جۆرە تیۆرییەك کە لە سەر کردە چەق ئەبەستێ یان هەر تەقەلایەك بۆ نزیك کەوتنەوە لە کێشە سیاسییەکان لە ژێر تیشکی دەزگایەکی ئایدیۆلۆجیدا. بەلاّم مانا پوختەکەی هەمان شرۆڤەی تراسییە کە پێنج تایبەتمەندی لە خۆ دەگرێ: (١) ئایدیۆلۆجی، تیۆرییەکی تۆخە لە بارەی مرۆڤ و کۆمەلّگا و جیهانی دەرەوە. (٢) بۆ رێکخراوەی سیاسی ـ کۆمەلاّیەتی، تیۆری و پرۆگرامێکی گشتی ئاراستە ئەکات. (٣) گەیشتن بەم پرۆگرامە هەلّگری خەباتێکی تایبەتە. (٤) بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی، نەوەك خەلّك هانئەدات، بەلّکوو بە شوێن خڕکردنەوەی لایەنگری وەفادارە و حەزیش بە «سەرسپوردە»ئەکات. (٥)

زیاتر بە شوێن ڕەشگەلەوەیە بەڵام لە ڕێبەرایەتی کردنی ڕۆشنبیرانیشدا ڕۆڵێکی تایبەت دەگێڕێت.

بە پێی ئەم پێودانگانە ئەکرێ سیستەمگەلی جۆراوجۆری فیکری بە ئایدیۆلۆجی لە قەڵەم بدرێ. لە «زانستی ئەندێشەکان»ی تراسیەوە بگرە تا پۆزیتۆڤیزمی فەیلەسوفی فەرەنسی، ئۆگۆست کۆنت و کۆمۆنیزم و جۆرەکانی سۆشیالیزم و فاشیزم و نازیسم و هەندێ لە ڕێبازەکانی ناسیۆنالیزم. ئەوەیکە تەواوی ئەم سیستەمە فیکرییانە، ئەگەڕێنەوە بۆ سەدەی نۆزدە و بیست، مانای وایە کە هیچکامیان کۆنتر لە خودی وشەی ئایدیۆلۆجی نین و هی سەردەمانێکن کە ئیمانی سەرزەمینی، چۆتە جێی ئیمانی ئایینی و ئاسمانی و کرداری کۆمەلایەتی و سیاسیش چۆتە جێی بیرۆکەی فەلسەفی.

مارکس لە هەندێ لە وتارەکانی تاقی لاوییدا بە تایبەت لە کتێبی *ئایدیۆلۆجی ئەڵمانی*، ئایدیۆلۆجی بە واتایەکی درێو و جنێو ئامێز بە کار ئەبات. مارکس لەم کتێبەدا ئایدیۆلۆجی بە مانای "زرە وشیاری" یان «وشیاری درۆ» لێك ئەداتەوە. بەم پێیە ئایدیۆلۆجی، کۆپلە مەرامێکە کە خەڵك خۆیانی پێ فریو ئەدەن و وێنایەکی ناڕاستی جیهان دەئاخنێتە مێشکیانەوە. بە باوەڕی مارکس ئایدیۆلۆجی، ڕوانگەیەکە کە خەڵك بەو پێیە جیهان مانا دەکەنەوە ئەگەرچی پێوەندییەکیشی بە واقیعەکانەوە نەبێت. هەر ئایدیۆلۆجیایەك، جیهانبینیەك ناونووس ئەکرێت کە تەنیا بەرژەوەندی و خواستەکانی چینێکی کۆمەلایەتی دەستەبەر ئەکات، لە بەر ئەوە، پێوەندی لە گەڵ واقیعی جیهان و ڕەوتی هەقیقی مێژوو ڕێژەییە و پابەندە بەو قۆناغە کۆمەلایەتی - مێژووییەی کە ئایدیۆلۆجی تیا لە دایك ئەبێت. کەواتە هەر چینێکی کۆمەلایەتی لە هەر قۆناغێکی مێژوویی‌دا هەڵگری ئایدیۆلۆجی یان«جیهان‌بینی»* تایبەتی خۆیەتی. هەڵبەت مارکس وانەبووە کە هەمیشە ئایدیۆلۆجی بە مانا درێوەکەی لێك بداتەوە جاری واش بووە جۆرێك شرۆڤەی کردووە کە بتوانێ هەڵگری هەقیقەتیش بێت.

مارکسییەکانی سەدەی بیستەم کە مانا درێوەکەی ئایدیۆلۆجیان پشت گوێ خستووە، بۆ مارکسیزم وەك ئایدیۆلۆجی ئەڕوانن و بە «ئایدیۆلۆژی چینی کرێکار»ناوبردەی ئەکەن کە بە باوەڕی ئەوان هەڵگری هەقیقەتە ئەزەلی و ئەبەدییەکانی مرۆڤ و جیهان و مێژوون.

لە هەندێ لە وڵاتانی کۆمۆنیستی‌دا «ئەنستیتۆی ئایدیۆلۆجییایی» بەرپاکراون و بە فەیلەسوفە حیزبییەکانیش ئەڵێن«ئایدیۆلۆگ»*. مارکسیزم - لێنینیزم نموونەیەکی تۆخی ئایدیۆلۆجییە.

کاتێك هەنگاو دەنێینە سەدەی بیستەوە جەمسەری ئایدیۆلۆجی لە قوتابخانەی مارکسیزم ئاڵۆزتر ئەبێت. بە هاتنە مەیدانی بیرمەندانێکی وەك لۆکاچ، مەتریالیزمی دیالیکتیك لە گوێن ئایدیۆلۆجییایەك پەسند ئەکرێ. لۆکاچ پێی وایە، ئایدیۆلۆجی زۆر زیاتر و قووڵتر لەو شتەی کە لینین بیری لێئەکردەوە، لە ژیانی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابووری ریشەی داکوتاوە. گرامشی، وردبینانەتر لە گەڵ چەمکی ئایدیۆلۆجی ڕووبەڕوو ئەبێتەوە. بە باوەڕی ئەو هەژمۆنی* سەرمایەداری تەنیا لە سەر زۆر و ستەم ڕانەوەستاوە بەڵکوو بە شێوەیەکی هونەرمەندانە لە سەر ڕێبەرایەتی کردنی ئەندێشەکان لەنگەری گرتووە. ئایدیۆلۆجیای چینی دەسەلاتدار، لە مێشکی شارۆمەندی مامناوەندیدا ئەبێتە شتێکی ڕەشۆکییانە و پەسند

ئەكرێت. دەسەلات تەنیا یاسایەكی وشك و تۆسن یان ستەمكاریی نییە بەڵكوو حاكمییەتی زمان و ئەخلاق و كەلتوور و عەقڵی گشتی و عەقڵی سەلیمە. رەشەگەل بە دەروونی كردنی هەژمۆنی* ئایدیالەكان، سەركوت ئەكرێن.

مانهایم، یەكێكی تر لەو بیرمەندانەیە كە لە ساڵەكانی كۆتایی شەڕی جیهانی دووهەم(١٩٤٥)، لە سەر ئایدیۆلۆجی تێفكرینی بووە و لە راستیدا رێگای بۆ قۆناغێكی تری ئەم چەمكە خۆش كرد كە دواتر بە ناوی «كۆتایی ئایدیۆلۆجی» لە قەڵەم درا. كۆتایی پێهاتنی ئایدیۆلۆجی بریتی بوو لە تێكەڵبوونی بە كاوەخۆی ئایدیۆلۆجی و چالاكی سیاسی لە لقە ئەكادمییەكانی كۆمەڵناسی. قوتابخانەی «كۆتایی ئایدیۆلۆجی» بەرهەمی "شەڕی سارد"* بوو كە لە هەشتاكانەوە وەك زریانێك هەڵوەشانەوەی كۆمۆنیزم لە ئەورووپای رۆژهەلات و گەڕانەوە بۆ ئابووری بازاڕی ئازاد ی بە دوا خۆیدا هێنابوو. كۆتایی ئایدیۆلۆجی هاوكات بوو لە گەڵ بە قارەمان بوونی«كۆمەڵناسی» بە تایبەت كۆمەڵناسی ئەمەریكی چوونكە جیهانی بەوە دڵخۆش كردبوو كە سەردەمی خورافە بە سەر چووە و ئەبێ زانست بایەخدار بێت. ئەم تەعبیرە گەڕانەوەیەك بوو بۆ ئەندێشەكانی تراسی. چونكا ئەویش پێی وابوو كە ئایدیۆلۆجی زانستی سڕینەوەی خۆرافاتە. كەچی لە كۆمەڵناسی ١٩٥٠ بەملاوە ئایدیۆلۆجی خۆرافەیەك بوو كە پێویستی بە سڕینەوە نەبوو.

لە لایەكی ترەوە لایەنگرانی تیۆری كۆتایی ئایدیۆلۆجی، نەیانتوانیبوو بە جێی ئایدیۆلۆجی، ئەڵتەرناتیڤێك پێشنیاز بكەن. بەم بۆنەوە مەك ئینتایەر، بە هۆشمەندییەوە وتی: لە راستیدا كۆتایی ئایدیۆلۆجی، بێئەوەی كە بە هەقیقەت كۆتایی هاتن بە ئایدیۆلۆجی بێت، خۆی ئایدیۆلۆجییا و تەشكێك لە لیبراڵیزمی پراگماتیكی لە ئەژمار ئەهات.

ئەمێستا گولۆڵەی ئایدیۆلۆجی زۆر ئاڵۆزە و كەوتۆتە لێژییەوە. یەكێك لەو جەمسەرانەی كە ئێستاش ئەكراوەیە، دژایەتی نێوان هەقیقەت و ئایدیۆلۆجییە. كاری ئایدیۆلۆجیا بە بەڵگاندن سەر ناگرێ بەڵكوو زیاتر كاری داكۆكی كردن و جەخت كردن و ئەرەمانی(تجوین)یە.

Ideologue — ایدئولوگ — ئایدیۆلۆگ

بە مانای كەسێك كە لە ئایدیۆلۆجیایەك سەردەرچوو بێت و لەم بارەوە بۆ خەڵكانیتر سەرچاوە بێت.

Opposition — اپوزیسیون — ئۆپۆزیسیۆن/بەرهەڵستكار

بە زمانی فەرەنسی بە واتای «نەیاری» یان «نەیاران» بەڵام بەگشتی بریتییە لە هەوڵ و تەقەلای ئەنجومەن، حیزب، گروپ و جەماوەر یان كەسانێك بۆ گەیشتن بە ئامانجگەلێك بۆ نەیاری كردن لە گەڵ ئامانجی دەسەلاتدارانی سیاسی و ئابووری و كۆمەلایەتی، جا چ لە رێی پەرلەمانەوە بێت چ بە شێوازەكانیتر. بە واتاینكی سادە « ئۆپۆزیسیۆن» ناوێكە بۆ گروپێك كە لە سیستەمێكی پەرلەمانیدا بە پێی دەستوری بنچینەیی بوونی بە رەسمییەت ناسراوە و لە پەرلەماندا گروپێك بۆخۆی دائەمەزرێنێ بەڵام

سەروپێوەنی بە حوکمەتەوە نییە و پشتیوانی لیٚ ناکا کەچی هەردوولا خۆیان بە وەفاداری دەستورێکی بنچینەیی دەزانن. ئۆپۆزیسیۆنی پەرلەمانی بە بەشداریکردن لە گفتوگۆکان و راویٚژی نێو پەرلەمان بە پێی ئەو مەرجانەی کە دەستوری بنچینەیی دیاری کردووە، بەسەر کاروباری حوکمەتدا چاودێری راستەوخۆی هەیە و رای گشتیش لە ئەنجامی کارەکان ئاگادار ئەکاتەوە.

گرینگترین ئەرکی ئۆپۆزیسیۆن ئەمەیە کە دەرفەتی چەشنێکی دیکەی هەلبژاردن ئەخاتە بەردەمی دەنگدەران بۆ ئەوەی بەم بۆنەوە هەلبژاردنێکی لەبارتر بەرێوە بچێت. ئۆپۆزیسیۆن هێمایێکە بۆ حوکمەتی داهاتوو. بەم پێیە ئۆپۆزیسیۆن بەشێکی تەواوکەری سیستەمە پەرلەمانییەکانی ولاتانێکی لیبرالی کۆنباو وەك بەریتانیا و فەرەنسە و سویدە کە بەزۆری دوو حیزبی سەرەکی بە نۆبە، رۆلی دەسەلاتدار و ئۆپۆزیسیۆنی تێدا ئەگێرن. لە سیستەمە تاك حیزبییەکاندا ئۆپۆزیسیۆن بە شێوەی رەسمی و یاسایی هەبوونی نییە. لەم سیستەمانەدا هەر چەشنە نەیارییەك لە گەلٚ حیزب و دەولەتی دەسەلاتدار بە واتای نەیاریکردن لەگەلٚ نەزمی گشتی و دەستوری بنچینەیی لە ئەژماردێت.

لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بە هۆی هەبوونی سیستەمی سەرکۆماریی، پێویست ناکا لە پەرلەمان زۆرینەیەکی یەکدەنگ هەبێت چونکا لامەرکەزی بوونی حیزبەکان رێگا لە دامەزرانی فراکسیۆنی یەکدەنگ ئەگرێت، هەربۆیە لەم ولاتەدا ئۆپۆزیسیۆن وەك دەزگایەکی پەیوەست بە دەستوری بنچینەیی بەدی ناکریٚ و لەبەرئەوەی هاوچەشنیەکی فراکسیۆنی لە ئارادا نییە، بۆ مەسەلە بنچینەییەکان ناکریٚ ئەم بابەتە بەرتەسکە بێتە ئاراوە.

سیستەمی سەرکۆماریی (بروانە سەرۆك کۆمار) دەرفەتی ئەوە ئەدات کە زۆرینەی پەرلەمان سەر بە حیزبێك بێت و سەرۆك کۆماریش سەر بە حیزبەکەی تر، ئەم دووانەش هاریکاری یەکتر دەکەن و ئەم دۆخەش لە مێژە لە و ولاتەدا هاتۆتە کایەوە.

یەکەم ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی لە سەدەی ١٨ی زایینی لە بەریتانیا لە نێوان دو گروپی (ویگ و توری) پێك هات کە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبووە و زۆرجاریش هاودەنگ بوون. شەری زۆرینە و کەمینە و جێبەجیٚ بونی حیزبی دەسەلاتدار و حیزبی نەیاریش لەباری سیاسیەوە زیاتر روکارێکی شەخسی بووە تاکو گشتگیر.

لە سیستەمی پەرلەمانیدا ئۆپۆزیسیون دەورێکی وادەگێریٚ کە لە تیۆری کلاسیکی جیاکردنەوەی هێزەکان *(تفکیك قوا)دا ئەم دەورە بۆ پەرلەمان لەبەر چاو گیراوە. چونکا لەو کاتەوە سیستەمی پەرلەمانی هاتۆتە کایەوە، بەزۆری سەرۆکی دەولەت و سەرۆکی پەرلەمان یا یەکێك بون یا یەکگرتوو کە ئەم یەکبوونە وایکردووە ئەرکی پەرلەمان کە چاودێری کردنە بە سەر دەستوور و یاساداناندا بگۆریٚ و بەم بۆنەوە ئۆپۆزیسیۆن بتوانیٚ بە سەر دەولەتدا چاودێری بکا.

ئۆپورتونیسم: بروانە هەلپەرەستی.

ئۆپێك: بڕوانە ڕێکخراوەی وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت.

ئۆتۆکراسی یکه سالاری **Autocracy**

دەسەڵاتێك بەم تایبەتمەندیانەی خوارەوە:

١) فەرمانکردنی ڕاستەوخۆی کەسێك بەسەر باڵاترین پلەی ئیداری وڵاتێك. ٢)نەبونی یاسا و نەریتێك بۆ چاودێری کردن بەسەر کردارەکانی فەرمانڕەوادا.

٣) دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە هەرکارێکدا بێ سنوور و بێ جڵەوە.

ئۆتۆکراسی ڕەنگە بە پێی وەفاداری دەرونی فەرمانبەر بە فەرمانڕەوا بێت یان لە ڕوی ترس و خۆفەوە بێت. ئۆتۆکرات، ڕەنگە دەسەڵاتی خۆی لە ڕێی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی(میرات و جێماوە) یان بە زۆرەملی بە دەستی هێنابێ. کە لە شێوازی یەکەمدا ئۆتۆکراسی ڕەوایە و لە شێوازی دوهەمدا دیکتاتوریەتە. حوکمەتە ئیستبدادییەکان(بڕوانە ئیستبداد) لە چەشنی ئۆتۆکرات لە ئەژمار دێن.

ئۆتۆنۆمی خودگردانی **Autonomy**

ماف بڕیاردان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی و سیاسی و ئابووری و کولتوری ناوچەیەك یا هەرێمێك یا خود گروپێکی ئەتنیکی لە ناو وڵاتێکدا. ئۆتۆنۆمی لە ئەنجامدا ئەگاتەوە بە سەربەخۆیی. لە وڵاتانی فیدراڵیدا (بڕوانە فیدرالیزم) بە پێی دەستوری بنچینەیی وڵاتەکە، دەوڵەتی ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی ناوخۆیی هەرێمێکی جوگرافی یان ئەتنیکی وڵاتەکە ئەسپێرێتە خۆیان و ئەم هەرێمەش تا شوێنێك کە لە گەڵ دەستووری بنچینەیی فیدراڵدا بگونجێ١٢٥٥٨

+ بۆ خۆیان یاسا دائەنێن. لە وڵاتانێکی فیدراڵی وەك ئەمەریکا و هیند و ...هەرێمە ئۆتۆنۆمیەکان خاوەنی سیستەمێکی تۆخی سیاسی و یاسادانان بەڵام بۆ سیاسەتی دەرەوە و هێزی چەکداری و پلاندانانی ئابووری لە ژێر ڕکێفی دەوڵەتی ناوەندیدان. دەوڵەتە کۆلۆنیەکان جارجار پێش بەخشینی سەربەخۆیی یەکجاری یان خودموختاری بە ژێردەستەکانیان، ماف ئۆتۆنۆمییان پێدەدان.

ئۆرگان ارگان **Organ**

میدیایەك کە بڵاوکەرەوەی ئەندێشە و سیاسەتی حیزب، ڕێکخراوە یان گرووپێك بێت. ئەم زاراوە هەروەها بە واتای ڕێکخراوە و دەزگای تەشکیلاتی بە کار براوە.

ئولیگارکی اولیگارشی/گروه سالاری **Oligarchy**

لە زمانی یۆنانیدا بە مانای حوکمەتی گرووپێکی بچووکە. بە واتایەکی تر، دەسەڵاتداریتی گرووپێکی بچووکە بە سەر دەوڵەت بێ ئەوەی زۆرینەی خەڵك، بەسەریا چاودێریی بکات. ئەم زاراوە زۆرتر بۆ

کەمینەیەکی دەسەڵاتدار بە کار ئەبرێت کە دەسەڵاتی دەوڵەت ئەخەنە خزمەت بەرژەوەندی و قازانجی خۆیان و زۆرینەی نەیارانیش سەرکوت ئەکەن.

فەرمانکردنی گرووپێکی بچووك بە سەر رێکخراوە و دەزگا کۆمەڵایەتیەکانی تر وەك رێکخراوە ئاینی و کرێکاری و حیزبییەکانیش، پێی ئەوترێ ئولیگارکی. لە سەردەمی پلاتۆوە، ئولیگارکی لە بەرامبەر ئۆتۆکراسی*و دیموکراسی، راوەستاوە. بە رای پلاتۆ، ئولیگارکی جۆرە حوکمەتێکی گەندەڵە کە لە ئاریستۆکراسییەوە سەرچاوە ئەگرێ بە هەمان شێوە کە ستەمکاری، پاشایەتی گەندەڵ ئەکات، هەرکی بە هەرکیش، دیمکراسی بەرەو گەندەڵی دەبات.

بیرمەندانی هاوچەرخ، سەرنجێکی زۆریان داوەتە ئولیگارکی و هەندێکیان بە ناچار زۆربەی حوکمەتەکان بە ئولیگارکی لە قەلەم ئەدەن. ئەمانە پێیان وایە کە ناکرێ حوکمەتەکان بە دوو جۆری تاکەکەسی و کۆمەڵەکی دابەش بکرێت چونکا کۆمەڵ یان خەڵك هەرگیز حوکمەت بە دەستەوە ناگرن و کرداری راستەقینەی حوکمەت، هەمیشە بە دەست گرووپێکی بچووکەوەیە و تەنیا جۆری پێوەندی ئەم گرووپە لە گەڵ کۆمەڵگا و سنووری بەرپرسیارییەتی چێ دەکرێ.

ئەپارتهایت: بڕوانە جیاوازی رەگەزایەتی.

ئەخلاقی نێونەتەوەیی   اخلاق بین المللی   International Morality

بریتییە لەو بەڵێن و پەیمانە ئەخلاقییانەی کە وڵاتانی جیهان لە پێوەندی ناوخۆیان جێبەجێی دەکەن. قانوونی ئەخلاقی، وڵاتەکان پێمل‌دەکات کە لە بەرامبەر یەکتردا بە دەروون پاکی و راستگۆیانە هەڵسوکەوت بکەن و لە کاتی شەڕدا دڵڕەشی و رق و کین بۆ نزمترین ئاستی خۆی دابەزێنن و لە کاتی ئاشتی، پتر دڵپاك و خێرخواز بن و لە قەدەر توانای خۆیان یارمەتی یەکتر بدەن.

ئەشکەنجە   شکنجه   Torture

بە پێی بەندی یەکەمی کۆنڤانسیۆنی قەدەغەکردنی ئەشکەنجە، رێکەوتی ١٠ی دیسەمبەری ١٩٨٤ رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەشکەنجە بریتییەلە: هەر چەشنە کردەوەیەك کە بەو پێیە کەسێك ئازار و جەزرەبەیەکی توند(جەستەیی یان دەروونی) بدرێت. ئەم ئازارە بەو مەبەستەیە کە لەو کەسە یان کەسێکی سێهەم، زانیاری دەربکێشرێت یان بە زۆر پێملی بکەن کە دان بە شتێکدا بنێت، تاکوو بەو پێیە ئەو کەسانە سزا بدرێن یان بیانتۆقێنن و بیانخەنە ژێر فشارەوە.

بە پێی مادەی دووهەمی کۆنڤانسیۆنەکە: (بەندی ١) پێویست دەکات دەوڵەتانی ئەندام، ئاسانکاری یاسایی، ئیداری و دادوەری بۆ نەهێشتنی ئەشکەنجە لە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆیان بە ئەنجام بگەیەنن. (بەندی ٢) هیچ هەلومەرجێکی نائاسایی، بۆ وێنە شەڕ یا نائارامی سیاسی ناوخۆیی نابێ پاساوەری

ئەشکەنجە بێت. (بەندی ٣) هیچ مەقامێکی باڵا یان هێزێکی دەوڵەتی، ناتوانێ بڕیاری ئەشکەنجە دەربکات.

ئەلقاعیدە القاعده Al-Qaida(the Base)

تۆڕی ئەلقاعیدە بریتییە لە کۆمەڵە گرووپێکی سیاسی ئیسلام خواز کە لە ساڵی ١٩٨٨ دامەزراوە. ئەم تۆڕە بە ڕێبەرایەتی«ئوسامە بین لادەن»، سەر بە موسوڵمانانی سوننە پێك هاتووە کە خوێندنەوەیەکی وشك و دەمارگرژانەیان لە ئیسلام هەیە و تێکڕا، ئەمریکا و ئیسرائیل بە دوژمنی هاوبەشی هەموو موسوڵمانان دەزانن. ئەلقاعیدە، خوازیاری ڕاونانی ئەمریکایە لە وڵاتانی ئیسلامی و مەحف کردنەوەی ئیسرائیل لە جیهاندا. ئەم تۆڕە، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بە گشتی ڕووی کردۆتە خەباتی چەکداری و تیرۆر(بڕوانە تیرۆریزم).

ئەلقاعیدە، تۆڕێکی بان ـ نەتەوەیییە کە تێیدا لە هەموو ڕەگەز و نەتەوەیەك بەر چاو ئەکەوێت. لە ڕوانگەی ئەم ڕێکخراوەوە تەواوی ئەو دەوڵەتانەی کە بە سەر وڵاتە ئیسلامییەکاندا حوکمەت ئەکەن، ناڕەوا و گەندەڵن کە دەبێ هەموویان وەلانرێن. مۆدێلی ئەلقاعیدە بۆ حوکمەتکردن هەمان مۆدێلی «خەلافەت»ی قۆناغی سەرەتای ئیسلامە.

بین‌لادەن سەرۆکی ئەلقاعیدە، لە ماوەی ١٠ ساڵدا ڕۆڵێکی باڵای بووە لە ڕێکخستنی ئەو گرووپە پەرژ و بڵاوانەی کە لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا ئامادە بوون بۆ ئەم جۆرە خەباتە. بۆیە لە ساڵ ١٩٩٨ ڕێکخستنی بەرەیەکی نێونەتەوەیی دژ بە ئەمریکا ڕادەگەیەنێ و بە ئاشکرا کردارە تیرۆریستییەکان لە ئەستۆ دەگرێ. بۆ نموونە ئەکرێ ئاماژە بدەین بەم چەن کردارەی خوارەوە: هێرش بۆ پاپۆڕێکی ئەمریکایی لە مۆگادیشۆ (١٩٩٣ کوشتنی ١٨ سەربازی ئەمریکی)، تەقاندنەوەی ئۆتۆمۆبیلێکی مین ڕێژکراو لە ریاز(١٩٩٥ کوشتنی ٥ سەربازی ئەمریکایی)، تەقاندنەوەی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە نایروبیا و داروسەلام (١٩٩٨ کوشتنی ٢٢٤ کەس)، هێرش بۆ پاپۆڕێکیتر لە یەمەن(٢٠٠٠ کوشتنی ١٧ کەس)، تەقاندنەوەی تاوەرە ئەفسانەییەکانی ڕێکخراوەی بازرگانی جیهانی و چەن بنکەی سیاسی و ئەمنی ئەمریکا(٢٠٠١ کوشتنی زیاتر لە ٣هەزار کەس)، تەقاندنەوەکەی جێژنی قوربانی هەولێر، (٢٠٠٤ کوشتن و بریندار بوونی ٢٥٠ کەس).

ئەکتیویزم/چالاکیی سیاسی فعالیت سیاسی/کوشندگی Activism

ئەم زاراوە بە دوو مانا لێکدراوەتەوە، یەکەم بە مانایەکی ئەڵمانی کە زیاتر لە بەستێنی ئەدەبی و ڕۆشنبیریدا گونجاوە. دووهەم بە واتایەکی بەربڵاو کە بە مانای تێهەڵچوونێکی گەرم وگوڕە لە کردەوە و چالاکی سیاسی. ئەم واتایە دەلالەت ئەکات لە سەر ڕۆڵی گرینگی چالاکوانان وەك کاکڵی ئازای حیزبە سیاسییەکان. هەروەها لە جووڵانەوە شۆڕشگێڕییەکان بە تایبەت لە سیاسەتی حیزبی بونیادگەرادا گرنگییەکی زۆری پێ ئەدرێ. لە شێوازە توندڕەوەکەیدا بۆ پاساودانی تێهەڵچوونی ڕاستەوخۆ یان بۆ لە دۆخ دانی زەبر و زەنگ بو گەیشتن بە ئامانجی سیاسی بە کار هاتووە. لە سیاسەتی باڵی چەپدا جاری وا هەیە

کە خەباتکار بە مانای چالاك بە کار دبرێت بەلام مەبەست، رادەی بونیادگەرێتی ئەوکەسەیە لە سیاسەتدا. ئەم خاڵە بە تایبەت لە بارەی حیزبە کۆمۆنیستییەکان پێش گەیشتن بە دەسەلات، زۆر بەرچاوە.

ئەنجومەنی ئاسایش شورای امنیت Security Council

ئەنجومەنی ئاسایش، یەکێکە لە شەش پوکنی سەرەکی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەرکی سەرەکی ئەنجومەن پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەییە. ئەم ئەنجومەنە ١٥ ئەندامی هەیە کە پێنج لەم ئەندامانە(ئەمریکا، بریتانیا، رووسیا، فەرەنسا و چین) وەك ئەندامی هەمیشەیی لە ئەژمار دێن. ١٠ ئەندامی کاتی ئەنجومەن، لە لایەن کۆمەڵی گشتی رێکخراوە بۆ ماوەی ٢ساڵ هەڵئەبژێردرێن. بە پێی جاڕنامەی گەردوونی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەندامانی رێکخراوەکە هاودەنگن لەسەر جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش.

ئەنجومەنی ئاسایش دەسەلاتێکی بەرفراوانی هەیە و سەرپەرشتی هێزی چەکداریی نەتەوەیەکرتووەکان دەکات و پاش دەرکردنی بڕیارەکان جێبەجێیان دەکات و دەوڵەتانی ئەندامیش ناچار بە جێبەجێ کردنیان دەکات. ئەگەر کێشەیەکی گرنگ بخرێتە بەردەستی ئەنجومەنی ئاسایش، بۆ جێبەجێکردنی پێویستە ٩ وڵات لە پانزە وڵاتی ئەندام، دەنگی پێ بدەن بەو مەرجەی کە هیچکام لە پێنج ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەن، ڤیتۆ*ی نەکات یا دەنگی نەرێنی لەسەر نەدابێت.

ئەنجومەنی باکووری(نۆردیك) شورای شمالی(نوردیک) Nordiic Council

ئەنجومەنی باکووری یان ئەنجومەنی سکاندیناڤی، کۆمەڵێکە پێکهاتووە لە نوێنەرانی وڵاتانی دانیمارك، سوید، ئیسلەند، فەنلاند و نەرویج کە بە مەبەستی پەرەپێدان بە هاوکاری لە بواری جۆراوجۆر لە نێوان وڵاتانی سکاندیناڤی دامەزراوە. ئەم ئەنجومەنە ئەندامانی خۆی هان ئەدا کە بۆ رێکخستنی بازاڕێکی هاوبەش بۆ بەرهەمەکانی خۆیان، چالاکییەکانیان رێك بخەن تاکوو بەرەو یەکیەتییەکی گومرگی هەنگاو بنێن. بەلام ئەم جووڵانەوە، لەدوای دامەزرانی«یەکیەتی بازرگانی ئازادی ئەورووپا»لە ساڵی ١٩٥٩ و بە ئەندامبوونی دانیمارك و نەرویج و سوید لەو یەکیەتییەدا کۆتایی پێ هات.

ئەنجومەنی پیران/سینات مجلس سنا Senate

وشەی senate کە بە لاتینی دەبێتە senatus بە واتای پیر و بەساڵاچوو هاتووە. مەبەست لەم زاراوە ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکایە کە لە کۆنگرێسی ئەو وڵاتەدایە و لە ئەنجومەنی نوێنەران بچووکترە. بۆ هەڵبژاردنی سیناتۆرە ئەمریکییەکان، رێژەی دانیشتووانی ویلایەتەکان لە بەرچاو ناگیردرێ و هەر ویلایەتێك ٢ سیناتۆری هەیە و ئەنجومەنی پیران، سەرجەم ١٠٠ ئەندامی هەیە و نابێ تەمەنی هیچ سیناتۆرێك لە ٣٠ ساڵ کەمتر بێت و ماوەی نیشتەجێ بوونی هەر سیناتۆرێك لەو ویلایەتەی کە خۆی بۆ دەپاڵێوێت، نابێ لە ٩

ساڵ کەمتر بێت. هەر خولێکی ئەنجومەنی پیران، چوار ساڵە و هەر دوو ساڵ جارێك ١/٣ ئەندامەکان دەمێننەوە و لە جیاتی ئەوانی دیکە بە شێوەیەکی کاتی کەسانێك لە لایەن فەرمانداری ویلایەتەکان دادەنرێت. ئەندامانی سینات، لە لایەن خەڵکی ویلایەتەکانەوە هەڵدەبژێردرێن. هەر پەیمانێك کە دەوڵەتی ئەمریکا لە گەڵ وڵاتانی دیکەدا دەیبەستێ، دەبێ لانیکەم لە لایەن ٢/٣ سیناتۆرەکانەوە پەسند بکرێت. دەسەڵاتی ئەنجومەنی پیران بە هەندێك جیاوازی هەروەك ئەنجومەنی نوێنەرانە و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە دانانی یاساکاندا هەیە. ئەنجومەنی پیران چوونکە هاوکارییەکی زۆری لە گەڵ سەرکۆماردا هەیە، لەچاو ئەنجومەنی نوێنەران لە بواری سیاسەتی دەرەکیدا دەسەڵاتێکی زیاتری هەیە.

ئەنجومەنی جیهانی کلێسەکان شورای جهانی کلیساها World Council Churches

ئەم ئەنجومەنە پێکهاتووە لە کلێسەکانی پرۆتیستان و ئۆرتۆدۆکس کە لە ساڵی ١٩٤٨ دامەزراوە و دوای دامەزرانی ئەنجومەنی ڤاتیکانی٢ (١٩٦٩)، ئەندامانی کلێسەی کاتۆلیکی رۆماش هاتنە ناو ڕیزی ئەم ئەنجومەنەوە. ئەنجومەن لە بوارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایینیەکان دەکۆڵێتەوە و سەرنجێکی تایبەتیش دەداتە کێشەی وڵاتانی جیهانی سێهەم. ئەم پێکهاتە بە دژی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی ئاپارتایدە.

ئەنجومەنی هاریکاری کەنداوی فارس شورای همکاری خلیج فارس
Persian Gulf Cooperative Council

ئەم ئەنجومەنە لە ١٩٨١/٥/٢٥ بە ئەندامەتی وڵاتانی کوەیت، بەحرەین، قەتەر، ویلایەتی میرنشینی عەرەبی، عەممان و عەرەبستان لە ئەبوزەبی دامەزرا. ئامانجی پێکهێنانی ئەم ئەنجومەنە، پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و سەربازییەکانی ئەندامەکانیەتی. نووسینگەی ئەنجومەن لە ڕیاز، پێتەختی عەرەبستانە. ئەنجومەنی هاریکاری کەنداوی فارس لە ساڵی ١٩٩٤ بڕیاری دەرکرد کە گەمارۆی ئابووری لەسەر ئیسراییل لابچێت. ئەم گەمارۆیە کە ئیجازەی مامەڵە و دانوستانی لە گەڵ کۆمپانییەکانی سەربەم وڵاتە، نەئەدا لە ساڵی ١٩٤٧ لە لایەن یەکیەتی عەرەب دەرکرابوو.

ئەنفال انفال Anfal

ئەنفال، لە زمانی عەرەبی(قورئان)دا بە واتای تاڵانیی دوژمنان و دەسکەوتی جەنگییە. ئەم زاراوە لە لایەن سەدام حسەین (١٩٣٧ــ ٢٠٠٧) دیکتاتۆری ڕژێمی پێشووی عێراق و دەستوپێوەندەکەی بۆ لەناوبردن و ژینۆساید*ی گەلی کورد بەکار هێنراوە. ئەنفال، کۆمەڵێ عەمەلیاتی ئەو ڕژێمە بوو بۆ سەر دێهاتەکانی کوردستانی باشوور کە لە ساڵی ١٩٨٨ بە مەبەستی ڕەشەکوژی و کوشتن و بڕینی گەلی کورد بە ئەنجام

گەیشت. لە ئەنفالەکاندا زیاتر لە ١٨٢ هەزار کەس خەڵکی ئەم ناوچە لە کوردستان، بەکۆمەڵ زیندە بەچاڵ کران و دێهات و گوندەکانیش لە گەڵ خاکدا یەکسان کران.

ڕەنگە سەدام بە ناولێنانی ئەم کاولکاری و ڕەشەکوژییانە بە ناوی ئەنفالەوە، ویستبێتی وەك عەرەبێکی موسوڵمانی سوننە، خۆی لەگوێن پەیڕەوێکی بەرفەرمانی قورئان بناسێنێت کە بە ئەمری ئەو، لەناوبردنی کورد وەك دەسکەوت و تالانییەکی جەنگی سەیر بکات. لەم سۆنگەوە سەدام، کوردی بە پلەی یەکەم بە دوژمنی خودا و بە پلەی دووهەمیش بە دوژمنی خۆی لە قەڵەم داوە بۆیە بۆ لەناوبردنی مرۆڤی کورد وەك تالانییەك سەیر ئەکات کە لە شەڕێکدا بەدەستی هێنابێت.

«ناسینی ئەنفال، ڕەنگە ئەرکێکی ئەخلاقی بێت، ئەمە نەك بە تەنها لەبەر ئەوەیە ئەنفال دیاردەیەکی کارەسات ئامێزی سەر بە ساتەوەختێکی تایبەتی مێژووی میلەتێکە و دەبێت باس بکرێت بەڵکوو ئەمە بەو مانایەشە کە باسکردن و وەبیر هێنانەوەی ئەم دیاردە دەشێت ڕێگر بێت لە دووبارەبوونەوەی، نە تەنها لە کوردستان بەڵکوو لە زۆر شوێنی دیکەی دنیادا کە هاوکێشەی زۆرینە* و کەمینە*، هاوکێشەی دەوڵەتی تۆتالیتەر و گرووپی ئەتنی جیاواز، هاوکێشەی کولتووری جیاجیا و ناسیۆنالیزمێکی ڕاستڕەوی تێدا بەرقەرارە. لەم ڕووەوە، خوێندنەوەی ئەنفال و شیکردنەوەی ڕەهەندە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکانی، دەشێت هەڵگری چەندان دەلالەت بێت کە سنووری مێژووی کوردی تێپەڕێنێ و وەك کێشەیەکی ئینسانی گەورە و بەشێك لە مێژووی هاوچەرخی کۆمەڵگا مۆدێرنەکان تەماشا بکرێت. ڕاستە کوردبوون، سیفەتێکی تایبەتی بە ئەنفال داوە بەوەی لە پشتییەوە، هاوکێشەیەکی نایەکسانی هێز و تەنیاییەکی سیاسی کوشندە ئامادەیە، بەڵام ئەنفال و ئەزموونی ئەنفالیانە ڕووداوێکە سنووری مێژووی کورد و مێژووی عێراق و مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێدەپەڕێنێت. ئەنفال ڕووداوێکە، بێ گەورەکردن دەشێت لە سیاقی مێژووی هۆلۆکۆست*و هەموو ڕەشەکوژییەکانی کۆمەڵگای مۆدێرندا تەماشای بکەین».

ئەویدی — دیگری — The Other

ئاخێزگەی چەمکی «ئەویدی»، لە ئەندێشەکانی هێگل دا سۆراغ دەکرێت. کاتێك کە ئەلێکساندر کۆژۆ (١٩٤٧) خوێندنەوەیەکی بەپێزی لە ***دیاردەناسی ڕۆح*** بە ئەنجام گەیاند. بەڵام زاراوەکە لە کەشێکی مژاوی لە دەروونشیکاری ژاك لاکاندا (١٩٦٠) بوو بە جەمسەرێکی دیالێکتیکی لە نێوان سوژە و ئۆبژەدا. بابەتی ئەویدی یا ئەوانیدی، یەکێك لە پرسیارە سەرەکییەکانی ماهییەتی«شوناس»*ی بەرهەم هێناوە. پرسیار ئەوەیە: بۆچی ئینسانەکان، خۆیان بە«خۆمانە»لە قەڵەم ئەدەن و غەوارەش بە «ئەوانیدی»؟ یان جیاوازی نێوان کەسێك لە گەڵ ئەویدی، بۆ چ شتێك ئەگەڕێتەوە؟ هەندێ کەس هۆکەی دەگەڕێننەوە بۆ جیاوازی کەلتووری، زمان، ئایین، شارستانییەت، هەلومەرجی فراژوتن و پەرەستاندن و هەروەها جیاوازی ڕەگەزی، ئەتنیکی، نەتەوەیی، چینایەتی، ئایدیۆلۆجی و زایەند(سێکس).

ئیخوانولموسلمین اخوان المسلمین Moslem Brotherhood

بزووتنەوەی ئیخوانولموسلمین لە ساڵی ١٩٢٩ لە لایەن(حسن البنا) لە میسر دامەزرا بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ یاسا و بنەماکانی سەرەتای ئیسلام. ئەم بزاڤە توانی تەلی سوز و عاتیفەی موسڵمانان ببزوێنێ و بەرەو لای خۆی ڕاکێشیان بکات بە چەشنێك کە لە کۆتاییەکانی جەنگی جیهانی دووهەم، ژمارەی ئەندامەکانی گەیشتە ٢ ملیۆن کەس و توانی لە وڵاتە عەرەبییەکان بە تایبەت میسر، پێگەیەکی باش بەدەست بهێنێ. پاش ئەوەیکە ئەنوەر سادات، سەرۆك وەزیری میسر لە ساڵی ١٩٤٨ ئەم بزاوتەی بە نایاسایی و یاساغ ناوبردە کرد، لایەنگرانی ئیخوانولموسلمین سەرۆك وەزیریان تیرۆر* کرد و پاش ماوەیەکیش (حسن البنا) کوژرا. لە ساڵی ١٩٥٤ ئیخوانولموسلمین، هەوڵی دا سەرۆك کۆمار، عەبدولناسر تیرۆر بکات بەڵام نەیتوانی. ئەویش بزاوتەکەی پێچایەوە و ئەمەش بوو بە هۆی ئەوە کە بنکەی ئیخوانولموسلمین لە قاهیرەوە بگوێزرێتەوە بۆ دیمەشق و ببێتە ڕێکخراوەیەکی شاراوە و ژێرزەمینی.

ئیخوانولموسلمین ئەمڕۆکە لە میسر و چەندین وڵاتی ئیسلامی دیکەدا چالاکی ئاشکرای هەیە. بۆ وێنە لە سوودان لە حەفتاکاندا لایەنگری زۆری بەدەست هێنا و توانی لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٨٦ بە ناوی «بەرەی نەتەوەیی ئیسلامی» بەشداری بکات و ٥١ کورسی پەرلەمان بەدەست بهێنێت. ئەم ڕێکخراوە لە وڵاتی میسر وەك حیزبێکی نایاسایی و بە شێوەیەکی شاراوە درێژە بە چالاکی ئەدا تەنانەت دەگوترێ لە ناو پەرلەمانی ئەم وڵاتەدا لایەنگری بەرچاوی هەیە.

ئیرادەی گشتی ارادەی عمومی/خواست همگانی General will

تیۆرییەك لە بارەی پێوەندی تاك و دەوڵەت و بنەماکانی دەوڵەت لە بەرامبەر تیۆری کۆن کە سەرچاوەی دەسەڵاتی دەوڵەت وەك «مافێکی خواوەندی» لەئەژمار ئێنێت. بە پێی ئەم تیۆرییە سەرچاوەی دەسەڵاتی دەوڵەت ئیرادەی گشتیی خەڵکە و لە هەر سیستەمێکی سیاسیدا دەبێ خواستی هەموو شارۆمەندان لە بنیاتنانی ئەو سیستەمەدا لە بەرچاو بگیرێت. ئیرادەی هەموان، گشتێکی تێك تەنراوە کە بڕیارەکانی ئاوەزمەند و ڕاست و ڕەوایە و بە پێی بەرژەوەندی هەموان و لە سەرووی خواستی تاکەکەسەوەیە.

ئەم تیۆرییە لە جیهانی ئیمڕۆدا گرینگیەکی زۆری پێدراوە. چونکا زۆربەی سیستەمە سیاسیەکان خۆیان بە نوێنەر و فەرمانبەری ئیرادەی گشتی دەزانن و ئەم چەمکەش لە ژێر سەردێڕی «ئیرادەی نەتەوە» و ئیرادەی گەل و ... ناوبردە ئەکەن.

ئەم تیۆرییە لە لایەن فەیلەسوفی فەرەنسی جان جاك ڕۆسۆ، لە کتێبی پەیماننامەی کۆمەڵایەتیدا بە تێر و تەسەلی باس کراوە. ڕۆسۆ ئەم کتێبە بە پرسێك لە کێشەی دەوڵەت دەسپێدەکات کە: چۆن دەوڵەت بنیات ئەنرێ و کێ بنیاتی دەنێ؟ هەر خۆشی لە وەڵامدا ئەڵێ: دەوڵەت دەرئەنجامی کۆبوونەوەی کەسانێکە کە بە خواستی خۆیان دەس لە دۆخی ئازادی«سروشتی» بەرئەدەن و پێمل ئەبن بە کۆت و بەندی ڕێسایەکی سیاسی و یاساکانی. چونکا پاش ئەوەی مرۆڤ ژیانی سروشتی و کێویی خۆی بەجێ هێشت و پێی نایە

ژیانێکی کۆمەڵایەتیەوە، گۆڕانێکی گەورەی بە سەرا دێت. ئینجا زۆر و ستەم و هەڵشاخانی غەریزی جێی خۆی ئەدا بە عەداڵەت و داد و بە پێچەوانەی رابردوو لە بەرامبەر یاسا ئەخلاقییەکاندا چۆک دائەدات. کەواتە بنیاتنەری دەوڵەت، ئیرادەی گشتییە و هەر ئەم خواستەیە کە باڵادەست و یاسادانەرە. بەم بۆنەوە ملکەچ کردن بۆ یاسا شتێکی حاشاهەڵنەگرە چونکا یاسا ئازادی بۆ هەمووان دەستەبەر ئەکا و ئەگەر کەسێك بێ قانونی بکات، ئەبێ بە زۆرەملی لە بەرامبەر یاسادا چۆکی پێدابدرێ. بە حوکمی ئەم گوشارەیە کە ئازادییەکەی پێ ئەبەخشرێتەوە. تاك لە ناو کۆمەڵگای سیاسی و بە فەرمانی قانونە کە شوناسی ئەخلاقی بە دەست ئەهێنێ. چونکا لە بێ سەرەوبەرەیی رزگار ئەبێ و پابەندی رێسای ئەخلاق و ماف دەبێ و کڵاوی خۆی ئەکاتە قازی کردەوەکانی خۆی. چەندە رێسای سیاسی لە گەڵ ئیرادەی گشتی هاوتەریب بێت، ئەوەندەش تاك هەلومەرجی گەشەی ئازاد و راستەقینە و رێگەی بەرەو فراژووتنی خۆی باشتر ئەدۆزێتەوە. بەم پێیە لە روانگەی رۆسۆوە کۆمەڵگای سیاسی، خاوەنی ئیرادەیەکی رەها و بێ هەڵە و بێ بەدیلە.

پاش رۆسۆ چەمکی ئیرادەی گشتی، بۆتە بابەتی سەرەکی چەند فەلسەفەی سیاسی بەڵام ئەم فەلسەفانە لایەنگری دیموکراسی و دەسەڵاتی گشتی نەبوون. بۆ وێنە هێگل، فەیلەسوفی گەورەی ئەڵمانی لە کتێبی «فەلسەفەی حەق»، ستایشی رۆسۆ ئەکات کاتێك، «ئیرادە بە بنەڕەتی دەوڵەت» لە قەلەم ئەدا بەڵام لە لایەکی ترەوە لۆمەی ئەکات کاتێك، بە «خواستی گشتی» ناوبردەی ئەکات چونکا زمانی حاڵی خۆی لە کۆنگرەی گشتیدا ئەدۆزێتەوە. هێگل دەڵێ: رەنگە گومانیان وایە کە ئەو شتەی دەوڵەت رائەگرێ، «زۆر» بێت بەڵام لە راستیدا راگری دەوڵەت هەمان هەستی تەکوزییە کە هەموان لێی بەهرەوەرن. دەوڵەتی هێگل، رۆح یان خواستێکی باڵاترە لە رۆح و خواستی شارۆمەندان و دەزگاکانی دەوڵەت کە درێژە ئەدات بە ژیانی شارۆمەندان. ئەو شتەی کە شارۆمەندان بەرەو دەوڵەت رائەکێشێ رەگەزی عەقڵە لە ئیرادەکانی ئەواندا.

بەم جۆرە ئیرادەی گشتی کە لە لایەن رۆسۆوە چەمکێکی رەها و بێ نیاز لە تاك سەیر کراوە ئەگا بە هێگل کە دەوڵەت وەك بوونێکی پابەند بە رەوتی جووڵەی مێژوویی«رۆحی رەها» سەیر ئەکرێت. ئەم تیۆرییە بەدەر لە ئاوەزی مرۆڤ سەرەنجام لە سەدەکانی ١٨ و ١٩ ئەبێتە ژێرخانی تیۆرییە دیموکراسیەکان و لە سەدەی بیستەمدا ئەبێتە هۆی بەدیهاتنی رژێمە توتالیتەرەکان.

رۆسۆ، کۆمەڵگا سیاسیە ئایدیالیەکەی خۆی بە کۆمەڵگەیەکی بچوك دەزانی کە تێیدا هەموو خەڵك بە بەشداریکردنی راستەوخۆ، ئیرادەی خۆیان بە کار دەهێنا. بەڵام لە شۆڕشی مەزنی فەرەنسەدا ـ کە رۆسۆ لە باری فیکرییەوە کاریگەریی لە سەر رێبەرەکانی دانابوو ـ پیادەکردنی ئیرادەی گشتی شێوەی پەرلەمانی بە خۆوە گرت و هێدی هێدی لەبری ئەم چەمکە «خواستی نەتەوە» یان «خواستی نەتەوەیی» بەکار هێنرا. پاشان بە گەشەسەندنی ناسیۆنالیزم و سوسیالیزمی نوێ، ئیرادەی گشتی بە ناوی «خواستی نەتەوەیی» یان «خواستی کۆمەڵ» پیرۆز کرا، تا ئەوشوێنەی کە ئێستا لە هەموو جیهاندا دەسەڵاتی دەوڵەتەکان بەم ناوە دەرکراوە و زۆربەی شەڕ و کێشە سیاسیەکان بەم ناوە پاساو ئەدرێت.

ئیستبداد/رەهاگەرایی استبداد Absolutism

سیستەمێکی سیاسییە کە ئەم تایبەتمەندیانەی لە خۆ گرتبێت:

١) دەسەڵاتێکی دەوڵەتی کە هیچ سنوورێکی یاسایی یان نەریتی بۆ حوکمەت کردن نەبێت.

٢) فراوانبوونی بەستێنی حاکمییەتی ملهوڕانە(هەڵبەت ئەم دۆخە پێویستی بە دامودەزگایەکی ناوەندگەرا هەیە.)

ئیستبداد، ئۆتۆکراسی و دێسپۆتیزم* سێ چەمکی هاوواتان بەڵام بە تەواوەتی یەك ناگرنەوە، وەك چۆن توتالیتاریزم جۆرێکە لە ئیستبداد بەڵام هەموو ئیستبدادێك تۆتالیتەر نییە.

حوکمەتی شارستانییەتە کۆنەکانی ئاشوور و بابل و میسر و ئێران و... سەرجەم ئیستبدادی بوون. تەنیا یۆنان و رۆم نەبێت کە دیکتاتۆری کاتییان هەبووە. (بڕوانە دیکتاتۆری)

لە سەدەی ١٦ بەدواوە ئیستبداد لە ئەورووپا رووکارێکی تازەی لە خۆگرت. ئەویش لە کاتێکدا بوو کە دەوڵەتە نەتەوەییەکان و پادشاکان لە بەرامبەر دەسەڵاتی پاپا قوت بوونەوە و ئیستبدادی پاتشایی (لە سەر بنیاتێکی رەهای دەسەڵات بۆ پاشا) وەکوو ئاواتێکی سیاسی لێهات و ئەم دەوڵەتانەی بە شێوەیەکی نوێ رێكخست. بۆ وێنە ئەم گوزارەی لۆیی چواردەهەم کە گوتی:«من دەوڵەتم»نموونەیەکە لە ئیستبدادی پاشایی کلاسیك.

ئیستبداد لە سەدەکانی ١٧و١٨ لە باری تیۆرییەوە، لە سەر بنیاتی دەسەڵاتی بێسنوری پاشا، گەشەی کردووە و هیچ شتێك تەنانەت «ماف سروشتی»* خەڵکیش ئەم سنورەی نەبەزاندووە. لە سەدەی هەژدەیەم، شۆڕشەکانی ئەمریکا و فەڕەنسە بە دژی ئیستبداد راپەڕین و ئەم خەباتە لە ماوەی سەدەکانی ١٩و٢٠ بوو بە هۆی سەرهەڵدانی چەن دەوڵەتێکی یاسایی لە سەرانسەری جیهاندا. هەمان کات (سەدەی بیستەم) جۆرە ئیستبدادێکی تازە سەری هەڵدا کە پێی ئەوترێ، توتالیتاریزم. سیستەمە ئیستبدادییەکان لە وڵاتانی رۆژهەڵات، لە چەشنی حوکمەتێکی لاسار بووە. (بڕوانە دێسپۆتیزم)

ئیستبدادی زۆرینە استبداد اکثریت Tyranny of the majority

ئەم زاراوە لە لایەن جان ئوستوارت میل، لە وتارێکدا بە ناوی *دەربارەی ئازادی* هاتۆتە ئاراوە، بەڵام رەنگدانەوەیەك بوو لەمەڕ نیگەرانییەکی گشتگیری هەندێك لە بیرمەندانی سیاسی و ئازادیخوازی سەدەی نۆزدە. ئەم نیگەرانییە، بە تایبەت لە بەرهەمەکانی دۆتۆکویل(١٨٥٩-١٨٠٥) زیاتر بەرچاو دەکەوێت. باسەکە ئەمەیە کە بەهاکانی ئازادیخوازی بە تایبەت بەهاکانی ئازادی بیر و ڕا و هەڵبژاردنی شێوازێکی تایبەتی ژیان، ئەگەرچی نامۆش بن، بەو مەرجە زیان بە کەس نەگەیێنێت لەو دیموکراسییانەی پابەندە بە ئازادی زۆرینەدا ئەکەوێتە مەترسییەوە. بەڕای میل، زۆرینەیەك کە بریتی بێت لە چینی کرێکاری نەخوێندەوار، چونکا لە بەرانبەر مەرام و رەفتاری جیاوازی کەسانیتر تووشی کەمتاقەتی دەبێت رەنگە، بە شێوەیەکی نارەسمی دەس بداتە ئازاردانی هەرکەسێك کە لە خۆی نەچێت.

دۆتۆکویل، بڕوای بە دیموکراسی سنووردار بوو بەڵام بەو رادە بۆ بەربەستکردنی ماف دەوڵەت لە چاودێری کردنی ئازادی تاك، رازی نەبوو. ئەو دەڵێ: بۆ ئەوەیکە بە گشتی مرۆڤێکی ئاسایی و مامناوەندی دروست ببێت، لە رێگەی عەدالەت خوازی و دیموکراسی زۆرینە، گوشاری زۆر دێتە سەر کۆمەڵگا. جگە لەوەش، رەشەگەلی نەخوێندەوار و بێ پەروەردە ئامادەی چەوساندنەوەن و خەڵکانی چەواشەکار و گەندەڵ، دەستیان ئەکەن بە زاخاودا و چەواشەیان ئەکەن.

دۆتۆکویل لەم بابەتەوە تەنیا نەبوو، چونکا رۆژنامەنوسانی لایەنگری حوکمەتی فیدراڵ و پلان دانەرانی دەستووری بنچینەیی ئەمریکا گوتبوویان کە دەبێ ئاستی هەڵبژاردنەکان جیاواز بێت تاکوو سەرۆك کۆمار و سێنات نەکەوێتە ژێر کاریگەریی رەشەگەلەوە.

کۆرێن هازر، لە کتێبی سیستەمی سیاسی کۆمەڵگای رەشۆکی دا دەڵێ: دیکتاتۆرییەتێکی وەیشووم وەك نازیسم* ئیتر نابێ سەرهەڵبدات، مەگەر ئەوەیکە ستراکتوری کۆمەڵایەتی نەهێڵێت دەستی نوخبە سیاسییەکان بگاتە هەست و سۆزی رەشەگەل. لە زۆر لایەنەوە ئیستبدادی زۆرینە رێگرێکە لە بەردەم دیموکراسی ئازاد لە رۆژاوادا.

ئیستیعماری نوێ　　　استعمار نو　　　Neo-colonialism

گەشەسەندنی ئابووری «سەرمایەداری»* و هەناردنی سەرمایە بۆ سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکانی وڵاتانی تر، پێوەندی ئابووری وڵاتە پیشەسازیە ئیستیعمارییەکانی لە گەڵ وڵاتە بچوکەکانی ناردە ناو قۆناغێکی تازەوە. بەم مانایە کە وڵاتە پیشەسازییەکان بە ناردنی سەرمایە و میکانیزمی جیهانی نرخ و دانوستانی کەرەسەی خاو و کاڵای دروسکراو و گوشاری سیاسی و ئابووری، وڵاتانی دواکەوتوو ئەچەوسێننەوە. بەم دۆخە دەگوترێ ئیستیعماری نوێ کە زۆرێك لە وڵاتانی بچووك و تازە ئازاد کراوی بە دژی ئەم پێوەندییە سیاسی و ئابوورییە راست کردۆتەوە.

ئەم شێوازە داگیرکارییە وایکردووە کە وڵاتانی بێ دەسەڵات، ئەگەرچی بە حەقیقەت یان بە رواڵەت بە سەربەخۆیی سیاسی گەیشتبن بەڵام هەروا لە بەرایی گەشەسەندندا بمێننەوە یان تەنانەت بگەڕێنەوە بۆ دوواوە و لە لایەکی تریشەوە وڵاتانی پێشکەوتوو بە چەوساندنەوەیان سوودی زیاتر بکەن.

باو بوونی ئەم زاراوە ئەگەڕێتەوە بۆ «کۆنفرانسی باندۆنگ»(١٩٥٥). لەم کۆنفرانسەدا سۆکارنۆ، سەرکۆماری ئەندونیزیا بە جۆرێك لە ئیستیعمار ئاماژەی کرد کە بە جلوبەرگێکی نوێوە لە لایەن کۆتلەیەکی خەڵك، بە کۆنترۆڵ کردن و زاڵبوون بە سەر ئابوور و کەلتووردا هەمان ئامانجەکانی ئیستیعماری کۆن دەپێکن.

ئیمپراتۆری　　　امپراتوری　　　Empire

بە وڵاتێك ئەگۆترێ کە ئەم تایبەتمەندیانەی هەبێت:

(١) بەرفراوانی خاك، زۆربونی حەشیمەت و لەخۆگرتنی چەن نەتەوە یان رەچەڵەك یان کەلتووری جیاواز.

(٢) دەسەڵات و هێزی ئەم وڵاتە بە هۆی هەژمۆنی* نەتەوەیەك بە سەر ئەوانی دیکەدایە و وێککەوتنیش ئەگەر ببێت، بە هۆی دەسەڵاتی چەکدارییەوەیە.

(٣) پێکهاتەی سیاسی لەم سیستەمەدا دەسەڵات ئەبەخشێ بە یەك کەس(ئیمپراتۆر)و تەواوی دەسەڵاتە ناوچەییەکان، دەبنە فەرمانبەری ئەو.

(٤) هەبوونی بنیاتێکی ئەخلاقی یان سیاسی لە ژێر چەتری ئایین، ئایدیۆلۆجیا یان دەستوورێك بۆ دابین کردنی ئاشتی لە نێوان خەڵکی وڵاتدا.

لە رواڵەتدا ئیمپراتۆرییەتی، هاوشێوەی رێکخراوە نێونەتەوەییەکانە بەڵام لە ناوەرۆکدا بە هۆی نەبوونی عەداڵەت و خودموختاری و خواستی پێکەوە ژیانی ئارەزومەندانەی نەتەوەکان، شتێکی جیاوازە.

ئیمپراتۆرییەتەکان، سەردەمانێك لە مێژوودا سەریان هەڵدا کە نەتەوەیەکی جەنگاوەر بەنیازی جیهانگیری، بازنەی دەسەڵاتی خۆی بەربڵاو کرد و بە سەر نەتەوەکانی دیکەدا سەرکەوتن. ئینجا هاندەرێکی ئایدیۆلۆجیایی (کە زیاتر جەهادی ئایینی بوو) پێوە لکاوە. بۆ وێنە ئیمپراتۆرییەتەکانی میسر و ئێران و عوسمانی و هێند و چین و ژاپۆن و یۆنان و رۆم و...)

لە سەدەکانی ناوەراستدا ئیمپراتۆرییەکانی عەرەب و تورك و مەغول، موسوڵمان بوون و ئیمپراتۆری فرانك و جێرمەنیاش خاچپەرست. لەم رووەوە، ئایین هەوێنی یەککرتوویی ئەوان بووە. ئەم ئیمپراتۆرییانە هەڵگری ئەندێشەی حوکمەتێکی جیهانی بوون کە بە ئایدیۆلۆجی* ئایین، بانگەشەی ئاشتی مرۆڤایەتییان دەکرد. ئیمپراتۆری نوێ بە دوو شێواز پیادە ئەکرێت: دەریایی و زەمینی. ئیمپراتۆرییەکانی پورتوگال و ئیسپانیا و هۆڵەندا و فرەنسا و بەریتانیا و ئیمپراتوریە تازە پێگەیشتووەکانی ئەڵمانیا و ئیتالیا و بەلجیکا و ئەمەریکا و ژاپۆن بە داگیرکاریی و ئیستعماری وڵاتە بانبەحرییەکانەوە، بەدیهاتن. تایبەتمەندی ئەم ئیمپراتۆرییانە، رەنگامەیی رەگەزی و کەلتووری بوو. هەندێ لەمانە هەوڵیان داوە بە بڵاوکردنەوەی کەلتوور و یاسا و ئابوور، دەسەڵاتی ناوەندی بۆ سەرانسەری ئیمپراتۆری، چێ بکەن بەو شێوە کە رۆمییەکان کردیان. هەندێکی تر لەم ئیمپراتۆرییانە بە شەرعییەت بەخشین بە خودموختاری سیاسی و ئابووری و کەلتووری، هەوڵیان دا خەڵکان یەککرتوو بکەن. ئەم رەوتە کاتێك ئاشکرا بوو کە دەوڵەتی ناوەندی ئیمپراتۆرییەتەکان لاواز ببوون، لێرەوە هەستی ناسیۆنالیستی لە نێو ئیمپراتۆری دا وزەی گرت.

ئیمپریالیزم — امپریالیسم — Imperialism

بەگشتی واتایێکە بۆ دەوڵەتێك کە لە دەرەوەی بەستێنی حوکمەتەکەی خۆی، دەست درێژ ئەکا بۆ وڵاتانی دیکە و خەڵکی ئەم وڵاتانە ئەکێشێتە ژێر رکێفی خۆیەوە و سەرچاوە ئابووری و ئینسانییەکانیشی ئەرووتێنێتەوە. ئیمپریالیزم بە مانای ئیمپراتۆری* هەر لە سەرەتای مێژووەوە بووە.

لە زاراوەدا، ئەم وشە ئەگەرێتەوە بۆ ئیمپراتۆری کە لە ١٨٩٠ بەملاوە لە لایەن لایەنگرانی ژۆزێف

چیمبەرلێن، سیاسەتمەداری ئیستعمار خوازی بەریتانیا، هاتە ئاراوە. ئەم کابرا، دەیەویست پەرە بدا بە ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا.

زاراوەی ئیمپریالیزم، خێرا چووە ناو زمانەکانی تریشەوە. ئەم وشە بوو بە بیانوویەك بۆ خاڵی کردنەوەی رق و کێشمەکێشی نێوان دەوڵەتە ئەورووپییەکانی ئەو سەردەمە. ئەم کێشمەکێشانە لە ١٨٨٠ تا ١٩١٤، وەها بە سەر سیاسەتی نێونەتەوەییدا باڵی کێشا، کە ئەم قۆناغە بە «چاخی ئیمپریالیزم» ناوبردە کرا. لەم ناوەدا بەریتانیا و ئیمپریالیستە ئەورووپییەکانیش، بە ناوی پەرەسەندنی شارستانیەت و بەشکردنی دەسکەوتەکانیان بە سەر خەڵکانی رەگەز ـ ناپاك، درێژەیان بەم ئاکارە دا. دوای شەڕی جیهانی یەکەم، ئایدیۆلۆجیای ئیمپریالیزم لە قەبارەی فاشیزم و نازیسم دا گەیشتە لووتکەی خۆی.

یەکەمین رەخنەی تیۆریك لە ئیمپریالیزمی نوێ، لە لایەن ج. ا. هابسۆن، ئابووریناسی بەریتانی، لە کتێبێك بە ناوی ئیمپریالیزم(١٩٠٢) بلاو کرایەوە. لەم کتێبەدا بۆ یەکەم جار، بە روانگەیەکی ئابوورییەوە سەیری ئەم دیاردە کرا. لێنین، لەم روانگەوە کتێبی ***ئیمپریالیزم، دواقۆناغی سەرمایەداری*** (١٩١٥) بلاو کردەوە. دواتر ئەم رێبازە بە ناوی تیۆری ئابووری دەربارەی ئیمپریالیزم، ناوبانگی دەرکرد. تیۆری لێنین جگە لەوەیکە ماهییەتی ئیمپریالیزم شیئەکاتەوە، تیۆرییەکە لە بارەی سەرچاوەی شەڕ ـ شەڕی ئیمپریالیستی ـ کە بەرهەمی سیستەمی سەرمایەدارییە. (بڕوانە لێنینیزم)

ئیمپریالیزمی کەلتووری امپریالیسم فرهنگی Cultural imperialism

بەکار هێنانی دەسەلاتی سیاسی و ئابووری بۆ بلاوکردنەوەی نەریت و بەهاکانی ئەو دەسەلاتە لە نێوان خەڵکانێکیتر کە بە زیانیان بێت. ئیمپریالیزمی کەلتووری دەتوانێ یاریدەری ئیمپریالیزمی سیاسی و ئابووری بێت. بۆ وێنە فیلمی ئەمریکایی دەتوانێ بێتە خزمەت بەرهەمەکانی ئەو ولاتە و بازاڕی فرۆشی بۆ زیاد بکات.

ئینتەرپۆل (رێکخراوی نێودەوڵەتی پۆلیسی تاوانباران) سازمان بین المللی پلیس جنایی (اینترپل)
International Criminal Police Organization (Interpol)

ئەم رێکخراوە لە ساڵی ١٩٢٣ بە مەبەستی بەرگریکردن لە تاوان و سووکەتاوانی یاسای گشتی و سزادان و رادەستی تاوانباران لە شاری ڤییەنا(نەمسا) دامەزراوە و ئێستا پتر لە ١٧٦ ولات بوونەتە ئەندامی رێکخراو. بە گشتی ئامانجی ئەم رێکخراوە بریتییەلە: پتەوکردنی پێوەندی راستەوخۆی مەقاماتی پۆلیسی ولاتانی جیهان بەیەکتر، کۆجێکردنی زانیاری پێوەندیدار بە تاوانبارانی نێودەوڵەتی و هەنگاونانی تەکنیکی لەمەڕ تاوانەکانی یاسای گشتی، جگە لەو بابەتانەی کە لایەنی سیاسی یان ئایینی یان رەگەزییان هەبێت. ناوەندی رێکخراوی نێودەوڵەتی پۆلیسی تاوانباران، لە ساڵی ١٩٨٩ لە شاری پاریسەوە گواستراوەتەوە بۆ شاری لیێۆن لە فەرەنسا.

ئینتەرناسیۆنال بين الملل / انترناسيونال International

ئەم زاراوە لە رەوتێکی مێژووییدا بە چوار هاوپەیمانییەتی ئەگوترێ کە لە نێوان حیزب و رێکخراوە سوسیالیستییە کرێکارییەکاندا بە مەبەستی گەیشتن بە یەکدەنگییەکی جیهانی و پێشخستنی بزاڤی کرێکاری بەسراوە. ئەم چوار هاوپەیمانییە بریتیەلە:

ئینتەرناسیۆنالی یەکەم، یان یەکیەتی نێونەتەوەیی کرێکاران کە لە ساڵی ١٨٦٤ بە هەوڵ و تێکۆشانی کارۆل مارکس لە لەندەن دامەزرا. لە ١٨٧٢ دوو لقی لێ جیا بۆوە کە بە لایەنگرانی مارکس و گرووپی سەر بە ئانارشیزمی میکاییل باکۆنین، ناویان دەرکرد کەچی لە ساڵی ١٨٧٦، لە بەر ململانێی ئایدیۆلۆژیك کۆتایی پێ هات.

ئینتەرناسیۆنالی دووهەم: لە ساڵی ١٨٨٩ لە پاریس دامەزرا بەڵام نەیتوانی خۆی لە قەیرانی حیزبی سۆسیالیست و نەتەوەخواز بۆ بەرگری کردن لە هەڵگیرسانی شەڕی جیهانی، دەرباز بکات. ئەم هاوپەیمانییەتیە لە ١٩٢٣ لە نەبوونی کۆمۆنیستەکان (کە ئەودەم ئینتەرناسیۆنالی سێهەمیان دامەزراندبوو)دیسانەوە پێکهاتەوە و دواتر ئینتەرناسیۆنال سۆسیالیست*یان پێکهانی.

ئینتەرناسیۆنالی سێهەم: لە ساڵی ١٩١٩ لە مۆسکۆ دامەزرا بەڵام هەر خێرا ئاشکرابوو کە دەرگاکانی تەنیا بەرەو رووی حیزبە کۆمۆنیستەکانی سۆڤیەت ئاوەڵایە. ئینجا ناوی کۆمینتێرن* و پاشان کۆمینفۆرم*ی بەخۆوە گرت.

ئینتەرناسیۆنالی چوارەم: لە ساڵی ١٩٣٨ لە لایەن دارودەستەی ترۆتسکی دامەزرا کە ئێستاش چالاکی هەیە.

ئینتەرناسیۆنال سۆسیالیست بين الملل سوسياليست International socialist

لە ساڵی ١٩٢٣ لە پاشماوەی حیزبە سوسیال دیموکراتەکانی ئەندامی ئینتەرناسیۆنالی دووهەم، سەر لە نوێ دامەزرایەوە کەچی پاش گەیشتن بە دەسەڵات لە ئەورووپادا ئەمانیش دەستیان لە کار کێشایەوە. ئینجا ئینتەرناسیۆنال سۆسیالیست لە ساڵی ١٩٥١ لە فرانکفۆرت دامەزرا بەڵام ناوەندەکەی لەندەن بوو کە نزیکەی پەنجا حیزبی سۆشیالیستی نەرمڕەو و لایەنگری پەرلەمان و ریفۆرمخواز و دیموکراسیخواز تێیدا بوون بە ئەندام.

ئینتەرناسیۆنالیزم انترناسيوناليسم Internationalism

ئەم زاراوە مانایەکی مژاوی هەیە و لە زۆر شوێندا بەکار هاتووە. بەڵام مانا گشتییەکەی ئەو بڕوا و سیاسەتانە لە خۆ ئەگرێ کە جەخت ئەکا لە سەر بەرژەوەندی هاوبەشی نەتەوەکان و لە گەڵ ناسیۆنالیزمی شەڕەنگێزدا دژایەتی ئەکات. ئینتەرناسیۆنالیستەکان دەخوازن ئەگەر نێوان دەوڵەتەکان هاوکاری ئاشتی خوازانە لە ئارادا نەبێت، لانیکەم لە نێوان نەتەوەکاندا ببێت.

بەم پێیە ئینتەرناسیۆنالیزم، بریتییە لەوەیکە هەر تاکێك گرێدراوی کۆمەڵگەیەکی جیهانییە و ئەو نەتەوەش کە ئاخێزگەی لە ئەژمار دێت، دەبێ بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی جیهانییەوە پەیوەست بێت... ئەم ڕێبازە لە گەڵ «جیهاننیشتمانی»دا یەك ناگرێتەوە چونکا ئینتەرناسیۆنالیزم ناخوازێ تاك لە نەتەوە یان دەوڵەتەکەی خۆی دابڕێ بەڵکوو دەخوازێ پێوەندییەکی زۆرتر لە نێوان تاك و نەتەوەکانی دیکەی جیهاندا بکرێتەوە.

ناسیۆنالیزمی نەرمڕەو لە گەڵ ئینتەرناسیۆنالیزمدا وانییە هەڵنەکەن بەڵام ناسیۆنالیزمی توندڕەو دژییەتی. بۆ وێنە نازیسم و فاشیزم بە ڕێبازی نەژادپەرستی و خۆبەزلزانی بە سەر نەتەوەکانی دیکەدا بوونە دوژمنانی سەرسەختی ئینتەرناسیۆنالیزم.

مارکسیزم بۆچوونێکی تایبەتی لە ئینتەرناسیۆنالیزم بڵاو کردۆتەوە. بەڕای مارکس، بۆرژوازی بە یارمەتی مەکینە و دانوستانی جیهانی ئازاد، سنووره نەتەوەییەکانی بەزاندووە و سیستەمێکی ئابووری جیهانی پێك هێناوە کە لە نێو چینی هەژاران بە تایبەت پرۆلتاریای وڵاتان، یەکگرتوویییەکی جیهانی ساز کردووە کە لە زاراوەدا پێی دەگوترێ «ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلتاری». ئەم ڕەوتە شۆڕشێکی سەرانسەری لە جیهاندا بەدژی بورژوازی پێك دێنێت کە سەرەنجام کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی جیهانی دائەمەزرێنێ. بۆیە مارکسیەکان بڕوایان هەیە بە یەکگرتنی هەژارانی جیهان و دروشمە بەناوبانگەکەشیان ئەمەیە: «زەحمەت کێشانی جیهان، یەك بگرن! یەك بگرن!»

دوای پێکهاتنی یەکیەتی سۆڤییەت، بە تایبەت لە سەردەمی ستالیندا ئەم وڵاتە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ناوەندی ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلتارییە. ستالین، لە شرۆڤەیەکی ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلتارییدا ئەم ڕێبازە بە هەڵقوڵاوی یەکیەتی سۆڤیەت دەزانی(بڕوانە ستالین خوازی).

ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلتاریی: بڕوانە ئینتەرناسیۆنالیزم.

ئینتیفازە انتفاضه Intifada

وشەکە عەرەبییە و لە ڕیشەی «نفض»بە واتای لەرینەوە وەرگیراوە بەڵام لە زاراوەی سیاسیدا بریتییە لە ڕاپەڕینی گشتی خەڵکی فەلەستین کە لە دێسەمبەری ١٩٨٧ دەستی پێکردووە و بە شۆڕشی «بەردە ـ وردکە»ش ناوی دەرکردووە. ڕۆژی ٨ دێسەمبەر ١٩٨٧، چوار کەس لە کرێکارە فەلەستینییەکان لە شاری غەززە کەوتنە بەر هێرشی زرێپۆشەکانی ئیسراییل و گیانییان لەدەست دا. ئەم ڕووداوە بووە هۆی ئەوە کە جەماوەری ئەم شارە، مان بگرن و مانگرتنەکەش ناوچەکانی دیکەشی تەنییەوە. ئینتیفازە چەند ڕەهەندی جۆراوجۆری هەیە کە بریتینلە:

١ـ هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی گرتوەتەوە و ڕەهەندی ئیسلامی بوونەکەشی بەرجەستەیە. ٢ـ چەکی دەستی خەڵك، «بەرد» ە کە لە فەلەستینی داگیرکراودا بەزۆری دەست ئەکەوێت. ٣ـ هێشتنەوەی ئینتیفازە.

(چونکو جەماوەری فەلەستین بەو قەناعەتە گەیشتوون کە نە رێبەری وڵاتانی عەرەبی و نە کەسی دیکە ناتوانن کێشەی ئەوان چارەسەر بکەن، بەڵکوو دەبێ هەر خۆیان هەوڵ بدەن و نەسرەون تا سەردەکەون.)٤ـ سەربەخۆیی و بێ نیازی ئینتیفازە لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و رۆژاوا و رۆژهەڵات. ٥ـ ئەم راپەرینە جووڵانەوەیەکی وشیارانەیە کە لە لایەن لاوانی خەباتکار و شۆرشگێری فەلەستینی دەستی پێکرد. ٦ـ دەوری رێکخراوەگەلێکی وەك حەماس*، ئیخولنولموسلمین* و جەهاد لەباری چەکدارییەوە زۆر گرنگە.

ب

Babeufism بابوفیسم **بابۆفیزم**

بزاڤێکی شۆڕشگێڕی فەرەنسی لە سەدەی هەژدە بە مەبەستی دامەزرانی «کۆماری یەکسانی». ئەم جووڵانەوە ناوەکەی لە ڕێبەری خۆی بە ناوی فرانسوا نۆئێل بابۆف(١٧٦٥-٩٧) وەرگرتووە. بابۆف و هاوڕێیانی لە ١٧٩٦«نەخشەی یەکسانی» یان بۆ ڕووخانی حوکمەت، داڕشت کە ئەمە چڵەپۆپەی بزاڤەکە بوو. بەڵام پیلانەکە سڕی ئاشکرا بوو، لە ١٧٩٧ سەری بابۆفیان بە گیوتێن لێك جودا کردەوە. لایەنگرانی بابۆف، بوونە میراتگری ئایدیۆلۆجیای مەتریالیزمی سەدەی هەژدەی فەرەنسە و ئەندێشە شۆڕشگێڕییەکانی ئەو سەردەمە و نوێنەری توندرەوترین ڕێبازەکانی شۆڕشی فەرەنسە.

بابۆفیزم یەکەمین تەقەلا بۆ کردنی سۆشیالیزم بە تیۆری جووڵانەوەی شۆڕشگێڕی بوو. بابۆفییەکان بۆ«کۆماری یەکسانی»خۆیان، سیستەمێکی تێر وتۆخی یاسا و ڕێسا یان بۆ باشتر کردنی وەزعی هەژاران و زاڵبوون بە سەر ململانێی هێزەکانی دژە شۆڕش، پێشبینی کردبوو. ئەندێشەی پیادەکردنی«دیکتاتۆری ڕەنجدەران»(بڕوانە دیکتاتۆری پرۆلتاریا) دوای سەرکەوتنی شۆڕش، هەر لە لایەن ئەم گرووپەوە ئاراستە کرا.

North and South شمال و جنوب **باکوور و باشوور**

باکوور بریتییە لە: وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازی سەرمایەداری، واتە وڵاتانی ئەورووپی، ئەمریکای باکووری، ژاپۆن و ئوستڕالیا کە بەزۆری لە نیوەی باکووری گۆی زەویدا جێگیر بوون. باشوور بریتییە لە: وڵاتانی دواکەوتووی هەژار، واتە وڵاتانی ئەفریقایی و ئەمریکای باشووری و ئاسیایی کە زۆربەیان لە نیوەی باشووری گۆی زەوی جێگیر بوون. لە میدیاکانی ڕۆژاوا، ئەغلەب ئاماژە دەدرێتە فورمولی باکووری دارا و باشووری نەدار. کەواتە لەم ڕوانگەوە جیهانی هاوچەرخ دابەش کراوە بە کۆمەڵێ نەتەوەی پارەدار و کۆمەڵێکی دەستەنگ و بێ پارە. فری بیتۆ، قەشەی ئازادیخوازی برازیلی، بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی سەرزەوی دوو ڕێچارە پێشنیاز دەکات: یەکەم، پاوەجێکردنی ئاشتی لە جیهان. دووهەم، کەمکردنەوەی جیاوازی و لەمپەری نێوان باکوور و باشوور.

sovereignty of law حاکمیت قانون **باڵادەستیی قانوون**

سەرەکی ترین بنەڕەتی ماف ئیداری وڵاتەکان، باڵادەستیی قانوونە کە بەو پێیە ئەبێ بەڕێوەبردنی کاروباری

گشتی و دەرکردنی فەرمانی کاربەدەستانی ئیداری دەوڵەت، لە گەڵ یاسادا بگونجێ.

باڵادەستیی قانوون سێ دەرەنجامی لێئەبێتەوە:

١ـ یاسا ئەبێ پیادە بکرێت.

٢ـ دیاریکردنی کاروباری گشتی ئەبێ بە پێی یاسا بێت.

٣ـ هەڵسوکەوتی ئیداری ئەبێ لە گەڵ یاسادا بگونجێ.

باڵادەستیی قانوون لە پێوەند لە گەڵ خەڵکدا بەسراوەتەوە بەم مەرجانەی خوارەوە:

١ـ خەڵك گوێڕایەڵی یاسا بن.

٢ـ ملدان بە دەستوورەکانی یاسا.

باڵیۆز — سـفیر — Ambassador

باڵاترین نوێنەری نێردراوە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکیتر. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە شێوەی کاتی باڵیۆز نێردراوە بەڵام لە سەدەی پازدەوە بوو کە دیاریکردنی باڵیۆزی نیشتەجێ لە وڵاتێکیتر برەوی پێدرا. یەکەم وڵاتانێك کە باڵیۆزیان ناردە وڵاتانیدیکە، دەوڵەت ـ شارە بچکۆلەکانی ئیتاڵیای ئەو سەردەمانە بوو. هەڵبژاردنی باڵیۆز لە لایەن سەرۆکی وڵاتەوە دیاری ئەکرێت بەڵام ئەبێ ئەو کەسەی کە دەستنیشان کراوە لە لایەن سەرۆکی وڵاتی وەرگری باڵیۆز پەسند بکرێت ئینجا داوای بکرێت. باڵیۆز دەبێ لە وڵاتەکەی خۆی بەڵگەنامەیەك کە پێی دەوترێ «بڕوانامە ـ credential letter» بە واژۆی سەرۆکی وڵاتەکەی وەربگرێ و پێشکەش بە سەرۆکی وڵاتی وەرگری بکات. لە دوای پێشکەش کردنی ئەم بڕوانامە، باڵیۆز بە شێوەیەکی ڕەسمی دەست بەکار دەبێت.

باڵیۆزخانە — سفارت — Embassy

نوێنەرایەتی باڵای سیاسی وڵاتێك لە ناو وڵاتێکی دیکە کە شوێنی گوزەرانی ڕەسمی و نووسینگەی باڵیۆزی ئەو وڵاتە لە ئەژمار دێت. باڵیۆزخانە لە دوای کۆنسوڵخانە پێك هات. چۆنیەتی دروستبوونی ئەم شوێنە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەیکە پاش کۆتایی هاتنی هەر شەڕێك، وڵاتانی دوژمن چەن کەسێکیان بۆ گفتوگۆ رادەسپارد. ئەم راسپاردانە بە شوێن دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك بوون تاکوو شەڕ هەڵنەگیرسێتەوە. بۆ ئەوەی ئەم راسپاردانە بتوانن ئەرکەکانی خۆیان بێ مەترسی و لە ئاسایشدا بەڕێوە ببەن، مەسەلەی چۆنیەتی«پاراستن»یان هاتە ئاراوە.

بەندی یەکەمی ڕێککەوتننامەی لاهاوان کە لە ٢٠ ی فێوریەی ١٩٢٨ مۆرکراوە، ماف باڵیۆزخانە بەم شێوە دیاری ئەکات: «دەوڵەتەکان ماف ئەوەیان هەیە نوێنەرانی سیاسی بۆ وڵاتانی یەکدی بنێرن». هەر کات دەوڵەتێك، بێئەوەی لە گەڵ وڵاتێکی تر لە حاڵەتی شەڕدا بێت یان بێئەوەی پێوەندی سیاسی خۆی لەگەڵ دابڕیبێت، نوێنەری سیاسی ئەو وڵاتە وەرنەگرێت، لە ڕوانگەی ماف نێونەتەوەییەوە ماف ئەو دەوڵەتەی

پێشێل کردووە.

یەکەم باڵیۆزخانەی هەمیشەیی لە لایەن ریشیلیۆ راوێژکاری لوویی سێزدەهەمی فەرەنسا دامەزرا و دەوڵەتانی دیکەش بە پێی ئەم رێسایە هەنگاویان نا. کەواتە دەکرێ بڵێین باڵیۆزخانەی هەمیشەیی لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٧ لە دنیادا پەدیهات.

باڵیۆزی ئاکریدیتێ سفیر آکریدیته Accredited Ambassador

هەر کاتێك دوو وڵات لە گەڵ یەکدی پێوەندی سیاسییان هەبێت بەڵام پێکەوە باڵیۆزیان ئاڵوگۆڕ نەکردبێت، لەم حاڵەتەدا ئەغڵەب باڵیۆزی خۆیان لە وڵاتێکی دراوسێی ئەو وڵاتە وەك «باڵیۆزی ئاکریدیتێ» بە وڵاتەکەی‌تر دەناسێنن. ئەم باڵیۆزە لە راستیدا ئەبێتە راسپاردەی وڵاتێك لە دوو وڵاتی دیکە.

بزاڤی ئاشتی جنبش صلح Peace Movement

بزاڤێکە کە حەز بە چەسپاندنی ئاشتی نێونەتەوەیی(یا نەتەوەیی) بکات و بەرگری دەکات لە بەرپابوونی شەڕ لە داهاتوودا. ئەم بزاڤە پێی وایە کە بە هەرەوەزی ئینسانی لە هەموو جیهان، دەکرێ دەوڵەتەکان بخرێنە ژێر فشار و بە سازدانی پێوەندی نێونەتەوەیی، کێشەکان کەم بکرێنەوە و کۆمەڵگاکان لە یەکدی نزیك ببنەوە.

بزووتنەوەی بێلایەن جنبش عدم تعهد Non-alignment movement

بریتیە لەو وڵاتانەی کە نەبوونە ئەندامی دوو پەیمانی سەربازی ناتۆ و وارشەو و لە پەیمانە ناوچەیی‌یەکانی وەك سیتۆ و سێنتۆ بەشدارییان نەکردووە و لە سیاسەتی دەرەکیدا لە سیاسەتی بێلایەن(سیاسەتی سەربەخۆ لە دوو بلۆکەکە)پێڕەوی دەکەن. زۆربەی ئەم وڵاتانە کە هەموویان سەر بە جیهانی سێهەمن، لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆجییەوە لە گەڵ دوو بلۆکی رۆژهەڵات*و بلۆکی رۆژاوا* جیاوازییان هەیە و هەرکامیان بانگەشەی مێتۆد و ئایدیۆلۆجیایەکی تایبەت دەکەن. لە راستیدا ئەو شتەی کە ئەم وڵاتانە لە یەك نزیك دەخاتەوە، بە پێچەوانەی دوو بلۆکی رۆژاوا و رۆژهەڵات، یەکیەتی سیاسی و ئابووری و سەربازی نییە بەڵکوو راوەستان و خۆڕاگرتنە لە بەرامبەر دەسەڵاتی ئەو زلهێزانەی کە بوونەتە مەترسییەك بۆ سەربەخۆیی سیاسی ئەوان. بە واتایەکی‌تر هۆکاری کۆبوونەوەیان لە دەوری یەکتر، بە پێی هاوسانی و یەکگرتوویی نییە بەڵکوو لە سەر بنەمای «نە» گوتنە بە وڵاتانی دەسەڵاتخواز کە بۆ ئەوان جێگای مەترسی و هەڕەشەن.

بزووتنەوەی بێلایەن لە پاش شەڕی جیهانی دووهەم و دوای تەشەنەی شەڕی سارد* سەری هەڵدا. پێشەنگاوی ئەم بزاڤە، هیندستان و یۆگسلاڤیا بوون. پاشان میسر و ئەندونیسیا و سەرەنجام زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە تازە سەربەخۆییان بە دەست هێنابوو هاتنە ریزی بزاڤەکەوە. سەرۆکی ئەم وڵاتانە لە دوو

کۆنگرەی گەورە واتە «کۆنفرانسی باندۆنگ ١٩٥٥ و کۆنفرانسی بلگراد ١٩٦١» کۆبوونەوە و ئامانجەکانی خۆیان بەم شێوە دیاری کرد:

- هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی کرژیی سیاسی و کێشمەکێش لە پێوەندی نێودەوڵەتیدا.
- هاندان بۆ بەکاربردنی شێوازی ئاشتیخوازانە بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێونەتەوەییەکان.
- جێگیر کردنی پێوەندی نێونەتەوەیی لە سەر بنەمای یەکسانی مافی نەتەوەکان و ڕێزدانان بۆ یەکپارچەیی و حاکمییەتی نەتەوەیی.
- بەرفراوانکردنی هاریکاریی نێودەوڵەتی.
- دژایەتی لە گەڵ داگیرکاریی و پاکتاوی ڕەگەزی.
- لایەنگری لە ئاشتی و پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانە.
- داکۆکی کردن لە جاڕنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان و بنەمای مافە نێونەتەوەییەکان.
- دەستدرێژی نەکردن و خۆ تێهەڵنەقورتاندن لە کاروباری ناوەکی وڵاتێکیتر.
- بەشداری نەکردن لە یەکیەتی نێونەتەوەیی سەربازی.

ئەم گرووپە لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بارستاییەکی فراوانیان هەیە بەڵام دواکەوتوویی و لاوازی ئابووری و سەربازی ئەم وڵاتانە، بۆتە هۆی ئاستەنگی لە بەرامبەر زلهێزەکاندا. بەم بۆنەوە زۆربەیان لە نێوان دوو بلۆکەکەدا کەوتبوونە هەلاجان.

لە کۆنفرانسی ١٩٧٩ لە بێلگراد ٨٥ وڵات وەك ئەندامی سەرەکی و ١٠ وڵات وەك چاودێر و ٨ وڵاتیش وەك میوان بەشدارییان تێدا کرد. ژمارەی ئەندامانی ئەم بزاوتە لە کۆنفرانسی ٢٠٠٦/٩/١١ لە هاڤانا، پایتەختی کووبا گەیشتە ١١٨ وڵات.

بشێوی خوازی — آنارشیسم/ سروری‌ستیزی — Anarchism

لە زمانی یۆنانیدا بە واتای بێ سەرەوەرییە. بەڵام لە زاراوەی سیاسی بە ڕێبازێك ئەگوترێ کە حەز بە داڕمانی دەوڵەت ئەکا و جێگیر کردنی ئەنجومەنی ئازاد و هاوکاریی ئارەزومەندانەی تاك و گرووپەکانە لە جێی دەوڵەت.

بن بونیادی بشێوی خوازی، لە سەر دوژمنی کردن لە گەڵ دەوڵەت پابەندە و هەر چەشنە دەسەڵاتێکی ڕێکخراوەیی ئایینی و کۆمەڵایەتیش بە ناڕەوا دەزانێ. ئەم ڕێبازە، یاسا دەوڵەتییەکان بە سەرچاوەی داگیرکاریی و وەیشوومیی کۆمەڵایەتی دەزانێ و بەم بۆنەوە خوازیاری لە ناوچوونی تەواوی دەوڵەتەکانە. کەواتە ئەکرێ بڵێین لایەنگرانی ئەم فیکرە بە چەشنێك، لە شوێن سڕینەوەی دەوڵەت لە کۆمەڵگادان.

بشێوەخوازان، بە پێچەوانەی ئەوەیکە تا ئێستە دەنگی داوەتەوە، ئاژاوەگێڕ یان هەرکیبەهەرکیخواز نین و ناخوازن کۆمەڵگە، بێ سەرەوبەرە و پاشاگەردانی بێت بەڵکوو بیر لە سیستەمێك دەکەنەوە کە بەرەنجامی هاوکاری ئارەزوومەندانە بێت کە باشترین شێوازەکەی دامەزرانی گرووپی ئۆتۆنۆمییە. چونکا زاتی ئینسان

بە کۆمەڵکی دەزانن. ئێلیزا ریکۆلز(١٨٣٠– ١٩٠٥)، ئانارشیستی فەرەنسی دەڵێ: «ئامانجی ئێمە، ژیانی بێ دەوڵەت و بێ قانوونە». بشێوی خوازەکان پێیان وایە گەڕیانی سیستەمی ئابووری، لە کۆمەڵگایەکی ئازاد و ئارەزومەندانەدا باشتر دەگونجێ چونکا ئەو شتەی کە ئیمڕۆ دەوڵەت بە زەبر و زەنگ ئەنجامی ئەدا، خەڵکانی ئارەزوومەند باشتر بەڕێوەی دەبەن و پێویست بە بەرتەسک کردنەوەی هەرێمی تاکەکەس ناکات. چونکوو مرۆڤ لە زاتی خۆیدا بە حەزێکی ئازادانە رێز بۆ ماف تاك قایلیە.

بشێوی خوازەکان بە هەر رێبازێکیانەوە(ریفۆرمیست، کۆمۆنیست یان تاکپەرست) هەموویان لە سەر رووخاندنی هەرچەشنە دەوڵەتێك هاودەنگن و دیموکراسیش بە ئیستبدادی زۆرینە دەزانن کە بە دەگمەن لە ئیستبدادی سوڵتانی بێ قرەترە. پرۆدۆن دەڵێ: «دەوڵەتەکان شەللاقی خواکانن».

کۆنگرەی نێونەتەوەیی ئانارشیستەکانی جیهان، لە ساڵانی ١٨٧٧و ١٩٠٧ پێکهات بەڵام هیچ کاتێك نەیانتوانی رێکخراوەیەکی هەمیشەیی دامەزرێنن. سەندیکالیزم کە یەکێك لە لقەکانی ئانارشیزمە لە هەندێ لە وڵاتانی ئەورووپی و ئەمەریکای لاتین تەشەنەی سەندووە. لقێکی تر لە جووڵانەوەی ئانارشیستی لە سۆڤیەت بە ناوی نیهیلیزم*چالاکی بووە.

بلانکیزم بلانکیسم Blanquism

رێبازی سیاسی و بۆچوونەکانی لۆیی ئاگۆست بلانکی(٨١–١٨٠٥)، بیرمەند و خەباتکار و شۆڕشگێڕی فەرەنسی. بلانکی لە شۆڕشەکانی ١٨٣٠و١٨٤٨ و لە دامەزراندنی «کۆمۆنی پاریس» (١٨٧١) بەشداریی کردووە و نیوەی تەمەنی خۆی لە بەندیخانەدا بووە. بۆچوونە شۆڕشگێڕییەکانی بلانکی لە ژێر کاریگەری بابۆفیزم* بیچمی گرت و دژەی کردە نێو مارکسیزمەوە. ئەو هەندێ زاراوەی مارکسی وەك دیکتاتۆری پرۆلتاری، داهێناوە. بەرهەمی بەناوبانگی بلانکی، کتێبی ***رەخنەی کۆمەلایەتی*** یە(١٨٦٩).

بلانکی، ماتریالیست و راسیۆنال (عەقڵ خواز)بووە و بڕوای بە پێشکەوتنی بێ کۆتایی مێژوو بووە. بەڕای ئەو مێژوو لە قۆناغی تاکییەتی رەهاوە کە هی سەردەمی مرۆڤی وەحشییە، بەرەو کۆمۆنیزم – کۆمەڵگای داهاتوو کە تاجی سەری شارستانییەتە – لە جووڵەدایە. بلانکی بە سەختی لە گەڵ دژبەرە کۆمەلایەتیەکانی سیستەمی سەرمایەداری دەستەو یەخە دەبێ و بۆ رووخانی ئەم سیستەمە پیلان و شێوازی ئانارشیستی پێشنیاز ئەکات. بلانکیزم، دزەی کردە ناو شۆڕشی وڵاتانی دیکە، وەك سۆڤیەت و مارکس و لینین، ستایشی خەباتەکەیان کردوە.

بلۆکی رۆژاوا بلوک غرب West(ern) Bloc

سەرجەمی وڵاتانی ئەورووپای رۆژاوا و ئەمەریکای باکووری کە بریتین لە پێشکەوتووترین وڵاتانی سەرمایەداری جیهان، بە بلۆکی رۆژاوا ناوبردە کراوە. بە مانایەکیتر بلۆکی رۆژاوا بە وڵاتانی ئەروپای رۆژاوا(سوید و نەمسای لێدەرچێ) لە گەڵ ئەمەریکای باکوور دەوترێ کە ئەندامی رێکخراوەی ئەتلانتیکی

باکووری (ناتۆ)*بن و لە بەرمیەکی سیاسی و سەربازی دژ بە بلۆکی رۆژهەلاتدا یەکیان گرتووە. بەلام ئەم زاراوە ولاتانی سەرمایەداری پێشکەوتووی وەك ئوستورالیا و زیلاندی نوێ و ئەفریقای باشووریش لە خۆ دەگرێ. کەواتە وشەی رۆژاوا، لایەنێکی جوگرافی رووت نییە بەڵکوو ئەویش وەك بلۆکی رۆژهەلات زیاتر هەڵگری بارێکی ئایدیۆلۆجیکییە کە درێژەی شارستانییەتی رۆژاوا لە ئەژمار دێت.

زاراوەی بلۆکی رۆژاوا، هەندێ جار دەوڵەتانی داندراو یان یەکگرتووی رۆژاوا لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەمەریکای لاتینیش لە خۆدەگرێ. لێرەدا واتای ئایدیۆلۆجیکی و سیاسی ئەم زاراوە مەبەستە.

دوای شەڕی جیهانی دووهەم، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە هێزی یەکەمی جیهان و پێشەنگاوی سیستەمی سەرمایەداری. ئەم ولاتە لە بەرامبەر سۆڤیەت دا بوو بە دەسەلاتی سەرەکی بلۆکی رۆژاوا و رۆژهەلات. هاوکات لە گەڵ ئاڵوگۆڕەکانی ١٩٦٠و ٧٠ لە جیهان، دەسەلاتی سۆڤیەت لە بلۆکی رۆژهەلات، هەر ئەهاتوو لاوازتر دەبوو. ئەمریکاش دەسەلات و شەوکەتی جارانی لێ ئەستێندرا. پاش ئاوەدانکردنەوەی ئەورووپا و بە هێزبوونەوەی بەریتانیا و فەرەنسە و ئینجا ئەڵمانیا و ژاپۆن، ئەم ولاتانە لە بڕیارە سیاسی و ئابوورییەکانی ئەمەریکادا رێدەستیان پەیدا کرد و لە رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ولاتانی هاوپەیمانی ئەمەریکا و رۆژاوا لە «جیهانی سێهەم»*دا بە زۆری بە پێچەوانەی ئەمەریکا، هەڵوێستیان دەگرت.

زاراوەی بلۆکی رۆژاوا و بلۆکی رۆژهەلات، زیاتر لە قۆناغی «شەڕی سارد»* باو بوون.

بلۆکی رۆژهەلات　　بلوك شرق　　East(ern)Bloc

بە کۆمەڵێك لە ولاتانی کۆمۆنیستی ئەورووپای رۆژهەلات و رۆژهەلاتی ئاسیا، «بلۆکی رۆژهەلات» دەگوترا. ئەم ولاتانە هەڵگری ئایدیۆلۆجیای کۆمۆنیستی بوون کە لە بەرامبەریانا «بلۆکی رۆژاوا»* شیر و تیری نیشان دەدا.

تا شەڕی جیهانی دووهەم تەنیا دوو ولاتی سۆڤیەت و مەغولستان، سەر بە کۆمۆنیست بوون. بەلام پاش داگیرکردنی ئەورووپای رۆژهەلات لە لایەن *ئەرتەشی سوور*ەوە، ولاتانی رۆمانیا و پۆڵۆنیا و بولگاریا و ئەڵمانیای رۆژهەلات و چێك، کەوتنە ریزی کۆمۆنیستەکانەوە. دواتر، ولاتانی چین و کۆریای باکوور و ڤیێتنام و کامبوج و لائۆس لە ئاسیا و کووبا لە ئەمەریکا هاتنە جەرگەی ولاتانی کۆمۆنیستی و بلۆکی رۆژهەلاتەوە.

بلۆکی رۆژهەلات تا ماوەیەکیش دوای شەڕی جیهانی دووهەم، یەکگرتوویی سیاسی بووە و ناوەندی دەسەلاتی سیاسی و سەربازی و ئابوورییەکەشی، یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو بوو. بەلام پاش هاتنە سەرکاری خرۆشچۆف لە سۆڤیەت و زلبوونەوەی قەیرانی سیاسی و ئایدیۆلۆجیکی نێوان چین و سۆڤیەت، یەکیەتی بلۆکەکە هەڵوەشا. مەیلی سەربەخۆیی ولاتانی کۆمۆنیستی ژێر رکێفی یەکیەتی سۆڤیەت رۆژبەرۆژ زیاتر دەبوو، جاری وابوو ئەم جیابوونەوە بە شۆڕشی خوێناوی مەیسەر دەبوو. پاش کۆتایی شەڕی سارد و

رووخانی دیواری بەرلین لە کۆتایی سەدەی بیستەم، سیستەمی کۆمۆنیستی لەگوێن بلۆکێکی سیاسی بە تەواوەتی لێکهەڵوەشاوە و کۆمارییەکانی یەکیەتی سۆڤیەت سەربەخۆیی‌یان بەدەس هێنا و بلۆکی رۆژهەڵات وەك رێبازێکی ئایدیۆلۆجیکی سپێردرایە مێژووەوە.

بنەڕەتی یەکسانی — اصل برابری — principle of equality

بنەڕەتێکی یاسایی و سیاسییە کە دەبێ بەو پێیە، لە هەموو کاروبارێکی کۆمەڵایەتی‌دا هەموو کەس بە یەك چاو تەمەشا بکرێ، بێجگە لەوەی بۆ کردەوەیەکی دیاریکراو دەرهەق بە هەندێ کەس یان گرووپ بەڵگەی تایبەت بە دەستەوە بێت. ئەم پرەنسیپە لە سەر ئەم گریمانە راوەستاوە کە تەواوی خەڵك لە بابەت «ماف سروشتی» پێکەوە یەکسانن. ئەم بۆچوونە هۆی نالێکچوویی زەینی و جەستەیی نێوان خەڵك ئەگەڕێنێتەوە بۆ «بەروبوومی کۆمەڵایەتی»و «نایەکسانی دەرفەتەکان». لە لایەکی ترەوە دژبەرانی یەکسانی، لە سەر ئەم باوەڕەن کە نالێکچوویی کەسەکان تا رادەیەکی زۆر زاتییە و تەکوزی و هایراکی کۆمەڵایەتی بە پێی ئەم دۆخە دروست ئەبێ.

بنەڕەتی یەکسانی زۆرتر رواڵەتێکی ئەخلاقی و مرۆڤ دۆستانەی هەیە و کەمترین خواستەکەشی ئەوەیە کە ئەبێ هەمووی خەڵك لە هەندێ ماف سەرەکی هاوبەش و دابینکردنی پێداویستیەکانیان بە یەکسان بەهرەوەر بن. بەڵام رادەی ئەم مافانە نادیارە و هەرچی خەباتی یەکسانخوازانەش بەربڵاوترئەبێت، ئەوانیش زیاتر دەبن. مەسەلەیەکی تر پێوەندی نێوان یەکسانییەکانە، چونکا هەرکام لەوانە خۆبەخۆ یەکسانییەکانی‌تر لە خۆ ناگرن.

لانیکەم ٢٠٠ ساڵە ململانێ سیاسی و ئایدیۆلۆجیەکانی رۆژاوا لە سەر کێشەی یەکسانی چەقی بەستووە و کۆڵینەوەی فرەلایەنی ئەم مەسەلەش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی جووڵانەوەی سیاسی جۆربەجۆر لە سەدەی بیستەمدا. ئەم باسە لە «یەکسانی لە بەردەم یاسا»وە کە دروشمی لیبرالیزم* بوو، دەستی پێکرد و تا «یەکسانی دەرفەتەکان» کە دروشمی سوسیالیزمە، درێژەی پێدرا. لە سەدەی بیستەمدا جووڵانەوەی راستگەرای گەورە بە دژی ئەم بیرۆکە بەرپا بووە.

بۆرژوازی — بورژوازی — Bourgeoisie

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە کەسێکیان ئەگوت کە خەڵکی شاری ئازاد یا «بۆرگ»بێت، کەسێك کە نە ئاغا بێت و نە رەعیەت، پێیان دەگوت بۆرژوا. لە سەدەکانی ١٧و١٨ ئەرباب و خاوەنکار لە بەرامبەر چەرچی و کرێکار، یان بازرگان لە بەرامبەر کاسبکار، بە بۆرژوا ناو ئەبرا. کەواتە بۆرژوا بە مانای کەسێك لە چینی مامناوەندی ناوبردە کرا. بۆرژوازی، لە فەرەنسە بە گشتی ناونیشانێك بوو بۆ چینی مامناوەندی مەعامەلەچی یان شارۆمەندانێ کە بە هۆی پارە و دارایی‌یەوە ببونە خاوەن ماف سیاسی بەڵام دواتر لە باس وخواسە سیاسییەکاندا مانایەکی بەربڵاوی لێکەوتەوە.

لە سەدەی نۆزدە بە دواوە ئەم چینە کە بنیاتنەری شارستانیەتی نوێ لە ئەژمار هاتووە، بە شێوەی جۆراوجۆر نرخێندراوە. لە روانگەی ئابووری و سیاسییەوە بۆرژوازییان بە چینێکی کراوە و سەربەگێچەڵ و شۆڕشگێر لە قەڵەم داوە. بەو جۆرەی کە مارکس لە «مانیفیستی کۆمۆنیست»دا دەنووسێ: بۆرژوازی لە باری مێژووییەوە بالاترین دەوری هەبووە. بۆرژوازی ئەگەر هەمیشە ئامرازی بەرهەمهێنان و سەرجەم پێوەندییەکانی بە شێوەیەکی شۆڕشگێرانە وەرنەگێڕێ، ناتوانێ بژی. بۆرژوازی ئاڵاهەڵگری لیبرالیزم*لە ئەژمار دێت و ئەو شۆڕشانەی کە لە ژێر سێبەری ئەودا بە سەمەر گەیشتوون بە تایبەت شۆڕشی فەرەنسە. کۆتایی هێناوە بە زێدەماف رەچەڵەك و لە سەر تاك و ماف و دەسکەوتەکانی تاك وەك پێودانگێك بۆ نرخاندنی بەهای کۆمەلایەتی مرۆڤ پابەند بووە. بەلام لە بواری کەلتوورییەوە نووسەران، لە مولیرەوە بگرە تاکوو بالزاك، بۆرژوازییان بە نیشانەی تەماحکاری و پەستی و ناحەزی ناوبردە کردووە و بێجگە لە پووڵپەرستی هاندەرێکی بۆ نابینن. لە دیدی خەڵکانی هونەری و کەلتوورییەوە بۆرژوازی، چینێکە کە هەمووشتێك تەنانەت کەلتووریش بە چاوی شمەك و کالا سەیر ئەکات.

بۆرژوازی لە گوتاری مارکسیزمدا بە واتای سەرمایەدار و مەعامەلەچی و کاسبکاری سەربەست لە قەڵەم ئەدرێ، لە بەرامبەر پرۆلتاریا کە تەنیا بە فرۆشتنی وزە و هێزی بازووی خۆی ئەژی. بە پێی ئەم پۆلێنبەندییە، بۆرژوازی لە لایەکەوە بە سەرمایەداری پیشەسازی و پارەدار و لەلایەکی ترەوە بۆرژوازی گەورە(سەرمایەدارەکان) و وردەبۆرژوازی(کاسپکاری دەستەنگ و دوکاندار و کەسانێك کە ئاستی ژیانیان لە پرۆلتاریا سەرناکەوێت) دابەش ئەکرێت. بەرای مارکس، سەرمایەداری* پێکهاتێکە لە گەشەی چینی مامناوەندی معاملەچی و سنعەتکاری کۆمەڵگای سەدەکانی ناوەڕاست کە بنیاتی سیاسی خۆی لە سەر بنەما وێرانەکانی داناوە و بە رێبازە لیبرالەکانییەوە پێوەندی ئابووری و سیاسی کۆمەڵگای وەرچەرخاندووە.

بەم پێیە، چەمکی«بۆرژوا»(بە مانای تاکی هاوپێوەند بە چینی بۆرژوازی) و«بۆرژوازی» لە زمانی سۆسیالیستەکانی ئەورووپای کیشوەریی ـ کە لە ۱۸۹۰ بەملاوە زۆریان بوونە مارکسیست ـ هاتە ئاراوە. لەوەدوا بە مانای«سەرمایەدار»و«نامارکسی» باو بووە. کەواتە لە گوتاری مارکسیزمدا «کۆمەڵگای بۆرژوایی»بە مانای«کۆمەڵگای سەرمایەداری»و«حیزبی بۆرژوایی» بە مانای«حیزبی ناسوسیالیستی»و سۆشیالیزمی بۆرژوایی بەواتای «سۆشیالیزمی نامارکسی» شرۆڤە کراوە. جاری واش هەیە، هەر بە مانای چینی مامناوەندی راڤە ئەکرێت.

دابەشکردنی بۆرژوازی بە بۆرژوازی گەورە(grand bourgeoisie) و وردە بۆرژوازی، لە روانگەی کەلتووریشەوە مانای تایبەتی لە خۆ گرتووە. بۆرژوازی گەورە، بەو توێژە ئەڵێن کە تەنیا فێر بووە دارایی بخاتە خزمەت بەهرەمەندی لایەنە مەعنەوی و کەلتوورییەکانی ژیانی ئاریستۆکراسی. بەلام بەرای هەندێك، وردە بۆرژوازی هێمایەکە بۆ رۆحیانەتی کاسبکارانە و معاملەچی بەرچاوتەنگ و دوور لە بەرزەفڕی و بە گشتی بالانوێنی مرۆڤی نابالغ و پێ نەگەیشتووە. لەم سالانەی دواییدا بۆرژوازی کەمتر بە مانای پارە

سەریەکخستن لێکدراوەتەوە بەڵکوو زیاتر بە مانای شێوازی روانین بە ئاکاری زایەندی(ئەخلاقی سێکس)شرۆڤە کراوە.

بۆرۆکراسی بوروکراسی/دیوانسالاری Bureaucracy

لە زاراوەدا بە مانای دەزگای ئیدارییە کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، بە پێی رێسا و بریاری دیاریکراو کاروباری رۆژانەی دەزگایەک (وەزارەت، کۆمپانی، ئەنستیتۆ، دەوڵەت، زانستگە و...) بەڕێوە ئەبات.

دانەری تیۆری نوێ دەربارەی بۆرۆکراسی ماکس ڤێبەر کۆمەڵناسی ئەڵمانی بوو کە ئەم سیستەمە بە سەرنموونەی رەسمی ئەندێشەی رێکخستنی لۆژیکی دەزانێ. لە جوملەی تایبەتمەندییە زیندووەکانی بۆرۆکراسی بریتییە لە: هەبوونی رێسای قانوونی بۆ کاروبار، هەبوونی دامودەزگایەکی ئیداری مووچەخۆر، دیاریکردنی رۆڵێکی تایبەت بۆ هەر کارمەندێك، گرنگایەتی دەسەلات و مەقام بە جێی دەسەلاتی تاك و پاراستنی رێکوپێکی بەڵگە و داکیۆمێنتەکان. بە بڕوای ڤێبەر بۆرۆکراسی لۆژیکی، هۆکاری سەرەکی بە لۆژیکی کردنی سیستەمی دەوڵەت لە جیهاندایە.

بۆرۆکراسی دەرەنجامی باشی لێنەکەوتۆتەوە، بۆ نموونە: خاوبوونەوەی کارەکان لە جەغزی رێسای توند و تۆڵ و هایراکی دوور و درێژ، کەڵك وەرگرتن لە دەسەلات بە قازانجی خۆت، حەزکردن بە بەربلاوکردنی بەستێنی دەسەلات و زیادکردنی شەوتی خۆت بە سەر لایەنەکانی تری ژیانی کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی. بیرمەندانی سیاسی، بۆرۆکراسی بە دەسەلاتێکی بێ هەوسار ئەزانن کە دەیهەوێت تەواوی کۆمەڵگا قووت بات. باڵزاك کە زاراوەی بۆرۆکراسی رەواج پێدا، لە چیرۆکی ***کارمەندان*** (١٨٣٦) دا بۆرۆکراسی بە «دەسەلاتی دێوەزمەیەك» ئەشوبهێنێ کە بە دەست جەماعەتێك کولەبنەوەیە...

میل، (١٨٥٩) بۆرۆکراسی، دژی دیموکراسی و حوکمەتی پەرلەمانی و ئازادی لە قەڵەم ئەدا. گاتانۆمۆسکا، کۆمەڵناسی ئیتاڵی(١٩٣٩) دەوڵەتی مودێرن لە بنەڕەتدا بە دەوڵەتێکی بۆرۆکراتیك ناوبردە ئەکا کە کەمینەیەك بە سەریا دەسەلاتداری ئەکات.

ئەمیستا ئەوشتەی داهێنەرانی تیۆری سیاسی بە خۆوە سەرقاڵ کردووە، مەسەلەی بۆرۆکراسی لەگوێن یەك «چینی نوێ»یە کە دەسەلاتی سیاسی بە دەستەوەیە. ئەم بیرۆکە لە کتێبی ***چینی نوێ***، بەرهەمی میلوان جیلاس بیرمەندی یۆگوسلاڤی بلاو کرایەوە.

بولشویزم بولشویسم Bolshevism

ئەم زاراوە ناوی ئایدیۆلۆجی حیزبی بولشویك، بە رێبەرایەتی لینین بوو کە «شۆڕشی سۆڤیەت»ی لە ئۆکتۆبەری ١٩١٧ بە ئەنجام گەیاند و یەکییەتی سۆڤیەتی دامەزراند. چۆنیەتی پێکهاتنی بولشویزم ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناکۆکیە کە لە کۆنگرەی حیزبی نهێنی سۆسیال دیموکراتی سۆڤیەت لە سەر ئەندامەتی لە حیزبەکەدا رووی‌دا، کە ئەمەش بوو بە هۆی شەقاربوونی حیزب و لادان و جیابوونەوەی دوو گرووپی

بولشویك(بە مانای زۆرینە) بە ڕێبەرایەتی لینین و مەنشویك(بەمانای کەمینە)بە ڕێبەرایەتی مارتۆف. لینین لە ساڵی ١٩٠٩ ئەم ناوەی لە گرووپەکەی خۆی نا و لە ١٩١٢ حیزبەکەیان دامەزراند. لە ساڵی ١٩١٨ ئەم ناوەیان بە «حیزبی کۆمۆنیستی سەرانسەری سۆڤیەت» گۆڕی و پاشان لە ساڵی ١٩٥٣ دیسانەوە بە«حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەت»ناوداریان کرد.

تایبەتمەندییەکانی بولشویزم، بریتی بوو لە: یەکەم، لایەنگری لە مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسی. دووهەم، هەبوونی ڕێکخراوەیەکی ناوەندیخوازی حیزبی. سێهەم، شۆڕشگێڕی و خەبات لە گەڵ ریفۆرمخوازی و حیزبەکانی‌تر.

بولشویزم، وەك ئایدیۆلۆجیایەکی شۆڕشگێڕانە، ئاوێتەیەکە لە مارکسیزمی ڕۆژاوایی لە گەڵ ترادسیۆنی جڤاتیخوازی سۆڤیەت. دوای بە دەسهێنانی دەسەڵات لە ١٩١٧ بەملاوە، هاوتەریب لە گەڵ حوکمەتی ڕەهای سۆڤیەت، تیۆر و کردەوە لە سەر پرەنسیپیەکانی لێنینیزم چەقی بەست. ڕۆڵی مێژوویی بولشویزم لەم ڕاستییەدا بوو کە لە لایەکەوە پێوەندی خۆی لە گەڵ مارکسیزم بپارێزێ و لە لایەکی تریشەوە، دەس هەڵگرێ لەم بیرۆکەی مارکس، کە گوتبووی: «ئازادی چینی کرێکار تەنیا بەدەس خۆیان مەیسەر ئەبێ» و لەجیاتی ئەوە، ئەندێشەی تکاچۆف پەسند بکەن کە دەڵێ: شۆڕشی کۆمەڵایەتی، تەنیا بە هێنانی وشیاری چینایەتی بۆ ناو کرێکاران لە دەرەوەی چینەکەیان و لە لایەن شۆڕشگێڕانی لێهاتووی سەر بە ڕۆشنبیرانی سۆشیالیستییەوە پیادە ئەکرێت.

لێکۆڵەرانی ئەورووپی تا ١٩٤٥، بولشویزمیان بە توندڕەوترین لقی جووڵانەوەی چەپ لە قەڵەم داوە بەڵام لەوەدوا زۆربەیان، بە سیمایەکی توتالیتەر تەعبیریان لێکردووە.

بونیاتگەرێتی/بنەڕەتخوازی بنیادگرایی/اصول گرایی Fundamentalism

بڕوابوونی کوێرانە بە هەموو ناوەرۆکی ئینجیل و ئەوەیکە ئەم کتێبە پاك و بێغەشە و وشە بە وشەی «فەرمایشتی خودایە» وەك چۆنییەتی درووستبوونی جیهان و ئادەم و حەوا و بەهەشت و دۆزەخ. ئەم زاراوە لە زنجیرە وتارێك لە ژێر سەردێڕی ***بناغەکان*** وەرگیراوە کە لە ساڵی ١٩٠٩ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڵاو کرایەوە. هەندێ لە پرۆتستانە ئەمریکییەکان تا سەر ئێسقان بونیاتگەران و کلێسەی کاتۆلیکی ڕۆما و هەر ئەندێشەیەکی تازە و نوێباو، بە کوفر دەزانن.

بونیاتگەرێتی بە مانای گەڕانەوەیە بۆ بناغەکان. وەك دەرئەکەوێ ئەم زاراوە لە دنیای مەسیحیدا سەری هەڵداوە بەڵام لە دنیای ئیسلام زێدەتر پەرەی سەندووە. لە دنیای مەسیحی سڕینەوەی پیرۆزیی لە ئایین و شکاندنی تابۆ ئایینییەکان هاوکات دەستی پێکرد.

ئارێشەی بونیاتگەراکان لە سەر هەقیقەتە. ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هەقیقەت، وەك چەمکێکی ڕەها بە تەواوەتی لای ئەوان دەست ئەکەوێت. هەندێ خەسڵەت بۆ بونیاتگەرێتی دیاریکراوە کە هەندێ بنەڕەتی مەعریفی تایبەتی هەیە. بۆ وێنە خوایەکی «قەهار» و «سزادەر» وێنا دەکەن و بڕوایان بە

هەقیقەتێکی تاقانە هەیە کە تەنیا لە لای خۆیان دەست ئەکەوێ. لە باری مرۆڤناسییەوە، مرۆڤ بە کەسێکی تاوانبار دەزانن و ئەم دنیاش وەک شوێنێك بۆ بەسزاگەیاندنی تاوانباران دەبینن.

بەڕای هەندێ، بونیاتگەرێتی جیاواز لەئۆرتۆدۆکس، دیاردەیەکی نوێیە و لە سەردەمی جیهانگیریدا بواری باشتری بۆ دەرەخسێ(گیدێنز). بە وتەی هەندێکی دیکەش بونیاتگەرێتی، سەرچاوەیەکە بۆ بەرهەمهێنانی شوناس کە لە کۆمەڵگای رایەڵەییدا بە گەڕانەوە بۆ رابردو و هەروەها گوڵبژێر کردنی چەن رەهەندێکی ئەو رابردووە، دەخوازێ بە شوێن هاوسانکردنەوە بێت(کاستێلز). ئەم کەسانە پێیان وایە کە بونیاتگەرێتی بە درێژایی مێژوو بووە بەڵام لەم سەردەمەدا دەرەتان و ئیمکانی زیاتری بۆ رەخساوە.

سکاتلی، پێی وایە ئەبێ لەنێوان دوو جۆر بونیاتگەرێتی جیاوازی قاییل بین: یەکەم، بونیاتگەرێتی ئایینی و نامودێرنە. دووهەم، بونیاتگەرێتی مودێرنە.

دیارە بونیاتگەرێتی ئیسلامی لە رووی مەعریفییەوە، لە چەشنی یەکەم ناونووس دەکرێ. لە کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی ٢١ بە تایبەت کارەساتەکەی ١١ی سیپتەمبەری ٢٠٠١ لە ئەمەریکا، بونیاتگەرێتی لە رواڵەتە ئیسلامییەکەی دا بە جۆرێك لە گەڵ چەمکی تیرۆریزم*هاوواتا دەبێتەوە لەبەر ئەوە تۆڕێکی شەڕەنگێز بە ناوی ئەلقائیدە*، بە دەسپێچکی ئیسلام خوازی و رزگارکردنی موسوڵمانان لە چنگی کافرەکان، چەندەها هێرشی تۆقێنەر و کوشندە لە جیهان ئەنجام ئەدەن کە هاوکێشە سیاسی و ئەمنی و نێونەتەوەییەکان بەرەو پێناسەیەکیتر دەگوازێتەوە.

بەرژەوەندی نەتەوەیی منافع ملی National Interest

بەرژەوەندی نەتەوەیی بریتییە لە ئامانجی سەرەکی و چارەنووسساز لە پرۆسەی بڕیاردان لە سیاسەتی دەرەکی وڵاتێك. هەر وڵاتێك کۆمەڵێك بەرژەوەندی بۆ خۆی دیاری دەکات کە پەیوەندی هەیە بە مان و نەمانی ئەو وڵاتەوە. بۆ نموونە: پاراستنی خاك و زێد، سەربەخۆیی، ئاسایش و خۆشگوزەرانی ئابووری. هەر کاتێك بەرژەوەندی نەتەوەیی وڵاتەکان پێکەوە تەبا بێت، ئەم وڵاتانە بۆ چارەسەری کێشەکانیان هاودەنگ دەبن و هاریکاری یەکتر دەکەن بەڵام ئەگەر وا نەبوو، کێشمەکێش و رکەبەرایەتی و ململانێ و سەرەنجام شەڕ دەکەوێتە نێوانیان.

بەرژەوەندی نەتەوەیی بە چەند جۆر دابەش کراوە کە بریتییە لە: بەرژەوەندی هاوسەنگ، بەرژەوەندی هاودژ، بەرژەوەندی هاوبەش و بەرژەوەندی گرفتساز.

هانس مورگنتا، یەکێك لە لایەنگرانی قوتابخانەی ریالیزم، بەرژەوەندی نەتەوەیی لە گەڵ پاراستنی دەسەڵات لە لایەن دەوڵەتەوە، بە یەك مانا شرۆڤە دەکات. ریالیستەکان دەسەڵات بە شتێکی پێویست دەزانن بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی دەوڵەتەکان. بەڕای مورگنتا کەمترین خواستی یەك دەوڵەت بریتییە لە: پاراستنی شوناسی فیزیکی(پاراستنی خاکی وڵات)، شوناسی سیاسی (پاراستنی رژێم) و شوناسی کەلتووری(پاراستنی بەها و نەریتە مێژووییەکان)کە لە ژێر سێبەری دەسەڵات و هێزی پێویست بەئەنجامدەگات.

بەشداریی سیاسی مشارکت سیاسی Political Participation

هاوکاریی شارۆمەندان بە شێوەیەکی رێکخراوەیی بۆ هەڵبژاردنی رێبەرانی سیاسی و بەشداری چالاکانە لە کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسی و کارکردن لەسەر فۆرم و رێنمونی کردنی سیاسەتی دەوڵەت.

لە زۆربەی وڵاتانی جیهان نەك هەر بەشداریکردنی جڤاك لە سیاسەت پەسند ناکرێت بەڵکوو ئیجازە نادەن جەماوەر خۆی لە سیاسەت هەڵقورتێنێ. هۆی ئەم رێگرتنەی دەسەڵاتدارانیش ئەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار: یەکەم، حوکمەت توانای سنووردارکردنی دەستێوەردان لە سیاسەتی هەیە تا ئەوکاتەی نەخوێندەواری و بێئاگایی گشتی، لاوازی و نەبوونی کۆمەڵگای مەدەنی و کەمتەرخەمی جەماوەر بۆ تێگەیشتن لە ئاریشە سیاسییەکان لە گۆڕێدا بێت، سنووردارکردنی هاوبەشیی سیاسی و دەستێوەردان لە سیاسەت لە لایەن حوکمەتەکان وەك ئاوخواردنەوە دەبێت. دووهەم، دەسەڵاتداران بەزۆری دەترسن لەوەی بەرژەوەندی و قازانج و حەز و ئاسەیان لەناوبچێت. بۆیە بەگشتی رژێمە سەرکوتکارەکان تێدەکوشن بە شێوازی جۆراوجۆر رێگر بن لە بەشداریی سیاسی جەماوەر و دەستێوەردان لە سیاسەتدا.

بیرمەندانی زانستی سیاسی ٣ هۆکار بۆ بەشداری سیاسی بە گرنگ دەزانن: یەکەم، پاڵنەر و هاندەری بەشداری کردن، واتە بۆ هەر چەشنە هاوبەشییەك دەبێ ئارەزایەتییەك بۆ تاك لەئارادا بێت تاکوو بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەم ئارەزایەتییە ببێتە ئەندامی ئەنجومەن یا رێکخراوەیەك کە هەوڵ ئەدات لە بواری جۆراوجۆر هاوبەشێتی بکات. هەوڵدان بۆ رازی هێشتنەوەی تاك دەبێتە پاڵنەرێك بۆ هاوبەشی کردن. دووهەم، رێکخستن چ بە شێوەی کۆن و چ بە شێوەی مودێرن، وزە و فیکر دەبەخشێ بە بەشداربووان و یارمەتی ئەوان دەدات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. سێهەم، نەرمونیانی حوکمەتەکان، واتە حوکمەتەکان تا چ رادەیەك لە واقیعدا دەرفەتی راستەوخۆی هاوبەشی کردنی جەماوەر سازدەکەن و تا چ رادەیەك لە بەرامبەر ئەم پرۆسە بە نەرم ونیانی رەفتار دەکەن.

بەعس بعث Baath

مانای وشەکە «هەستانەوە»یە بەڵام لە زاراوەدا ناوی جووڵانەوەیەکی عەرەبی و حیزبێکە کە تێدەکۆشێ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی مارکسیستی لە گەڵ ناسیۆنالیزمی عەرەب موتوربە بکات. ناسیۆنالیزمی عەرەب، خەونی بەدیهێنانی کیانێکی یەکپارچەی عەرەبی دەبینێ کە هەر لە مەراکیش تا کەنداوی فارس ئەگرێتەوە. بەعس بە شوێن تەعبیری ئەم خەوە بوو، لەم رێبازەشدا بۆ ئیسلام وەك دەسپێچکێك بۆ گەیشتن بە ناسیۆنالیزم دەیڕوانی.

ئەم جووڵانەوە لە ١٩٤٤ لە دیمەشق بە شێوەیەکی نهێنی بە ناوی یەکیەتی خوێندکاران و رۆشنبیرانی لاو بە رێبەرایەتی میشل ئەفلەق و سەلاح بەیتار بە ئامانجی کورتکردنەوەی دەستی فەرەنسە لە سوریا دامەزرا. پاش سەربەخۆیی سوریا، حیزبەکە ئاشکرا بوو ئینجا بەرنامەیەکی نەرمەوی سەرزەوینی راگەیاند و لە گەڵ دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری بازرگان و موڵکدارە گەورەکانی دیمەشق و حەڵەب کەوتە ململانێ و خەباتەوە.

لە ساڵی ١٩٥٣ حیزبی بەعس و حیزبی سۆشیالیستی سوریا(حزب الاشتراکیه) بە رێبەرایەتی ئەکرەم حورانی یەکیان گرت و ئەم دووانە پێکەوە «حیزبی سۆشیالیستی بەعسی عەرەبی»یان دامەزراند. ئەم حیزبە سەرەتا لە رێبازی پان ـ عەرەبیزمی توندڕەوی رێبەرانی شۆڕشی ١٩٥٢ میسر بە جیددی پشتگیری کرد و یەکێك لە هۆکارەکانی یەکگرتنی سوریا و میسر لە ژێر ناوی«کۆماری یەکگرتووی عەرەب»بوو کە لە گەڵ حوکمەتی عەبدولکەریم قاسم لە عێراقیش کێشمەکێشی سەخت و خوێناوییان بوو.

پاش هەڵوەشانەوەی تەواوی حیزبەکان لە کۆماری یەکگرتووی عەرەب، حیزبی بەعس بە تایبەت لقی ئەکرەم حورانی، کەوتە دژایەتی کردن لە گەڵ ناسر و دوای نەمانی کۆماری یەکگرتووی عەرەب لە١٩٦١ هێدی هێدی، دەسەڵاتی لە سوریا بەدەستەوە گرت و ساڵی ١٩٦٣ بوو بە حیزبی دەسەڵاتداری ئەم وڵاتە. بەڵام لەبەر ئەوەیکە دەسەڵاتی سیاسی بە دەست لقی چەکداری بوو، لە ساڵی ١٩٧٠ بەملاوە حیزب گرنگایەتی خۆی لە دەس دا. ئەم حیزبە پاش رووخانی حوکمەتی قاسم لە عێراقیش، دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت بەڵام جێگرەکەی عەبدوسەلام عارف، هەموی پێچانەوە. پاش مردنی عارف دووبارە لە ساڵی ١٩٦٥ سەریان هەڵداوە و دەستیان گەیشتەوە بە حوکمەت. لە واقیعدا گرووپێکی سەربازی لە بری ئەم حیزبە حوکمەتی بە دەستەوە بووە.

حیزبی بەعس ساڵی ١٩٦٤ لە سوریا، هەندێ دامودەزگا و کارخانەی بە نەتەوەیی راگەیاند و لە گەڵ ئێخوانولموسلمین* کەوتە ململانەوە ئەم حیزبە لە ئەردەن و لوبنانیش لقی کردۆتەوە. حیزبی بەعس لە عێراق، دەرحەق بە گەلی ئەو وڵاتە و بە تایبەت گەلی کورد کردەوەی نامرۆڤانەی زۆری لە خۆی نواند. لە ساڵی ١٩٨٧، هێزەکانی بەعس بۆ یەکەم جار لە ئاستێکی بەربڵاودا چەکی کیمیاوییان لە شار و دێهاتە کوردنشینەکان بەکار هێنا و هەزاران کەس تیاچوون پاش ساڵێکیتر ئۆپەراسیۆنی ئەنفال* و تیابردنی کوردەکان بە ئەنجام گەیشت کە لە ئاکامدا زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەس کوژران و ٤٠٠٠ گوندیش وێران کرا. لە ئاگۆستی ١٩٩٠ سەدام هێرشی کردە سەر خاکی کوەیت و ئەم وڵاتەی داگیر کرد. دوای ساڵێك هێزەکانی هاوپەیمانان، لە ئاسمان و زەوییەوە هێرشێکی چڕوپڕیان کردە سەر عێراق و زەبرێکی کاریگەریان گەیاندە هێزی سەربازی ئەم وڵاتە. سەرەنجام ساڵی ٢٠٠٣ هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەرخاکی عێراق بووە هۆی رووخانی رژێمی بەعس و پاش ٣ ساڵ بە لە سێدارەدانی سەدام حسەین، حیزبی بەعس پەکی کەوت. بەڵام وادەرئەکەوێت پاش چەن ساڵێك، پاشماوەکانی ئەم حیزبە هەر بە شێوەی نهێنی هەلسوکەوت بکەن بە چەشنێك کە بۆ داهاتووی ئەم وڵاتە مەترسی دروست بکەن.

بەیاننامەی باڵفۆر اعلامیەی بالفور Declaration Balfour

بەیاننامەی حوکمەتی بەریتانیا کە بە نامەیەك لە لایەن ئارتور جیمز باڵفۆر (١٨٤٠–١٩٣٠)، وەزیری دەرەوەی ئەووڵاتە لە رێکەوتی ٢ی نۆڤەمبەری ١٩١٧ بۆ رۆچیلد (سەرۆکی کۆنگرەی زایۆنیستەکانی بەریتانیا)دەرکراوە. لەم نامەدا وێڕای هاوسۆزی کردن لە گەڵ ئاواتی جوولەکان، ئامادەیی بەریتانیا بۆ

«دامەزراندنی نیشتمانی جوولەکە» لە وڵاتی فەلەستین ڕاگەیاندراوە. لەو کاتەدا فەلەستین لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بووە بەڵام لە سەر بڕیاری کۆمەڵی نەتەوەکان(١٩٢٢) ئەسپێردرێتە حوکمەتی بەریتانیا. لەوە بەدواوە بەریتانیا مابۆوە کە چۆن ئەو مەرجەی نامە کە جێبەجێ بکات کە ئەڵێ: «نابێ کارێکی وەها بکرێت کە مافی مەدەنی و ئایینی گەلانی دیکەی فەلەستین پێشێل بکرێت». سەرجەمی ئەو ڕووداوانەی کە بوو بە هۆی دابڕانی جوولەکە و عەرەبان لە یەکتر و دامەزرانی ئیسرائیل و شەڕی نێوان عەرەب و ئیسرائیل، لێرەوە دەستی پێکرد. جا بۆیە، عەرەب پێی وایە بەیاننامەی بالفۆر پیلانێکی ئیمپریالیستی بووە لە لایەن بەریتانیاوە بە دژی عەرەب و فەلەستینەکان.

جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ: بڕوانە مافی مرۆڤ.

بەیاننامەی سێلایەنەی ١٩٥٠ اعلامیەی سە جانبەی ١٩٥٠
Tripartite Declaration of 1950

بەیاننامەی دەوڵەتانی بەریتانیا، فەرەنسە و ئەمەریکا لە سەر زامنکردنی دۆخی ئەو کاتەی فەلەستین. بە پێی بەیاننامەکە ئەم سێ دەوڵەتە، ڕێک کەوتن لە سەر ئەوەیکە هەرکاتێك ئیسرایيل یان وڵاتانی عەرەب پێیان خستە ئەودیو سنوور و هێڵەکانی دەسکێشانەوە لە شەڕ، ئەوکات بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕ لە ڕێی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان یان ڕێگەی تر، «دەستبەجێ» بێنە مەیدانەوە.

بەیاننامەی قاهیرە اعلامیەی قاهرە Cairo Declaration

ئەم بەیاننامە پاش دیداری سەرۆکی دەوڵەتانی چین و بەریتانیا و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە دیسەمبەری ١٩٤٣ لە شاری قاهیرە بڵاوکرایەوە. ئەم دەوڵەتانە جارێکیتر داوایان کرد لە ژاپۆن کە بێ مەنەمن خۆی تەسلیم بکات. ئەمانیش کارێك ئەکەن کە خاکە داگیرکراوەکانی بگەڕێننەوە بۆ دۆخی ١٨٩٥. لەملایشەوە ژاپۆن دەبوا لە هەموو ئەو دوورگە و خاکانەی کە لە شەڕی جیهانی یەکەم لە بەحری هێمن گرتبووی، پاشەکشە بکا و ئەو ناوچانەش کە لە چین داگیری کردبوو، بداتەوە بەو وڵاتە. لەم بەیاننامەدا هەروەها بڕیار درا کە کۆریا ببێتە وڵاتێکی سەربەخۆ.

بەیاننامەی هاوانا: بڕوانە کاسترۆئیزم.

بێلایەنی بیطرفی Neutrality

ئەم زاراوە لە دوای شەڕی جیهانی دووهەم هاتە ئاراوە، مەبەستیشی لە حاڵەتی ئەو دەوڵەتانەیە کە لە باری سیاسی و دیپلۆماسییەوە لە گێرە و کێشەی دەوڵەتانی کۆمۆنیست و لایەنگرانی ڕۆژاوا، بە هیچکام لەم دوو لایەنەوە نەبەسرانەوە. ئەم سیاسەتە ئامرازێکە کە بەو پێیە وڵاتێك ئەتوانێ خۆی لە قەیرانی

ئایدیۆلۆژیکی نێوان وڵاتانی دیکە دەربهاوێژێ.

مەبەست لە بێلایەنی بۆ هەر وڵاتێك لە بواری جوگرافییەوە، واتایەکی جیاواز لە خۆ دەگرێ. بێلایەنی لە لایەکەوە بە مانای گۆشەگیری و دوورەپەرێزی تەواوە و لە لایەکیترەوە بە «بزووتنەوەی بێلایەن* non-alignment» لە بەرامبەر دوو لایەن و بەشداری چالاك و پۆزەتیڤ بۆ دابەزاندنی قەیرانی نێو نەتەوەیی شرۆڤە دەکرێت (بڕوانە بزووتنەوەی بێلایەن).

پێویستی بێلایەنی، نەچوونە ناو پەیماننامەی سەربازی و وەرنەگرتنی چەك یان یارمەتی سەربازی لە هیچ لایەنێك یان نەدانی بنکە بە هیچ لایەنێکی شەڕە و بەرعۆدەنەبوونی هیچ شتێك لە بەرامبەر خواستی لایەنەکانی تێوەگلاو بە شەڕەوەیە. ئەم شێوازەی بێلایەنی، گرتنەبەری سیاسەتی دەرەکی سەربەخۆیە و بە لایەنگرانی ئەم ڕێبازە دەڵێن وڵاتانی «بێلایەن». بێلایەنی، ڕواڵەتێکی پۆزەتیڤیشی هەیە کە بریتییە لە هەوڵدان بۆ ئاشتکردنەوەی دوو لایەن یا ناوبژیوانی لە نێوان دوو گرووپی ڕەقیب و تەقەلا بۆ پاراستنی ئاشتی جیهانی لە ڕێگەی چەك کردنەوە(بڕوانە چەك داماڵین). بەم شێوازە دەوترێ «بێلایەنی پۆزەتیڤ». وڵاتی هیند لە سەردەمی نێهرۆ گەورەترین پێڕەوکاری ئەم سیاسەتە بووە لەجیهاندا.

جۆرێکی تر لە بێلایەنی بریتییە لەوەیکە دەوڵەتانی پیلانگێڕ، بە پێی بەرژەوەندی هاوبەشیان لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕێك، وڵات یا ناوچەیەك لە شەڕەکە ئەپارێزن، ئەویش پەیمان ئەبەستێ کە لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا خۆ هەڵنەقورتێنێ. ئەم جۆرە بێلایەنییە، چەشنێکی نیگەتیڤە کە لە دوای شەڕی جیهانی دووهەم لە سەر نەمسا پیادە کرا. دەوڵەتی سۆڤیەت بەو مەرجە هێشتی نەمسا سەربەخۆیی بە دەس بێنێ کە بێ لایەن بمێنێتەوە. کۆنترین و بەناوبانگترین وڵاتی بێلایەن لەم چەشنە، وڵاتی سویسرا یە کە تەنانەت نەبۆتە ئەندامی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەم شێوازە لە سیاسەتی دەرەکی، بۆتە پێشینەیەکی پایەداری ئەم وڵاتە. بە بۆچوونی ڕەشەگەل بێلایەنی، بە مانای دوورمانەوە لە شەڕە. ئەم جۆرە بێلایەنییە، بارودۆخی ئەو کەسانەن کە لە ئاشتیدا بە سەر ئەبەن بەڵام دیتران سەرقاڵی شەڕن. لە ڕوانگەی ئەکادیمییەوە، بێلایەنی واتایەکی تازەتری لە خۆ گرتووە کە بریتیە لە بارودۆخێکی یاسایی کە ئەرك و مافگەلێکی دیاریکراو پێشنیاز ئەکات. واتە بێلایەنی هەڵگری بارێکی یاسایی و قانوونی نێودەوڵەتییە کە لە دوو کاتی شەڕ یان ئاشتیدا ئەبێ پەیڕەو بکرێت. لەم بارەوە پاتێر دەڵێ: ئەم زاراوە بەو جۆرەی کە پێش ساڵی ١٩٤٥ پێناسە کرابوو لە لایەن هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە مەنشوورییان مۆر کردبوو فەشەلی هێنا. ئیگلتۆن پێی وایە کە شکاندنی پەیماننامەی بێلایەنی لە شەڕدا بە واتای نەمانی ئەم پەیمانەیە.

پ

پاڕادایم/سەرمەشقی فیکری الگوی نظری/پارادایم Paradigm

زاراوەی پارادایم یا *سەرمەشقی فیکری* لە لایەن تۆماس کوقەن(١٩٦٢) بۆ فەلسەفەی زانست ئاراستە کراوە مەبەست لەم زاراوە پێمل بوونی گشتیی ستافێکی زانستییە بە ڕێبازێکی تایبەتی زانستەوە. کوقەن، بە نووسینی کتێبی *پێکهاتەی شۆڕشە زانستییەکان* (١٩٧٠)دەورێکی بالاّی لە پەرەسەندنی زانست بە خۆوە بینی. بەڕای کوقەن، بۆ ئەوەی بزانین *چ شتێك زانستی* یە، دوو نەریتی فیکری لە ئارادایە: یەکەم، نەریتی ئەرەستۆیی بە ڕێبازی ئایینزانی و دووهەم، نەریتی گالیلۆیی بە ڕێبازی میکانیکی.

چەمکی پارادایم، بەرهەمهێنی ئەو پێوەندانگانەیە کە مرۆڤ بە پێی ئەوان ئاریشە و گرفتە فکرییەکانی خۆی هەڵدەبژێرێ و دواتر پێناسەیان دەکات. کەواتە پارادایم، میتۆد و شێوازی پرۆژەی زانستی دیاری ئەکات. لە پارادایمی زانستیدا کاتێك شۆڕش بەرپا ئەبێت کە چەن زانا و توێژەری زانستی لە برگەیەکی زەمەنی تایبەتدا تووشی چەن بابەتێکی نائاسایی و ناوازە دەبنەوە و تێدەگەن کە ئەم بابەتانە بە پێوانەی پاردایمی پێشوو ناخوێندرێنەوە.

بە کورتی، پارادایم بە واتای کۆمەڵێ گریمانەیە کە لە بوارێکی تایبەت دەبێتە هۆی دروست بوونی تیۆرییەك. بە واتایەکی‌تر، تیۆرییەکی گشتییە کە ئینسان لە بابەت بەستێنێکی گەردوون ئاراستەی دەکا و بە پێی ئەو تیۆرییە دەست ئەکا بە مووقەلاّشتن و وردەکاری و توێژینەوە لەو بەستێنەدا. لە سیاسەتدا مرۆڤ بە پێی جیهانبینی*یان سەرمەشقی فیکری و پارادایمی زاڵ بەسەر ئەندێشەیدا ئەو بابەتەی کە دەیخوازێت، هەڵیدەبژێرێ و ئەیخاتە مەیدانی ئەزموونەوە.

پاراستنی نێودەوڵەتی مادەی ئەتۆمی پادمان بین المللی مواد هسته‌ای
International Nuclear Materials Safeguard

بریتییە لەو هەنگاوانەی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی* بە مەبەستی دۆزینەوە و ڕاوەستاندنی ئەو هەوڵ ودەوڵەی کە بەکارهێنانی مادەی ئەتۆمی ڕێدراو(مجاز) بە لاڕێدا ئەکێشێ و دەسبەجێ لە ڕێگای پەیماننامە و یاسای پێویست بە لاڕێ چوونی وڵاتان لە دامودەزگا ئەتۆمییەکان رادەگەیەنێ.

پارە سپی کردنەوە پولشویی Money Laundering

پرۆسەی گۆڕینی پارەیەك کە سەرچاوەی بەدەسهێنانەکەی نایاسایی بێت بۆ دارایی و داهاتێکی یاسایی. بۆ وێنە پارەیەك کە لە ڕێگای قاچاخی کردن بە مادەسڕکەرەکان، خواردنەوەی ئەلکولی، تیرۆریزم، بەرتیلدان و

کاری ناڕەوای دیکە بەدەست هاتووە. ئاریشەی سپی کردنەوەی پارە، کاتێك سەر هەڵ دەدا کە ئەم جۆرە پارانە لە سیستەمی ئابووریی ودامودەزگا ماڵییەکانی وڵاتێکدا بکەونە گەڕ. سەرچاوەی بەکار هێنانی ئەم زاراوە یەکەم جار، دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی مافیا بەسەر تۆڕێکی جلشۆریی مەکینەیی ئەمریکی لە دەیەی ۱۹۳۰. لەو ساڵانەدا گانگسترێك بە ناوی ئال کاپۆن، پارەیەکی زۆری کە لە ڕێگای دەسبڕی و چەتەیی، قومار، تاوان، قەحبەگەری و قاچاخ کردن بە مادەهۆشبەرەکان وەدەستی هێنابوو، لە جلشۆرخانەکان خستییەگەڕ تاکوو سەرچاوەی بەدەستهێنانەکەی ون بکات و کەس نەزانێ چۆن ئەو پارەی بەدەست هێناوە.

پاسپۆرت/ پەساپۆرت گذرنامه/پاسپورت Passport

بەڵگەنامەیەك کە لە لایەن کاربەدەستانی دەوڵەت دەردەکرێت و بەو پێیە کەسێك دەبێتە شارۆمەندی کاتەکی وڵاتێکی دیکە و ڕێگەی پێ ئەدرێ لە وڵاتەکەی خۆی بچێتە دەرەوە. پاسپۆرت بە ناوی جۆراوجۆر دەرئەکرێت کە بریتین لە:

۱- پاسپۆرتی سیاسی (Diplomatic Passport) ئەم جۆرە پاسپۆرتە تایبەتی کاربەدەستانی باڵای حوکمەت و دیپلۆماتەکانە.

۲- پاسپۆرتی خزمەتگوزاری (Service Passport) تایبەتی کارمەندانی دەوڵەت بۆ جێبەجێکردنی کاروباری حوکومییە.

۳- پاسپۆرتی ئاسایی(نەتەوەیی)، بۆ هەموو هاووڵاتیان دەرئەکرێت.

ئەو کەسانەی کە خاوەنی پاسپۆرتی سیاسی و خزمەتگوزاری بن، لە وڵاتانی دەرەکی ماف پارێزراوییان هەیە. دەرکردنی پاسپۆرتی سیاسی و خزمەتگوزاری لە لایەن وەزارەتی دەرەوە و پاسپۆرتی ئاسایی لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە بە ئەنجام دەگات.

پاسیفیزم: بڕوانە ئاشتیخوازی.

پاشایەتی سلطنت/پادشاهی Monarchy

شێوازێکی حوکمەت کردنە کە تێیدا سەرۆکی وڵات بە ناوی پاشا یان شاژن ناوبردە ئەکرێ(بۆ وێنە قەیسەری ڕووم، تێزاری ڕووس، خاقانی چین، شاهەنشای ئێران و شاژنی بەریتانیا).

ئەرەستۆ، پاشایەتی بە «فەرمانڕەوایەتی تاکەکەس» پێناسە ئەکا و زۆرداریی* بە شێوازە گەندەڵەکەی لە قەلەم ئەدات. پاشایەتی ئەگەر ڕەوا بێت - پاشا مانایەکی ئایینی و پلەیەکی هێمایینی هەیە - جێی «باوك»ی نەتەوە ئەگرێتەوە.

لە زاراوەی نوێدا بە فەرمانڕەوایەتی بێ هەوسار دەوترێ پاشایەتی ڕەها. لە بەرامبەر ئەویشدا پاشایەتی مەرجدار دێتە ئاراوە. لەم چەشنەی دواییدا پاشا، تەنیا ئەوەنەبێ دەورێکی ڕەسمی و تەشریفاتی هەیە بەڵکوو کەمتاکورتێك کاروباری حوکمەتیش بەڕێوەئەبات، بۆ وێنە هەڵبژاردنی سەرەك وەزیر.

بەزۆری شازادەی جێ نشین، تایبەتمەندی سەرەکی سیستەمی پاشایەتییە بەڵام ڕەنگە پاشایەتی بە هەڵبژاردن بێت یان ڕەوا بێت کە پاشا جێنشینەکەی خۆی بە ئازادی دیاری بکات یان ژنێکی فاڵگیر پاشای داهاتوو دیاری بکات. دەزگای پاشایەتی، بە دوو مەرج لە دەزگاکانی تری حوکمەت جیا دەبێتەوە: (١) ئەگەر بە مانای جادویی یان ئاییبی بێت کە لە مەراسیمی تاجگوزاری دەر ئەکەوێ. (٢) گرنگی هێماییی پاشایەتی، بە مەبەستی ئەوەیکە پاشایەتی هێمایەکە بۆ پێوەندی مێژوویی و ڕەتەوەیی نەتەوەیەك بۆ وێنە پاشایەتی لە بەریتانیا و ژاپۆن.

پاشکۆ/ لکاندن الحاق/پیوست Annexation

لکاندنی وڵاتێکی بێ خاوەن یان دەم دانی خاکی وڵاتێك بە خاکی وڵاتێکی دیکەوە. ئەم ڕەوتە بە تەرزێکی یەکلایەنە دێتە ئەنجام یان لانیکەم ئەو دەوڵەتەی کە بەشێك لە خاکەکەی لە دەس ئەدات، بەم کارە خۆشحاڵ نییە. لکاندن، ماف فەرمانڕەوایی ئەبەخشێ بە دەوڵەتی لکێنەر و خەڵکی خاکە دەم دراوەکەش دەبنە شارۆمەندی ئەو دەوڵەتە. کڕین یا بە کرێگرتنی وڵاتێکیتر، لەگوێن معاملەیەکی دوولایەنە، پاشکۆ لە ئەژمار نایەت. لکاندنی نەمسا و ناوچەی سودەت بە ئەڵمانیای پێش شەڕی جیهانی دووهەم، دوو نموونەی گرینگی پاشکۆ ناونووس دەکرێن.

پاش مودێرنیزم پست مدرنیسم/ فرانوگرایی/پسانوگرایی Post-modernism

لە بەستێنی کردەی سیاسیدا ئەم قوتابخانە لە سەر ئەم باوەڕەیە کە خەباتی چینی کرێکار بەرەو کوژانەوە ئەڕوات و لە هەناوی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی سیستەمی سەرمایەداریدا پووکاوەتەوە. بەڕای دانیال بێل، کۆمەڵناسی ئەمریکایی قۆناغی پاش مودێرنیزم سەردەمی دژایەتی کردنە لە گەڵ نۆرمەکانی بورژوازی و نەلێکردن لە شوناسی کۆمەڵایەتی، تاك باوەڕی توندڕەوانە، چێژپەرستی کوت و کوێر و یاخیبوون لە کەلتووری نوێخوازی، سیاسەتی دیموکراتیك، ئابووری سەرمایەداری و بەها ئایینییەکان. هەندێ کەس پاش مودێرنیزم، وەك بەرسڤێکی کەلتووری بە دوایین گۆڕانکارییەکانی سیستەمی سەرمایەداری ناوبردە ئەکەن. هەندێکیش بێجگە لە ڕەنگدانەوەی چاخی نەزۆکیی هزری و سیاسی کە دەسکەوتێکی مەزنی نەبووە بە شتێکیان نەزانیوە. پاش مودێرنیزم، لە ڕاستیدا هەڵبرینی دەنگێك بوو بە دژی هەموو دەسکەوتەکانی چاخی ڕۆشنگەری، ئەو چاخەی کە زەمینەی شۆڕشی فەرەنسە و حەز و لاگیری زانستی و کۆمەڵایەتی خۆش کرد.

پاڵاوتن پاکسازی/تصفیه Purge

لە گوتاری کۆمۆنیستەکان، شێوازێکە بۆ خاوێن هێشتنەوەی حیزبی کۆمۆنیست لە هەر چەشنە ڕەگەزێکی گەندەڵ یان گومانلێکراو یان بژار کردن و پاکردنەوەی حیزبێك لە ئەندامی ناپاك. بنەمای

پاڵاوتنی حیزبی ئەگەڕێتەوە بۆ لێپرسینەوە لە کردار و مەرامی سیاسی ئەندامانی حیزب کە یەکەم جار لە کۆنگرەی دەهەمی حیزبی کۆمۆنیست لە ساڵی ١٩٢١ بە تایبەت لە سەردەمی ستالین هاتە کایەوە. لەم قۆناغەدا پاڵاوتن بە شێوەی تیۆری پۆلیسی بە ئەنجام ئەگەیشت و رادەیەکی زۆر لە ڕێبەران و کادێری پایەبەرزی حیزب تیاچوون و بە ملوێنان کەسیش رەوانەی تاراوگە کران بۆ کاری زۆرەملی. دوای نەمانی ستالین، شێوازی پاڵاوتنە خوێناوییەکانی چین و سۆڤیەت و وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات کۆتایی پێهات و بە جێی ئەم ئاکارە، رەوشتی نەرمتر وەك دەرکردن لە حیزب و کاروباری دەوڵەتی پیادە کرا.

پاڵاوتنی ئەتنیکی پالایش قومی Ethnic cleansing

تەعبیرێکی مودێرنە لە دابێژان یا لابردنی پلانمەند یا بەئەنقەستی ئەندامانی گرووپێکی ئەتنیکی لە وڵاتەکەی خۆیان کە بە شێوەی نامرۆڤانە و زۆرەملی، روو ئەدات. لە باری تیۆرییەوە، ئەکرێ بڵێین لە گەڵ جینۆساید*یان کوشتاری بە کۆمەڵ کە بە ئامانجی فەوتاندنی بەئەنقەستی نەتەوەیەك رووئەدات جیاوازە بەڵام لە واقیعدا ناکرێ ئەم دووانە لێك جیا بکرێنەوە. بۆ وێنە پاکسازی و دابێژانی ئەتنیکی لە لایەن سیربەکان و کرۆواتەکان لە نێوان ساڵەکانی(١٩٩٢ تا ١٩٩٦). یان دەرکردنی زۆرەملێی کوردی کەرکووك لە لایەن رژێمی سەدام حسەین بۆ شارە عەرەب نشینەکان و هاوردنی عەرەبان بۆ ئەم شارە بە مەبەستی تێکدانی دیمۆگرافی شارەکە. پاڵاوتنی ئەتنیکی، یەکێکە لە شێوازەکانی شەڕی پاش مودێرن کە تێیدا ناتەبایی نێوان دەوڵەتەکان، جێی خۆی ئەدا بە دژبەریی نێوان هێزی میلیشیایی و گرووپی ئەتنیکی. بە وتەی رابێرت کاپلان، شەڕی پاش مودێرن و پاڵاوتنی ئەتنیکی و جینۆساید، بەرهەمی دیاردەی دەوڵەت ـ نەتەوە دۆڕاوەکانی دوای شەڕی ساردە. ئەو دەوڵەت ـ نەتەوانەی کە بە چاوی خۆیان لاوازبوونی حوکمەتی ناوەندی و بە هەرێم کردنی عەشیرەیی ناوچەکان و پەیابوونی لە ڕادەبەدەری نەخۆشی و پەرەسەندنی شەڕیان دیوە.

پان پان Pan

بە زمانی لاتینی، پێشگرێکە بە مانای«هەمووان». لە سەدەی نۆزدە و بیست، سەرەتا لە ئەورووپا و ئینجا لە ئاسیا و ئەفریقا چەن بزووتنەوەیەکی سیاسی سەریان هەڵدا کە بە لکاندنی ئەم پێشگرە بە ناوی وڵات یان نەژاد یان ئایینەکەیان، خۆیان پێناسە دەکرد. ئامانج لەم کارەش ئەوە بوو کە جەماوەری هاوڕەگەز و هاوئایین یان هاوزمان، بە ناوی نەتەوە یان ئۆمەت یا نەژادێکی تایبەت لە یەکەیەکی سیاسی و نەتەوەییدا کۆبکەنەوە. بە ناوبانگترینی ئەم بزاوتانە بریتین لە: پان ئیسلامیزم*، پان ئسلاڤیزم*، پان جێرمەنیزم* و پان عەرەبیزم*.

پان ئسلاڤیزم پان اسلاویسم Pan-slavism

راپەرینێکی سیاسی و کەلتوورییە کە لە سەدەی نۆزدە لە سۆڤیەت و وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات بە

مەبەستی یەکخستنەوەی ئەو نەتەوانەی کە خاوەنی رەگەز و زمان و کەلتووری ئسلاڤی بوون. کێشی سیاسی ئەم جووڵانەوە، بە زوویی دەنگی دایەوە و لە ساڵی ١٨٤٨ پاش لاواز بوونی ئیمپراتۆریەتی نەمسا و بە پێشەنگی مێژووناسێکی چێك، کۆنگرەی ئسلاڤی لە پراگ بەڕێوە چوو. ئامانجی ئەم کۆنگرە هاریکاریی هەموو نەتەوە ئسلاڤییەکان بوو بۆ رازیکردنی ئیمپراتۆر کە سوڵتەی خۆی بدا بە فدراسیۆنێکی پێکهاتوو لە نەتەوەکان.

پان ئیسلامیزم — پان اسلامیسم — Pan-islamism

بزاڤێکی سیاسی پان ـ نەتەوەیی و پان ـ ئەتنیکی کە لە سەدەی نۆزدەوە دەستی پێکرد بە مەبەستی بردنەسەرەوەی هۆشیاری سیاسی موسوڵمانان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو لە مەڕ پاراستنی بەرژەوەندی و کیانی کۆمەڵگەی ئیسلامی لە بەرامبەر شاڵاوەکانی سیاسەتی ئیستیعماردا. پان ئیسلامیزم بریتییە لە: ئارمانجی رێبەرانی موسوڵمان لە ١٨٩٠ بەملاوە بۆ زیندووکردنەوەی دەسەڵات و یەکگرتوویی خەڵکانی موسوڵمان لە ژێر ئاڵای دەسەڵاتێکی یەکگرتوودا. ریشەی ئەم جووڵانەوە لە لایەکەوە ئەگەڕێتەوە بۆ وشیاربوونەوەی موسوڵمانان دەرحەق بە دواکەوتوویی دەسەڵاتی جیهانی ئیسلام. لە لایەکی ترەوە، پاڵنەری سەرەکی ئەم جووڵانەوە پەیوەست بوو بە دەست بەسەراگرتنی ئەورووپییەکان بە سەر وڵاتانی ئیسلامی لە سەدەی نۆزدە و بیستدا. وشیاربوونەوە بە رێژەی دواکەوتوویی ئیسلام، بووە هۆی سەرهەڵدانی وەهابییەت کە بانگەشەی بۆ گەڕانەوە بۆ سەرەتاکانی ئیسلام و زیندووکردنەوەی سوننەتەکانی پێغەمبەر دەکرد. بەڵام لە هەمان کاتدا رواورووبی لە گەڵ رۆژاوا، رێبەرانێکی وەك سەید جەمالەدینی ئەفغانیشی هێنایە مەیدان کە خوازیاری گۆڕانی بەرەو تەبا کردنی ئیسلام بوو لە گەڵ هەلومەرجی ژیانی هاوچەرخدا. بێجگە لەمەش، ئەفغانی، بە شوێن یەکگرتوویی جیهانی ئیسلام بوو لە ژێر سایەی خەلیفەیەك کە بتوانێ بەر بە هێرشی مەسیحییەکان بۆ سەر خاکی موسوڵمانان بگرێ.

لە سەدەی شازدە، کاتێك کە وڵاتانی عەرەبی کەوتە دەستی سوڵتانی عوسمانی، شیعە و سوڵتانی مەراکیش و پاشای مەغوولانی هێند نەبێ، تەواوی موسوڵمانان بۆ سوڵتانی عوسمانی ـ کە پێیان دەگوتن خەلیفە ـ وەك پارێزەری ئایین سەیریان دەکرد. ئەودەم سوڵتانی عوسمانی بەناوی خەلیفەوە بە سەر بەشێکی زۆر لە «دارولئیسلام»حوکمڕانییان دەکرد.

سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم(١٨٧٦-١٩٠٩)، تەبلیغاتێکی وەهای بۆ ئیسلام کردبوو کە دەسەڵاتدارانی ئەرووپا، تۆقابوون لە وەیکە نەکا موسوڵمانانییان لێ یاخی بکات! ئەگەرچی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لە باری سیاسی و سەربازییەوە لە بەرامبەر دەسەڵاتی ئەورووپاییەکاندا هەر ئەهاتوو لاوازتر دەبوو، بەڵام بە دروشمی پان ئیسلامیزم، خۆی لە لای موسوڵمانان هەڵئەکێشا و توانیبوی وەك دەمراستی دەوڵەتی پێشڕەوی ئیسلامی لە ئەنجومەنە ئەورووپاییەکان دەنگی خۆی لە لایەن ئیسلامەوە هەڵبڕێ. پێش ئەوەیکە بیرۆکەی ناسیۆنالیستی لە ئەورووپاوە بێتە ناو ئیسلامەوە، پان ئیسلامیزم، ئایدیۆلۆجیای زاڵ بوو بە سەر

دونیای ئیسلامیدا و عەبدولحەمید، وەك خەلیفەی موسوڵمانان، پشتیوانی لێئەکرد و چەند کەسایەتییەکیش تەبلیغیان بۆ ئەکرد. سەیدجەمالەدینی ئەفغانی یەکێك لەوانە بوو کە لە چەندین وڵاتی ئیسلامی وەك، ئەفغانستان و ئێران و هێند و میسر و عوسمانی، بانگەشەی بۆ ئیسلام دەکرد. تەنانەت تەبلیغەکانی لە جاوە و تونێس و شانگهای دەنگی دابۆوە.

لە ساڵی ١٩٠٣ عەبدوڵا سوهرەوەردی ئەنجومەنی پان ئیسلامی لە لەندەن دامەزراند و لە بڵاقۆکێکیشدا کە بەناوی پان ئیسلام دەری ئەکرد، بۆ ئاراستە کردنی ئیسلام لە چەمکگەلێکی ئەندێشە ئەوروپاییەکان وەك هیومانیزم و لیبرالیزم و سوسیالیزم کەڵکی وەردەگرت و هێرشی ئەکردە سەر لایەنە دزێوەکانی شارستانییەتی ئەوروپایی. لەو کاتەدا بۆ یەکگرتنی شیعە و سوننەش هەوڵ ئەدرا و بەم بۆنەوە لە ساڵی ١٩١١ تاقمێك لە زانایانی ئێرانی و عوسمانی، لە نەجەف کۆ بوونەوە و بەم قەناعەتە گەیشتن کە لە بنەڕەتەکاندا هیچ جیاوازییەك لە نێوان دوو فیرقەکەدا نییە. بەڵام ئەم هەوڵانە جێگیر نەبوون. لایەنگرانی یەکگرتنی ئیسلامی هەموو ساڵێك بە هۆشمەندییەوە لە مەراسیمی حەج بۆ تەبلیغ کەڵکیان وەردەگرت. بەڵام گەورەترین پلانێك کە لەم بابەتەوە سەرنجی حاجییەکانی راکێشا، هێڵی ئاسنی حیجاز بوو کە بە دارایی شەخسی کەسانێکی وەك سوڵتان عەبدولحەمید دروس کرا و بووە یادگارێك بۆ ئامانجی پان ئیسلامیزم.

پان ئیسلامیزم، لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیدا واتای شوناسی توێژاڵکی ــ ئایینزایی موسوڵمانەکانی کردە شوناسێکی سیاسی. لەم رووەوە پان ئیسلامیزم، بە پلەی یەکەم، بزاڤێکی ناسیونالیستی بووە بۆ دامەزرانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی نوێ لە رێی ئاوێتەکردنی کەلتوور و سیاسەتەوە. ئەم بزاڤە بە چەمکەکانی «ئۆمەت و خەلافەت»، بێئەوەی بەڵێنی رزگاری یا کۆچ بدات، مانایەکی سیاسی دەبەخشێ. لە واقیعدا پان ئیسلامیزم بوو بە کەرستەیەکی بەهێز بۆ بە دنیایی کردن و دەروونی کردنی چەمکی نوێی نیشتمان و ناسیۆنالیزم.

ململانێی ناسیۆنالیزم: رووخانی عەبدولحەمید لە ساڵی ١٩٠٩ نیشانەی لە بەین چوونی پان ئیسلامیزم بوو. شکست هێنانی عەبدولحەمید لە یەکخستنەوەی جیهانی ئیسلام و بەرگری نەکردن لە داگیرکارییەکانی ئەورووپا لە وڵاتە ئیسلامییەکان، گەلێك لە زانایانی ئیسلامی کە لە دەست ئیستبدادی سوڵتان تەنگیان پێ هەڵچنرابوو، هان دا کە بۆ گۆڕینی ئەو سیستەمە سیاسیە رێگە چارەیەك بدۆزنەوە. بەرەی نوێ کە لە حوکمەتی قانوون و ناسیۆنالیزمی رۆژاوا کاریگەریی وەرگرتبوو، بە هیوا بوو کە بە یارمەتی ئەم چەمکانە، دەوڵەتێکی بەهێز لە عوسمانیدا بێنێتە سەر کار. بەڵام ناسیۆنالیزم بووە هۆی لێك ترازانی وڵاتە ئیسلامییەکان. چونکا ناسیۆنالیزم لە کۆمەڵگایەکی وەك «دارولئیسلام» کە پێکهاتێك بوو لە رەگەز و نەتەوەی جۆراوجۆر، بووە هۆی لێك پچڕان و لاگیری بۆ دامەزرانی دەوڵەتی نەتەوە. تورکە ناسیۆنالیستەکان، کە سۆزێکیان بە نیسبەت وڵاتانی ئیسلامییەوە نەبوو، لە شەڕی یەکەمی جیهانی بوونە هاوپەیمانی ئەڵمانیا بەڵام عەرەبی موسوڵمان ئەم هاوپەیمانییەیان رەت کردەوە.

ئەو رژێمە تازەی کە لە دوای شەڕی جیهانی یەکەم لە تورکیا دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت، بە پێی بنەماکانی ناسیۆنالیزم دامەزرا. دەسەڵاتی خەلیفەکان لە پێشدا لە مستوای مەعنەوی(١٩٢٢) پووچەڵ بۆوەو ئینجا لە ١٩٢٤ ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لێك هەڵوەشا و بە یەکجاری رووخا. موسوڵمانە سوننەکان بەم کارەی تورکان ناقاییل بوون.

پاش شەڕی دووهەمی جیهانی، دوو وڵاتی پاکستان و ئەندونیسیا سەربەخۆییان وەرگرت و ئەم دوو وڵاتە ئیسلامییە، بوونە هۆی لەدایك بوونی راپەڕینێکی ئیسلامی. هەروەها لە رۆژهەڵاتی ناوین و باکووری ئەفریقا، چەندین وڵاتی عەرەبی موسوڵمان دامەزرا. بەڵام گەشەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی کە بۆ ئیسلام بە چاوی رەگەزێکی عەرەبی دەیڕوانی، ئاواتی یەکگرتنی جیهانی ئیسلامی بە فیڕۆ ئەدا. لەم رووەوە بوو کە وڵاتانی ئیسلامی بۆ یەکخستنی دەنگی ئەم وڵاتانە لە رێکخراوە نێونەتەوەییەکان، لە ساڵەکانی ١٩٥٢ لە کەراچی و ١٩٥٤ لە مەککە، «کۆنفرانسی نەتەوە موسوڵمانەکانیان»دامەزراند کە بوو بە هۆی پێکهێنانی کۆنگرە و نووسینگەی هەمیشەیی. کاری ئەم نووسینگە سازدانی دیداری ساڵانەی سەرۆکی وڵاتانی ئیسلامییە و هەوڵدان بۆ رێکخستنی چالاکی و هاوڕاکردنیان لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی. ئینجا هێدی هێدی لە خەونەکانی پان ئیسلامیزمیش دوور کەوتەوە.

پان تورکیزم — پان ترکیسم — Pan-turkism

ئەم بزاڤەش وەك بزاڤە هاوشێوەکانی‌تر، لە دووی ئەو پلان و نەخشە سیاسیەوەیە کە لە جیاتی ئەوەیکە گرووپێکی نەتەوەیی تایبەت لە خۆ بگرێ، هەموو خەڵکانی بە ڕەچەڵەك تورك دەخاتە بازنەی خۆیەوە. کەواتە ناسیۆنالیزمی تورکی بزاڤێکی پان ـ نەتەوەیی‌یە کە بە شوێن دامەزرانی یەکەیێکی سیاسییە لە سەر بنەمای پەیوەندی کەلتووری تورکان.

بە گشتی زۆرترین لایەنگری لەم بزاڤە ئەگەڕێتەوە بۆ دوای هەڵوەشانەوەی ئەو ئیمپراتۆرییانەی کە خەڵکی تورکیان لە خۆ گرتبوو. ئەم جووڵە لە رەوتی رۆچوونی ئیمپراتۆرییەکانی عوسمانی و سۆڤیەت، زیاتر ئاشکرا بوو. لە جوملەی ئەو کەسانەی کە لە سەر پێکهێنانی بزاڤی نەتەوەیی تورك قسەی کرد، رۆژهەڵاتناس، ئارمینییۆس وامبێری بوو کە لە ساڵی ١٨٦٠ لەمبارەوە دەستی بە نووسین کرد. ناودارترین کەسێك کە لە ناسیۆنالیزمی تورك پشتگیری کرد، سمایل بای گاسپیرینسکی(١٨٥١-١٩٤١) ناسراو بە قاسپیر عەلی، خەڵکی کریمە بوو کە داوای کرد تورکەکانی سۆڤیەت یەکبگرن. قاسپیرعەلی، رۆڵی میدیای گشتی بە باشی هەست پێکردبوو. بەم بۆنەوە گۆڤارێکی بە زمانی تورکی عوسمانی لە ئاستێکی بەرفراواندا بڵاوکردەوە. دەوڵەتی کاتی سۆڤیەت لە ١٩١٧ لایەنگریی خۆی لە بەرنامەکەی قاسپیرعەلی راگەیاند و خوێندنی ئەم زمانەی لە قوتابخانەکانیش پیادە کرد. پاش هەڵوەشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١، خەونەکانی ناسیۆنالیزمی تورکی زیاتر بەرجەستە بوونەوە و بزاڤی پان تورکیزم، ئاهێکی تازەی بە بەردا هاتەوە.

پان جێرمانیزم پان ژرمنیسم Pan-germanism

بەو تیۆری و گەلاڵە و پیلانە شەڕخوازە ئەڵمانییانە دگوترێ کە لە بەرایی سەدەی نۆزدە بە ئامانجی یەکگرتنی سیاسی وڵاتانی ئەڵمانی زمان، هاتە کایەوە. رەگ و ریشەی فەلسەفی پان جێرمەنیزم ئەگەڕێتەوە بۆ یوهان فیشتە، فەیلەسووفی ئەڵمانی(١٨١٤-١٧٦٢). فیشتە، لەو سەردەمەی کە هێشتا ئەڵمانیا دابەش ئەکرا بە میرنشینی بچووك و یەکگرتوویەکی سیاسی لە ئارادا نەبوو، باسی لە «چارەنووسی گەورەی نەتەوە»دەکرد و نەتەوەی ئەڵمانیای بە خاوەن رۆحێکی ئافرێنەر دەزانی و لە بەرامبەر ئەمەشدا نەتەوە لاتینییەکانی بە چارەڕەش ناوبردە ئەکرد.

راپەڕینی سیاسی و رۆمانتیکی سەدەی نۆزدە کە بنیاتەکەی لە سەر ناسیۆنالیزم بینا کرابوو، بیرۆکەی رێبەرایەتی جیهانی ئەڵمانییەکانی بە هێزتر کرد و بیرمەندان و نوسەرانی ئەڵمانی بەرەو داڕشتنی گەلاڵەی زیندووکردنەوەی رایش*، هان دا و سەرەنجام ئەم پلانە بەدەستی بیسمارك بە ئەنجام گەیشت. بەڵام یەکگرتنی یەکجارەکی وڵاتە ئەلمانی زمانەکان، بە دەستی ئادوڵف هیتلەر بە ئەنجام گەیشت. کەچی ئیمپراتۆرییەتەکەی زۆری نەخایاند و بە شکست هێنانی ئەڵمانیا لە شەڕی دووهەمی جیهانی (١٩٤٥) وڵاتی ئەڵمانیا بە دوو پارچەی (ئەڵمانیای رۆژاوا و ئەڵمانیای رۆژهەڵات)دابەش کرا (بڕوانە دیواری بەرلین).

پانچاشیلا پانچاشیلا Panchashila

بە زمانی سەنسکریت، بە مانای پێنج بنەڕەتە. پانچاشیلا، لە شەریعەتی بوودا بە گشتی ناوی پێنج یاسای کرداریی بوودایییەکانە کە بریتییە لە: خۆپاراستن لە کوشت و کوشتار، دزی، بەئاڵۆشی، درۆ و مەیخۆری. ئەم زاراوە لە لایەن دەوڵەتی هیندەوە بە واتای پێنج بنەڕەتی سیاسەتی دەرەوە بەم شێوازە بە کار براوە: ١) بایەخ دانان بۆ سەروەری و حاکمیەتی نەتەوەیی و سنووری وڵاتەکان.

٢) دەسدرێژنەکردن.

٣) دەست نەبردن بۆ ناو کاروباری ناوخۆیی وڵاتەکانی دیکە.

٤) رێز گرتنی دوولایەنە و یەکسان لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکان.

٥) پێکەوە ژیانی رژێمی جۆراوجۆر. کۆنگرەی نەتەوەکانی ئاسیا و ئەفریقا لە باندۆنگ، ئەم بنەڕەتانەی بە «پێنج بنەڕەتی پێکەوە ژیانی ئاشتی خوازانە»پەسند کرد. لە ساڵی ١٩٦٥ وڵاتی ئەندونیسیا بنەڕەتەکانی پانچاشیلای بۆ سیاسەتی دەرەوەی خۆی بە کار هێناوە.

پان عەرەبیزم پان عربیسم Pan-arabism

زۆربەی سەرچاوەکان، دوو زاراوەی پان عەرەبیزم و پان ئیسلامیزم، بە یەك دەروو(مدخل) لە ئەژماردێنن و نزیکایەتی مێژوویی و مەفهوومی ئەم دووانە بەرجەستە ئەکەنەوە. بۆیە ئاخێزگەی پان عەرەبیزمیش، هەر دەگەڕێتەوە بۆ راپەڕینی عەرەبان لە هەمبەر حوکمەتی تورکانی عوسمانی پێش شەڕی جیهانی یەکەم

(١٩١٤).

دەزگای هەواڵگری بەریتانیا، بە سەرپەرشتی تۆمس ئیدوارد لۆرێنس (١٩٣٥-١٨٨٨)، بەڵێنی دا بە عەرەبان کە وڵاتێکی مەزنی عەرەبی، هەر لە کەنداوی فارسەوە تا جۆگەی سوئێز، دابمەزرێنێ. ئەم ڕاپەڕینە سەرەتا لە حیجازەوە دەستی پێکرد ئینجا ڕووی کردە دیمەشق لە سووریا و ڕۆژی ٣ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨ دەستی تورکان لە حوکمەت کردن لەم شارە، کورتبۆوە. لە لایەکی‌ترەوە بە هۆی دەسبەسەراگرتنی فەرەنسە و بەریتانیا بە سەر چەن ناوچەی عەرەبی (وەك لوبنان و ئەردەن و سوریا و فەلەستین و عێراق) ڕاپەڕینی پان عەرەبی لە کەشێکی تردا ڕووی خەباتەکەی کردە ئەو دوو وڵاتە. بۆیە کەسانێکی وەك ئەمین ئەلحەسەنی(موفتی ئۆرشەلیم)، شوکری قووەتلی، جەمیل مەردەم، ڕەشید عالی گێلانی، میشل ئەفلەق و سەلاحەدین بەیتار، بوونە ڕێبەرانی قۆناغ بە قۆناغی بزووتنەوەی پان عەرەبیزم. (بڕوانە بەعس)

زاراوەی پان عەرەبیزم، یەکەم جار لە لایەن جەمال عەبدول ناسر ڕێبەری ناسیۆنالیستەکانی میسر لە ساڵەکانی ١٩٥٠ بەکار هێنرا. ناسر، زۆری هەوڵ داوە کە پان عەرەبیزم بکاتە بەرمیەکی دژ بە ئێرانی و بەم بۆنەوە یەکێك لەو پرۆژانەی کە ویستوویە ئەنجامی بدات، گۆڕینی ناوی «کەنداوی فارس» بووە بە «کەنداوی عەرەبی». ئەفلەق و بین لادەن و سەدام حسەین، لە جوملەی ئەو عەرەبە شوڤینیانە بوون کە لە ئیسلام کەڵکیان وەرگرتووە بۆ زیندووکردنەوەی عەرەبییەت. نژادپەرستی عەرەبی، لە سەردەمی سەدام حسەین بەو پەڕی شەرمەزاری و بێویژدانی خۆی ئەگا و ئەم سیاسەتە چەپەڵە، بە نیسبەت گەلی کورد بە دڕندانەترین ڕووکار خۆی پیشان ئەدات. بۆ وێنە لە ساڵی ١٩٧٠ هەزاران کورد بەرەو ئێران دەرئەکات کە زۆرینەیان تا ئیستاش نەگەڕاونەوە و هەر لە ئێران دەژین. بە عەرەب کردنی شاری کەرکووك و کارەساتەکانی ئەنفال*و هەڵەبجەش دوو نموونەی دیکەن لە کردەوە نامرۆڤانەکانی سەدام وەك ئەنجامی پان عەرەبیزم.

پرۆپاگەندە/بانگەشە   تبلیغات   Propaganda

لە وشەی لاتینی propagare وەرگیراوە و بە واتای «بڵاوکردنەوە»یە. بەڵام لە زاراوەی سیاسیدا بە مانای ڕاگەیاندنی ئەو واقیع و ڕووداوانەیە کە زێدەتر سیاسی بن یان بە دەمهەڵبەستنی ڕاپۆرتێك بە مەبەستی کارتێکردن لە سەر زەینی بیسەر بۆ هاندان بەرەو ئەنجامی کردارێکی تایبەت. لە پرۆپاگەندەدا زیاتر بە ئامانج گرنگایەتی دەدرێ، تاکوو ناوەرۆك. پرۆپاگەندە، هەمیشە بووە بەڵام لە سەدەی بیست بەملاوە بە هۆی پەرەسەندنی میدیا و کەرەستەی ڕاگەیاندن(وەك ڕادوێ، تەلەفیزیۆن، ڕۆژنامە، سینەما و ئینتەرنێت) کارلێکی زیاتری پەیدا کردووە و دەوڵەتان و حیزب و گرووپی سیاسی، زیاتر لە سەر ئەم دیاردە لەنگەریان گرتووە و تەنانەت لە کۆمەڵناسیدا لقی ئەکادیمیشی لێ کەوتۆتەوە. حیزب و دەوڵەتانی فاشیستی و نازیستی و کۆمۆنیستی، بۆ بەدەسهێنانی دڵی ڕەشەگەل و ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکانی جیهان بەرەو لای خۆیان توانایی زۆریان لە خۆ نیشان داوە.

کێشمەکێشی تەبلیغاتی لە نێوان دەوڵەت و حیزبە راست و چەپییەکان، زاراوەی «شەڕی پڕۆپاگەندەیی»و «شەڕی سایکۆیی»هێنایە ئاراوە. شەڕی پڕۆپاگەندەیی لە قۆناغی شەڕی جیهانی دووهەم و سەردەمی *شەڕی سارد**دا گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی.

پڕۆپاگەندە، لەم سەردەمەدا لە سەر دوو دیاردە بە باشی کاریگەری بووە:

١) بەدەستهێنانی زۆرترین *رای گشتی** بە قازانجی دەوڵەتەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی.

٢) بە کارهێنانی کەرەستە و ئامرازی تەکنیکی بۆ بە قەناعەت گەیاندنی کۆمەڵ.

کەواتە پڕوپاگەندە لایەنی تایبەتی شارستانییەتی هاوچەرخ لە ئەژمار دێ چونکا وەیلانی خڕکردنەوەی تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگایە بە دەوری فیکر و رێباز یا ئایدیۆلۆجیایەکی تایبەتەوە.

دریان کوور، لە نێوان پڕۆپاگەندەکان چەند جیاوازی قابیل دەبێت:

١ـ هەڵگر: هەرشتێک کە بڵاو بکرێتەوە (واتە هەر شتێک کە هەڵگری باری تەبلیغاتی بێت).

٢ـ ئامرازی تەکنیکی: رادوێ، تەلەفیزیۆن، رۆژنامە و...

٣ـ ناوەرۆک و ناواخن: ئایدیۆلۆجیا، ئەندێشە، دروشم، زانیاری درۆ و...

٤ـ ئامانج و مەبەست: فەرمانبردنی کوێرکوێرانە، سەرسپوردەگی، دژەپڕۆپاگەندە، وەتەن پەرستی، وەفاداری بە حوکمەت.

پڕۆتۆکۆڵی گۆڕینی کەش و هەوای کیۆتۆ پروتکل تغییر آب و هوایی کیوتو Kyoto Climate Change Protocol

ئەم پڕۆتۆکۆڵە لە ساڵی ١٩٩٧ لە نێوان سەرۆکی وڵاتانی جیهان لە کیۆتۆی ژاپۆن مۆرکرا بە مەبەستی کەمکردنەوەی ئەو گازانەی کە دەبنە هۆی گەرمبوونی گۆی زەوی. واتە چونکو ئەو گازانەی کە لە سووتاندنی سووتەمەنییە فوسیلییەکان (نەوت و گاز و خەڵووزی بەرد) بڵاو دەبێتەوە دەبتێە هۆی گەرم بوون و گۆڕینی کەشوهەوای سەرزەوی، دەبێ وڵاتان هەوڵ بدەن لە بەکارهێنانی ئەم سووتەمەنییانە کەم بکەنەوە و رووبکەنە وزەی هەتاوی و ... بۆ پیادەکردنی ئەم پڕۆتۆکۆڵە دەبوایە لە لایەن ئەو وڵاتانەی کە ٥٥٪ ئەم گازانە بڵاو دەکەنەوە، پەسند بکرایە. مانگی ژووەنی ٢٠٠٢ لە لایەن پانزە وڵاتی یەکیەتی ئەوروپا پەسند کرا. هەر لەو ساڵەدا پتر لە ٧٠ وڵاتی جیهان ئەم پڕۆتۆکۆڵەیان پەسند کرد. رەشنووسی کیۆتۆ داوا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات لە قەدەر بڵاوکردنەوەی ٣٦٪ ئەو گازانە لە ساڵی ١٩٩٠، بۆ کەمکردنەوەی ئەم گازانە هەنگاو بنێت. کەچی بەم حاڵەش، لە نێوان ساڵەکانی ٢٠٠٢ـ١٩٩٧ بڵاوکردنەوەی ئەم گازانە لە ئەمریکا، نزیکەی ٨٪ زیاتر بووە. ئەمریکا تەنها وڵاتێکە کە لە گەڵ ئەم رەشنووسەدا نەیارە.

پڕۆسە/ رەوت فرایند/پروسە Process

وشەکە فەرەنسییە و بە مانای شێوەی جێبەجێکردنی کارێک یان قۆناغەکانی پێداڕۆشتنی کردارێک بۆ

تەواو بوونییەتی بەڵام لە زاراوەی سیاسیدا بە مانای ڕەوتی گۆڕانکاری و وەرچەرخانی کۆمەڵگا و ڕاپەڕینەکان پێناسە ئەکرێ.

پرۆلتاریا/چینی کرێکار پرولتاریا/طبقەی کارگر Proletariat

بە زمانی لاتینی لە وشەی proles بە مانای منداڵ وەرگیراوە. ئەم زاراوە یەکەم جار لە سەدەی شەشەمی پ. ز، لە ئیمپراتۆرییەتی ڕووم بە کار هێنرا. لەو سەردەمەدا پرۆلتاریا بە کەسانێك دەگوترا کە ماف و مووچە و مڵکیان نەبووە بەڵکوو تەنیا ئەرکیان ئەوە بوو کە منداڵەکانیان بنێرنە خزمەت دەوڵەت. بە پێی یاسا دەبوایە خاوەن مڵك و چینەکانی دیکە، یان بە سەرانە و باج یان بە چوون بۆ سەربازی خزمەتیان بە دەوڵەت بکردایە، ئەوانەش کە شتێکیان نەبوو دەبوایە منداڵەکانی خۆیان بناردبا خزمەت دەوڵەت.

ئەم زاراوە لە سەدەی ٢ی زایینیدا بزر بوو. لە ساڵی ١٨٣٨ لە لایەن سیسمۆندی(ئابووریناسی سویسی)، جارێکیتر زیندوو کراوە و دەرحەق بەو کەسانە بە کار هێنرا کە«هیچ بەشێکیان بە دارایی و سامانی کۆمەڵگاوە نییە و بۆ ژیانی سادە و ساکار و داهاتووشیان دواڕۆژێکی ڕوون بەدی نەدەکرا».

ئەم زاراوە زیاتر لە گەڵ ناوی مارکسدا گونجاوە. مارکس لە کتێبی ***ڕەخنە لە فەلسەفەی حەق ی هێگل***(١٨٤٣)، پرۆلتاریا بە«چینێکی دەست و پێ سپی» پێناسە دەکا و ***مانیفێستی کۆمۆنیست*** (١٨٤٨) بەم دەستەواژە پڕ تەنتەنەوە دەست پێئەکات:

«مێژووی هەموو کۆمەڵگا ئینسانیەکان لە ئێستا و ڕابردوودا مێژووی شەڕی چینەکان بووە و سەردەمی بورژوازی، کێشمەکێشی چینەکانی خاو کردۆتەوە و کۆمەڵگای بە دوو چینی گەورەی دژبەیەك(دوژمن) واتە بورژوازی و پرۆلتاریا دابەش کردووە». دیسانەوە لە هەمان شوێندا ئەڵێ: «مەبەست لە پرۆلتاریا، ئەو چینە کرێکارە نوێباوەیە کە خاوەنی هیچ ئامێرێکی بەرهەمهێن نییە و وزە و هێزی خۆی بۆ دابینکردنی ژیانی خۆی ئەفرۆشێت».

زاراوەی پرۆلتاریا، لە ڕاپەڕینی کۆمۆنیستی سەدەی بیستەم و هەروەها لە نێوان هەندێ لە هونەرمەندان و ڕۆناکبیرانی لایەنگری«کەلتووری پرۆلتاریایی» لە ئەڵمانیا و سۆڤیەتدا چەمکێکی سەرنج ڕاکێشی لێدەرهات و لە بابەت گرنگایەتی و دەوری سەرەکی لە شۆڕشدا جەختی لەسەر کراوە. دەوری مێژوویی پرۆلتاریا، لە گوتاری مارکسیزم* ئەوەیە کە بە پێی ڕەوتی بەپرۆلتاریایی بوونی چینی مامناوەندی و جووتیاران - بە لەدەسدانی سەروەت و دارایییەکەیان - ئەم چینە دەبێتە زۆرینەی کۆمەڵگا و ئینجا دەبێ شۆڕشی سۆشیالیستی بە ئەنجام بگات.

دیکتاتۆری پرۆلتاریا : ڕابردن و هەنگاو نان بۆ کۆمەڵگایەکی بێ چین و توێژ، قۆناغ بە قۆناغ بە ئەنجام ناگات. یەکەم قۆناغ، شۆڕشی کرێکارییە، ئینجا بەدیهاتنی پرۆلتاریا وەك چینی دەسەڵاتدار یان چینی حاکم. پاش سەرهەڵدانی دیکتاتۆری شۆڕشگێڕی پرۆلتاریا، دیکتاتۆری پرۆلتاریا پەیدا ئەبێ تاکوو دەوڵەت لە ناو بچێ و لەبری حوکمەتکردن بە سەر ئینسانەکان، ئیدارەکردنی شتەکان بێتە کایەوە.

پریستۆریکا پرستوریکا Perestorika

لە زمانی رووسیدا بە مانای سەرلەنوێ بینا دروسکردنەوەیە. بەڵام مەبەستی داهێنەرانی ئەم زاراوە، «گۆڕینی کۆمەڵگای سۆڤیەت»بوو. بە باوەڕی گۆرباچۆف پریستۆریکا، شۆڕشێکی کاریگەر بوو بۆ فراژووتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری کۆمەڵگای سۆڤیەت.

ئەگەر لینین منداڵی نیهیلیزمی رووسیە و میراتگری پرۆسەی رۆشنبیری هەشتاکانی سەدەی نۆزدە بووە، ئەوا پریستۆریکا، منداڵی شۆڕشەکەی لینین بووە بەڵام منداڵێکی جیاواز لە سەردەمی باوکەکەی خۆی کە هەوڵئەدات ئەو شتەی کە بۆی بەجێماوە بە کەمترین زیان و بە شێوازێکی ئیمرۆیی پێشکەش بە جیهانی نوێی بکات.

پریستۆریکا سێ پێشنیازیان بۆ باشترکردنی ئابووری یەکیەتی سۆڤیەت ئاراستە کرد:

١ـ زیاکردنی تەقەلا بۆ بەسەمەر گەیاندنی پیداویستیە کۆمەڵایەتییەکان لە ئابووردا(ماڵ، نان و تەندروستی)

٢ـ لادان لە گەشەی رووکاری و گەیشتن بە گەشەی جەوهەری.

٣ـ باشترکردنی بەرێوەبەرایەتی.

پشتیوانیی سیاسی حمایت سیاسی Diplomatic Protection

بریتییە لە هەر چەشنە هەوڵ و تەقەلای دەوڵەتێك لە بەردەم دەوڵەتێکی دیکە بە مەبەستی بەدواداچوونی ماف هاوولاتیانی خۆی و پشتیوانی کردنیان کە لە قەڵەمڕەوی وڵاتێکی بیانی شەڕیان پێ فرۆشتبێتن و دەستدرێژی کرابێتە سەریان.

پلاتفۆرم/سیاسەتی حیزب پلاتفرم/سیاست حزب Platform

پلاتفۆرم بەو بەرنامە و سیاسەتە حیزبییانە دەگوترێ کە لە لە پێش هەڵبژاردنەکان لە لایەن حیزب یان رێکخراوەیەکی سیاسی بە مەبەستی بەدەست هێنانی دەنگی زیاتر، بە خەڵك رادەگەیەندرێت. ئەم زاراوە هەروەها لە کاتی هەڵبژاردندا بەو تیۆری و بۆچوونانەی پاڵێوراوان دەگوترێ کە بە راگەیاندنیان سەرنجی خەڵك بەرەو لای خۆیان رادەکێشن بۆ ئەوەی دەنگیان پێ بدەن. بە واتایەکیتر پلاتفۆرم بەو ئەندێشە و تیۆرییانە دەگوترێ کە بانگەشە بۆ شێواز و رێبازێکی سیاسی تایبەت دەکەن.

پلۆرالیزم/فرەدەنگی پلورالیسم/کثرت باوری Pluralism

ئەم زاراوە، ئەو تیۆریانە لە خۆ دەگرێ کە باوەڕیان هەیە بە فرەدەنگی لە کۆمەڵگادا. فرەگەنگی لە سیاسەتدا بە مانای زیادبوونی چەندایەتی و چۆنایەتی حیزب، ئەنجومەن، رێکخراوە و گرووپی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییە لە یەك سیستەمدا. پلۆرالیستەکان پێیان وایە کە ئەبێ ماف هەندێ

دەزگا وەك خێزان و ئاینی و ئەنجومەن و حوکمەتە خۆجێیەکان بە ڕێژەی دەوڵەت، زیاتر ڕەچاو بکرێ و دووپاتی ئەکەنەوە کە دەوڵەت نابێ دەسەڵات مۆنۆپۆل بکات بەڵکوو ئەبێ چاودێرییەکی گشتی هەبێ و دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی‌تر سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن.

فرەدەنگی کارێکی وا ئەکات خەڵك بەرەو حیزبایەتی و دامەزرانی ڕێکخراوەی سیاسی و ئابووری و کومەڵایەتی و کەلتووری بچن تاکوو لە ڕێگەی ئەم جۆرە هاوبەشیەوە بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگا دابین بکرێ و ئیدارەی کۆمەڵگاش باشتر بەڕێوە بچێت. لە زاراوەی سیاسیدا بە زۆری بە واتای هەلومەرجێك پێناسە ئەکرێت کە تێیدا هیچ گرووپێکی سیاسی و ئایینی و ئەتنیکی و کەلتووری تایبەت، حوکمەت نەکات. ئەم پانتایە ئەبێتە هۆی کێبەرکێ و ململانێی نوخبەکان یا گرووپی بەشدار لە کۆمەڵگادا. لە وەها دۆخێکدایە کە کۆمەڵگای فرەدەنگ یان پلۆرال لە دایك ئەبێت.

مۆنتسکیو(١٧٥٥-١٦٨٩)پێی وایە پلۆرالیزم کاتێك سەمەربەخشە کە لە نێوان ئەندامانی حیزب و ئەنجومەن و یەکیەتی و تەنانەت کەمینە ئایینیەکان، کە بە لێبووردن و عەداڵەت ڕەفتار بکرێ و بۆ بیر و بۆچوون و دەنگی جیاواز ڕێز دابنرێ. ئەو لە گەڵ چەقبەستن و کۆجێ بوونی دەسەڵات نەیار بووە و داوای لە دامودەزگا ناحکوومییەکان ئەکرد کە لە ئیدارەی حوکمەتدا بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە بەشداری بکەن.

پلۆرالیستەکان بە پێچەوانەی ئانارشییەکان، خوازیاری سڕینەوەی دەوڵەت لە کۆمەڵگادا نین بەڵکوو پێیان وایە کە کارکردەکانی دەوڵەت، بە قازانجی کۆمەڵگایە بۆ وێنە، ڕێکخستنی ئابوور و پاراستنی ئازادییە مەدەنییەکان و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و ئیدارەی سیاسەتی دەرەکی.

پلۆنۆم پلنوم Plenum

لە وشەی لاتینی پلینۆس بە مانای لێوانلێو وەرگیراوە. لە زاراوەی سیاسیدا بە کۆی ئەندامانی ڕێبەرایەتی یان دەستەی بەڕێوەبەری ڕێکخراوە یان حیزبێکی سیاسی دەگوترێ. بە کۆمەڵێ لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، پلۆنۆمی کۆمیتە ناوەندی ئەگوترێ. لە پلۆنۆمی بەربڵاودا بێجگە لە ئەندامانی سەرەکی، هەندێ پسپۆڕیش لە بابەتی جۆراوجۆردا بە شداری ئەکەن.

پۆپۆلیزم/گەل پەروەری پوپولیسم/مردم باوری Populism

بە مانای ڕێزگرتن و بەرزکردنەوەی مەفهوومی گەل یان خەڵك تا ئاستی چەمکێکی پیرۆز و باوەڕ بەوەیکە ئامانجە سیاسییەکان ئەبێ بە پێی خواست و ئیرادە و هێزی گەل ـ بە جیا لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان ـ دەستەبەر بکرێن.

پۆپۆلیزم، ئایدیۆلجیای ئەو کۆمەڵگا سیاسیە جڤاتی و داخراوەیە کە تێیدا کۆمەڵگای مەدەنی پەرەی ستاندووە و بوونەتە مەترسییەك بۆ دۆخی سەقامگرتووی سیاسی. پەرچەکرداری دەوڵەت لە بەرامبەر ئەم مەترسییەدا ئەوەیە کە بێنەوەی بتوانێ کۆمەڵگای مەدەنی بە تەواوی سەرکوت بکات دەس ئەکا بە هێنانە مەیدانی ڕەشەگەل بۆ لاوازکردن و گۆشەگیرکردنی ئەم کۆمەڵگا مەدەنیە. ئەم جۆرە کۆمەڵگایە لە ڕاستیدا

کۆمەڵگایەکی قەیراناوی سیاسی داخراو و ناجڤاتییە کە لە کۆمەڵناسی سیاسیدا بە ئایدیۆلۆژیای پۆپۆلیزم پێناسە ئەکرێ.

لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا دەوڵەت بە هەموو کەرەستە و هێما شەرعیەکانیەوە لە بەرامبەر بەهێزبوونی گرووپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی رادەوەستێ بەڵام ئەم گرووپانە لە بەر هۆی جۆراوجۆر، بەهێزترن لەوەیکە دەوڵەت بتوانێ بە ئاسانی سەرکوتیان بکات. لە وەها کەشێکدا تیابردنی کۆمەڵگای مەدەنی ئەستەمە، بۆیە دەوڵەت بە هەرەوەز، رەشەگەل لە خۆی کۆئەکاتەوە.

قەیرانی شەرعیەت و هاوبەشی سیاسی لەم جۆرە کۆمەڵگایەدا بە تەواوی خۆی دەرئەخات. بە هەرەوەزکردنی کۆمەڵ تەنیا ئەتوانێ رێگا چارەیەکی کاتی بێت بۆ ئەم قەیرانە. لە بواری شەرعییەتی سیاسییەوە ئەگەر حوکمەت بتوانێ هەستی رەشەگەل بەرەو لای خۆی راکێشێ، رەنگە تا رادەیەك ناڕەوابوونی خۆی قەرەبوو بکاتەوە. رەشبگیری و هەڵخڕاندنی خەڵکی ساکار، نیشانەی لاوازبوونی حوکمەتە لە بەرامبەر کۆمەڵگای مەدەنیدا. پۆپۆلیزم، ئایدیۆلجیایەکی دیاریکراو و گونجاوی نییە و لە هەر وڵاتێکدا بە شێوازێك خۆی دەرئەخات. ئەم رێبازە هەڵگری ئەم تایبەتمەندیانەن:

چەواشەکاری، پیرۆزکردنی کەسایەتی رێبەر(کاریزما)، دەمارگرژی، پشبەستن بە رەشەگەلی لە خۆ بێگانە، نەبوونی ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراو، ریفۆرم خوازی، ناسیۆنالیزم و ئازادی سەندیکا و بزر بوونی دیموکراسییەت. پۆپۆلیزم رەنگە چەپڕەو بێت یان راستڕەو یا هیچکام بەڵام هەرچی بێت، خەسڵەتی کۆنەپەرستانە و گەڕانەوە بۆ بەهاکانی رابردووی هەیە.

ئەندێشەی پۆپۆلیستی، یەکەم جار لە ١٨٦٠ بەملاوە لە نێوان روناکبیرانی توندڕەوی سۆڤیەت بە سەرهەڵدانی ناردۆنیەکان(گەل پەرستان) هاتە ئاراوە. ئەمانە پێیان وابوو کە سۆڤیەت دەتوانێ بێئەوەیکە قۆناغی سەرمایەداری تێپەڕێنێ، بچێتە قۆناغی سۆشیالیزمەوە.

رەنگە گرنگترین نموونەی پۆپۆلیستی لە دوای شەڕی جیهانی دووهەم. پێرۆن. دیکتاتۆری ئەرجەنتین بێت(بڕوانە پێرۆنیزم). نزیکترین نموونەی پۆپۆلیزم بە سەردەمی ئێستا، بارودۆخی سیاسی هەشتاکانی سەدەی بیست(١٩٨٠)ی بەرەی نەتەوەیی فەرەنسەیە بە رێبەرایەتی جان ماری لۆپێن. بە گشتی ئەم شێوازە سیاسییە زیاتر لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین باوە. هەندێ لە بیرمەندان بۆ وێنە، کۆرن هازێر، وڵاتەکان بە نیسبەت پۆپۆلیسم وشیارئەکەنەوە و ئەم رێبازە بە مەترسییەك بۆ کۆمەڵگا دیموکراتیەکان لە قەڵەم ئەدەن.

Iron curtain پردەی آهنین **پەردەی ئاسنین**

ئەم زاراوە تەعبیرێکە لە دیوارێکی سەربازی و ئەمنی کە یەکیەتی سۆڤیەت و وڵاتانی کۆمۆنیستی ئەورووپای خۆرنشین، لە دوای شەڕی جیهانی دووهەم (قۆناغی شەڕی سارد)، بە دەوری خۆیان کێشابوویان و لە گەڵ وڵاتانی رۆژاوا بە تەواوەتی پێوەندی خۆیان بڕیبوو. یەکەم جار وینستۆن چرچیل لە ساڵی ١٩٤٦ ئەم زاراوەی لە مەجلیسی عەوام بەکار هێنا.

پەرستشی کەسایەتی شـخص پرسـتی Personality cult

ڕێزگرتن لە پلە و پێگە و تایبەتمەندییەکانی ڕێبەرێك یان کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی تا ڕادەی پەرستش کردن یان هەڵکێشانی لە ڕادە بەدەر و زیادەڕۆیی دەربارەی ڕۆڵی کەسایەتی و پاڵەوانەکان لە مێژوودا. زاراوەی پەرستشی کەسایەتی، لە لایەن خرۆشچۆف لە پێوەند لە گەڵ خەبات بە دژی ستالینیزم لە وتارێکی پەنهانی لە کۆنگرەی بیستەمی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت(١٩٥٦)، بە کار هێنرا. ئەم زاراوە زیاتر وەك ناتۆرەیەك بۆ پرۆتستۆکردنی پەرستشی ستالین و هەڵسوکەوتی ئەو کەسانەی کە یادەوەری ستالینیان لە پاش مەرگی زیندوو ئەهێشتەوە. دوای خۆکێشانەوەی خروشچۆف(١٩٦٤)، ئەم تۆمەتەش بە دژی خۆی بە کار برا. دژبەرانی پەرستشی کەسایەتی، لایەنگری«ڕێبەرایەتی جڤاتن».

پەرلەمان مجلس/پارلمان Parliament

بە زمانی فەرەنسە، بە شاندێك دەگوترێ کە لە هەر وڵاتێك لە لایە ن خەڵکەوە هەڵئەبژێردرێ بۆ دانانی یاسا و چاودێریکردن بە سەر چۆنییەتی پیادەکردنیدا. پەرلەمانەکان بە زۆری بە دەنگی نهێنی و ڕاستەوخۆی جەماوەر هەڵئەبژێردرێت(بڕوانە هەڵبژاردن). لەو وڵاتانەی کە دەستووری بنچینەیی لە سەر جیاکردنەوەی هێزەکان (تفکیك قوا) دامەزراوە، پەرلەمان ئەبێتە هێزی یاسادانان و ئەنجومەنی وەزیرانیش لە بەرامبەریا، بەرپرسە. هەبوونی پەرلەمان لە هەر وڵاتێك هێمایەکە بۆ حاکمییەتی خەڵك یان پیادەبوونی دیموکراسی. پەرلەمان لە زۆربەی وڵاتان لە دوو کۆڕ پێکدێت: یەکەم، پەرلەمانێك کە بە دەنگی ڕاستەوخۆی جەماوەر و بەزۆری بێ مەرج هەڵئەبژێردرێ و دەبێتە دەمڕاست و نوێنەری ڕاستەوخۆی جەماوەر، وەك مەجلیسی شۆڕا، یا مەجلیسی عەوام(لە بەریتانیا) یا کۆنگرەی نەتەوەیی(لە فەرەنسە)، یا کۆنگرەی نوێنەران(لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا). دووهەم، پەرلەمانێك کە تێیدا مەرجی پاڵێوراوان و دەنگدەران سنووردارە و جاری واش هەیە هەندێ لە نوێنەرەکانی دائەنرێن(وەك مەجلیسی سێنای پێشووی ئێران)، جاری واش هەیە مەقامی نوێنەرایەتی بە میرات بەجێ دەمێنێ بۆ کەسێك(وەك مەجلیسی لۆردەکانی بەریتانیا). نوێنەرانی پەرلەمان لە ماوەی نوێنەرایەتیدا ئەماننامەی سیاسیان هەیە. واتە کەس بۆی نییە بێ ئیجازەی پەرلەمان، بە هەر گومانێکەوە بیانخاتە بەندیخانەوە. بەزۆری دەسەڵاتی سیاسی پەرلەمانی یەکەم لە پەرلەمانی جۆری دووهەم گرینگترە و پەرلەمانی دووهەم، لە کاروباری سیاسی و داراییدا بەو جۆرە دەستی ناڕوات. بوونی پەرلەمانی یاسادانەر بە مانای دەسەڵاتدارێتی جەماوەر لە ئەژمار دێت بەڵام بە جەشنی«دیموکراسی ناڕاستەوخۆ». پەرلەمانی ئالتینگی ئیسلەندا، کۆنترین پەرلەمانی جیهانە کە لەساڵی ٩٢٥ زایینی، دامەزراوە و تا ئێستاش دەوامەی هەیە. یەکەمین پەرلەمانی بەریتانیا لە ١٢٦٥ دامەزرا و نەریتی پەرلەمانی ئەم وڵاتە، کۆنترین و ڕیشەدارترین نەریتی پەرلەمانی جیهانە (پەرلەمانی بەریتانیا بە دایکی پەرلەمانەکانی جیهان ناوبانگی دەرکردووە). دوو پەرلەمانەکەی فەرەنسە بەم شێوازەی ئێستا، لە بەرایی سەدەی نۆزدە دامەزرا. پەرلەمانی ئەڵمانیا لە ١٨٤٨ پێکهات و پەرلەمانی ژاپۆن بەناوی «دیت» لە

١٨٨٩ دامەزراوە. پەرلەمانەکانی ئوسترالیا، کەنەدا، زیلاندی نوێ و ئەفریقای باشوور بە لاسایی کردنەوە لە پەرلەمانی بەریتانیا دامەزراون.

پەرلەمانتاری پارلمان‌داری Parliametarism

پەرلەمانتاری بە مانای لایەنگری لە حوکمەتی پەرلەمانی، مێتۆدی ئەو وڵاتانەیە کە تێیدا پەرلەمان لەگوێن هێزی یاسادانەر، ئیش دەکا و هێزی بەڕێوەبەر(ئەنجومەنی وەزیران) لە بەرامبەریا بەرپرسە و دانانی سەرەك وەزیر و وەزیران بە پشتبەستن بە دەنگی پەرلەمانەوە مەیسەر دەبێ. هەرکاتێك هێزی یاسادانەر، متمانەی خۆی بە ئەنجومەنی وەزیران لە دەست بدات، ئەو ئەنجومەنە فەشەل ئەهێنێ و ئەنجومەنێکی دیکە دادەمەزرێت. لە سیستەمی *سەرۆك کۆماری** کە تێیدا سەرەك وەزیران و سەرۆك کۆمار، جیاوازییان نییە(وەك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و فەرەنسا) سەرۆك کۆمار بە دەنگی راستەوخۆی خەڵك هەڵئەبژێردرێ و هێزی یاسادانەر، تەنانەت ئەگەر متمانەشی پێ نەکرابێ ناتوانێ لە سەر کار لایبات. سەرۆك کۆمار لە بەرامبەر دەستووری بنچینەیی و ئەو خەڵکەی کە هەڵیانبژاردووە، بەرپرسیارە. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی پەرلەمانتاری ئەوەیە کە مادامێکی سیستەمی سیاسی لە سەر بنەمای *جیاکردنەوەی هێزەکانە**(تفکیك قوا)، حوکمەت یان سەرۆك کۆمار ناتوانێ پەرلەمان هەڵوەشێنێتەوە بەڵام لە سیستەمی کۆنڤانسیۆنیدا ئەکرێ پەرلەمان هەڵبوەشێتەوە(وەك کۆمارییەکانی سێهەم و چوارەمی فەرەنسە و وڵاتانی کۆمۆنیستی).

پەرلەمانی ئەورووپا پارلمان اروپا European Prliament

ئەنجومەنی پەرلەمانی«کۆمەڵگەی ئەورووپا»کە بە سەر«لیژنەی وزەی ئۆتۆمی ئەورووپا»و«لیژنەی خەڵووزی بەرد و پۆڵای ئەورووپا» و کۆمەڵی ئابووری ئەورووپا، یان «بازاری هاوبەش»چاودێری ئەکات.

ئەم پەرلەمانە لە ساڵی ١٩٥٨ لە شاری ستراسبورگی فەرەنسە دامەزرا و نوسینگەی هەمیشەییەکەشی لوکزامبۆرکە. ناوی پەرلەمانەکە تاساڵی ١٩٦٢، کۆنگرەی ئەورووپا بووە. ١٩٨ ئەندامی هەیە کە لە لایەن پەرلەمانی وڵاتانی ئەندام، ناوزەد ئەکرێن. فەرەنسە وبەریتانیا و ئەڵمانیا و ئیتالیا، هەرکامیان، ٣٦ نوێنەریان هەیە. بەلجیکا و نەمسا، هەرکام ١٤ نوێنەر و دانیمارك و ئیرلەندا، ١٠ نوێنەر و لوکزامبۆرك ٦ نوێنەر. پەرلەمان بۆ هەموو بابەتێکی گرینگ، راوێژی پێئەکرێ و ئەتوانێ کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی و ئەنجومەنی وەزیران، بخاتە ژێر پرسیارەوە.

پەروەردەی سیاسی تربیت سیاسی Political Education

راهێنانی تاك بۆ هاوبەشی چالاکانە لە ژیانی سیاسی و قبووڵکردنی بەرپرسیاریەتی لە کۆمەڵگا و ئاگادارکردنی لە مافە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان و فەلسەفە و سیستەمە سیاسیەکان. هەروەها

ئاگادارکردنی تاك لە دەوری سیاسەت لە ژیانی کۆمەڵایەتی، ئاریشە سیاسییەکانی ڕۆژانە و پێگە و شوێنگەی وڵاتەکەی لە ناو گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا. پەروەردەی سیاسی گونجاو، ئەبێتە هۆی خۆشبەختی و یەکیەتی نەتەوەیی و ڕێککەوتنی نێونەتەوەیی.

پەرەسەندنی بەردەوام توسعەی پایدار Sustainable development

بە مانای بەڕێوەبردن و کەڵك وەرگرتنی بەرێوشوێن لە سەرچاوەی سروشتی و دارایی و وزەی ئینسانییە بۆ گەیشتن بە مۆدێلێکی مەزاختن و بە کارهێنانی توانستی تەکنیکی و پێکهاتەی بەرێوچێ بۆ لابردنی نیازەکانی بەرەی نوێ و داهاتوو.

پەرەسەندنی بەردەوام، پەرەسەندنێکە کە پێداویستیەکانی بەرەی ئێستا دابین ئەکات بێئەوەی زیانێك بگەیەنێت بە تواناییەکانی بەرەی داهاتوو لە دابینکردنی پێداویستیەکانی خۆیدا.

پەرەسەندنی ئینسانی بە واتای پرۆسەی بەرفراوانکردنی زەمینەی خۆشگوزەرانی و بژیوی باشی مرۆڤ پێناسە کراوە.

پەرەسەندنی سیاسی توسعەی سیاسی Political development

بریتییە لە: بەرزبوونەوەی ئاستی کارامەیی سیستەمێکی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی ناتەبایی و کێشەکانی تاك و کۆمەڵ، هەروەها بریتییە لە خەڵکی بوون و رادەی ئازادی و گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگایەك. پەرەسەندنی سیاسی پەیوەستە بە گەشەی دیموکراسی لە وڵاتێکدا. تا چ رادەیەك سیستەمێکی سیاسی لە سیستەمێکی داخراو بەرەو سیستەمێکی کراوە، لە ساکارییەوە بەرەو ئاڵۆزی، لە دەسبەسەرییەوە بەرەو خودموختاری و لە پەرژ و بڵاوییەوە بەرەو یەکگرتوویی هەنگاو بنێت، بە هەمان رادەش پەرەسەندنی سیاسی لەو وڵاتەدا روو لە زیادبوون دەبێت.

تازەگەری سیاسی، زیاتر خۆی بە ئاڵووالکردنی سیاسییەوە سەرقاڵ ئەکات کەچی پەرەسەندنی سیاسی بنیاتەکان تووشی گۆڕان ئەکات. سێ هۆکاری پێویست بۆ پەرەسەندنی سیاسی بریتین لە: ڕێکخراوە، کارامەیی و ئەقڵانییەتی کردەیی و یەکگرتوویی ئایدیۆلۆجیایی ڕێبەران.

بۆ پەرەسەندنی سیاسی، پێویست ئەکات سەرچاوە و ئامرازەکانی دەسەڵات لە نێوان حوکمەت و گرووپە سیاسییەکانی کۆمەڵگا دابەش بکرێت. کاتێك حوکمەت بە تەنیایی، دەست بگرێ بە سەر هەموو سەرچاوەیەکی دەسەڵاتدا ئینجا مەیدانی ململانێی سیاسی ئەگاتە نزمترین ئاستی خۆی. لەم ڕووەوە بە کورت بوونەوەی دەستی حوکمەت لە سەرچاوەکانی دەسەڵات، پانتای ململانێی سیاسی و هاوبەشێتی سیاسی لە کۆمەڵگادا روو لە زیادبوون دەکات. کەواتە لە نێوان ململانێی سیاسی و پەرەسەندنی سیاسیدا پێوەندییەکی بایەخدار لە گۆڕێدایە.

پە. کە. کە: بڕوانە ناسیۆنالیزمی کورد لە تورکیا.

پەنابەریی پناهندگی **Asylum**

لە ساڵی ١٩٥٠ دوای ئەو هەموو ڕووداوانەی کە بە درێژایی ٢٥ سەدەی ڕابردوو بە سەر پەنابەران هاتبوو، کۆمیتەی باڵای پەنابەران، بەم جۆرە زاراوەی پەنابەر پێناسە دەکات:

پەنابەر بەو کەسە دەڵێن کە «بە هۆی تایبەتمەندی ڕەگەزی، ئایینزایی، نەتەوەیی یان باوەڕی سیاسی، لە ترسی دەسبەسەربوون بچێتە دەرەوەی وڵاتەکەی و بە هۆی ئەم مەترسییەوە نەیهەوێت دووبارە بچێتەوە وڵاتەکەی خۆی». بە پێی پێناسەی دیوانی نێونەتەوەیی داد، ئەگەر کەسێك لە لایەن دەوڵەتێکەوە کەوتبێتە ژێر گوشار و لەدووی کەوتبن و وڵاتێکی تر لەم ڕێگەوە پشتیوانی لەو کەسە بکات، بەو کەسە دەوترێ پەنابەر.

پەنابەریەتی شێوازی جۆربەجۆری هەیە کە پەنابەریەتی دیپلۆماتیك یان دەرەکی بەناوبانگترینیانە. پێشێلکاران و تاوانبارانی ماف گشتی، لە جوملەی پەنابەران ناگونجێن. هیچ یاسایەکی نێونەتەوەیی دەوڵەتەکان پێمل ناکات بە بەخشینی ماف پەنابەریەتی بە کەسێك.

پەنابەریی سیاسی پناهندگی سیاسی **Political Asylum**

پەنابەریی سیاسی یان پەنابەریی نێوان سنووری، دالدەبەخشین و هانادان بەو تۆمەتبارە سیاسیانەیە که لە وڵاتێکی دیکە بە هۆکاری سیاسی دەکەونە ژێر فشار و ئازار و لە مەترسی دەسگیرکردن یان لەناوچووندا بن.

پەیماننامە پیمان **Pact**

بڕیارێکی نێونەتەوەییە کە لە چەندین بابەتی جۆراوجۆر لە نێوان دەوڵەتەکاندا مۆر دەکرێ:

پەیمانی یەککرتن: بەڵێن و قەرارێکە لە بەینی دوو یا چەن دەوڵەت بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسی لە ڕێگەی سەربازی یان هاریکارییەوە.

پەیمانی یەککرتنی نێونەتەوەیی: وەك یەکیەتی پۆستی.

پەیمانی یەککرتن بۆ بەرگری.

پەیمانی یەکگرتن بۆ دەستدرێژی: وەك هاوکاری لەمەڕ داگیر کردنی وڵاتێك.

پەیمانی یەککرتنی گشتی.

پەیمانی یەکگرتنی سەربازی.

پەیمانی بێلایەنی:(هەمیشەیی و کاتی)

پەیمانی وازهێنان لە دوژمنایەتی ڕەها.

پەیمانی سیاسی و بازرگانی و تایبەتی.

پەیمانی ئاشتی.

پەیمانی هاوکاری.

پەیماننامەی بەغدا — پیمان بغداد — Baghdad pact

لە ٢٤ی فێورییە ١٩٥٥ لە نێوان دوو وڵاتی تورکیا و عیراق ڕێککەوتننامەیەکی دوو قۆڵی بە ناوی «پەیمانی هاوکاری دوو لایەنە» لە بەغدا مۆر کرا کە بە پەیماننامەی بەغدا ناوی دەرکرد.

ئامانجی ئەم پەیماننامە بریتی بووە لە زامنکردنی بەرگری و هێمنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دوو لایەن لە پێناو داکۆکی کردن لە ئاسایش و هێمنی و بەختەوەری و بەهرەمەندی نەتەوەکانی خۆیان، هاریکاری یەکتر بدەن. بە پێی مادەیەکی ئەم پەیماننامە، بە ئەندام بوونی وڵاتانی ناوچەکە ئازاد بووە و هەر بۆیە بەریتانیا لە ٣٠ی مارسی ١٩٥٥ و پاکستان لە ٢٣ی سێپتەمبەر و ئێرانیش لە ١١ی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ هاتنە ناو پەیمانەکەوە. پێکهێنانی پەیمانی بەغدا، بەرئەنجامی چالاکانەی دەوڵەتی ئەمریکا بە تایبەت فاستر داڵس، وەزیری دەرەوەی ئەم وڵاتە بوو کە دەیویست ڕێکخراوەیەکی بەرگری بەهێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوین پێک بێنێت تاکوو لە دزەکردن و پەرەستاندنی سۆڤیەت بۆ ناوچەکە ڕێگر بێت. بەڵام لە بەر گومان نەکردن و دەسخەڕۆ کردنی سۆڤیەت، ئەمریکا خۆی نەبووە ئەندامی ئەم پەیمانە. دوای کۆدەتای ١٤ی ژووئیەی ١٩٥٨ لە عێراق، دەوڵەتی عەبدولکەریم قاسم، ڕایگەیاند کە بە هەموو پەیمان و شەرت و قەرارەکانی وڵاتەکەی وەفادارە. بەڵام بە کردەوە لە هیچ کام لە دانیشتنەکانی ئەم پەیماننامانە بەشداری نەئەکرد تا ئەوەیکە دوای کۆتایی هاتنی پێنج ساڵەی یەکەمی پەیمانەکە لە ساڵی ١٩٦٠ خۆی لێکێشاوە. پاشان ناوەندی پەیمانەکە لە بەغداوە بۆ ئەنقەرە گواسترایەوە و ناوەکەشی لە مانگی ئاگۆستی ١٩٥٩ بە ڕێکخراوەی پەیمانی ناوەندی(سێنتۆ) گۆڕدرا. ئەم ناوەش ئاوێتەیەک بوو لە دوو پەیمانی (ناتۆ) و (سیتۆ) کە تورکیە و پاکستان هەرکام تێیدا ئەندام بوون.

پەیماننامەی سەعدئاباد — پیمان سعدآباد — Saadabad pact

ئەم پەیماننامە لە ساڵی ١٩٣٧ لە نێوان چوار وڵاتی ئێران، ئەفغانستان، تورکیا و عێراق لە کۆشکی سەعدئابادی تاران بە مەبەستی دۆستایەتی و دەست درێژنەکردن بۆ خاکی یەکتر مۆرکرا. ناوەڕۆکی ئەم ڕێکەوتنە، هاوڕایەتی و یەکدەنگی ئەم چوار وڵاتە بوو لە هەڵوێستە سیاسییەکان و یەکگرتنیان لە کاتی مەترسی و شەڕدا. ئەم دەوڵەتانە بەڵێنیان دابوو کە لە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی یەکتر خۆ بپارێزن و سنوورەکانی یەکتر نەبەزێنن. بۆ یەکتر دەست درێژی نەکەن و لە پێکهێنانی ئەنجومەن و گرووپی بەرهەڵستکار کە ئامانجیان لە ناو بردنی ئاشتی و ئارامی یەکێك لەم وڵاتانە بێت، خۆ بپارێزن.

لە کاتی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٤١ (داگیرکردنی ئێران لە شەڕی جیهانی دووهەم)، دەرکەوت کە ئەم پەیماننامە، سەنگێکی نییە و شتێکی بێ قیمەتە.

پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان(١٩٦٦)

میثاق بین المللی حقوق مدنی و سیاسی (۱۹۶۶)

International Covenant on Civil and Political Rights (1966)

یەکێکە لەو دوو پەیماننامە گرنگە نێودەوڵەتییە کە ئەو مافانەی لە جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤدا باسی لێکراوە، لەباری یاساییەوە زەمانەتیان دەکات تاکوو جێبەجێ بکرێن(بڕوانە ماف مرۆڤ). پەیماننامەکە پێکهاتووە لە کۆمەڵێك ماف مەدەنی و سیاسی هاوبەش بۆ هەموو مرۆڤێك کە دەوڵەتەکان پابەند ئەکات بە پیادەکردن و بەرزڕاگرتنیان. ئەم پەیماننامە ٥٣ مادە لە خۆ دەگرێ و گرنگترین مافەکانی بریتین لە: ماف ژیان و ئاسایش، ئازادی بزووتنەوە، ئازادی ڕێکخستنی کۆبوونەوە و خۆپیشاندان، ئازادی بیر و ڕا و ئایین و ئەندێشە و سڕینەوەی کۆیلایەتی، ماف چارەی خۆ نووسینی نەتەوەکان و قەدەغەکردنی ئەشکەنجە. ڕەشنووسی ئەم پەیماننامە، سەرەتا لە ساڵی ١٩٥٤ لە کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشنیاز کرا و لە ساڵی ١٩٦٦ لە لایەن کۆمەڵی گشتی پەسند کرا. ئەم پەیمانە لە ساڵی ١٩٧٦ بە کۆی ٣٥ دەنگ تەوزیم کرا و وەك یاسایەك بڕاوەتەوە.

پەیمانی بەربەستکردنی چەکی ئەتۆمی پیمان منع گسترش سلاح‌های هسته‌ای
Non-prolifeation Treaty (NPT)

ئەم پەیماننامە لە یەکەمی ژوئییەی ١٩٦٨ بۆ بەرگریکردن لە پەرەسەندنی چەکی ناوەکی لە لایەن وڵاتانی بەریتانیا و ئەمریکا و سۆڤیەت مۆر کرا و لە ساڵی ١٩٧٠ بەملاوە پیادە کرا. وڵاتانی دیکەی جیهان دوا بە دوای یەکتر بوونە ئەندامی ئەم پەیماننامە.

ئەندامانی ئەم ڕێکەوتننامە، بە دوو گرووپ دابەش ئەکرێن:

١- وڵاتانی خاوەن چەکی ناوەکی کە بەڵێن ئەدەن ئەم جۆرە چەکانە بە ناو وڵاتەکانی دیکەدا بڵاو نەبێتەوە و پەرە نەستێنێ.

٢- وڵاتانی نائەتۆمی کە بەڵێنیان داوە، نەبنە خاوەنی ئەم جۆرە چەکانە.

ئەم پەیمانە لە ڕاستیدا ڕێبازێکی لۆژیکییە بۆ بەدیهێنانی ناوچەگەلی پاککراو لە چەکی ناوەکی(Nuclear Weapons Free Zone).

پەیمانی بەرگرتن لە تاقیکاری ئەتۆمی پیمان منع آزمایشهای هسته‌ای
Nuclear Test Ban Treaty

پەیمانێك کە لە نێوان بریتانیا و ئەمریکا و یەکیەتی سۆڤیەت لە ژوئییەی ١٩٦٣ لە مۆسکۆ واژۆ کرا. بە پێی بەندی ١ی پەیمانەکە:

١) هەر دەوڵەتێك کە ئەم پەیمانە ئیمزا دەکات، دەبێ خۆ بپارێزێت لە تاقیکردنەوەی چەکی ئەتۆمی یان هەر چەشنە تەقاندنەوەیەکی ناوەکی لە هەر شوێنێکی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆیدا لە ئاسمان و زەوی.

٢) هەر دەوڵەتێك کە ئەم پەیمانە واژۆ دەکات، بۆی نییە ئاسانکاری بکات بۆ تاقیکردنەوەی ئەتۆمی

یان لەم کارەدا بەشداری بکات یا ببێتە هاندەر بۆ ئەم مەبەستە.

بە پێی بەندی ٣، ئیمزاکردنی ئەم پەیمانە بۆ هەموو دەوڵەتەکان ئازادە. تا ساڵی ١٩٦٥ نزیکەی ١٠٠ وڵات پەیمانەکەیان مۆرکرد بەڵام وڵاتانی چین و فرەنسا لە مۆرکردنی ئەم پەیمانە خۆیان پاراست. لە ١٩٩٦/٩/٢٤ لە دانیشتنی ساڵانەی کۆمەڵی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرك، پێنج زلهێزی ئەتۆمی جیهان واتە ئەمریکا، بریتانیا، رووسیا، چین و فرەنسا پەیمانەکەیان مۆرکرد. بەڵام ئەم پەیمانە تا ئەو کاتەی کە لەلایەن ٤٤ وڵات کە توانایی دروستکردنی چەکی ئەتۆمییان هەیە بە ئیمزا نەگات، بە شێوەیەکی جیددی پیادە ناکرێت.

پەیمانی سێسنوور پیمان سه مرز Three-Borders Treaty

لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٩٤٤ کۆبوونەوەیەکی نهێنی بە مەبەستی یەکگرتنی کوردستانی گەورە لە سەر کێوی دالانپەر(کە سنوورەکانی ئێران و عێراق و تورکیا لەوێدا یەك دەگرنەوە) بەسترا. نوێنەرانی سێ پارچەی کوردستان لەو کۆبوونەوەدا پەیمانێکیان ئیمزا کرد بۆ هاوکاری و پشتیوانی یەکتر کە بە پەیمانی سێ سنوور ناوبانگی دەرکرد. نوێنەران بریتی بوون لە: قاسم قادری، لە لایەن کۆمەڵەی ژ. ك (کوردستانی رۆژهەڵات)، شێخ عوبەیدوڵڵا(کوردستانی باشوور) و قازی مەلا وەهاب (کوردستانی باکوور). لەو دانیشتنەدا ئەو نەخشەیەی کوردستانی گەورە پەسند کرا کە لە لایەن کۆمەڵەی کوردی بەیروت بڵاوکرابۆوە.

پەیمانی سیڤەر پیمان سور Sever pact

دوای رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ساڵی ١٩١٨، ویلسۆن، سەرکۆماری ئەمریکا لە پلانەکەی خۆیدا بە ناوی ئاشتی رایگەیاند کە ئەبێ بە کەمایەتیە غەیرەتورکەکانی عوسمانی، مافی سەربەخۆیی بدرێت. بەم بۆنەوە لە ١٠ی ئاگۆستی ساڵی ١٩٢٠ کۆنفرانسێك بە بەشداربوونی بەریتانیا، فەرەنسە، ئیتالیا، ژاپۆن، ئەرمەنستان، بەلجیکا، یۆنان، حیجاز، پۆڵەندا، پورتوگال، رۆمانی، چێك و تورکیا سەرەنجام ئەمریکا و شاندێکی کورد وەك ئەندامی چاودێر لە گفتوگۆکانی پەیوەست بە کوردستان و ئەرمەنستان رێکخرا. لەم کۆنفرانسەدا پەیماننامەیەکی ٤٣٢ مادەیی مۆرکرا کە ئەم ٣ مادەی خوارەوە پێوەندی بە کێشەی کوردەوە بوو بەڵام هیچ کات نەگەیشتە ئاستی جێبەجێکردن.

مادەی ٦٢

کۆمیتەیەك کە لە ئەستەنبوڵ دانیشتن ئەکات و بریتیە لە سێ ئەندامی دانراوی دەوڵەتانی بەریتانیا و فەرەنسە و ئیتالیا، لە ماوەی ٦ مانگ (لە بەرواری پیادەکردنی ئەم پەیماننامەوە) نەخشە و گەڵاڵەیەك دائەرێژێ بۆ خودموختاری ناوچە کوردنشینەکانی رۆژهەڵاتی فورات، باشووری سنووری ئەرمەنستان، کە دواتر دیاری ئەکرێ و هەروەها باکووری سنووری تورکیە و سووریە و مێزۆپۆتامیا(بە جۆرێك کە لە مادەکانی ٢و٣و٢٧ ئاماژەی پێکراوە). لە سەر هەر خاڵێك کە پێك نەهاتن، ئەم بابەتە لە لایەن ئەندامانی

کۆمیتەکە، بە دەوڵەتە پێوەندیدارەکان رابگەیەندرێ.

ئەم گەلالە هەڵگری هەموو پێشنیازێکی پێویست بێت بۆ داکۆکی کردن لە کەمینەی ئاسووری و کلد و کەمینە ئایینی و نەژادییەکانی ناوچەکە. هەر بەم بۆنەوە کۆمیتەیەك بە بەشداری نوێنەرانی بەریتانیا و فەرەنسە و ئیتالیا و ئێران و کوردەکان دادەمەزرێ بۆ لێکدانەوە و بڕیاردان لە کاتی پێویستدا و لە سنووری تورکیە ـ ئەو شوێنەی کە بە پێی ئەم پەیمانە، لە گەڵ سنووری ئێران یەك ئەگرێتەوە ـ دیتن بکات.

مادەی ٦٣

بە پێی ئەم پەیماننامە دەوڵەتی تورکیا، رازی ئەبێت کە بڕیارەکانی هەر دوو کۆمیتەی ناوبراو لە مادەی ٦٢ تاکوو سێ مانگ لە بەرواری راگەیاندن بە دەوڵەتی ناوبراو، پیادە بکات.

مادەی ٦٤

دوای یەك ساڵ لە پیادە کردنی ئەم پەیماننامە، هەر کاتێك خەڵکی کوردی دانیشتووی ئەو ناوچانەی کە لە لە مادەی ٦٢ باسکراون، هانا بەرن بۆ کۆمەڵی نەتەوەکان و بتوانن بیسەلمێنن کە زۆرینەی حەشیمەتی ئەم ناوچانە حەز بە جیابوونەوە لە وڵاتی تورکیا دەکەن و کۆمەڵی نەتەوەکانیش، بەو قەناعەتە بگات کە ئەم خەڵکە شیاوی سەربەخۆیین و دان بەم شتەدا بنێ، ئەوا ئەبێ تورکیا بە پێی ئەم پەیماننامە، رەفتار بکا و لە هەموو ماف و خواستەکانی خۆی لەم ناوچانە چاوپۆشی بکات.

چۆنییەتی شیکردنەوەی ئەم چاوپۆشییە، ئەبێتە بابەتی پەیماننامەیەکیتر کە لە نێوان دەوڵەتە بەناوبانگەکانی ناوچەکە و دەوڵەتی تورکیا، مۆر ئەکرێ.

مادامێکی تورکیا لە ماق خۆی چاوپۆشی کرد، دەسەلاتدارانی ناوچەکە نابێ لە گەڵ پەیوەست بوونی ئارەزوومەندانەی کوردانی دانیشتووی ئەو ناوچە لە کوردستان کە تا ئێستا بەشێك بوون لە ویلایەتی موسڵ بۆ دامەزرانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دژایەتی بکەن...

پەیمانی ڤێرسای — عهدنامه ورسای — Versailles Treaty

پەیمانی کۆتایی هێنان بە شەڕی جیهانی یەکەم کە لە نێوان وڵاتانی هاوپەیمان و ئەڵمانیا لە رێکەوتی ١٩١٩/٦/٢٨ لە کۆشکی ڤێرسای پاریس مۆرکرا. بە پێی ئەم پەیمانە کە بریتیبوو لە ١٥ پاژ و ٤٤٠ بەند، بەشێك لە خاکی ئەڵمانیا لە لایەن وڵاتانی فرەنسا، بەلجیکا، دانمارك و پۆڵەندا داگیر کرا و بڕیاری چەککردنی تەواو لەسەر ئەڵمانیا دەرکرا و بەرپاکردنی دامەزراوە و دامودەزگای سەربازی لێ قەدەغە کرا.

پاش ئەوەی نازییەکان لە ئەڵمانیا دەسەلاتیان بە دەستەوە گرت و بە پێگەیشتنی هیتلەر(١٩٢٣) بەرەبەرە پەیمانی ڤێرسای بایەخی خۆی لەدەست دا و هەموو گەمارۆ سەربازییەکان هەڵوەشێنرایەوە. ئەمەش رێگای بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی جیهانی دووهەم خۆش کرد.

پەیمانی لۆزان — پیمان لوزان — Losan pact

لە رۆژی ٢٤ی ژوئیەی ساڵی١٩٢٣ لە نێوان وڵاتانی بەریتانیا، فەرەنسە، ئیتالیا، ژاپۆن، یۆنان، رۆمانی،

سێرب، کرۆوات و تورکیا، پەیماننامەیەك مۆر کرا کە لە راستیدا بە واتای بە رەسمییەت ناسینی وڵاتی تازەی تورکیا بوو. بە پێی ئەم پەیمانە نیشتمانی نەتەوەیی گەلی کورد بە چوار پارچە دابەش نەکرێت. ئەم پەیمانە بێ بەشداربوونی هیچ کوردێك مۆرکرا و بۆ کورد، وەك سەرەتای کۆیلەیی و دیلبوونی سیاسی ناوبردە کراوە.

لایەنەکانی بەشدار لەم کۆنفرانسەدا پەیمانێکی ئاشتیشیان مۆرکرد. زۆربەی خاکی کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی تورکیا. لەم پەیمانەدا ناوێك لە کورد نەبراوە و هیچ مافێکیشیان پێ رەوا نەبیندراوە. تەنیا لە بابەت داکۆکی لە ماف کەمینەکان، چەن هێمایەك کراوە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە کەمینەکان لە یاسای تورکیادا تەنیا بە ئەرمەنی و یۆنانی ناوبردە کراوەوە و بە ناوی ئەوەی کورد لە گەڵ تورك یەکسانە، هیچ باسێك لە کورد نەهاتۆتە ئاراوە.

پەیمانی ماستریخت پیمان ماستریخت Masstricht Treaty

ئەم پەیمانە لە لایەن سەرۆکی ١٢ وڵاتی ئەندام لە کۆمەڵەی ئابووری ئەورووپا کە بریتی بوون لە: ئەڵمانیا، ئیسپانیا، بریتانیا، ئیتالیا، ئیرلەندا، بەلجیکا، پورتوگال، دانیمارك، فرەنسا، لۆکزامبۆرگ، هۆڵەندا و یۆنان لە دیسەمبەری ١٩٩١ لە شاری ماستریختی هۆڵەندا مۆر کرا. مەبەست لەم پەیمانە یەکگرتنی سیاسی و ئابووری ئەورووپا بوو. هەروەها پیادەکردنی سیستەمێکی دراڤی یەکگرتوو، بەرەسمییەت ناسینی «شارۆمەندیی ئەورووپایی»، هاوکاری گەرمی وڵاتانی ئەورووپی لە بواری سیاسەتی دەرەکی، ئاسایش، دادوەری و هەموو کاروبارێکی ناوخۆیی هاتە ریزی داواکارییەکانی ئەم پەیمانەوە.

ساڵی ١٩٩٣ خەڵکی دانیمارك ئەم پەیمانەیان پەسند نەکرد. پاش ئەوەی هەندێ زێدەماف و بەڵێنیان بەم وڵاتە بەخشی، ئینجا خەڵکی ئەم وڵاتە دەنگی «ئەرێ»یان پێدا. ساڵی ٢٠٠١ هەر هەمان شت لە بارەی خەڵکی وڵاتی ئیرلەندای باشووری هاتە گۆڕێ. نەیاریی خەڵکی فرەنسا و پاشان هۆڵەندا لە ساڵی ٢٠٠٥ لە گەڵ ئەم پەیمانە کە بە دەستووری بنچینەیی ئەورووپا ناوبراوە، نیگەرانییەکی گەورەی لەمەڕ چەسپاندنی ئەم دەستوورە هێناوەتە گۆڕێ و یەکیەتی ئەورووپا تووشی ئاریشە دەکات. پەسند نەکردنی دەستووری یەکیەتی ئەورووپا لە وڵاتێکی وەك فرەنسا کە رۆڵێکی سەرەکی هەیە لەم یەکیەتیەدا بووە هۆی دواخستنی پرۆسەی راپرسی ئەم قانوونە. بە پێی بەرنامەی دارێژراوی یەکیەتی ئەورووپا، بریار بوو تا مانگی حەوتی ٢٠٠٦ دەستوورەکە لە هەر ٢٥ ئەندامی یەکیەتی بکەوێتە بەر راپرسییەوە و لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧ لە تەواوی ئەورووپا جێبەجێ بکرێت بەڵام بەم بۆنەوە دواکەوتووە.

پەیمانی نێودەوڵەتی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان (١٩٦٦)
میثاق بین‌المللی حقوق اقتصادی، اجتماعی و فرهنگی(۱۹۶۶)
International Covenant on Economic, Social and Cultural Rights

یەکێکە لەو دوو پەیماننامە گرنگە نێودەوڵەتییە کە ئەو مافانەی لە جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤدا باسی لێکراوە، لە باری یاساییەوە زەمانەتیان دەکات تاکوو جێبەجێ بکرێن. ئەم پەیماننامە داخوازییەکانی هەموو مرۆڤێکی لەمەڕ مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان لە بەر چاوگرتووە و دەوڵەتەکانی بە مسۆگەرکردنی ئەم مافانە راسپاردووە. ئەم پەیمانە ٣١ مادە لەخۆ دەگرێ کە بۆ نموونە دەکرێ ئاماژە بدەین بە ماف خودموختاری، کار و پشوودان، ماف مانگرتن و دامەزراندنی رێکخراوە، رزگاربوون لە هەژاری و برسییەتی و نەخۆشی، پەروەردە و باشترکردنی باری ژیان و گوزەران.

هەنگاوە سەرەتاییەکان بۆ داڕشتنی ئەم پەیمانە لە لایەن کۆمیسیۆنی ماف مرۆڤی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئەنجام گەیشت و لە ساڵی ١٩٥٤ بە کۆمەڵی گشتی ئەم رێکخراوە راگەیاندرا. بەڵام تاساڵی ١٩٦٦ لە لایەن کۆمەڵی گشتییەوە پەسند نەکرا و لە ساڵی ١٩٧٦ پاش پەسند کردنی ٣٥ وڵات یەکلاکرایەوە.

پەیمانی وارشەو — پیمان ورشو — Warsaw Treaty

پەیمانی وارشەو (Eastern European Mutual Assistance Treaty – پەیمانی هاریکاری هاوبەشی ئەورووپای رۆژهەڵات) پەیمانێکی سەبازی بوو کە لە بەرامبەر پەیمانی یەکیەتی ئەورووپای رۆژاوا، ناتۆ* لە نێوان وڵاتانی کۆمۆنیستی ئەورووپای رۆژهەڵات بەسترا. ئەم پەیمانە لە ١٩٥٥/٥/١٤ لە نێوان وڵاتانی چیك، ئەڵبانیا، ئەڵمانیای رۆژهەڵات، پۆڵەندا، مەجارستان، رۆمانیا و یەکیەتی سۆڤیەت لە شاری وارشەو بۆ ماوەی بیست ساڵ گرێدرا. ئامانجی پەیماننامەکە دابینکردنی هاریکاری سیاسی و سەربازی لە نێوان ئەم وڵاتانە بوو. بە پێی پەیمانەکە هەرکات یەکێك لە ئەندامەکانی رێکخراو، بکەوتایە بەر هێرش، ئەندامانی دیکە بە دەنگییەوە دەهاتن و بە هەموو هێزێکەوە پشتیوانییان لێ دەکرد.

ناوەندی سەرکردایەتی عەملیاتی چەکداری لە شاری مۆسکۆ بوو. ئەڵبانیا لە ساڵی ١٩٦٨ وازی لەم پەیمانە هێنا. ئەم پەیمانە لە ساڵی ١٩٧٥ بۆ ماوەی بیست ساڵیتر واژۆ کرایەوە بەڵام دوای رووداوەکانی ساڵی ١٩٨٩ کە لە وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات هاتە کایەوە و پاش هەڵوەشانەوەی بلۆکی رۆژهەڵات*، ئەم پەیمانەش لە ساڵی ١٩٩١ بە شێوەیەکی رەسمی هەڵوەشایەوە. (بڕوانە دیواری بەرلین).

پەیمانی وێستفالیا — عهدنامۀ وستفالی — Treaty of Westphalia

پەیمانێك کە لە پاش شەڕی ٣٠ ساڵەی ئایین لە ئەورووپا (١٦٤٨-١٦١٨) لە نێوان هەموو وڵاتانی ئەورووپی جگە لە بریتانیا و پۆڵەندا واژۆ کرا. گرینگی ئەم پەیمانە لە ئاست پێوەندییە نێونەتەوەییەکان، لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوەیە:

١ــ ئەم پەیمانە بوو بە دەسپێك و رێنموونێك بۆ کۆنفرانس و پەیمانەکانی دواتر لە پێوەندی نێونەتەوەییدا.

٢- بە پێی ئەم پەیمانە، کۆنفدراسیۆنی سویسرا و هۆڵەندا بە سەربەخۆ ناسرا.

٣- نزیکەی ٣٥٠ یەکینەی سیاسی ئەڵمانیا، بە پێی ئەم پەیماننامە سەربەخۆییان وەرگرت.

٤- سەربەخۆیی فرەنسا و پورتوگال بە ڕەسمییەت ناسرا و دەستتێوەردانی پاپا لە کاروباری ناوخۆیی و دەرەکی ئەم وڵاتانە قەدەغە کرا.

٥- بنەمای سەربەخۆیی وڵاتەکان(سیاسی و ئایینی) هەروەها یەکسانییان لە گۆڕەپانی نێونەتەوەیی و پێوەندی دەرەکی، بۆ یەکەمین جار بەڕەسمییەت ناسرا و لەسەری ڕێککەوتن.

٦- وڵاتەکان لەهەڵبژاردنی ئایین سەرپشك دەبن و لە سەر ئەوەش ڕێککەوتن کە گرووپە ئایینیەکانی کاتۆلیك و لۆتری و کالۆنیست ئازادی تەواویان هەبێت.

٨- سیستەمی هاوسەنگی هێزەکان لە ئیمپراتۆری رۆما و ئەورووپا بە مەبەستی بەرگریکردن لە سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی «سەردەست» لە نێوان یەکە سیاسیەکانی ئەورووپا بەدیهات.

٩- ئەندامانی پەیمانەکە، بەڵێنیان دا کە لە بەرامبەر هەر چەشنە دەستدرێژی و داگیرکارییەك، بێ ڕەچاوکردنی ئایین، یارمەتی یەکتر بدەن.

Capital پایتخت پێتەخت

ناوەندی حوکمەتی هەر وڵاتێك کە تێیدا پادشا یان سەرۆك کۆمار یان تاقمی دەسەڵاتدار نیشتەجێ بن و هەموو کاروباری ئیداری و سیاسی وڵات لەوێ بە ئەنجام بگات. لە هەندێ لە وڵاتان کاروباری سیاسی تەنیا لە یەك شار جێبەجێ ناکرێت و لە یەك کاتدا خاوەنی چەند پێتەختن. بۆ وێنە وڵاتی هۆڵەندا کە ئامستردام، شوێنی نیشتەجێ بوونی پادشایە و بنکەی ئەنجومەنی وەزیرانیش لە شاری لاها یە.

Peronism پرونیسم پێرۆنیزم

لە ناوی خووان پێرۆن(١٨٩٥-١٩٤٧)، دیکتاتۆری بەناوبانگی ئەرجەنتین لە ساڵەکانی(٥٥-١٩٤٦) و (٧٤-١٩٧٣) و هاوسەرەکەی ئێڤا پێرۆن وەرگیراوە کە بریتییە لە پرۆگرامە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی.

پێرۆن، بە ڕێکخستنی جڤاتەکی چینی کرێکار لە یەکیەتی کرێکاری و میلیشیای کرێکاری بە دژی گرووپی نوخبە و توێژی باڵای مامناوەندی و بە سپاردنی دەسەڵات لە بەستێنی سیاسەتی دەرەوە و هاندانی ئەرجەنتین یەکان بە دژی ئەمریکا و هەروەها بانگەشەی بەدەستەوە گرتنی ڕێبەرایەتی ئەمریکای لاتین، توانی سەرنجی جیهان بەرەو لای خۆی راکێشێ. ئەگەرچی نەیتوانی کێشە ئابوورییەکانی وڵاتەکەی خۆی چارەسەر بکات بەڵام لە دڵی هەمووان جێی خۆی کردبۆوە.

پاش مەرگی پێرۆن، هاوسەرەکەی وەك سەرکۆمار، ڕێبازەکەی درێژە پێدا بەڵام دوای دەرکەوتنی کارنەزانی و گەندەڵبوونی حوکمەتەکەی، لە لایەن ئەرتەشەوە سەرنگوون کرا و لە باو کەوت.

پێشکەوتن خوازی پیشرفت‌خواهی/ترقی‌خواهی Progressism

بە مانای بڕوا هێنان بە گۆڕان و بووژانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی مرۆڤە. ئەم بڕوایە هەمیشە یەکێك بووە لە بنەماکانی ئایدیۆلۆجی لیبرال و چەپ بۆ پێکهێنانی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی باشتر و کارامە. بەم بۆنەوە لەم بەرەدا ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانە و ریفۆرم خوازانە سەریان هەڵداوە کە خوازیاری لەناوچوونی ئەو تەگەرە سیاسییانە بوون کە لە بەردەم گەیشتن بە سیستەمی باشتر و عەداڵەتخواز و «خۆشبەختی هەمووان»، ڕێگر بوون.

پێشکەوتن خوازەکان، بە دوو تاقم دابەش ئەکرێن: یەکەم، ئەوانەی کە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی دیموکراسی*و یەکسانی ئابووری لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە، بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی یەکسان بە پێویست ئەزانن. دووهەم، ئەوانەی کە گەیشتن بە یۆتۆپیا*ی برایەتی و یەکسانی، بە جەوهەری یاسای سروشت و مێژوو دەزانن. مارکسییەکان، توندڕەوترین و شەیداترین پێشکەوتن خوازەکان لە ئەژمار دێن.

چەمکی«پێشکەوتن» ئیمڕۆکە بۆتە یەکێك لە بەها سەرەکییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەم کە خۆیان بە شۆڕشگێڕ دەزانن، بۆ«پێشکەوتن»هەوڵیان داوە. پێشکەوتن خوازەکان کە هەمیشە ئێستا و ئایندە لە ڕابردوو بە باشتر ئەزانن، لە بەرامبەر هەر چەشنە ڕابردووخوازییەك دژایەتی ئەکەن و دژبەرانی خۆیان بە «کۆنەپەرستی»* تاوانبار دەکەن.

مەرجەکانی پێویست بۆ پەرەپێدان بە بیرۆکەی پێشکەوتنی مرۆڤ بریتییە لە:

١) مەحفکردنەوەی ئەفسانەی سەدەکانی ناوەڕاست، چونکا پێی وایە دنیا لە داهاتوویەکی نەزۆر دووردا کۆتایی پێ دێت.

٢) جێماوەکانی ڕێنسانس و شۆڕشی زانستیانە و کاردانەوەی لە سەر باوەڕی مرۆڤ بەوەیکە لۆجیك و ژیربێژی جیهانگیر ببێت.

٣) بە هێزبوونی ئەم باوەڕە کە ئەندێشەی مرۆڤ هەر دێتوو بەرەو ژیری و لۆژیکی بوونی زیاتر ئەڕوات.

پێکهاتن/ ڕۆنان فورماسیون/ صورت بندی Formation

زاراوەی فۆرماسیۆن لە وشەی form بە واتای شێواز و داڕشتن وەرگیراوە. فۆرماسیۆن بە واتای پێکهاتن و ڕۆنان هاتووە و لە بواری سیاسیدا بۆ پێکهاتە و شێوازبەندی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری ژیانی مرۆیی بەکاردێت. مەبەست، سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکانە کە لە مێژوویەکی دیاریکراودا بیچم دەبەستێ و دێتەدی. (بڕوانە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری).

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری صورت بندی اجتماعی ـ اقتصادی Socio-Economic Formation

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری بریتییەلە سیستەمی ئابووری دیاریکراوی مێژوویی و سەرخان*ی تایبەت بەو پێکهاتە. لە زاراوەی مارکسییەکاندا لە مێژووی مرۆڤ پێنج پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری

بەرچاو دەکەوێ کە بریتین لە: کۆمۆنی سەرەتایی، کۆیلەداری، فیۆدالیزم، سەرمایەداری و کۆمۆنیزم. هەرکام لەم پێکهاتانە، لە بواری چۆنییەتی سەرهەڵدان و فراژووتنیان خاوەنی یاسای تایبەت بە خۆیانن. لە هەمان کاتدا یاسایەکی گشتیش لە ئارادیە کە لە هەموو پێکهاتە کۆمەلایەتی ـ ئابوورییەکاندا دەور دەبینێت.

هەریەك لەم قۆناغانە پێکهاتەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی تایبەت بە خویان هەبووە. لە راستیدا گۆڕینی پێکهاتەیەك بۆ پێکهاتەیەکی‌تر بە هوی ئەو ناکۆکییانەوە بوو کە لە کۆمەڵگای پێشوودا سەریان هەڵداوە و بوونەتە هۆی ئامادەبوونی پێکهاتەیەکی‌تر. بۆ نموونە سەردەمی کۆیلەداری بە هۆی ئەو ململانێ و ناکۆکییانەوە بوو کە لە ناو ئەو پێکهاتەدا هەبوون. ئەمەش بووە هۆی لێك هەڵوەشانەوەی ئەو پێکهاتە و فیۆدالیزم، وەك پێکهاتەیەکی نوێ جێی گرتەوە. بەم پێیە لە هەر سەردەمێکدا پێوەندی نوێی بەرهەمهێنان و شێوازێکی نوێی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەقامگیر دەبێ و فۆرمێکی تازە لە کۆمەڵگادا دروست دەبێ.

پیلان/کەتن | توطئه | Plot

کردەیەکی پەنامەکی و شاراوەیە کە لە لایەن گرووپێکی شۆڕشگێر یان سیاسی بۆ رووخانی ناوەندی رێبەرایەتی سیاسی ولاتێك بە ئەنجام ئەگات. بۆ وێنە: پیلان بە دژی هیتلەر(١٩٤٤) هەروەها بەدژی نووری سەعید و مەلیك فەیسەڵ(١٩٥٨) و عەبدولکەریم قاسم (١٩٦٣)لە عێراق.

پێوەندی نێودەوڵەتی | روابط بين الملل | International Relations

پێوەندی نێودەوڵەتی کە پتر بە سیاسەتی نێونەتەوەیی و سیاسەتی دەرەکی ولاتان پێناسە کراوە بریتییەلە توێژینەوەی پێوەندی و دانوستان و وەگەڕخستنی زانیاری و پەرچەکرداری ولاتانی لێك جودا. توێژینەوەی پێوەندی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەم بابەتانەی خوارەوە سەروکاری هەیە:

١ـ ئەکتەری گۆڕەپانە نێودەوڵەتییەکان: بۆ نموونە، ولات، حوکمەت، رێبەر، دیپلۆمات و جەماوەر.

٢ـ ئەو ئامانجانەی کە ئەکتەرەکان دەیانهەوێت پێی بگەن: واتە ئاسایش، خۆشگوزەرانی و دەسەڵات.

٣. ئەو ئامرازانەی کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان کەڵکی لێ وەردەگیرێ: واتە دیپلۆماسی، بەکارهێنانی دەسەڵات و بەقەناعەت گەیاندن.

٤ـ مەیدانی کار و چالاکی: بونیادە سەرەکییەکانی پێوەندی نێودەوڵەتی، پاش بەدیهاتنی سیستەمی ولاتان لە ئەورووپا بە پێی پەیمانی وێستفاڵی ١٦٤٨ داڕێژرا و شۆڕشی مەزنی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩ قایمتری کرد.

ت

تابوری پێنجەم ستون پنجم Fifth column

لە زاراوەی سیاسیدا بریتیە لە دەستوپێوەن و سیخوڕەکانی وڵاتێك لە وڵاتێکی دیکە، یان داروودەستەی گرووپێکی نەیاری دەوڵەت لە ناو دەزگا دەوڵەتیەکاندا. ئەم زاراوە یەکەم جار لە شەڕە ناوخۆییەکانی ئیسپانیا(٣٩ـ ١٩٣٦) هاتە ئاراوە: لەو کاتەدا کە فرانکۆ فەرماندەی سوپای دژە کۆمار، بە چوار تابور هێرشی بردە سەر مەدرید، هاوکات بڕیار بوو گرووپێکی‌تر دزە بکەنە ئەم شارە و لە ناوەوە هێرش بەرنە سەر هێزەکانی پاراستنی شارەکە. ئەم گرووپەیان بە «تابوری پێنجەم» لە قەڵەم دا. ئیمڕۆکە ئەم زاراوە بۆ ناوبردەکردنی خەیانەتکاران و دەستوپێوەنی دوژمن لە ناو حیزب، ڕێکخراوە یان وڵاتێك بە کار دەبرێت.

تاك باوەڕیی فردباوری Individualism

تیۆرییەکی سیاسی و ئەخلاقییە کە بە ئارەزووگەیشتنی تاك، بە دەرەنجامی ژیان و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ناونووس دەکات و لە سەر ئەم گریمانە ڕاوەستاوە کە سوودپەرستی تاك، خۆبەخۆ قازانجی کۆمەڵگای بە دواوە دەبێ. لەم ڕووەوە، ئەم تیۆرییە لە سەر ماف خاوەندارێتی وەك مەرجی پێویست بۆ ئازادی لەنگەر ئەگرێ و چاودێریی دەوڵەتیش، زەمانێك پەسند ئەکات کە بە مەبەستی دابینکردنی ئازادی کردەوەی تاك بێت. بە پێی ئەم تیۆرییە تاك خۆبەخۆ دەبێتە دەرەنجام و سەرەڕای گوشاری کۆمەڵگاش بۆ یەکسانکردنی تاکەکان، ئەبێ سەربەخۆ و ئازاد بێ.

ڕیشەی تاك باوەڕی ئەگەڕێتەوە بۆ باوەڕی سۆفستەکانی یۆنان بەڵام لەم چاخەدا بە شێوەی جووڵانەوەیەکی فیکری ئاوێتە بووە لە گەڵ جووڵانەوەی ڕیفۆرماسیۆن لە سەدەی شانزەدا کە لە ئەورووپا سەری هەڵدا. هەر ئەم جووڵانەوە بوو کە هەلی ئازادی تاکەکەسی لە پێوەند لە گەڵ خوداوەند، بێواسیتەی کلێسە و ڕەهابوون لە ژێر سوڵتەی کلێسەی ڕەخساند.

ئەغڵەب، تاك باوەڕییان بە واتایەکی ناپەسند بە کارهێناوە و بە مانای دەرچوونی تاك لە ژێر تەوزیمی کۆمەڵایەتی و خودپەرستی بێ قەید و بەند لە قەڵەم دراوە بەڵام نووسەرە کۆنەپارێزەکانی سەدەی بیستەم، تاك باوەڕییان زیاتر لە بەرامبەر سۆشیالیزم* و چەشنەکانی دیکەی کۆباوەڕی (کۆلکتیویزم) ئاراستە کردووە و لەو ناوانە بۆ داکۆکی کردن لە ماف و ئازادییە سەرەکییەکانی تاك سوودیان وەرگرتووە کە بەڕای ئەوان سۆشیالیزم دەیپووکێنێتەوە.

تاڵیبان طالبان Taliban

گرووپێکی سیاسی ـ چەکداری کۆنەپەرست و توندڕەوی ئەفغانییە کە لە میانەی ساڵی ١٩٩٤ بە یارمەتی

ڕاستەوخۆی وڵاتانی ناوچەکە بۆ وێنە پاکستان، بوونی خۆی ڕاگەیاند. زۆرینەی ئەندامەکانی لە قوتابخانە ئایینیەکانی پاکستان لە بواری ئایینی و چەکدارییەوە ڕاهاتوون. پاش ئەو ئاخۆران باخۆرانە سیاسییەی کە لەدوای پاشەکشێی هێزەکانی ئەرتەشی سوور(یەکیەتی سۆڤیەت) لە ئەفغانستان هاتە کایەوە، تالیبان بە پاڵپشتی عەرەبستانی سەعودی و پشتیوانی چەکداریی پاکستان، توانی لە سیپتەمبەری ١٩٩٦ دەست بەسەر کابول(پێتەختی ئەفغانستان)دا بگرێ و نەجیبوڵلا، سەرکۆماری پێشووی ئەم وڵاتە لە سێدارە بدات. تالیبان لە دەوامەی هێرشەکانی خۆیدا توانی لە ئاگۆستی ١٩٩٨ شاری مەزار شەریف بگرێتەوە و هەزاران شیعە و ئەندامانی کۆنسولگەری ئێران لەو شارە، بە کۆمەڵ بکوژێت.

تالیبان پاش گرتنەوەی نزیکەی ٩٠٪ خاکی ئەفغانستان ناوی وڵاتەکەی بە «میرنشینە ئیسلامییەکانی ئەفغانستان» گۆڕی و«مەلا محەمەد عومەر»ی وەك «امیر المومنین» بە دەسەڵات گەیاند. سیاسەتی توندڕەوانەی ناوخۆ و دەرەوەی ئەم ڕژێمە، بووە هۆی بەرپابوونی ترس و خۆفێکی گەورە لە ناوەوە و دەرەوەی ئەفغانستان و دوای چەندەها کوشتاری بەکۆمەڵ لە لایەن دەستوپێوەنەکەی، ڕق و کینێکی جیهانی بەدژی هەڵگیرسا.

دوابەدوای ڕووداوە تیرۆریستییەکەی یازدەی سێپتەمبەری* ٢٠٠١ لە ئەمریکا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پەنجەی گومانی بەرە و ئۆسامە بین لادەن، بەرهەڵستکاری سەعودی درێژ کرد کە لە لایەن تالیبانەوە پشتیوانی لێ دەکرا و ئەفغانستانی کردبووە مۆڵگە و فێرگەی هێزە تیرۆریستییەکانی خۆی بەدژی ئەو شتەی کە پێی دەگوت، بەرژەوەندی ئیمپریالیزمی جیهانی.

تالیبان کە نەیدەویست بین لادەن ڕادەستی ئەمریکا بکات و بنکەکانی«ئەلقاعیدە»* کۆبکاتەوە، کەوتە بەر هەڕەشە و غەزەبی چەکداریی ئەمریکا و لە ٢٠٠١/١١/٧، هێزەکانی ئەمریکا، هێرشیان بردە سەر خاکی ئەفغانستان و بە ساڕووخ و فڕۆکەی جەنگی ئەم وڵاتەیان دابێژا. بەم بۆنەوە ڕێگا بۆ نەیاران و بەرهەڵستکارانی تالیبان خۆش بوو. لەم سەروبەندەدا کە یەکیەتی باکوور بە ڕێبەرایەتی ئەحمەدشامەسعوود، شیرازەی لێك پچڕابوو، توانی هێزەکانی خۆی تەیار بکاتەوە و بە پشتگیریی نێودەوڵەتی دەست بەسەر کابولدا بگرێت. تالیبان، کە تەنیا ڕێگای هەڵاتنی بۆ مابۆوە سەنگەرەکانی خۆی چۆڵ کرد و پەڕەوازەی کوێستانەکان بوو. پاش دامەزرانی«لۆیە جەرگە» (ژووەنی ٢٠٠٢) حامید کارزای بە سەرۆك کۆماری ئەفغانستان هەڵبژێردرا.

لەو کاتەوە تاکوو بەرایی ساڵی ٢٠١٠ هێزەکانی ناتۆ خاکی ئەم وڵاتەیان چۆڵ نەکردووە و جارجارێك لە لایەن چەکداری تالیبان دەکەونە بەر هێرش و ئێستاش ئاسایش بۆ ئەم وڵاتە نەگەڕاوەتەوە.

تامیزم تامیسم Thomism

ئەم زاراوە ئەگەڕێتەوە بۆ توماس ئاکوینیاس(١٢٧٣-١٢٢٥)فەیلەسوفی بەناوبانگ و کەسایەتی پیرۆزی کلێسەی کاتۆلیکی ڕووم. ئەم قوتابخانە پێی وایە کە: مرۆڤ بوونەوەرێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیە. ئامانجی

دەوڵەت پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگایە و سەرچاوەی حوکمەت ئەگەڕێتەوە بۆ خوا. لە پێوەندی تاك و دەوڵەتدا حوکمەت نابێ بە هاووڵاتیانی خۆی ستەم ڕەوا بینێت. باشترین شێوازی حوکمەت پاشایەتییە بە مەرجی چەقبەستنی یاسا و پیادەکردنی.

تاوانی سیاسی جرم سیاسی Political offence

کردارێکی تاوانبارانە کە بە مەبەستی ڕووخانی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و شێواندنی بەڕێوەبەرایەتی سیاسی بە ئەنجام بگات، یان هەر کردارێکی تاوانبارانە کە دەرەنجامەکەی ڕووخانی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و زیان گەیاندن بە ڕێبەرانی سیاسی بێت. ڕوودانی تاوانی سیاسی وەك هەر تاوانێکیتر، گرێدراوی سێ ڕوکنی ماددی و مەعنەوی و قانوونیە و مادامێکی یەکێك لەم کۆڵەکانە بلەنگێت، ئەوا تاوانێك ڕووی نەداوە. بۆ سەلماندنی تاوانێکی سیاسی دوو ڕێسا گرنگە: یەکەم، ڕێسای زەینی. دووهەم ڕێسای عەینی(بەرچاو). بە پێی ڕێسای زەینی، کەسە تاوانبارەکە و ئامانجەکەی گرینگە نەك تاوانەکە و شوێنەوارە بەجێماوەکەی. بەم پێیە تاوانی سیاسی بریتییە لەوە کە تاوانبار بە پاڵنەری سیاسی و بە مەبەستی نسکۆ لێدان بە حوکمەت دەسبەکار بووبێت. بە پێی ڕێسای عەینی، پێودانگی سەرەکی بۆ دەرکەوتنی تاوانێکی سیاسی، شوێنەوارێکە کە لە تاوانەکە بەجێ ئەمێنێت. ئەگەر تاوانەکە زیان بگەیەنێ بە حوکمەت و ئازادیە گشتییەکان، ئەوا لە جوملەی تاوانی سیاسی لە ئەژمار دێت.

تاوانی نێودەوڵەتی جرم بین المللی International Crime

لادان لە پرەنسیپەکانی دەوڵەت و نەتەوەکان و سستکردنی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایش کە بریتین لە: دەست درێژی، داگیرکاری*، جینۆساید*، ئاپارتاید*، ڕەگەزپەرستی و نەپاراستنی پاك و خاوێنی ژینگە.

ترۆتسکیزم تروتسکیسم Trotskism

لقێکە لە ڕێبازی کۆمۆنیستی کە لە لایەن لیۆن ترۆتسکی (١٩٤٠-١٨٧٩)شۆڕشگێری بە ناوبانگی سۆڤیەت و چالاکوانی شۆڕشی ١٩١٧ سۆڤیەت، هاتە ئاراوە.

لایەنگرانی ترۆتسکی بە سەرۆ وەرگرتن لە ئەندێشەکانی مارکس و ئەنگڵس و لێنین، هەروەها ئەزموونەکانی شۆڕشی سۆڤیەت کە ترۆتسکی تێیدا دەورێکی باڵای هەبووە. خۆیان بە مارکسیە شۆڕشگێڕەکان ناوبردە ئەکرد. ئەمانە دەیانویست سەرمایەداری بە شۆڕشێکی کرێکاری بڕووخێت. لە دیکتاتۆری پرۆلتاریا پشتیوانی دەکەن بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی کە تێیدا چینی چەوسێنەر بێدەست بکرێ و دەسەڵات بکەوێتە دەس چینی ڕەنجدەران و کۆمەڵگا بە شێوازی سیستەمی فرە حیزبی ئیدارە بکرێ.

ترۆتسکی، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٠٦ لە وتارێکدا بە ناوی «شۆڕشی ئێمە» تیۆرییەکەی خۆی دەربارەی شۆڕشی هەمیشەیی ئاراستە کرد. لەم ڕێبازەدا ئەم فیکرەی هێنایە ئاراوە کە شۆڕش ڕووداوێکی کتوپڕ نییە بەڵکوو لە زنجیرە گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەچێ کە وەك وەرچەرخانێکی بێ‌ڕاوەستان بۆ بزووتنەوەی کرێکاری دەرفەتێك ئەڕەخسێنێ تاکوو سەربەخۆ لە هێزە بەرهەمهێنەکانی خۆی شۆڕشەکە دەسپێئەکا و بەرە و پێشی دەبات.

لە بەرامبەر تیۆری «شۆڕشی هەمیشەیی» ترۆتسکیدا تیۆری ستالین دەربارەی «سۆشیالیزم لە وڵاتێکدا»هاتە ئاراوە. لە بەردەوامیئەم ڕێبازە، ترۆتسکی لە چەن وتارێکی بەناوبانگ لە ژێر سەردێڕی«ڕێگەی نوێ»، شەڕی خۆی بەدژی بوروکراسییەت دەسپێکرد. ئەو ڕەخنەی گرت لەوەیکە بڕیارەکانی حیزب تەنیا لە لایەن چەن کادێرێکی پایەبەرزی حیزبەوە دەرئەکرێت و ئەندامانی ئاستی خوارەوەی حیزبەکە تەنیا لێی ئاگەدار ئەبن. ترۆتسکی لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٣ ئەمەی ڕەت کردەوە کە بوروکراسییەت تەنیا«ئیدارە گەرێتی» و پاشماوەی بارودۆخی ڕابردوو نییە بەڵکوو لاگیرییەکی سەرەکییە کە ڕەنگە ببێتە دژە شۆڕشێك.

ترۆتسکی پێشنیازی کرد کە حیزبایەتی، دیموکراتیزە بکرێت. ناوەندی چالاکی لە سەرەوە ڕادەستی خوارەوە بکرێت. ئەو پێی وابوو کە بەدیهێنانی دیموکراسی دەروون حیزبی تاکە ڕێگەی زاڵبوونە بە سەر نەستی لاگەیی کادێرەکان. ئەو لە کتێبی «ئەو شۆڕشەی کە خەیانەتی پێکرا» دەڵێ: «یەکییەتی سۆڤیەت لەگوێن وڵاتێکی کرێکاریی. هەڵقولاوی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧یە کە بەدەوڵەتی کردنی کەرەستەی بەرهەمهێنان، بۆتە هۆی گەشەی خێرای ئابووری. بەڵام لە ژێر دەسەڵاتی ستالینیزم، دەوڵەت بە تەواوی تووشی وەرچەرخان بووە و لەجیاتی ئەوەی ببێتە کەرەستەیەك و بە دەست چینی کرێکارەوە بێت، بۆتە داردەستێك بۆ چەوساندنەوەی کرێکار».

بە ڕای ترۆتسکی، «پرۆسەی شۆڕشگێڕیی ئەبێ بە دژی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و خنکانی سیاسی بێت. سێندیکا و ئەنجومەنی کارگەکان ئەبێ ئازادی خۆیان وەدەست بێنن. حیزبەکان تا ئەو شوێنەی کە بڕوایان بە سۆشیالیزم بێت، یاسامەند بکرێن، ئابوور بکەوێتە خزمەت بەرهەمهێن و ئەنجومەنی کارگەکان بە سەر بەرهەمهێناندا چاودێری بکەن و ...»

لەم چەن دەساڵەی دواییدا ڕێبازی ترۆتسکی لە هەندێ بابەتەوە بووە جێگای هیوایەت بۆ لایەنگرانی«چەپی نوێ» کە مەیلێکیان بە کومۆنیزمی سۆڤیەت و مائۆئیزم نەبوو. بۆیە لە شۆڕشەکانی مانگی مای ١٩٦٨ لە فەرەنسەدا دەوری گێڕا. لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتیش بەناوی ئەڵتەرناتیڤی چەپی «شۆڕشگێڕی - مارکسیستی» سەری هەڵدا.

ترۆتسکی لە ساڵی ١٩٤٠ کوژرا و لایەنگرەکانیشی تەنیا لە وڵاتی سەیلان، توانییان ببنە هێزێکی سیاسی.

تۆتالیتاریزم/پاوانخوازی فراگیرندگی/توتالیتاریسم Totalitarianism

ئەم زاراوە لە ریشەی لاتینی (totus) بە مانای «گشت» وەرگیراوە. بەو رێباز و ئەندێشە سیاسی و ئایینی و ئەخلاقییانە دەگوترێ کە هیچ سنوورێك لە نێوان ژیانی کۆمەلایەتی و ژیانی تاکەکەسی قاییل نابێت و بۆی هەیە تەواوی کەلێن و قوژبنی ژیانی خەلك بپشکنێ و دەستی تێوەردات. هەلبەت ئەوە لە بیر نەکەین کە تۆتالیتاریزم، لە خۆیدا ئایدیۆلۆجیایەکی تایبەت نییە بەلکوو تایبەتمەندی ئایدیۆلۆجیکی سیستەمگەلێکی وەك کۆمۆنیزم و فاشیزم و نازیسم لە ئەژمار دێت.

تۆتالیتاریزم، یەکەم جار لە دوای سالی ١٩٢٣، واتە ئەو سالەی کە مۆسۆلینی لە ئیتالیا دەسەلاتی بە دەستەوە گرت، بۆ ناوبردە کردنی ئەو سیستەمە کۆمەلایەتی و سیاسییەی کە دەیویست لەم ولاتەدا پیادەی بکات بە کار براوە و پاشان دەماودەم بلاو بۆتەوە.

بە گشتی ئەو رژێمانەی کە هەلگری خەسلەتی تۆتالیتەرین، ئەم تایبەتمەندییانە لە خۆ دەگرن:

١- کۆنترۆلی دەولەت بە سەر هەموو کاروبارێکی کۆمەلایەتی و ئابووریدا.

٢- پاوانکردنی دەسەلاتی سیاسی بە دەستی حیزبی دەسەلاتدار.

٣- لابردنی هەموو جۆرە شێوازێکی چاودێریی دیموکراتی لە کۆمەلگادا.

٤- پەنا بردن بە تیرۆر بۆ سەرکوتکردنی هەر چەشنە نەیارییەك.

٥- قۆرخکردنی حیزب و دەولەت لە لایەن تاکە کەسێکەوە.

٦- هەولدان بۆ پێکهێنانی کۆمەلگایەك بە پێوانەکانی ئایدیۆلۆجی حیزبی دەسەلاتدار.

٧- خستنەگەڕی هەموو هێزەکانی کۆمەلگا لە پێناو ئامانجەکانی حیزب و دەولەت و ئیفلیجکردنی سەربەخۆیی تاکەکەسی.

تۆڕی سەرانسەری جیهانی شبکە سراسری جهانی World Wide Web (www)

تۆڕی سەرانسەری جیهانی کە زۆرجار بە وێب یا «www» ناسراوە، باشترین خزمەتی ئەنتەرنێتە کە لە رێگای چەندەها میدیاوە دەتوانێ نووسراوە، دەنگ، وێنە و ئەنیمەیشێن راگوێزێت. بنکەکانی وێب لە تەواوی جیهاندا بلاو بوونەتەوە بەلام زۆرترینیان لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادایە. لە تۆڕی ئەنتەرنێتدا ملیۆن - ملیۆن کۆمپیتەری خانەخوێش پێکەوە پێوەندییان هەیە. هەرکام لەم کۆمپیتەرانە لە زاکیرەی خۆیاندا کۆمەلێ زانیاری جۆراوجۆریان جێگیر کردووە. ئەگەر کەسێك بخوازێت لە دەریای بێ برانەوەی ئەم زانیارییانە بە خێرایی و بەلەز کەلك وەربگرێت، دەبێ لە رێگای تۆڕی جیهانی ئەنتەرنێتەوە دەستبەکار بێت. ئەم تۆڕە لە سالی ١٩٩٢ لە لایەن تیم بێرنێرز لیی. شارۆمەندی ئەمریکایی داهات و یەکەم بنکەکەشی لە لایەن ناوەندی توێژینەوەی فیزیکی گەردیلەیی ئەورووپا cern لە بەینی سویسرا و فەرەنسەدا بنیات نراوە.

تەبایی سازش Conciliation

پرۆسەی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی نێونەتەوەیی(دوو وڵات) بە ناوبژیوانیی لایەنێکی سێهەم کە رادەستی کۆمیسیۆنێکی تایبەتی سازش کرابێت و بە رەزامەندی هەر دوو لایەن دیاری کرابێت بۆ روونکردنەوەی هەقیقەت. ئەم کۆمیسیۆنە ملزەمە بە دەرکردنی راپۆرتێك کە تێیدا رێچارەیەکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە دەستەبەر بکات. هەڵبەت دوو لایەنی کێشەکە لە باری یاساییەوە بۆیان هەیە پەسندی نەکەن.

تەکتیك تاکتیک Tactic

وشەکە لە زمانی یۆنانیدا بە مانای «رێك و پێکی»یە بەلام ئیمرۆکە دوو مانای لێ ئەبێتەوە:

١ـ زانستی فەرماندەیی لە مەیدانی شەردا (شارەزای تەکتیکی جەنگی).

٢ـ کەرەستە و رێوشوێن و پلانی زیرەکانە کە بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانج بە کار ئەبرێ.

تەکتیك، بە پێچەوانەی ستراتیجی*، دەربەستی بەرزی و نزمی رووداوەکانە و بە پێی زەمەن دەگۆرێ. لە واقیعدا تەکتیك بەشێکە لە ستراتیجی.

تەکلیفی سیاسی/ئەرکی سیاسی تکلیف سیاسی political duty

تەکلیف(ئەرکی سەرشان) بە کردەوە یان خۆپاراستن لە بە ئەنجام گەیاندنی کردارێك دەگوترێ کە بە پێی یاسا فەرمان درابێت یان نەهی لێکرابێت. بەلام تەکلیفی سیاسی، بە «ئەرکی هاوولاتی بۆ گوێرایەڵ بوون بە یاسا» ئاماژە دەکات. ئەم ئەرکە لە بنەرەتدا هێمایەکە بۆ گوێرایەڵی و سەرسپوردەگی بە «دەسەلاتێکی سیاسی» تایبەتەوە.

مەسەلە سەرەکییەکانی فەلسەفەی سیاسی ئەوروپا بریتی بوون لە: ١ـ چۆنیەتی و هەلومەرجی پەیدابوونی ئەم ئەرکە. ٢ـ سنوورەکانی ئەم ئەرکە. بۆ وێنە لە سەر ئەم بۆچوونە کۆنە کە پێی وابووە ئەم ئەرك و تەوزیمە لە لایەن خوا یان سروشتەوە بە ئینسان راسپێردراوە، گریمانەی جیاواز لە سەر تیۆری پەیمانی کۆمەلایەتی ئاراستە کراوە. بیرمەندانێکی وەك هیووم، ئوستوارت میل هێگل و گرین، پێیان وابوو کە ناکرێ مرۆڤ کوتومت بەرعۆدەی وەها ئەرکێك ببێت بەڵکوو ئەو ئەرکانە بە پێی بەهاگەلێك کە لە کۆمەڵگاکان سەرهەڵئەدەن، ئەخوێندرێنەوە.

تیۆری سێ جیهان نظریەی سە جهان Three Worlds Theory

بە پێی ئەم تیۆرییە کە لە لایەن مائۆ (١٨٩٣- ١٩٧٦) رێبەری چینی کۆمۆنیست ئاراستە کراوە، دنیای ئەمرۆ بە سێ جیهان دابەش ئەکرێت کە بریتین لە: جیهانی یەکەم واتە دوو زلهێزی ئەمریکا و سۆڤیەتی پێشوو کە یەکەمیان ئیمپریالیستییە و دووهەمیش سۆسیال ئیمپریالیستە. جیهانی دووهەم پێکهاتووە لە

ولاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری وەك بریتانیا، ئەڵمانیا و ژاپۆن و ولاتانی سۆشیالیستی. جیهانی سێهەم، ولاتانی هەژار و دواکەوتوو. بە باوەڕی مائۆ، دەبوایە جیهانی سێهەم لە گەڵ جیهانی دووهەم، بە دژی جیهانی یەکەم یەك بگرن. ئیمڕۆکە باس لە جیهانی چوارەمیش دەکرێ کە لە جیهانی سێهەم نەدارترە و لە حاڵی پەك کەوتندایە.

تێئۆکراسی/یەزدانپەرستی　　تئوکراسی/یزدانسالاری　　Theocracy

تیۆرییەکی سیاسی و ئایینیە کە تەنیا حوکمەتی ئایینی بە ڕەوا دەزانێ و یاسایەك بە دروست ئەزانێ کە لە لایەن خواوە دانراوە و بە پێغەمبەرەکانا بە خەڵکی ڕاگەیاندووە. بە پێی ئەم تیۆرییە ئایین و سیاسەت(مەلا و دەوڵەت)لێك جیا نین و ئەبێ یاسا و دەستوورەکانی خوا لە پێوەند لە گەڵ خەڵك پیادە بکرێت.

تیرۆریزم　　تروریسم　　Terrorism

وشەی تیرۆر لە ڕەگی لاتینی(terrere) بە مانای ترس و تۆقاندنە. ئەم وشە یەکەم جار (ساڵی ١٧٩٦) لە «فەرهەنگی زانستی فەرەنسە»، هاتووە و تیرۆریزمی بەم شێوە مانا کردۆتەوە: «ڕژێم یان سیستەمی تۆقێنەر».

فەرهەنگی زاراوەی سیاسی دالۆز (dalloz) تیرۆریزم بە کردارێکی سیاسی شەڕەنگێزانەی جەماعەت یان کەمینەیەکی ڕێکخراو بە دژی کەسان یان دارایی یان داموەزگەیەك لە قەڵەم ئەدا کە بۆ گەیشتن بە ئامانجگەلێکی وەك، سەربەخۆبوون لە دەوڵەتێك، ڕووخانی ڕژێمی دەسەڵاتدار یان خەبات بەدژی هەندێ ڕووکاری سیاسی دەوڵەتێك ڕوو ئەدات.

فەرهەنگی زاراوەی سەربازی (وەزارەتی بەرگری ئەمریکا) تیرۆریزم، بەم جۆرە پێناسە دەکات:

دەسبەکاربوون بۆ شەڕەنگێزی نایاسایی یان هەڕەشە بۆ ئەنجامدانی وەها کردارێك بە مەبەستی ترساندن و سەرکوتکردن یا تۆقاندنی حوکمەت یا کۆمەڵگاکان، بۆ گەیشتن بە ئامانجێك کە بە گشتی سیاسی، ئایینی یان ئایدیۆلۆجیایی بێت.

پاش تەنینەوەی قۆناغی تیرۆر و تۆقاندن لە فەرەنسە(سێپتەمبەری ١٩٧٣ تاکوو ژوئییەی ١٩٧٤) تیرۆریزم، بووە بەشێك لە زاراوەی سیاسی ئەورووپا و بە درێژایی زەمەن مانا و کارلێکی جیاوازی بە خۆوە بینی و هەندێ جار مانای دژبەیەکی لێکەوتۆتەوە. بۆیە ئەو کەسەی کە بە باوەڕی هەندێك «تیرۆریست» لە قەڵەم ئەدرا، بەڕای هەندێکیتر «جەنگاوەری ڕێگای ئازادی» پێناسە دەکرا. واتە پێناسە کردنی ئەم چەمکە پەیوەست بوو بە گۆشە نیگا و ئایدیۆلۆجی ئەو کەسەی کە شرۆڤەی دەکرد.

تایبەتمەندییەکانی تیرۆریزم :

١- لە گەڵ شەڕەنگێزی فیزیکی ئاوێتەیە بۆ ترساندن و تۆقاندن.

٢- چاوەڕوان نەکراوە و کتوپڕ ڕوو ئەدات.

٣- بە ئامانج و پاڵنەری سیاسیەوە روو ئەدات.

٤- لە دەرەوەی سنووری رەسمی شەڕی نێوان دوو گرووپی شەڕخواز روو ئەدات.

تیرۆر بە گشتی لە هەلومەرجێکدا روو ئەدات کە تێیدا دەسەڵات بە شێوەیەکی یەکسان و بەرامبەر دابەش نەکرابێت. لەم کەشوهەوادا لایەنێك هەموو جۆرە دەسەڵاتێکی سیاسی و سەربازی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بە دەستەوەیە و لایەنەکەی تریش بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم کەموکووڕییە هەڵدەستێ بە تیرۆر کردن. ئەم دیاردە لە وڵاتانی ئیستبدادی شتێکی بەرچاوە. لە وڵاتانی دیموکراتیشدا جاری وا هەیە کۆجێیی دەسەڵات لە دەستی هەندێ لە گرووپەکانی کۆمەڵگا دەبێتە هۆی ئەوەی گرووپی نەیار بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان دەست بدەنە تیرۆر.

تیرۆریزم لە بنەڕەتدا لە مەسەلە ئەخلاقییەکان ریشەی داکوتاوە، کەواتە پێناسەکردنی ئەم دیاردە دژوارە. چونکا هەندێ لە پۆلێن بەندییەکانی«شەڕەنگێزی سیاسی» پاساو ئەدرێن و هەندێکیشیان بێ‌پاساون. کەواتە بۆ شرۆڤەی چەمکی تیرۆریزم و گەیشتن بە پێناسەیەکی جیهانی. ئەبێ پاڵنەری تاکەکسی و ئاخێزگەی کۆمەڵایەتی و ئامانجی سیاسی لە بەر چاو بگیرێ.

هەندێ کەس بە سانایی کردەوەیەك بە تیرۆریستی ناوبردە ئەکەن کەچی هەندێکیتر هەمان کردەوە هیچکات بە تیرۆریستی لە قەڵەم نادەن. بەڕای هەندێك رێکخراوەی ئازادیخوازی فەلەستین(PLO) رێکخراوەیەکی تیرۆریستی نارەوایە کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی کردەوەی شەڕەنگێزانە. بەپێچەوانەوە هەندێ لە وڵاتان ئەم رێکخراوە بە تیرۆریستی لە قەڵەم نادەن و بە نوێنەری قانوونی و راستەقینەی گەلی زۆرلێکراوی فەلەستین پێناسەی ئەکەن کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی رووی کردۆتە کردەوەی شەڕەنگێزانە. لەم ساڵانەی دواییدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵی داوە بە پێی سیاسەتەکانی خۆی لیستی گرووپە تیرۆریستیەکانی جیهان ناوبردە بکات و بەم جۆرە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەخوازێت بۆ بەرەنگاربوونەوەیان، وڵاتانی هاوپەیمان لە گەڵ خۆیدا هاوئاهەنگ بکات.

تیرۆریزم لق و پۆپ و شێوازی جۆراوجۆری لێبۆتەوە کە گرنگترینیان بریتین لە:

١- تیرۆریزمی پێشێلکاری ماف گشتی. وەك کردەوەکانی مافیا لە ئیتاڵیا و تیرۆریزمی مادە سڕکەرەکان لە ئەمریکای لاتین.

٢- تیرۆریزمی پەراوێزی. ئەم جۆرە وەبیر هێنەرەوەی تیۆریە پارتیزانییەکانی چێگوارایە بە مەبەستی راکێشکردنی رەشەگەل لە رێی کردەوەی تیرۆریستی وەك بۆمب تەقاندنەوە.

٣- تیرۆریزمی سیاسی. بریتییەلە کوشت و کوشتاری زنجیرەیی و هەڕەشە و ترساندنی کەسان و گرووپ و کۆمەڵگا یان دەوڵەتەکان بۆ بریاردان لە بەرامبەر خواستی سیاسی تیرۆریستەکان.

٤- تیرۆریزمی گریلایی. لە پرۆسەی شۆڕش یان شەڕی ئازادیخوازی بە مەبەستی راکێشانی هەستی جقات بۆ لای خۆی.

٥- تیرۆریزمی ئایینی. لەگەڵ تیرۆریزمی سیاسی نزیکایەتی هەیە بەڵام بە شەڕەنگێزییەکی بەرفراوانترەوە.

٦- تیرۆریزم بە پاڵنەری شەخسییەوە. وەك جووڵانەوەکانی گیاخۆری، ژینگەیی و بەراویتن(سك لە باربردن). ئەم جۆرە تیرۆرە لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆر بەرچاوە.

٧- تیرۆریزمی دەوڵەتی. ریشەی ئەم جۆرە تیرۆرە ئەگەڕێتەوە بۆ کولتووری مارکسیەت کە بە پشتبەستن بە پۆلیسی نهێنی و کردەوەی سەرکوتکارانە، ئامانجەکانی خۆی ئەپێکێ. بۆ وێنە ***سوارچاکانی مەرگ*** لە رژێمەکانی ئەمریکای لاتین کە دەستیان دابووە کوشتن و برینی نەیاران.

ئیمڕۆکە تیرۆریزمی دەوڵەتی بریتیە لە شێوازێکی تیرۆر کە دەوڵەتێك بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی، ستراتیجی تایبەتی بۆ دائەڕێژێ. بۆ وێنە پشتیوانی سیاسی و ئابووری لە کاتێکدا کە شەڕی چەکداری نەتوانێ ئامانجەکان بپێکێ.

٨- تیرۆریزمی نێونەتەوەیی. وەك هاوکاری بزووتنەوە تیرۆریستییەکانی ساڵەکانی ١٩٦٠ (لە نێوان رووس و کووبا) لە سەردەمی شەڕی سارد.

٩- تیرۆریزمی ئەنفۆرماتیك. شێواندنی تۆڕی ئەنفۆڕماتیکی وڵاتێك بە مەبەستی خستنە ژێر گوشار یان بەیەکادانی دەوڵەتێك. ئەم جۆرە تیرۆرە بە چەن شێوە روو ئەدات کە بریتین لە:

١- هێرش بردن بۆ سەر بنکە و دامودەزگای ئەنفۆرماتیکی لە رێگەی تەقاندنەوە یا ئاگرتێبەردان.

٢- هێرشی سینتاکسی. لە رێی ناردنی ڤایرۆس.

٣- هێرشی مانایی. لە رێگەی شێواندنی پلانە کۆمپیتەرییەکان.

١٠- سوپەر تیرۆریزم. ئەم تیرۆرە بە کەڵك وەرگرتن لە مادەی کیمیاوی و بایەلۆجی و رادیۆلۆجی و ناوەکی روو ئەدات.

١١- گەورە تیرۆریزم. لەم جۆرە تیرۆریزمە کە رووداوەکەی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ (تەقاندنەوەی تاوەرە ئەفسانەییەکانی رێکخراوەی بازرگانی جیهانی) وەك نموونەیەکی بەناوبانگ لە ئەژمار دێت، تیرۆریستەکان بە تەقاندنەوەی فرۆکەی نەفەرهەڵگر و بە هاندەری سیاسی، دەست ئەدەنە کوشتنی ئینسانی بێتاوان بۆ تۆقاندنی هەموو جیهان.

هەر لەم جۆرە تیرۆرە لە لایەن گرووپی تیرۆریستی ئەلقائیدە*لە کوردستانیش بە ئەنجام گەیشتووە کە دەکرێ بە تەقاندنەوەکەی جێژنی قوربانی ٢٠٠٣ ئاماژە بدرێ کە سەدان کەس کوژراو و بریندراری لێکەوتەوە.

١٢- سایبر تیرۆریزم(تیرۆریزمی کۆمپیتۆری)، کەڵك وەرگرتن لە سەرچاوە کۆمپیتۆریەکان و تەکنۆلۆجی زانیاری بە مەبەستی تۆقاندن یا پێمل کردنی خەڵك بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ...

ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان و تیرۆریزم

ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەوڵەکانی خۆی لە ساڵی ١٩٧٢ بۆ پێناسەکردنی تیرۆریزم دەست پێکردووە و سەرەنجام لە ساڵی ١٩٧٩ گوزارشتی خۆی بێنەوەی ئەم دیاردەی پێناسە کردبێت، پێشکەش بە کۆمەڵی گشتی کرد. ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٨٩ بە پێی بڕیارنامەیەك، بە تەئکید بیروڕای خۆی لە بابەت ماق چارەی خۆنووسین و سەربەخۆیی هەموو گەلانی زۆرلێکراو لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمە نژادپەرست و ئیستیعمارییەکان ڕاگەیاند و هەوڵی ئەو ڕاپەرینە ڕزگاریخوازانەی کە لە گەڵ ئامانجەکانی جارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بگونجێت، بە قانوونی و ڕەوا ناوبردە کرد. کۆمەڵی گشتی هەموو کردەوەیەکی تیرۆریستی، لە هەر کوێ و لە لایەن هەر کەسێکەوە بێت مەحکووم کرد و ئەم جۆرە کردەوانەی، تاوانبارانە و بێپاساو لە قەڵەم دا.

بڕیارنامەی ١٣٦٨: ڕۆژێك دوای ڕووداوەکەی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە کۆی دەنگ بڕیارنامەیەکی پەسند کرد کە تێیدا لە سەر ماق بەرگری ڕەوای تاکەکەسی و کۆمەڵەکی بە پێی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان، تەئکید کراوە. بەم پێیە ناسینی تیرۆریزم ئەو مافەی ئەدا بە دەوڵەتێك مادام بەر شاڵاوی تیرۆر کەوتبێ، بە پێی مادەی ٥١ مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ داکۆکی کردن لە خۆی دەس بباتە هێزی سەربازی.

بڕیارنامەی ١٣٧٣: لەم بڕیارنامە کە هەموو ١٥ ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش بە دەنگییەوە هاتن، ڕاگەیێندرا کە «تەواوی کردەوە تیرۆریستییە نێو نەتەوەییەکان بۆ وێنە ١١ی سێپتەمبەر، مەترسییەکە بۆ ئاسایش و هێمنایەتی نێونەتەوەیی».

ئەم بڕیارنامە لە باری بەرفراوانییەوە، گرینگترین بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایش لە ئەژمار دێت کە سەرچاوەی دارایی و بنیاتی ئابووریش ئەداتە بەر مەدی نەزەر و داوا لە دەوڵەتان ئەکات کە لەبەر پێوەندی توندوتۆڵی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی لە گەڵ جەنایەتە داڕێژراوە بان ـ نەتەوەییەکان، بۆ وێنە قاچاخی مادە سڕکەرەکان، قاچاخی چەك و تەقەمەنی و ڕاگواستنی نایاسایی مادەی ئەتۆمی و کیمیایی و بایۆلۆجی، هەوڵ و تێکۆشانەکانی خۆیان بخەنە ڕیزی یەکترەوە.

Blind terrorism — تروریسم کور — تیرۆریزمی کوێر

مەبەست لەم جۆرە تیرۆرە، ئەنجامدانی زنجیرە کردارێکە بۆ پڕوپاگەندە* و هاتوهاوار بە قازانجی گرووپێك یان ڕاکێشانی سەرنج و ڕای گشتی بۆ شتێك. لە بەر ئەوەیکە هیچ پلان و بەرنامەیەکی داڕێژراو لە ئارادا نییە، پێی دەگوترێ تیرۆریزمی کوێر.

Technocracy — فن سالاری — تێکنۆکراسی

ئەم زاراوە لە لایەن ویلیام هێنری سمیت، نووسەری ئەمریکایی لە ساڵی ١٩١٩ داهێنراوە و بەم جۆرە پێشنیازی کردووە کە حوکمەت بکەوێتە دەست خاوەن پیشە و تەکنیکەکان. جۆرە حوکمەتێك کە لە گەڵ

سەردەمی پێشکەوتنی هونەری و زانستی هەنگاو بنێت. لەم جۆرە حوکمەتەدا پێویستە هەموو سەرچاوە ئابوورییەکان و کاروباری کۆمەڵ لە لایەن تەکنیکسازان و زانایانەوە بەڕێوە بچێت. تێکنۆکراتەکان، کۆمەڵێک بوون کە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی دەستیان کرد بە توێژینەوەی بارودۆخی ئابووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

ئەم جۆرە حوکمەتە دەرەنجامی پێشکەوتنی خێرای زانست و تەکنۆلۆجییە لە جیهاندا و ئەم پێشکەوتنەش لە سەر بیر و بڕوای سیاسی حاکم و ئاکاری سیاسەتمەداران کاریگەریی دانا. زۆربەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەم شتەیان بەلاوە پەسندە کە لە کۆمەڵگای پێشکەوتووی پیشەسازیدا هەر دێتوو دەوری تەکنیککاران و زانایان گرینگتر دەبێت بەڵام لەوە بەگومانن کە ڕژێمی تەکنیکسازان بتوانێ جێی نەزم و تەکوزیی سیاسی بگرێتەوە.

تیۆری — تئوری/نظریه — Theory

بە کۆمەڵێ ئەندێشە و بۆچوونی گونجاو لە بابەت زانستێکی تایبەتەوە تیۆری دەگوترێ. وەك تیۆری ڕێژەیی ئانشتاین(لە فیزیا)، تیۆری ئابووری کۆن(ئابووری)، تیۆری پێوەندییەکان(کۆمەڵناسی) و تیۆرییەکانی دەوڵەت(لە سیاسەتدا). زانایان لە ڕێگای کۆڵینەوە و توێژینەوە هەوڵ ئەدەن بۆ کۆکردنەوەی داتا واقیعەکان لە بوارێکی تایبەتی زانستی بەڵام پێویست ئەکات ئەم زانیاریانە بە وردبینی و وشیاری زانستییەوە ڕێکی بخەن و پۆلێن بەندی بکەن و پێوەندی ماناداری نێوان داتاکان روون بکەنەوە و دەری بڕن. بۆ وەها کارێك پێویست بە شتێك بە ناوی تیۆری هەیە.

ئامانجی سەرەکی و بەرەنجامی زانست گەیشتن بە داڕشتنی تیۆرییە و ئامانجی تیۆریش بریتییە لە:

١ـ کورت کردنەوەی داتاکان و پێکهێنانیان لە ناو سیستەمێکی گونجاودا. ٢ـ مانا بەخشین بە دەسکەوتەکان وەك ئەزموون. ٣ـ دەربڕینی و ئاشکراکردنی ئەنجامی ئەزموونەکان لە ڕێگەی دیاریکردنی پێوەندی نێوان بگۆڕەکان. ٤ ـ پێش بینی دواهات و ڕووداوەکان لە ئاینده و ٥ ـ لەبار کردن و خۆش کردنی زەمینە بۆ پەخش و بڵاوکردنەوە و پەرەسەندنی زانست.

تیۆریی سیاسی — نظریەی سیاسی — Political theory

تیۆریی سیاسی لە سۆنگەی بابەت و باسەوە، چوار تەوەری سەرەکی لەخۆ دەگرێ کە دوو تەوەری ١و٢ بە فەلسەفەی سیاسی ناوبردە کراوە:

١) تیۆری ئەخلاقییانەی زانستی سیاسەت.

٢) خوێندنەوەی مێژوویی ئەندێشە سیاسییەکان.

٣) شیکاریی زمانەوانیی ئەندێشە سیاسییەکان.

٤) دۆزینەوە و بەربڵاوکردنی سیستەماتیکی بنەما گشتییەکانی ڕەفتاری سیاسی.

لە روانگەی مێژوویی‌یەوە، کۆنترین پێناسەی ئەم زاراوە بۆ ناوبردەکردنی لقێك لە زانستە سیاسییەکان بە کار هاتووە کە لایەنی تیۆریکی بووە، دیمانەیەك بە مانای تێفکرین لە بالآترین ئاستی ماهییەتی ژیانی باش و ئەو دەزگا سیاسییانەی کە وەها ژیانێك بەدی دەهێنن.

تیۆری کەوانەی جەی نظریه منحنی جی J Curve Theory

جۆن جەی (John Jay) کۆمەڵناسێکی بەناوبانگە کە هۆکاری شۆڕش دەگەڕێنێتەوە بۆ جیاوازی فراوان لە نێوان چاوەڕوانی تاکەکانی کۆمەڵگا و ئاستی جێبەجێکردنی پێداویستیەکانیان کە ئەم فەرق و جیاوازییە، بە شێوەی بەشخوراوی و هەژاریی خۆی نیشان ئەدات. ئەو پێی وایە کەموکوڕییەکان، رەها نین بەڵکوو لە نەداریی و بەشبڕاویی رێژەیی یەوە سەرچاوە دەگرن و ئەم ئاستەنگییەش کاتێك روو ئەدات کە سەردەمی دوور و درێژی خۆشگوزەرانی ئابووری، لە ناکاو راوەستێ و بە شێوەیەکی بەرچاو پێچەوانە ببێتەوە. کۆمەڵناسی ناوبراو، تیۆرییەکەی خۆی لە قەبارەی خشتەیەك ئاراستە کردووە کە بە کەوانەی جەی ناوی ناسراوە.

ج

جاڕنامەی ئیسلامی مافەکانی مرۆڤ اعلامیه اسلامی حقوق بشر

Islamic Declaration of Human Rights

جاڕنامەی ئیسلامی ماڤ مرۆڤ لە دانیشتنی وەزیرانی دەرەوەی ڕێکخراوەی کۆنفرانسی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٩٠ لە قاهیرە پەسندکرا. ئەم جاڕنامە بە پێی سەرمەشقەکانی ئایینی ئیسلام، ماڤ مرۆڤ و ئازادییەکانی تاکی خستۆتە بەر چاو و هەوڵ ئەدات تا رادەیەك خوێندنەوەیەکی هاوشێوە لە گەڵ مافەکانی مرۆڤ لە روانگەی ئائایینی و سەر زەمینییەوە بدا بە دەستەوە.

جاڕنامەی سەربەخۆیی وڵاتە داگیرکراوەکان کمیته ختم استعمار

The special Committee on Decolonization

لە ڕێکەوتی ١٤دیسەمبری ١٩٦٠ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان. جاڕنامەی راگەیاندنی سەربەخۆیی وڵاتانی کۆلۆنیایی و داگیرکراو(جاڕنامەی کۆتایی داگیرکاری) کە لە لایەن ٤٣ وڵاتی ئەفریقایی و ئاسیایی ئامادە کرابوو بە کۆی ٩٠ دەنگی ئەرێنی و ٩٩ دەنگی پارێزکەر و بێ هیچ دەنگێکی نەیار. پەسندی کرد. لەم جاڕنامەدا روون کراوەتەوە: ژێردەستەبوون، وەبەرهێنان، یا خستنە ژێر رکێفی جەماوەرێك لە لایەن حوکمەتێکی بێگانە، پێشێلکەریی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ماف و ئازادییە مەدەنییەکان لە ئەژمار دێت و ڕێگرێکە لەبەردەم ئاشتی و هاریکاریی نێودەوڵەتیدا.

بۆ نەهێشتنەوەی ئەم بەربەستانە، کۆمەڵی گشتی «داواکاری کۆتایی هێنانی خێرای داگیرکارییە و دەخوازێت، بێ هیچ مەرجێك سەرەبەخۆیی وڵاتانی داگیرکراو لە ژێردەسەڵاتی بێگانە» راگەیەندرێت.

ئەم جاڕنامە لەسەر ئەوە جەغد دەکات کە نەبوونی ئامادەیی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری ئەم وڵاتانە نابێت ڕێگر بێت بۆ دواخستنی پرۆسەی سەربەخۆیی.

جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان منشور ملل متحد United Nations charter

جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێسانامەی نەتەوە یەکگرتووەکانە. ئەم جاڕنامە بریتیەلە ئامانج و پرەنسیپ و یاسا و ڕێساکانی پێویست بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە پێکهاتووە لە یەك پێشەکی، ١١١ بەند و یەك پاشەکی هەفتا بەندی کە پەیوەستە بە دادگای نێونەتەوەیی داد. جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێکەوتی ١٩٤٥/١٠/٢٤ لەپاش پەسند کردنی دەوڵەتانی چین، فەرەنسا، بریتانیا، سۆڤیەتی پێشوو،وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و زۆرینەی وڵاتانی ئەندام، گەیشتە قۆناغی جێبەجێ کردن.

جڤات/جەماوەر — تودە — Mass/mob

جڤات بە کۆمەڵێکی چالاک ئەوترێ کە هاوشێوەی جەماعەت لە ئەژمار دێت. تایبەتمەندییەکانی جڤات بریتییە لە: نزیکایەتی شوێن، ناپایەداری و کردەوەیەکی کۆمەڵەکی کە بکەوێتە ژێر کاریگەریی پاڵنەرێکی بەسۆزی هاوبەش تاکوو بگاتە دەور و پێگە رەسمییەکانی. لە روانگەیەکی ترەوە بە گشتی بە مانای کۆمەڵێ بوونەوەری سروشتی کە زیاتر وەك جەستەیەك سەیر ئەکرێت، لێکدراوەتەوە. لە زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا جڤات دەلالەت ئەکا بە سەر خەڵکێکی زۆر کە لە شوێنێك نیشتەجێ بووبێتن.

لە بارەی جڤاتەوە، تەنیا شتێك کە گرنگە گشت بوونەکەیەتی ئەگینا سەرنج نادرێتە کەرت و رەگەزە پێکهێنەرەکانی، بۆیە لە گەڵ گرووپ جیاوازی زۆری هەیە.

لە جەماوەردا بە گشتی بیروڕا و لایەنگری و تواناییەکانی تاکەکەس و گرووپ، یان شێوازی ژیان بە تەرزێکی لێك ترازاو خۆی نیشان نادات بەڵکوو ئەم شتانە لەناو کۆمەڵێك هۆکار و شێواز و لاگیریی رەشۆکی دەتوێنەوە.

جڤات، گرووپ نییە کە لە رووی ویست و ئیرادەوە خاوەنی تایبەتمەندی و یەکگرتوویی بێت. لە جڤاتدا بە رێژەی گرووپ هەست بە گوشارێکی کەمتر ئەکرێت. دەسرۆشتن و سەیتەرە پەیاکردن بە سەر جڤاتدا ئەغڵەب بە ئاسانی روو ئەدات. بە هاسانی ئەکرێ جڤاتێکی ئارازی بگۆڕێتە جڤاتێکی رازی و بە پێچەوانەشەوە ئەم شتە روو ئەدات.

جودایی خوازی — تجزیه طلبی — separatism

خواستی گرووپێکی ئەتنیکی دانیشتووی وڵاتێك بۆ جیا بوونەوە لە ژێر دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەتێك کە ئەو گرووپە ئەتنیکیە تا ئەو کاتە بەشێك بووە لەو وڵاتە. ئەغڵەب، ئامانجی جودایی خوازەکان دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێیە لە وڵاتێکی تازە بۆ نەتەوەیەکی تایبەت. سەدەی نۆزدە لە ئەورووپا و سەدەی بیستیش لە ئاسیا و ئەفریقا، بە هۆی پەرەسەندنی ناسیۆنالیزم* و تەنینەوەی وشیاری نەتەوەیی لە ناو ئیمپراتۆریەکاندا بزاڤی جودایی خوازی بە زۆری پەرەی سەند و بووە هۆی هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆرییەکان و سەرهەڵدانی نەتەوەی نوێ. گرینگترین رووداوی لەم چەشنە هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریە گەورەکانی فەرەنسە و بەریتانیا و عوسمانی بوو کە لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکا دەسەڵاتیان بە دەستەوە بوو.

هاندەری جودایی خوازی، رەنگە جیا بوونەوە لە وڵاتێك بێت و موتوربە بوون بە وڵاتێکیتر. جودایی خوازی، لە یاسای زۆربەی دەوڵەتەکاندا رەنگە لە جوملەی تاوانی سیاسی* لە قەڵەم بدرێت و هەندێ جاریش بە واتای خەیانەت پێناسە ئەکرێ و بەناوی دژبەریی و ناتەبایی حاکمییەتی نەتەوەیی سزای بۆ دیاری ئەکرێت.

جوگرافیای سیاسی(جینۆپۆلیتیك) جغرافیای سیاسی Geopolitic

پلاندانان بۆ سیاسەتی دەرەوەی وڵاتێك بە لە بەرچاوگرتنی هۆکارە جوگرافییەکان. بابەتی جوگرافیای سیاسی، خوێندنەوەی بنەما جوگرافییەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتە واتە لێکدانەوەی دەوری کەشوهەوا، سەرچاوە سرووشتییەکان، شوێنکاتی جوگرافیایی، حەشیمەت و تایبەتمەندیە کەلتوورییەکان بە سەر سیستەمی سیاسی وڵاتێك. ئەرەستۆ دەڵێ: بە بێ رەچاوکردنی جوگرافیا، ئەقڵی سیاسی بڕ ناکات. جان بۆدن، یەکەم بیرمەندی هاوچەرخ بوو کە پێوەندی نێوان زانستی سیاسەت و جوگرافیای بەرجەستە کرد. مۆنتسکیڤ و رۆسۆ، هەرکامیان بە نۆبەی خۆیان لە سەر پێوەندیی هۆکارە جوگرافییەکان و کەشوهەوا بە سەر شێوازی حوکمەت کردن و کاریگەری ئەم هۆکارانە بە سەر سیاسەت و ئازادی خەڵك، توێژینەوەیان کردووە.

یەکێك لە پێشەنگەکانی جوگرافیای سیاسی، هاڵفۆرد مەکیندر(١٩٤٧-١٨٦١) نووسەری بەریتانی بووە کە پێی وابوو چارەنووسی مێژووی جیهان، ئاکامی شەڕ و ململانێی هێزی وشکایی بووە لە بەرامبەر هێزی دەریاییدا.

بابەتی نوێی جوگرافیای سیاسی، لێکدانەوەی مەسەلە جیهانییەکانە لە روانگەی جوگرافیاییەوە. سەرهەڵدانی ناوەندە جیهانیەکانی دەسەڵاتی نوێ، گرنگایەتی سەرچاوە سرووشتیەکان لەباری دەسەڵاتی سیاسی و پێوەندیی باکوور و باشوور لە جوملەی سەرباسەکانی جوگرافیای سیاسی مودێرنەیە. لێکدانەوەی سنوورە سیاسییەکان و ناوچە سەرسنوورییەکان، هێزی دەریایی و وشکایی و ناوەندە سیاسییە بەهێزەکانی دەسەڵات لە باری جوگرافییەوە بابەتی توێژینەوەی جوگرافیای سیاسییە.

جوولەکە قڕان یهودستیزی Anti-semitism

دوژمنایەتی یا نەفرەت لە جوولەکان بە مەبەستی ئازاردان یا لەناوبردنیان. لە ئەورووپای سەدەی بیستەمدا دوژمنایەتی لە گەڵ جوولەکان ـ کە پێشتر لە سۆنگەیەکی ئایینییەوە بوو ـ جێی خۆی دا بە دوژمنایەتی رەگەزی(رەگەزپەرستی) و ئەڵمانیای نازیی(بڕوانە نازیسم) بووە ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەم نەفرەتە. دوژمنایەتی لە گەڵ جوولەکە، لە میانەی سەدەی نۆزدە هاوکات لە گەڵ سەرهەڵدانی رێبازەکانی باڵادەستی رەگەزی ئاریایی(نوردیك) پەرەی سەند و لایەنگرانی ئەم بیرۆکە هەوڵیان دا بۆ رێبازەکەیان بنیاتی زانستی بدۆزنەوە.

لە ئەڵمانیای نازی هەوڵیان دا کە رەگەزی «ئاریایی» لە «نا ئاریایی» جیابکەنەوە و لە «تێوەدانی» ئەم رەگەزە بەرگری بکەن و لەم بابەتەوە یاساگەلێکیان دانا. بە پێی ئەم قانوونانە جوولەکە، بێگانە و خاوەن رەگەزێکی سووك بوون کە خوێنی ژەهراوییان خۆبەخۆ تاوانباریان دەکات. لەم رووەوە بوو کە زەهاسە و خۆشەویستی لە نێوان جوولەکە و ئاریایی پاوان کرا.

دوای ئەم قانوونانە، زانایانی ناوداری جوولەکە وەك ئەنیشتەین و فرۆید، خرانە تاراوگەوە و بەرهەمە

مۆسیقاییەکانی *مەندلسۆن* و باخ یاساغ کرا. جوولەکان لە ماف مەدەنی و پیشەیی و بازرگانی بێبەش کران و دەستەدەستە نێردرانە ئۆردووگاکانی کاری زۆرەملی.

لە سەدەی نۆزدە و نیوەی یەکەمی سەدەی بیست، ئەورووپای رۆژهەڵات بووە ناوەندی پرۆپاگەندە دژی جوولەکە و لێرەوە بوو کە جوولانەوەی زایۆنیزم* دەستی پێکرد. لە دەستووری بنچینەیی ئەم وڵاتانەدا (لە ١٩٤٥ بەملاوە) ئەگەرچی بە رێزەوە باس لە ماف کەمینە ئایینی و رەگەزییەکان کرابوو بەڵام جارجارێك ئەم دوژمنایەتییە ئەبیندرا و زۆربەی ئەو جوولەکانەی لەم وڵاتانەدا مەنسەبی دەوڵەتییان هەبوو، دەستیان لە کار پێ کێشانەوە.

دوای شۆڕشی ١٩١٧ سۆڤیەت، دەوڵەتی نوێ بە جوولەکانی وڵاتەکەی کە ئەودەم ٢ ملوێن و ٢٠٠ هەزار کەس بوون، مژدەی خودموختاری لە ژێر چاودێری دەوڵەت دانێ. هەروەها دانانی شانۆ و دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤار و کتێب بە زمانی ئیدی(زمانی جوولەکەکانی ئەورووپا کە ئاوێتەیەك بوو لە زمانەکانی ئەورووپی و عیبری) ئازاد کرا بەڵام ئەم بەڵێنانە بە رێوە نەچوو.

سەرهەڵدانی زایۆنیزم و دەوڵەتی ئیسراییل، بۆتە هۆی پەرەسەندنی جۆربەجۆری جوولەکە قڕان لە رۆژهەڵاتی ناوین و شوێنی دیکە. ئەگەرچی دەوڵەتی ئیسراییل هەوڵ ئەدات هەر جوولەیەکی دژ بە زایۆنیزم بە جوولەکە قڕان لە قەڵەم بدات بەڵام دژایەتی لە گەڵ زایۆنیزم و لەناوبردنی جوولەکەکان هەمیشە یەك واتایان نییە، چونکا لە ناو جوولەکانیشدا گرووپ و خەڵکانێکی نووسەر و لێکۆڵەر هەن کە دژی زایۆنیزم و دەوڵەتی ئیسراییلن.

جیاکردنەوەی هێزەکان تفکیک قوا Separation of powers

ئەم زاراوە دەلالەت ئەکا بە سەر دابەشکردنی دەسەڵات لە بەینی دەزگا جۆراوجۆرەکانی حوکمەت کە لە ئەنجامدا هەر دەزگایەك خۆی بە ئەرك و تەوزیمێکی جیاوازەوە سەرقاڵ ئەکا و لەم بەستێنەشدا کەمتاکورتێك بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە دەزگاکانی دیکە ئیش دەکات. لە راستیدا ئەم بیرۆکە بۆ بەرگری کردن لە دەسەڵاتی زۆرداری و ملهوڕیی ئاراستە کراوە، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی حوکمەت لە شوێنێکدا چەق نەبەستێ و کۆ نەبێتەوە. سەرچاوەی ئەم بیرۆکە ئەگاتەوە بۆ ئەرەستوو بەڵام بە شێوەی نوێ و ئەمێستایی ئەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسوفانی سیاسی سەدەکانی ١٧و١٨ی ئەورووپا، بە تایبەت جۆن لاك لە بەریتانیا و مۆنتسکیڤ لە فەرەنسە. نەریتی هەڵوەشاندنی هێزەکان لە حوکمەتدا بە سێ هێزی راپەڕاندن، یاسادانان و دادوەری بووە.

لەم بارەوە شرۆڤە و پرسی جیاواز لە ئارادایە کە بریتین لە: ئەو ئەرك و تەوزیمانەی کە ئەبێ بە وردی لێك جیا بکرێنەوە کامانەن؟ رادەی سەربەخۆیی پێویست چەندەیە؟ تا چ رادەیەك چاودێری دەزگاکان بە سەر کاری یەکتردا ئەگونجێت؟ و ئەم بابەتەش کە ئایا دەرەئەنجامی جیاکردنەوەی هێزەکان، هاوتەرازیی دەزگا جیاوازەکان دابین ئەکات؟

بنەمای جیاکردنەوەی هێزەکان، بۆ یەکەم جار بە لەبەر چاوگرتنی بیرۆکەی مۆنتسکیۆ لە دەستووری بنچینەیی ئەمریکادا هاتە ئاراوە. ئەم دەستوورە هێزی راپەراندنی سپاردە سەرکۆمار و هێزی یاسادانانیشی بە کۆنگرێس بەخشی. دوای شۆرشی فەرەنسە و بە لەبەرچاوگرتنی دەستووری بنچینەیی ئەمریکا، ئەم بنەرەتە لە دەستووری فەرەنسەشدا پەسندکرا و ئینجا ئەم فیکرە زۆربەی ولاتانی دیکەی جیهانی گرتەوە.

جیاوازیی/فەرقدانان تبعیض Discrimination

بە گشتی بە مانای جیاکردنەوە، سەرنج پێدان، یان قایل بوون بە جیاوازی لە نێوان شتەکاندایە. بە واتایەکی سەرزارەکی بریتیە لە بەربەستگەلێکی یاسایی، نەریتی یان قەرار و بریاری نارەسمی بە دژی گرووپێکی تایبەت بۆ وێنە گرووپێکی ئایینی یا ئەتنیکی جیاواز.

جیاوازیی رەگەزایەتی تبعیض نژادی Apartheid/Segregation

جیاکردنەوەی هاوولاتیان لە یەکتر بە پێوەندی ئەتنیکی و بەربەستکردنی کەمایەتییە رەگەزییەکان لە بابەت شوێنی ژیان و تێکەلبوون لە گەل رەگەزی«بالادەست»و هەروەها بێبەش کردنیان لە ماف مەدەنی و سیاسی و بێ عەدالەتی و نابەرامبەری لە وەرگرتنی مووچە و پەروەردە و راهێنانی کۆمەلایەتی. نموونەی جیاوازی رەگەزایەتی، سیاسەتی ئەلمانیای نازی بوو دەرحەق بە «خەلکانی نائاریایی» (بروانە جوولەکە قران).

بە ناوبانگترین رژێمێک کە بەرێوەبەری ئەم سیاسەتە دژە مرۆڤانە بووە، رژێمی ئەفریقای باشووری بووە کە بە ناوی «ئاپارتاید»* لە سالی ١٩٤٨ سیمایەکی یاسایی و رەسمی بە خۆوە گرتووە. لە ناوەراستی سەدەی حەڤدەوە کە ئەورووپییەکان دەستیان بەسەر ئەم ولاتەدا گرت، ئەم سیاسەتە بەرێوە چووە. حیزبی«نەتەوەیی» کە لە سالی ١٩٤٨ بە دەسەلات گەیشت، رێساگەلێکی بۆ ئەو خەلکانەی کە سپیپێست نەبوون پەسند کرد کە هەموو بوارێکی ژیانی ئەوانی ئەگرتەوە. (بۆ وێنە، بەرگری کردن لە زەماوەندی سپی پێستەکان لە گەل رەگەزەکانی‌تر، بەربەستکردنی ماف سیاسی و هاتووچۆ و هەلبژاردنی مال و ئیش و کار و ...)

لە سالی ١٩٥٢ نەتەوە یەکگرتووەکان لەم بارەوە دەستی بە پەیجووری کرد و ئەم سیاسەتەی وەك مەترسییەك بۆ ئاشتی و ماف مرۆڤ لە قەلەمدا بەلام دەولەتی ئەفریقای باشووری، رێگەی بە کۆمیتەی لێپرسراوی ئەم مەسەلە نەدا. سەرەنجام ئەم رژێمە لە سالەکانی کۆتایی سەدەی بیستەمدا بە خەباتی بێ‌وچانی خەلکانی ئەم ولاتە بە رێبەرایەتی *نیلسۆن مەندێلا* رووخێندرا و دەسەلاتی راستەقینە بە بێ رەچاوکردنی جیاوازی رەگەزیی کەوتەوە دەست خەلك.

جیهاد/خەباتی ئایینی جهاد (Jihad (holy war

بۆ وشەی جیهاد ئەم پێناسانەی خوارەوە کراوە:

- شەڕ لە گەڵ کافرەکان لە پێناوی ئایین. لە قورئاندا زیاتر لەگەڵ وشەی قتال (کوشتار) بەکار براوە.
- قتال بۆ پشتیوانی کردن لە ئایین، کارێکی ڕەوایە.
- خەباتی موسوڵمانان لە گەڵ ئەجنەبی بە مەبەستی بانگهێشتنیان بۆ ئایینی ئیسلام یان بۆ پاراستنی سەربەخۆیی حوکمەتی ئیسلامی.
- لە خۆ بووردن و کۆشش لە ڕێی خوا.

لە ئایینی ئیسلامدا لەم وشە زاراوەگەلێکی‌تر دروست بووە:

جیهادی سەرەتایی: شەڕێك کە بە مەبەستی داکۆکی کردن نەبێت و لە شەڕێکی ئاسایی بچێت.

جیهادی بچووك: بە مانای شەڕ لە گەڵ کافرەکان.

جیهادی مەزن: بە واتای شەڕی گەورە کە شەڕی ئینسانە لە گەڵ نەفس(دەروون)ی خۆی بۆ چاکسازی و پاراستنی خۆی.

جیهادی بانگهێشتن: ئەم جیهادە جۆرە شەڕێکە بە مەبەستی بڵاوکردنەوە و پەرەپێدان بە دیانەتی ئیسلام.

جیهان‌بینی — جهان بینی — Weltanschaung/ world outlook

ڕەگی ئەم وشە ئەڵمانییە و بە مانای«ڕوانین بۆ جیهان»ـە. لە فەرهەنگی فەلسەفی ئەڵمانیدا بە مانای وێنایەکی گشتییە لە جیهان و بە پێگە و هەڵوێستی ئینسان لە ناو خۆیدا لێکدراوەتەوە. جیهان بینی ڕوانین و تەفسیرێکی تایبەت لە گەردوون و ژیان ئەدا بەدەستەوە.

لە زاراوەدا بریتییە لە دەزگای تیۆری و مەفهوومی و وێناندنی جیهان. بە مانایەکی بەربڵاو هەموو تیۆرییەکانی ئینسان لە بارەی جیهانی دەوروبەر، هەر لە تیۆری و بیرۆکە فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە بگرە هەتا ئەخلاق و هونەر و زانستە سرووشتییەکان ئەگرێتەوە. بەڵام مانا جەوهەری و کاکڵەکەی بریتیە لە تیۆری و بیر و بڕوای فەلسەفی. بە گشتی جیهان‌بینی، سێ ڕێچکەی لێ بۆتەوە:

- جیهان‌بینی زانستی
- جیهان‌بینی فەلسەفی
- جیهان‌بینی ئایینی

جیهانیگەری/جیهانی بوون — جهانی شدن — Globalization

ئەگەرچی وشەی جیهانی (global– گلۆڤەر) مێژوویەکی سەدان ساڵەی هەیە بەڵام زاراوەی (globalization) لە ساڵی ١٩٦٠ بەدواوە برەوی پەیداکردووە. فەرهەنگی وێبستێر، یەکەم فەرهەنگێکی موحتەبەر بوو کە لە ساڵی ١٩٦١ ئەم زاراوەی پێناسە کرد. بەم حاڵە بەرفراوانی «جیهانگەری» وەهایە کە

گەیشتن بە پێناسەیەکی پڕپێست و گونجاو دژوار ئەنوێنێ. ئەم پێناسەی ژێرەوە، کۆی پێناسە و بۆچوونی چەن کەسێکی پسپۆڕە لەم بارەوە:

جیهانگەری، بریتییە لە پرۆسەی پەستاوتنی کات و شوێن کە بەو پێیە خەڵکانی جیهان کەمتاکورتێك بە وشیارییەوە لە کۆمەڵگای جیهانیدا تێوەگلێن. بە واتایەکی‌تر رەوتێکە کە بەو پێیە تاکەکەس و کۆمەڵگا لە پانتایەکی جیهانیدا یەکئەگرنەوە. لە پێناسەیەکی‌تردا جیهانگەری، پرۆسەیەکی ئاڵۆزە کە دەوڵەتە نەتەوەییەکان زیاتر لە جاران پێکەوە گرێ ئەدا و تیۆری دیموکراسی تووشی کێشە و قەیرانێکی نوێ دەکات. کاریگەریی جیهانگەری بە سەر دیموکراسی و حاکمییەتی نەتەوەیی لەم پرسیارانەدا خۆی دەرئەخات:

ئایا حوکمەتە دیموکراتیەکان، وەك جاران دەسەڵاتیان بە سەر کاروباری ناوخۆی وڵاتەکەیان ئەشکێ یا ئەوەی شارۆمەندان بە حوکمەتێك دەنگ ئەدەن کە نەتوانێ بریارەکان جێبەجێ بکات؟ چونکا دەسەڵاتی راستەقینە بەدەست بازاری دۆلار و کۆمپانییە فرەنەتەوەییەکان و بانکە نێونەتەوەییەکانەوەیە؟

ئایا لە نێوان هاووڵاتیانی وڵاتێك لە گەڵ ئەو کەسانەی نەکەونە ژێر کاریگەریی سیاسەتەکانی حوکمەتی نەتەوەیی، وێکچوویی و هاوشێوەیی‌یەك لە ئارادایە؟ (بۆ وێنە سیاسەتی یارمەتیدان یا پاوەجێکردنی دامەزراوە ئەتۆمییەکان).

ئایا دەکرێ دەزگا نێونەتەوەییەکان، بۆ وێنە «سندووقی دراوی نێونەتەوەیی» و«بانکی جیهانی» بە شێوازێکی دیموکراتیك بەڕێوە ببرێن؟

بە گشتی دوو روانگەی جیاواز لە بابەت جیهانگەری لە ئارادایە: روانگەی یەکەم، نەیارانی ئەم پرۆسە لە ئەژمار دێن و روانگەی دووهەم لە گەڵیا هاودەنگن. نەیاران پێیان وایە کە جیهانگیری و یەکپارچە بوونی جیهان زیاتر لە ئەفسانە دەچێ و ئەم زاراوە بە پاڵنەری سیاسییەوە داهاتووە. لەم روانگەوە شتێکی ئەوتۆ لە جیهاندا رووی نەداوە و جیهانگەری دیاردەیەکی نوێ نییە و ئەم هەلومەرجەی ئێستا زیاتر لە بارودۆخی سەدەی نۆزدە ئەچێ بە واتایەکی‌تر ئەم رەوتە دەوامەی مێژووە.

لە بەرامبەر ئەم روانگەدا هەندێکی‌تر دەڵێن جیهانگەری هەموو شتێکی خستۆتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و پێکهاتەی دەوڵەت و ماهییەتی سیستەمی ئابووریی وڵاتانی تووشی وەرچەرخان کردووە. تیۆری دانەری بەناوبانگی ئەم بۆچوونە، کینچی ئۆمایی لە ژاپۆنە کە پێی وایە: دەوڵەت ـ نەتەوەکان بەرەو تیاچوون ئەرۆن و پێشبینی ئەکات لە ٣٠ساڵی داهاتوودا ١٠٠ تا ٣٠٠ دەوڵەت ـ شار، بەدی بێت. بە باوەڕی ئانتۆنی گیدێنز، تیۆری دووهەم نزیکترە لە واقیع. ئەو دەڵێ جیهانگەری بە تایبەت لە بەستێنی ئابووردا بە گوتەی ئابووری ناسی بەناوبانگ، دانی کواخ، هێدی هێدی بەرەو ئابوورییەکی بێبارست دەڕوا. ئابووریی سووك لە ئاستی جیهانیدا پەیوەستە بە دانوستان و بازرگانی کردن بە زانیاری نەك بازرگانی کردنی کاڵا و شمەك.

گیدێنز، پرۆسەی جیهانگەری بە بەرهەمی بەیەکادرانی نەزمی هەمیشەیی و شوێن و کات لە قەڵەم ئەدا و پێی‌وایە ئەم رەوتە بە مانای ئاڵوگۆڕکردنی هەموو دەزگاکانی کۆمەڵگایە و ئەم وەرچەرخانە هەر لە بەستێنی

ئابووری روو نادات بەڵکوو لە ئاستی پێوەندییەکاندا ئەقەومێ بە چەشنێك کە دەوڵەت و نەتەوە و ژیانی کەسەکی ئێمە دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە.

د. حسەین عەزیمی، تیۆری دارێژی ئابووری و پەرەسەندن لە ئێران دەڵێ: جیهانگەری بە واتای هاوسانبوونەوەیەکی سادەی کەلتوورەکان نییە بەڵکوو بە واتای ئەوەیە کە پێوەندی کەلتوورەکان خێراتر ئەبێ و لێکحاڵیبوون و فاماندنی فەرهەنگی نەتەوەکان زیاد ئەکات. بەڵام ئەوەندی مێژوو نیشانی داوە، وادیارە وێکچوویی هەمە لایەنەی فەرهەنگی روو نادات و جیهان کەلتوورێکی تاقانە بە خۆیەوە نابینێت.

جیهانی ئازاد دنیای آزاد Free world

ئەم زاراوە لەلایەن سیاسەتمەدارانی رۆژاوایی بۆ باسکردن لە جیهانێك بەدەر لە کۆمۆنیست بەکار براوە

جیهانی سێهەم جهان سوم Third world

زاراوەی جیهانی سێهەم، یەکەم جار لە لایەن ئابووریناسێکی فەرەنسی بە ناوی«ئالفرێد سوویی» بەکار براوە. ئەم زاراوە لە ساڵەکانی ١٩٥٠ تا ١٩٦٠ رەواجی پەیدا کرد و مەبەستیش لەو ولاّتە ئاسیایی و ئەفریقاییانە بوو کە تازە سەربەخۆییان بە دەس هێنابوو. هەروەها ئەو ولاّتانەشی ئەگرتەوە کە نە لە ریزی ولاّتانی پێشکەوتووی سەرمایەداریدا ئەگونجان و نە لە ریزی ولاّتانی پێشکەوتووی کۆمۆنیستیدا.

پێناسەگەلێکی تریش لەبری ئەم زاراوە بە کار براوە کە بریتین لە: ولاّتانی دواکەوتوو، ولاّتانی کەمتر پێشکەوتوو، ولاّتانی روو لە پەرەسەندن. خەڵکی ولاّتانی جیهانی سێهەم، بەزۆری خەریکی کشتوکاڵن و لە دێهاتەکاندا ئەژین و بۆ کاری بەرهەمهێنان زیاتر لە شێوازی کۆنباو کەڵك وەرئەگرن.

لەم ساڵانەدا بزاڤێکی سیاسی نێونەتەوەیی لەم جۆرە ولاّتانە پەرەی سەند کە لە دووی شوناسێکی تایبەتی سیاسی و ئەخلاقی بووە بۆ روبەڕووبونەوە لە بەرامبەر دوو بلۆکی رۆژهەلاّت و رۆژاوادا. بە ناوبانگترین رێبەرانی ئەم بزاڤە بریتیبوون لە: جەواهیرلەعل نێهرۆ لە هێندستان، جەمال عەبدولناسر لە میسر، ئەحمەد سۆکارنۆ لە ئەندونیسیا و تیتۆ لە یۆگوسلاڤیا. هەندێ لەمانە هیوادار بوون بە پێکهێنانی«هێزێکی سێهەم» بلۆکێکیتر لە بەرامبەر دوو بلۆکەکە دابمەزرێنن.

چینییەکان بە پەسندکردنی بیرۆکەی سێ جیهان، ئەم زاراوەیان برەو پێدا. بەڕای ئەوان جیهانی سێهەم، جیهانی حەقیقی و دژی ئیمریالیزمە.

چ

چارتیزم چارتیسم Chartism

چارتیزم لە وشەی charte بە مانای نووسراوە، بەڵگە، بەیاننامە، بلاڤۆك و وەرەقەی شوناس وەرگیراوە.

چارتیزم، بزاڤێکی ریفۆرمخوازانەی بەریتانی بوو کە لە ساڵەکانی ١٨٤٠ تا ١٨٤٨ لەم وڵاتەدا بۆ باشتر کردنی پەرلەمان لە ئارادا بووە. سەرکەوتنی چارتیزم بە هۆی گرووپێکی کرێکاری بوو کە خۆیان بە چارتیست لە قەڵەم دابوو. هۆی ئەم ناولێنانەش ئەوە بوو کە لە ساڵی ١٨٣٨ نووسراوەیەکیان دەرکردبوو کە بەناوی «بلاڤۆکی گەل» ناوی دەرکرد. هەندێ لە چارتیستەکان لە بنەڕەتدا ئەو سوسیالیستانە بوون کە لە گەڵ شێوازەکانی سەرمایەداری دژایەتییان دەکرد و پێیان وابوو کە سەرەنجامی چالاکییەکانیان ئەبێ ناردنی چینی کرێکار بۆ پەرلەمان بێت. ڕێبەرانی ئەم بزاڤە لە بەیاننامەی ساڵی ١٨٣٨ خواستەکانی خۆیان بەم شێوە راگەیاند:

- هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی عەوام، ئەبێ ساڵێ جارێك بەڕێوە بچێت.
- هەر کەسێك باڵغ بووبێت بۆی هەیە لەم هەڵبژاردنانەدا بەشداری بکات.
- دەنگدان بە وەرەقەی شاراوە بێت.
- سندووقەکانی دەنگدان بە شێوەیەکی یەکسان دابەش بکرێت.
- مەرجی مڵکدارییەتی لە مەرجەکانی ئەندامەتی مەجلیسی عەوام لابرێت.
- بۆ ئەندامانی مەجلیسی عەوام، مووچە دیاری بکرێت تاکوو خەڵکانێك بە داهاتی کەمیشەوە بتوانن ببنە ئەندامی پەرلەمان.

چارتیستەکان لە باری مێژووییەوە هاندەری چینی کرێکار بوون بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ڕۆڵێکی شۆڕشگێڕانە. ئەگەرچی ئەم بزاڤە لە ساڵی ١٨٤٨ لێكهەڵوەشا بەڵام دواتر هەندێ لە ئامانجەکانی لە قەوارەی بەرنامەکانی ئەنجومەن و یەکیەتی کرێکاری پیادە کرا.

چڵە زەیتوون شاخە زیتون Olive Branch

چڵە زەیتوون هێمایەکە بۆ ئاشتی و ئاسایش.

چواردە مادەی ویلسۆن چهاردە مادەی ویلسون Fourteen points

لە ڕێکەوتی ١٨ی ژانوییەی ١٩١٨ تۆماس وودرۆ ویلسۆن (١٨٦٩-١٩٥٩) سەرکۆماری ئەو کاتەی ئەمریکا، بەیاننامەیەکی دەربارەی ئامانجەکانی دەوڵەتانی یەککەوتوو(لە شەڕی جیهانی یەکەم) بڵاو

کردوەوە کە بە چواردە مادەی ویلسۆن ناوی دەرکردووە ئەم چواردە مادە بریتین لە:

١ـ راوەستانی سیاسەتی نهێنی و مۆرکردنی پەیماننامەی ئاشکرا بۆ ئاشتی.

٢ـ ئازادبوونی هاتوچۆ لە دەریاکاندا.

٣ـ لابردنی کۆسپی گومرگی و لەبەرچاوگرتنی یەکسانی و ئازادی لە بازرگانیدا.

٤ـ کەمکردنەوەی چەکەکان.

٥ـ چارەسەرکردنی دادپەروەرانەی کێشە ئیستیعمارییەکان.

٦ـ چۆڵکردنی خاکی سۆڤیەت.

٧ـ سەربەخۆیی دووبارەی بەلجیکا.

٨ـ چۆڵکردنی فەرەنسە و گەرانەوەی «ئالزاس و لورن» بۆ ئەم وڵاتە.

٩ـ پیاچوونەوە بە سنوورەکانی ئیتالیا.

١٠ـ خودموختاری بۆ کەمایەتییەکانی نەمسا ـ مەجارستان.

١١ـ چۆڵکردنی خاکی سێربستان و مۆنتێنێگرۆ و رۆمانیا و چارەسەرکردنی دادپەروەرانەی کێشەکانی بالکان.

١٢ـ سەربەخۆیی ناوخۆیی نەتەوەکانی سەر بە ئیمپراتۆری عوسمانی و نێونەتەوەیی کردنی تەنگاوی داردانێل.

١٣ـ دامەزرانی دووبارەی دەوڵەتی پۆڵۆنیا.

١٤ـ دامەزراندنی کۆمەڵی نەتەوەکان.

چەپ — چپ — The left

ئاخێزگەی ئەم زاراوە ئەگەرێتەوە بۆ شێوەی دانیشتنی «کۆمەڵی نەتەوەیی توێژەکانی فەرەنسە» لە ساڵی ١٧٨٩.لەم کۆمەڵەدا میران لەلای راستی پاشا و «چینی سێهەم» لەلای چەپییەوە دائەنیشتن. ئەم دابەشکارییە فیکرییە لە کاتی ڤیتۆکردنی پاشا پەرەی سەند. نوێنەرانی شۆرشگێر لەگەڵ ڤیتۆدا دژایەتییان دەکرد،کۆنەپارێزەکان رازی بوون و نەرمرەوەکان یا ئەو کەسانەی لە ناوەراستدا بوون، پێشنیازی ئاشتییان کرد.

ئەم تێگەیشتنە لە سیاسەت، شێوازێکی هەمیشەییە کە تێیدا پەیکەری سیاسی لە لایەن روانگە جیاوازەکانەوە دەگۆردرێ و دابەش ئەکرێت کە دەرەنجامەکەی پەیدا بوونی چەپ و راستە. لەم روانگەوە ئەو حیزبانەی لایەنگری گۆرانکاری بن، پێیان ئەوترێ «چەپی»و ئەو حیزبانەش کە خوازیاری دۆخی هەنووکە بن و نەخوازن هیچ شتێك بگۆردرێ، بە «راست» ناوبردە ئەکرێن.

چەپ و راست — چپ و راست — Left and right

ئاخێزگەی زاراوەی چەپ و راست، شۆرشی فەرەنسەیە کە لە کۆمەڵی نەتەوەیی نوێنەرانی شۆرشگێری

توندڕەو لە لای چەپ و نوێنەرانی کۆنەپارێزیش لە لای ڕاستەوە دائەنیشتن. لەو سەردەمەدا ئەم دوو زاراوە مانایەکی ئاشکرا و جیاوازیان هەبوو: چەپ بە مانای شۆڕشگێریی و حەز بە گۆڕان کردن بووە و ڕاستیش بە واتای نەیاریکردن لە گەڵ هەر چەشنە گۆڕانێك یان گەڕانەوە بۆ ڕابردوو. بەڵام لەوە دوا، واتای زاراوەکان تووشی هەوراز و نشێو بوون و هاوکات لە گەڵ سەرهەڵدانی لاگیریی نوێی سیاسی، دیاریکردنی سنوورێکی بەرچاو لە بەینی ئەم دوو چەمکەدا ئەستەم بووە.

بە گشتی بزاڤی چەپ بریتییە لە هەموو گرووپێکی ریفۆرمخواز* و شۆڕشگێڕی ئەم سەردەمە. واتە لیبراڵ و سۆسیالیست و ئانارشیست و کۆمۆنیستەکان کە لە باری ئایدیۆلۆجییەوە کەوتوونە ژێر ڕکێفەی ئەندێشەی نوێی پاش ڕێنێسانس. ئەندێشەگەلێکی وەك: ڕاسیۆنالیزم(بڕوا بە ئەقڵ) لە بەرامبەر بڕوای ئایینی، پێشکەوتن خوازی، یەکسان خوازی، دیموکراسی و ئازادی و مرۆڤ دۆستی. تایبەتمەندییەکانی چەپ بریتییەلە :

١ـ لایەنگری لە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری بە مەبەستی دابینکردنی یەکسانی و لەناو بردنی جیاوازی چینایەتی و کورتکردنەوەی دەستی دەوڵەت لە کاروباری کۆمەڵایەتی و ئابووری.

٢ـ لایەنگری لە ئیمانی سەرزەمینی، واتە بڕوا هێنان بە پێشکەوتنی بێسنووری زانست و مرۆڤ و مێژوو لە بەرامبەر ئیمانی ئایینی و پەسلانی، ڕووهێنانە ئەقڵ و بەڵگاندن و بڕوای فەلسەفی نائایینی و دژەئایینی.

٣ـ لایەنگری لە ئینتەرناسیۆنالیزم لەبەری نیشتمان پەروەری و ناسیۆنالیزم*. بڕواهێنان بە هاوسانیی مرۆڤ و چارەنووسەکەی.

٤ـ لایەنگری لە شکاندنی ترادسیۆن و نەریتەکان و حەزکردن بە شۆڕش لەبری ریفۆرم خوازی و ئاراستەکردنی پلانی نوێی کۆمەڵایەتی بە پێی پێودانگی ئایدیۆلۆجی لەبری کۆنەپارێزی و کۆنەپەرستی، بڕواهێنان بە جەماوەر وەك تاکە سەرچاوەی هەقیقەت و دەسەڵاتی سیاسی.

زاراوەی ڕاست دەربارەی زنجیرە تیۆرییەکی سیاسی ئەدوێ کە لە بەرامبەر چەپ ڕادەوەستێ. لە ڕاستیدا باڵی ڕاست بۆ ناوبردە کردنی ئەو کەسانە بەکارهات کە بەرگرییان ئەکرد لە دەستێوەردان و ڕمبازێنی شۆڕشی فەرەنسە بۆ سەر دەزگاکانی پاشا. بە درێژایی سەدەی نۆزدە زاراوەی ڕاست بە مانای قەبووڵی دەسەڵات و سەرچاوەبوونی دەزگایەك یان کەسێك (دەوڵەت، کڵێسە، ڕێبەر) پێناسە کراوە. بڕواهێنان بە حوکمەتێکی زۆردار، موڵکداریەتی، کڵێسە و بەهێزبوونی سپا. تایبەتمەندییەکانی باڵی ڕاست لە سەدەی نۆزدە بریتین لە:

١ـ ڕەوابینینی نابەرامبەریی کۆمەڵایەتی و جیاوازیی چینایەتی لە کۆمەڵگای سەرمایەداری لەبەرامبەر هێرشەکانی سۆشیالیزم.

٢ـ پشتیوانی و داکۆکی کردن لە دەزگا مێژینەکانی کۆمەڵگا وەك خێزان، کڵێسە و پاشا لە بەرامبەر هێرشی چەپەکان.

٣ـ لایەنگری توند لە ناسیۆنالیزم و بردنەسەرەوەی دەسەڵاتی نەتەوەیی و ڕێزگرتن لە کەلتووری

نەتەوەیی و نەژادی لە بەرامبەر لاگیریی ئینتەرناسیۆنالیستی.

٤ـ داکۆکی کردن لە ئازادی سیاسی و ئابووری تاکەکەس لە بەرامبەر هەر گوشارێکی دەوڵەتدا.

ڕووداوەکانی دوای شەڕی جیهانی دووهەم بە تایبەت دزەکردنی ئایدیولۆجی نوێی سیاسی لە ئەورووپاوە بە ئاسیا و ئەفریقا، دەسەڵات و بزاڤگەلێکی سیاسی وای هێناوەتە کایەوە کە جیاکردنەوەی ڕەگەزەکانی ڕاست و چەپ لە یەکتر دژوار ئەکات. بۆ وێنە هەندێ لەم بزاڤ و حوکمەتانە لە لایەکەوە، لایەنێکی ناسیۆنالیستی بەهێزیان هەیە و لە لایەکی تریشەوە، زۆربەی دروشمەکانی چەپ دەڵێنەوە و خۆیان وەك شۆڕشگێڕێك لە قەڵەم ئەدەن و بانگەشەی پێشکەوتن و گەشەسەندن ئەکەن.

لەم ساڵانەی دواییدا زاراوەی ڕاست و چەپ بۆ پۆلێن بەندی ناوخۆیی حیزبەکان بەکار براوە. وەك چۆن لە حیزبی کۆنەپارێزی بەریتانیا، مەبەست لە باڵی چەپ ئەو کۆنەپارێزانەن کە هەندێ چەمکی چەپی وەك پلان دانانی ئابووری و بەربڵاوکردنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و سەربەستی داگیرکراوەکانە. لە حیزبی کرێکاری ئەم وڵاتەش، مەبەست لە چەپ گەیشتن بە سۆشیالیزمە و لایەنگری لە ڕاست، بە واتای لیبراڵەکانی ئەو حیزبەیە.

چەپی نوێ — چپ جدید — New left

ئەم لایەنگرییە سیاسیە لە ١٩٥٠ لە دوای دەرکەوتنی نارەزایەتی لە چەپی کۆن سەری هەڵدا. بە گشتی ئەم زاراوە دەرحەق بە کەسانێك یا ڕێکخراوەگەلێك بە کار براوە کە پەیڕەوی ڕێبازە جۆراوجۆرەکانی مارکسیزمی نوێ، سۆشیالیزم، سێندیکالیزم، ئانارشیزم و پاسیفیزم بن. لایەنگرانی سەرەکی ئەم بزاڤە، کۆمەڵی خوێندکاریی و ڕێکخراوە ڕەشپێستەکان بوون. ئەم بزاڤە بۆ دژایەتی کردن لە گەڵ تەشەنەدان بە شەڕی ڤێتنام، لە ساڵی ١٩٦٤ چالاکی زۆری لە خۆی نواند.

چەپی نوێ لە هەموو شوێنێکدا بزاڤێکی خوێندکاری بووە، بۆ وێنە ساڵەکانی ١٩٦٠ لە ئەمریکا و ڕووداوەکانی مانگی مەی ١٩٦٨ لە فەرەنسە و ئەڵمانیا.

چەقبەستن/کۆجێیی — تمرکز — Centralization

مەبەست لە چەقبەستن، کۆبوونەوەی لە ڕادەبەدەری دەسەڵات و هێز لە دەستی چەندکەسێکی سەر بە گرووپێکی کۆمەڵایەتیدایە. زاراوەی چەقبەستن لە سەرەتای سەدەی ١٩ بە تایبەت لە فەرەنسە بۆ ناوبردە کردنی پرۆسەی زیادبوونی هێزە حوکومییەکان(حوکمەتە سیاسییە ناوچەییەکان) بەکار براوە. ئەم زاراوە زیاتر، لە لایەن دۆتۆکویل، بلاو بۆتەوە.

لە هەمبەر چەقبەستندا زاراوەی چەق سڕینەوە (decentralization) هاتۆتە ئاراوە کە بە مانای دابەزاندنی ئاستی کۆجێیی دەسەڵات بە نزمترین پلە پێناسە کراوە. چەقبەستن، پتر واتایەکی سووکایەتی ئامێزی لە خۆ گرتووە بەڵام چەق سڕینەوە وەك چەمکێکی پۆزەتیڤ پێناسە کراوە.

چەك داماڵین خلع سلاح Disarmament

کەمکردنەوە و لەناوبردنی چەك و تەقەمەنی یان کۆنترۆڵی ئامێری جەنگی و کەمکردنەوەی هێزی سەربازی بە مەبەستی داشکاندنی مەترسی شەڕ و زیابوونی ئاسایش و هێمنایەتی نێونەتەوەیی. لە بابەت چەك داماڵینی هەمەلایەن و گشتگیر، لە مێژە باس و کۆڵینەوە کراوە. یەکەم جار لە «کۆمەڵی نەتەوەکان» لە ساڵەکانی ٣٤- ١٩٢٧ و پاشان لە «ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان» بەلام هیچکامیان نەیانتوانی ئەم کێشە چارەسەر بکەن. پاش شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی و بە هۆی ئەو کارەساتانەی کە لە جیهان ڕوویاندا بە تایبەت، پاش دروستکردنی چەکی ناوەکی هەوڵ و دەوڵی نێونەتەوەیی بۆ ئەم مەبەستە زیاتر پەرەی سەند و ئەمەش وایکرد کە لایەنگرانی چەك داماڵین بە خێرایی کۆببنەوە و بڕیاری گرنگ دەربکەن و بە کردەوەش هەنگاوی بەرچاوی بۆ بنێن. بۆ وێنە پەیمانی ئاتلانتیکی باکووری (ناتۆ) لە ساڵی ١٩٤٣ بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی لەبار بۆ ئەم مەسەلە چەن هەنگاوێکی هەڵگرت.

پرۆسەی داماڵینی چەك، ڕەنگە بە شێوەی یەکلایەنە، دوولایەنە و چەندلایەنە یان پاژەکی و گشتی بێت. لە سیستەمە سیاسییەکانی هاوچەرخدا چەك داماڵین. بەدوای شکست هێنانی لایەنێکی شەڕ دێتە ئاراوە و دەوڵەتی سەرکەوتووی شەڕەکە دەست ئەکا بە داماڵینی چەکی لایەنی دۆڕاو.

پێویستە بگوترێ کە چەك داماڵین، خۆبەخۆ نابێتە هۆی دابەزاندنی مشتومڕ و کێشە. ناکۆکی مەسەلەکە لەوەدایە کە پرۆسەی داماڵینی چەك کە بۆ نزمکردنەوەی کێبەرکێی چەك و تەقەمەنی دێتە کایەوە، هەندێ جار خۆی دەبێتە هۆی کێشە و ململانێ. چاودێری کردن بە سەر پرۆسەی چەك داماڵین پێویستی بە بەڕێوەبەرایەتییەکی ناوەندگەرای بەهێزە.

چین طبقه Class

چین، بەو کۆمەڵە خەڵکانە ئەڵێن کە لە چەند ئەندام پێکهاتوون و هەر یەکە بە پێی جێگا و شوێنی خۆی لە سیستەمی بەرهەمهێنانی کۆمەلایەتی و ئابووری لەوانی تر جیا دەبێتەوە. بە واتایەکیتر، چین بریتییە لە بەگرووپ کردن یا دیاریکردنی شوێنکات و هەڵوێستی تاکەکان بە پێی هایراکی کۆمەلایەتی کە لە سەر بنەمای پێوەندی ئابووری لە کۆمەڵگا دابەش بووبێت. ئەگەرچی جەماوەر، ئەغڵەب چینەکانی کۆمەڵگا بە دوو چینی سەرمایەدار و هەژار دابەش ئەکات بەلام بەکاربردنی ئەم زاراوە، بۆچوونی جیاوازی لێبۆتەوە کە ئەگەڕێتەوە بۆ شێوازی موڵکدارێتی ئابووری. نەك تەنیا ڕادەی بەهرەداری لە سەروەت و دارایی. مارکس، کە لە سەدەی نۆزدە بەردی بناخەی بیرۆکەی چینایەتی دانا، پێی وابوو کە لە دوای پەیدابوونی پیشەسازی، دوو چینی سەرەکی لەدایك ئەبێ: یەکەم، بۆرژوازی* یا چینی سەرمایەدار کە خەڵك بە ئیشەوە سەرقاڵ ئەکات. دووهەم، پرۆلتاریا* یا چینی *کرێکاری بێ سەروەت و سامان.*

لێکدانەوەی زاراوەی چین، سێ تەوەری جیاواز لەخۆ دەگرێ: دەرفەتی کۆمەلایەتی، شوناس و سیاسەت. یەکەم، ئەم پرسیارە دێنێتە ئاراوە کە ئایا ئەندامانی چینە جۆراوجۆرەکان، بۆ گەشەکردن لە

کۆمەڵگا، لەگەڵ دەرفەتی نایەکسان بەرەوروون؟ (بۆ وێنە لە دەزگا پەروەردەییەکان یا لە مەیدانی ئیش و کار) یا لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیان لە گەڵ ڕەفتاری ڕەگەزپەرستانە بەرەوروو دەبنەوە؟ دووهەم، ئایا ئەندامانی چینەکان، شوناس گەلی تایبەتی هاوبەشیان هەیە؟(بۆ وێنە خودناسین، ڕوانگەی کەلتووری یا شێوازە کۆمەڵایەتییەکان). سێهەم، ئایا ئەندامانی چینەکان ئارەزووی سیاسی هاوبەشیان هەیە و لە پێناو گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی پێکەوە هاوکاری یەکتر ئەکەن؟ مارکس، بۆ هەر سێ پرسیارەکە وەڵامی ئەرێ ئەداتەوە. بەڵام پێیوابوو کە سەرەنجام چینە ژێردەستەکان هەست بە هەژاریی و چەوساوەیی خۆیان ئەکەن و بە «وشیاری چینایەتی» ئەگەن.

لە سەرەتای سەدەی بیستەم کۆمەڵناسی ئەڵمانی، ماکس ڤێبەر، بۆچوونەکانی مارکسی ڕەت کردەوە. ڤێبەر ئەم بۆچوونەی مارکسی بەلاوە گران هات کە کۆمەڵگا تەنیا لە دوو چینی سەرمایەدار و کرێکار پێکهاتبێت! لە لایەکیترەوە، ئەو پێی وابوو کە ئەو گرووپە هاوکووفانەی کە تەنیا بە پێی شێوازی ژیانیی هاوبەش پێك دێن، بە نیسبەت چینەکان باشتر ئەتوانن کاریگەریی دابنێن بە سەر ئینتیما دەروونییەکان. ڤێبەر، دەوڵەت وەك هێزێکی چالاکی کۆمەڵایەتی ناوبردە ئەکات کە تێیدا کاربەدەستان و حیزبە سیاسییەکان لە سەر دەسەڵات مشتومڕیانە. کەچی مارکس، دەوڵەت وەك گۆڕەپانێکی بێلایەن بۆ خەباتی چینەکان لە قەڵەم ئەدا.

ئێستاکە جگە لەو پۆلێن بەندییە کلاسیکەی چین، جیاواز لە چینی مامناوەندی، چەندین چینی دیکەی کۆمەڵایەتی سەریان هەڵداوە کە ئەکرێ بەم جۆرە ناوبردە کرێن: پسپۆڕانی پیشەیی، بەڕێوەبەرانی ناوەندی و خاوەن پیشەی بچووکی ئازاد.

چینی میانە/چینی مامناوەندی طبقـه متوسـط Middle class

چینی بورژوا، لە باری مێژووییەوە بە چینی میانە ناوی دەرکردووە. لە سیستەمی سەرمایەداریدا نێوان چینی سەرمایەدار و کرێکار، دوو گرووپی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی سەری هەڵداوە: گرووپی یەکەم بریتییەلە، خەڵکانی بازرگان، مامەڵەچی، دوکاندار، خاوەن دەزگای بچووکی ئابووری و بەرهەمهێنی سەربەخۆ. گرووپی دووهەم بریتییەلە: خەڵکانی خوێندەوار، ئەندازیار، پزیشك، ماف پەروەر، مامۆستای زانکۆ، فێرکار، خوێندکار، کارمەند و مووچەخۆر. ئەم دوو گرووپە بە چینی میانە یان چینی وردە بورژوا پێناسە کراون. (بڕوانە وردە بورژوازی)

مارکسییەکان ئەم گرووپانە لە باری عیلاقاتی سیاسییەوە بە دوو گرووپی دیکە دابەش دەکەن: یەکەم، توێژی باڵای چینی میانە کە لە ژیانێکی خۆش بەهرەمەندە و لە بەریانی خەباتی چینایەتیدا دەچێتە بەرەی سەرمایەدار و تاقمی دەسەڵاتدارەوە. دووهەم، توێژی خواروی چینی میانە کە بە هۆی لەدەستدانی ئیمتیازەکانی، خۆی ئەخاتە پاڵ چینی پرۆڵتاریا. کەواتە توێژی باڵای چینی میانە، لە ماهییەتی سیاسیدا کۆنەپەرست لە ئەژمار دێ و توێژی خواروو، شۆڕشگێڕ.

ح

حوکمەت/میریی حکومت Government

وشەکە بە مانای فەرمانڕەوایی و حوکم کردنە بەڵام لە زاراوەی سیاسیدا بریتییە لە کۆمەڵە ڕێکخراوەیەکی کۆمەڵایەتی کە بۆ دیاریکردنی پێوەندی چینە کۆمەڵایەتییەکان و پاراستنی سامانی کۆمەڵگا بەدی دێت. چەمکی حوکمەت بە نیسبەت دەوڵەت، چەمکێکی عەینی و بەرچاوترە. ئەرکە سەرەکییەکانی حوکمەت، دانانی یاسا و پیادەکردنییانە. جیاواز لەمانەش حوکمەت و دەزگا حوکومییەکان، ئەرکی پەرەسەندن و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتییان لە ئەستۆدایە.

ڕێکخراوە حوکومییەکان، لە کۆمەڵگای سەرەتایی‌دا بەدی ناکرێن چونکا ئەم جۆرە کۆمەڵگایە بە هۆی تێک تەنراوی و تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی، بێ ڕێوشوێنی ڕێکخراوە یان کەسێکی تایبەت ڕەفتار ئەکات. کۆمەڵگای سەرەتایی لە بەر ئەم هۆیانەی خوارەوە پێویستی بە حوکمەت نەبووە:

۱ـ گرووپێکی بچووکە.

۲ـ خاوەنداریەتی گشتی لە ئارادا نەبووە.

۳ـ کۆنەپەرست بووە.

بەڵام حوکمەت لەم چاخەدا جیاوازە و ڕۆژبەڕۆژ بەرەو ئاڵۆزبوونی زیاتر ئەچێت و ئەرک و تەوزیمی گەورە و بەربڵاوی لێ زیاد بووە. لەم بارەوە سێ هۆکار دەور ئەبینن کە بریتین لە:

۱ـ بەرفراوانی خاك و زێد: بە هۆی زیادکردنی قەڵەمڕەوی هەندێ لە دەوڵەتەکان و یەکگرتنی نەتەوەی جۆراوجۆر لە وڵاتەکەدا دەوڵەتانێکی بەرفراوان دروست بوون.

۲ـ ئاڵۆز بوونی ژیانی کۆمەڵایەتی: ئیمڕۆکە، ئەو دەوڵەتانەی کە تەنیا لە یەك نەتەوە پێکهاتبن واتە کۆمەڵگایەکی هاوکووفیان ببێت کە خاوەنی بەرژەوەندی و زمان و مێژووی هاوبەش بێت بە دەگمەن هەڵدەکەون. هەندێ لەم دەوڵەتە تازەپیاکەوتووانە، خەڵکانێکی زۆریان لە خۆ گرتووە کە لە باری ڕەگەزی و ئەتنیکی و ئایینییەوە، جیاوازی زۆریان پێکەوە هەیە.

۳ـ گۆڕانی هەمیشەیی: کۆمەڵگای ئەم سەردەمە، لە سێبەری تەکنۆلۆجیەوە هەمیشە لە حاڵی گۆڕان و نوێ بوونەوەدایە و ئەم تازەبوونەوە بۆ حوکمەتەکان ئەستەم و دژوارە.

ئەم هۆکارانە بۆتە هۆی ئەوەیکە ئەرکی دەوڵەتەکان لە بەرامبەر کیشەکان ئەستەم بێت، بە چەشنێك کە حوکمەتانی ئەم سەردەمە ناتوانن وەك حوکمەتەکانی پێشوو بە سانایی ژیانی خەڵك خۆش بکەن و ئاسایشی کۆمەڵگا مسۆگەر بکەن. یەکێك لەو مەترسییانەی کە ڕێوشوێنی کۆمەڵایەتی لە دەوڵەت ئەشێوێنێ، شۆڕش و لادان لە داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانە. لەم ڕووەوە بە هۆی ئاڵۆزیی کاروباری حوکمەتی ئەم سەردەمە، ژمارەی ڕێکخراوە و بەڕێوەبەرانی دامودەزگا ئیداریەکان ڕوو لە زیادبوونە و

کۆمەڵگا بۆتە دیلێکی بەر دەستی بۆرۆکراسییەتەوە.

چەمکی حوکمەت ئەگەر لە گەڵ ئاوەڵناوێك بەکار ببرێت، ئەوە بۆ دیاریکردنی جۆری رژێمی سیاسیە. بۆ وێنە: حوکمەتی پەرلەمانی و حوکمەتی دیموکراسی. «حوکمەتی قانوونی»، بە پێی ماناکەی، نوێنەری «خواستی گشتی»یە و بەڕێوەبەری ئەم خواستانەیە بە پێی رێوشوێنەکانی دەستوور. بەم بۆنەوە تا ئەو کاتە حوکمەت «قانوونی» لە ئەژماردێت کە رەفتارەکانی لە گەڵ خواستی گشتیدا یەك بگرێتەوە ئەگینا ئەبێتە حوکمەتێکی دیکتاتۆری*.

لە روانگەی یاسای نێودەوڵەتی و پێوەندی نێوان وڵاتەکان، واقیعی حوکمەت ئەوەیە کە دەسەلاتی راستەقینە بە دەست چ کەسانێك یا گرووپێکەوەیە. ئەغلەب پێودانگی راستەقینە بۆ ناوبردەکردنی حوکمەتێك لایەنی واقعی شتەکەیە تاکوو لایەنی قانوونییەکەی. واتە لە گەڵ خواستی گشتیدا یەك بخوێنێتەوە. بەلام هەندێ جار بۆ وێنە لە کاتی راپەڕین یان شۆڕش لە وڵاتێك، هەندێ لە دەوڵەتەکان رێکخراوە یان **دەوڵەتی ئازاد*** یان **دەوڵەتی کاتی*** وەك دەوڵەتی قانوونی، بە رەسمییەت ئەناسن نەك دەزگای حاکمێك کە بە هۆی پێشێلکردنی خواستی گشتی بە نایاسایی ناوی دەرکردووە.

حوکمەتی پیران/پیر مەزنایەتی پیرسالاری/حکومت سالخوردگان Gerontocracy

حوکمەتێك کە تێیدا کاروباری وڵات بسپێردرێتە دەست بەساڵاچوانی دنیادیدەی زانا و بەئەزموون. ئەم تیۆرییە لە پێنجسەد ساڵ پێش زایینەوە کەمتاکورتێك لایەنگری خۆی هەبووە چونکە لایەنگرانی ئەم رێبازە، لاوان، بە کاڵفام و شەڕهەڵایسێن دەزانن هەربۆیە پیرانی زانا بۆ بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگا بە شایستەتر دەزانن.

حوکمەتی دەستووری حکومت مشروطه Constitutional government

بە رژێمێکی سیاسی دەگوترێ کە بەستێنی دەسەلاتەکەی بە پێی بەربەستی قانوونی بەرتەسك کرابێتەوە. لەم رووەوە لە بەرامبەر حوکمەتی ئیستبدادی و دیکتاتۆریدا حوکمەتی دەستووری دێتە ئاراوە. بە واتایەکی تر، حوکمەتی دەستووری لە گەڵ حوکمەتی قانوونی بە یەك مانا لێکدراونەتەوە. قانوون بریتییە لە کۆمەڵێ بنەما و پرەنسیپ کە لە لایەکەوە سنووری کردەوەی تاك و کۆمەڵ دیاری ئەکات و لە لایەکی تریشەوە ئاستی بەکارهێنانی دەسەلاتی دەوڵەت سنووردار ئەکات. هێنانە کایەی پێوەندییەکی قانوونی لە نێوان حوکمەت و هاووڵاتیان و پابەندیی هەردوولا بە قانوون، لە مەرجە سەرەکییەکانی حوکمەتی دەستووری لە ئەژمار دێت. زاراوەی «ئازادییەکانی تاك» و «جیاکردنەوەی هێزەکان» * یەکێکی تر لە لایەنە سەرەکییەکانی ئەم جۆرە حوکمەتەیە.

لە بەرئەوەی ئەم حوکمەتە سیستەمێکی قانوونییە و بنەماکانی بە پێی یاسا دامەزراوە، لە گەڵ پەرلەمان و پەرلەمانتاری هاوشێوە دەنوێنن. حوکمەتی دەستووری، بە دوو شێوازی جودا هاتۆتە کایەوە: یەکەم،

کۆماریی. دووهەم، پاشایەتی. بیرۆکەی حوکمەتی دەستووری لە بنەڕەتەوە، ئەگەڕێتەوە بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازی(لیبرالیزم)*.

حوکمەتی سەربازیی حکومت نظامی Martial law

بریتییە لە پیادەکردنی دەسەلات و کۆنترۆڵی سەربازی و سوپایی دەوڵەتێك بەرامبەر بە کەسانی مەدەنی لە ولاتێك لە کاتی شەڕ یان تەنگەتاوی. لە کاتی جێگیربوونی ئەم حوکمەتە لەبری فرمان و دەستووری مەدەنی، فەرمانەکانی هێزی سەربازیی پیادە ئەکرێ و دادگا مەدەنیەکانیش جێی خۆی ئەدا بە دادگای سەربازی.

حوکمەتی هەرێم حکومت محلی Local Government

حوکمەتی هەرێم یان حوکمەتی هەرێمی، پێکهاتەیەکە لە یەکەیەکی تایبەت بۆ وێنە شارۆچکە، شار یان هەرێمێك کە تا رادەیەکی زۆر بۆ خۆی سەرپشك بێت و بۆ راپەڕاندنی کاروباری ناوچەکە سەربەخۆییەکی کەمتازۆری هەبێت. خەڵکی ئەم ناوچە خۆیان بە دانانی یاسا ـ بەو مەرجەی لەگەڵ یاساکانی ولات تەبا بێت ـ کاروباری هەرێمەکە بەڕێوە دەبەن. نموونەی ئەم جۆرە حکومەتە، هەرێمی کوردستانی عێراقە کە لە ساڵی ١٩٩١ بەملاوە، بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەسەلاتی بە دەستەوەیە.

حەماس حماس Hamas

ئەم زاراوە کورتکراوەی «حرکە المقاومە الاسلامی»یە کە بە بزاوتی خۆڕاگری ئیسلامی خەڵکی فەلەستین ناوی دەرکردووە و بۆ ئازادکردنی هەموو خاکە داگیرکراوەکانی فەلەستین لە دەستی رژێمی ئیسراییل خەبات ئەکات. حەماس لە رێکەوتی ١٥ ی دیسەمبەری ١٩٨٧ بە رێبەرایەتی شێخ ئەحمەد یاسین، بە شێوەیەکی رەسمی بوونی خۆی لە بەیاننامەیەکدا راگەیاند. حەماس دوابەدوای زیندانی کرانی زۆربەی ئەندامانی چالاکی خۆی لە لایەن ئیسڕاییلەوە، لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٠ لقی چەکداریی خۆی بە ناوی هێزی شێخ عێزەدین قەسسام راگەیاند. ئەم رێکخراوە پێی وایە کە مەترسیدارترین پلانی ئاشتی کە تا ئێستا هاتۆتە ئاراوە، رێککەوتننامەی «غەززە ـ ئەریحا»یە کە لە رێکەوتی ١٣ی سێپتەمبەری ١٩٩٣ لە نێوان رژێمی ئیسراییل و رێبەرایەتی رێکخراوەی رزگاریخوازی فەلەستین لە واشنتۆن واژۆ کرا. چونکا لەم رێککەوتنەدا ئیسراییل لە خاکە داگیرکراوەکان بە رەسمییەت دەناسرێ و پێوەندی ولاتانی عەرەب لە گەڵ ئیسراییل هێور دەکرێتەوە.

لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی پازدەی ژانوییەی ٢٠٠٦ حەماس، توانی لە سەرجەم ١٣٢ کورسی، ٧٢ کورسی بباتەوە و بەم جۆرە دەوڵەتی نوێی فەلەستینیەکان دابمەزرێنێ. لەم ساڵانەی دواییدا ناکۆکی نێوان حەماس و رێکخراوی فەتح*رووی لە زیادبوون بووە و جاری واش هەبووە کێشەکانیان ئاکامی چەکداری و

شەڕی لێ کەوتۆتەوە ئەمەش هەر دێتوو پرۆسەی ئاشتی نێوان ئیسراییل و عەرەبان ئاڵۆزتر و درێژخایەن تر دەکاتەوە.

دوابەدوای سەرکەوتنی حەماس ئیسراییل و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، یارمەتییەکانی خۆیان بۆ خەڵکی فەلەستین راوەستاند و ئیسراییل بۆ پێوەندی گرتن لە گەڵ حوکمەتی فەلەستینی، سێ مەرجی دیاری کرد کە بریتی بوون لە:

- دەبێ لقی چەکداریی حەماس چەك بکرێت واتە خۆی لە چەك داماڵێ.
- مادەی «لەناوبردنی ئیسراییل» لە پلاتفۆرمی حەماسدا نەمێنێ.
- هەموو رێککەوتنەکانی نێوان حوکمەتی فەلەستینی و ئیسراییل بەهەند بگرێت.

حیزب/ پارت حزب Party

رێکخراوەیەکی سیاسییە کە تێیدا هاوبیران و لایەنگرانی ئارمانجێك بە شێوەیەکی ئارەزومەندانە لە دەوری یەك کۆدەکاتەوە. ئەم رێکخراوە وشیارترین کەسەکانی چین و توێژێك لە خۆ دەگرێ کە بە پێی بەرژەوەندییەکی هاوبەش خڕ دەبنەوە. لە پێناسەیەکی تردا حیزبی سیاسی بە رێکخراوەیەك دەگوترێ کە ئامانجی گەیشتن بە دەسەڵاتێکی رەوایە بە سەر حوکمەتدا لە رێی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە.

کورتە مێژوویەکی حیزبایەتی: حیزبە سیاسیەکان هاوکات لە گەڵ رێورەسمی هەڵبژاردن و پەرلەمان هاتنە کایەوە و پەرەیان سەند. لە سەرەتادا بە ناوی کۆمیتەی هەڵبژاردن خۆیان دەرخست و ئەرکەکەیان سپاردنی سەرپەرشتی کردنی پیاوماقووڵان بوو بە دەست پاڵێوراوێك و کۆ کردنەوەی پارەی پێویست بۆ رکەبەرایەتی لە هەڵبژاردندا. ئینجا لە قەوارەی کۆمەڵی پاسادانان و گرووپی پەرلەمانیدا لە گەڵ نوێنەرانی لایەنێکی سیاسی یەك دەکەوتن. ئەم نزیکایەتییەی نوێنەران لە ئاستێکی باڵادا بووە هۆی پێکهاتنێکی سیاسی کە ئەم پێکهاتنە، یەکەمین حیزبە سیاسییەکانی بەدی هێنا.

سەرهەڵدانی حیزبەکان بووە هۆی پەرەسەندنی هەڵبژاردن و پەرلەمان. لە ناوەراستی سەدەی نۆزدە حیزبەکان وەك کۆبوونەوەی دەستە و گرووپە سیاسییەکان، شێوازێکی فەرمییان بەخۆوەگرت و لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان گەشەیان کرد. ئینجا کۆبوونەوەی کەسانی هاوبیر لە زۆربەی شوێنەکانی جیهان لە سەر شێوازی حیزب پەرەی سەند. لە ئەنجامدا حیزب بووە شوێنی کۆبوونەوەی رووناکبیران و ریفۆرمخوازانی کۆمەڵگا. لەم سەردەمەشدا حیزبی راستەقینە مەکۆی کەسانێکە کە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی جەماوەر و دابینکردنی بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە شێوەیەکی هاوبەش تێدەکۆشن.

لە بابەت ئەوەی لە وڵاتاندا سیستەمی تاك حیزبی یا فرەحیزبی لە ئارادا بێت بۆچوونی جیاواز هەیە: هەندێ کەس سیستەمی فرەحیزبی لە وڵاتێکدا بە نیشانەی ئازادی و دیموکراسی دەزانن و لەو باوەڕەدان کە چالاکی حیزبی جۆراوجۆر و پەرەسەندنی بیروبۆچوونی جیاواز، رەوتی چاکسازی کۆمەڵایەتی خێراتر دەکات. هەندێکیش لەو باوەڕەدان کە کۆبوونەوەی لایەنگرانی یەك رێباز لە حیزبێکدا بە قازانجی کۆمەڵگا

تەواو دەبێت چونکا بە رووخستنی ڕێبازی راست و رەوا، گۆڕانکاریەکی باشتر بە ئەنجام ئەگات و هەر جۆرە ناکۆکی و ناتەباییەك لە ناو دەبات.

بە گشتی سەرهەڵدان و بەهێزبوونی حیزبەکان، پەیوەستە بە پاوەجێبوونی دیموکراسی واتە بەخشینی ماف دەنگدان بە خەڵك و سەقامگیربوونی پەرلەمان لە وڵاتێکدا. لە رژێمێکی پادشایی و سوڵتانیدا کە حوکمەتەکەی لە سەر بنەمایەکی کۆنباو دامەزراوە، حیزب و حیزبایەتی هیچ بایەخێکیان نییە.

هەندێ لە پێناسەکانی حیزب ئیمرۆکە لە سەر بابەتی پاڵنەر و هاندەرەکانی دەسەڵاتی حیزبەکان جەخت ئەکەن. لەم روانگەوە حیزب بریتیەلە دەزگایەك کە تەواوکەری حوکمەت و یارمەتیدەری دەنگدەران لە کاتی هەڵبژاردنی بەرپرسان لە ئەژمار دێت.

ڕێکخستنی حیزبێك، پێویستی بەم مەرجانەی خوارەوە هەیە:

١- پرۆگرام(مەرامنامە): بریتیە لە کۆمەڵێك ڕێوشوێنی سەرەکی حیزب کە هەموو ئامانج و ئەرکەکانی حیزبی تیا دیاری کراوە. لە پرۆگرامدا ڕێوشوێنی وەرچەرخانی بوێرانە و شێوازەکانی گەیشتن بە ئامانجەکان دیاری ئەکرێت بۆ وێنە لە بابەت پیشەسازی کشت و کاڵ و کاروباری کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و پێشکەوتنەوە، ڕێوشوێنی تایبەت دیاری ئەکرێت.

٢- پێڕەونامە: کۆمەڵە ڕێسایەکی ناوخۆیی حیزبە کە تێیدا چۆنیەتی پێکهاتنی ڕێبەرایەتی و دەزگا حیزبییەکان و کۆنگرە و دانیشتنەکانی حیزب روون کراوەتەوە.

٣- کۆنگرە: بەرزترین پلەی ڕێبەرایەتی حیزبە و لە نوێنەری هەموو ناوچە و ڕێکخراوە حیزبییەکان پێك دێت. لە کۆنگرەدا راپۆرتی سەرۆك یا سکرتێری گشتی حیزب دەخوێندرێتەوە و باس لە چالاکی و پێڕۆی تازەی حیزب ئەکرێت. پاشان ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزب، سەرۆك و سکرتێری گشتی و راوێژکار و پشکنەران هەڵدەبژێرن.

٤- کۆمیتەی ناوەندی: بریتییەلە ئەندامانی هەمیشەیی و هەڵبژێردراوی حیزب کە لە نێوان دوو کۆنگرە کاروباری حیزب بەڕێوە ئەبەن و بەرپرسی کۆنگرەیە.

٥- ڕێبەرایەتی: ڕێبەرایەتی بە کۆمەڵ لە ناو حیزبدا جگە لەوەیکە ئەبێتە بەربەستێك لە بەردەم تاکڕەویی و خۆداسەپاندن بە سەر حیزبدا بەڕێوەبردنی ئەرکە حیزبییەکان و ڕێبەرایەتی کردنیش بە چاکترین شێواز بە ئەنجام ئەگات.

٦- کادێر: بە مانای کارمەندی شارەزایە. بوونی کادێری پیر و لاو لە ریزەکانی حیزبدا بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزب زۆر پێویستە.

٧- پلۆنۆم*: کۆبوونەوەیەکی گشتییە کە هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و راوێژکاران بەشداریی تێدا ئەکەن و کێشە گرنگەکان ئەخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

٨- کۆنفرانس: کۆبوونەوەی نوێنەرانی حیزبە بۆ بیروڕا گۆڕینەوە لە سەر بابەتی جۆراوجۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و هونەری.

٩ـ دروشمی حیزبی: دروشم، بریتییە لە پەیام یان دەستەواژەیەکی کورت و مانادار و بەرێوجێ کە حیزبێك لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویی ئەیکاتە مەبەست بۆ کێشەیەکی گرنگ و بانگەشەی بۆ دەکات. ئەکرێ دروشم یان سیاسی و ئابووری بێت یا ستراتیجیکی و تەکتیکی.

١٠ـ دانیشتن(میتینگ): بە واتای دانیشتنێکی چڕوپڕە بۆ باس و لێکۆڵینەوە لە سەر کێشە یان ڕووداوێکی سیاسی. ئەم زاراوە هەروەها بە مانای کۆبوونەوەی حەشیمەتێکە بۆ گوێگرتن بە وتاری وتەبێژێکی حیزبی لە مەڕ کێشەیەك یان ڕووداوێکی سیاسی.

حیزبایەتی فاکسیونالیسم/تحزب Factionalism

فاکسیۆن بە مانای حیزبە و ئەم زاراوە لە لایەن جۆرج واشینتۆن لە سەرەتای سەربەخۆیی ئەمریکا، لەبری حیزب بەکار براوە. فاکسیۆنالیزم بە واتای حیزب خوازی یە و بڕوا بەوەی کە بوونی حیزبی سیاسی پێویستە و دەبێ بنەمای حوکمەت و دەوڵەت لەسەر حیزبایەتی دامەزرێت. ئیمڕۆکە حیزبایەتی، بەشێکی جیانەکراوەیە لە ناوەرۆکی حوکمەتە دیموکراسی و پەرلەمانییەکان کەچی فاشیزم و کۆمۆنیزم، حیزبایەتی و فرەحیزبی ڕەت دەکەنەوە چوونکە بڕوایان بە سیستەمی تاك حیزبی هەیە.

خ

خزمخوازی /خزم خزمینه خویشاوندپروری / پارتی بازی Nepotism

نێپوتیزم یا خزمخوازی و خزم خزمینه، لە وشەی ئیتالی nepotismo بە واتای «لایەنگری لە ئامۆزاکان» وەرگیراوە. لە زاراوەی سیاسیدا بریتییە لە هێنانەسەرکاری خزم و عەشیرە بۆ کاروباری گشتی یان ماف تایبەت قایل بوون بۆ ئەوان و پشتگیری کردنیان بۆ بەخشینی پلە و پایەی ئیداری و سیاسی. ئەم ئاکارە زەمینە بۆ گەندەڵی سیاسی خۆش ئەکات.

خۆماڵیکردن ملی کردن Nationalization

دەست بەسەراگرتنی دەوڵەت بەسەر موڵك و ماڵ و داراییەك کە پێشتر لە لایەن کۆمپانی یا کەسانێکی بێگانەوە قۆرخ کرابێت. ئەم زاراوە هاوواتایە لە گەڵ زاراوەگەلێکی وەك «بەکۆمەڵ کردن» و «خاوەنداریێتی گشتی» و «خاوەنداریێتی دەوڵەتی». «خاوەنداریێتی نەتەوەیی» لە بەرامبەر «خاوەنداریێتی تایبەتی»دا دێتە ئاراوە. خۆماڵیکردن لە نەریتی ئیدارەی وڵات بریتییە لە گواستنەوەی خاوەنداریێتی هەموو ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و دامودەزگاکانی بەشی تایبەت بۆ دەوڵەت یا بەرگریکردن لە هاووڵاتیان و نارەزایی دەربرین بەرامبەر کەمتەرخەمی بەشی تایبەت بۆ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان. بە کەڵك وەرگرتن لەم شێوازە بانکەکان، کارگەکان، دامودەزگا پڕسوودەکانی کەرتی تایبەت، تەنانەت رووبار و دارستان و زەوی و زار و کانزاکان دەکەونە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت و دامودەزگا دەوڵەتییەکان. لەم رووەوە خۆماڵیکردن دوو بنەمای سەرەکی لەخۆ دەگرێ: یەکەم، گۆڕانی خاوەنداریێتی تایبەتی بۆ خاوەنداریێتی گشتی و دووهەم، دەسبەسەراگرتن و کەڵك وەرگرتن لە داراییە نەتەوەییەکان بە قازانجی کۆمەڵگا واتە کۆنترۆڵی نەتەوەیی.

رژێمە شۆڕشگێڕە سۆشیالیستییەکان، خۆماڵیکردن، دەکەنە ئامانجێکی سەرەکی خۆیان بۆ لەناوبردنی خاوەنداریێتی تایبەتی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا. لە نێوان ئەو رژێمانەش کە خاوەنی ئابوورییەکی ئازادن بە تایبەت پاش جەنگی جیهانی دووهەم، خۆماڵیکردنی هەندێ پیشەسازی و خزمەتگوزاری بە قازانجی گشتی رەواجی پێدرا. هەندێ لە وڵاتانی ئەوروپی، هێڵی ئاسن و وزەی کارەبا و کانزای بەردەخەڵوز و پیشەسازی پۆڵایان خۆماڵی کردووە.

خۆماڵیکردن زاراوەیەکی نوێباوە و دەگەڕێتەوە بۆ سەدەیەك لەمەوبەر کە ئەویش لە ژێر کاریگەریی بزووتنەوە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا گەشەی کردووە بەڵام لەم چەن دەساڵانەی دواییدا یەکلاکراوەتەوە. بە درێژایی ئەم سەدەیە جگە لە پاڵنەری ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەندێ فەلسەفەی سیاسی و ئەخلاقیش کاریگەرییان داناوە لەسەر ئەم چەمکە و لایەنگرانی ئەم شێوازە ئەم بیرۆکەیان تەشەنە پێداوە کە خۆماڵیکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان جگە لە دابینکردنی پێداویستیە مادییەکانی مرۆڤ، دامودەزگاکانی

کۆمەڵگاش لە سەر بنەمای عەدالەت و یەکسانی دادەمەزرێنێت کە ئەمەش دەبێتە ڕێگرێک لە بەردەم جیاوازی چینایەتی و بەرگریکردن لە چەوساندنەوەی مرۆڤ و گەیشتن بە ئاشتی.

خۆیبوون خویبون Xoybun

دوای تێکشکانی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥ و توندو تیژی کاربەدەستانی تورک بەدژی گەلی کورد، هەندێ لە نیشتمان پەروەرانی کورد، خۆکەوتن و لە ساڵی ١٩٢٧ لە ناوچەی ئارارات کۆبوونەوە و بە ئامادەبوونی هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردی ئەو سەردەمە، کۆنگرەیەکیان بەرپا کرد. ئەم کۆنگرەیە سەرەنجام لە ٥ ی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ بە کۆمەڵەی خۆیبوون ناوی دەرکرد و هەموو ڕێکخراوەکانی پێشوو هەڵوەشێندرایەوە و ئیحسان نووری پاشا بە سەرۆکایەتی هەڵبژێردرا و کۆماری ئارارات دامەزرا.

گرنگترین ئامانجەکانی خۆیبوون بریتییەلە:

- درێژە پێدان بە خەبات بە دژی تورکان تاکوو دوا سەربازی تورک خاکی کوردستان بە جێ دەهێڵێ.
- ڕێکخستنی هێزی سەربازی بە ئامرازی جەنگی نوێ وە.
- دروستکردنی پێوەندی برایانە لە گەڵ حوکمەتی ئێران، عێراق و سووریا.

سەرەنجام کۆماری ئارارات لە ساڵی ١٩٣١ بە هێرشی دوولایەنەی ئێران و تورکیا تێك شکا و مەیدانی چالاکیی خۆیبوون بەرتەسك کرایەوە.

خوێن داکوژان تـرک مخاصـمه/تـرک جنـگ Armistice

یەککەوتن بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە شەڕ و دوژمنایەتی لە نێوان دوو یان چەن دەوڵەتێك. لەم یەککەوتنەدا بە گشتی کەشوهەوا و ماوەی دەسهەڵگرتن لە شەڕ لە نێوان لایەنەکانی شەڕ دیاری ئەکرێت. سازش کردن و کۆك بوون لە سەر خوێن داکوژان ڕەنگە بە شێوەیەکی گشتی و هەمەلایەنە بێت: وەك خوێن داکوژانی فەڕەنسە و ئەڵمانیا، یان کاتی بێت: کە زیاتر بە مەبەستی کۆکردنەوەی کوژراوەکان لە مەیدانی شەڕدا بە ئەنجام ئەگات. ئەم جۆرە کردارە بە «هەڵپەساردنی شەڕ»یش ناوبردە کراوە.

لە ڕوانگەی ماق نێونەتەوەییەوە، ئەگەرچی خوێن داکوژابێتەوە و دەس لە شەڕ هەڵگیرابێ بەڵام حاڵەتی شەڕ، هەر بەردەوامە و ماف و ئەرکی لایەنەکانی شەڕ هەر لە ئارادایە. ڕێسا گشتییەکانی خوێن داکوژان لە کۆنفرانسی ئاشتی لاهای لە ساڵی ١٩٠٧ دیاری کرا و بەو پێیە لە خوێن داکوژانەوەی بێ سنووردا کاتێك شەڕ و ئاژاوە سەرهەڵئەداتەوە کە بە تەرزێکی جیدی و هەمەلایەن ئەم ڕێساگەلە وەلا بنرێت. ئەو کردەوانەی کە ئەبێتە هۆی پێشێل کردنی بڕیارنامەی خوێن داکوژان بریتییە لە: پێشڕەوی ئاشکرا، داگیرکردنی هەر ناوچەیەکی بەدەر لە هێڵی دیاریکراو، و جێبەجێکردنی سپایەك کە لە بارودۆخێکی لاوازدا بووبێت.

خەباتی چینایەتی مبارزە طبقاتی Class struggle

بە باوەڕی مارکسییەکان خەباتێکە کە بە شێوازی جۆراوجۆر و لە ئاستی سیاسی و ئابووری و ئایدیۆلۆجیك، لە نێوان دوو چینی زۆردار و زۆرلێکراو لە گۆڕێدایە و بەردەوام بەرژەوەندییەکانی ئەم دوو چینە خەسڵەتێکی شەڕەنگێزانەیان هەیە. بە پێی ئەم ڕێبازە هەر شۆڕشێك کە هەڵگری خەباتی چینایەتی نەبێت، پووچەڵە. مارکس و ئەنگلس لە بەیاننامەکەی حیزبی کۆمۆنیست دەڵێن: «مێژووی هەموو ئەو کۆمەڵگا ئینسانیانەی کە تا ئیستا سەریان هەڵداوە، مێژووی خەباتی چینایەتی بووە. مرۆڤی سەربەست و کۆیلە، پیاوماقووڵ و ڕەشۆکی، ئاغا و ڕەعیەت، کرێکار و خاوەنکار، خۆلاسە، ستەمکار و ستەملێکراو هەمیشەی خوایی لە بەرامبەر یەکتردا وێستاون و تووشی شەڕ هاتوون». خەباتی چینایەتی دەکرێ شێوازی قانوونی یا ناقانوونی، ئاشتیئامێز یان شەڕەنگێزانە بە خۆیەوە بگرێت. بە پێی ڕێبازی مەتریالیزمی مێژوویی، تا ئەو کاتەی کۆمەڵگای ئینسانی نەگەیشتۆتە ئاستی کۆمۆنیزم و کۆمەڵگای بەدەر لە چینایەتی بەدینەهاتووە، لە نێوان هەموو چینەکان کێشمەکێش و مشتومڕ بەردەوام دەبێت.

خەڵاتی ئاشتی نۆبل جایزه صلح نوبل Nobel Peace Prize

خەڵاتی نۆبل ئەگەڕێتەوە بۆ کیمیازان و داهێنەری سویدی بەناوی ئالفرێد نۆبل، کە لە نێوان ساڵانی (١٨٣٣ـ ١٨٩٦) لە ستۆکهۆڵم ژیاوە و لە ڕێی دروستکردنی دینامیت، سەروەت و سامانێکی زۆری پێکەوەناوە. بەڵام کاتێك زانی ئەم داهێنانەی ئەو بووەتە مایەی نیگەرانی و نائارامی لە جیهان، زۆری لە دڵ گران بووە و هەر بۆیە پارە و سامانەکەی کە پتر لە ٣١ ملیۆن کرۆنی سویدی بووە، بۆ شەش خەڵات تەرخان کرد. پێنج خەڵات بەو زانایانە دەدرێ کە لە بوارەکانی فیزیا، کیمیا، دەروونناسی، پزیشکی و ئەدەبی خزمەتی بەرچاویان کردبێت و خەڵاتی شەشەم بە کەسێك دەدرێ کە خۆی یا وڵاتەکەی لە بواری ئاشتی جیهاندا هەنگاوی گرنگ و بەنرخی هەڵگرتبێ. لەو کاتە بەدواوە، لیژنەیەك وەك بەرپرسی دابەشکردن، خەڵاتەکە بە کەسانی بەرجەستەی زانستی و ئەدەبی و سیاسی پێشکەش دەکات. لیژنەی نۆبل، خەڵاتی ئاشتی نۆبل لە ئۆسلۆ پێتەختی نەرویژ پێشکەش دەکات.

یەکەمین خەڵات لە ساڵی ١٩٠٢ بە هانری دونان، بنیاتنەری خاچی سووری جیهانی پێشکەش کرا. لەو کەسانەی کە ئەم خەڵاتەیان بردۆتەوە، دەکرێ ئاماژە بدەین بە کۆفی ئەنان لە غانا، سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان(٢٠٠١)، جیمی کارتەر، سەرکۆماری پێشووی ئەمریکا(٢٠٠٢)، خاتوو شیرین عیبادی پارێزەر و چالاکوانی مافی مرۆڤ لە ئێران (٢٠٠٣) و باراك ئۆباما سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا(٢٠٠٩). بەڕای نەیاران و ڕەخنەگران، خەڵاتی نۆبل لەم دواییانەدا ڕەنگ و ڕوویەکی سیاسی لێ نیشتووە و لە چوارچێوەی دەسەڵاتی زلهێزەکان بە تایبەت وڵاتانی ئەورووپی دابەش ئەکرێت.

د

دابڕان گسست / انفصال Cessation

جیابوونەوەی بەشێك لە خاكی وڵاتێك یان سەرزەمینێك لە ژێر دەسەڵاتی ئەو وڵاتە. دابڕان، زۆرتر لە دوای شۆڕش ڕوودەدات. چەن نموونەی دابڕان، بریتییە لە: جیابوونەوەی چواردە موستەعمەرەی بەریتانیا و دامەزرانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا(١٧٧٦)، جیابوونەوەی بەرازیل لە پۆرتوگال(١٨٨٢)، یۆنان لە عوسمانی(١٨٩٨)، كووبا لە ئیسپانیا(١٨٩٨) و پاكستان لە هیندستان(١٩٤٧). دابڕان سەرەنجامی «جودایی خوازی»*یە و پاش خەباتێكی دوور و درێژ بۆ دامەزرانی نەتەوەیەك پێك دێت.

دادگای نۆرمبێرگ دادگاه نورمبرگ Nuremberg trial

ئەم دادگایە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی بە مەبەستی لێكۆڵینەوە لە تاوانەكانی جەنگ و دادگایی كردنی ڕیبەرانی نازی لە سەردەمی شەڕ لە شاری نۆرمبێرگی ئەڵمانیا دامەزرا. ئەم تاوانانە بریتی بوون لە: داڕشتن و بەڕێوەبردنی شەڕی دەستدرێژكارانە، كۆمەڵكوژی*، سووكایەتی كردن بە دیلەكانی جەنگ، تاوان دژ بە مرۆڤایەتی، پێشێلكردنی یاسا و چوارچێوەكانی جەنگ.

لە نێوان ١٧٧ گومانبار، ٢٥ كەس لەسێدارەدران، ٢٥ كەس كەوتنە زیندانی هەمیشەیی، ٩٧ كەس زیندانی كورت و درێژخایەن(لە١٥ تا ٢٥ساڵ) و ٣٥ كەسیش بێتاوان دەرچوون. ئەم دادگایە لە ساڵی ١٩٤٥ تا ١٩٤٧ بەردەوام بوو.

دادگای نێونەتەوەیی داد دیوان دادگستری بین‌المللی

International court of justice

ئەم دادگایە لقی دادوەری ڕێكخراوەی نەتەوەیەكگرتووەكانە كە لە ساڵی ١٩٤٦ بە مەبەستی ڕاگەیشتن بە كێشە وناكۆكیە نێودەوڵەتییەكان دامەزرا و ناوەندەكەشی لە شاری لاهای هۆڵەندایە. ئەم دادگایە پانزە دادوەری باڵای هەیە كە لە لایەن كۆمەڵەی گشتی و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ ماوەی ٩ ساڵ هەڵدەبژێردرێن و هەر ساڵەی پێنج كەسیان دەگۆڕێ. ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش، هەمیشە ماف پاڵاوتنی یەكێك لەو دادوەرانەیان هەیە و دەتوانن هەڵیبژێرن.

ئەو كێشانەی كە لە دادگای نێونەتەوەیی لاهای لێكۆڵینەوەیان لە سەر ئەكرێ بریتین لە:

- گۆڕینی هەموو ڕێكەوتننامە و پەیماننامەكان.
- چارەسەركردنی ئەو گیروگرفتە یاساییانەی كە وەك پرسیار لە لایەن دەوڵەتانی ئەندام ئەخرێتە بەردەم دادگاوە.

- دیاریکردنی ئاستی بەرکەوتنی زیانێك كە لە ئەنجامی پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتیەکان، رووبەڕووی وڵاتێك دەبێتەوە و چۆنییەتی قەرەبووکردنەوەیان.

دادگای نێونەتەوەیی داد تاکوو ئێستا چارەسەری بۆ چەندەها كێشەی نێودەوڵەتی دۆزیوەتەوە بەڵام فرمانەکانی هەمیشە ناگەنە ئاستی جێبەجێ کردن.

دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا: بڕوانە مافەکانی مرۆڤ.

داروینیزمی کۆمەڵایەتی داروینیسم اجتماعی Social darwinism

تیۆریەکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی‌یە کە لە لایەن چارلز داروین(١٨٠٩-١٨٨٢) ئاراستە کرا و باس لە پرۆسەی گەشەسەندنی سروشتی«جۆرەکان» ئەکات. ناوبراو لە کتێبە بەناوبانگەکەی بە ناوی ***سەرچاوەی ڕەگەزەکان***، بۆ سەلماندنی بونیادی گەشەی بوونەوەرە زیندووەکان، بە پێی هەندێ بەڵگە پێی وابوو کە بوونەوەرەکان لە ژێر کاریگەریی هەلوومەرجێکی دیاریکراودا گۆڕانیان بەسەرا دێت. بۆ نموونە مرۆڤی بە بەرهەمی فراژووتن و گەشەکردنی ڕەگەزێکی مەیموون دائەنا.

بنیاتی ئەم تیۆریە لە باری مێژوویی‌یەوە، پابەندی بنەمای «خەبات لە پێناو ژیان»دایە ئەم ڕەوتە لە سرووشتەوە گوازراوەتەوە بۆ ناو ڕەگەز و نەتەوەکان. لەم جەنگەدا «شیاوترینەکان» واتە «بەهێزەکان» دەمێننەوە. ئەم تیۆریە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و بەرایی سەدەی بیست، بووە بنەمایەکی ئایدیۆلۆجیکی بۆ ململانێی زلهێزەکان و دەسپێچکێك بۆ شەڕی دەسەڵاتداریەتی ئیمپریالیزم. ئەم تیۆریە لە گەڵ ڕەگەزپەرستی* ئاوێتە بووە بۆ نموونە لە سەر کەسایەتی هیتلەر، پێش ساڵی ١٩١٤ کاریگەریی دانا و دواتر بەشێك لە فەلسەفەی نازیسمی پێك هێنا

داگیرکاریی(ئیستیعمار) استعمار Colonialism

ئەم وشە بە مانای حەز بە ئاوەدان کردنەوەیە بە چەشنێك كە تاقمێك لە خەڵکی وڵاتێك بچنە وڵاتێکی تر و دەست بدەنە ئاوەدانکردنەوەی ئەو جێیە. بەڵام لە زاراوەی سیاسیدا بە مانای زاڵبوونی سیاسی، سەربازی، ئابووری یا کەلتووری وڵاتێکی بەهێزە بە سەر وڵات یا نەتەوەیەکی بێ دەسەڵاتدا. چەمکی ئیستیعمار، ئیمڕۆکە لە گەڵ چەمکی ئیمپریالیزم لە باری ماناییەوە هاوڕەگەزیان لێ دەرهاتووە و لە بنەڕەتدا ئیستیعمار کردارێکی ئیمپریالیستی ناونوس دەکرێت واتە دەسەڵاتێك کە دەیهەوێ لە سنوورە نەتەوەییەکانی خۆی تێپەڕ ببێ و وڵاتان و نەتەوەکانی دیکە بخاتە ژێر سوڵتەی خۆیەوە. بەم بۆنەوە دوو زاراوەی «ئیستیعماری سوور» و «ئیستیعماری ڕەش» هاتونە ئاراوە کە یەکەمیان، سیاسەتی داگیرکاریانەی یەکیەتی سۆڤیەت بووە و دووهەمیش، هێزە ئیمپریالیستیەکانی ڕۆژاوا. هەر بەم قیاسە، پاکستانیەکان لەبارەی «کەشمیر»ەوە ڕوویانکردۆتە «ئیمپریالیزمی قاوەیی».

داگیرکراو مستعمره Colony

ئەم زاراوە لە بنەڕەتدا بە واتای نیشتەنگای گرووپێك لە هاوولاتییانە کە لە ولاتێکی جیاواز لە ولاتی سەرەکی خۆیان دەژین. بەلام ئێستا بە واتای ولات یا سەرزەمینێکە کە لە ژێر دەسەلاتی ولاتێکی بەهێزی سیاسی یان سەربازی ئیدارە بکرێت و دەسەلاتی یاسادانانەکەی بە دەست ولاتە دەرەکییەکەوە بێت. واتە ولاتێکی بێ بەهرە لە سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری و کولتورییە کە بە شێوەی ئاشکرا یان نادیار بەشێك لە ئیمپراتۆریەتێك لە ئەژمار دێت.

دایەلیکتیك دیالکتیک Dialectic

دایەلیکتیك لە وشەی لاتینی dialect و وشەی یۆنانی dialekt بە واتای «پەیڤ»، «گفتوگۆ»، «زمان» و «زاراوە» پێکهاتووە. زاراوەی دایەلیکتیك، یەکەم جار لە لایەن هێرکلیتس(٥٤٠-٤٧٥پ. ز) فەیلەسوفی یۆنانی روون کراوەتەوە. دایەلیکتیك، بە کورتی بریتییە لە لێکۆلینەوەی ورد و لۆژیکیی مەسەلەیەك بۆ گەیشتنە ئەنجام. بە واتایەکی تر هونەر و زانستی گفتوگۆکردن. ئینسکلۆپیدیای دالامبر و دیدرۆ (١٧٦٦-١٧٥١)، دایەلیکتیك بە «هونەری بەلگاندن و گفتوگۆکردن» پێناسە دەکات. لەوە بەدواوە، مانای ئەم زاراوە تەنیا لە سەر «توانایی بەلگە هێنانەوە» خولاسە بۆتەوە و بەمجۆرە دایەلیکتیك. لە گەڵ لۆژیك (ژیربێژی) هاوواتا بۆتەوە. ئەم زاراوە لە سەدەی نۆزدە لە لایەن فەیلەسوفانی ئایدیالیست بە تایبەت فەیلەسوفی ئەلمانی، هێگل(١٨٣١-١٧٧٠) بە شێوەیەکی بەربلاو بە کارهێنرا. هێگل لەو باوەڕەدا بوو کە جیهان و هەموو ئەو شتانەی کە تێیدایە، بەردەوام لە گۆڕاندایە و هەمووشتێك گرێدراوی یەکترن و بە کەلك وەرگرتن لە دایەلیکتیك، دەتوانین بنچاخی گۆڕانکارییەکان بدۆزینەوە و لە چۆنییەتی گۆڕانییان بکۆلینەوە.

بەلام هێگل، «رۆح»ی لە پێشەوە دادەنا و دەیگوت رۆح دایەلیکتیکە چوونکە پێوەندی بە پێشکەوتنی هزرەوە هەیە و پێشکەوتنی هزریش، بە هۆی گفتوگۆ و پێکدادانی ئەندێشەکانەوە دێتە بەرهەم. هەر بەم بۆنەوەیە کە هێگل وەك فەیلەسوفێکی ئایدیالیست ناسراوە. هەر چەند مارکس و ئەنگلس لە هەمبەر گۆڕانکاری شتەکان لە گەڵ تیۆرییەکەی هێگلدا هاودەنگن بەلام لە هەمان کاتدا دەلێن کە وێناکانی ئێمە بە هۆی شتەکانەوە دروست دەبن و ئەگەر بیروڕای ئێمە دەگۆڕێت، بە هۆی ئەو گۆڕانکارییانەیە کە لە دەوروبەرماندا روو ئەدەن.

لە دایەلیکتیکی هێگلدا «ئایدیا» کە لە پرۆسەیەکی دایەلیکتیکی لە سروشت و زەین دا چێ دەبێت، بە هۆی ناتەباییەك دێتە ئاراوە. هێگل ئەم رەوتە بە سێ قۆناغ دابەش ئەکات کە بریتین لە: تێز (دۆخی هەنووکە)، ئانتی تێز (دۆخی بەرامبەر)، سەنتێز (دۆخی ئاوێتە). بۆ نموونە لە بارەی کۆمەلگای سیاسی فەرەنسەوە، ئەم سێ قۆناغە بەمجۆرە شرۆڤە دەکرێت:

لە قۆناغی یەکەمدا کە تێز دێتە ئاراوە، سیستەمی پاشایەتی لە ولاتی فەرەنسە دادەمەزرێت. لە قۆناغی دووهەم واتە ئانتی تێز، شۆڕشی مەزنی فەرەنسە سەردەکەوێت. سەرەنجام لە قۆناغی سێهەمدا کە قۆناغی

سەنتێز ناونووس کراوە، هێگل، «ئیمپراتۆریەتی ناپیلئۆن» کە کاریگەریی لە کەسایەتی ئەو وەرگرتووە، بە سەنتێزێك لە قەڵەم ئەدات.

بە گشتی دایەلیکتیك ئەم باوەڕە تەشەنە پێ ئەدات کە هەموو شتێك و هەر بابەتێکی کۆمەڵایەتی و چارەنووس‌ساز بە هۆی زنجیرەیەك پێشکەوتن و بە پێی گوزەران بە پرۆسەیەکدا دروست بوون و لەناوچوون و گەشە دەکەن. هەموو شتێك لە حاڵی جووڵە و گۆڕاندایە و دەکەوێتە بەر وەرچەرخانی مێژوویی. لەم رووەوە دایەلیکتیك ئامرازێکە کە دەسبەجێ دەتوانێ سەرەتا و کۆتایی شتەکانمان بۆ روون بکاتەوە و لە رێگای توێژینەوە و گفتوگۆ، لە راستییەکان ئاگادارمان بکاتەوە.

دەستدرێژی — تجـاوز — Aggression

بەکارهێنانی هێزی سەربازیی لە لایەن وڵاتێکەوە بە دژی حاکمییەت و یەکپارچەیی سەرزەمین یان سەربەخۆیی سیاسی وڵاتێکی‌تر. لە بەیاننامەی کۆمەڵی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە دوو سۆنگەوە باسی دەستدرێژی کراوە:

١) مەبەست لە وڵات، ئەو وڵاتانەش ئەگرێتەوە کە نەبوونە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان.

٢) لە کاتی پێویست، مانای کۆمەڵێك وڵاتی لێ ئەکەوێتەوە.

دژە شۆڕش — ضد انقلاب — Counter-Revolution

بەو عەمەلیاتە دەڵێن کە لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش بۆ پووچەڵکردنەی شۆڕش بە ئەنجام دەگات. بە واتایەکی‌تر، هەوڵ ودەوڵی حوکمەتی پێشوو بە دژی هەوڵی شۆڕشگێڕانەی حوکمەتی نوێ، بە دژی شۆڕش لە قەلەم دراوە. ئەم زاراوە یەکەم جار لە لایەن کوندرسە، لە ساڵی ١٧٩٣ لە سەروبەندی شۆڕشی فەرەنسا بەکار براوە. هەندێ جاریش لە لایەن دەسەڵاتدارانێك کە لە ئاکامی شۆڕشێك گەیشتوونە حوکمەت، ئەم زاراوە بە کەسانێك گوتراوە کە لە گەڵ ئەواندا نەیار بوون و بەم بۆنەوە خراونەتە پەراوێزەوە.

دوکترین/بیرۆکە/ رێڕەو — دکترین/ آیین سیاسی، آموزه — Doctrin

زاراوەی دوکترین، لە وشەی لاتینی docteur بە مانای فێرکردن و فێربوون وەرگیراوە و بە کۆمەڵێك بیر و بۆچوونی تایبەتی سیاسی دەگوترێ کە لە لایەن کەسێکەوە ئاراستە دەکرێ و دواتر ئەبێتە رێبازێك بۆ لایەنگرانی. لە زاراوەی سیاسیدا دوکترین، بریتییە لە جیهان بینی و بۆچوونێکی تایبەت کە دەسەڵاتدارانی وڵاتێك، بناغەی دەسەڵاتەکانی خۆیانی لەسەر دائەمەزرێنن و بەرنامەی کارەکانیان بە دەوری تەوەری ئەو دوکترینەدا دەسووڕێتەوە و خەڵکیش بە ناچار دەبێ لەسەر هەمان رێباز پێوەندیەکانی خۆیان رێك بخەن.

دوکترینی ئایزەنهاوەر دکترین آیزنهاور Eisenhower Doctrine

بە کۆمەڵە پێشنیارەکانی دووایت ئایزەنهاوەر، سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا(٦٠ـ ١٩٥٢) دەوترێ کە لەسەر سیاسەتی ئەمریکا دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ناوچەکانی دەوروبەری لە ژانوییەی ١٩٥٧، خستییە بەردەم کۆنگرێس و بەو پێیە:

١) ئەمریکا بۆی هەیە بۆ پاراستنی سەربەخۆیی «وڵاتانێك كە لە دەرەوە دەكەونە بەر هەڕەشەی كۆمۆنیزم یان لە ناوەوە تووشی ململانێ و گێرەشێوێنی دەبن»، مادامێكی ئەو وڵاتانە بخوازن، بە یارمەتی هێزە چەكدارەكانی خۆی پشتیان بگرێت و داكۆكیان لێ بكات.

٢) ئەمریکا دەبێ بۆ پەرەسەندنی ئابووری ئەم وڵاتانە هەنگاو بنێ.

٣) ئەمریکا دەبێ بەو وڵاتانەی كە خوازیاری هاوكاری سەربازی بن، یارمەتی بگەیەنێت.

ئەو هەرێمانەی كە دوكترینەكەی تیا بەڕێوە دەچوو، هەر لە لیبی لە ڕۆژاواوە تا پاكستان لە ڕۆژهەڵات و توركیا لە باكوور و نیمچە دوورگەی عەرەبستان لە باشووری دەگرتەوە. نموونەی پیادەبوونی ئەم دوكترینە، ناردنی هێزی سەربازی بۆ لوبنان بوو لە ساڵی ١٩٥٨، بە هۆی قەیرانی كەناڵی سوێز.

دوکترینی برێژنیف دکترین برژنف Brezhnev Doctrine

ئەم زاراوە لە دەرەوەی سۆڤیەت دانراوە و ناوەكەی دیكەی «دوكترینی حاكمییەتی سنووردار»ە. بەڵام بە گشتی بە ڕێبازەكانی لیئۆنید برێژنیف، ڕێبەری یەكییەتی كۆمارییەكانی سۆڤیەت (١٩٨٢ـ١٩٦٤) لە بەرامبەر وڵاتانی ئەقماری دەگوترا. بە پێی ئەم ڕێبازە، هەركاتێك سۆشیالیزم لە وڵاتێك بكەوێتە مەترسییەوە، وڵاتە سۆسیالیستەكان بۆیان هەیە لە پێناو پاراستنیدا دەست وەردەنە ئەو وڵاتەوە. دوكترینی برێژنێف، دەستی وڵاتانی سۆشیالیستی ئەبەستەوە بۆ ئەوەی نەتوانن ماف چارەی خۆنووسین و حاكمییەتی نەتەوەیی بەدەست بێنن.

دوکترینی بۆشی دووهەم دکترین بوش دوم Bush(Jr) Doctrine (2001)

بریتییە لە كۆمەڵێ بیرۆكە و پەرچەكردار كە لە لایەن جۆرج دەبلیو بۆش، چل و سێهەمین سەركۆماری ئەمریكا لە ئاست مەسەلە جیهانییەكان ئاراستە كرا. بۆش لە كاتێكدا بە دەسەڵات گەیشت كە نزیكەی ١٠ ساڵ بوو شەڕی سارد و هەڵوەشانەوەی یەكیەتی سۆڤیەت كۆتایی پێهاتبوو. لەم سەروبەندەدا ئەمریكا دەیویست بەو هەلەی كە بۆی ڕەخساوە، دەسەڵات و هێزی سیاسی و سەربازی خۆی لە جیهاندا پاوەجێ بكات تاكوو ببێتە یەكەم هێزی جیهان. كارەساتە تیرۆریستییەكەی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، كارێكی وایكرد كە دەسەڵاتدارانی ئەمریكا شێلگیرانەتر بیر لە ئارمانجەكانی ویلسۆن بكەنەوە و هەنگاوی بۆ بنێن.

ئەمێستا یەکەم کارەکانی ئەمریکا، بەرەنگاربوونەوەیە لە گەڵ ئەو رژێمانەی کە لە روانگەی واشینتۆنەوە بە دەوڵەتانی لاسار (Rouge states) لە قەڵەم دراون و تیۆری پێکدادانی شارستانییەتەکان کە لە لایەن ساموئێل هەنتینگتۆن، هاتبووە ئاراوە وەك پاڵنەرێکی ئایدیۆلۆجیکی بۆ ئەم ستراتیجیە ناونووس دەکرێت.

دوکترینی بۆش، لە ئاست وڵاتانی جیهانیش خۆی نیشانداوە. بۆ وێنە وڵاتی سۆڤیەتی ـ وەك رەقیبێکی دێرینی خۆی ـ خانەنشین کردووە و بە هاوپەیمانییەتی لە رێکخراوەی ناتۆ*، وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەورووپای بەلای خۆیدا کێشاوە.

ئەم رێبازە، لەمەڕ سێ وڵاتی ئێران و عێراق (پێش رووخانی سەدام) و کوریای باشووری، سیاسەتێکی توندی بەڕێوە بردووە و لە ژانوییەی ٢٠٠٢، ئەم سێ وڵاتە لە ریزی تەوەری شەیتانی (Axis of Evil) ناوبردە کراوە. هەر بە پێی ئەم دوکترینە بوو کە ئەمریکا لە دوای یازدەی سێپتەمبەر و بە ناوی شەڕ لە گەڵ تیرۆریزم، هێرشی بردە سەر دوو وڵاتی ئەفغانستان (ئۆکتۆبەری ٢٠٠١) و عێراق (٢٠ی مارسی ٢٠٠٣) و توانی رژێمەکانی تاڵیبان و بەعس بڕووخێنێ.

دوکترینی بۆشی یەکەم دکترین بوش اول Bush Doctrine (1989-1993)

ئەم زاراوە کە دواتر لە گەڵ دەستەواژەی «سیستەمی نوێی جیهانی»* بە یەك مانا لێکدراونەوە، بریتییە لە کۆمەڵێك بیرۆکەی مژاویی. کەچی بەم حاڵە، زنجیرە رووداوێك کە لە سەرەتای نەوەدەکانەوە سەرانسەری جیهانی گرتۆتەوە، بیرمەندان و زانایانی والێکردووە کە ئەم رووداوانە لە قەبارەی «سیستەمی نوێی نێونەتەوەیی»دا شرۆڤە بکەن. رووداوەکانی جیهانی کۆمۆنیستی و دواتر گۆڕانی رژێمەکانی ئەورووپای خۆرهەڵات، رووخانی دیواری بەرلین، کۆتایی هاتنی شەڕی سارد و هێرشی ئەمریکا بۆ پاناما و شەڕی کوەیت، لە جوملەی ئەم رووداوانە لە ئەژمار دێن. لە رێکەوتی ١١ی سێپتەمبەری ١٩٩٠، جۆرج بۆشی یەکەم، سەرکۆماری ئەمریکا دوای هێرشی عێراق بە کوەیت و داگیرکردنی ئەم وڵاتە(ئاگۆستی ١٩٩٠)، لە وتارێکیدا لە بەردەم نوێنەرانی کۆنگرێسی ئەمریکا، بەم شێوە سیستەمی نوێی جیهانی پێناسە کرد:

«جیهانێکی تەواو جیاواز لەو جیهانەی کە ناسیومانە. جیهانێك کە دەبێ تێیدا باڵادەستیی و حاکمییەتی قانوون لەبری قانوونی جەنگەڵ، سەروەر بێت. ئەو جیهانەی کە تێیدا وڵاتەکان، بەرپرسیاریەتی هاوبەش لە بەرامبەر ئازادی و عەداڵەت بە رەسمییەت بناسن و دەسەڵاتداران رێز دابنێن بۆ ماف بێدەسەڵاتەکان».

دوکترینی مۆنرۆ دکترین مونرو Monroe Doctrine

ئەم زاراوە باس دەکات لە سیاسەتەکانی جەیمز مۆنرۆ کە لەنێوان ساڵەکانی (١٨١٧-١٨٢٥) سەرکۆماری ئەمریکا بووە. مۆنرۆ لە ٢ی دێسەمبەری ١٨٢٣ لە پەیڤێکی خۆیدا بۆ کۆنگرێسی ئەمریکا، رایگەیاند کە وڵاتانی ئەورووپی ماف ئەوەیان نییە لە کاروباری ئەمریکییەکان دەستێوەردان بکەن و لە بەرامبەریشدا

ئەمریکییەکان نابێت دەستوەردەنە کاروباری ئەوروپییەکان. ئەم دوکترینە لە چوار تەوەری سەرەکی پێکهاتبوو کە بریتین لە:

١ـکیشوەری ئەمریکا نابێ بکەوێتە مەترسیی پەیوەست بوون بە خاکی هیچ وڵاتێکی ئەوروپییەوە.

٢ـ وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەر چەشنە هەوڵدانێك بۆ پەرەپێدانی سیستەمە سیاسییەکانی ئەوروپا، لە هەر بستە زەمینێکی وڵاتەکەدا بە مەترسییەك بۆ ئاشتی و ئاسایشی خۆی دەزانێ.

٣ـ ئەمریکا هیچ دەستێوەردانێك ناکات لە موستەعمەراتی ئەورووپادا.

٤ـ ئەمریکا لە شەڕی وڵاتانی ئەورووپی کە لە سەر بەرژەوەندی تایبەت بە خۆیان هەڵئەگیرسێ خۆی تێ هەڵناقورتێنێ.

ئەم سیاسەتە لە بەرایی سەدەی بیستەمدا بەم ئەنجامە گەیشت کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ببێتە ژەندەرمەی ئەمریکای باکووری و باشووری کە ئەمەش بووە هۆی کێشە و هەرا لە نێوان وڵاتانی ئەمریکای لاتین لە گەڵ ئەو وڵاتەدا. بە باوەڕی دەسەڵاتدارانی ئەمریکی سیاسەتی مۆنرۆ، ئێستاکەش وەك بنەمایەکی سەرەکی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ئەژمار دێت.

دۆگماتیزم/ وشکەمەرامی دگماتیسم/جزم‌اندیشی Dogmatism

ئەم زاراوە لە وشەی یۆنانی (dogma) بە مانای بیرو باوەڕی وشك و بنبڕاو وەرگیراوە کە یەکەمجار لە لایەن فەیلەسووفانی گوماندار، بۆ وێنە «زێنوون»، هاتە ناو فەلسەفەی یۆنانەوە. لە زاراوەی سیاسیدا بە شێوازێك دەڵێن کە لایەنگرانی، لە کاتی باس و گفتوگۆدا بە دەربەستی بەڵگەهێنانەوە نین و بیروباوەڕی پێشووی خۆیان بە بێ هیچ ڕەخنەیەك پەسند ئەکەن و هیچ گۆڕانکارییەك بە سەر ئەندێشە و هزری خۆیاندا ناهێنن. باوەڕمەندانی ئەم ڕێبازە، بڕواکانی خۆیان بە شتێکی موتڵەق و نەگۆڕ و بەدەر لە گومان و دڕدونگی دەزانن.

دۆگماتیەکان، گرنگی بە هەلومەرج و شوێنکات نادەن و شێوازێکی دژە دایەلیکتیکی دەگرنەبەر و بە چاوێکی کوێرانەوە پەیڕەوی لە ڕێسا و مەرامە وشکەکانی ڕابردوو ئەکەن.

ئەمڕۆ دۆگماتیك بەو کەسانە دەڵێن کە ئامادە نین تیۆری و بیرۆکەی نوێ پەسند بکەن و گوێ نادەنە ئەو گۆڕانکارییانەی کە بە سەر بووارەکانی ژیاندا هاتووە. بە گشتی ئەم زاراوە وەك ئاوەڵناوێك بۆ قوتابخانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بەکاردێت.

دەروونناسی سیاسی/ سایکۆلۆجی سیاسی روانشناسی سیاسی Political psychology

لە ساڵەکانی ١٩١٠ بەملاوە، واڵتێر لیپمەن، ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی(١٨٨٩-١٩٧٤) وتی: گەورەترین هەڵەی ئەندێشەی سیاسی ئێمە ئەوەیە کە بێ ڕەچاو کردنی«مرۆڤ»، دەم لە سیاسەتەوە بەین.

بابەتی سایکۆلۆجی سیاسی، لێکدانەوەی کاریگەریی کەسایەتی جەماوەرە بە سەر سیاسەتدا بە تایبەت

گرنگایەتی سایکۆلۆجی لە بڕیارە سیاسییەکاندا سەرنجی پێدراوە. بەم حاڵەش جۆراوجۆری قوتابخانە سایکۆلۆجییەکان بۆتە هۆی فرەچەشنی سایکۆلۆجی سیاسی. بۆ وێنە جەخت کردن لە سەر سایکۆلۆجی فرۆید، سایکۆلۆجییەکی سیاسی جیاوازیش دێنێتە ئاراوە.

سایکۆلۆجی سیاسی، خۆی بە تایبەتمەندییە دەروونییەکانی ئەکتەرە سیاسییەکان سەرقاڵ ئەکات. متمانە کردن بە خۆ، هەست کردن بە گوناهباری، هەست بە ئاسایش یا نائەمنی، خودشەیدایی، ئیگۆی لاواز یان بەهێز و... لە جوملەی بابەتەکانی توێژینەوەی سایکۆلۆجی سیاسی لە ئەژمار دێن. بەڕای هەندێ لە پسپۆڕانی ئەم زانستە، سیاسەت بۆ ئەو کەسایەتییانە دڵڕفێنە کە لە قۆناغی منداڵی یا هەرزەکارییان تووشی شکست و سووکایەتی و ناموڕادی بوبێتن. وەها کەسانێك ئەیانهەوێت بە وەدەسهێنانی دەسەڵات، ئەم کەموکوڕییانەی ژیان قەرەبوو بکەنەوە.

بەم پێیە سایکۆلۆجی ڕێبەرە سیاسییەکان، بەم سێ شتەوە پەیوەستە: یەکەم ناسینی پاڵنەرەکانی کەسایەتی، دووهەم چۆنییەتی بە سیاسی کردنی ئەم پاڵنەرانە و سێهەم پاساودانیان بە پێی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان. لەم ڕوانگەوە ڕەفتاری سیاسی ڕێبەران بریتییە لە دیتنەوە و ئاشکرا کردنی پاڵنەرە دەروونییەکان و گرفتە شەخسییەکانی تاق منداڵی ئەوان.

دەستووری بنچینەیی/یاسای بنەڕەتی قانون اساسی Constitutional law

دەستووری بنچینەیی بریتییە لە بەڵگەنامەیەکی بناغەیی و بنچینەیی کە لە وڵاتێکدا سروشتی دەسەڵات و ئەرك و مافەکانی شارۆمەندان دەست نیشان ئەکات. دەستوور، شێوازی حوکمەتکردن یا ڕاگواستنی دەسەڵاتە. واتە کۆمەڵە ڕێسایەك کە توانایی و ڕەفتاری هێزەکانی سەر بە دەوڵەت و مافە سەرەکییەکانی تاك و بەشداری شارۆمەندان لە بەڕێوەبردنی دەسەڵات لە ڕێگای دەنگدان بە نوێنەرانی خۆیان، دەست نیشان ئەکات. لە پێناسەیەکی‌تردا دەستووری بنچینەیی بریتییەلە کۆمەڵێ یاسا کە پێوەندی و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی نێوان دەسەڵاتداران و شارۆمەندانی وڵاتێك دیاری ئەکات. دەستووری بنچینەیی لەو وڵاتانەی کە بنەمایەکی دیموکراسییان هەبێ، لە لایەن کۆمەڵێ نوخبەی سیاسی کە بەپێی هەڵبژاردن لە «ئەنجومەنی دەستوور» یەك دەگرنەوە دەنووسرێ و دواتر بۆ پەسندکردنی جەماوەر دەخرێتە ریفراندۆمی دەستووری بنچینەیی (بڕوانە ڕاپرسی). دەستووری بنچینەیی، تاکە سەرچاوەی یاسادانان لە ئەژماردێت لە هەموو بوارێکی کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی و کەلتووری کۆمەڵگادا.

ئەرەستۆ، دەستووری بنچینەیی بە کۆمەڵێك ئەرك و کرداری وڵاتێك دەزانێت کە چۆنییەتی دابەشکردنەکەی لە لایەن ئەو دەستوورەوە دیاری ئەکرێت و دەسەڵاتی حاکمییەت و ناوەڕۆکی ئەو ئامانجانەی کە دەبێ خەڵکی وڵاتێك پێی بگەن، دەستنیشان ئەکرێت. دەستووری بنچینەیی لە بەستێنی سیاسیدا لەو کاتەوە زەق بۆوە کە سەرچاوەی دەسەڵات لە شازادەیەکەوە گەڕایەوە بۆ خەڵك و بەم دەرکەوتە،

ئیدی پاشا و میران، وەك «خاوەن دەسەڵات» لەئەژمار نەهاتن بەڵکوو وەك دەسەڵاتدارانێك لەقەڵەم دران کە هێز و دەسەڵاتەکەیان لە دەستوورەوە سەرچاوە ئەگرێت.

دەستووری بنچینەیی ئەورووپا: بڕوانە پەیمانی ماستریخت.

دەس‌تێوەردان دخالت/ دست یازی Intervention

دەس‌تێوەردان بریتییە لە رەفتاری دەوڵەتێك کە ئەنجامەکەی پێشێلکردنی حاکمییەت (بڕوانە فەرمانڕەوایەتی) و سەربەخۆیی ناوخۆیی و دەرەکی دەوڵەتێکی‌تر بێت. بە واتایەکی‌تر دەس‌تێوەردان بە خۆ هەڵقورتاندن لە کاروباری ناوخۆیی و دەرەکی وڵاتێك ئەگوترێ کە لە ئەنجامدا بشێویی و ئاژاوە لەو وڵاتەدا دروست ببێت. رەنگە هەندێ جار دەس‌تێوەردان بە پێی رێکەوتن بێت، وەك دەس‌تێوەردانی هاوپەیمانان بە رێبەرایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠٠٣ لە عێراق بە مەبەستی روخانی رژێمی دیکتاتۆری سەدام. بێجگە لەو دەستێوەردانانەی کە بە پێی هاوڕایەتی و رێککەوتنی نێونەتەوەیی دێتە ئەنجام هەر چەشنە دەستێوەردانێك لە کاروباری دەوڵەتێکی‌تر، پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتیەکانە و داگیرکاریی* لە ئەژمار دێت.

دەسەڵات اقتدار Authority

تێك‌چڕاوییەکی مانایی لە بەینی دەسەڵات و هێز(قدرت) لە ئارادیە. دەسەڵات بریتییە لە «هێزێك کە بە هەقیانەت یان بە عەداڵەت جێبەجێ ئەکرێت» واتە بە هێزبوونی هەقیقی. بەڵام ئەگەر دەسەڵات بەم جۆرە پێناسە بکرێت، لە رەوایی (شەرعییەت) جیاناکرێتەوە چونکا هێزی راستەقینە توانستێکی رەوایە و وزەی حەقیقیش ئەوەیە کە رەوا بێت. گرفتی ئەم چەمکە ئەوەیە کە دەسەڵات چەشنێك لە هێز تەعبیر ئەکرێت کەچی ئێستا وا باوە کە زاراوەی دەسەڵات لە تەنیشت زاراوەی هێز بە رووکارێکی دایەلیکتیکی بۆ شرۆڤەی شوێنکاتێك بە کار دەبرێت کە فەرمانبردن و بەیدەستی، شتێکی خۆبەخۆ و ئاسایی‌یە و دەسەڵاتدار، بە شوێن ئەم بەیدەستییەوە نەبووە. لە وەها کاتێکدا دەگوترێ کە دەسەڵاتدار، دەسەڵاتی هەیە بەڵام هێزی نییە. بەم قیاسەوە ناکرێ دەسەڵاتی پزیشکێکی بەناوبانگ بە پێی ژمارەی ئەو نەخۆشانەی کە دەستوورەکانی بە کار ئەبەن، بەراورد بکرێ.

کەواتە دەسەڵات، بەو هێزە ئەوترێ کە بە رەسمییەت ناسراوە واتە رەوایە و پەسند کراوە و هەمووان رێزی بۆ دائەنێن. پێوەندی نێوان دەسەڵات و هێز، پێوەندییەکی ئاسایی و ساکار نییە. بەکار هێنانی برست و توانایی لە رێی زەبرەوە، بە بێ دەسەڵات مەیسەر نابێ. بۆ ئەوەی دەسەڵاتی راستەقینە بێتە مەیدانەوە ئەبێ مافی فەرمانڕەوایی و کاریگەریی لە سەر خەڵك هەبێت. ئەم مافە بە پێی ئەخلاق و قانوونی کۆمەڵگا کە باڵانوێنی بەرژەوەندی گشتی‌یە، دەستەبەر ئەبێت. بەم واتایە دەسەڵاتی راستەقینە زامنی بوونی هاوڕایەتی

و هاودەنگییە.

لە لایەکی ترەوە هەر کە دەسەلات پاوەجێ دەبێ، خێرا بەرەو بێئاکاریی و گەندەڵیی دەڕوا و ئەبێتە گوشارێکی کۆمەڵەکی بێئەوەیکە ئەو کەسەی دەسەلات بەڕێوە ئەبات، کەسێکی شایستە یان دەسەلاتدارێکی دادپەروەر بێت. لە وەها کەشێکدا دەسەلات ئەبێتە سوڵتە و بێدادیی و فەرمانڕەوایی بەپێی زۆر و ستەم.

جاری وا هەیە دەسەلات مانای دژ بە یەك ئەدات، بۆ وێنە:

- دەسەلات لە گەڵ رەخنەی شەخسی و ئەزموونی راستەوخۆ بەرەورووو ئەبێتەوە، چونکا ئەندێشە یان بروایەك لە دەرەوە دائەسەپێنێ.

- نرخ و بایەخی زانستی یا ئەخلاقییانەی کەسانی پسپۆر یان بیرمەند لە دۆخ ئەدا: بۆ وێنە دەگوترێ فلانە بیرمەند دەسەلاتدارە(واتە پلە و پایە یەکی بەرزی هەیە).

دەسەلاتی نەتەوەیی قدرت ملی National Power

کۆمەڵێ وزە و توانایی مادی و مەعنەوی کە لە قەڵەمڕەوی «یەکە»یەکی جوگراف و سیاسی بە ناوی ولات* ئامادەیە کە بریتین لە:

١- بەروبووم، شوێنکات، کەشوهەوا و تۆپۆگراف قەڵەمڕەوی نەتەوەیی.

٢- سەرچاوە سروشتییەکان، وزە و مادەی خۆراکی بەرهەم هێنراو.

دەسەلاتی نەتەوەیی، گرێدراوە بە گەشەسەندنی ئابووری و سیاسەتی سەربەخۆ، هێزی خەباتکار، ئارمانج و ئارمانی بەرز، دیموکراسی و هەست وخوستی نەتەوەیی.

دەنگۆ/ قسەلۆك شایعە Rumour

دەنگۆ، بە هەواڵێك دەگوترێ کە سەرچاوەیەکی روون و ئاشکرای نییە و بەڵگەی پێویست لەسەر راست و رەوابوونی بەدەستەوە نەبێت. لە روانگەی سایکۆلۆجی کۆمەلایەتییەوە، کاتێك کۆمەڵگا لەمەڕ بابەتێك بێ هەواڵ دەمێنێت، رێگا بۆ قاوداخستن و سازبوونی دەنگۆ خۆش و لەبار دەبێت. بە واتایەکی‌تر هەر کاتێك جەماوەر لە ئاستی شتێکدا هەستی ببزوێ و لەسەر ئەو بابەتە هیچ هەواڵێك بلاو نەکرایەوە، ئینجا قاوداخستن و دەنگۆ بازاڕی گەرم دەبێت. وێدەچێ دەنگۆ پتر لەو کۆمەڵگایانە روو بدات کە میدیاکان دەورێکی چالاك نەبینن لە راگەیاندنە گشتییەکاندا. دەنگۆ، دەماودەم بلاو دەبێتەوە و لە هەر گوتنەوەیەکدا کورت‌تر دەبێت و ئاسانتر لێی تێدەگەن.

دەوڵەت دولت State

دەوڵەت لە وشەی لاتینی (status) وەرگیراوە کە رەگ و ریشەی ئەویش ئەگەڕێتەوە بۆ وشەی (stare) بە مانای «راوەستاو». دەوڵەت لە مانایەکی بەربلاودا بریتییە لە کۆمەڵگەیەك کە تێیدا هێزی سیاسی بە پێی

دەستووری بنچینەیی شیکاری و دەستنیشان کرابێت. دەوڵەت باڵاترین ڕواڵەتی دەسەڵات و حاکمیەتە کە لە هەموو کۆمەڵگاکاندا هەبووە. گرینگترین لایەنی فەرمانڕەوایی دەوڵەت، دانان و پیادەکردنی یاساکانە لە کۆمەڵگادا. دەسەڵاتی دەوڵەت لەگوێن فەرمانڕەوا، لە ناو وڵاتێکدا شتێکی بێوێنەیە. تێگەیشتن لە چەمکی دەوڵەت پێویستی بە فاماندنی ئەندێشەی سیاسی و سیاسەت لە سەدەکانی نۆزدە و بیستەمدایە. لە کردەوەدا ئەستەمە بێ دەوڵەت ژیان بەڕێوەبچێت. هەبوونی دەوڵەت جگە لەوەی بە مانای هەبوونی کۆمەڵێك دەزگا و ڕێکخراوەیە، بە مانای بوونی ڕوانگە و شێوازی هەڵسوکەوتی جۆراوجۆرە کە بە کورتی بە شارستانییەت ناوبردە دەکرێت. هەڵبەت هەندێ وێستگەی فیکری بە گومانەوە لە بەرامبەر ***پێویستیی دەوڵەت*** لەنگەر ئەگرن و هەندێ ڕامانەیان لە بابەت کۆمەڵگای بێدەوڵەت ئاراستەکردووە بەڵام دەوڵەت، لە ناو کاروباری ڕۆژانەدا بە وردی دزەی کردووە و ئەم ڕەوتەش تا دێت، بەرفراوانتر ئەبێت.

دەوڵەت لە هەر کۆمەڵگەیەك، هێمایەکە بۆ بەرژەوەندی و سوودی گشتی و ئەگەرچی ڕواڵەتێکی ئەخلاقی و ئایینی و ئابووری هەیە بەڵام لە بنەڕەتدا پێکهاتەیەکی ئەخلاقی و ئابووری و ئایینی نییە و ڕۆڵی جیاوازی هەیە، بۆ وێنە پاراستنی ئاسایش و پاراستنی مافە سروشتییەکانی تاك و دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆشگوزەرانی خەڵکی کۆمەڵگا.

لە پێوەند لە گەڵ دەوڵەت چەندین تیۆری هاتۆتە ئاراوە کە بریتین لە:

- تیۆری دەوڵەتی ڕەها (absolutism) بە واتای ڕژێمێکی بێ جڵەو و نەبەستراو بە دەستوورەوە. (لە ڕاستیدا یەکەمین لێکدانەوە و هەڵوێستەی وشیارانە لە مەڕ چەمکی دەوڵەت، لەم تیۆرییەدا بەرجەستە بۆوە).
- تیۆری دەوڵەتی دەستووری (constitutional) (بڕوانە حوکمەتی دەستووری).
- تیۆری ئەخلاقیی دەوڵەت، ئەم تیۆرییە زیاتر پابەندە بە ئەندێشەکانی هێگل (١٨٣١-١٧٧٠).
- تیۆری چینایەتی دەوڵەت، ئەم تیۆرییە لێکدانەوەی چەمکی دەوڵەتە بە پێی بۆچوونەکانی مارکس و ئینگڵس.

هەندێ لە تیۆرییەکانی دەوڵەت، لەسەر لایەنی ناچاریی دەوڵەتەکان پێ دادەگرن. ڕیالیستە سیاسی و مارکسییەکان، دەوڵەت بە ئامرازی ناچاریی و جەبری لە قەڵەم ئەدەن. هەندێکیتر دەوڵەتیان بە پێکهاتێکی یاسایی و بێدەسەڵات ناوبردە کردووە.

بە گشتی سێ پێناسەی جیاواز لە بابەت دەوڵەت ئاراستە کراوە: پێناسەی قانوونی، پێناسەی فەلسەفی و پێناسەی سیاسی.

لە پێناسە قانوونییەکەیدا دەوڵەت بریتییەلە یەکەیەك کە ئەم تایبەتمەندییانەی لە خۆ گرتبێ:

١- حەشیمەت،(واتە دەوڵەت، بێ حەشیمەتی ئینسانی نایەتە کایەوە).

٢- سەرزەمین، (دەوڵەت ئەبێ خاوەن کیانێکی دیاریکراو بێت).

٣- حاکمییەت، (بڕوانە فەرمانڕەوایەتی).

٤- حوکمەت، (خەڵك ناتوانن بە ئامانجەکانیان بگەن بێئەوەی بە شێوازێکی رێکخراوەیی لە کۆمەڵێك رێسای دیاریکراو پەیڕەوی بکەن).

لە پێناسە فەلسەفییەکەیدا دەوڵەت، خاوەنی ئامانجێکی سەرەکییە و لە سۆنگەی دەوڵەتی چاك، دەوڵەتی خوازراو یا دەوڵەتی خاوێن، ئەم گوزارە لێك ئەداتەوە. لە روانگەی فەلسەفییەوە، سێ قوتابخانەی فیکری لە سەر دەوڵەت ئەدوێن:

١- بوونی دەوڵەت، بۆ رێکخستن و هاوئاهەنگی نێوان کەرتە جیاجیاکانی کۆمەڵگا شتێکی پێویستە. فەیلەسوفانێکی وەك پلاتۆ، ئەرەستۆ، ئەکڤیناس و ئاگۆستین و سیسرۆ لەم قوتابخانەدا جێئەگرن.

٢- دەوڵەت بەرەنجامی پەیمانێکی کۆمەڵایەتییە، ئەم تیۆرییە لەلایەن فەیلەسوفانێکی وەك هۆبز و لاك و رۆسۆ داکۆکی لێکراوە.

٣- دەوڵەت لە ئەنجامی خەباتی هێزە ناتەبا کۆمەڵایەتییەکان پێکهاتووە، مارکس ولایەنگرەکانی لەم تیۆرییە داکۆکی دەکەن. مارکس سەرچاوە و ماهییەتی دەوڵەت گرێ ئەداتەوە بە پێوەندی بەرهەمهێنان لە وڵاتێکدا و دەوڵەت بە ئامرازێکی راپەڕاندن دەزانێ بەدەست سەرمایەدارەکانەوە و بە ئەنجامی ململانێی چینایەتی دەزانێت کە بە هۆیەوە چینە ستەم دیدەکان لە کۆت و بەندی دیلیەتیدا دەمێننەوە.

لە پێناسە سیاسیەکەیدا دەوڵەت، ئەو پێکهاتە بێغەشە نییە کە فەیلەسووفان خەونیان پێوە دیوە بەڵکوو دیاردەیەکە، پابەند لەسەر واقیعەکانی رابردوو، ئێستا و داهاتوو.

چەمکی نوێی دەوڵەت، لە گەڵ ناسیۆنالیزم* پێوەندییەکی راستەوخۆی پەیداکردووە. ئەم روانگە کە لە دوا شۆڕشی فەرەنسەوە بە جیهاندا بلاو بۆتەوە، هەموو جیهانی خستۆتە ژێر کاریگەری خۆی بە چەشنێك داخوازی بۆ دامەزراندنی«دەوڵەتی نەتەوە»، گرینگترین هاندەری بزاڤە سیاسییەکان و شۆڕشەکانی سەدەی بیستەم بووە. هەندێ لە بیرمەندانی سیاسی، لە نێوان کۆمەڵگا و دەوڵەت یان «کۆمەڵگای مەدەنی»و «کۆمەڵگای سیاسی»، جیاوازی قاییل بوون. بە پێی ئەم جیاوازییە، دەوڵەت، هاومانا نییە لە گەڵ سەرجەم کومەڵگادا بەڵکوو بەشێکە لە کۆمەڵگا کە بە نوێنەرایەتی لە لایەن ئەو، حوکم دەکات.

دەوڵەت شار دولت شهر Polis/city-state

بەو حوکمەتانە کە لە یۆنانی کۆندا دامەزرابوون پێیان دەگوت دەوڵەت شار. بەڵام لە سەدەکانی ناوەڕاست و چاخی نوێدا بەو شارە ئەوروپییانەش کە سەربەخۆ و خاوەن دەسەڵاتێکی بەهێز بوون، ئەم زاراوەیان بۆ بەکار دەبرا. دەوڵەت شارەکانی یۆنانی کۆن خاوەنی رێکخراوە و دامودەزگا بوون کە سەرجەم لە دەزگایەکی حوکمەتی بەناوی «دەوڵەت» پێك دەهات.

دەوڵەتانی لاسار دولت‌های خودسر Rogue states

بە دەوڵەتانی یاخی و چەمووش دەگوترێ کە لە گۆڕەپانی نێونەتەوەییدا بە هۆی رژێمی سیاسی یا

بۆچوونی ئایدیۆلۆجیکی ڕێبەرەکەیان، تووشی گۆشەگیری دیپلۆماسی و سەرشۆڕیی ئەخلاقی دەبن. شەرعییەتی ئەم دەوڵەتانە لە بەر پێمل نەبوونیان بە یاسا نێودەوڵەتییەکان ئەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. نموونەی کلاسیکی ئەم جۆرە دەوڵەتانە، ئەفریقای باشوورییە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٤ تا ١٩٩٤. ئاپارتایدو ئاکارە سیاسییەکانی ناوخۆیی و دەرەکی ئەم ڕژێمە، لە گەڵ پێوانەکانی مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسین، دژایەتی ئاشکرای هەبوو(بڕوانە جیاوازی ڕەگەزایەتی).

زاراوەی دەوڵەتانی لاسار، بەزۆری ئاماژە ئەدات بە سیستەمی سەرکردایەتی (Leadership)، نەك سیستەمی سیاسی خەڵك یان نەتەوەکان بەتایبەت ئەو ڕێبەرانەی کە فێڵباز و کەللەڕەق و شەڕخواز و سەرسەری و ناکەس بن.

دەوڵەتی ئازاد — دولت آزاد — Free state

بریتییەلە دەوڵەتێك کە نیشتمانپەروەرانی وڵاتێکی داگیرکراو لە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆیان وەك دەوڵەتی کاتی دایدەمزرێنن و ڕزگارکردنی وڵات بە ئەرکی سەرەکی خۆیان دەزانن. ئەم دەوڵەتە کاتێك دروست ئەبێ کە ژمارەیەك لە دەوڵەتەکان، دانی پیا بنێن و بە نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکی ئەو وڵاتەی بزانن.

دەوڵەتی پۆلیسی — دولت پلیسی — Police state

دەوڵەتێك کە تێیدا پۆلیس ـ بە تایبەت پۆلیسی نهێنی ـ دەسەڵاتێکی بەرفراوانی هەیە لە تۆقاندن و ترساندنی ئەو شارۆمەندانەی کە مافەکانیان پێشێل ئەکرێت و ناتوانن لەڕێی قانوونییەوە دەنگی ناڕازایەتی خۆیان هەڵبڕن. نموونەی ئەم حوکمەتانە وڵاتانی دیکتاتۆری یا تۆتالیتەرن کە تێیدا نەیارانی ڕژێمەکە سەرکوت ئەکرێن و کەسانی ناڕازی، تەنیا بە هۆی سیاسییەوە دەخرێنە بەندیخانەوە.

دەوڵەتی تاراوگە — دولت در تبعید — Government in exile

دەوڵەتێك کە لە دەرەوەی خاکی وڵاتەکەی خۆی دامەزراوە. دەوڵەتی تاراوگە یا دەوڵەتی بزر، بە دەوڵەتی قانوونی وڵاتێك دەگوترێ کە ئەمێستا داگیر کرابێت و تا ئەوکاتەی کە دوورەپەرێزی خۆی بە کاتی بزانێت، لە دیدی ئەو وڵاتانەی کە وەك دەوڵەتێکی قانوونی بە ڕەسمییەت ناسیویانە، دەوڵەتی قانوونی دەمێنێتەوە. دەوڵەتێك کە لە دەرەوەی خاکی وڵاتەکەی خۆی دامەزراوە، هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ دەوڵەتی پێشوودا نییە. دەوڵەتی تاراوگەی نوێ، پێش ئەوەی ببێتە خاوەنی دەسەڵاتی پێویست بۆ نوێنەرایەتی کردنی وڵاتەکەی دەبێ لە لایەن وڵاتانی دیکەوە بە ڕەسمی بناسرێت. لە وەها دۆخێکدا دەوڵەتی تاراوگەی نوێ، پێشبینی دەکات کە سەرەنجام ببێتە دەوڵەتی قانوونی ئەو وڵاتە. نموونەی دامەزراندنی دەوڵەتی تاراوگە، بریتی بوون لە: دەوڵەتانی چێك، ئیتیۆپیا، یۆنان، هۆڵەندا، نەرویج، پۆڵەندا و یۆگۆسلاڤیا لە شەڕی دووهەمی جیهانی.

دەوڵەتی تەواودۆست دولت کاملەالوداد(بهین دوست) Most Favoured Nation

ئەم زاراوە پتر لە ڕێککەوتننامە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکاندا بەکاردێت. لەم جۆرە ڕێککەوتنەدا مادەیەك دەگونجێنن کە بەو پێیە هەر دوو لایەن ماق «دەوڵەتی تەواو دۆست»یان هەبێت. بە واتایەك ئەگەر لایەنێك باجی گومرگی دەوڵەتێکی سێهەم کەم بکاتەوە یا مافێکی بازرگانی تایبەتی بداتێ، ئەوا لایەنەکەی دیکەش خۆبەخۆ دەبێتە خاوەنی ئەو مافە. نموونەی ئەم ڕێککەوتنە لە دانیشتنی مۆسکۆ (١٩٩١/٧/٣٠) لە نێوان سەرۆکی هەر دوو وڵاتی ئەمریکا و سۆڤیەت بە ئەنجام گەیشت کە ئەمریکا ماق دەوڵەتی تەواو دۆستی بە پێی پێنج ڕێککەوتننامە بە سۆڤیەت بەخشی.

دەوڵەتی جەنگی دولت جنگی War state

بۆ ئەوەی دەوڵەتێك لە کاتی قەیران و بە تایبەت لە کاتی شەڕدا بەخێرایی و یەکگرتوویەکی پتەو بتوانێ ئیش بکات بە ناچار، دەوڵەتەکەی بە حاڵەتی جەنگی ڕادەگەیەنێ تاکوو بە دەسەڵاتێکی بەرفراوانەوە بە دامودەزگا حوکومییەکان ڕابگات. بەم بۆنەوە لە چالاکییەکانی بەرهەمهێنانی تایبەتی دەست وەرئەدا و ئازادی تاکەکەس، سنووردار ئەکات.

دەوڵەتی خۆشگوزەران دولت رفاه Welfare state

سیستەمێکی سیاسی کە دەوڵەت خۆی بە بەرپرسی پشتگیری و پێشکەوتنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی شارۆمەندانی وڵاتەکەی دەزانێ. ئەم دەوڵەتە ئەبێ پێداویستی خزمەتگوزاریی دەرمانی و بیمەی نەخۆشی و بێکاری و خانەنشینی و یارمەتی ماڵ و خێزان، هەر لە منداڵییەوە تا سەری پیری بۆ هەمووان دابین بکات. بیمەی کۆمەڵایەتی لە ساڵی ١٨٨٠ لە ئەڵمانیا و ١٩١٤ لە بەریتانیا ڕەواجی پەیدا کرد بەڵام وەك بەرنامەیەکی گونجاو، هەروەها زاراوەی «دەوڵەتی خۆشگوزەرانی»، یەکەم جار لەلایەن حیزبی کرێکاری بەریتانیا لە ٥٠-١٩٤٥، هاتە ئاراوە.

ڕەخنەگرانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی، لەسەر ئەم خاڵە پێدائەگرن کە خەڵکانی بەهرەدار لەم جۆرە دەوڵەتەدا لەش قورس دەبن و هەوڵی ئیش و کار نادەن. بە گشتی بزاڤی *سۆسیال دیموکراسی** لە ئەورووپا دەورێکی کاریگەری بووە لە پێشخستنی بیرۆکەی ئەم جۆرە دەوڵەتانەدا. سەرکەوتوترین نموونەی ئەم سیستەمە لە لایەن حیزبی سۆشیالیستی سوید دامەزراوە کە ئەگەڕێتەوە بۆ دوای شەڕی جیهانی دووهەم.

دەوڵەتی داسپاردە دولت دست‌نشانده Pappet Government

ڕژێمێك کە بە رواڵەت سەربەخۆ بێت کەچی لە ڕاستیدا لە لایەن حوکمەتێکی دیکەوە کۆنترۆڵ و ئیدارە ئەکرێت. بۆ وێنە ڤیچی فرانس لە سەروبەندی شەڕی دووهەمی جیهانی کە زێدەتر لە کۆنترۆڵی فەڕەنسەدا بوو.

دەوڵەتی سێبەر کابینەی سایە Shadow cabinet

ڕێبەرانی حیزبی کەمینە لە پەرلەمانی بەریتانیا هەرکاتێك دەسەڵات بەدەستەوە بگرن، دەبنە ئەندامی کابینە. دەوڵەتی سێبەر یان دەوڵەتی خەیاڵی، کابینەیەکی گریمانکراوە کە حیزبە کەمینەکان لە وڵاتانی دیموکراسیدا بۆ خۆیان سازی دەکەن و بۆ هەر وەزارەتێك، وەزیرێکی خەیاڵی دەستنیشان دەکەن. تایبەتمەندی ئەم کارە لەوەدایە کە حیزبی کەمینە چاودێریی بە سەر هەموو کاروبارێکی دەوڵەتدا دەکات و دەتوانێت لەم بارەوە پێشنیاز و بیر و بۆچوونی سوودمەند بخاتە روو.

دەوڵەتی کاتی دولت موقت Provisional State

دەوڵەت یا حوکمەتێك کە لە بەرزەخێکی سیاسی واتە لە کاتی گواستنەوەی دەسەڵات لە سیستەمێکی سیاسیەوە بۆ سیستەمێکی سیاسی دیکە دروست ئەبێ و تا پەسندکردنی دەستووری بنچینەیی نوێ و دانانی دامودەزگای تازەی سیاسی، کاروباری وڵات لە ئەستۆ دەرەگرێ. (بۆ نموونە گۆڕینی سیستەمی بەعسی عێراق بە سیستەمی کۆماری فیدراڵی لە ساڵی ٢٠٠٥ لەم وڵاتە یان گۆڕینی رژێمی پاشایەتی ئێران بە کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٩). رەنگە دەوڵەتی کاتی لە دەرەوەی وڵات بنیات بنرێت، ئەوەش لە کاتێکدایە کە ئەو وڵاتە داگیرکرابێت یا سەرقاڵی شەڕ و شۆڕش بێت. ئەم جۆرە دەوڵەتە هەروەها بە دەوڵەتی ئازاد* ناوبردە ئەکرێت.

دەوڵەت ـ نەتەوە دولت ـ ملت Nation-state

شێوازێك لە سیستەمی سیاسی کە لە سەدەی شازدەوە، لە نێوان حوکمەتە فیۆدالییەکانی ئەوروپا سەری هەڵدا و هەموو جیهانی گرتەوە. لەم سیستەمەدا لە نێوان دەوڵەت *ـ وەك باڵاترین رێکخەری تەکوزی و نەزمی سیاسی ـ و نەتەوە* ـ وەك پێکهێنەری تەکوزیی سیاسی ـ پێوەندییەکی تێر و تۆخ و رەها دێتە ئاراوە. لەم شێوازەدا مەفرووزە کە نەتەوە کەمتاکورتێك، کۆمەڵێکی ئینسانی هاوشێوەیە کە خاوەنی هەستێکی نەتەوەیی هاوبەشە و لە ناو سنوورێکی دیاریکراوی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا ئەژی. «دەوڵەتی نەتەوەیی» لە دنیای ئەمڕۆدا باڵاترین شێوەی تەکوزی سیاسی ناوبردەکراوە.

جیهانی سیاسی ئیمڕۆ بە واتای پێکهاتێکە لە نەتەوەکان، ئەو نەتەوانەی کە رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان پێکدەهێنن. رەنگە لە گەڵ ئەم پێناسەدا نەیاریی بکرێت کە ئەندامانی رێکخراوەکە، نەتەوەکان نین بەڵکوو وڵاتەکانن و زۆربەی نەتەوەکان لە بەینی چەند وڵاتێك دابەشکراون بەڵام ئەمە پێناسەی رەسمی جیهانە لە پێکهاتەی خۆی ئەمەش بە میرات و جێماوەی ناسیۆنالیزم* لە ئەژمار دێت.

یەکێك لە سەرباسەکانی دەوڵەتی نەتەوە، جیاوازییەکانی دەوڵەت و نەتەوەیە کە لیرەدا بە چەن خاڵێك لەو جیاوازییانە ئاماژە دەکەین:

١ـ دەوڵەت بەرهەمی هۆکارگەلێکی دیاریکراوی وەك سەربەخۆیی سیاسییە بەڵام نەتەوە، دەرەنجامی

هۆکارگەلێکی دیاریکراوە کە بۆتە هۆی پەیدابوونی کۆمەڵێکی مێژوویی سەقامگرتوو.

٢- خەڵکی دەوڵەتێك، ڕەنگە پێوەندییان بە نەتەوەیەکەوە ببێت یا نەبێت، کەچی نەتەوە ڕەنگە بوونێکی سیاسی سەربەخۆی هەبێت یا کەرتێك بێت لە دەوڵەتێکی گەورەتری فرەنەتەوە. هەندێ لە نەتەوەکان ڕەنگە لەناو زیاد لە یەکەیەکی سیاسی دابەش بووبێتن وەك کۆرییاییەکان و کوردەکان.

٣- دەوڵەت دەزگایەکی سیاسی - یاساییە، بەڵام نەتەوە، دیاردەیەکی مێژوویی - سیاسی و کەلتوورییە.

٤- دەوڵەت، بەرهەمی فراژووتنی مێژوویی نییە بەڵام نەتەوە دەرەنجامی ژیانی هاوبەشی دوور و درێژی جەماوەرە.

٥- دەوڵەت لە هەر سەردەمێکدا کیان و نیشتمانێکی دیاریکراوی هەیە و ئەم زێدەش، ڕەنگە بە هۆی زۆرداریی یا یەککەوتنەوە تووشی گۆڕان بێت کەچی نەتەوە، لەباری مێژووییەوە جڤاتێکی ڕاوەستاو لەئەژمار دێت و بە پێی ویست و ئیرادە، گەورە و بچووك نابێتەوە.

٦- لە سەروبەندی کەونینەی مێژووی مرۆڤیشدا دەوڵەت هەبووە بەڵام نەتەوە، بەرهەمی چاخی نوێیە و دەرەنجامی ئاوێتەبوونی خێڵ و عەشیرەت و گروپە ڕەگەزییەکانە بە زەبری شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری.

دەوڵەتی یاسایی دولت حقوقی Rechtsstaat

زاراوەی دەوڵەتی یاسایی بەرهەمی ئەندێشەی کۆنی ئەڵمانیایی و سویسرایە. فرێدریخ یۆلیۆس، سیاسەتمەداری کۆنەپارێزی ئەڵمانی پێی وایە: «دەوڵەت ئەبێ سنووری ڕەفتارەکانی خۆی و پانتای هاندانی شارۆمەندان بە شێوازێکی وردی یاسایی دەستنیشان بکات بێئەوەی زیانێکی بچووك بەرکەس بکەوێت».

تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی یاسایی، بریتین لە:

- هەبوونی دەستووری بنچینەیی کە تێیدا هێزەکان جیاکرابێتەوە و دەسەڵات دابەش بووبێت. (بڕوانە: جیا کردنەوەی هێزەکان)

- دیاریکردنی هەندێ مافی ئازادیخوازانە و جوامێرانەی کۆمەڵایەتی شارۆمەندان لە دەستووری بنچینەییدا بە چەشنێك کە دانانی یاسای نوێ ببەستێتەوە بەم مافانەوە.

دیپلۆمات دیپلمات Diplomat

بە کارمەندانی پایەبەرزی وەزارەتی دەرەوە و ئەو کەسانەی کە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتێك بەڕێوە ئەبەن، دیپلۆمات ئەگوترێ. دیپلۆماتەکان، لە زۆربەی وڵاتان بەم ڕیزەی خوارەوە پۆلێنبەندی دەکرێن:

ڕاوێژکار(پلە ١، پلە ٢، پلە ٣)، سکرتێری یەکەم، سکرتێری دووەم، سکرتێری سێیەم و ئاتاشە (کارمەند) کە خۆی بە کارمەندی سیاسی، سەربازی، ئابووری و کەلتووری دابەش ئەکرێت.

دیپلۆمات ئەبێ جگە لە بوارە زانستییەکەی خۆی، لە بوارە جۆراوجۆرە زانستی و کۆمەڵایەتییەکانی

دیکەش بەهرەی هەبێ و لە داب و نەریتی خەڵکی ئەو وڵاتەی کە تێیدا ئیش دەکات ئاگاداربێت.

دیپلۆماسی دیپلماسی Diplomacy

دیپلۆماسی. لە وشەی «دیپلۆما»ی یۆنانی و لاتینی وەرگیراوە کە بە مانای بەڵگە و بڕوانامەیە. هەروەها مانای زمان شیرین و زمان لووسیشی لێ بۆتەوە. ئەم وشە لە زاراوەی گشتی و زانستی سیاسەت بە سێ مانای سەرەکی راڤە کراوە:

١ـ بە گشتی، دیپلۆماسی بریتییەلە پێوەندی نێوان دەوڵەتەکان. هەندێ لە بیرمەندانی سیاسەتی نێونەتەوەیی، دیپلۆماسی بە رەگەزێکی دەسەڵاتی نەتەوەیی لە قەڵەم ئەدەن و هەندێکی تریش تەنیا وەك ئامرازێك بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی نەتەوەیی ناوبردەی ئەکەن.

٢ـ واتایەکی تری ئەم زاراوە، بە گفتوگۆ و دیالۆگ لێکدراوەتەوە چونکا مەبەست لە گفتوگۆ سازش کردنە کەواتە لەم روانگەوە ئەکرێ دیپلۆماسی بەم جۆرە پێناسە بکەین: هونەری مامەڵەکردن لە گەڵ سیاسەتی نێونەتەوەیی کە رێگا لە مەترسی تیاچوونی بەرژەوەندی و *ئاسایشی نەتەوەیی** دەگرێت.

٣ـ سەرەنجام، دیپلۆماسی پێناسەیەکە بۆ شێواز و مێتۆدی ئیشکردنی دەزگای بەڕێوەبەری پێوەندی نێودەوڵەتی و چۆنییەتی هەڵسوکەوتی ئەو کەسانەی کە بەرپرسی کردنەوەی ئەم جۆرە پێوەندییانەن.

یەکێك لە بابەتە گرنگەکانی دیپلۆماسی، چۆنییەتی گرێبەستی جەنگ و دیپلۆماسییەتە. لەم رووەوە دیپلۆماسی، ئامرازێکە کە بە کەڵك وەرگرتن لێی، سیاسەتی دەرەکی لەبری شەڕ وپێکدادان بە ئامانجەکانی خۆی ئەگات بە دیوەکەی تریشدا دەستپێکردنی شەڕ بە مانای شکستهێنانی دیپلۆماسییەتە.

دیپلۆماسی ئاو: بڕوانە سیاسەتی ئاو.

دێتانەت/هێورسازی دتانت/تنش‌زدایی De`tente

وشەکە بە زمانی فەڕەنسی بە واتای شلکردنەوە و ئارامی و حەسانەوەیە. لە زاراوەی سیاسیشدا بە مانای کەم بوونەوەی ئاڵۆزی و ناحەزی و دوژمنایەتی نێوان وڵاتان و ئاسایشی نێوان وڵاتانە. قۆناغی هێورسازی، رەنگە بە پێی بڕیارنامەیەکی رەسمی یا خود لە ئاکامی گۆڕانی ستراتیجی نەتەوەیی لە ماوەی چەندین ساڵدا رووبدات. بۆ نموونە پەیمانی لۆکارنۆ(١٩٢٥) لە ئەورووپا کەم تا زۆر، بە دوا خۆیدا سەقامگیریی هێنا. لە دەیەی ١٩٦٠ قۆناغێکی هێورسازی لە نێوان وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکیەتی سۆڤیەت هاتە کایەوە کە لە سەر بنەمای پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانە و ئەم راستییە دامەزرابوو کە شەڕێکی هەمەلایەن، سەرەنجام بە تیاچوونی هەر دوولا تەواو دەبێت.

دیتێرمینیزم : بڕوانە ئیرادەگەرێتی.

دیسپۆتیزم/ لاساریگەریی دسپوتیسم/خدایگانسالاری Despotism

ئەم وشە لە ریشەی یۆنانی (despoties) بە مانای سوڵتان و دەسەڵاتداری تاکڕەو وەرگیراوە. مەبەست لەم زاراوە، دەسەڵاتێکە کە هیچ سنوورێکی ڕێژەیی و یاسایی نییە و بە لاساری و بەربەرەڵا بەکار ئەبرێت. پێشوونەی ئەم وشە لە زاراوەی سیاسیدا ئەگەڕێتەوە بۆ ٢ هەزار ساڵ لەمەوبەر. هەڵبەت تا چەند سەدەیەك بەر لە ئێستا، دیسپۆتیزم لە گەڵ زاراوەی تیرانی (بڕوانە زۆرداریی) بەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازییەکانیان، لەبری یەکتر بەکار دەبران. بەڵام ئەم چەمکە بە مانا نوێباوەکەی، پەیوەستە بە ئەندێشەی بیرمەندانێکی وەك دۆتۆکویل، هێگل، مارکس و ویتفۆگێل.

هێگل و مارکس، ئەم زاراوەیان بە شێوەیەکی هاوبەش بۆ پێناسەکردنی ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە بەکار هانیوە کە لە ڕەوتی مێژوویی خۆیان بەرەو شارستانییەت، تووشی کپبوون و بێدەنگی هاتوون. هێگل، پێی وایە کە مێژوو لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژاوا ڕۆشتووە و لەم ڕەوتە مێژووییەشدا دیسپۆتیزم، یەکەمین قۆناغی ئەم جووڵە بووە کە ئامانجە سەرەکییەکەشی دامەزراندنی حوکمەتێکی پادشایی بووە لە ئەورووپادا بە باوەڕی ئەو، لە کاتێکدا کە هەموو خەڵکی ڕۆژاوا لە ئازادی حەساونەتەوە، کەچی لە ڕۆژهەڵات، تەنها یەك کەس (پادشا یا دەسەڵاتدار) لە ئازادی بەهرەمەندە و لەم سۆنگەوە شارستانییەتی ڕۆژهەڵات لە یەکەمین قۆناغی مێژوویی خۆیدا ماوەتەوە.

کارڵ ویتفۆگێل کۆمەڵناسی ئەڵمانی. بە پێوانەی تیۆرییەکەی مارکس دەربارەی شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی، ڕامانەیەکی نوێ لە سەر دیسپۆتیزم دەرئەکات کە هەموو شارستانییەتە خۆرهەڵاتیەکان (چین، هیند و ئێران) و تەنانەت شارستانییەتە سوورهوولەکانی ئەمریکا (ئینکا، مایا و ئازتەك) لە خۆ دەگرێ بەڕای ئەو، تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە بریتییەلە:

١) ڕژێمی سیاسی ئیستبدادی.

٢) نەبوونی چینی ئاریستۆکراتی بەردەوام (بڕوانە ئاریستۆکراسی).

٣) چەقبەستنی لەڕادەبەدەری سیستەمی ئیداری وڵات.

٤) نزمبوونی پێگەی کۆمەڵایەتی بازرگانەکان لە کۆمەڵگادا.

٥) بەکارهێنانی ئاودێریی بەرهەڵدا لە کشتوکاڵدا.

دیفاکتۆ: بڕوانە ناسینەوەی دووفاکتۆ.

دیکتاتۆری دیکتاتوری Dictatorship

زاراوەی دیکتاتۆری لە وشەی لاتینی dictator لە ڕۆمی کۆن، بە واتای مەقامی بڵیندپایە بە زماندا هاتووە کە بە دەسەڵاتێکی ئێجگار زۆرەوە ئیدارەی وڵاتی بەدەستەوە بووە. لە بنەڕەتدا دیکتاتۆری پلەیەك بووە کە لە کۆماری ڕۆمی کەونینەدا، لە کاتێکی قەیراناوی بە کەسێك دەدرا. لەم سەروبەندەدا ئەو کەسە

تەواوی دەسەڵاتی حوکمەت و هێزی سەربازی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو (٦ مانگ) بەدەستەوە دەگرت. لەم رووەوە دیکتاتۆری رۆمی، بە چەشنێك دەسەڵاتێکی یاسایی بووە بەڵام لە کۆتایی سەردەمی کۆماری ئەو سیاسالارانەی کە بە شێوەی نارەوا دەسەڵاتیان بەدەست ئەهێنا خۆیان بەم ناوبانگەوە ناساند و ئینجا دیکتاتۆری، رواڵەتێکی نایاسایی بەخۆوە گرت.

لە زاراوەی سیاسی ئیمرۆدا ئەم زاراوە بەو رژێمانە ئەگوترێن کە تێیدا کەسێك یان حیزبێك، مەجال ناداتە گرووپەکانی‌تر تاکوو ئەوانیش بەشداری بکەن لە دەسەڵاتدا و بەمجورە دەسەڵاتی هەموو هێزەکانی وڵات بەدەستەوە ئەگرێت. نموونەی رژێمی دیکتاتۆری لە سەدەی بیستەمدا بریتی بوون لە: هیتلەر(١٨٨٩-١٩٤٥) لە ئەڵمانیا، مۆسۆلینی(١٨٨٣-١٩٤٥) لە ئیتالیا، ستالین (١٨٧٩-١٩٥٣) لە یەکییەتی سۆڤییەت کە لە قەوارەی حیزبی ناسیۆنال سۆسیالیست و فاشیست و کۆمۆنیزم پێکهاتن و سەرمەشقی حوکمەتی دیکتاتۆری حیزبی و تاکەکەسی لە ئەژماردێن.

دیکتاتۆرییەکان، بە سێ جۆری کۆنەپەرست و شۆرشگێرانە و تێکەڵ دابەش دەبن. دیکتاتۆری کۆنەپەرست، ناهێڵێت پێکهاتە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان تووشی وەرچەرخان بن. بە پێچەوانەوە دیکتاتۆری شۆرشگێرانە، وەرچەرخانی ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییانە خێراتر ئەکات. بەڵام جیاکردنەوەی ئەم جۆرە دیکتاتۆرییانە لە یەکتر هاسان نییە چونکا لە واقیعدا زۆربەی رژێمە دیکتاتۆرییەکان خۆیان بە شۆرشگێر دەزانن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لە سەر شارە وێرانەکان کۆمەڵگایەکی نوێیان دامەزراندۆتەوە. هەندێجار جۆرێك لە دیکتاتۆرییەت هاتۆتە مەیدانەوە کە لە میانەی کۆنەپەرستی و شۆرشگێریدا هەنگاوی ناوە کە پێی دەگوترێ دیکتاتۆری تێکەڵ، بۆ نموونە رژێمی ناپیلئۆن.

رژێمە دیکتاتۆرییەکان بەزۆری لە رێگای نایاسایی وەك کۆدەتای سەربازی جڵەوی دەسەڵات بەدەستەوە ئەگرن بەڵام هەندێ رژێمی دیکتاتۆریش هەن کە لە رێگای یاسایی دەسەڵات بەدەستەوە ئەگرن کەچی پاش سەقامگیربوونی حوکمەتەکەیان ئامادە نین بە هەمان شێوە واز لە دەسەڵات بهێنن. بۆ وێنە هۆگۆ چاڤێز سەرۆك کۆماری ڤەنیزۆئیلا، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩ بە دەرکردنی یاسایەك لە پەرلەمانی ئەم وڵاتە، توانی رێگا بۆ پاڵاوتنی هەمیشەیی خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار هەموار بکات.

هەموو رژێمە دیکتاتۆرییەکان لەم خاڵانەی خوارەوەدا هاوبەشن:

١- کۆجێبوون(چەقبەستن)ی دەسەڵات.

٢- پێشێلکردنی ئازادییەکانی تاك.

٣- نەبوونی قانوون و یاسایەك کە ماوەی دەسەڵاتداریەتی فەرمانرەوا سنووردار بکات.

٤- نەبوونی یاسایەك بۆ جێ نشینی دەسەڵات.

٥- ملکەچکردنی جەماوەر بۆ دەسەڵات تەنیا بە هۆی ترسەوە.

٦- کەڵك وەرگرتن لە تیرۆر* وەك ئامرازی بەکارهێنانی زەبر و زۆر.

دیکتاتۆری پرۆلتاریا دیکتاتوری پرولتاریا Dictatorship of proletariat

یەکێك لە چەمکەکانی مارکسیزم*ە کە چۆنییەنی بەکارهێنانی هێزی دەوڵەت لە نێوان شۆڕشی سۆشیالیستی و پیادەکردنی کۆمەڵگای سۆشیالیستی دیاری ئەکات. مارکس لە ڕێبازەکەی خۆیدا بۆ تێپەڕبوون لە قۆناغی سەرمایەداری بەرەو سۆشیالیزم، باسی قۆناغێکیتر دەکات کە بە «دیکتاتۆری پرۆلتاریا» ناوبردەی ئەکات. بە باوەڕی مارکس، دوای ئەوەی پرۆلتاریا لە ڕێی شۆڕشەوە دەسەڵاتی سیاسی بەدەست هێنا، حوکمەتی چینەکەی خۆی(کرێکاران) دائەمەزرێنێ. وەها حوکمەتێك مووچە و حەقدەست بە ڕێژەی ئیش و کار ئەدات و خاوەندارییەتی کەرەستەی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و مەزاختن بەدەستەوە ئەگرێ و هەوساری چینەکانیتر مەهار ئەکات. ئەم حوکمەتە، بە لەناوبردنی کاری دەستی و فیکری و جیاوازیی چینایەتی، ڕێگە بۆ لە دایکبوونی کۆمۆنیزم واتە کۆمەڵگای بەدەر لە چینایەتی، خۆش ئەکات. لەم کاتەدا پرۆلتاریاش وەك چینێك، لەناو ئەچێت و جێی خۆی ئەدات بە ئەنجومەنەکانی هاریکاری بۆ بەدەستەوە گرتنی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان.

بەڕای مارکس و لایەنگرەکانی، دیکتاتۆری پرۆلتاریا قۆناغی گواستنەوەیە لە کۆمەڵگای سەرمایەدارییەوە بۆ کۆمەڵگای سۆشیالیستی. مارکسییەکان گرنگییەکی زۆر بەم تیۆرییە دەدەن و بە ئاماژەی کۆتایی هاتنی«سەردەمی ڕەنجدەران»ی دەزانن کە بەو پێیە گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە هەموو بوارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا دێتە دی.

یەکێك لەو گرفتانەی کە بۆ مارکسییەکان بۆ بەکار هێنانی ئەم مۆدێلە لە وڵاتانێکی وەك سۆڤیەت و چین بەدی هات، ئەمە بوو کە لەم وڵاتانە بە هۆی دواکەوتوویی ئابووری، پرۆلتاریا زۆر بێتوانا و بێ حەشیمەت بوو بەڵام لێنین و مائۆ، بە دامەزرانی حیزب، لەبری چینێك کە حیزب خۆی بە نوێنەری دەزانێ، لەم مۆدێلە بۆ فەرمانڕەوایی ڕەهای حیزبی کۆمۆنیست کەڵکیان وەرگرت.

دیکتاتۆریەتی اقتدارگرایی Authoritarianism

بریتییە لە پشتیوانی کردن لە حوکمەتێکی سەرکوت کار کە فرمانەکانی تەنیا لە ترسی سزادان جێبەجێ دەکرێت. لایەنگرانی ئەم جۆرە حوکمەتانە لەسەر ئەم باوەڕەن کە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بە شێوەیەکی خۆڕسك، شەرعی و ڕەوایە و پێویستە خێرا بەڕێوە بچێت چونکا ئەم دەسەڵاتە لە لایەن خواوەند یان ڕەوتی مێژوو بە دەسەڵاتدار سپێردراوە. لایەنگرانی نوێی ئەم ڕژێمانە، سیستەمە دیموکراسییەکان لەمەڕ ئیدارەی کۆمەڵگا بەر ڕەخنە ئەدەن و بۆ ئیدارەی کۆمەڵگا سیستەمێکی دەسەڵاتدار و بەهێز داوا دەکەن کە بێ سەرنجدان بە خواستەکانی فەرمانبەران کاروباری وڵات جێبەجێ بکات.

ڕژێمە دەسەڵات خوازەکان، لەم سۆنگەوە لە گەڵ ڕژێمە دیموکراسییەکان جیاوازییان هەیە کە ئەمان نەیاریی فیکرییان پێ قبوڵ ناکرێ و دەست ئەگرن بەسەر میدیاکاندا و لە بەردەم ئازادییەکانی تاك تەگەرە ساز دەکەن و دەسەڵاتیش ئەسپێرنە دەست تاقمێکی ناوازە. لە کۆمەڵگای دەسەڵات خوازدا بە شێوازی کۆن،

تاقمی دەسەڵات خواز بۆ ڕاگرتنی دڵی جەماوەر هیچ هەوڵێك نادات و خۆی بۆ لێپرسینەوە ئامادە ناکات بەڵکوو هەوڵ ئەدات جەماوەر تەنیا ملکەجی خۆی بکات. نموونەی ئەم جۆرە حوکمەتانە، ڕژێمە دیکتاتۆرییە فاشیستییەکانن.

دیماگۆژی دماگوژی/عوام‌فریبی Demagogie

ئەم زاراوە لە وشەی demagogia یۆنانی وەرگیراوە و لە سەرەتادا بە مانای «ڕێبەرایەتی خەڵك» بەکار براوە. لە ڕۆمی کۆنیشدا مانایەکی سەربەرزانەی بووە بە چەشنێك کەسانێکی وەك پریکلێس و دیمۆستێنس و سیسرۆن، بەم ناوە ناوبانگیان دەرکردووە. لە زاراوەی سیاسی نوێدا دیماگۆگی، مانایەکی سووکایەتی‌ئامێزی لەخۆی گرتووە و بە واتای فریودانی جەماوەر و بەڵێنی ناڕاست دان و کەڵك وەرگرتن لە هەست و سۆزی خەڵك بۆ گەیشتن بە ئامانجی تایبەت لێکدراوەتەوە.

دیماگۆگ، کەسێکە کە هەستی جەماوەر دەجوولێنێت و هانیان دەدات بە مەبەستی دەسکەوتنی ئامانجەکانی خۆی.

دیموکراسی دموکراسی/ مردم سالاری Democracy

دیموکراسی لە دوو وشەی یۆنانی دیمۆس، بە مانای «خەڵك» و *کراتووس*، بە مانای «حوکمەت» پێکهاتووە. مانای ئەم زاراوە لە پوختەی قسەکانی ئابراهام لینکۆلن(١٨٠٩-١٨٦٥، شانزەهەمین سەرکۆماری ئەمریکا) بریتی بوو لە: «حوکمەتی خەڵکی، لە لایەن خەڵکەوە، بۆ خەڵك». ئەم بیرۆکە بە ڕواڵەت زۆر سادەیە، کەچی لە واقیعدا زۆر ئاڵۆز و تێك‌تەنراوە. ئەگەرچی مانای دیموکراسی تا ڕادەیەك ڕوونە بەڵام ئەم مەسەلە کە «خەڵك» چۆن بە سەر خۆیاندا حوکمەت بکەن هێشتا هەر مژاوییە و ڕوون نەکراوەتەوە. بەم بۆنەوە بۆچوونی جیاواز لەسەر ئەم چەمکە هاتۆتە ئاراوە.

ئیمڕۆکە مەبەست لە دیموکراسی شێوازێکە لە ژیان کە تێیدا دەسەڵات جیا بکرێتەوە و بە هەموو کەس وەڵام بداتەوە. لەم سیستەمەدا جیاوازییەکان بەهەند ئەگیرێن و لە پێگە و جێگەی جەماوەر ڕێز دەگیرێ و دەرفەتی یەکسان بۆ هەمووان دەڕەخسێ. بە کورتی دیموکراسی بە مانای دابەشکردنی دەسەڵاتە بە بێ توندوتیژی و شەڕنانەوە. لە سیستەمێکی دیموکراتیدا هیچ کەس فەرمانڕەوای هەمیشەیی نییە و هیچ کەس لە سەر تەختی دەسەڵات کڕ ناکەوێ. سەرکۆمار ئەکەوێتە بەر ڕەخنە و لێپرسینەوە و لە زەمەنێکی دیاریکراودا ئەبێ لە دەسەڵات دەست بکێشێتەوە. کەواتە لەم جۆرە ڕژێمەدا هیچ کەس بۆی نییە دەسەڵات مۆنۆپۆل بکات، بگرە دەسەڵات هەمیشە لە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی هەموواندایە.

دیموکراسی سەدەی بیستەم، بەرهەمی لیبرالیزمی سەدەی نۆزدەهەمە. هەڵبەت لیبرالیزمی ئەم سەدەیەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەندێشەکانی هیوم، میل و ڕۆسۆ. هەندێ کەس دیموکراسی بە ئایدیۆلۆجی سیاسی چینی مامناوەندی لە قەڵەم ئەدەن. جیاوازی سەرەکی دیموکراسی لە سەدەی نۆزدە و بیست لەوەدایە کە ئیمڕۆ

بنەماکان و ئایدیۆلۆجیای سیاسی چینە مامناوەندییەکان بە ناو چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگادا بڵاو بۆتەوە.

لە پێناسەیەکی‌تردا دیموکراسی شێوازێکی حوکمەتکردنە بەسەر نەتەوەیەکی باڵغ و هەراش کە ئەندامانی ئەو نەتەوە خاوەنی بەهرەی بیرکردنەوە و رەخنەگرتن بن و لە راپەراندنی کاروباری کۆمەڵگادا بەشداری بکەن. لەم سیستەمەدا جەماوەر بە مافەکانی خۆیان شارەزان.

یەکێك لەو گرفتانەی کە لەسەر چەمکی دیموکراسی پێش هاتووە، جیاوازی نێوان دیموکراسی راستەوخۆ و دیموکراسی نوێنەرایەتی یا ناراستەوخۆیە. دیموکراسی راستەوخۆ، هەڵگری ئەو زەمانەتەیە کە خەڵك راستەوخۆ بێنە ناو مەیدانەوە بۆ دەرکردنی ئەو یاسا و بڕیارانەی کە پێوەندی بە ژیانی خۆیانەوە هەیە. بۆ وێنە خەڵکی ئاسینا لە ساڵانی ٥٠٧ تاکوو ٣٢٢ی پێش زایین، ئەم شێوازە حوکمەتەیان پیادە کرد. گەورەترین رەخنەگری دیموکراسی راستەوخۆ، پلاتۆ، فەیلەسوفی مەزنی یۆنانی بوو. ئەو پێی وابوو کە لە جیاتی ئەوەی بڕیارەکان لە لایەن کەسانی شارەزا و پسپۆرەوە دەرکرێن، سپێردراوە بە کەسانی خاوەن پیشە کە سەریان لە سیاسەت دەرناچێ کەواتە دیموکراسی راستەوخۆ حاکمیەتی جڤاتییە.

دیموکراسی نوێنەرایەتی بە واتای سیستەمێکی حوکوومییە کە تێیدا نوێنەرانی هەڵبژاردەی خەڵك، یاساکانی کۆمەڵگا دائەنێن. تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە دیموکراسییە بریتین‌لە: یەکەم، هەڵبژاردنی ئازاد ناوبەناو بێتە کایەوە و هەر شارۆمەندێکی هەراش مافی ئەوەی ببێ کە *دەنگ بدا* و *دەنگی پێ بدەن*. دەنگدان ئەبێ دوور بێت لە هەر جۆرە مەترسی و هەڕەشەیەك. دووهەم، ئەم جۆرە هەڵبژاردنەش نابێ تەنیا ببەسرێتەوە بە پاڵێوراوانی حیزب یان لایەنێکی دیاریکراو، ئەگەریش زۆرینەی خەڵك دەنگیان نەدا بە مانەوەی حوکمەتی دەسەڵاتدار، ئەبێ دەسەڵات بدرێتە دەست کەسانی‌تر. سێهەم، نوێنەرانی هەڵبژاردەی خەڵك (پەرلەمان)، ئەبێ مافی یاسادانانیان لە هەموو بوارێك هەبێ و بتوانن بە راشکاوی بڕیارەکانی دەوڵەت بخەنە ژێر پرسیار یان لە گەڵیا نەیار بن بێ ئەوەی هیچ ترس و خۆفێك یان ئازار و مەترسییەك بێتە سەر رێگەیان.

لەم چاخەدا دیموکراسی پەرلەمانی، باوترین شێوازی دیموکراسییە. بنەمای دیموکراسی بڕواهێنانە بە بایەخەکانی تاکی مرۆڤ و دەرفەتی بڕیاردەرکردن لە کاروباری گشتی و تایبەتی. ئەگەرچی ئەم شێوازە، لە سەر بنەمای تاکەکەس دامەزراوە بەڵام کاتێك ماهییەتی فرە نەتەوەیی و فرەکەلتووری زۆربەی کۆمەڵگاکان شرۆڤە دەکرێت، گرفتی جۆراوجۆر دێتە بەرچاو. ئەگەر لە وڵاتێك زۆرینەیەکی کەلتووری یەکدەنگ هەبێت، ئەغڵەب جار بەرژەوەندییەکانی ئەو زۆرینە دەستەبەر ئەکرێت. کەواتە رەنگە ئەم شێوازەی دیموکراسی رێگە خۆش بکات بۆ «دیکتاتۆری زۆرینەی کەلتووری». چما نوێنەرانی کەلتووری کەمینەکان یان هیچکات هەڵنەبژێردرێن یان رادەیان هێندە کەم بێت کە لە ئەنجومەنی یاسادانانندا کاریگەر نەبن.

دیموکراسی سیاسی لە واقیعدا بە مانای حوکمەتی زۆرینە یان یەك لە سەر نیوەی دەنگەکانە. لە روانگەی فەلسەفەی سیاسییەوە دیموکراسی، خەڵك لە بەڕێوەبردنی ئیدارەی کۆمەڵگا و چاودێریی بە سەر

حوکمەت بە حەقدار ئەزانێ و دەوڵەت* بە بەرەنجامی ئیرادەی گشتی لە قەڵەم ئەدرێت.

هێرۆدۆت، مێژوونووسی بەناوبانگی یۆنانی ئەنووسێ: «ئەگەرچی دیموکراسی بۆ هەموو خەڵك لە بەردەم یاسا بە یەك چاو دەڕوانێ بەڵام گرفتێکی هەیە ئەویش بە هاسانی ئەبێتە مۆبۆکراسی، واتە سەروەری کەسانی نەزان و بازاڕی و دەسەڵاتی بۆرەپیاوانی سەرکێش و لاسار»(بڕوانە ئاژاوە خوازی).

ڕەوتی گەشەکردنی دیموکراسی لە جیهاندا ئەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی کۆن بەڵام دواتر لە ساڵی ١٢١٥ی زایینی بۆ یەکەمجار، کینگ جۆن پادشای بەریتانیا پاش ڕاپەڕینێکی جەماوەری فەرمانێکی دەرکرد کە بە «جارنامەی گەورە» ناوبانگی دەرکردووە و تێیدا ئەنجومەنێك بۆ نوێنەران پێشبینی کراوە. لە فەرەنساش لە دوای شۆڕشێکی خوێناوی لە سەدەی هەژدە، ئەزموونی دیموکراسی تاقی کراوەتەوە. لە ساڵی ١٨٣١، لە بەلجیکا بۆ یەکەمجار دەستووری دیموکراتی دانراوە کە تێیدا ئازادی نووسین و ڕادەربڕین و کۆبوونەوەکان زەمانەت کراوە.

لە سەرەتای سەدەی بیستەوە، لە وڵاتانی ئاسیایی و ئەفریقایی دوای دزەکردنی ئەندێشە ئەورووپییەکان، بزاوتی دیموکراسی خوازی لەم دوو کیشوەرەدا گەشەی کرد. بەڵام لە بەر نەبوونی هەلومەرجی پێویست و داکوتانی ڕەگی ئیستیبدادی لەم ناوچانە، زۆربەی ئەم بزاڤانە شکستیان هێنا و دوای ماوەیەك تەنیا بە هێشتنەوەی ڕووکەشێکی دیموکراسی سەرلەنوێ بە چەشنی دیکتاتۆری نوێ سەریان هەڵدایەوە. هەڵبەت لەم ناوەدا چەن نموونەی سەرکەوتووی دیموکراسی هاتەدی کە ئەکرێ ئاماژە بدەین بە ژاپۆن و هێندستان.

دیموکراسی پیشەسازانە — دموکراسی صنعتی — Industrial democracy

بە پێی ئەم بیرۆکە، ئەبێ کرێکاران لە بڕیارەکانی هاوپێوەند لە گەڵ کارخانە پیشەسازییەکاندا بەشدار بن. لەم بارەوە تیۆری جۆراوجۆر هاتۆتە ئاراوە کە سەرەنجامی ئەم تیۆرییانە خوازیاری ڕووخانی سەرمایەداری و چەسپاندنی دەسەڵاتی کرێکارانە. تیورییەکی نوێ لە بارەی دیموکراسی پیشەسازییەوە ئاراستە کراوە کە پێی وایە ئەم سیستەمە، سەرمایەداری و شانوشکۆی بەڕێوەبەرانی قبووڵ کردووە و ئەم ڕاستییەی درکاندووە کە کرێکاران ناتوانن لە بەڕێوەبردنی کارخانە پیشەسازییەکان سەرکەوتوو بن.

دیموکراسی جڤاکی — دموکراسی تودەای/دموکراسی خلق — People's democracy

ئەم زاراوە لە لایەن وڵاتانی کۆمۆنیستییەوە بەکار ئەبرێت بۆ جیاکردنەوەی سیستەمی سیاسی تاك حیزبی خۆیان لە گەڵ سیستەمی سیاسی فرەحیزبی کە لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژاوا باو بووە و بە دیموکراسی بۆرژوایی ناوی دەبەن. لەم سیستەمەدا حیزبی کۆمۆنیست خۆی بە نوێنەری زۆرینەی کۆمەڵگا یا ڕەنجدەران دەزانێ و ماف چالاکیی سیاسی بە چینە چەوسێنەرەکان نادات. لەم سیستەمەدا بنەماکانی دیموکراسی لیبراڵی ڕۆژاوایی بەرچاو ناکەوێ. پێناسەیەکی تری ئەم سیستەمە، «دیکتاتۆری پرولتاریا»*یە.

دیموکراسی کۆمەڵایەتی: بڕوانە سۆسیال دیموکراسی.

دیموکراسی لیبراڵ دموکراسی لیبرال Liberal Democracy

دیموکراسی لیبراڵ شێوازێکە لە دیموکراسی ناڕاستەوخۆ یان دیموکراسی نوێنەرایەتی. دیموکراسی لیبراڵ ڕێز دادەنێ بۆ مافەسرووشتی و مەدەنییەکان و هەروا قایل بە یەکسانی مافەکانە بۆ هەموو هاووڵاتیان لە بواری سیاسی و دادوەریدا. لەم جۆرە لە دیموکراسیەدا دەسەڵاتی زۆرینە* بە شێوەیەکی سنووورداری یاسایی جێبەجێ دەکرێت. ئەم سنوورەش، بۆ زامنکردنی بەهرەمەندی کەمینە*یە لە هەندێ لە مافە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانی وەك ئازادی بیر و ڕا و ئایین.

بە باوەڕی نەیارانی ئەم شێوازە حکوومییە دیموکراسی لیبراڵ، بێ ڕەچاوکردنی ماف هاووڵاتیان لە بەستێنی ئابووریدا چەواشەکردنی خەڵکە بۆ پەردەکێشان بەسەر جیاوازی چینایەتی کۆمەڵگا. مارکس، دیموکراسی لیبراڵی بە دیکتاتۆری بۆرژوایی لە قەڵەم داوە. ئێستا بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە لیبرالیزمی ئابووری، هاوڕێ لەگەڵ سیستەمی دیموکراسی. لە گۆڕەپانی خەبات لەگەڵ ئایدیۆلۆجیەکانی دیکەدا سەربەرز و سەرکەوتوو هاتۆتە دەرەوە. چونکا پێکهاتەی سیاسی دیموکراسی لیبراڵ، دەسپێچکێکی بەهێزە بۆ بەدەست هێنان و پاراستنی دەسەڵات. ئەم سیستەمە لە گەڵ تاقمی بوروکراتی سیاسی هاودەنگە و بەرژەوەندییەکانی ئەوان دەپارێزێت.

بە ڕای هەندێ کەس لیبرالیزم بە هۆی سەروساختی لەگەڵ سەرمایەداریدا ناتوانێ بەو بەڵێنەی کە لەمەڕ ئازادی تاکەکەس بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی داویەتی وەفادار بێت. چونکا لیبرالیزم پارێزەری بەرژەوەندی چینی بەهرەدار لە خاوەنداریێتی تایبەتە کە ئەمەش ڕەنگە ببێتە هۆی ململانێ و شەڕی چینایەتی و بەرزبوونەوەی هەڵپەی شەڕ و پێکدادانی جیهانی.

دیموکراسی مەسیحی دموکراسی مسیحی Christian democracy

ئەم زاراوە بۆ ئەو حیزبە سیاسییانەی ئەورووپا بەکاردێت کە لە گەڵ کلێسەی مەسیحی - زۆرتر کاتۆلیکەکان - هاوپەیمانن و بە حیزبی دیموکرات مەسیحی ناویان دەرکردووە و ئەندامەکانیشی بە «دیموکرات مەسیحی» دەناسرێن. ئەم حیزبانە لە سەدەی نۆزدە، بەدژی سەرمایەداری و سۆشیالیزم و جوولەکان بوون. لە ١٩٤٥ بەدواوە، لە شێوازی پێشووی خۆیان وەك حیزبێکی سەرەکی لایاندا و بوون بە کۆنەپارێز و لە وڵاتانی فەرەنسا و نەمسا و ئیتاڵیا و بەلیکا و ئەڵمانیا دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت.

دیواری بەرلین دیوار برلین Berlin Wall

ئەم دیوارە کە هێمایەکە بۆ شەڕی سارد*، بەو دیوارە ئەگوترێ کە لە ئێوارەی ١٣ی ئاگۆستی ١٩٦١ بە فرمانی رووسەکان لە لایەن هێزەکانی ئاسایشی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتەوە بینا کرا. ئەم دیوارە کە بە درێژایی

٤٦ ك. م بوو، سەرەتا بە سیمی خاڵدار و پاشان بە بتۆن شاری بەرلینی بە دوو بەشی رۆژاوایی و رۆژهەلاتی دابەش کرد و لە رێی خاکەوە، پێوەندی خەڵکی بەرلینی رۆژهەلات و رۆژاوای لێك پچڕاند. هەر لە سەرەتاوە ئەمریکا و بەریتانیا بە بیناکردنی ئەم دیوارە ناڕازی بوون و ئەمەش بووە هۆی پیادەکردنی لەشکرێکی دەبابەی هێزەکانی ئەمریکا لە کەرتی رۆژاوای دیوارەکە.

بە پێی رێککەوتنی یالتا کە لە نێوان هاوپەیمانانی شەڕی دووهەمی جیهانی مۆرکرا، بەرلین لە نێوان هەر چوار وڵاتی داگیرکار دابەشکرا. بەلام پاشان هەر سێ وڵاتی رۆژاوایی (ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا) ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی خۆیان لە بەرلینی رۆژاوایی بەیەکەوە لکاند و بە هاوکاری یەکتر لە ناوجەرگەی ئەڵمانیای رۆژهەلات، بەرلینی رۆژاوایان کردە نموونەیەکی پێشکەوتن و گەشەکردنی ئابووری رۆژاوا.

بەدوای گۆڕانکاری و شەپۆلەکانی وەرچەرخان لە ئەورووپای رۆژهەلات و هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەت، مەسەلەی یەکگرتنەوەی دووبارەی هەردوو بەشەکەی ئەڵمانیا هاتەوە ئارا و سەرەنجام ئەم دیوارە لە ٤ی ئۆکتۆبەری ٨٩ لەدوای ٢٨ساڵ لە لایەن خەڵکی دوو وڵاتەکە رووخێندرا و بە شێوەیەکی رەسمیش، لە رێکەوتی ٨٩/١١/١٨ سنووری نێوان ئەم دوو وڵاتە سەرلەنوێ ئاوەڵا کرایەوە.

ر

راپرسی/ریفراندۆم همه پرسی/ رفراندوم Refrandum

پرسینی ڕا و بۆچوونی ڕاستەوخۆ لە ئەندامانی ڕێکخراوە یان کۆمەڵگایەک بۆ ڕەتکردنەوە یان قبوولکردنی سیاسەتێک لە سەر پێشنیاری نوێنەران یا ڕێبەران. ئامانجی ڕاپرسی ئەوەیە کە قانوونێک بە زیانی زۆرینەی خەڵک دەرنەچێ. لە سیستەمی نوێنەرایەتی و پەرلەمانی نوێدا تەنیا بۆ دەستووری بنچینەیی یان بۆ گۆڕینی ڕژێمی سیاسی، ڕاپرسی دێتە ئاراوە بەڵام لە هەندێ وڵاتی بچووکدا بۆ هەموو شتێک ڕاپرسی دەکەن.

ڕاپرسی بە چەن شێوە بەڕێوە دەچێ:

١- ڕاپرسی بۆ دەستووری بنچینەیی: وەرگرتنی ڕای شارۆمەندان لە بابەت پەسندکردنی دەستوور یان پیاچوونە پێیدا. ئەم ڕاپرسییە بە ریفراندۆمی زۆرەملیش ناوبردە کراوە. بۆ وێنە ڕاپرسی لە فەڕەنسە بۆ سەربەخۆیی ئەلجەزایر (١٩٦١).

٢- ڕاپرسی بۆ ئەنجومەنی یاسادانان: کاتێک ئەنجومەن بیهەوێت قانونێک پەسند بکات، ئەبێ زۆرینەی خەڵک لە دۆخی بدەن ئینجا شتەکە ئەبڕێتەوە. ئەم جۆرە ڕاپرسییە بە ریفراندۆمی ئارەزوومەندانە ناوبراوە.

٣- ڕاپرسی بۆ سەرۆک کۆماری: لە کاتی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار یان سەرۆک وەزیران بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەڕێوە دەچێ.

دەکرێ ڕاپرسی بە خواستی هەموانیش بێتە ئاراوە. بەم شێوە کە ئەگەر پەرلەمان حەز نەکات بابەتێکی تایبەت بخرێتە ریفراندۆمەوە، ئەوا هەندێ لە خەڵکانی ئاسایی کە ماف دەنگدانیان هەبێ دەتوانن بە کۆکردنەوەی ئیمزا داوا بکەن ئەو بابەتە بخرێتە ڕاپرسییەوە. ڕادەی پێویست بۆ ئەم داواکارییە، بە پێی یاسای وڵاتەکان لە ٥ تا ١٥ لە سەدی دەنگدەرانی دوایین هەڵبژاردن ئەبێت. بە زۆری لە دەستووری وڵاتەکاندا چۆنیەتی و هەلومەرجی بەڕێوەچونی ڕاپرسی ئاماژەی پێ ئەکرێ.

ڕادەستی تاوانباران استرداد مجرمان/ بازداد Extradition

بە واتای دوبارە دانەوەی تاوانبار یان گومانلێکراو لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر. لەم بارەوە هیچ یاسایەکی نێودەوڵەتی لە ئارادا نییە بەڵام دەوڵەتەکان لەناو خۆیاندا قەرار و بەڵێن ئەدەن کە تاوانباران یان گومانلێکراوان(جگە لە تاوانباری سیاسی) ڕادەستی یەکتر بکەنەوە. تاوانباری سیاسی (بڕوانە تاوانی سیاسی)، بە پێی یاسا نێونەتەوەییەکان بە «پەنابەر» ناونوسدەکرێ و ئەبێ لە ماف پەنابەران بەشدار و بەهرەوەر بێت.

رادیکاڵ/ چەپڕەو رادیکـال/ بنیادسـتیز Radical

قوتابخانـه، حیـزب یـان کەسـێك کـه بـاوەڕی بـه گۆڕانکـاری خێـرا و بنـەڕەتی لـه بونیـاده سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە و دەخوازێت بنەڕەتەکان لە ڕیشـەوە بگۆڕێ، بە تایبـەت ئەگـەر ئـەم گۆڕانکارییانـە ببێتە هۆی هێورکردنەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی یان سڕینەوەی گەندەڵییەکان.

رادیکاڵیزم رادیکالیسم/ بنیادگرایی Radicalism

ئـەم زاراوە دەلالـەت ئـەکا بـە سـەر ئەندێشـە و کردارێکـی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی کـە دەخـوازێ بـە پەلـەو بێڕاوەستان، گۆڕانکارییـەکی قـووڵ بەسـەر دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکانـدا بێنێـت. رادیکـالیزم (و ئاوەڵنـاوی رادیکـال) زیـاتر بـۆ وەسـفی ئەندێشـە و کـردەی سیاسـی چـەپی توندڕەو- مارکسـی یـا نامارکسـی ـ بـه کـار هـاتووە. زاراوەی رادیکـالیزم، یەکـەم جـار لـە بەریتانیا دەرحـەق بـە نـەیاران، لـە «پلانـی ریفـۆرم» ۱۸۳۲ هاتـە ئاراوە وپاشان ج. بینتام و هاوڕێکانییان بە رادیکالی فلسـەفی ناوبرد بـەڵام بـەم واتایـەی کـە ئیمـڕۆ بـە زاردا دێت، ئەگەڕێتەوە بۆ سێندیکا خوازی فەرەنسە. لە ساڵی ۱۹۲۰ بەملاوە رادیکالیزم ئێجگار لە گەڵ مارکسیزم ئاوێتە بووە. جووڵانەوەی چەپی توندڕەو زیـا لـه هـەموو شـتێ کەوتـە ژێـر کاریگـەری ستالینیزمەوە. هەنـدێك رادیکالیزمیـان لـە بەرامبـەر لیبرالیزمـی نـوێی ئەمـەریکا، بـە چەشـنی فرانکلین رۆزوێڵـت نـاوبردە کـردووە. لـە سەردەمی چالاك بوونی«بـەرەی خـەڵکی» لـە ۱۹۳۰ دژایـەتی هاوبـەش لـە گـەڵ فاشـیزمی ئـەورووپی بـووە هـۆی یەکگرتوویی رادیکاله مارکسی و لیبراڵەکان. مۆرکردنی پەیمان لە نێوان سۆڤیەت و ئەڵمانیای نازییـەت، بـووە هـۆی خـاو بوونـەوەی ئـەم یەکییەتیـە بـەڵام بـە هاتنـە نـاو جەرگـەی شـەڕی یەکیـەتی سـۆڤیەت، دووبـارە گـوڕج بۆوە.

راسپاردەی باڵای پەنابەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان

کمیساریای عالی پناهندگان سازمان ملل متحد

United Nations High Commissioner for Refugees

ئەم راسپاردە لە ژانوییەی ۱۹۵۱ دوو ئەرکی سەرەکی پێ سپێردراوە: یەکەم، ئاسـانکاری بـۆ پشـتیوانی و پاراستنی نێونەتەوەیی پەنابەران. دووهـەم، دابینکردنـی پێداویسـتی و کەرەسـتەی ئابووری و کۆمەڵایـەتی و قانوونی بۆ سەقامگیربوونی پەنابەران لەو وڵاتانەی کە تێیدا دەژین و وڵاتانی نوێ. بارەگای ئەم راسـپاردە لـە شـاری جنێڤا لـە سویسـرایە و هـەموو کاروبـاری پەنابـەران، بێجگـە لـەو ئـاوارە و پەنابەرانـەی کـە وڵاتێکـیتر بەرپرسیاریەتی بەرعۆدە گرتووە بۆ وێنە ئاوارەکانی فەلەستینی لـە ئەسـتۆ دەگـرێ. بوودجـەی ئـەم رێکخـراوە لە لایەن دەوڵەتانەوە دابین ئەکرێت. ساڵی ١٩٥٤ خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی بەم رێکخراوە بەخشرا.

راست راست The Right

زاراوەی راست بریتییە لـە کۆمـەڵێ تیـۆری سیاسـی کـە لـە بەرامبـەر «چـەپ»دا دێتـە ئـاراوە. بـە درێـژایی سـەدەی نـۆزدە، ئـەم زاراوە لـە گـەڵ دەسـەڵات و نیشـتمان پـەروەری، نـەریتی کـۆن، حوکمـەتی بـەهێز،

موڵکدارێتی، کڵێسە و هێزی سەربازی هاوواتا بووە. دوای شەڕی جیهانی یەکەم راستێکی بونیادگەرای نوێ سەری هەڵدا کە لە گەڵ راستی کۆنەپارێزی کۆنباو جیاوازی هەبوو. ئەم جۆرە راستە لە گەڵ بەرژەوەندی چینەکانی باڵای کۆمەڵگا دوژمنایەتی کرد. نازیسم لە ئەڵمانیا توندڕەوترین شێوازی «راست»ڕەو بوو. لە دوای شەڕی جیهانی دووهەم، هەر دوو زاراوەی راست و چەپ بە شێوازی جوراوجۆر بەکاربرا. (بڕوانە چەپ و راست).

راستی نوێ — راست نو — New Right

دیاردەی راستی نوێ پێکهاتووە لە بنەڕەگ و ریشەکانی نیئۆلیبرالیزم و کۆنەپارێزیی نوێ. لە ١٩٨٠ بەملاوە زۆربەی دەوڵەتانی رۆژاوایی بۆ هەڵوێست نیشاندان لە بەرامبەر قەیرانی ئابووری حەفتاکان، بە دەستکێشانەوە لە سیاسەتەکانی کێنزی، بەرەو بەرەی «راست» هەنگاویان نا. راستی نوێ رادیکالیزمێکە سەر بە باڵی لیبرالیزم و هێرشێکە کە هێزە بنچینەییەکانی خۆی لەم دوو رێبازە وەردەگرێ. ئەم زاراوە بە تایبەتی دەربارەی سیاسەتەکانی حیزبی کۆنەپارێزی بەریتانیا لە سەردەمی تاچێر و حیزبی کۆماریخوازی ئەمریکا لە سەردەمی ریگان دا بەکار براوە و بە گشتی لە بواری ئابووری و سیاسی، لیبراڵ لە ئەژمار دێت. واتە لە سەر ئازادی ئابووری و کەمکردنەوەی باج و بازاڕی ئازاد و دەوڵەتی سنووردار جەخت ئەکات بەڵام لە باری ئەخلاقی و کەلتووری و کۆمەڵایەتییەوە کۆنەپارێزە. راستی نوێ، حوکمەت لە باری ئابوورییەوە لاواز دەکات بەڵام لە بواری سیاسی واتە دابینکردنی ئاسایش، بەهێز دەبێت.

رامیاریی: بڕوانە سیاسەت

رایش — رایش — Reich

ئەم زاراوە بۆ ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا بەکار براوە کە لە لایەن دۆن برووک، لە کتێبی رایشی سێهەم (١٩٢٤) رەواجی پەیدا کردووە. نازییەکان پێیان وابووە کە لە ئەڵمانیا ٣ *رایشی* هەبووە: رایشی یەکەم، یا ئیمپراتۆری پیرۆزی رۆما (رۆژاوایی) کە لە سەدەی نۆیەمی زایینی لە ئەورووپای ناوین دروست بوو کە زۆربەیان لە وڵاتانی ئەڵمانی زمان پێکهاتووە و بنەماڵەی هاپسبوورگ بە سەریا حوکمەتیان کردووە. رایشی یەکەم لە ساڵی ١٨٠٦ رووخاوە.

رایشی دووهەم، ئیمپراتۆری ئەڵمانیا بووە کە لە ١٨٧١ تا ١٩١٩ لە لایەن بیسمارک دامەزراوە. ئینجا تا سەرەتای رایشی سێهەم، واتە کۆماری وایمار (١٩١٩ ـ ١٩٣٣) حوکمەتی کۆماری و دیموکراسی لە ئەڵمانیا پیادە کرا. رایشی سێهەم کە لە لایەن ئادۆڵف هیتلەر بنیات نرا لە ١٩٣٣ تا ١٩٤٥ درێژەی بوو. هیتلەر دەیویست رایشی سێهەم تەمەنی ١٠٠٠ ساڵە بێت.

ڕای گشتی افکار عمومی Public Opinion

پەرچەکرداری زۆربەی خەڵك لە بەرامبەر ئەو بابەت و ڕووداوانەی کە لە کۆمەڵگادا زۆر گرینگن یان لانیکەم زۆرینەی خەڵك بە گرینگی دەزانن. ڕای گشتی، بیروبۆچوون و هەڵسەنگاندنی هاوبەشی گرووپێکی کۆمەڵایەتییە لەمەڕ بابەتێکی جێگای سەرنجی گشتی کە لە کاتێکی دیاریکراو لە نێوان زۆرینەی جەماوەردا بەرجەستە بووبێت. ڕای گشتی، دەنگدانەوەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی مرۆڤە کە دەتوانێ لە پرۆسەی گۆڕانی بارودۆخەکان کاریگەریی دابنێت. پێشینەی ئاگاداربوون لە ڕای گشتی دەگەڕێتەوە بۆ چالاکییەکانی جۆرج گالۆپ لە ساڵانی ١٩٣٠ لە ئەمریکا. لەم وڵاتەدا زیاد لە هەموو وڵاتێکی دیکەی جیهان، هەوڵ دەدرێت لە ڕای گشتی ئاگادار بن.

ئێستا ڕای گشتی لە زۆربەی وڵاتان بەهای پێ ئەدرێت و بۆتە کانگایەکی ڕاستەقینەی دەسەڵات و ڕێژەی گرینگی پێدان بەم بابەتە پەیوەستە بە ئاستی گەشەسەندن و پەروەردەی سیاسی کۆمەڵگا.

ئەو دامودەزگایانەی کە لەسەر ڕای گشتی دەور دەبینن بریتین لە: کتێب، ڕۆژنامە، ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و ئامێری نوێی ئەنتەرنێت. بەم بۆنەوە دەوڵەتەکان هەوڵ ئەدەن بە کەڵك وەرگرتن لەم ئامێرانە و بەرنامەی سەتەلایت (مانگی دەسکرد) و تەلەفیزیۆن، سەرنجی ڕای گشتی بەرەو لای خۆیان ڕاکێشن. لە زۆربەی وڵاتان لە گەرمەی هەڵبژاردنەکاندا هەندێ دامودەزگای ڕا وەرگرتن هەیە کە زۆرجار بە دروستکەری ڕای گشتی لە قەڵەم دەدرێن. بۆ وێنە لەو کاتانەدا ڕادەگەیەنن کە فلانە پاڵێوراو ٧٠٪ دەنگەکانی جەماوەر بەدەست دەهێنێ کە ئەمە ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر ڕای گشتی و پێگەی ئەو پاڵێوراوە لەناو خەڵکدا بەهێز دەکات.

ئەم زاراوە لە زۆربەی وڵاتان بەکار دێت و مانای بیر و ڕا و بۆچوونی خەڵکە دەربارەی بابەتێکی تایبەت. هەڵبەت بۆچوونی زۆربەی خەڵك دەربارەی بابەتەکان هەمیشە هەقیقی و بێغەش دەرناچێ چوونکە لە ڕاوەرگرتنەکاندا بیروڕای هەموو خەڵك چ خەڵکانی ڕووناکبیر و خوێندەوار و چ خەڵکانی ساکار و نەخوێندەوار بە یەك چاو سەیر دەکرێن. لە لایەکی ترەوە چوونکە زۆربەی خەڵك زانیاری تێر و تەسەلیان لەمەڕ بابەتە جۆراوجۆرەکان نییە و لە ژێر کاریگەریی هەست و سۆزدا بڕیار دەدەن، هەر بۆیە زۆرجار دەرەنجامەکانی ڕای گشتی بە ڕاست دەرناچێ.

ڕژێم رژیم Regime

لە وشەی لاتینی reginien وەرگیراوە بە واتای ڕێسایەکە دەربارەی شێوازی ژیان. لە زاراوەی سیاسیدا ڕژێم بە مانای شێوازی حوکمەتکردن و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی وڵاتێك بە کار هاتووە. بۆ نموونە ڕژێمی پاشایەتی، ڕژێمی کۆماریی و ڕژێمی سەربازیی. بەڵام ئەغلەب ئەم زاراوە لە پاڵ حوکمەتێکی میلیتاریدا بە کار براوە.

ڕژێمی سیاسی رژیم سیاسی Political Regime

ڕژێمی سیاسی بەم دوو تایبەتمەندییەی خوارەوە پێناسە دەکرێت:

١) کۆمەڵێ میتۆد و شێوازی حوکمەت کردن کە بەو پێیە چەندوچۆنی ماف و ئازادییە دیموکراتیەکان و پێوەندی ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت لە سەر بنەمای یاسا دیاری ئەکرێت.

٢) چۆنیەتی ڕێکخستن و سازدانی پێوەندی نێوان فەرمانڕەوا و خەڵکانی ژێر دەسەڵات.

دەستووری بنچینەی هەر وڵاتێك، ڕژێمە سیاسییەکەشی دیاری ئەکات.

ڕژێمە سیاسییەکان بە پێی پێودانگی جیاواز لە یەکتر جیا دەکرێنەوە:

- ئەگەر سەرچاوەی دەسەڵاتی دەوڵەت، پادشا بێت، ئەو ڕژێمە بە پاشایەتی لە قەڵەم دەدرێت کە دەسەڵات بۆ تاکێك بە جێ دەمێنێت.

- ئەگەر سەرچاوەی دەسەڵات، جەماوەر یان زۆرینەی خەڵك بێت، ئەو ڕژێمە بە کۆماریی ناونووس دەکرێت کە لەم شێوازە حوکومەتییەدا ناوەندەکانی باڵای دەسەڵاتی دەوڵەت بە شێوەی هەڵبژاردن. بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ئەسپێردرێتە دەست کەسانێك.

- بە لەبەر چاوگرتنی کۆجێیی دەسەڵات، وەك ڕژێمی دیکتاتۆری و ڕژێمی تاك حیزبی.

- لە سەر بنەمای پێکهاتەی دەوڵەت، وەك فیدرالیزم و کۆنفیدراسیۆن.

ڕۆژهەڵات ناسی شرق‌شناسی Orientalism

ڕێبازێکی ڕۆژاوایی‌یە بە مەبەستی توێژینەوە و کوڵینەوە لە بارودۆخ و داب ونەریت و زمان و خووخدەی خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی زەوی. ڕۆژهەڵات ناسی، ئەگەڕێتەوە بۆ حەز و خولیای خەڵکانی گەڕۆك و مامەڵەگەری ڕۆژاوایی و بەرهەمی ئامانجی سیاسی و داگیرکارانەی دەوڵەتانی بەریتانیا و سۆڤیەت و فرەنسا و ئەمسا و ئەڵمانیا بووە و زیاتر لە لایەن ڕاسپاردەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەم وڵاتانە پەرەی ستاندووە.

ڕۆژهەڵات ناسی، دوو ڕەهەندی بووە: یەکەم، ئەو قازانج و بەهرە بووە کە وڵاتانی داگیرکەر لە ڕێگای خوێندنەوە و سەردەرهێنان لە بارودۆخی ناوچەکە وەدەستیان کەوتووە(بۆ وێنە بازرگانی کردن). دووهەم، لە بواری پێشکەوتنی زانستی بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی حاڵەتێکی ئیجابی بووە، ئەویش خزمەتێکە کە ئەم ڕێبازە بە ناسینی پێشینەی کەلتووری و مێژوویی گەلانی ڕۆژهەڵات کردوویەتی. زاراوەی ڕۆژهەڵات ناسی بۆ گەلانی ڕۆژهەڵات، وەبیرهێنەرەوەی رابردوویەکی تاڵ و ئەو زیانە سیاسیانەیە کە بەناوی ناسینی گەلانی ڕۆژهەڵات لە لایەن ڕۆژاواییەکانەوە پێیان گەیشتووە. ئیدوارد سەعید دۆگماکانی ڕۆژهەڵات ناسی بەسەر چوار تەوەر دابەش دەکات:

١- دوگمای جیاکارییەکی نامێژوویی و جەوهەریی لە نێوان ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتدا، بەوەی گوایە ڕۆژئاوا سەرزەمینی عەقڵانیەتێکی قووڵ و مەزنە و ڕۆژهەڵاتیش سەرزەمینی کاڵفامی و گێلیەتیەکی گەورە.

٢- دۆگمای ئەوەی هەر شتێك کە لە ئیسلامدا ڕوو بدات، دەبێت لە ڕێگای ئایینی ئیسلامەوە لێکبدرێتەوە و بناسرێت و ڕاڤە بکرێت. لەم دیدەدا ئەم ئایینە جەوهەرێکی نەگۆڕی هەیە و بەرپرسیارە لە سەرجەم ئەو ڕووداوانەی لەم دنیایەدا ڕوودەدەن، نەك کۆمەڵێك هۆکاری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی.

۳ـ دۆگمای نیشاندانی بەردەوامی رۆژهەلات وەك گشتێکی هاوشێوە و لێکچوو کە توانای بەرهەمهێنانی هێزی جیاواز و شوناسی جیاواز و کولتووری جیاوازی نییە و ناتوانێت گۆڕانکاریی بە دوا خۆیدا بێنێت. مادامەکی رۆژهەلات رۆژهەلاتە، کەواتە دەبێت بۆ نموونە سلێمانی هیچ جیاوازییەکی لە گەڵ کابول و کابولیش هیچ جیاوازییەکی لە گەڵ بێروت و ئەویش هیچ جیاوازییەکی لە گەڵ تاران دا نەبێت. لەم دیدەوە رۆژهەلات بەمانای وێکچوونێکی سەرتاسەری گەورەیە.

٤ـ دۆگمای نیشاندانی رۆژهەلات وەك سەرزەمینی مەترسی و هەڕەشە و تۆقاندن. شوێنێك بۆ ئەوەی ڕام بکرێت، دەبێ لێکۆڵینەوەی بەردەوامی لەسەر بکرێت و بناسرێت و کۆنترۆڵ بکرێت و مادامێکی هەڕەشەکانی هەر بەردەوام بوو، ئینجا داگیر بکرێت.

رۆژهەلاتی ناوین خاورمیانه The middle east

ئەم زاراوە هەر لە سەرەتاوە مژاوی بووە و تا ئێستا بە ناوچەیەکی جوگرافیایی دیاریکراو کە هەمووان لە سەری کۆك بن پێناسە نەکراوە. پێناسەی جۆراوجۆر لە بارەی ئەم ناوچەوە هەیە کە بە چەن بۆچوونێك ئاماژە ئەکەین:

۱ـ رۆژهەلاتی ناوین، بریتییەلە: وڵاتانی ئێران، تورکیا، قوبرس، وڵاتانی عەرەبی رۆژهەلاتی دەریای ناوەڕاست، فەلەستین، نیمچە دوورگەی عەرەبستان، ناوچەی دیجلە و فورات، دەراوی نیل (میسر و سوودان) و لیبی. (ساڵنامەی رۆژهەلاتی ناوین و باکووری ئەفریقا ۱۹۸۷).

۲ـ ناوچەیەك لە نێوان عەرەبستان و هێندستان کە ناوەندەکەی لە روانگەی ستراتجیستەکانەوە، کەنداوی فارس لە ئەژمار دێت. (بێرنارد لوویس، رۆژهەلاتی ناوین و رۆژاوا).

۳ـ رۆژهەلاتی ناوین واتایەکی دانراو و دڵخوازانەیە کە مەبەست لە سێ وڵاتی گەورەی ئێران و میسر و تورکیا و وڵاتانی عەرەبی ئاسیا و ئیسراییل و قوبرسە. (ژان پییر درینیك، رۆژهەلاتی ناوین لە سەدەی بیستەم).

بە گشتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەم روانگە و پێناسانە، ئەکرێ بڵێین رۆژهەلاتی ناوین ناوچەیەکە کە ئەم وڵاتانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێ:

ئێران، ئەردەن، میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبی، بەحرەین، تورکیا، سووریا، عێراق، عەرەبستانی سەعوودی، عەممان، فەلەستین، قەتەر، کوەیت، لوبنان، میسر و یەمەن. لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکیەتی کۆمارییەکانی سۆڤیەت، بە ڕای هەندێ زانا، وڵاتانی موسوڵمانی ئاسیای ناوەندی (ئوزبەکستان، تورکمانستان، قرغیزستان و قازاغستان) و ناوچەی قەفقاز (ئازەربایجان، ئەرمەنستان و گورجستان) دەکەونە بەستێنی «رۆژهەلاتی ناوەڕاستی نوێ»وە.

رۆشنبیران روشنفکران Intellectuals

ئەم زاراوە لە وشەی intellect بە مانای هێزی عەقڵی لە زمانی فەرەنسەوە وەرگیراوە بەڵام یەکەم جار لە

ساڵی ١٨٦٠ لە سۆڤیەت لە وتارێکی پیساروٚف، بۆ نابردەکردنی لاوانێکی ئەکادیمی بەکارهات کە «خاوەنی ئەندێشەیەکی رەخنەگرانە» بن.

بە واتایەکی تری تۆرگنیۆف، «نیهیلیست» بن، واتە ئەو کەسانەی کە بە ناوی عەقڵ و پێشکەوتنەوە هەموو ترادسیۆنێك بخەنە ژێر پرسیارەوە. لە فەرەنسەشدا ئەم وشەیان بە سووکایەتی و تەوسەوە دەرحەق بە دریفووسیەکان بە کار دەهێنا.

لە ئەندێشەی کەسانێکی وەك دۆتۆکویل و مارکسدا چەمکی«رۆشنبیر» لە گەڵ چەمکی «چەپ» بە یەك واتا بە کار براون. مارکس لە مانیفیستی کۆمۆنیستدا رۆشنبیران بەو بەشە لە بۆرژوازی* دەزانێ کە لە گەڵ چینی کرێکار یەك ئەگرنەوە تاکوو ئەندێشەکانی خۆیان بە پێی رەوتی مێژوو پراکتیزە بکەن. رۆشنبیریی لە ترایسیۆنی رووسیدا پێوەندی راستەوخۆی لە گەڵ «چەپ»دا بەردەوام هێشتەوە و دواتر لێنین، لە رێبەرایەتی حیزب و چینی کرێکاردا جێگەیەکی باڵای بە ئەوان بەخشی. بەڵام ئەگەر رۆشنبیران بە مانای نوخبە*ی کەلتووری لێك بدەینەوە، ئەندێشە و کردارەکانیان بە تەواوەتی لە گەڵ چەپدا ئاوێتە نییە و زۆربەی ئەم گرووپە لە باڵی راستدا جێگیر دەبن.

بەم حاڵەش زۆرێك لە رۆشنبیران حەزیان لە سیاسەت نەکردووە بەڵام چونکا لە ئاخێزگەیەکی مامناوەندییەوە پێگەیشتوون، بە زۆری ناتۆرەی «رۆشنبیرانی وردە بورژوا» یان پێوە لکاندون.

هەرچۆنێك بێت، رێبازی رۆشنبیریی(intellectualism) بەرهەمی شارستانییەتێکە کە لە سەر بایەخەکانی عەقڵ و مرۆڤپەروەری(هیومانیزم)و پێشکەوتن لەنگەر ئەگرێت. کەواتە رۆشنبیران پاسەوانانی نەریتی ئەندێشەی ئافراندن و رەخنەگرتنن لە ئاست نۆرمەکانی کۆمەڵگادا. لە واقیعدا رۆشنبیر پتر کەسێکە کە خۆی بەم ناوبانگە دەناسێنێ و لە باسی رۆشنبیرانە لە گەڵ رۆشنبیرانی‌تر بەشداری ئەکا و بەم بۆنەوە لە کۆمەڵگادا پێگەیەك بۆ خۆی دەستەبەر ئەکات.

ئیمرۆکە رۆشنبیران بوونەتە چینێکی بەرچاو لە کۆمەڵگادا. چۆنیەتی کاریگەریی ئەم چینە بە سەر «کارکردی مێژوویی» ئەوان (هەرچۆنێك پێناسە بکرێن) ئێستاش هەر گرێیەکی نەکراوەیە.

رەش‌بینی سیاسی — بدگمانی سیاسی — Political Paranoia

نەخۆشیەکی دەروونی و عەقڵیە کە هەر کەسێك تووشی بێت، هەست بە ستەم و چەوساندنەوە دەکات و پێی وایە خەڵکانی تر بۆ لەناوبردنی ئەو نەخشە و پیلان ئەکێشن. ئەم نەخۆشیە حاڵەتێکی کۆمەڵایەتیش لەخۆ دەگرێ کە بەو پێیە گومان دەکرێت کاروبار و رووداوە گرنگە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بە دەستی نادیار و پیلانی سیاسەتی بیانی بەرێوە ئەچێت. هەندێ جار ئەم زاراوە لە گەڵ تیۆری یا *وەهمی پیلان* بە یەك مانا لێکدراوەتەوە.

رەگەز پەرستی — نژاد پرستی — Racism

رەگەزپەرستی(راسیزم)، بە زمانی فەرەنسی لە وشەی (race) بە مانای رەگەز وەرگیراوە.

رەگەزپەرستی تیۆرییەکی نازانستی و کۆنەپەرستانەیە کە لە نێوان رەگەزە جۆراوجۆرەکان لە باری توانست و توانایی عەقڵی، فەرق دائەنێت. ئەم تیۆرییە پێی وایە کە لە نێوان رەگەزە جۆربەجۆرەکان لە باری جینێتیکی و رەگەزییەوە فەرق و جیاوازی هەیە و ئەم جیاوازییەش دەبێتە هۆی سازبوونی گرفت و کێشەی کەلتووری و مێژوویی کۆمەڵگا و نایەکسانی شارستانییەتەکان. ئەم بیرۆکە وەك ئایدیۆلۆجییەکی سیاسی ــ کۆمەڵایەتی لە سەدەی نۆزدە و بیست سەری هەڵدا و کاردانەوەیەکی زۆری لە نێوان وڵاتانی جیهاندا بەجێ هێشتووە.

بۆ تێگەیشتن لە چەمکی رەگەزپەرستی، پێویست ئەکات ئەم چەمکە لە پانتایەکی ئابووری، ئایدیۆلۆجیکی، مێژوویی وجوگرافیدا لێك بدرێتەوە. چونکا رەگەزپەرستی لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا بە شێوازی جۆراوجۆر خۆی دەرخستووە و بە پێی هەلومەرجێکی زاڵ هاتۆتە ئاراوە.

سەدەی ١٦ لە بەریتانیا، هاوکات لە گەڵ دەستپێکردنی بازرگانی بە کۆیلە، چەمکی رەگەز مانایەکی ئابووری بە خۆوە گرت. لە لایەکی‌ترەوە ئەم چەمکە زیاتر بە مانای چین یا توێژێکی تایبەتی مرۆڤ یا شتەکان لێکدراوەتەوە و بە هیچ جۆرێك لە باری تایبەتمەندی بایۆلۆجییەوە بەرجەستە نەکراوەتەوە.

بە درێژایی سەدەی ١٧ ئەم چەمکە رەهەندێکی مێژوویی لە خۆ گرتووە و هەندێ لە ئینگلیزییەکان کە لە بنەچەی رەگەزی جێرمەن ناوبردە کراون، ئەم بیرۆکەیان رەواج پێداوە کە دەستدرێژی نۆرماندەکان لە سەدەی ١١ بۆ سەر ئەوان، بۆتە هۆی زاڵبوونی رەگەزێکی بێگانە بە سەر ساکسۆنەکاندا.

لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە، لە ئەورووپا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرەنجام زاراوەی رەگەز دەلالەتێکی فیزیکی لە خۆ دەگرێ و بەمجۆرە رەش‌پێستەکان بە رەگەزی سووك و نانەجیب سەیریان ئەکرێت. لە کۆتایی سەدەی نۆزدە، ئایدیۆلۆجی «سووك و نانەجیب» بە سەر خەڵکی خۆماڵی داگیرکراوەکانی بەریتانیا سەپێندرا و رەگەزی بەریتانیاییش وەك رەگەزی باڵادەست پێناسە کرا. ئینجا وردەوردە بە داکشانی ئەم فیکرە، رەگەزپەرستی لە بەریتانیا رواڵەتێکی دژ بە جوولەکەی پەیاکرد. لە ساڵی ١٩٠٥ دەوڵەتی ئەم وڵاتە بە دانانی یاسای چۆنییەتی وەرگرتنی پەنابەران تەگەرەی خستە بەردەم پەنابەرە جوولەکەکان. رەگەزپەرستی لە ساڵانی ١٩٣٣ تا ١٩٤٥ لە حیزبی نازی ئەڵمانیا بۆتە بنەمای سەرەکی و ئایدیۆلۆجیای رەسمی ئەو وڵاتە و هیتلەر، بەو پێیە سیاسەتی لەناوبردنی جوولەکەی گرتەبەر. (بڕوانە جوولەکە قڕان).

لەم چاخەدا و بە گشتی لەدوای شەڕی جیهانی دووهەم، بە هۆی پەرەسەندنی کۆچی خەڵکانی ئاسیایی و رەش پێست بەرەو وڵاتانی رۆژاوایی، باس و لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسانەی زۆر هاتۆتە ئاراوە بە هۆی دابەزینی رێژەی ئیش و کاری کرێکاران و لەباو کەوتنی بیرۆکەی *فرەدەنگی کەلتووری* و پێویستی ناردنەوەی ئەم پەنابەرانە بۆ وڵاتەکانی خۆیان، جارێکی‌تر مەسەلەی *جیاوازی رەگەزایەتی** و وەدەرنانی ئەم کۆچبەرانە هاتۆتەوە ئاراوە.

ڕەگەزنامە/ڕاژێری/نەتەوایەتی تابعیت/ ملیت Nationality

بریتیە لەو پێوەندییە سیاسی و مەعنەوییەی کە کەسێك بە دەوڵەتێکی تایبەتەوە گرێ ئەدات. لە ڕاستیدا پێوەندی تاك و دەوڵەت، پێوەندییەکی سیاسییە. ئەو کەسەی کە سەر بە نەتەوەی وڵاتێکی دیاریکراوە پێی ئەگوترێ هاووڵاتی. ئەو کەسەش کە سەر بە هیچ نەتەوەیەك نەبێت پێی ئەگوترێ ئاپاترید*.

لە بابەت ڕەگەزنامەوە، یاسای وڵاتەکان ٣ مەسەلەیان لە بەر چاو گرتووە:

١- هەرکەس ئەبێ ڕەگەزنامەیەکی هەبێت (واتە هاووڵاتی وڵاتێك بێت).

٢- هیچ کەس نابێ زیاتر لە یەك ڕەگەزنامەی هەبێت.

٣- ڕەگەزنامە، شتێکی هەمیشەیی و نەمر و نەگۆڕ نییە.

بەخشینی ڕەگەزنامە لە لایەن دەوڵەتەکانەوە بە دوو شێوە بە ئەنجام دەگات:

١- سیستەمی خوێن. بەم پێیە ڕەگەزنامە بە هۆی دایك و باوك و خزمایەتیەوە دەدرێتە پاڵ منداڵ واتە هەر کە منداڵ هاتە دنیاوە، ڕەگەزنامەی دایك و بابی پێ ئەدرێت.

٢- سیستەمی خاك. واتە منداڵ لە خاکی هەر وڵاتێك لە دایك ببێ، ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەی پێ ئەدرێت.

ڕیالیزمی سۆشیالیستی رئالیسم سوسیالیستی Socislist realism

ستاتیکای(جوانی ناسی) یەکیەتی کۆمارییەکانی سۆڤییەت کە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢٠ تا ١٩٥٦ ڕەواجی پێدرا. ناوی سیاسەت و تیۆری ڕەسمی حوکمەتی سۆڤییەتە لەمەڕ داهێنانی هونەری. ئەم ڕێبازە لە لایەن ماکسیم گورکی و سیاسەتمەدارانێکی وەك بوخارین و ژادنۆف لە ساڵی ١٩٣٤ لە کۆنگرەی نووسەرانی سۆڤییەت هاتە ئاراوە بەڵام هیچ کاتێك پێناسەیەکی ڕێکوپێکی لێنەکراوە. مەبەست لە داهێنانی ئەم سیاسەتە ڕاکێشکردنی شێوازی ڕیالیستی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە بوو بۆ هونەر و ئەدەب و شانۆ بەرەو لایەنێکی پۆزەتیڤ.

ڕیالیزمی سۆشیالیستی، شەرعییەتی خۆی لە بیرۆکەکەی لێنین لەمەڕ partinost(لایەنگری) و ئەدەب، لەگوێن ڕەنگدانەوەی واقیع لای مارکس و ئینگڵس وەردەگرێ. ئەم دوو بیرمەندە وێڕای ئەوەی بۆ ئەدەب ڕۆڵێکی ئایدیۆلۆجیك قاییل دەبن، لە سەر پێوەندی نێوان ئەدەب و ئابوور جەخت دەکەن. ئەم ڕێبازە لە سەردەمی ستالین (بڕوانە ستالین خوازی) بە شێوەیەکی بەربڵاو پیادەکرا و هونەری سۆڤییەتی بەرەو دارمان و تێکشکان برد. بە تێکشکان و ڕۆچوونی ستالینیزم، ڕیالیزمی سۆشیالیستیش کەوتە بەر ڕەخنە و لەناوچوو.

ڕیفۆرمخوازی/چاکسازی خوازی اصلاح طلبی/بهبودخواهی reformism

زاراوەیەکی نوێیە کە ئایدیۆلۆجی یان شێوازێکی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی تایبەت دەستنیشان ئەکات. بەم پێیە ڕیفۆرمخوازی، بڕوا هێنانە بەوەیکە دەکرێ، هێدی هێدی کۆمەڵگا بەرەو گۆڕان و چاك بوون

ببەیت بێئەوەی دەسکاری پێکهاتەی بنچینەیی کۆمەڵگا بکرێت. ئەم لایەنگرییە تەنیا لەو وڵاتانەدا بەکارە کە بە هۆی سیستەمی پەرلەمانی و هەبوونی ئازادی قانوونی، هەل بۆ بەدەسهێنانی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات دەڕەخسێ. لەم گۆشە نیگاوە ریفۆرم خوازی، بە گشتی لە بەرامبەر کۆنەپەرستی* و قایمەکاری یان شۆڕشخوازی دەوەستێتەوە.

ریڤیژیۆنیزم(پیاچوونەوەگەری) تجدیدنظر طلبی Revisionism

ئەم زاراوە لە وشەی لاتینی revisere بە مانای حەز بە تازەکردنەوەی دیدار و پیاچوونەوە، وەرگیراوە. پێداچوونەوە، بە بووژانەوەی بن بونیات و کارکردەکانی ڕێبازێك دەگوترێ (بڕوانە دۆکترین). واتە ئەو کەسەی کە لە بارەی ڕێباز یان ئایدیۆلۆجیایەك خوازیاری دەسکاری کردن و پێداچوونەوە بێت، پێی دەگوترێ ریڤیژیۆنیست (کەسێك کە دەسکاری شتێك بکات). ئەم بۆچوونە لە لایەن نووسەر و سیاسەتمەدارێکی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانی بە ناوی ئیدوارد برنشتین لە ساڵی ١٨٨٩ خرایەڕوو. ئەم تیۆرییە ڕەخنەیەکی ئایدیۆلۆجیکی بوو کە لە تیۆری و پێشبینیەکانی ئابووری ـ سیاسی کارڵ مارکس گیرا و بە پێی ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەخنەی لێ گیرا:

١) بۆچوون و جیهانبینی مارکس دەربارەی کۆمەڵگای سەرمایەداری و گۆڕینی خێرای بۆ کۆمەڵگایەکی پرۆلیتاری، بە خێرایی و پەلە نایەتەدی و هەر بۆیە پێویستە ئەم تیۆرییە پێداچوونەوەی بە سەردا بێت و دەسکاری بکرێت.

٢) خەباتی چینایەتی بەو شێوەی کە مارکس پێشبینی کردبوو، بە ئامانج نەگەیشت و چینی مامناوەندی نەك لە کۆمەڵگا نەسڕدرابۆوە بەڵکوو پەرەی ستاندبوو.

٣) ناوەندگەرێتی پیشەسازیی و سەرمایە، بە پێچەوانەی بۆچوونی مارکس، تووشی وێستان و بێ سەرەوبەرەیی ببوو.

ڕێکخراوەی بازرگانی جیهانی سازمان تجارت جهانی (World Trade Organization (WTO

ئەم ڕێکخراوە بە پێی بڕیاری ١٢٤ وڵاتی ئەندامی ڕێککەوتننامەی گات (ڕێککەوتننامەی گشتی تاریفە و بازرگانی) دامەزرا و بە شێوەیەکی فەرمی لە ڕێکەوتی ١٩٩٥/١/١ دەستی بە کار کرد. ئامانجە سەرەکیەکانی ڕێکخراوەی بازرگانی جیهانی، بە هەمان شێوە کە لە پێشەکی دەقی ڕێککەوتننامەی گات هاتووە بریتییەلە: بردنەسەرەوەی ئاستی ژیان لە وڵاتانی ئەندام، دابینکردنی هەلومەرجی کار و پیشە، زیادکردنی داهاتی راستەقینە و بازاڕ، کەڵك وەرگرتنی بەجێ لە سەرچاوە جیهانییەکان و پەرەپێدان بە بەرهەمهێنان و بازرگانی نێو دەوڵەتی.

کاروبار و چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوە بە گشتی لە سەر چوار تەوەری سەرەکی هەڵدەسووڕێت:

یەکەم، گشتاندن و راپەراندنی بیرۆکەی بەناوبانگی«دەوڵەتی تەواودۆست»*و سڕینەوەی هەر چەشنە جیاوازییەك لە نێوان وڵاتانی هاوپەیمان لە بازرگانی جیهانیدا.

دووهەم، بەرگری لە سنووردارکردن و بەربەستکردنی هەنارده و هاوردەکان.

سێهەم، داشکانی تاریفە گومرگییەکان لە ڕێی گفتوگۆ و زامنکردنی ڕێکەوتنەکان.

چوارەم، راوێژکردن لە گەڵ ئەندامەکانیتر لە بابەت سیاسەتە بازرگانیەکان و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە بازرگانیەکان لە ڕێی گفتوگۆ.

تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٦ ژمارەی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە گەیشتە ١٤٩ وڵات و ٢٨ وڵاتی دیکەش ئامادەیی خۆیان بۆ بە ئەندامبوون لەو ڕێکخراوەدا ڕاگەیاندووە.

لە ڕووداوە تیرۆریستیەکەی ١١ی سێپتەمبەر*، کە لە لایەنە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە* بە ئەنجام گەیشت، هەر دوو تاوەرە ئەفسانەییەکانی ئەم ڕێکخراوە لە ئەمریکا کەوتە بەر هێرش کە تێیدا نزیکەی ٣٠٠٠ کەس گیانیان لە دەست دا.

ڕێکخراوەی پەروەردەیی، زانستی و کەلتووری نەتەوە یەکگرتووەکان (یونسکۆ)

سازمان آموزشی، علمی و فرهنگی ملل متحد؛ یونسکو

United Nations Educational, Scientific and Cultural Organization (UNESCO)

دامەزرانی ڕێکخراوەیەکی پەروەردەیی، زانستی و کەلتووری لە کۆنفرانسی وەزیرانی پەروەردەی هاوپەیمانان لە شەڕی جیهانی دووهەم لە لایەن دەوڵەتی بریتانیا پێشنیاز کرا. ئەم ڕێکخراوە کە یەکێکە لە ناوەندە پسپۆڕیەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٥ بە مەبەستی هەنگاونان لە پێناو ئاشتی و ئاسایشی جیهان لە ڕێگای هاریکاری نێونەتەوەیی بە کەڵك وەرگرتن لە پەروەردە و زانست و کەلتوور دامەزراوە، بە چەشنێك کە لە هەموو شوێنێك ستایشی عەداڵەت و سەروەریی قانوون و ماف مرۆڤ و ئازادییە سەرەکییەکان مسۆگەر بکات. ناوەندی یۆنسکۆ لە پاریسە.

چالاکیەکانی یونسکۆ لە ٨ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە:

١) پەروەردە، (مەحف کردنەوەی نەخوێندەواری، بردنەسەرەوەی ئاستی پەروەردە، ڕێزگرتن لە ماف مرۆڤ لە ڕێی پەروەردە و دابینکردنی زانیاری بۆ گەشەپێدان بە شێوازەکانی پەروەردە).

٢)) زانستی سرووشتی،(هاوکاری کردنی زانایان و هاندان بۆ ئاسانکاری لە مەڕ فێربوونی زانست).

٣) زانستە کۆمەڵایەتیەکان، (هاندان بۆ ناساندنی کۆسپ و تەگەرە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی بەردەم پەرەسەندن، بۆ وێنە جیاوازی ئایینی و نەژاد پەرستی).

٤) چالاکیە فەرهەنگیەکان، (پەرەپێدان بە دانوستانی کەلتووری لە نێوان ئەندامانی ڕێکخراوەو رووخستنی ئاسەوارە هونەری و ئەدەبی و فەلسەفییەکان).

٥) سازدانی پێوەندی نێوان کەسایەتییەکان. (کۆکردنەوەی زانیاری لە بواری دەرفەتی ئیش و کار و خوێندن لە دەرەوە و سەفەری دۆستانە).

٦) پێوەندی گشتی. (ئاگادار کردنەوەی هەمووان لە چالاکیەکانی یونسکۆ و ڕووداوە گرنگەکانی بواری پەروەردە و زانست و کەلتوور و یارمەتی دان بە جەماوەر بۆ فێربوونی زانست).

٧) تازەگەریی.(دابینکردنی پارە و کەلوپەل بۆ کتێبخانە و فێرگەکان و ناوەندە زانستییەکانی ئەو وڵاتانەی لە شەڕدا وێران بوون یان دواکەوتوون).

٨) یارمەتی تەکنۆلۆجی.(دابینکردنی کەسانی پسپۆڕ لە بوارە گرنگەکانی پەروەردە، ڕاهێنانی مامۆستایان، پەروەردەی تەکنۆلۆجیکی و لێکۆڵینەوە و هاوڕایی زانستی لە گەڵ ئەندامانی یونسکۆ بۆ نەهێشتنەوەی نەخوێندەواریی و دروستکردنی خوێندنگە و ...)

ڕێکخراوەی پەیمانی ئاتلانتیکی باکووری(ناتۆ)

سازمان پیمان آتلانتیک شمالی (ناتو)

(North Atlantic Treaty Organization (NATO

پەیمانێکی سەربازییە کە لە ٤/٤/ ١٩٤٩ لە نێوان وڵاتانی بەلجیکا، کەنەدا، دانیمارک، فەرەنسا، بەریتانیا، ئیسلەندا، ئیتالیا، لوگزامبورگ، هۆڵەندا، نەرویج، پورتوگال، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یۆنان و تورکیا(١٩٥١)، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا(١٩٥٥) و ئیسپانیا(١٩٨٢)، مۆرکرا.

بە پێی مادەی پێنجەمی ئەم پەیمانە، هەر چەشنە هێرشێك بۆسەر وڵاتێکی ئەندام بکرێت، هێرش بۆ هەموو ئەندامانی ناتۆ لە قەڵەم ئەدرێ و ناتۆ خۆی بە بەرپرس ئەزانێ لەم وڵاتە پشتیوانی بکات و لە سەری هەڵقرێ. ناتۆ لە بنەڕەتدا بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی ئەوروپای ڕۆژئاوا لە بەرامبەر دەسەڵاتی سەربازی سۆڤیەت و *بلۆکی ڕۆژهەڵات**و بە واتایەکی‌تر بۆ بەربرگری لە پەرەسەندنی کۆمۆنیزم دامەزرا. ئەنجومەنی ئاتلانتیکی باکووری. باڵاترین پلەی ئیداری ناتۆ لە ئەژمار دێت و ئەرکی ڕێکخستن و هاوئاهەنگی لقە بەڕێوەبەرایەتیەکان و کۆمیتەی سەربازی بەرعۆدە گرتووە. لە ساڵی ١٩٦٦ فەرەنسا هێزەکانی خۆی لە ناتۆ کێشاوە و لە ئەندامەتی سەرکردایەتی سەربازی هاتە دەرەوە. بەڵام لە بەشەکانی پشتگیری سەربازی و دابینکردنی بوودجە و دەزگاکانی هۆشدار تووشی نسکۆ هات. بەم بۆنەوە بارەگای نێونەتەوەیی ناتۆ لە فەرەنساوە بۆ بەلجیکا گواسترایەوە.

دوابەدوای ڕووخانی *دیواری بەرلین**و یەکگرتنەوەی دوو پارچەکەی ئەڵمانیا و هەڵوەشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەت. پەیمانی ناتۆ تووشی گۆڕانکاری هات. هەندێ پێیان وایە بە کۆتایی هاتنی *شەڕی سارد** ئیتر. بوونی ناتۆ کەڵکی نامێنێ بەڵام هەندێکیش لە سەر ئەم بڕوایەن کە بە هەڵوەشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەت. ئەرکی ناتۆ کۆتایی پێ نەهاتووە و خایلەی سۆڤیەت تاکوو ئێستا هەر لە دڵی دەسەڵاتدارانی ڕۆژئاواییدا

ماوەتەوە. بە پێی ئەم بۆچوونە ناتۆ ئەرکێکی بالاتر لە ئەرکی سەربازی هەیە و لەگوێن دەسپێچکێکی سیاسی، شانبەشانی هاوکاری سەربازی و دیپلۆماتیک، زامنکەری هاوکاری ئابووری و کۆمەلایەتیشە.

بۆ ئەم مەبەستە و بە پێی بەرنامەی نوێی ناتۆ لە قەوارەی «هاوبەشێتی لە ئاشتی»دا زنجیرە دانیشتنێك لە ژێر سەردێری«١-١٦» بە ئامادەبوونی ناتۆ و وەزیرانی بەرگریی و دەرەوەی سۆڤیەت پێکهات و سەرەنجام لە مانگی مەی ١٩٩٧، ئەم ولاتە بە مۆرکردنی رێککەوتنێك لە پاریس، بە شێوەیەکی رەسمی ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاریکردن لە گەلٚ ناتۆدا راگەیاند.

لە درێژەی بەئەندامبوونی ولاتانی ئەورووپای رۆژهەلات لە ١٢ ی مارسی ١٩٩٩ کۆماری چێك، مەجارستان و پۆلەندا چوونە ناو ریزی ولاتانی ئەندامەوە. لەم سالانەی دواییشدا هەندێ لە ئەندامانی پێشووی پەیمانی وارشەو* هەولیانداوە ببنە ئەندامی ناتۆ، هەر بۆیە لە کۆبوونەوەی رۆژی ٢٠٠٢/١١/٢١ ئەندامانی ناتۆ لە پراگ داوا لە حەوت ولاتی بولگاریا، رۆمانیا، لیتۆنی، ئیستۆنی، لیتوانیا، سلۆڤاکیا و سلۆڤانیا کرا بۆ سالی ٢٠٠٤ ببنە ئەندامی ناتۆ. دواتریش بە ئەندامبوونی ولاتانی دیکەی ئەورووپای رۆژهەلات بەردەوامبوو. ئێستا ئەم رێکخراوە ٢٦ ئەندامی هەیە. ناتۆ لە شەری دژە تیرۆر لە ئەفغانستان وەك هێزێکی شەرکەر لە گەلٚ تالیبان دەوری چالاك ئەبینێ.

رێکخراوەی جیهانی تەندروستی سازمان جهانی بهداشت

World Health Organization

رێکخراوەی جیهانی تەندروستی (W. H. O) یەکێکە لە دەزگا پسپۆرییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان کە لە رێکەوتی ٤.٧ ١٩٤٨ لە سەر پێشنیازی کۆنفرانسی سانفرانسیسکۆ(١٩٤٥) و کۆنفرانسی نێونەتەوەیی تەندروستی لە نیۆیۆرك (١٩٤٦) دامەزرا. پێگەی یاسادانەری رێکخراوەکە «کۆمەلی تەندروستی جیهانی»یە کە سالی جارێك بە ئامادەبوونی هەموو ولاتانی ئەندام دەبەسترێ و پلان و بوودجەی رێکخراوەکە دەست نیشان ئەکات. بۆ«دەستەی کارگێریی»، نوێنەرانی ٢٤ دەولەت ئامادەن تا بریارەکانی کۆمەلٚ جێبەجێ بکەن.

رێکخراوەی جیهانی تەندروستی لە رووی بەهێز کردنی باری تەندروستی و داوودەرمان یارمەتی هەموو ولاتانی ئەندام دەدات تا پەتا و نەخۆشیەکان لە سەرانسەری جیهان ریشەکێش بکات. بارەگای ئەم رێکخراوە لە شاری جێنێڤ دایە و کاروبارەکەشی لە ژێر چاوەدێری «بەرێوەبەری گشتی» بەرێوە دەچێت.

رێکخراوەی جیهانی خاوەنداریەتی مەعنەوی سازمان جهانی مالکیت معنوی

World International Property Organization (WIPO)

ئەم رێکخراوە مێژووەکەی ئەگەرێتەوە بۆ کۆنڤانسیۆنی پاریس (١٨٨٣) و بێرن (١٨٨٦) کە بریتی بوون لە یەکیەتی نێونەتەوەیی بۆ پشتگیری خاوەنداریەتی مەعنەوی و یەکیەتی نێونەتەوەیی پشتگیری لە بەرهەمە ئەدەبی و فەرهەنگییەکان. ئەم دوو کۆنڤانسیۆنە لە ١٨٩٣ یەکییان گرت و سەرەنجام لە

کۆنڤانسیۆنی ستۆکهۆلم(١٤/٧/ ١٩٦٧) لە ژێر سەردێری ڕێکخراوەی نێونەتەوەیی خاوەنداریەتی مەعنەوی، بوونی خۆی ڕاگەیاند بەڵام بەشێوەیەکی ڕەسمی لە ٢٦/٤/ ١٩٧٠ پیادە کرا.

بە پێی بەندی ٣ی کۆنڤانسیۆنی ستۆکهۆلم ئامانجەکانی ئەم ڕێکخراوە بریتین لە:

- پەرەپێدان بە پشتگیری لە خاوەنداریەتی مەعنەوی لە هەموو جیهان لە ڕێگای هاوکاری نێودەوڵەتی.
- زامنکردنی هاوکاری ئیداری نێوان یەکیەتییەکان.

بە پێی بەندی چواری ئەم کۆنڤانسیۆنە، ڕێکخراوەکە بە مەبەستی گەیشتن بەو ئامانجانەی سەرەوە، هەڵدەستێ بە ئەنجامی ئەم ئەرکانەی خوارەوە:

- پەرەپێدان بە هەر جۆرە ئاسانکارییەك بە مەبەستی پشتگیری لە خاوەنداریەتی مەعنەوی. جیاواز لەمەش، هاوئاهەنگی یاسا نەتەوەییەکان بەهەند ئەگرێت.
- پیادەکردنی ئەو ڕێککەوتنە نێونەتەوەییانەی کە بۆ ئەم مەبەستە واژۆ دەکرێ.
- وڵاتانی خوازیاری یارمەتی یاسایی و تەکنیکی لە بابەت خاوەنداریەتی مەعنەوی، هاوکاری یەکتر دەکەن.
- هەموو زانیارییەکی پێوەندیدار بە خاوەنداریەتی مەعنەوی کۆدەکرێتەوە و بە توێژینەوە لە سەر ئەم بابەتە پاداش ئەدرێ و ئەنجامی توێژینەوەکان بڵاو دەکرێتەوە.

ڕێکخراوەی ڕزگاریخوازی فەڵەستین سازمان آزادیبخش فلسطین
Palestine Liberation Organization (PLO)

ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٦٤بە مەبەستی یەکخستنی گرووپە فەلەستینیە ئاوارەکان لە بەرەیەکی یەکگرتوودا بۆ تێکشکانی دەسەڵاتی زایۆنیستەکان و ستاندنەوەی ناوچە داگیرکراوەکان دامەزراوە و تەواوی وڵاتانی عەرەب و وڵاتانی دوژمنی ئیسراییل، ئەم ڕێکخراوە بە نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکی فەلەستین دەزانن. ڕێکخراو، یاسر عەرەفات بە سەرۆکی خۆی هەڵدەبژێرێ کە ئەودەم سەرۆکی گەورەترین ڕێکخراوی سیاسی فەلەستینیەکان بوو(بڕوانە ئەلفەتح). سەرۆکی ڕێکخراو لە کۆنفرانسەکانی وڵاتانی عەرەب، هاوشانی ڕێبەرانی ئەم دەوڵەتانە بەشداری ئەکات. تا ساڵی ١٩٧٠ ناوەندی ڕێکخراوەکە لە ئەردەن بوو بەڵام بە هۆی ئەو پێکدادانە خوێناوییەی کە لە سێپتەمبەری ئەو ساڵە لە نێوان سوپای ئەو وڵاتە و چەکدارانی فەلەستینی ڕوویدا، فەلەستینیەکان قەڵاچۆکران و ڕێکخراو، ناوەندی چالاکیەکانی خۆی گواستەوە بۆ سوریا و لوبنان.

ساڵی ١٩٨٢ بە هۆی زەبر و زۆری هێزەکانی ئیسراییل بۆ بنکەکانی ڕێکخراوەکە لە لوبنان، ڕێکخراو ناچار بوو ناوەندی چالاکیەکانی خۆی بگوازێتەوە بۆ تونس. لە ساڵی ١٩٨٨ ڕێکخراوەی ڕزگاریخوازی فەلەستین، دەوڵەتی فەلەستینی لە تاراوگە دامەزراند و یاسر عەرەفات بە سەرۆکی ئەم دەوڵەتە هەڵبژێردرا و لە لایەن پەنجا دەوڵەتی ئەو کاتە بە ڕەسمی ناسرا. (بڕوانە: دەوڵەتی تاراوگە)

دوابەدوای دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتی نێوان عەرەب و ئیسراییل و ڕێککەوتننامەی ئاشتی مەدرید، دەوڵەتی فەلەستین بارگاکەی خۆی گواستەوە بۆ کەرتی غەزە لە خاکی فەلەستین و لە هەڵبژاردنێکی گشتی لە ساڵی ١٩٩٦، جارێکیتر یاسر عەرەفات بە سەرۆکی دەوڵەتی فەلەستینی هەڵبژێردرا. لە یانزەی نۆڤەمبەری ٢٠٠٤ یاسر عەرەفات کۆچی دوایی کرد و سەرۆکایەتی حوکمەتی فەلەستینی لە ٢٠٠٥/١/٩ سپێردرایە مەحموود عەبباس ناسراو بە ئەبوومازن. بەڵام بە هۆی ناکارا بوونی ئەم حوکمەتە (بە ڕێبەرایەتی ئەلفەتح) و نادیاربوونی مافەکان و چارەنووسی فەلەستینیەکان و پەککەوتنی ئابووری لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ١٥/١/ ٢٠٠٦ ڕێکخراوەی حەماس*(بزاڤی خۆڕاگری ئیسلامی) توانی لە سەرجەم ١٣٢ کورسی ٧٢ کورسی بباتەوە و بەم جۆرە دەوڵەتی نوێی فەلەستینیەکان دابمەزرێنێ. دوابەدوای سەرکەوتنی حەماس، ئیسراییل و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا یارمەتییەکانی خۆیان بۆ خەڵکی فەلەستین ڕاوەستاند و ئیسراییل بۆ پێوەندی گرتن لە گەڵ حوکمەتی فەلەستینی سێ مەرجی دیاری کرد کە بریتی بوون لە:

- دەبێ حەماس لقی چەکداری خۆی لە چەك داماڵێ.
- مادەی «لەناوبردنی ئیسراییل» لە پلاتفۆرمی حەماسدا نەمێنێ.
- هەموو ڕێککەوتنەکانی نێوان حوکمەتی فەلەستینی و ئیسراییل بەهەند بگیرێت.

ڕێکخراوەی کۆنفرانسی ئیسلامی   سازمان کنفرانس اسلامی

Organization of Islamic Conference (OIC)

گەورەترین ڕێکخراوەی وڵاتانی ئیسلامییە کە لە ٥٦ ئەندام پێکهاتووە و بە شێوەی ڕەسمی لە سێپتەمبەری ١٩٦٩ لە کۆنفرانسی سەرۆکی وڵاتانی ئەندام لە ربات(پێتەختی مەغریب) دامەزرا. پاڵنەری سەرەکی بۆ پێکهێنانی ئەم کۆنفرانسە، چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانە بوو کە لە ئەنجامی شکست هێنانی وڵاتانی عەرەبی لە گەڵ ئیسراییل(ژوەنی ١٩٦٧) هاتبووە ئاراوە. ئامانجەکانی ڕێکخراوەی کۆنفرانسی ئیسلامی بریتین لە:

- گەشەپێدانی پێوەندی و هاوکاری و یەکگرتوویی لە نێوان وڵاتانی ئیسلامی لە هەموو بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتووری.
- سڕینەوەی پاکتاوکردنی ڕەگەزی.
- پشتیوانی کردن لە ئاشتی نێودەوڵەتی.
- پشتگیری موسوڵمانان لە خەباتیان بۆ پاراستنی شەرەف و سەربەخۆیی و مافە نەتەوەییەکانیان.

هەرچەندە ئەم ڕێکخراوە لە سەرەتادا هەڵوێستێکی یەکگرتووی دژ بە ئیسراییل و پشتیوانی کردن لە ماف فەلەستینییەکان هەبووە بەڵام بە نزیك بوونەوەی میسر لە ئیسراییل و ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی ئاشتی لە نێوان ئەم دوو وڵاتە، کۆنفرانس تووشی ناکۆکی هات و یەکەمین ناتەبایی لە ساڵی ١٩٧٨ بە دەرکردنی

میسر لە ڕێکخراو سەری هەڵدا. بە گشتی ڕێکخراوەی کۆنفرانسی ئیسلامی لە مەڕ ئەو کێشە و گرفتانەی کە بۆ وڵاتانی ئیسلامی هاتۆتە پێش، هەر لە دەستدرێژی یەکیەتی سۆڤیەت بۆ سەر ئەفغانستانەوە بگرە تا شەڕی ئێران و عێراق و دوو شەڕەکەی کەنداو و ناکۆکییەکانی باکووری ئەفریقیا، نەیتوانیوە وەك سەرچاوەیەکی شەرعی بێتە مەیدانەوە بەڵکوو زیاتر لە جاران بەرەو بێ هێزی و دەستەوسانی و لەرزۆکی چووە.

لە پەراوێزی ئەم ڕێکخراوەدا چەند کۆمیتەیەك پێکهاتوون کە بریتیین لە:

کۆمیتەی کاروباری ئابووری کە بە مەبەستی بەرەو پێشڤەبردنی هاوکاری ئابووری و پاراستنی یەکگرتوویی لە نێوان وڵاتانی ئیسلامی دامەزراوە، کۆمیتەی زانستی فێرکاری و فەرهەنگی، ناوەندی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، هونەری و فەرهەنگی ئیسلامی و کۆمیتەی نێونەتەوەیی پاراستنی جێماوەی ئیسلامی و لێژنەی وەرزش.

ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان سازمان ملل متحد
The United Nations Organization

ئەم ڕێکخراوە دوای تەواوبوونی شەڕی جیهانی دووهەم بۆ بەرگری کردن لە هەڵگیرسانی شەڕ و سەقامگیرکردنی ئاشتی لە جیهان دامەزرا. ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە ڕاستیدا جێگای *کۆمەڵەی نەتەوەکانی* گرتەوە کە لەساڵی ١٩١٩ پاش کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی یەکەم دامەزرابوو. ئامانجەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان وەك لە بەندی یەکەمی جاڕنامەکەیدا هاتووە بەم شێوەیە:

١- پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی.

٢- پەرەپێدانی پێوەندیی برایانە لە نێوان نەتەوەکان لە سەر بنەمای ڕێزگرتنی بەرامبەر و یەکسانی مافەکان و مافی سەروەری نەتەوەکان.

٣- هاوکاری لە پێناو چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان و یەکخستنی هەوڵەکان لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان بۆ هەموو کەسێك.

٤- هاوئاهەنگ کردنی هەوڵەکانی وڵاتانی ئەندام بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە ئاماژەیان پێکراوە.

ئەندامبوون لە نەتەوەیەکگرتووەکاندا بۆ هەموو ئەو دەوڵەتە ئاشتی خوازانەی کە دادوەریی ڕێکخراوەکەیان لە مەڕ بڕیارنامەکاندا قبووڵ بێت، ئازادە. ژمارەی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە دەگاتە ١٩١ وڵات و چاوەڕوان دەکرێ زیاتریش ببێت. ئەندامانی نوێ لە سەر پێشنیازی ئەنجومەنی ئاسایش و بە پەسند کردنی زۆرینەی ٢/٣ ئەندامانی «کۆمەڵی گشتی» وەردەگیرێن. ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی، چەندین ئەستونی گرینگی هەیە کە بریتین لە:

١- کۆمەڵی گشتی، (ئەم کۆمەڵە باس لە هەموو کێشە و بابەتە گشتییەکان دەکات، تەنانەت ئەو بابەتانەی کە پێوەندییان بە کۆمیتە و ئەنجومەنە گشتییەکانەوە هەبێت.)

٢ـ ئەنجومەنی ئاسایش. (ئەنجومەنی ئاسایش دەسەڵاتێکی بەرفراوانی هەیە و سەرپەرشتی هێزی چەکداری نەتەوەیەکرتووەکانە و پاش دەرکردنی بریارەکان جێبەجێیان دەکات و دەوڵەتانی ئەندامیش ناچار بە جێبەجێ کردنیان دەکات. ئەگەر کێشەیەکی گرینگ بخرێتە بەردەستی ئەنجومەنی ئاسایش، بۆ جێبەجێ کردنی، پێویستە ٩ وڵات لە پانزە وڵاتی ئەندام رەزامەندی لە سەر بدەن بەو مەرجەی کە هیچکام لە پێنج ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەن (ئەمریکا، رووسیا، بریتانیا، چین و فەرەنسا) ڤیتۆ*ی نەکات یا دەنگی نەرێنی لەسەر نەدابێت.

٣ـ ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی. ئەنجومەنی ئابووری ٥٤ ئەندامی هەیە کە لە لایەن کۆمەڵی گشتییەوە بۆ ماوەی سێ ساڵ هەڵدەبژێردرێن. ئەم ئەنجومەنە لە هەموو بوارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا چالاکی دەکات.

٤ـ ئەنجومەنی راسپاردەکان. ئەم ئەنجومەنە چاودێریی ئەو وڵاتانەی دەکرد کە هێشتا سەربەخۆییان وەرنەگرتبوو. ئەم ناوچانەش کە لە پانزە ناوچە پێکهاتبوون تا ساڵی ١٩٩٠ سەربەخۆییان وەدەست هێنا و پاشان ئەرکەکانی ئەنجومەنەکەش کۆتایی پێ هات.

٥ـ دادگای نێونەتەوەیی داد*. ئەم دادگایە پێکهاتووە لە پانزە دادوەر کە دەبێ خەڵکی پانزە وڵاتی جیاواز بن. ناوەندی دادگاکە لە لاهای هۆڵەندایە و لە سەر پێشنیازی ئەنجومەنی ئاسایش و پەسندکردنی کۆمەڵی گشتی دادەنرێن. ئەرکی سەرەکی دادگای لاهای، چارەسەرکردنی گیروگرفتە یاساییە نێودەڵەتییەکانە.

٦ـ سکرتاریەتی گشتی. ئەم کۆڵەکە هەموو ئەرکە کارگێڕییەکانی رێکخراوە و هاوئاهەنگ کردنی دامودەزگا جۆراوجۆرەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانی لە ئەستۆدایە و زیاتر لە ٢٥هەزار کارمەندی هەیە کە هەڵگری رەگەزنامەی هەموو وڵاتانی ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکانن.

سکرتێری گشتی. ئەرکی بەرێوەبردنی رێکخراوە و جێبەجێکردنی بریاری دەزگا جۆراوجۆرەکان لە ئەستۆ دەگرێ و هەر پێنج ساڵ جارێک لە سەر پێشنیازی ئەنجومەنی ئاسایش و پەسندکردنی ٢/٣ ئەندامانی کۆمەڵی گشتی هەڵدەبژێردرێ. سکرتێری گشتی نابێ هاووڵاتی هیچ کام لە پێنج وڵاتی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش بێت. هەڵبژاردنەوەی دووبارەی بۆ ئەم پۆستە، هیچ بەربەستێکی یاسایی نییە.

رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان، جگە لەو شەش ئەستونە سەرەکییە، کۆمەڵێک رێکخراوەی پسپۆریی و دامودەزگای جیاوازی دیکەی هەیە کە گرنگترینیان بریتین لە: ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی*، رێکخراوەی نێونەتەوەیی کار*، بانکی جیهانی*، رێکخراوەی خۆراک و کشتوکاڵی جیهانی، رێکخراوەی پەروەردەیی و زانستی و کەلتوری نەتەوەیەکگرتووەکان* و رێکخراوەی جیهانی تەندروستی* و . . .

بە پێی جاڕنامەی نەتەوەیەگرتووەکان، ئەو زمانانەی کە لە ڕێکخراو بە شێوەیەکی ڕەسمی بەکار دەبرێن بریتین لە: سپانیۆلی، ئینگلیزی، چینی، رووسی و فەرەنسی. زمانی عەرەبیش بە زمانە رەسمییەکانی کۆمەڵی گشتی، ئەنجومەنی ئاسایش و ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی زیاد کراوە.

لەم ساڵانەی دواییدا نەتەوەیەکگرتووەکان، هەوڵی بەرزکردنەوەی توانای سەربازی خۆی داوە و چالاکییەکانی لە سەر ئاستی جیهانی بەرفراوان کردووە کە ئەمەش بە خاڵێکی سەرەکی گۆڕانکاری لە ڕۆڵی ئەم ڕێکخراوە دادەنرێ. تا ساڵی ١٩٩٥ سەرجەم هێزە چەکدارەکانی ڕێکخراو کە بە کڵاوشینەکان، یا «ئاشتی پارێزەکان» ناوبانگیان دەرکردووە گەیشتە ٧٠ هەزار کەس.

ڕێکخراوەی نێونەتەوەیی ئاوارەکان سازمان بین المللی آوارگان
(International Refugee Organization (IRO

ئەم ڕێکخراوە سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکانە و لە ئاگۆستی ١٩٤٨ تا دیسەمبەری ١٩٥١ ئەرکی چاودێریی و گەڕاندنەوەی ئاوارەکانی بۆ وڵاتی خۆیانی لە ئەستۆ بووە و ڕاسپاردە و لایەنگری سیاسی و قانوونی ئاوارەکان بووە لەو وڵاتانەی کە وەردەگیران. ئەم ڕێکخراوە ئەودەم کاتی بووە و بە هەڵوەشانەوەی لە ساڵی ١٩٥١ ئەرکەکانی سپێردرایە «ڕاسپاردەی باڵای پەنابەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان»*.

ڕێکخراوەی نێودەوڵەتی کار سازمان بین المللی کار
International Labour Organization

ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩١٩ وەك پێکهاتەیەکی سەربەخۆ، بەڵام لە ژێر چاوەدێری «کۆمەڵی نەتەوەکان» بە مەبەستی باشترکردنی هەلومەرجی ئیش و کار و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و پێشخستنی ئابووریی و کۆمەڵایەتی جیهان دامەزرا. لە ساڵی ١٩٤٦ «ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان»، ئەرکەکانی ئەم ڕێکخراوەی لە سەر ئەو بابەتانەی ئاماژەی پێ درا بە ڕەسمی ناساند و لەوە بەدوا وەك یەکێك لە دەزگا پسپۆڕییەکان ناونووس کرا.

ئەرکەکانی ئەم ڕێکخراوە بەوردی بریتیە لە دارشتنی یاسای نێودەوڵەتی کار، وەك ئاستی مووچە و هەقدەست و ماوەی کارکردن و بیمەی بێکاری، تەندروستی شوێنی کار، مەرجەکانی کارکردنی ژنان و مێرمندالان، پێشبینی سەردەمی پیری و نەخۆشی و پشتیوانی کردن لەو کرێکارانەی کە لە هەندەران ئیش ئەکەن. ناوەندی ڕێکخراوەکە لە جنێڤ ـە. ١٠ وڵاتی (ئەڵمانیا، ئەمریکا، بەریتانیا، ئیتالیا، چین، ژاپۆن، سۆڤیەت، فەرەنسا، کەنەدا و هیندستان) بە هۆی پێشکەوتن لە پیشەسازیدا ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتین و ٣٨ ئەندامەکەیتری دەستەی بەڕێوەبەرایەتی هەڵدەبژێرن.

ڕێکخراوەی وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت (ئۆپێك)

سازمان کشورهای صادرکنندەی نفت(اوپک)

Organization of Petrolium Exporting Countries (OPEC)

ئەم ڕێکخراوە لە دوای هەوڵی زۆر و درێژخایەنی وڵاتانی نێرمری نەوت لە ژانوییەی ١٩٦١ لە کاراکاس (ڤینێزۆئێلا) دامەزرا و سەرەتا وڵاتانی ئێران، عەرەبستانی سەعوودی، عێراق، کوەیت، قەتەر و ڤینزۆئیلا بوونە ئەندام و پاشان، وڵاتانی ئەندونیزیا، لیبی و نایجریا بوون بە ئەندام. ئۆپێك بۆ گەیشتن بەم ئامانجانەی خوارەوە دامەزرا:

١- چەسپاندنی سیاسەتێك بۆ دانانی نرخ و مەزەندەیەکی یەکلاکراو، بەدوور لە هەلاجانی ئابووری وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت.

٢- پاراستنی سەرچاوە و کانە نەوتییەکان.

٣- پاراستنی ئاسایشی نەوتی راگوێزراو.

٤- بەرگری لە زیادبوونی نرخی یەکلاکراو یان هەناردنی نەوتی لە ڕادەبەدەر بە پێچەوانەی بڕیاری زۆرینەی ئەندامان.

وڵاتانی ئەندام لە ئۆپێك، ٤٥٪ نەوتی جیهان بەرهەم دەهێنن و جگە لەوەش داوا لە کۆمپانیا نەوتیەکان دەکەن تا نرخی نەوت و بەرهەمە نەوتیەکان لە ئاستێکی دیاریکراو و یەکسان رابگرن، چونکا هەلاجان و هەڵبەز ودابەزی نرخی نەوت بۆ ئەم وڵاتانە دەبێتە هۆی هەلاجانی ئابووری و هەندێ جار گەشەسەندنی ئەم وڵاتانە تووشی زیان ئەکات.

یەکێك لەو هۆکارانەی کە لە دوای دامەزرانی ئۆپێك ناوبەناو بۆتە هۆی هەڵکشانی نرخی نەوت، شەڕ و گۆڕانکارییە ناوچەیی و جیهانییەکان بووە. بۆ وێنە:

- شەڕی ئیسرایل و عەرەبان لە ١٩٧٣ کە بۆ ماوەیەك بووە هۆی راوەستانی ناردنی نەوتی وڵاتانی عەرەبی بۆ رۆژاوا و ئەمەش هەڵکشانی نرخی نەوتی لێکەوتەوە.

- شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٨) کە بەریانی نەوتی ئەم وڵاتەی بۆ ماوەیەك راوەستاند و ئەمەش بووە هۆی هەڵکشانی بێ وێنەی نرخی نەوت تا ئەو سەردەمە.

- شەڕی ئێران و عێراق(١٩٨٨-١٩٨٠).

- شەڕەکانی کەنداوی فارس کە بریتی بوون لە: شەڕی هاوپەیمانی نێونەتەوەیی بە دژی عێراق لە دوای داگیرکردنی خاکی کوەیت لە لایەن ئەم وڵاتە (١٩٩١-١٩٩٠). شەڕی ئەمریکا و بەریتانیا بە دژی عێراق بە بیانووی چەككردنی ئەم وڵاتە(٢٠٠٣).

- زیادبوونی مەترسی و هەڕەشەی نێونەتەوەیی لە ئێران بە هۆی بەرنامەی ئەتۆمی ئەم وڵاتە لە ساڵەکانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٨ کە نرخی نەوتی تا نزیکەی ١٣٠ دۆلار هەڵکشاند.

- سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری جیهانی لە ساڵی ٢٠٠٨ بووە هۆی دابەزینی دووبارەی نرخی نەوت بۆ ٤٠ دۆلار.

ڕێکخراوەی هاوبەندی ئەمریکای لاتین سازمان همبستگی آمریکای لاتین
Latin American Solidarity Organization

ئەم ڕێکخراوە لە ژانوییەی ١٩٦٦ لە پەراوێزی «هاوبەندی حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتین» لە شاری هاڤانا، پێتەختی کووبا دامەزرا. بە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە سەرکەوتنی کاسترۆ و تیۆری شۆڕشی جووتیارییەکەی بەسەر حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئەمریکای لاتین کە تا ساڵی ١٩٦٤ دژایەتییان دەکرد، مسۆگەر بوو.

ڕێکخراوی هاوکاری و ئاسایشی ئەورووپا سازمان همکاری و امنیت اروپا
Organization of Security and Cooperation in Europe

کۆنفرانسی ئاسایش و هاوکاری ئەورووپا لە ساڵی ١٩٩٥، ناوی خۆی بە ڕێکخراوی هاوکاری و ئاسایشی ئەورووپا گۆڕی. بەرنامە و ئامانجەکانی ئەم ڕێکخراوە بریتی بوو لە: بەرزڕاگرتنی بایەخە هاوبەشەکان، یەکدەنگی و هاوئاهەنگ کردنی باس و گفتوگۆکان لەمەڕ ئاسایشی ئەورووپا، چەك داماڵین و کۆنترۆڵی چەك، هەنگاونان بۆ چارەسەرکردنی قەیران و شەڕی ناوچەیی بە مەبەستی کەم کردنەوەی کێشە و ناکۆکییەکان.

ڕێکخراوی هاوکاری و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوین
سازمان همکاری و امنیت خاورمیانه
Organization of Cooperation and Security in middle East

مالکۆڵم ریفکیند وەزیری دەرەوەی بریتانیا لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٦ لە سەردانێکی خۆی بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین، دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەی بە مەبەستی زیادکردنی متمانە لە نێوان وڵاتانی ناوچەکە پێشنیار کرد. بە باوەڕی ریفکیند، ئەو ڕێکخراوانەی کە تا ئەودەم لە ڕۆژهەڵاتی ناوین دامەزراون نەیانتوانیوە بە پێداویستیەکانی ناوچەکە وەڵام بدەنەوە. وێدەچێ کە ئامانجی سەرەکی لە دامەزرانی ئەم ڕێکخراوە پاراستنی دۆخی هەنووکەیی ناوچەکە و ڕازی کردنی عەرەبان بە ئاشت بوونەوە لە گەڵ ئیسراییلدا بێت.

ڕێکخراوەی یەکگرتنی ئەفریقا سازمان وحدت افریقا
Organization of African Unity

ئەم ڕێکخراوە لە ١٩٦٣/٥/٢٥ لە ئەدیس ئابابا پێتەختی ئیتیۆپیا دامەزرا کە ئامانجەکانیشی بریتی بوون لە: ١- هەوڵدان بۆ یەکگرتوویی و تەبایی وڵاتانی ئەفریقایی. ٢- ریشەکێشکردنی هەر جۆرێکی ئیستیعمار و

داگیرکاریی لە ئەفریقا. لەم ڕێکخراوەدا ٥٦ دەوڵەت ئەندامن کە نۆزدە دەوڵەتیان بە «هێزەکانی مۆنرۆیا» و ٦ دەوڵەتی دیکەش بە «هێزەکانی کازابلانکا» ناویان دەرکردووە. ئەفریقای باشووری لە ساڵی ١٩٩٤ بوو بە ئەندامی ڕێکخراو.

بە هۆی ناتەبایی و کێشمەکێشی نێوان ئەندامان، زۆربەی نەخشە و بەرنامەکانی ئەم ڕێکخراوە بەرەورووی شکست دەبێتەوە. سەرەنجام لە دوایین دانیشتنی ڕێکخراو لە ئەفریقای باشووری لە ژوویەی ٢٠٠٢، «ڕێکخراوەی یەکگرتنی ئەفریقا» بە شێوەیەکی ڕەسمی هەڵوەشایەوە و جێی خۆی دا بە «یەکیەتی ئەفریقا». هۆی ئەم هەڵوەشانەوە دەگەڕایەوە بۆ دامودەزگای پان و بەرین و زۆر بوونی ژمارەی کارمەندانی کە ٨٠٪ بوودجەی ڕێکخراوەکەی بۆ تەرخان دەکرا و تەنیا ٢٠٪ بوودجەکەی خەرجی بەرنامە ئابوورییەکان دەکرا.

ڕێکخستن — سازماندهی — Organizing

دیاریکردنی پێکهاتەی پێوەندی دوولایەنە لە سەر بنەمای هەڵبژاردن و بەرپرساریەتی گرووپە ئینسانییەکان بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو. ڕێکخستن پاڵنەرێکە بۆ هاوبەشی سیاسی چونکا بەم کارە جەماوەر بە ئامانجەوە بەرەو مەبەستێك ڕێنموونی دەکات و ڕێژەی هاوبەشی سیاسی دەباتە سەرەوە. بۆ دەسەلاتدارانی هەڵبژێردراو، ڕێکخستن بریتییەلە خۆ ڕێکخستن بەلام بۆ ڕێبەرە شۆڕشگێڕەکان، ڕێکخستن بە واتای خۆڕێکخستنە لە گەڵ جەماوەردا.

ڕێککەوتننامەی جەزایر — قرارداد الجزایر — Algery Agreement

ئەم ڕێککەوتنە لە ٦/٣/ ١٩٧٥ لە شاری ئەلجەزیرە(پێتەختی جەزایر) لە لایەن محەممەد ڕەزا شای ئێران و سەدام حوسێن(کە ئەودەم جێگری سەرۆك کۆماری عێراق بوو) ئیمزا کرا. بە پێی ئەم ڕێککەوتنە، ئەو خاڵانەی کە دوو لایەن کۆك بوون لە سەری بریتی بوون لە:

١ـ سنوورەکانی خۆیان بە پێی پرۆتۆکۆلی ئەسکەندەرون (١٩١٣) و بڕیارنامەی دیاریکردنی سنوور (١٩١٤) دەست نیشان بکەن.

٢ـ ئێران و عێراق کۆتایی بە ناکۆکی مێژوویی خۆیان دەهێنن لەمەڕ ماف کەشتیوانی هەر دوو وڵات بە سەر ڕووباری شەتولعەرەب و سنوورە ئاوییەکانی خۆیان بە پێی هێڵی تالوگ دیاری دەکەن.

٣ـ بەم کارە دوو وڵاتەکە، ئاسایش و متمانەی دوو لایەنە بۆ یەکتر مسۆگەر ئەکەن و سنوورە هاوبەشەکانی خۆیان ئەپارێزن بۆ بنبڕکردنی هەر جۆرە دزەکردنێکی دوژمنکارانە لە لایەن ئەویدیکەوە.

٤ـ هەر دوولایەن، ڕێککەوتن لە سەر ئەوەیکە ئەم بڕیارانەی سەرەوە فەکتەرێکی هەمیشەیی بن بۆ چارەسەرییەکی گشتی و شکاندنەوەی هەرکام لەم ڕێکەوتنانە، لە گەڵ ڕۆحی ڕێکەوتنی ئەلجەزیرەدا دژایەتی هەبێت.

سێ مانگ پاش ئەم ڕێککەوتنە، هەر دوو وڵات پەیمانی نوێی سنووری نێوان ئێران و عێراقیان ئیمزا کرد. ئەم پەیمانە کاریگەرییەکی خراپی لە سەر شۆڕشی ئەیلوول دانا و لە راستیدا ئامانجێکی سەرەکی هەر دوو لا، لە باربردنی شۆڕشی کوردستانی باشوور بوو.

ڕێککەوتننامەی سایکس ـ پیکۆ(١٩١٦) موافقت‌نامهٔ سایکس ـ پیکو (١٩١۶) Sykes-Picot Agreement (1916)

ڕێککەوتنێکی نهێنییە کە لە ١٩١٦/٥/١٦ لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسا و لە لایەن «سێرمارك سایکس»ی بەریتانی و «جۆرج پیکۆ»ی فەرەنسی بە مەبەستی دابەشکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئیمزا کرا. سەرلەبەری ناوەرۆکی ڕێککەوتننامەکە بە پێچەوانەی ئەو وەعدە و بەڵێنانە بوو کە لۆرێنس لە عەرەبستان بە ناوی ڕێزگرتن لە ماف خەڵکانی عەرەبی ناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دابووی. بە پێی ئەم ڕێککەوتننامە بەشێکی زۆری خاکی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە دوو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا و فەرەنسا دابەش کرا. ناوچەی ژێردەسەڵاتی بەریتانیا بریتی بوو لە: شاری خانەقین لە کوردستانی خواروو، باشووری سووریا، بەغدا، بەسرە، باکووری فەلەستین و بەشێکی کوێت. بەشی فەرەنساش بریتی بوو لە: بەشی زۆری سووریا، لوبنان، ئەنەدۆڵ(باکووری کوردستان) و موسڵ. پاشان رووسیاش تێیدا بەشدار بووە و بە باڵیۆزی رووسیا ڕاگەیاندرا کە ئەگەر بڕیار لەسەر ئەم پەیمانە بدات، ئەوا ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا بە خاکی رووسیاوە ئەلکێندرێ. لایەنێکی گرنگی ئەم پەیمانە بۆ گەلی کورد ئەوەیە کە جارێکی دیکەش کوردستان لە لایەن وڵاتانی داگیرکەرەوە پارچە پارچە کرا.

ڕێککەوتننامەی کەمپ دەیڤید توافق‌نامه کمپ دیوید Kamp David Agreement

کەمپ دەیڤید، هاوینەهەواری سەرۆك کۆماری ئەمریکایە کە لە دەوروبەری شاری واشنتۆن هەڵکەوتووە. ئەم شوێنە پتر بە هۆی ئەو گفتوگۆیانەوە ناوبانگی دەرکرد کە لە ساڵی ١٩٧٨ لە نێوان کارتەر، سەرۆك کۆماری ئەوسای ئەمریکا و ئەنوەر سادات، سەرۆك کۆماری میسر و مناخم بگین، سەرۆك وەزیرانی ئیسراییل ئیمزا کرا. لە ئاکامی ئەم گفتوگۆیانە لە ١٩٧٨/٩/١٧ ڕێککەوتنی ئاشتی نێوان میسر و ئیسراییل ئیمزا کرا کە میسر لە بەرامبەر دان پێدانانی فەرمی بە ئیسراییل، سەرزەوییە داگیرکراوەکانی خۆی لە بیابانی سینا لە ئیسراییل وەرگرتەوە بەڵام ئەم کردەوەی میسر بووە هۆی ئەوە کە لە جیهانی عەرەب و ئیسلامیدا گوشەگیر بکرێت. ئەنوەر سادات سەرۆك کۆماری میسر بە هۆی ئیمزاکردنی ئەم ڕێککەوتننامە لە ١٩٨١/١٠/٦ لە لایەن ئەفسەرێکی توندڕەوی ئیسلامگەراوە تیرۆر کرا.

ڕێککەوتننامەی واشنتۆن توافق‌نامه واشنگتون Washington Agreement

پاش ڕوودانی چەندین شەڕی ناخۆیی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی

کوردستان (عێراق) کە لە ١٩٩٤/٥/١ دەستی پێکردبوو، (ئەم شەڕە بە شەڕی براکوژی ناوی دەرکرد) چەندین ڕێککەوتننامە(وەك ڕێککەوتننامەکانی پاریس، ئانقەرە و درۆگیدا) لە لایەن هەر دوولا ئیمزا کرا بەلام هەردوو لایەن نەگەیشتنە ڕێککەوتنی یەکجارەکی و کۆتایی هێنان بە شەڕ. سەرەنجام لە ١٩٩٨/٩/١٧ بە چاودێری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، زەمینەیەکی لەبار بۆ ڕێککەوتنی هەردوولا رەخسا و لە لایەن پارتییەوە مەسعود بارزانی و لە لایەن یەکیەتییەوە جەلال تالەبانی و لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، دەیڤید وڵش، بریکاری وەزیری دەرەوە ڕێککەوتننامەکەیان ئیمزا کرد.

بە پێی ئەم ڕێککەوتننامە هەردوولا، ئیدانەی شەڕی ناوخۆییان کرد و بەڵێنیان دا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیان، ئیدی پەنا نەبەنە بەر توندوتیژی یا دەستێوەردانی دەرەکی دژ بە یەکتر. هەروا بەڵێنیان دا کەشوهەوایەکی ئارام بۆ ڕێزگرتن لە ئاگربەس و ئاسانکاری هاتوچۆی هاوولاتیان لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا بخەنە گەڕ. جگە لەوەش بەڵێنیان دا بە ئاساییکردنەوەی رەوشی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و دامەزراندنەوەی ئیدارە و پەرلەمانی یەکگرتوو لە سەر بنەمای هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ و پاشان زەمینە بۆ هەڵبژاردنێکی نوێ خۆش بکرێت. ئەم ڕێککەوتننامە بۆ جێبەجێکردنی هەنگاو بە هەنگاوی بڕیارەکان، خشتەیەکی زەمنیشی لە خۆ دەگرت. سەرەنجام دانیشتنی ٢٠٠٢/١٠/٤ی پەرلەمانی یەکگرتووی کوردستان، بە هەنگاوێکی گەورە دادەنرێ بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامە و گێڕانەوەی ئاشتی بۆ هەرێمی کوردستان.

ڕێککەوتننامەی یانزەی ئازار ١٩٧٠ — توافق‌نامه ١١ مارس ١٩٧٠

Mars. 1970 Agreement –١١

ئەم ڕێککەوتننامە لە ١٩٧٠/٣/١١ لە نێوان بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد بە سەرۆکایەتی مەلامستەفا بارزانی و حوکمەتی عێراق ئیمزا کرا و لە ١٥ مادە پێکهاتووە کە مافەکانی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق دەستەبەر ئەکات. مادەی ١٠ی ڕێککەوتننامەکە زۆر گرینگە و داوا دەکات کە دەستووری کاتیی عێراق بەم شێوەی خوارەوە هەموار بکرێت:

١ـ گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی کورد و عەرەب پێك دێت و ئەم دەستوورە دان دەنێت بە ماڧ نەتەوەیی گەلی کورد و کەمینەکانی دیکە لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکپارچەدا.

٢ـ داوا ئەکات ئەم برگەیە بە مادەی چواری دەستوور زیاد بکرێ: «زمانی کوردی لە پاڵ زمانی عەرەبی بە زمانی فەرمی ناوچە کوردنشینەکان دادەنرێت».

٣ـ ئەم خاڵەی سەرەوە لە دەستووری هەمیشەییدا جێگیر دەکرێت.

ئیمزاکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە کۆتایی بە جەنگی نێوان هەر دوولا هێنا و بە هەموار کردنی کابینەی عێراق، جێگرێکی سەرۆك کۆمار و چوار وەزیری کورد ـ کە هەموویان ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون ـ چوونە ناو کابینەی حوکمەتی عێراق بەلام ئەو کۆمیتەی کە لە دەقی ڕێککەوتنەکەدا ئاماژەی پێکراوە

لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی تووشی گرفت هات. بۆ نموونە ئەو دەقەرانەی کە دەکەونە بەرنامەی ئۆتۆنۆمی یا ماف و جیاوگەکانی دامودەزگا ئۆتۆنۆمییەکان و رێژەی ئەو بوودجەی کە دەبێت بۆ ناوچەکە تەرخان بکرێت.

هێدی هێدی رژێمی عێراق لە بەڵێنەکانی خۆی پاشگەز بۆوە و لە ١٩٧٤/٣/٢٧ هێرشی ئاشکرا و راستەوخۆی کردە سەر ناوچەکانی کوردستان و بە راگەیاندنی یەك لایەنەی پرۆژەی ئۆتۆنۆمی سنووردار، بە کردەوە رێککەوتنەکەی هەڵوەشاندەوە و لەباری برد.

بەندی یەکەمی ئەم رێککەوتننامە دان بە بوونی رەوای گەلی کورد لە عێراقدا دەنێت و لە بەندەکانی دیکەش چەند خاڵێکی گرینگ لەبەرچاو گیراون، بۆ نموونە: کردنەوەی زانکۆی سلێمانی و کۆڕی زانیاری کورد و داننان بە هەموو مافە فەرهەنگییەکانی گەلی کورد و خوێندن بە زمانی کوردی لە هەموو قوتابخانە و پەیمانگە و زانکۆکان، داننان بە پاراستنی کەلتووری نەتەوەیی و جەژنە نەتەوەییەکان و بە رەسمی ناساندنی جەژنی نەورۆز وەك جەژنێکی نەتەوەیی لە کۆماری عێراق و ...

ز

زایــۆنیزم صهیونیســـم Zionism

ڕێبازێك كه پەرەی دا بە دامەزرانی ڕژێمێكی زایۆنیستی لە خاكی فەلەستین. پاش وێرانكردنی ئۆرشەلیم لە ساڵی ٧٠ی زایینی لە لایەن ڕۆمییەكان، جوولەكانی ئەم وڵاتە بە تەواوی جیهاندا بڵاو بوونەوە. بەم حاڵەش یەكییەتی ئایینی و كەلتووری لە نێوانیان نەپسا و لە ناو نەتەوەكانی دیكەدا نەتوانەوە. بە درێژایی مێژوو لە لایەن خاچپەرستەكانەوە وەك كەمینەیەك سەیریان ئەكرا و زۆر جاریش تووشی ئازار و ئەشكنجە دەبوون. بۆیە هەر ئارەزووی گەڕانەوە بۆ «ئەرزی مەوعوود»یان لە دڵدا مابۆوە.

لە سەدەكانی ١٦ و ١٧ هەندێ لە جوولەكەكان، هەوڵیان دا بگەڕێنەوە بۆ فەلەستین. بزووتنەوەی زایۆنیزم لە میانەی سەدەی نۆزدە لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ناوەندیەوە دەستی پێكرد و ناوەكەی خۆشی لە دۆڵێكی فەلەستین بە ناوی «زایۆن» وەرگرتووە. لە ساڵی ١٨٩٧ ڕۆژنامەنووسێكی نەمسایی بە ناوی تیۆدۆر هێرتزێل، یەكەمین كۆنگرەی زایۆنیستەكانی لە بازێلی سویسرا بەڕێوە برد و داوای كرد هەموو جوولەكەكان بگەڕێنەوە بۆ فەلەستین.

ئەگەرچی عوسمانییەكان بەم كارە ڕازی نەبوون، بەڵام دوای ڕووخانی ئیمپراتۆری عوسمانی، بەریتانیاییەكان بەم كارە هەستان و سەرەتا لە ساڵی ١٩٠٣ حوكمەتی بەریتانیا، پێشنیازی كرد كە بەشێك لە خاكی ئۆگاندا بۆ نیشتەجێكردنی جوولەكان تەرخان بكرێت كەچی زایۆنیستەكان ڕازی نەبوون.

بەیاننامەی بالفۆر كە لە ساڵی ١٩١٧، لە لایەن ئارتۆر جەیمز بالفۆر وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بڵاو كرایەوە، بەریتانیای بە دامەزرانی ڕژێمێكی زایۆنی لە خاكی فەلەستین پێمل كرد. لە ساڵانی دوای شەڕی جیهانی یەكەم، بزوتنەوەی زایۆن، پەنابەرە جوولەكەكانی لە شار و دێهاتەكانی فەلەستین جێگیر كرد و هەندێ دامودەزگای سەربەخۆی لەوێ دامەزراند. حەشیمەتی جوولەكەكان كە لە ساڵی ١٩٢٥ زیاتر لە ١٠٨ هەزار كەس بوون، لە ساڵی ١٩٣٣ گەیشتە ٢٢٠ هەزار كەس. لە میانەی دوو شەڕی جیهانی و بە تایبەت شەڕی دووهەم، بە هۆی سیاسەتی دژ بە جوولەكەی نازیسم، جوولەكەكان دەستەدەستە بەرەو فەلەستین گلۆر بوونەوە و خۆیان گەیاندەوە ئەم سەرزەمینە.

زۆربەی عەرەبە فەلەستینییەكان هەر لە سەرەتاوە، زایۆنیستەكانیان وەك مەترسییەك لە قەڵەم دا و كەوتنە جموجووڵ بۆ سەركوت كردنیان. ئەم مەسەلە بووە هۆی دامەزرانی سپای خوفییەی جوولەكەكان لە ساڵی ١٩٢٠ كە بە ناوی هاگانا بە مانای بەرگری ناوی دەركرد. دوای شەڕی جیهانی دووهەم، ڕێكخراوەی نەتەوە یەكگرتووەكان بە دابەشبوونی فەلەستین و دامەزرانی دەوڵەتێك بۆ جوولەكەكان ڕازی بوو. بەرەبەرە زەمینە بۆ شەڕی گەورەی جوولەكە و عەرەبان خۆش بوو. لەم شەڕەدا جوولەكەكان بە زۆری سەركەوتنیان

بەدەس ئەهێنا و خاکێکی زۆرتریان داگیر ئەکرد. لە شەڕەکانی دواتریش (١٩٧٣،١٩٦٧،١٩٥٦) دەوڵەتانی عەرەبیش هاتنە مەیدانی شەڕەکە و ماڵ وێرانی و ئاوارەییەکی زۆری لێکەوتەوە. «ڕێکخراوەی ئازادی فەلەستین»* و چەندین گرووپی گریلایی دژ بە جوولەکەکان دامەزرا کە تا ئێستاش ئەم ناوچە رواڵەتی ئاشتی و ئارامی بە خۆوە نەدیوەتەوە.

زستانی ئەتۆمی — زمستان هستەای — Nuclear Winter

ئەم زاراوە ئاماژە ئەکات بە کارەساتێکی ژینگەیی کە لە دوای شەڕی ئەتۆمی روو ئەدات. بەو پێیە، دوابەدوای تەقینەوە ئەتۆمییەکان، بۆ ماوەی پتر لە ساڵێک، گەرما و تیشکی هەتاو ناگاتە گۆی زەوی و ئەمەش دەبێتە هۆی سەرما و سۆڵێکی سەخت و زەوی دەگەڕێتەوە بۆ دۆخەکانی بەر لە مێژوو (چاخی سەهۆڵبەندان).

زل هێز — ابرقدرت — Superpower

هێزێك کە لە هێزەکانیتر بەهێزتر بێت. لە زاراوەی سیاسیدا «زلهێز» بە وڵاتێك ئەگوترێ کە لە بواری هێزی پیشەسازی و سەربازییەوە لە وڵاتەکانیتر بەهێزترە و بە سەر گۆڕەپانی سیاسەتی نێونەتەوەییدا دەسەڵاتدارییەتی ئەکات. ئەم زاراوە بە تایبەت بۆ ناوبرەکردنی ئەمریکا و یەکیەتی سۆڤیەت (پێشوو)، بە کار دێت کە لە بواری بەرهەمهێنانی سنعەتی و هێزی سەربازی و وزەی ئەتۆمی و بەرفراوانی خاکی ولات و سەرچاوەی سروشتی و ڕادەی حەشیمەت، لە وڵاتەکانی دیکە لەپێشترن. هەروەها ئیمکانی مناوەرەی سیاسی و سەربازی ئەوان لە ئاستی نێونەتەوەییدا لەوانیتر زیاترە و وەك دوو هاودژی سەرەکی لە گۆڕەپانی سیاسی و سەربازی لە ئەژمار دێن.

زمانکوژی — زبانکشی — Linguicide

بریتییە لە لەناوبردن و ریشەکێشکردنی زمان. قت کردنی زمانی زگماکی ناوچەکان لە سیستەمی پەروەردەیی وڵاتێك کە دەرەنجامی ئەم کارەش ئەگاتە سڕینەوەی فەرهەنگی کەمینە ئەتنیکییەکان. نموونەی ئەم قت کردنە، سیاسەتی زمانی وڵاتانی تورکیا و. . . سوریایە بە نیسبەت زمانی کوردی.

زۆرداریی/ تیرانی — دژسالاری/جباریّت — Tyranny

بە گشتی بە مانای حوکمەتی ستەمکار و چەوسێنەرە. لەم جۆرە حوکمەتەدا دەسەڵاتی وڵات بەدەست یەك یا چەند کەسێکە و ئەمانیش بە سەر گیان و ماڵی خەڵکدا دەسەڵاتێکی رەها و بێ سنووریان هەیە.

ئەم زاراوە بۆ ئەو حوکمەتانە بەکار ئەبرێ کە بە شێوازی ئیستبدادی و تیرۆر* دەسەڵات بەڕێوە دەبەن. هەندێجار دیموکراسیش مانای زۆردارانە لە خۆ دەگرێ ئەویش ئەو کاتەیە کە زۆرینە* بە شێوەیەکی رەها و ستەمکارانە بەسەر کەمینەیەك حوکمەت دەکات.

زۆرینە — اکثریت — Majority

هەر وڵاتێك، پێکهاتووە لە چەن گرووپی جیاوازی خەڵك. گرووپێك کە زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی لە خۆ گرتبێت، پێی ئەگوترێ زۆرینە. کۆمەڵگا ئینسانیەکان لە لایەنی جۆراوجۆرەوە(سیاسی، ئابووری، ئاینی و زمانی و...) بە زۆرینە و کەمینە دابەش ئەکرێن.

لە سیستەمی پەرلەمانی نوێدا بنەڕەتی «حوکمەتی زۆرینە» وەك بنەمای بڕیاردانی یاسایی پەسند کراوە. واتە هەر بابەتێك کە زیاتر لە پەنجا لە سەدی دەنگەکان بێنێت، یاساییە و دبێ بەڕێوەبچێت. ئەگەریش بە ڕێوە نەچوو، یاسا فەشەل ئەهێنێت. چونکا مەفرووزە کە بڕیاری زۆرینە، بڕیارێکی عەقڵی و راستە و رەنگدانەوەی «ئیرادەی گشتی»یە. بەڵام واش نییە کە «زۆرینە» هەمیشە نەگۆڕ بێت چونکا رەگەزەکانی دەگۆڕێن و هیچ زۆرینەیەکیش بۆی نییە کە خۆی بە خاوەن حەقێکی پاوانخوازانە بزانێ و هەمیشە سەروەر بێت.

هەبوونی ئازادی بیر و ڕا و کۆبوونەوە و لێبوردەیی سیاسی و ئایینی لەم سیستەمانەدا و سنوورداری خولەکانی پەرلەمان، بۆ ئەوەیە کە دەرفەت بدرێتە کەمینە سیاسییەکان تاکوو بە تەبلیغی ڕێبازەکانیان، بتوانن هاوڕایەتی کەسانی تریش بە دەس بێنن و لە کەمینەوە ببنە زۆرینە و سەرەنجام فیکرە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان پیادە بکەن. بەم پێیە رەنگامەیی حیزب و گروپە سیاسیەکان و ئازادی کۆبوونەوە و تەبلیغ، یەکێك لە ئەستوونەکانی سیستەمی پەرلەمانی راستەقینەیە(بڕوانە ئازادیخوازی).

زۆرینەی تەواو، کاتێك دێتە کایەوە کە لانیکەم نیوە لەسەر یەکی دەنگەکانی وەدەست هێنابێ.

زۆرینەی ڕێژەیی، ئەوەیە کە هەندێ لە دەنگەکان لەوانی دیکە زیاتر بێت، بێئەوەی زۆرینەی موتڵەق بەدەس هاتبێ. (بۆ وێنە،ڕێژەی ٤٠٪ بە سەر ٣٠٪ یان ٢٠ ٪)

زیندانی سیاسی — زندانی سیاسی — Political prisoner

لە سیستەمە یاساییەکاندا زیندانی سیاسی بە کەسێك دەگوترێ کە بە هۆی بەزاندنی سنوورە یاساییەکانی دیاریکراو بۆ ئازادییە سیاسیەکان ـ کە لە دەستووری بنچینەیی دا دیاری کراوە ـ هەروا خستنە ژێر پێی سنووری دەسەڵات و حاکمییەتی دەوڵەت، بڕیاری زیندانی کردنی بۆ دەرئەچێ. گەورەترین تاوانی سیاسی کە لە یاساکانی سزاداندا بە «تاوانی باڵا» ناوبردە کراوە، پیلان گێڕان بە دژی یەکپارچەیی خاکی وڵات و شەڕی چەکداری بە مەبەستی رووخانی رژێمی سیاسی وڵاتێکە.

لە لایەکیترەوە، دیل کردنی هەر تاکێك بە هۆی ئەو تاوانانەی سەرەوە، بە پێشێلکردنی جاڕنامەی جیهانی ماڤی مرۆڤ دادەنرێ چونکە ئەم جاڕنامە لە بەندی نۆزدەهەمدا دەڵێ: هەموو کەسێك ماڤی ئازادی بیر و باوەڕ و ڕادەربڕینی هەیە و ئەم مافەش بریتییە لەوەیکە بە هۆی بیر و باوەڕیەوە تووشی ترس و خۆف نەبێت و لە پێناو وەرگرتنی زانیاری و ئەندێشە و بڵاوکردنەوەیان، بە ئامرازی گونجاو بێ ڕەچاوکردنی هیچ بەربەستێك، ئازاد بێت(بڕوانە مافەکانی مرۆڤ).

ئەو کەسانەی کە لە ڕوانگەی ڕێکخراوە مرۆڤ پارێزەکانەوە بە زیندانی سیاسی لە قەڵەم ئەدرێن، زۆربەی دەوڵەتان بە تێکدەر و تیرۆریست و ئاژاوەگێڕ و ناحەز ناونووسیان دەکەن و ئەندامبوونیان لە گرووپە نایاساییەکان دژ بەو پێناسەیە دەزانن کە بۆ زیندانی سیاسی کراوە.

لە یاساکانی سزادان، ئەغڵەب تاوانی سیاسی لە تاوانە ئاساییەکان جیا دەکەنەوە و بۆ تاوانبارانی سیاسی هەندێ مەرج و ئاسانکاری تایبەت لە بەرچاو دەگرن. بۆ وێنە ئامادەبوونی «ئەنجومەنی چاودێران» و ماڤی جیاکردنەوەی زیندانی سیاسی لە زیندانی ئاسایی لە ناو بەندیخانەکاندا.

ژ

ژاكۆبنیزم — ژاكوبنیسم — Jacobinism

بزاوتی توندڕەوانەی سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسە (١٧٨٩) کە پێوەندی هەیە بە روبسپیر و ئەندامانی «یانەی ژاكۆبن». مەبەستی سەرەکی ئەم بزاوتە پەیجۆری کردنی ئامانجە شۆڕشگێڕییەکانە بە هەر جۆرێك بێت و خۆپاراستن لە هەر چەشنە سازشكارییەك. هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی ژاكۆبنیزم بریتییەلە: سووکایەتی کردن بە خواستی زۆرینە، لایەنگری لە دیکتاتۆری گرووپێکی نەبەزی شۆڕشگێڕ و دامەزرانی کۆمیتەی ئاسایشی گشتی وەك بنكەیەك بۆ تیرۆر. لێنین، رێبەری شۆڕشی ئۆکتۆبەری سەوڤیەت، لایەنگرەکانی خۆی بە ژاكۆبنەكانی پەیوەست بە چینی کرێکار ناوبردە ئەکرد.

ژێرخان — زیرساخت — Infrastraucture

لە جیهانبینی مارکسیدا و بە پێی تیۆری «مەتریالیزمی مێژوویی»*، لە ناو هەموو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا، پێوەندییە مادی و بەرهەمهێنەرەکان بە پێوەندی سەرەکی و چارەنووس‌ساز دادەنرێن. ژێرخانی هەر کۆمەڵگایەك بریتییە لە کۆی ئەو پێوەندییە بەرهەمهێنەرانەی کە پەیکەری ئابووری کۆمەڵگا پێك دێنن (واتە سیستەمی ئابووری، هێزە بەرهەمهێنەکان، پێوەندی چینایەتی و شێوازەکانی خاوەنداریەتی).

لە بەرامبەر ژێرخاندا سەرخان دێتە ئاراوە کە ئەویش بریتییە لە سەرجەم دەزگا کۆمەڵایەتی ـ سیاسی و کەلتوورییەکانی کۆمەڵگا. ئەم سەرخانە لە دوو رواڵەت پێك دێت: یەکەم، شێوازە یاسایی و رێکخراوەیی‌یە کۆمەڵایەتییەکان، واتە دەوڵەت و دەزگای دادپەروەری و سیاسی. دووهەم، ئایدیۆلۆجی* واتە کۆی بڕوا و ئەندێشە ئەخلاقی و سیاسی و ئایینی و فەلسەفییەکان کە ئەبێتە پاڵپشتی سیستەمی خاوەنداریەتی و شێوازی دابەشکردنی بەرهەمەکان. بە بڕوای مارکس، لە نێوان ژێرخان و سەرخان، پێوەندییەکی یەك لایەنە لە ئارادا هەیە و هەر چەشنە گۆڕانێك بە سەر ژێرخاندا بێت، دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە سەرخانیشدا.

ژینۆساید: بڕوانە کۆمەڵکوژی.

س

سابوتاژ / گێرەشێوێنی سابو تاژ/خرابکاری Sabotage

ئەم زاراوە لە وشەی فەرەنسی saboter بە واتای دەنگ دەرهێنان لە جۆرە پێڵاوێکی دارینە بە ناوی sabots وەرگیراوە کە لە ساڵی ١٨٤٢ لە لایەن کرێکارانی فەرەنسییەوە بە کار براوە. هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە یەکەمین بزاڤی کرێکاری فەرەنسە، کرێکاران بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی، پێڵاوە دارینەکانی خۆیان لە پێ دائەکەند و بە پێکدادانییان و دروستکردنی هەراهەرا و دەنگەدەنگ، بەربەستیان لە بەردەم کرێکارەکانی دیکە ساز ئەکرد. بە واتایەکی تر لە ساڵانی دوور، هەندێ لە کرێکارە ئەورووپییەکان بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایەتی و گێرەشێوێنی، پێڵاوە دارینەکانی خۆیان دەخستە بەینی چەرخی کارگەکان و کارەکەیان رادەوەستان. سابوتاژ لە زاراوەی سیاسیدا بریتییە لە ئەنجامی کاری تێکدەرانە لە رێکخراوە و دەزگا دەوڵەتی و گشتیەکان بە مەبەستی ئاستەنگی نانەوە و گێرەشێوێنی.

ساتیاگراها ساتیا گراها Satyagraha

ساتیاگراها وشەیەکی سانسکریتیە و بە مانای «هێزی رۆح و حەقیقەت» یان پێداگرتن لەسەر راستییە. ئەم گوزارە بەشێکە لە ئەندێشەی فەلسەفی و تیۆرییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی گاندی رێبەری بزاڤی نەتەوەیی و سەربەخۆیی خوازانەی خەڵکی نیمچە کیشوەری هیندستان. لەم فەلسەفەدا بۆ ئەنجامی چالاکی کۆمەڵایەتی، کاریگەریی هێزی دەروونی زیاترە لە هۆکارە ماددییەکان. شێوازی گاندی بۆ بەکارهێنانی هێزی رۆحی و پارێزکردن لە بەکارهێنانی هێزی ماددی، «نەرمکێشی» و هێوریی بوو. گاندی بە پشت بەستن بەم تیۆرییە، توانی راستی و خۆشەویستی بکاتە بناغەی کارەکانی خۆی و بە هاوبەندی و یەکپارچەیی هەموو چین و توێژەکان، لە خەباتی خۆی دژ بە کۆلۆنیالیستەکان بەردەوام بێت.

سارک (یەکیەتی هاریکاری ناوچەیی ئاسیای باشوور)

سارک(اتحادیه جنوب آسیا برای همکاری منطقه‌ای)

SAARC (South Asian Association for Regional Cooperation)

سارک ناوی رێکخراوەیەکە پێکهاتووە لە حەوت وڵاتی بەنگلادیش، بووتان، پاکستان، سریلانکا، مالدیڤ، نیپاڵ و هیندستان کە لە ١٩٨٥/١٢/٨ لە داکا پێتەختی بەنگلادیش بوونی خۆی راگەیاند. ئامانجی دامەزراندنی ئەم یەکیەتیە زیادکردنی هاریکاری ئابووری دوولایەنە لە نێوان ئەندامانی ناوبراو و

هاوکاریکردنی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانە لەم بەستێنەدا. نووسینگەی هەمیشەیی سارك لە کاتماندۆ پێتەختی نیپاڵ ـە و لە بەرواری ١٦ /١/ ١٩٨٧ بە شێوەیەکی فەرمی کراوەتەوە.

سالت سالت Salt

ئەم زاراوە کورتکراوەی دەستەواژەی (Strategic Arms Limitation Talks ـ گفتوگۆ لەمەڕ بەربەستکردنی چەکە ستراتیژیکەکان)ـە کە لە ساڵی ١٩٦٩ لە نێوان ئەمریکا و یەکیەتی سۆڤیەت دەستی پێکرد و لە ٢٦ /٥/ ١٩٧٢ بوو بە هۆی ئیمزاکردنی یەکەمین پەیمانی بەربەستکردنی چەکە ستراتیجیکەکان.

خولی یەکەمی ئەم گفتوگۆیانە و ئەو پەیمانەش کە لە دواییدا مۆر کرا، بە سالتی ١ ناوی دەرکردووە و خولی دووهەم کە لە ساڵی ١٩٧٩ پەیمانێکی تازەی لێکەوتەوە، بە سالتی ٢ ناونووس کراوە. بەڵام لە دوای هێرشی سۆڤیەت بۆ سەر ئەفغانستان لە مانگی دیسەمبەری ١٩٧٩، پەیمانەکە لە (١٩٨٠) لە کۆنگریس پەسند نەکرا و پێشبڕکێی خۆ پڕ چەك کردن لە نێوان ئەمریکا و سۆڤیەت بەردەوام بۆوە. لە ساڵی ١٩٨٢ دوو وڵاتی ناوبراو زنجیرە گفتوگۆیەکی تازەیان بە ناوی ستارت (START) هەر لەو بابەتەوە دەستپێکردەوە. پەیمانی ١٩٧٢ بە یەکەمین هەنگاوی گرینگ بەرەو کەمکردنەوەی چەکە ناوەکییەکان لە جیهان لە ئەژمار دێت.

سانسۆڕ سانسور Censor/Censorship

ئەم زاراوە لە وشەی لاتینی censere بە مانای حوکم کردن و بایەخ دانان وەرگیراوە بەڵام لە زاراوەی سیاسیدا بریتییە لە بەرگری کردن لە بڵاوکردنەوە و دەربڕینی هەر مەرام و بەرهەمێك (ئەدەبی، هونەری، سیاسی، ئایینی و فەلسەفی) کە لە ڕوانگەی سیستەمی سیاسی یا ئەخلاقی ـ کە دەسەڵاتی حاکم پشتیوانی لێ ئەکات ـ زیانبار و مەترسیدار لە قەڵەم بدرێت. سانسۆڕ ڕابردوویەکی دوور و درێژی هەیە بەڵام بەکاربردن و بەرجەستە بوونەوەی ئەم دیاردە ئەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی پاش داهێنانی چاپ.

کڵێسەی کاتۆلیك لە سەدەی ١٦ ی زایینی، یەکەمین لیستی کتێبی قەدەغەکراوی ڕاگەیاند و پرۆتستانەکانیش لە سەردەمی «ڕیفۆرمی ئایینی» لە سانسۆڕ کەڵکیان وەرگرتووە.

سانسۆڕ لەم چاخەدا بە دوو جۆر ئەنجام ئەدرێ:

یەکەم، سانسۆڕی هۆشیارکەرەوە (ناڕاستەوخۆ) واتە لە پێش چاپ و بڵاوکردنەوە، بەر بە دەربڕینی مەرام یا بڵاوکردنەوەی بەرهەمێك دەگیرێت. لەم جۆرە سانسۆڕەدا خاوەنی دەزگاکانی بڵاوکردنەوە ناچار دەکرێن ئەو بابەتانە بڵاو نەکرێنەوە کە لە بەرژەوەندی سیستەمی فەرمانڕەوادا نین یا خود ناچاریان دەکەن بە پێچەوانەی ویستی خۆیان، هەندێ بابەت بۆ پیاهەڵدان و ستایشی حوکمەت بڵاوبکەنەوە. لەم وڵاتانەدا لەبەر ئەوەی نووسەران تووشی گێچەڵ نەبن، ناچار دەبن بە پارێزەوە شت بنووسن و لە ڕاستیدا خۆ سانسۆڕ دەکەنەوە (auto-censor).

دووهەم، سانسۆڕی سزادەر (راستەوخۆ)، کە بە پێی یاسا و بە فەرمانی دادگا بەڕێوە دەچێ. سانسۆڕ بە گشتی تایبەتی ولاّتانی ئیستبدادی و تۆتالیتەری*یە بەلاّم لە ولاّتانی دیموکراتیش تا رادەیەك سانسۆڕ چێ دەکرێت. لەم ولاّتانەدا کاتێك قۆناغێکی نائاسایی و هەستیار (بۆ وێنە کاتی شەڕ) دێتە پێشەوە، سانسۆڕ بەکار دەبرێت. هەروەها لە هەموو ولاّتێك، یاسایەك دەرئەچێت تاکوو لە بلاّوبوونەوەی ئەو بەرهەمانەی کە «دژی دەروون پاکی و ئەخلاقی گشتی» بێت، بەرگری بکات.

سایبر دیموکراسی سیبر دموکراسی Cyberdemocracy

ئەم زاراوە لەم دواییانەدا بۆ ئاماژەکردن بە پیادەکردنی دیموکراسی راستەوخۆ لە رێگای تەکنۆلۆجیای نوێی کۆمپیتەری و ئەنتەرنێت بۆ نموونە بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکان، کەمکردنەوەی خەرج وبەرجی هەڵبژاردن، بلاّوکردنەوەی خێرای زانیاری سیاسی.

دەروونناسی سیاسی/سایکۆلۆجی سیاسی روانشناسی سیاسی Political psychology

لە ساڵەکانی ١٩١٠ بەملاوە، والتێر لیپمەن، رۆژنامەنووسی ئەمریکی(١٨٨٩-١٩٧٤) وتی: گەورەترین هەڵەی ئەندێشەی سیاسی ئێمە ئەوەیە کە بێ ڕەچاو کردنی«مرۆڤ»، دەم لە سیاسەتەوە بەین.

بابەتی سایکۆلۆجی سیاسی، لێکدانەوەی کاریگەریی کەسایەتی جەماوەرە بە سەر سیاسەتدا بە تایبەت گرنگایەتی سایکۆلۆجی لە بڕیارە سیاسییەکاندا سەرنجی پێدراوە. بەم حاڵەش جۆراوجۆری قوتابخانە سایکۆلۆجییەکان بۆتە هۆی فرەچەشنی سایکۆلۆجی سیاسی. بۆ وێنە جەخت کردن لە سەر سایکۆلۆجی فرۆید، سایکۆلۆجییەکی سیاسی جیاوازیش دێنێتە ئاراوە.

سایکۆلۆجی سیاسی، خۆی بە تایبەتمەندییە دەروونییەکانی ئەکتەرە سیاسییەکان سەرقاڵ ئەکات. متمانە کردن بە خۆ، هەست کردن بە گوناهباری، هەست بە ئاسایش یا نائەمنی، خودشەیدایی، ئیگۆی لاواز یان بەهێز و... لە جوملەی بابەتەکانی توێژینەوەی سایکۆلۆجی سیاسی لە ئەژمار دێن. بەڕای هەندێ لە پسپۆڕانی ئەم زانستە، سیاسەت بۆ ئەو کەسایەتییانە دڵڕفێنە کە لە قۆناغی منداڵی یا هەرزەکارییان تووشی شکست و سووکایەتی و ناموڕادی بووبێتن. وەها کەسانێك ئەیانهەوێت بە وەدەستهێنانی دەسەلاّت، ئەم کەموکووڕییانەی ژیان قەرەبوو بکەنەوە.

بەم پێیە سایکۆلۆجی رێبەرە سیاسییەکان، بەم سێ شتەوە پەیوەستە: یەکەم ناسینی پاڵنەرەکانی کەسایەتی، دووهەم چۆنییەتی بە سیاسی کردنی ئەم پاڵنەرانە و سێهەم پاساودانیان بە پێی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان. لەم روانگەوە رەفتاری سیاسی رێبەران بریتییە لە دیتنەوە و ئاشکرا کردنی پاڵنەرە دەروونییەکان و گرفتە شەخسییەکانی تاق منداڵی ئەوان.

سپاردنی دەسەڵات تفویض قدرت Delegation of power

سپاردنی دەسەڵات بە مانای ئەوەیە کە کەسێك یان ئەنجومەنێکی خاوەن دەسەڵاتی یاسایی یان سیاسی، بەشێك یا تەواوی دەسەڵاتی خۆی بسپێرێتە کەسێك یان جەماعەتێکی ژێردەستی خۆی. ڕەنگە دەسەڵاتی نوێنەرێك بە ڕێژەی دەسەڵاتی پەرلەمانتارێك جیاوازی بەرچاوی هەبێت.

ستالین سڕینەوە: *بڕوانە ستالین خوازی.*

ستالین خوازی استالینیسم Stalinism

بە سەرجەم سیاسەت و شێوازی حوکمەتی ژۆزێف ستالین(١٨٧٩-١٩٥٣)، سەرەك وەزیر و فەرماندەی گشتیی هێزەکان و سکرتێری حیزبی کۆمۆنیست و دیکتاتۆری یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو دەگوترێ. ئەم زاراوە، ئایدیۆلۆجیایەکی تایبەت نییە بەڵکوو شێوازی پیادەکردنی «مارکسیزم ــ لێنینیزم» ــە لە سەردەمی حوکمەتی ستالین و هەندێ شرۆڤەی ئەم تیۆریانە و ڕادەی سازدانیان لە گەڵ واقیعدا. ئەم شێوازانە بریتی بوون لە تیرۆریزم و بوروکراتیزم و ملدانی زۆرەکی بە دەستووره ڕەهاکانی ستالین لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا جا چ لە سۆڤیەت بێ و چ لە نێوان حیزبەکان یان وڵاتە کۆمۆنیستەکانی جیهان.

ستالین خوازی، لەو کاتەوە سەری هەڵدا کە ستالین ڕەقیبەکانی خۆی بەتایبەت ترۆتسکی(بڕوانە ترۆتسکیزم) لە مەیدان بەدەر کرد و بوو بە جێنشینیی لێنین(١٩٢٤). سیاسەتی ستالین ناسراو بە (سۆشیالیزم لە یەك وڵاتدا) بریتی بوو لە هاوبەشێتی زۆرملەیی کشتوکاڵ و پیشەسازی کردنی خێرای یەکییەتی سۆڤیەت. ستالین بۆ گەیشتن بەم ئامانجە،خەڵکی خستە ژێر کۆنتڕۆڵێکی پۆلیسی و لەم ڕێگەوە شێوازێکی بێڕەحمانەی زۆری بەکارهێنا و پۆلیسی نهێنی(کاگێبێ) و نەریتی ڕژێمە تۆتالیتەرەکانی لە گەڵ تاك پەرستی تێکەڵ کرد.

فرۆفیشاڵی ستالینپەرستانە وایکرد، ئەو وەك فەرمانڕەوایەکی خێرخواز بناسرێت کە بە بلیمەتی و ئاوەزمەندییەوە توانیویەتی گەلانی خۆشبەخت و ئاسوودەی وڵاتەکەی لە فیتنەی «کاپیتالیزم»(بڕوانە سەرمایەداری) ڕزگار بکات. تەواوی دەزگا تەبلیغاتییەکانی دەوڵەتی سۆڤیەت و سەرچاوەکانی هەواڵ و ئەمنیی و «ڕیالیزمی سۆشیالیستی»* لە ئەدەب و تەنانەت دەسکاریکردنی مێژووشی خستبووە گەڕ بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم فیکرە لە ناوخۆ ودەرەوەدا. سەرکەوتنی سۆڤیەت لە شەڕی جیهانی دووهەم و بەربڵاوکردنی دەسەڵاتی خۆی لە پاش ئەم شەڕە، بە مانای سەرکەوتنی مێژوویی و بە موراد گەیشتنی ستالینیزم لە جیهاندا لە ئەژمار ئەهات.

کۆمۆنیستەکان تا ئەو کاتەی ستالین مابوو، ئەویان بە گەورەترین شرۆڤەگەری مارکسیزم و باڵاترین سەرچاوەی تیۆری بزووتنەوەی نێونەتەوەیی کۆمۆنیزم لە قەڵەم ئەدا بەڵام پاش مەرگی لە کۆنگرەی بیستەمدا خرۆشچۆف، سکرتێری گشتی حیزبی کۆمۆنیست بیلانێکی لە تاوانەکانی ستالین بڵاوکردەوە و لە کۆنگرەی بیست ودوهەم ئەم تاوانانە زیاتر لێکدرانەوە. ئینجا ستالینیزم بە سەرپێچی کردن لە فەرمانەکانی

لینین زانرا و بە تاوانبار دەرچوو. لەمەودوا ناوهێنانی ستالین و بیروڕاکانی لە باو کەوت و ستالینیزم، بە زوڵم و زۆر و تاك پەرستی و دیکتاتۆرییەت و ڕژێمی پۆلیسی لێك درایەوە.

لە جووڵانەوەی نێونەتەوەیی بە دژی کۆمۆنیزم، حیزبی کۆمۆنیستی یوگۆسلاڤیا یەکەم حیزبێك بوو کە بەدژی ستالینیزم و پێدرێژیی ستەمکارانەی سۆڤیەت بۆ سەر حیزب و وڵاتە کۆمۆنیستەکان، ڕاپەڕی و ئەم کارەی بە لادان لە مارکسیزم ـ لێنینیزم لە قەڵەم دا.

یەکێك لە بەناوبانگترین شرۆڤەکانی ستالین کە لە تیۆرییەکانی مارکسیست ـ لێنینیست کردبووی، تیۆری «دەوڵەتی سەرەمەرگ» و «ئینتەرناسیۆنالیزم» بوو. ئەو لە وەڵامی ئەو کەسانەی بە ڕەخنە گرتن لە مارکسیزم پاش نەهێشتنەوەی چینی چەوساوە، (بە بڕوای ستالین ئەم چینە لە سۆڤیەت نەمابوو) مەسەلەی لەناوچوونی دەوڵەتیان باس ئەکرد دەڵێ: دەوڵەت بە لاوازکردن، تووشی مەرگی کاوەخۆ نابێت بەڵکوو زیاتر، بە بەهێزبوونی دەفەوتێ. لە بابەت ئینتەرناسیۆنالیزمیش دەڵێ: «ئینتەرناسیۆنال، کەسێکە بە گیان و بەدڵ بۆ پاراستنی یەکییەتی سۆڤیەت لە خۆی ببورێ ... چونکا هەرکەس گومان بکات کە بێ یەکییەتی سۆڤیەت دەتوانێ لە خەبات و شۆڕشی جیهانی داکۆکی بکات، لە ڕاستیدا بە دژی شۆڕش وەستاوە و دەکەوێتە ناو بازنەی دوژمنانی شۆڕشەوە». بەم پێیە ستالین، ستراتیجی* و تەکتیك*ی حیزبە کۆمۆنیستەکانی بە شێوازێکی ڕەها ئەبەستەوە بە سیاسەتی دەرەوەی سۆڤیەت. بەڵام ئەم تیۆرییە لە پاش مەرگی ستالین تا ڕادەیەکی زۆر ڕەتکراوە و بە تایبەت پاش سەرهەڵدانی پرۆسەی ستالینسڕینەوە، کە بە گوزارشە پەنامەکیەکەی خرۆشچۆف(١٩٦٥)دەستی پێکرد و تێیدا پەرستشی تاك مەحکووم کرابوو، باڵادەستی و مەرجەعییەتی سۆڤیەت لە جووڵانەوەی نێونەتەوەیی کۆمۆنیزم، تووشی نسکۆ هات. ئینجا، شەڕی ئایدیۆلۆجیکی چین و سۆڤیەت و لە پاشان، لادانی حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئەورووپای ڕۆژاوا ـ کە لە گەڵ حیزبە کۆمۆنیستەکانی فەڕەنسە و ئیتالیا و ئیسپانیا، بەرەیەکی نوێیان بە ناوی «کۆمۆنیزمی ئەورووپی» پێکهێنابوو ـ لانیکەم، سێ بەرەی تری لێ جیا بۆوە. هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی ستالینیزم لە مارکسیزم ـ لینینیزم و سڕینەوەی شێوازی ستالینی پاش بێدەس مانەوەی خرۆشچۆف لە دەسەڵات لە سۆڤیەتدا هەرەسی هێنا کەچی فەرمانڕەوایانی دواتر، بێئەوەی ناوێك لە ستالین بێنن، هەندێ دەزگا و دۆگمای ستالینییان لەو وڵاتەدا زیندوو هێشتەوە.

لەم چەن ساڵەی دواییدا لە لایەن هەندێ دەزگای ناحکومییەوە، سەرلەنوێ لایەنگری لە ستالین ـ وەك ڕێبەرێکی بەتوانا بۆ ئیدارەی حوکمەتی سۆڤیەت ـ سەری هەڵداوە، تا ئەو ڕادەی کە چەندەها پەیکەری ستالین، نوێ کراوەتەوە و لە مۆزەخانەی تایبەت ڕێزی لێدەگیرێت.

ستراتیجی   استراتژی / راهبرد   Strategy

ئەم زاراوە لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی سەربازییە و بە مانای هەڵسەنگاندنی وەزعی خۆت و دوژمنەکەت یان دانانی پیلانی جەنگ و فەرماندەیی هێزی سەربازی لێکدراوەتەوە. لە سیاسەتدا بە مانای خستنە گەڕی

سەرجەم تواناییەکان و گۆڕینی باشتری هەلومەرجەکانە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی سیاسی. کەواتە ئەتوانین خستنەگەڕی تەواوی وزە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دوورمەودای نەتەوەیی وەك، بە پیشەسازیکردنی وڵات یان گەیاندنی ئاستی بەهرەداری و دەسەڵاتی نەتەوەیی بە سنورێکی دیاریکراو، بە ستراتیجی ناوبردە بکەین. بەم پێیە ستراتیجی، هاوسەنگە لە گەڵ مێتۆدێکی گشتی بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی‌گشتی.

رەنگە ستراتیجی، هەمیشە بە ئامانجە سەرەکییەکەی نەگات یان لە مەیداندا (چ سەربازی چ سیاسی) سەرکەوتوو نەبێت بەڵام هەوڵی ستراتیجی زانەکان ئەوەیە کە تووشی کەمترین شکست بن.

بەڵام بۆ گەیشتن بە هەر ئامانجێکی گشتی ئەبێ لە چەن قۆناغ تێپەڕین. بە چۆنییەتی تێپەڕبوون لەم قۆناغانە و هەمواركردنی رێگا، تەکتیك دەگوترێ. چۆن لە جەنگێکدا گرتنەوەی گردێکی دیاریکراو بایەخێکی تەکتیکی هەیە، لە سیاسەتیشدا بە دەسهێنانی دڵی چینی مامناوەندی بۆ ئەوەیکە لە هەڵبژاردندا بە حیزبێکی چەپی دەنگ بدات، تەکتیك* لە ئەژمار دێت.

دەوڵەتەکان، لە پرۆسەی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ناچارن لە ئاست سیاسەتی دەرەکی، دیدێکی ستراتیجیکی بە کار بێنن. لەم بۆچوونەدا رەنگە سیاسەتێك سەرکەوتن بەدەس بهێنێت کە پەسندی هەموان نەبێت.

ستراتیجی نەتەوەیی استراتژی ملی/راهبرد ملی National Strategy

١ــ پەرەپێدانی هاوسان و هاوئاهەنگ بە هێزە سیاسی و کەلتووری و ئەخلاقی و ئابووری و سەربازییەکانی نەتەوە و وەگەڕخستنی ئەم هێزانە.

٢ـ زانست و تەکنۆلۆجیای بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتووری و سەربازی وڵاتێك لە کاتی ئاشتی و شەڕ بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکان.

سروودی نەتەوەیی/نیشتمانی سرود ملی National Hymn

١ـ سروودێکی رەسمییە کە بالانوێنی رۆحی نەتەوە و کەلتوور و داب ونەریت و مێژووی وڵاتێکە.

٢ـ ئاوازێکی نیشتمانپەروەرانە و ئایدیالییە کە لە کاتی فەرمیدا بۆ رێزگرتن لە وڵاتێك تۆمار ئەکرێت.

سڕینەوەی مرۆڤایەتی انسانیت زدایی Dehumanization

بەربەست کردن یان نەلێکردنی ئەندێشە و کەیفییەتی ئەو چالاکییانەی کە تایبەتی مرۆڤ بن. سڕینەوەی مرۆڤایەتی، زیاتر لەخۆ بێگانەبوونە وەك لەوەیکە بێگانە لە سیستەم یان ستراکتوورێکی دەرەکی بێت. مارکس ئەم حاڵەتەی بە رەگەزێکی تێکتەنراوی بێگانەبوونێکی گشتی لە ئیش و کار ناوبردە ئەکرد کە لە هەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتیدا سەرهەڵئەدا و کرێکار ناچار ئەکات زیاتر لەوەیکە بۆ گەشە و نەشەی خۆی

یان کەسایەتییەکەی کار بکات، تەنیا بۆ پاراستن و هێشتنەوە و مانەوەی خۆی مل ئەداتە کار. ئیمڕۆکە ئەم زاراوە بە گشتی بۆ ئەو ئەرکە ماشینی و دووپاتیانەی بەشی مۆنتاژ بە کار ئەبرێ کە بەردەستەکانی تاکوو ئاستی کەرتێکی ماشینی دائەبەزێنێ.

سزاریزم: بڕوانە قەیسەرگەریتی.

سکۆلاریزم سکولاریسم Secularism

سکولار لە ڕیشەی لاتینی saeculum بە مانای کاروباری ئەم دنیا وەرگیراوە واتە جیهان پەرستی، ئەو شتەی کە پێوەندی بەم جیهانە خاکییەوە هەبێت. لە زاراوەی سیاسی و فەلسەفیدا بریتییە لە بڕواهێنان بە ڕاگواستنی سەرچاوە لە دەزگا ئایینیەکانەوە بۆ کەسان یا ڕێکخراوەی نائایینی. واتە گوێ بە ئایین نەدان و لە ئایین دابڕان، جیا کردنەوەی ئایین لە کاروباری حوکمەت و جیهان بە تایبەتی پەروەردەو فێرکردنی قوتابیان. بە پێی ئەم تیۆرییە، ئەو شتەی کە لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا ڕەسەن لە ئەژمار دێت، سیاسەتە نەك ئایین، چونکا ئایین شتێکی تاکەکەسی و شەخسییە. سکۆلاریزم بە واتای دنیا پەرستی و ڕەتکردنەوەی هەموو شتێك جگە لە دنیا و بە ئەسڵ دانانی دنیا ڕاڤە دەکرێت کەوابوو ڕەتکردنەوەی ئایینیش دەگرێتەوە.

بیرۆکەی پێویستی جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کێشمەکێش و ناکۆکییانەی کە لە تێکەڵکردنی شتە ڕۆحی و دەروونییەکان لە گەڵ شتە دنیایی و مادییەکان هاتبووە ئاراوە. ئەمیش سەرەتا لە کۆمەڵگای مەسیحییەکان و ڕۆما خۆی نیشان دا. ئەمان بۆ پاساوی بیر و بۆچوونەکەیان پشتیان بەم گوتەیەی عیسا پێغەمبەر بەستبوو کە دەڵێ: «ماڵی قەیسەر بۆ قەیسەر و ماڵی مەسیح بۆ مەسیح» واتە عیسا بە دینی خۆی و مووسا بە دینی خۆی!

لە سەدەکانی پاش چاخی ڕۆشنگەری و پاش سەرهەڵدانی فەلسەفەکانی لیبرالیزم و دیموکراسی، ئەندێشەی جیاوازی ئایین لە سیاسەت بە کردەوە پیادە کرا تا ڕادەیەك کە ئەمێستا ئەم بیرۆکە وەك بەشێکی سەرەکی دەستووری بنچینەیی وڵاتانی ڕۆژاوایی لێ دەرهاتووە.

سکولاستیکیزم فلسفه مدرسی/اسکولاستیسیم Scholasticism

ئەم زاراوە لە ڕیشەی لاتینی scholastica بە واتای «وانە قوتابخانەییەکان» وەرگیراوە. لە سەدەکانی ناوەڕاست باس و گفتوگۆ زانستی و فەلسەفیەکان پتر لە ناو قوتابخانە و کلێسا و پەرستگەکان ئەنجام دەدران هەر بۆیە باسە زانستیەکانی ئەو سەردەمە بە زانستی سکولاستیك ناوبانگیان دەرکردبوو. لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە ئیمانیان بەلاوە گرنگتر بوو لە ئەقڵ و ئاوەز و پێیان وابوو کە ئەبێ لە پێشدا بڕوا و ئیمانمان هەبێ ئینجا بابەتەکان بفامێنین. بەڕای ئەمان، ئایین لە لایەن خوداوە بە مرۆڤ عەتا کراوە و ئەقڵ ناتوانێ لە بەرامبەریدا ملهوڕیی بکات و ڕەتی بکاتەوە. باوەڕمەندانی ئەم ڕێبازە لە گەڵ هەر چەشنە سەربەخۆییەکی

فیکریدا نەیارن و تەنیا بە نووسراوەکانی کتێبی پیرۆز و بنەما فیکریەکانی ئایینی مەسیح پشت ئەبەستن.

ئەم فەلسەفە ئەگەرچی پشتی بە ئایینی مەسیح بەستبوو، بەڵام لە راستیدا جۆرێك گەڕانەوە بوو بۆ قوتابخانەکانی یۆنانی کۆن و لە ژێر کاریگەریی نیشتمانی خەیاڵی و ئایدیالی پلاتۆدا بوو. پاش سەرهەڵدانی رێنسانس لە ئەورووپا و پەیدابوونی هزرڤانان و بیرمەندانێك کە بنەماکانی سکولاستیکیان خستەبەر گومان، هەندێ ریفۆرم بە سەر ئایینی مەسیحدا هات و رێگا بەم قوتابخانە لێژ کراو و جێگای خۆی دا بە رێبازی راسیۆنالیزم.

سۆسیال ئیمپریالیزم سوسیال امپریالیسم Social Imperialism

یەکەم جار، لێنین، ئەم زاراوەی لە ساڵی ۱۹۱٦ بۆ بەرپەرچدانەوەی کائۆتسکی و رێبەرانی دیکەی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیا بەکار هێناوە و مەبەستی ئەوە بووە کە بە زمان لایەنگری سۆشیالیزمە و بە کردەوەش، سیاسەتی ئیمپریالیستی پیادە ئەکات.

دوابەدوای دەرکەوتنی ناکۆکی و کێشەی ئایدیۆلۆجیکی لە نێوان چین و سۆڤیەت، چینی یەکان ئەم زاراوەیان وەك ناتۆرە، بە سۆڤیەتیەکانەوە لکاند. ئەوان پێیان وابوو کە سۆڤیەتیش زلهێزێکی ئیمپریالیستیە کە دەخوازێت لە ژێر ناوی سۆشیالیزم، وێڕای دەسەڵاتدارییەتی بە سەر وڵاتانی دیکە، دەسەڵاتی سیاسی خۆی بەسەریان داسەپێنێ و لە سەرچاوە سرووشتی و ئینسانییەکانی ئەم وڵاتانە کەڵك وەربگرێت. بە واتایەکی‌تر، چینی یەکان لەو باوەڕەدا بوون کە سۆڤیەتیش وڵاتێکی ئیمپریالیستیە بەس تەنیا جیاوازییەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ سیستەمی ئابوورییەکەی کە لەبری ئەوەی سەرمایەداری تایبەتی بێت، سەرمایەداری دەوڵەتیە. لایەنگرانی سۆسیال ئیمپریالیزم، ئیمپریالیزمی تازەپێگەیشتووی سۆڤیەتیان، لە ئیمپریالیزمی ئەمریکا و رۆژاوا بە مەترسیدارتر دەزانی.

سۆسیال داروینیزم سوسیال داروینیسم Social Darwinism

لە میانەی سەدەی ۱۹ بۆچوونە ژینگەناسیەکانی چارلز داروین لە سەر تیۆرییە سیاسیەکان کاریگەرییان دانا. گریمانەکانی داروین لە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ململانێ تەئکیدیان دەکرد و پێوەبوون کۆنتڕۆڵی سیاسی لە لایەن کەمینەیەکی سیاسی و سیستەمێکی ئابووری سەرمایەداری پاساو بدەن.

سپێنسر و گراهام سامنر، وەك پێشەنگی سوسیال داروینیزم، شەڕی مان و نەمان یان لە دۆخ دەدا (واتە کردوکۆشی گیانلەبەران بۆ زاڵبوون بەسەر دوژمن و بارودۆخی وادا کە بیانخاتە مەترسی لەناوچوونەوە) بەڵام لە لایەکی‌ترەوە بیرمەندانێکی وەك پارسۆنز و گامپلۆڤیچ و سیاسەتمەدارانێکی وەك بیسمارك، چەمبرلێن و رۆزڤێلت جیاوازی رەگەزی و زایەند و پەرەسەندنی ئیستیعمار و شەڕیان بەهەند ئەگرت و بە هۆکاری ململانێ و کێشمەکێشی نێوان نەتەوە و گرووپەکانیان دەزانی.

سۆسیال دیموکراسی سوسیال دموکراسی Democratic Socialism

لقێکی سۆشیالیزم و بزاوتی کرێکاری لە ئەژمار دێت کە جەخت ئەکات لە سەر بنەمای دیموکراسی بۆ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و بڕوای بە ریفۆرم(چاکسازی) هەیە نەك شۆڕش. لە باری مێژوویی‌یەوە، سۆسیال دیموکراسی لە پاش ئینتەرناسیۆنالی یەکەم بەدی‌هات. لەو کاتەدا زۆربەی حیزبە سۆسیالیستەکان کە دواتر لە «ئینتەرناسیۆنال سۆسیالیست» کۆمەڵیان بەست، کەمتاکورتێك لە گەڵ ژیانی سیاسی وڵاتانی خۆیان یەکپارچە بوون و یەکیان گرتەوە.

لە باری تیۆرییەوە لە ئەورووپا بزاڤی سۆسیال دیموکراسی تا رادەیەکی زۆر دەرەنجامی پیاچوونەوە بە مارکسیزم و دەست بەردان لە دۆگماتیزمی تیۆری بوو. دوابەدوای سەرکەوتنی بولشویزم* لە سۆڤیەت، ریفۆرمخوازە سۆسیال دیموکراتیەکان بە یەکجاری لێك جیا بوونەوە و تەنانەت بەدژی یەکتر راوەستان. دوای شەڕی جیهانی دووهەم، سۆسیال دیموکراتەکان هەیمەنەی خۆیان لە ئەورووپای رۆژاوا بە دەست هێنایەوە بەڵام لە ئەورووپای رۆژهەڵات سەرکوت کران. سیاسەتی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی سۆسیال دیموکراتی ئەورووپای رۆژاوا لە روانگەی هەندێ لە ئەندامانی ئەم حیزبانەوە سازشکارانە بوو، بەم بۆنەوە لە نێوان باڵی راست و چەپی ئەوان، کێشە درووست بوو.

ئینتەر ناسیۆنال سۆسیالیست لە ساڵی ١٩٥١، گرنگترین ئامانجەکانی بزاوتی سۆسیال دیموکراسی بەم جۆرە پێناسە ئەکات:

سۆشیالیزم، خوازیاری جێگیربوونی سیستەمێکە لە بری سەرمایەداری* کە تێیدا قازانجی گشتی بە سەر قازانج و بەرژەوەندی تاکەکەسی زاڵ بێت. بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش دەبێ بەرنامەیەکی وا بۆ بەرهەمهێنان دابڕێژرێت کە قازانجی هەموان لە بەرچاو بگرێت. ئەم بەرنامەش بە کۆجێکردنی دەسەڵاتی ئابووری لە دەستی کەمینەیەك سەرناگرێت بەڵکوو پێویستیەکەی چاودێریەکی دیموکراتیانە و کاریگەرە بە سەر ئابووردا. کەواتە سۆسیال دیموکراسی، لە گەڵ پلاندانانی سەرمایەداری و هەر چەشنە بەرنامەیەکی تۆتالیتەری بە توندی دژایەتی دەکات چونکا هەردوکیان لە بەردەم چاودێریی گشتی بە سەر بەرهەمهێنان و دابەشکردنی یەکسانی بەرهەمەکان تەگەرە سازدەکەن. جاڕنامەی ئینتەرناسیۆنال سۆسیالیست، بانگەشەی ئەوە دەکات کە سۆشیالیزم بەدەر لە دیموکراسی بەدی نایە و بە «سۆسیالیست» ناوبردە کردنی هەندێ لەو وڵاتانەی کە بە سیستەمی تۆتالیتەری ئیدارە ئەکرێن، بە هەڵە دەزانێ. سۆسیالیستەکان بۆ پێشڤەبردنی دیموکراسیەت لە پیشەسازیی و ئاستەنگکردنی بورۆکراسی، بەهێز کردنی یەکیەتییە کرێکارییەکان و بەڕێوەبەرانی کارگەکان بە پێویست دەزانن.

بە درێژایی سەدەی بیستەم، چ لە لایەن بیردۆزان و چ جەماوەرەوە، سۆشیالیزم بە واتای بەربڵاوی حوکمەتکردن بە سەر خۆدا هاوپێوەند لە گەڵ دیموکراسی لە قەڵەم دراوە. بەڵام لە میانەی ئەم سەدەوە تا هەڵوەشانەوەی سیستەمی کۆمۆنیستی کە لە ١٩٨٩ دەستی پێکرد، سۆشیالیزم و دیموکراسی بە گشتی وەك هاودژی یەکتر ناوبردە کراون. هۆکاری سەرەکی ئەم گۆڕانە فیکریەش ئەگەڕێتەوە بۆ هەڵسوکەوتی

دیکتاتۆریانەی دەوڵەتانی سۆشیالیستی و تێکەڵ بوونی کۆنەپەرستانەی دەزگا سیاسیەکانی لیبراڵ ـ دیموکراسی لە گەڵ ئابووری سەرمایەداری لە وڵاتانی سەرمایەدار.

دیموکراسی کۆمەڵایەتی یان سۆسیال دیموکراسی لە سەرەتای سەدەی بیستەم، لە لایەن ئیدوارد برێنختاین، یەکێك لە مارکسیە ئەڵمانیەکان هاتە ئاراوە. برێنختاین، رایگەیاند کە پێشبینییەکانی مارکس دەربارەی مەرگی سەرمایەداری و دواتر بەدەسەڵات گەیشتنی چینی کرێکار ـ کە ئەودەم نوقلانەیەکی زانستی لە قەڵەم درابوو ـ هەڵە و نادروستن. دەرکەوتنی ئەم ناڕاستییە بووە هۆی سەرهەڵدانی بزاوتێك کە بە ناخی سۆشیالیزمدا بچێتەوە و بە کەڵك وەرگرتن لە پەرلەمان و شێوازی ریفۆرمخوازانە، وەرچەرخانێك بە رێبازەکە بێنێت کە لەم ناوەدا دیموکراسی کۆمەڵایەتی، وەك ئاستێکی ناوەنجی سۆشیالیزم و لیبرالیزم پەسند بکات.

دیموکراسی کۆمەڵایەتی، سیاسەتێکی یەکسانخوازانەیە کە بڕوایەکی بەهێزی بە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی نوێ هەیە و بە ئەرکی سەرشانی دەوڵەت ئەزانێ کە سەرلەنوێ داراییەکان دابەش بکاتەوە. سۆسیال دیموکراسی، بنەما ئازادیخوازییەکان لە بابەت دیموکراسی نوینەرایەتی و ئابووری تایبەتی و دەوڵەتی پەسند ئەکات و سەرنج ئەداتە ریفۆرمی سیاسی و وەفاداری خۆیان بە ئارمانجی ئەخلاقی عەدالەتی کۆمەڵایەتی رائەگەیەنن.

بە باوەڕی مارکسییەکان، دیموکراسی رۆژاوا دیموکراسی بۆرژوازییە کە لە خزمەت چینی سەرمایەداردایە ئەوان پێیان وایە کە باشترین شێوازی دیموکراسی، دیموکراسی سۆشیالیستییە چونکا لە خزمەت زۆرینەی هەرەزۆری رەنجدەرانە و بەرژەوەندییەکانیان بە باشی ئەپارێزێ و ژێرخانە ئابوورییەکەشی، موڵکداریەتی گشتییە لە پێناو کەرەستەی بەرهەمهێناندا.

بە پێی ئەم مەرامە، لە سیستەمی سۆشیالیستیدا، عەدالەتی راستەقینەی تاکەکان بێ رەچاوکردنی رەگەز و نەتەوە و ئایین و زایەند لە هەموو بوارەکان دابین ئەکرێت

سوسیال فاشیزم — سوسیال فاشیسم — Social Fascism

ئەم زاراوە لە لایەن کۆمۆنیستە نەیارەکانی مۆسکۆ بە رۆڵی یەکیەتی سۆڤیەت لەو وڵاتە دەگوترا. بەڵگەی لایەنگرانی ئەم روانگە ئەوە بوو کە بە گۆڕانی سۆڤیەت لە دۆخی سۆشیالیزمەوە بۆ هێزێکی سۆسیال ئیمپریالیستی چینێکی بورژوا دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرتووە و بوونەتە هۆی پەرەسەندنی فاشیزم لەم وڵاتەدا.

سۆسیال کاتۆلیسیزم — سوسیال کاتولیسیسم — Social Catholicism

بریتیە لە بزاوتێکی فیکری کە لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ دەستی پێکردووە. ئەم رێبازە خەباتی خۆی بە دژی سنعاتیبوون بە شێوازی لیبرالیستی و هاوڕێ لە گەڵ قوتابخانەی تاکگەرایانە هێورتر کردووە.

لایەنگرانی ئەم ڕێبازە وێڕای بایەخدانان بە باوەڕە ئایینیەکانی خۆیان، بە بنەمای ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتیش بڕوایان هەیە. ئەو کاتۆلیکانەی کە خۆیان بە سۆسیال دەزانن، لە سەدەی نۆزدەوە بە دژی تاکگەرێتی بێسەروبەری کۆمەڵگای لیبرالی و ئابووری لیبرالی دەست بەکار بوون. ئەم بزاوتە خەباتی خۆی کێشاوەتە ناو کۆمەڵە کرێکارییەکان و بە شێوازی تیۆریك درێژە بە خەبات بەدژی تاکگەرێتی و بێباوەڕی ئەدات.

سۆشیالیزم سوسیالیسم Socialism

سۆشیالیزم لە ریشەی لاتینی sociare بە واتای یەکگرتن و پەیوەست بوون پێکەوە، وەرگیراوە. سۆشیالیزم مانای زۆری هەیە بەڵام واتای گشتی زاراوەکە بریتیەلە: «تیۆری یان سیاسەتێك کە ئامانجەکەی خاوەنداریەتیکردن یا چاودێری کۆمەڵگایە بە سەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان (سەرمایە، خاك، دارایی، تەکنۆلۆجی) و وەگەڕخستنی ئەم شتانە بە قازانجی هەمووان. » بەم حاڵەش مانایەکی یەکلاکراو بۆ ئەم زاراوە لە ئارادا نییە چونکا چەمکی«خاوەنداریەتی و چاودێری گشتی» وەك هەویرێکن کە ناو زۆر ئەکێشن. گرنگترین ڕەگەزی هاوبەشی تیۆرییە سۆشیالیستیەکان جەخت کردنە لە سەر باڵادەستیی کۆمەڵگا و قازانجی گشتی بە سەر تاك و قازانجی تاکدا. لە ڕوانگەی مێژووییەوە، سۆشیالیزم هەڵبڕینی دەنگە بە دژی تاك باوەڕی و لیبرالیزمی ئابووری هاوچەرخ.

ئەگەرچی وشەی سۆشیالیزم وشەیەکی نوێیە و بەرهەمی ڕووداوەکانی سەدەی هەژدەیە بەڵام هەندێ پێیان وایە کە پێشینەی ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ سەروبەندی ئەشکەوتنشینی مرۆڤ کە ئەودەم ئینسان ناچار بوو بە شێوەی کۆمەڵەکی بژی. بەم جۆرە سۆشیالیزمە دەگوترێ «سۆشیالیزمی سرووشتی».

بەکارهێنانی وشەی سۆشیالیزم ئەگەڕێتەوە بۆ جیاوازییەك کە لە نێوان شۆڕشی سیاسی و شۆڕشی کۆمەڵایەتی بەرچاو دەکەوێت کە مێژووی ئەم جیاوازییەش لە سەرەتاکانی ١٨٠٠ بەملاوە دەست پێئەکات. زاراوەی سۆشیالیزم یەکەم جار لە فێوریەی ١٨٣٢ لە ڕۆژنامەی سەن سیمۆن بڵاو کراوەتەوە. هەندێ لە نووسەران لە سەر ئەم باوەڕەن کە شکست هێنانی شۆڕشی مەزنی فەرەنسا و ڕۆچوون بە هەناوی دیکتاتۆری ناپیلئۆندا دەرەنجامی ئەم ڕاستیە بوو کە شۆڕشەکە تەنیا شۆڕشێکی سیاسی بووە و لە ڕووکاری دامودەزگای دەوڵەتیدا قەتیس ماوە و شۆڕشی کۆمەڵایەتی (بە مانا سۆشیالیستیەکەی) لە ئەندێشە و شێوە ژیانی جەماوەر لە ئارادا نەبووە. ئەم شرۆڤە دەگەڕێتەوە بۆ مارکس کە پێی وابوو شۆڕشی فەرەنسا کردەیەکی سیاسی بورژوازانە بووە.

خاڵێکی گرنگ کە دەبێ ڕوون بکرێتەوە ئەمەیە کە شتێکی تۆکمە و یەکدەست بە ناوی سۆشیالیزم لە ئارادا نییە، بەڵکوو دەبێ باس لە سوسیالیزمی جۆراوجۆر بکرێت کە زۆربەیان لە گەڵ ئایدیۆلۆجیاکانی دیکە تێهەڵکێش بوون. لەم بابەتەوە دوکترینێکی سەربەخۆ لە ئارادا نییە و دەبێ بە شێنەیی لە گەڵیدا هەڵسوکەوت بکرێت چونکا هەڵوێستی زاڵی مارکسیزم لە مێژووی بزاوتی سوسیالیستیدا بۆتە هۆی ئەوە کە ئەغڵەب جار سۆشیالیزم بە چاوی مارکسیزم سەیر بکرێت. مارکسیزم، سۆشیالیزمی حەقیقی نییە بەڵکوو

یەکێکە لە رەگەزەکانی سۆشیالیزم.

زۆربەی لێکۆڵەرانی سۆشیالیزم، یەکسانی، بە بایەخی سەرەکی سۆشیالیزم ناوبردە ئەکەن و گوتراوە کە هەر سۆشیالیستیک دەبێ زیا لە هەموو شتێك یەکسان خواز بێت کەچی بە پێچەوانەوە هیچ باسێك لە ئازادی نەکراوە. لەم رووەوە داکۆکی کردنی لەرادەبەدەر لە یەکسانی، بە واتای رەتکردنەوەی ئیمکانی ئازادی لێك دراوەتەوە. بۆیە دەڵێن سۆسیالیستەکان ناتوانن لایەنگری لە ئازادی بکەن.

هەندێ جار گومان دەکرێت کە هەموو سۆسیالیستەکان دەوڵەتخواز بن و بە جۆرێکی جیاواز لە چەمکی دەوڵـەت تێگەیشـتبن کەچـی ئەمانـە هەڵەیـە. وێنـاکردنی سۆشـیالیزمی لایـەنگری دەوڵـەت، هاوواتـای کۆمەڵخوازی دێتەوە. کۆمەڵخوازی تەنیا مێتودێك نییە بۆ هەڵکشانی سۆشیالیزم بەڵکوو خاوەنی ستراتیجی بەهێزە کە زۆربەی سۆسیالیستەکان رەتیان کردۆتەوە. لە لایەکیترەوە ئەغڵەب مارکسیزم لەگوێن رێبازێکی دەوڵـەتخواز سـەیر کـراوە و وەك نموونـەیەکی ئایـدیالی دەوڵـەتی سۆشیالیسـتی ناوەنـدخواز سـەیر نـەکرێت کەچی لە نووسراوەکانی مارکس و ئینگڵس، روانگەیەکی پۆزەتیڤ دەربارەی دەوڵەت بەدی ناکرێت و ئەوەی کە دیارە شرۆڤەیەکی یەکجار نیگەتیڤە.

سـەرهەڵدانی مارکسـیزم لـە میانـەی سـەدەی نـۆزدە، وەرچـەرخانێکی گـەورە بـوو لـە ئەندێشـەی سۆشیالیسـتیدا چـونکا لـەم قۆناغـە بـەدواوە، کـەمتاکورتێك هـەموو بزاوتـە سۆشیالیسـتیەکان کەوتنـە ژێـر کاریگـەری ئـەم ئایـدیۆلوجیاوە. مارکسـیزم، خـۆی بـە «سۆشـیالیزمی زانسـتی» پێناسـە کـرد چـونکا سـاعـەی رێبازەکەی لە سەر شیکاری کۆمەڵایەتی و مێژوویی و دۆزینەوەی «یاسا جەبرییەکانی . مێژوو دانابوو

سـەرهەڵدانی بولشـویزم لـە سۆڤیەت و سـەرکەوتنی لـە ١٩١٧ قۆنـاغێکی دیکـەی مێـژووی وەرچـەرخانی سۆشیالیزمە چونکا لە دوای ئەم قۆناغە بوو (لە ١٩٢٠) بزاڤی سۆشیالیستی بە دوو لقی سەرەکی کۆمۆنیزم و سۆشیالیزم دابـەش کـرا. تایبەتمەنـدی کۆمـۆنیزم، جـەخت کـردن بـوو لـە سـەر ماهییـەتی شۆڕشـگێڕانەی مارکسـیزم و بـەدیهاتنی سۆشیالیزم کەچـی سۆسیالیسـتەکان هێـدی‌هێـدی لـە خەسـڵەتی شۆڕشـگێڕانە و زانسـتیانەی مارکسـیزمەوە بایانـداوە بـەرەو خەسـڵەتی ئـەخلاقی سۆشـیالیزم و نەریتـەکانی دیموکراسـی رۆژاوایـی. بـەم جـۆرە، بزاوتـی سۆشیالیسـتی دوو بـاڵی شۆڕشـگێڕانە و ریفۆرمخـواز*ی لـێ جیـا بـۆوە و ریفۆرمخوازەکانیش، دواتر بە «سۆسیال دیموکرات» ناویـان دەرکـرد. نووکـە، پێناسـەی «سۆسیالیسـت» بـە دەگمەن بۆ کۆمۆنیستەکان بەکار دەبرێت.

سۆشیالیزم لە گەڵ هەر چەشنە پێناسەیەکی بنبڕکراودا نەیارە، چونکا بە پێی بۆچوونی مارکس شێوازی سۆشیالیزم پێوەندی هەیە بە هەلومەرجی مێژوویی و کۆمەڵایەتیـەوە. کەواتە رەنگە سۆشیالیزم دەوڵـەتی بێـت یـان لایـەنگری ئـازادی تاکەکـەس، مارکسـی بێـت یـان لیـبراڵ، شۆڕشـگێڕ بێـت یـا لایـەنگری ئینتەرناسیۆناڵ*. بەڵام لە سـەر ئامانجەکانی سۆشیالیزم رێککەوتنێك هەیـە ئـەویش بریتیەلە کۆمەڵگایـەکی بەدەر لـە چینایەتی لـە سـەر بناغـەی خۆماڵیکردنی دارایی و ناوەنـدە سـەرەکییەکانی بەرهـەمهێنان. خـەونی جیهـانگیربوونی برایـەتی، مرۆڤایـەتی و ئـازادی لـە نێـوان هـەموو قوتابخانـە فیکرییـەکانی سۆشیالیزمدا

هاوبەشە.

خاڵێکی جیاواز کە دەکرێ ئاماژەی پێ بدرێت ئەوەیە کە سۆسیال دیموکراسی، تێدەکۆشێ بە شێوازێکی دیموکراتیانە دەست بە سەر دەوڵەتدا بگرێت بەڵام سۆشیالیزمی شۆڕشگێڕانە لە شوێن سڕینەوەی دەوڵەتی هەنووکە و دامەزرانی دەوڵەتێکی نوێیە لە ڕێی دیکتاتۆری پرۆلتاریا (مارکسیزم*، لینینیزم*، کۆمۆنیزم*).

بێ گومان تیۆری و ئاریشە گرنگەکان، بە پێی زەمەن و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازییان هەیە. سۆشیالیزم لە ڕاستیدا بزاڤێکە بۆ پەرەپێدانی خۆشبەختی و خۆشبژێوی هەموو کەسێك. ئەم بزاوتە بە شوێن «گەورەترین شادی و خۆشحاڵی بۆ زۆرترین ڕادەی خەڵك» ە، نەك بۆ بوونەوەرێکی میتافیزیکی وەك دەوڵەت کە تەنیا بۆ بەدیهاتنی خواستی هەندێ کەس هاتبێتە کایەوە.

دوای هەندێ گۆڕان بە سەر بنەماکانی سۆشیالیزم، واتاکانی سۆشیالیزمیش گۆڕانی بە سەردا هاتووە و چەندەها لقی جوراوجۆری لێ بۆتەوە. بە گوتەی گریفیس نووسەری بریتانیایی، نزیکەی ٢٦١ جۆری سۆشیالیزم هاتۆتە ئاراوە کە هەرکامیان پێناسەی خۆی هەیە بەڵام وەك ئاماژەی پێدرا ڕەگەزی هاوبەشی تیۆرییە سۆشیالیستیەکان داکۆکی کردنە لە سەر باڵادەستیی کۆمەڵگا و قازانجی گشتی بە سەر تاك و قازانجی تاکەکەسدا. نموونەکانی ئەم سۆشیالیزمانە بریتین لە: سۆشیالیزمی پەرەسەندووانە، سۆشیالیزمی زانستی، سۆشیالیزمی فابیان، سۆشیالیزمی پیشەیی، سۆشیالیزمی مارکسی، سۆشیالیزمی لیبرال، سۆشیالیزمی پەرلەمانی و...

سۆشیالیزمی پیشەیی — سوسیالیسم صنفی — Guild Socialism

لقێکی بزاوتی ڕادیکالیزمی ئەوروپییە کە لە ساڵی ١٩٠٦ دامەزراوە. ئەم بزاوتە خوازیاری گەڕانەوەیە بۆ سیستەمی پیشەیی سەدەکانی ناوەڕاست. لایەنگرانی ئەم بزاڤە چالاکییەکانی خۆیان لە ناو یەکیەتی و ئەنجومەنەکاندا کۆ دەکەنەوە و قازانج و بەرژەوەندی کرێکاران تەنیا لە ڕێگەی کارگە و دامودەزگاکاندا دەبینن و بڕوایان بە دروستکردنی یەکیەتی پیشەیی هەیە. بەم بۆنەوە یەکیەتی کرێکاری ڕێك ئەخەن و بە شێوەیەکی پیشەیی و ئەنجومەنی، پیشەسازییەکان بەڕێوە دەبەن. ئەم بزاوتە ڕادیکاڵیستیە لە ١٩٢٥، دوابەدوای هەڵوەشانەوەی «کۆمەڵەی یەکیەتییە نەتەوەییەکان» لەناو چووە و زۆربەی ئەندامەکانی چوونە ناو ڕیزی ئەندامانی حیزبی نوێباوی کۆمۆنیستی بریتانیا و ئێستاش نەریتەکانی لە حیزبی کرێکاری بریتانیادا پیادە ئەکرێت.

سۆشیالیزمی خزۆك — سوسیالیسم خزنده — Creeping Socialism

دەستێوەردانی بەکاوەخۆی دەوڵەت لە کاروباری کەرتی تایبەتی ئابوور، بە سۆشیالیزمی خزۆك پێناسە

کراوە. ئەم شتە لەو وڵاتانە رووئەدات کە دەوڵەت وردەوردە دەزگا ئابوورییەکان، خۆماڵی دەکات و دەست و باڵی کەرتی تایبەتی لە ئابووردا ببەستێتەوە و خۆی زیاتر بە کاروباری ئابووری سەرقاڵ بکات.

سۆشیالیزمی خەیاڵی سوسیالیسم تخیلی Utopian Socialism

ئەم زاراوە کە لە روانگەی مارکسیەکانەوە پەرچەکردارێك بوو لە بەرامبەر سیابەختی و بێعەداڵەتیەکانی کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدە، هەڵگری بیرۆکە و تیۆریگەلێکن کە لە لایەن ناودارانێکی وەك سەن سیمۆن، فۆریە، بوشە، کابە و لۆیی بلان ئاراستە کرابوون. سۆشیالیزمی خەیاڵی، ناوێك بوو کە کارۆڵ مارکس، بۆ پێناسەکردنی هەموو ئەو بزاوت و رێبازە مژاوییانەی کە پێشتر لە ئارادا بوون بەکاری هێنابوو.

سۆشیالیزمی زانستی سوسیالیسم علمی Scientific Socialism

بە باوەری کارۆڵ مارکس (١٨١٨-١٨٨٣) سۆشیالیزم، لێکۆڵینەوەی زانستیانەی کۆمەڵگا و هەلومەرجی ئابووری و تەکنیکی بە پێویست دەزانێ تاکوو بەم بۆنەوە واقیعەکانی کۆمەڵگا و یاساکانی داسەپاو بەسەریا بناسرێن و بەسەر ئاریشەکانی سەرمایەداری*دا زاڵ بین. سۆشیالیزمی زانستی لە لایەن هەر دوو رێبازی مارکسیزم و کۆمۆنیزم پەسند کراوە بەڵام دەرەنجامی توێژینەوەکانی هەندێ لە سۆسیالیستەکان ئەم راستییە دەرئەخات کە سۆشیالیزم یا تەنانەت مارکسیزمیش، دیاردەیەکی زانستی نییە چونکا پێیان وایە کە هێشتا کۆمەڵناسی نەیتوانیوە بە پلە و پێگەی زانستی بگات و وەك زانست ناوبردە بکرێت. جگە لەمەش هەندێ لە رووداوەکان و واقیعەکانی هاوچەرخ، پێشبینییە - بە رواڵەت زانستی - یەکانی مارکسیان بەدرۆ کردۆتەوە. کەواتە بە واتایەك، باسکردن لە سۆشیالیزمی زانستی بانگەشەیەکی نازانستیانەیە.

سۆشیالیزمی شۆرشگێرانە سوسالیسم انقلابی Revolutionary Socialism

ئەم جۆرە سۆشیالیزمە کەمتاکورتێك مارکسیزم* پەسند ئەکات بەڵام هەموو جۆرە مێژوویەکی رژێمی کۆمۆنیستی رەت ئەکاتەوە و قایل نابێت بە رێبەرایەتی کردنی جیهانی لە لایەن سۆڤیەت یان هەر وڵاتێکی هاوشێوە کە لە سەرووی حیزبە کۆمۆنیستیەکانەوە بێت. دەکرێ بڵێین ئەو مارکسیانەش کە دژی لێنین و ستالین بوون، سەر بە سۆشیالیزمی شۆرشگێرانە بوون. لە ترۆتسکی و تیتۆ و رۆزا لۆکزامبۆرگ و جیلاس ـە وە بگرە تا ئەو گرووپە جۆراوجۆرانەی کە لەم دواییانە لە کۆمۆنیزم جودا بوونەوە، هەموو بە سۆشیالیزمی شۆرشگێر پێناسە دەکرێن.

سۆشیالیزمی مارکسی سوسیالیسم مارکسی Marxian Socialism

بە پێی بۆچوونەکانی مارکس، سۆشیالیزمی مارکسی بریتییەلە سۆشیالیزمی زانستی یان کۆمۆنیزم کە

بەو پێیە پرۆژەی رزگاریبەخش و شۆڕشگێڕانە و رووخێنەری سەرمایەداری بە ئەنجام ئەگەیەنێت. ئەم جۆرە سۆشیالیزمە لە رەوتی بەدیهاتنی مێژوویی خۆیدا چەند لقێکی وەك سۆشیالیزمی رووسی و سۆشیالیزمی چینی لێکەوتەوە کە ئەوانیش بە پێی مەرام و رێبازی رێبەرەکانی بە چەند لقێکیتر دابەش بوون. تیۆری مارکسیستی سۆشیالیزم، لە سەدەی بیستەمدا زاڵترین رێبازی سۆشیالیستی بووە کە بە خەملاندنی ئەم تیۆرییە لە لایەن لێنین و مائۆ تسەتۆنگ لە ئەزموونی شۆڕشی چین، لە زۆربەی ناوچەکان و وڵاتانی جیهان گرنگایەتی پێدراوە.

مارکس و لایەنگرانی، سۆسیالیستەکانی بەر لە خۆیان بە سۆشیالیستی خەیاڵی لە ناو سیستەمێکی سەرمایەداری ناوبردە ئەکەن کە تێیدا ئابووری وڵات لە سەر بناغەی خاوەندارێتی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بنیات نراوە بەڵام لە سۆشیالیزمی مارکسیدا خاوەندارێتی کارگە و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دەدرێ بە رەنجدەران و زەحمەت کێشان.

سۆشیالیزمی مەسیحی   سوسیالیسم مسیحی   Christian Socialism

ئەم بزاوتە لە ئاوێتە کردنی چەمکی ئەخلاقی مەسیحیەت و چەمکی کۆمەڵایەتی سۆشیالیزم پێکهاتووەو وەڵامدانەوەیەك بوو بەو ناکۆکیە زانستیانەی کە لە هەناوی کۆمەڵگای سەرمایەداری پیشەسازیی و ئامانجەکانی سەری هەڵدا. سۆشیالیزمی مەسیحی پێی وایە کە ئامۆژگاریەکانی ئینجیل دەتوانێ لەم بارودۆخە دژوارەدا کێشەکانی مرۆڤ چارەسەر بکات و بۆ گرفتە ئابووریەکانی کۆمەڵگا وەك بێکاریی و هەژاریی خەڵك، رێگاچارە بدۆزێتەوە.

ئەم بزاوتە لە دەوروبەری ساڵی ١٨٠٠ لە بەریتانیا دەستی پێکرد و لایەنگرەکانی، بە دژی دەستەنگی و نەداری چینی کرێکار دەنگیان هەڵبڕی و دەیانویست ژیانی ئەم چینە هەژارە بە پێی ئایینی مەسیحیەت بیووژێنەوە. سۆشیالیزمی مەسیحی بە پێچەوانەی سۆشیالیزمی خەیاڵی* بەرنامەکانی خۆی لە سەر رێبازێکی روون و ئاشکرای ئایینی دامەزراندبوو. لە دوای شەڕی جیهانی دووهەم، چەندەها حیزبی سیاسی لە وڵاتانی ئەورووپای رۆژاوا دامەزران کە سەر بە ئایدیۆلۆجیای سۆشیالیستی بوون و بە شێوازی جۆراوجۆریش لایەنگری مەسیحیەت بوون. بەهاکانی سۆشیالیزمی مەسیحی بریتین لە: یەکسانی، هاوبەشێتی، ئاشتی، برایەتی، لابردنی ناتەبایی و دژایەتی لە گەڵ هایراکی کۆمەڵایەتی.

سەربازی نەناسراو(سەربازی ون)   سرباز گمنام   Unknown Soldier

لە زۆربەی وڵاتان بووەتە باو کە تەرمی سەربازێکی نەناسراو وەك نوێنەر و سیمبۆلی هەموو کوژراوانی شەڕ لە شوێنێکی تایبەت بنێژن و لە گۆڕەکەی رێز بگرن. دیاردەی سەربازی نەناسراو یا سەربازی ون، یەکەم جار لە بریتانیا داهات تاکوو هەرکەس لە شەڕدا کەسێکی لە دەست دابێت، تەرمی گۆڕی سەربازی نەناسراو بە شەهیدی خۆی بزانێت.

سەربەخۆیی سیاسی استقلال سیاسی Politicol Independence

بریتییە لە: دەسەڵاتی دەوڵەتێك لە مەڕ بەڕێوەبەرایەتی و راپەڕاندنی کاروباری ناوخۆیی و دەرەکی وڵاتەکەی خۆی، بە بێ راگرتنی دڵی دەوڵەتێکی تر یان گرینگی نەدان بە رازی بوونی دەوڵەتێکی بێگانە.

سەرپەرشتی سرپرستی / قیمومت Trusteeship

دەزگایەکی نێونەتەوەیی‌یە کە بەو پێیە دەوڵەتانێك، لە ژێر چاودێری رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان، لەگوێن سەرپەرشت، ئیدارەکردنی سەرزەمینێکی دیاریکراو بەرعۆدە ئەگرن تاکوو ئەم سەرزەمینە «بەرەو خودموختاری یا سەربەخۆیی» راپێچ بکەن. دەوڵەتی پێ سپێردراو، ماف لکاندنی ئەو سەرزەمینەی بە خاکی خۆیەوە نییە.

ئەم سەرزەمینانە، داگیرکراوی دەوڵەتانی تێکشکاوی شەڕی یەکەمی جیهانی بوون کە لە لایەن دەوڵەتانی سەرکەوتوو لە شەڕدا لەجیاتی لکاندن بە خاکی خۆیان، سپێردرانە دەوڵەتانی سەرپەرشتکار. (بۆ وێنە سەرپەرشتی کردنی فەلەستین لە لایەن بریتانیا، پاش هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی)

ئەو سەرزەمینانەی سەرپەرشتی دەکرێن، رەنگە ستراتیجیکی نەبن. هەڵبەت ئەم دابەشکاریە زۆر روون نەکراوەتەوە و تەنیا یەك سەرزەمین «ستراتیجیك» ناوبردە کراوە ئەویش «کۆمەڵە دورگەی پاسیفیك»ـە کە لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە سەرپەرشتی دەکرێت.

ئەم ئەرکە لە رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا وەك یەکێك لە ئەستوونەکانی رێکخراو، بە ئەنجومەنی راسپاردەکان سپێردراوە کە ئەویش لە ساڵی ١٩٩٠ بەملاوە و لە دوای وەرگرتنی سەربەخۆیی کۆمەڵە دورگەی میکۆنزی کۆتایی پێ هات.

سەرمایە سرمایە Capital

لە روانگەی ئابووری کلاسیکدا سەرمایە بریتییە لە هۆکاری بەرهەمهێنانی سەروەت و سامان بە یارمەتی هۆکارگەلێکی وەك مرۆڤ، سرووشت و ئامرازی کار. لە روانگەی ئابووری سۆشیالیستی، سەرمایە یەکێك لە مەرجەکانی کارە و خۆبەخۆ لە رەوتی فراژووبوونی بەرهەمهێناندا نرخی نییە بەڵکوو کوتومت بۆ کاڵای بەرهەمهێنراو رانەگوێزرێت. چەن جۆر سەرمایە لە ئارادایە کە بریتین لە: سەرمایەی ماڵی(دراڤ)، سەرمایەی تەکنیکی(ئامرازی ماددی بەرهەمهێنان)، سەرمایەی ناودار (بەشداری بەناو لە کۆمپانیاکان)، سەرمایەی یاسایی(ماف خاوەنەکەی دەپارێزێ).

سەرمایە (کاپیتاڵ)، هەروەها ناوی کتێبێکی کارۆڵ مارکس (١٨١٨ـ١٨٨٣)، فەیلەسوف ئەڵمانییە کە تێیدا رژێمی سەرمایەداری*خستۆتە بەر رەخنە. بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە لە کاتی ژیانی خۆیدا لە ساڵی ١٨٦٧ بڵاو کرایەوە بەڵام دوو بەرگەکەی تری کە کۆتایی پێ نەهاتبوو لە لایەن ئینگلسەوە تەواو کرا و دوای

مەرگی مارکس لە ساڵانی ١٨٨٥ و ١٨٩٤ بڵاو کرایەوە. ئەم کتێبە بە «ئینجیلی کۆمۆنیزم» ناوبانگی دەرکردووە.

سەرمایەداری سرمایەداری Capitalism

سەرمایەداری (کاپیتالیزم) لە وشەی capital بە واتای سەرمایە وەرگیراوە بەڵام لە زاراوەدا بەو سیستەمە ئابوورییە دەگوترێ کە لە پێشدا لە سەردەمی شۆڕشی پیشەسازیی لە ئەورووپای رۆژئاوا و ئەمریکا سەری هەڵدا و دواتر. وڵاتانی رۆژهەڵاتیشی گرتەوە. لەم سیستەمەدا لە بواری ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەبری ئەوەی بۆ بەرهەمهێنانی ئاسایی، لە هێزی ئینسانی و ئاژەڵ کەڵك وەرگیرێت، کەرەستەی میکانیکی(مەکینە) بۆ بەرهەمهێنانی باشتر بەکار دێت.

لە باری مێژووییەوە، سەرمایەداری وەك بەشێکی بزاوتی تاك باوەڕی لە ئەژمار دێت. لە بەستێنی ئایین‌دا ئەم سیستەمە هەندێ ریفۆرمی بە دوا خۆیدا هێنا. لە زانست و پەروەردەدا بووە هۆی گەشەسەندنی زانستی فیزیا، لە پێوەندیە ئینسانیەکاندا زانستە کۆمەڵایەتیەکانی لێ کەوتەوە، لە زەمینەی سیاسەت، بناخەدانەری حوکمەتە دیموکراتیەکان بووە و لە ئابووریشدا سیستەمی سەرمایەداری هێنایە گۆڕێ. لەم رووەوە گریمانەی «شارستانیەتی سەرمایەداری» بە گریمانەیەکی راست و رەوا دەرئەچێت. ئەم گریمانە بانگەشەی ئەوە دەکات کە سەرمایەداری، تەنیا سیستەمێکی ئابووری تایبەت نییە، بەڵکوو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی تۆکمەش لە ئەژمار دێت.

زاراوەی سەرمایەداری، زیاتر لە لایەن سۆسیالیستەکان ـ بە تایبەت مارکسیەکان ـ برەوی پەیدا کرد ئەویش سیستەمێکە تێیدا خاوەندارێتی تایبەتی سەرمایە، مەرجی سەرەکیە بۆ سیمای ئابووری و سیاسی و ئەم رەوتەش بەدی هێنەری جۆرێك تەکوزی کۆمەڵایەتی تایبەتە کە تێیدا چینی دەسەڵاتدار (کە پێی دەگوترێ سەرمایەدار یان بورژوا) لە هێزی بەرهەمهێنی کۆمەڵگا بە قازانجی خۆی کەڵك وەردەگرێ.

یەکێك لە بنەماکانی سەرمایەداری، ئابووری بازاڕە. لە سەردەمی پێش سەرمایەداری‌دا بە گشتی ئابووری، خۆماڵی و سەرپشك بووە. خێزان خۆی پێداویستیەکانی خۆی بە شێوەی ئاڵوگۆڕکردنی شمەك دابین ئەکرد. دابەشکردنی ئیش و کار لە گۆڕێدا نەبووە و هەر خێزانێك ناچار بوو چەندەها کار و ئەرکی جیاواز بە ئەنجام بگەیەنێت. بەڵام لە ئابووری بازاری سیستەمی سەرمایەداریدا کار و تەوزیم بە پێی لێهاتوویی و کارزانی دابەش ئەکرێت و هەر کەسە تەنیا دەتوانێ بەشێکی هەرە بچووك لە پێداویستیەکانی خۆی. بە پێی لێهاتوویی و شارەزایی خۆی دابین بکات.

یەکێکی‌تر لە بنەماکانی ئابووری بازاری سەرمایەداری، ململانێیە. لە ئابووری مۆدێرن بۆ بەرهەمهێنانی کالا و خزمەتگوزارییەکان، ئاڵتەرناتیڤی ململانێ چ بە شێوەی مۆنۆپۆلکردنی تایبەتی یان مۆنۆپۆلی یاسایی، لە ژێر دەستی دەوڵەتدایە. یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمی سەرمایەداری، بنەڕەتی قازانجە. ئابووری سەرمایەداری زێدەتر لە هەر سیستەمێکی ئابووری دیکە دەرفەت بۆ وەچنگ هێنانی

قازانج ئەرەخسێنێ. ئەم جۆرە ئابوورییە ئازادی بازرگانیکردن و پیشە و ئازادی ماڵ و دارایی و ڕێککەوتن زەمانەت دەکات.

گەشەی سەرمایەداری هاوبەندە بە گەشەی بازرگانی کە تێیدا سەرمایەداری گەورە، بە سەر دانوستاندا شارەزا دەبن. پاش سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازیی قۆناغی سەرمایەداری دەست پێئەکات. لەم سەروبەندەدا خاوەنی کۆمپانیا گەورەکان و ڕێکخراوە ئابوورییەکان، دەست ئەگرن بە سەر پرۆسەی بەرهەمهێناندا.

سەرەنجام قۆناغی سەرمایەداری (دارایی) دێتە کایەوە. لەم قۆناغەدا دەسەڵاتی ئابووری هێدی هێدی دەکەوێتە دەست خاوەن بانکەکان و پارەدارە قەبەکان، ئەمانیش بە پارەی بەردەستیان هەموو کۆمپانیا پیشەسازییەکان مۆنۆپۆل دەکەن. بەم حاڵە دوابەدوای هەر قۆناغێک، سەردەمەکەی پێشوو ناسڕدرێتەوە و هیچکام لەم قۆناغانە ناتوانن بە سەر هەموو پانتای ئابووری وڵاتێکدا بە تەواوەتی زاڵ بن.

هەندێ جار باس لە قۆناغی چوارەمیش ئەکرێت کە ئەویش پێی دەڵێن «سەرمایەداری دەوڵەتی». ئەم زاراوە بۆ هەر جۆرە سیستەمێکی ئابووری دەوڵەتی بە کار ئەبرێت. جاری واش هەیە بە تەوس و ڕەخنەوە بۆ سیستەمی ئابووری وڵاتانی کۆمۆنیستی بە کار ئەبرێت.

سەرمایەداری دەوڵەتی: بڕوانە سەرمایەداری.

سەرمایەی کۆمەڵایەتی سرمایه اجتماعی Social Capital

ئەم زاراوە بە واتای نوێ، پێکهاتەی کەلتووری کۆمەڵگای مودێرنەیە کە لە چاخی ڕۆشنگەرییەوە لە سەر بنەمای عەقڵانییەت و حوکمەتی قانوون دامەزراوە. لەم ساڵانەدا چەمکی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە لایەن بیرمەندانێکی وەک بۆردیۆ(١٩٧٩)، کالمەن(١٩٨٨) و پۆتنام(١٩٩٣) شرۆڤە کراوە. فۆکۆیاما، سەرمایەی کۆمەڵایەتی بە ڕێبازێکی نارەسمی دەزانێ کە هاریکاری نێوان دوو یا چەند کەس مسۆگەر دەکات. ئەو ڕێبازەی کە سەرمایەی کۆمەڵایەتی پێکدێنێت، لە هاریکاری دوو قۆڵییەوە بگرە تا ئایین و ئاهەنگی ڕێکوپێک و ئاڵۆز (وەک مەسیحییەت و ئیسلام) هەمەچەشن و جۆربەجۆرن. بە باوەڕی فۆکۆیاما، دەوڵەتەکان ئەتوانن هەم ڕێژەی سەرمایەی کۆمەڵایەتی ببەنە سەرەوە هەم نەهێڵن کورت و کوێر ببێتەوە. هەڵبەت دەوڵەتەکان ئامرازی بەدیهێنانی شێوازە جۆراوجۆرەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتییان بەدەستەوە نییە. چونکا سەرمایەی کۆمەڵایەتی بەرهەمی ئایین، نەریتی کۆن، ئەزموونی هاوبەشی مێژوویی و کۆمەڵێ هۆکاری بەدەر لە کۆنترۆڵی دەوڵەتە. لە لایەکیترەوە تەنیا شوێنێک کە دەوڵەتەکان دەتوانن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر سەرمایەی کۆمەڵایەتی کاریگەریی دابنێت، پەروەردەیە.

سەرۆک/پێشەوا رهبر / لیدر Leader

بە واتای ڕێبەر، پێشەوا، سەرکردە و فەرماندە یە. سەرۆک، بریتییە لە کەسایەتییەک کە بەهۆی توانست و

لێوەشاوەییەکی تایبەتەوە دەبێتە خاوەن پێگە و مەقامێکی بەرز بۆ رێبەرایەتی و سەرۆکایەتی کردنی لایەنگران و خەڵکانی ژێردەستی. سەرۆک، بە ئاوێتەکردنی توانایی و لێهاتوویی لایەنگرانی لە گەڵ توانستەکانی خۆی، رێبازێکی نوێژەن ئەدۆزێتەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. سەرۆکێك کە لووتکەی خەبات و پێشەنگی مێژوویی بێت، دەتوانێت رەوتی رووداوە مێژووییەکان و گەیشتن بە ئامانجەکان خێراتر یان هێواشتر بکات. رێبەران، لەم حاڵەتەدا دەتوانن دەوری پێشەنگی کاروان بگێڕن یان ببنە هۆی دواکەوتوویی نەتەوەیەك.

هەر سەرۆکێك لە پاش تێپەڕکردنی چوار قۆناغ، بڕیار دەردەکات: پلاندانان، رێکخستن، رێبەرایەتی و کۆنترۆڵ (چاودێری). لەم رێگەدا هەتا رێکار زیاتر بێت، بڕیاردان دژوارتر دەبێت. سەرۆکی لێهاتوو بە هۆی ئەم چەن خاڵە سەرکەوتوو دەبێت: بڕیارەکانی هەمیشەیی و بڕەوی بێت، وەگەڕخستنی خێرا و بەجێی ئەندامان و دەروون پاکی لە دەسەڵاتدارییدا.

لە رابردوودا هێزی جەستەیی، توانایی دۆست راگرتن، وشیاری و زیرەکی و ناسینەوەی مەترسییەکان، گرنگترین تایبەتمەندی سەرۆك بووە بەڵام ئیمڕۆکە زانست و مەعریفە، توانایی بەڕێوەبردن و راپەڕاندن، پاراستنی بەرژەوەندی ئەندامان و دامەزراندنی بەجێ و شیاوی ئەندامان، فەکتەری گرینگ لەئەژمار دێن.

سەرۆك کۆماریی ریاست جمهوری Presidency

بریتییە لە: پلە و پایە و ئەرك و تەوزیمی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی دەوڵەتی هەڵبژێردراو لە وڵاتێکی کۆماریدا. بە پێی ماهییەتی پلە و پایەی سەرۆك کۆماریی لە سیستەمی کۆماریدا دوو شێوازی سەرۆکایەتی ئەبیندرێ: لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆمارییەکانی ئەمریکای لاتین، کاری «سەرۆکی وڵات» و سەرۆکی حوکمەت یەکێکە و هەموو ئەرك و کارکردەکان لە پلە و پایەی سەرۆك کۆماریدا کۆبۆتەوە. بەڵام لە وڵاتانێکی وەك کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا و هێندستان و ئیتالیا و زۆربەی کۆمارییەکانی دیکە سەرۆك کۆمار، تەنیا سەرۆکایەتی وڵاتی لە ئەستۆیە و کاری بەڕێوەبەرایەتی حوکمەت لە ئەستۆی راوێژکار یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیراندایە. جیاوازییەکی دیکەش لە نێوان ئەم جۆرە حوکمەتانەدا هەیە ئەویش ئەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی پەرلەمان. لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەمریکای لاتین سەرۆکی وڵات و بەرپرسی بەڕێوەبەرایەتی، یەك کەسە (سەرۆك کۆمار) کە ئەویش سەربەخۆ لە ئەنجومەنی یاسادانان و بە دەنگی راستەوخۆی خەڵك بۆ ماوەیەکی دیاریکراو هەڵدەبژێردرێت. بەڵام لە حوکمەتی پەرلەمانییدا هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری وڵات یا ئەنجومەنی وەزیران، لە ئەستۆی پەرلەماندایە و تا ئەو کاتە لە پۆستی سەرۆکایەتی دەبێت کە دەنگی متمانەی زۆرینەی پەرلەمانی بردبێتەوە.

سەلەفییەت سلفیّت salafiyyat

سەلەفییەت، رێچکەیەکی ئایینی ئیسلامییە کە بڕوای بە گەڕانەوە هەیە بۆ ئیسلامی راستەقینە، واتە ئیسلامی سەردەمی پێغەمبەر. بیرۆکەی ئەم رێچکەیە لە لایەن کەسانێکی وەك سید قوتب(١٩٠٦-١٩٦) و

حسن البناء (١٩٤٩ـ١٩٠٦) لە وڵاتی میسر دارێژرا. سەلەفییەت لە هەمان سەرەتاوە بە هۆی دۆگما فیکرییە کوشندەکانییەوە تووشی نسکۆ دەبێ و ئەمەش دەبێتە هۆی دووبەرەکی لە ڕێبازەکە و بۆیە دوو گرووپی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە: یەکەم، گرووپی سەلەفی تەبلیغی بە ڕێبەرایەتی ناسرالدین ئالبانی (١٩٩٩ـ١٩١٤) ناسراو بە شێخ محەمەد ناسر ئالبانی کە یەکێك لە شارحە ئایینییەکانە و خاوەنی دەیان کتێب و نووسراوەی ئیسلامییە. گرووپەکەی دیکە، واتە سەلەفی جیهادی لە سەر ئەم بڕوایە لەنگەر ئەگرێت کە ئەگەر بێتوو بڕوامان هەبێ بە ئیسلامی سەردەمی پێغەمبەر، دەبێ هەموو ئەرك و فرمانە ئیسلامییەکان بە تەواوەتی جێبەجێ بکرێن و ئەرکی جیهادیش لە جوملەی ئەرکە سەرەکییەکان (واجبات) لە قەڵەم دەدەن. کێشەی نێوان سەلەفی جیهادی و سەلەفی تەبلیغیش لە سەر ئەم چەمکەیە.

سەلەفی تەبلیغی پێی وایە کە جێبەجێ کردنی ئەرکی جیهاد، پێویستی بە کەشوهەوا و هەلومەرجی تایبەتە و کاتێك ئەم فەرزە ئایینییە دەبێتە ئەرکی سەرشان کە دوژمنێکی بیانی لە وڵاتی کافرانەوە هێرش بکاتە وڵاتی موسوڵمانان ئینجا موسوڵمانان بۆیان هەیە لە خۆیان بەرگری بکەن و لە گەڵیان بکەونە شەڕەوە. بەڵام سەلەفی جیهادی، پێی وایە کە موسوڵمانان نابێ چاوەڕوانی هێرشی کافرەکان بمێننەوە بەڵکوو دەبێ هەمیشە هێرش بکەنە سەریان بەشکم بە زەبری شمشێر داوەتی ئیسلامیان بکەن و بیانخەنە سەر ڕێگەی ڕاست. لە دیدی ئەمانەوە ڕادەی ئیمانداری ڕاستەقینە لە ئەنگوستەکانی دەست وپێ تێناپەڕێت و بەم بۆنەوە هەموو جیهان تەنانەت وڵاتانی ئیسلامیش بە شیاوی کوشتن دەزانن. سەلەفی جیهادی بۆ پێوەندی نێودەوڵەتی بڕوای بە دیپلۆماسی* و وزەی قەڵەم نییە بەڵکوو تەنیا بیر لە تەقاندنەوە و تیرۆر و کوشتن و بڕین دەکات. حوکمەتی ڕاستەقینە لە جیهاندا لای ئەمانە، تەنیا حوکمەتی تاڵیبانە کە لە ساڵی ٢٠٠١ لە لایەن هێزەکانی فرە نەتەوە لە ئەفغانستان ڕووخێندرا. سەلەفی جیهادی لە ناو کوردستانیش خاوەنی پێگەیەکی بالقوەیە و لە ناوچەی هەورامان و هەڵەبجە توانیویەتی لەو کەش و هوا ئازادەدا سوودی خۆی وەربگرێ و ببێتە مڵۆزمێك بۆ حوکمەتی هەرێم*.

سەنترالیزم: بڕوانە ناوەندگەرێتی.

سەنترالیزمی دیموکراتی سانترالیسم دموکراتیک Democratic Centralism

وشەکە بە مانای ناوەندێتی دیموکراسیە بەڵام لە زاراوەی سیاسیدا یەکێکە لە ڕەگەزەکانی ڕێبازی لینینیزم و وەك بنەمایەك بۆ ڕێکخستن لە هەموو حیزبە کۆمۆنیستەکاندا بە کار دێت. لە واقیعدا بریتییە لەوەی تەواوی ئۆرگانە حیزبییەکان لە ڕێی هەڵبژاردنەوە بێنە مەیدانی سیاسەت. بە پێی ئەم بنەمایە ئازادی بیروڕا لە ناو حیزب و هەڵبژاردنی ئازادانەی ڕێبەرانی حیزبی، دەبێ لە گەڵ پێگەی حیزبی و ڕێوشوێنێکی گونجاو بۆ ئەو بڕیارانەی کە بە شێوازێکی دیموکراسی دەردەکرێن ئاوێتە بێت.

لە ڕوانگەی مارکسیەکانەوە، ناوەندێتی و دیموکراسی دوو ڕەهەندی یەك دیاردە لە ئەژمار دێن.

دوابەدوای جێگیر بوونی سۆشیالیزم لە هەندێ لە ولاتان، سەنترالیزمی دیموکراتیك بووە هۆی فراژووتنی دەسەلاتی دەوڵەتی نوێ و لایەنگرانی مائۆ باوەڕیان وایە کە دیکتاتۆری پرۆلتاریا بە پیادەکردنی ئەم ڕێبازە بە هێزتر ئەکات. لە ڕوانگەی سەنترالیزمی دیموکراتیەوە دەبێ بیر و بڕوای ڕاست و دروست کۆ بکرێتەوە و سیاسەتی کایە کردن یەکلایەن بکرێتەوە. زۆرینەی سەنترالیزمە دیموکراتیەکان، بۆتە هۆی زاڵبوونی یەك یا چەند کەس بە سەر حیزبەکەدا.

سەنترالیزم لە لایەن حیزبە مارکسیەکان بەم جۆرە پێناسە دەکرێت:

١ـ حیزب خاوەنی بەرنامەیەکی ناوازەیە.

٢ـ خاوەنی یەك ڕێبەرایەتیە.

٣ـ هەموو بنکە و ئۆرگانەکان ملکەچی ناوەندی حیزبەکەن.

دیموکراسیش بریتیە لە:

١ـ هەموو ئۆرگانە حیزبیەکان بە هەڵبژاردن دێنە مەیدانەوە.

٢ـ ئۆرگانەکان ڕاپۆرت ئەنێرن بۆ مەقاماتی سەرتر لە خۆیان.

٣ـ مەسەلە گەورەکانی حیزب لە ناو حیزبدا باسیان لێدەکرێت.

سەندوقی گەشەی ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان

صندوق توسعه زنان ملل متحد

United Nations Development Fund for Women

ئەم سەندوقە لە ساڵی ١٩٧٦ بە شێوەیەکی ئارەزومەندانە بۆ ماوەی دە ساڵ بۆ ژنان دامەزرا بەڵام دواتر لە ساڵی ١٩٨٥ ناوی گۆڕا بە سەندوقی گەشەی ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەم سەندوقە بە ژنانی دەستەنگ و کەمداهاتی ولاتانی ڕووەوگەشەسەندن یارمەتی دەگەیەنێت و ناوەندەکەشی لە شاری نیۆیۆرکی سەر بە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە.

سەندوقی نێونەتەوەیی دراو

صندوق بین المللی پول

(International Monetary Fund (IMF

سەندوقی نێودەوڵەتی دراو، بەشێك لە سیستەمی برێتۆن ۋودز بوو کە لە ساڵی ١٩٤٤ لە ئەمریکا دامەزرا و دواتر بوو بە ڕێکخراوەیەکی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان و بە شێوەیەکی ڕەسمی لە ساڵی ١٩٤٥ دەست بەکار بوو. ئەم سەندوقە لە گەڵ بانکی جیهانی گرنگترین دامودەزگای پێوەندی ئابووری قۆناغی دوا شەڕی جیهانی لە ئەژمار دێن. ئامانجەکانی ئەم سەندوقە بریتین لە: پەرەپێدانی هاوکاری پێویست لەناو ولاتان، دروستکردنی سیستەمێکی دراویی، پەرەپێدانی بازرگانی نێودەوڵەتی، سپاردنی سەرمایە بە سەندوق، بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و. . .

هەر ئەندامێك دەبێ ساڵانە ئابوونەی ئەندامێتی بدات کە بەشێکی زێڕ یا دۆلارە و پاشماوەکەی دراوی ناوخۆیی ئەو وڵاتەیە. هەر وڵاتێکی ئەندام پاش پەسندبوونی لە لایەن دەستەی کارگێڕی سەندوق، دەتوانێ بۆ چارەسەرکردنی گرفتە داراییەکانی خۆی قەرزی کورتخایەن لە سەندوقەکە وەربگرێ بە مەرجێك کە بڕی قەرزەکە لە ٢٥٪ ماف ئەندامێتی زیاتر نەبێت. دەستەی کارگێڕی کە لە دوازدە ئەندام پێکهاتووە کاروباری گشتی سەندوق بەڕێوە دەبات. پێنج کەس لە ئەندامانی دەستەی کارگێڕی لە لایەن ئەو پێنج وڵاتەوە دەبێ کە زۆرترین پشکیان لە سەندوقدا هەیە و حەوت کەسەکەی دیکە لە لایەن ئەنجومەنی گشتییەوە هەڵدەبژێردرێن. بەڕێوەبەرایەتی و کۆنترۆڵی سەندوق لە لایەن وڵاتانێکی وەك ئەمریکا و وڵاتانی پێشکەوتووی ئەورووپاوەیە کە زیاترین دارایی و ئابوونەی ئەندامەتیان هەیە. ئەنجومەنی گشتی کۆبوونەوەی ساڵانەی هەیە و دەسەڵاتی خۆی بە دەستەی کارگێڕی دەسپێرێ. ناوەندی سەندوق لە شاری واشنتۆن پێتەختی ئەمریکایە.

سەندیکالیزم سنديكاليسم Syndicalism

سەندیکالیزم لە وشەی لاتینی syndicus بە واتای یەکێتی وەرگیراوە بەڵام لە زاراوەی سیاسیدا بزاڤێکی کرێکاری بوو کە لە ١٨٩٠ لە فەرەنسا سەری هەڵدا بە مەبەستی رادەستکردنی کۆنترۆڵ و خاوەندارییەتی کەرەستەی بەرهەمهێنان لە دەوڵەتەوە بۆ یەکێتیە پیشەییەکان. سەندیکالیزم، سیاسەت وەلا دەنێت و بۆ خەباتی چینایەتیش وەك «کردەوەیەکی پیشەسازییانە» دەڕوانێ و بە شتێکی کارامەی دەزانێ. سەندیکالیستەکان بە چاوی گومانەوە دەیانڕوانییە رۆشنبیرانی سۆسیالیست و یەکگرتنی کرێکارانیان بە مەرجی سەرەکی سەرکەوتن لە هەر چالاکییەکی پیشەیی دەزانی.

سەندیکالیزم لە ١٩٠٧ لە بەریتانیا برەوی پەیدا کرد. بزاڤی کرێکاری توندڕەوی بەریتانیا، بەم دروشمە دەیهەویست خاوەندارێتی ئامرازی بەرهەمهێنان و دابەشکردن لە چنگی خاوەنداران دەرکێشێ و رادەستی یەکێتییەکانی بکات.

سەندیکالیزم بزاڤێکە بە دژی سەرمایەداری کە داواکاری خودموختارییە بۆ گروپە کرێکارییەکان و لە هەر چالاکییەکی راستەوخۆی پیشەسازی بۆ رووخانی سیستەمی سەرمایەداری پشتگیری دەکات. کەواتە سەندیکالیستەکان لە گەڵ سۆسیالیستەکان کە دەیانهەوێت لە رێی پەرلەمان یا شۆڕش دەست بگرن بە سەر حوکمەتدا جیاوازییان هەیە. سەندیکالیستەکان وەك ئانارشیستەکان، دەوڵەت بە ستەمکار دەزانن و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان کاری تێکدەرانە و مانگرتنی گشتی و ئاژاوە ئەنجام دەدەن. بە گشتی ئەم رێبازە، کرێکاران بە کۆڵەکەی سەرەکی کۆمەڵگا دەزانێ و دەبێ کرێکارانی هەر پیشەیەك سەندیکای تایبەت بە خۆیان دروست بکەن و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن بە دەستەوە بگرن و دەست وەردەنە هەموو کاروبارێکی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە. لەم روانگەوە کۆمەڵگا پێویستی بە دەوڵەت نییە.

لە دوای شەڕی جیهانی یەکەم و شۆڕشی ١٩١٧ لە سۆڤیەت، سەندیکالیزم برەوی نەما و لایەنگرەکانی،

یان رووبانکردە کۆمۆنیزمی شۆڕشگێڕانەی سۆڤیەت یان کەوتنە ژێر رکێفی دەسەلاتی دیموکراسی رۆژاوا بۆ برەو پێدانی باری کۆمەلایەتی و ئابووری لە رێی بلاوبوونەوە لە یەکیەتی پیشەسازی و چالاکی پەرلەمانی.

سیا سیا Central Intelligence Agency (C. I. A)

ناوی کورتکراوی «ئاژانسی ناوەندی زانیاری و سیخوڕی» ئەمریکایە کە لە سالی ١٩٤٧ لە کاتی سەرکۆماریی ترۆمەن بە مەبەستی هاوئاهەنگ کردنی کاروباری سیخوڕیی دەولەت و رێنموونی کردنی سەرکۆمار و«ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی»دامەزراوە. دانانی بەرپرسی ئاژانس دوای پەسند کردنی سینا (ئەنجومەنی پیران) لە لایەن سەرکۆمارەوە بە ئەنجام ئەگات و ئاژانس تەنیا لە بەرامبەر سەرکۆمار بەرپرسیارە. ئەم رێکخراوە لە چوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە کە بریتین لە:

١- زانست و تەکنۆلۆژی.

٢- لۆجیستیکی(جیّ بە جیّکردن).

٣- زانیاری.

٤- نەخشە و پلان.

جگە لەمانە ئاژانس، سێ لقی سەربەخۆی هەیە:

١- بەشی هەوالگیری دەرەوە.

٢- بەشی کاروباری دژە سیخوڕی و دژە زانیاری.

٣- بەشی دەستێوەردانی پەنامەکی لە ولاتانی دەرەکی.

سیاسەت/ رامیاریی سیاست Politics/Policy

ئەم زاراوە لە زمانی فرەنسا لە ریشەی politique وەرگیراوە کە ئەویش لە ریشەی یۆنانی politikos و ریشەی polis بە مانای شار وەرگیراوە. لەو سەردەمەدا politikos بە واتای «هونەر و هەلسوکەوتی حوکمەت لە ولات» یان دەولەت ـ شارەکانی یۆنان لێك دراوەتەوە.

سیاسەت بە گشتی بریتییە لە ستراتیجی*یان مێتۆد* و رێبازێك بۆ بەڕێوەبردن یان باشتر بەڕێوەچوونی هەر کارێك چ کارێکی شەخسی بێت چ کۆمەلایەتی. بەلام مانایەکی تایبەتیش بۆ ئەم زاراوە لێکدراوەتەوە کە ئەویش بریتییە لە لێکدانەوە و توێژینەوەی رەهەندە سیاسیەکانی دیاردە کۆمەلایەتییەکان. بۆ وێنە دەسەلات، دەولەت، رەفتاری سیاسی، بریاردانی سیاسی و بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی.

سیاسەت بە یەکێك لە کۆنترین بەشەکانی زانستە کۆمەلایەتییەکان دادەنرێ و کتێبی «کۆماری» پلاتۆ، یەکەم بەرهەمە کە لەم بارەوە نووسراوە و تێیدا باس لە چۆنیەتی حوکمەتی شارەکانی یۆنانی کۆن دەکات. لەم کتێبەدا پلاتۆ حوکمەتی نوخبە*کان پێشنیاز دەکات. پاش پلاتۆ، ئەرەستۆ توێژینەوەیەکی قوولتری لەمەڕ زانستی سیاسەت و شێوازی حوکمەت کردووە کە نووسینەکانی ئەو لەو بوارەدا بنچینەی زانستی

رامیاری لە قەڵەم ئەدرێن. دواتر لە سەردەمی ڕێنسانس، نیکۆلۆ ماکیاڤیلی نووسەر و سیاسەتمەداری ئیتالی کتێبێکی بە ناوی «میر» نووسیوە کە تێیدا شێوازەکانی حوکمەتکردنی راڤە کردووە. (بڕوانە ماکیاڤیلیزم) ئەم کتێبە بووە هۆی ئەوە کە زۆربەی پادشایان و دەسەڵاتدارانی سەدەی هەژدە لە ئەورووپا پەیڕەوی بیر و بۆچوونەکانی بکەن.

بەڵام پێشینەی هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی سیاسەت وەك زانستێك، دەگەڕێتەوە بۆ قوتابخانەی پۆزەتیڤیزمی ئاگۆست کۆنت (١٧٩٨ـ ١٨٥٧) لە سەدەی نۆزدە. پۆزەتیڤیستەکان، پێشکەوتنی زانستە سرووشتییەکانیان بە دەرەنجامی ملنەدان بە کوت و بەندە میتافیزیکیەکان دەزانی و خوازیاری بەکارهێنانی مێتۆدەکانی زانستی سرووشتی بوون لە توێژینەوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا. بەم بۆنەوە کۆنت لە کتێبەکەی خۆی بە ناوی «زانستی سیاسەت» ئەم راستییەی سەلماندووە کە زانستی سیاسەت بە بەراوردکردن لە گەڵ زانستی فیزیا، زانستی فیزیای کۆمەڵایەتی لە ئەژمار دێت و بە هەمان شێوەی فیزیا لە گەڵ دیاردەگەلی دینامیك و ستاتیك سەروکاری هەیە.

زانستی سیاسەت بە دوو چەمك دابەش کراوە: یەکەم، بە مانای سیستەمی سیاسی یا حوکمەت و دەزگا حوکومییەکان و سیاسەتی ڕاپەڕاندن و شێوەی دەسەڵاتداریەتی و ئیدارەی کۆمەڵگایە. دووهەم، زانستێك کە لە گەڵ بونیادە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی دەزگا حوکومییەکان، زەمینە کۆمەڵایەتییەکانی دەسەڵاتی سیاسی و هێز بە مانای گشتی، مان و نەمانی حوکمەتەکان، پێوەندی نێوان دەوڵەتان و فەلسەفەی سیاسی، پێوەندی کۆمەڵگای مەدەنی لە گەڵ ژیانی سیاسی و کەلتووری سیاسی و ئابووری و مێژووی سیاسی و ... سەروکاری هەیە.

سیاسەت و گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە سەر هەموو ژیانی مرۆڤایەتی کاریگەری دائەنێت. چونکا جاری وا هەیە بڕیارێکی نابەجێی سیاسی ئەبێتە هۆی بەرپابوونی شەڕ و پێکدادان یا شۆڕش و کودەتا* کە ئەمانەش هەموو بەستێنە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ئایینی و فیکرییەکان تووشی وەرچەرخان دەکات. ئەگەرچی هەندێ لە نووسەران چەقی توێژینەوەکانی زانستی سیاسەت بە دەوڵەت* یان حوکمەت* لە قەڵەم ئەدەن بەڵام هەندێکیتر لە سەر ئەم بڕوایەن کە سیاسەت، سەنتەر و ناوەندێکی تاقانەی نییە چونکا وەك زۆربەی زانستەکانی دیکە زانستێکی فرەناوەندە. دیاریکردنی بابەتی ناوەندی وەك بابەتی سەرەکی زانستی سیاسەت، ئەگەڕێتەوە بۆ حەز و تاسەی زانایانی سیاسی و کێشە گرنگەکانی سەردەم و کاریگەریی زانستەکانی دەوروبەر.

سیاسەتمەدار سیاستمدار Politician

بە کەسێك دەگوترێ کە لە کاروباری سیاسی، شارەزا و سەردەرچوو بێت و سیاسەت بۆی بووبێتە پیشە. سیاسەتمەدار بریتییە لە کەسێك کە خەبات ئەکات بۆ گەیشتن بە حوکمەت و دەسەڵات. سەرکەوتن لەم بوارەشدا ئەگەڕێتەوە بۆ لێهاتوویی و زیرەکی ئەو لە بەکارهێنانی سێ بنەمای هاندان، گفتوگۆ و سازش.

بە گشتی مانای ئەم زاراوە لە قەبارەی ماهییەتی سیستەمی سیاسیدا دەرئەکەوێت بۆ وێنە لە بریتانیا، ئەو خەباتەی کە سیاسەتمەدار تێوەی گلاوە، پڕیەتی لە ململانێ و کاتێك سەرکەوتن وەدەست دێت کە کەسێك بتوانێت کەسی دیکە یان گرووپێك (پاشا، پەرلەمان و حیزب) پێمل بکات بە بانگەشە و دروشمەکانی خۆی. لەم گۆشە نیگاوە، سیاسەتمەدار بە کەسێك دەڵێن کە لێوەشاوەیی خۆی بۆ راگیرکردنی بیروڕای خەڵکی سەلماندبێت. ئەم واتایە لە نزمترین ئاستی خۆیدا بە چەواشەکاری لێك دراوەتەوە: شکسپییەر گوتەنی، «سەیری سیاسەتمەدار بکە ... کە تەنانەت خواوەندیش فریو ئەدات»!

سیاسەتی ئاو — سیاست آب — Hydropolitics

ئەم زاراوە لە گەڵ دیپلۆماسی ئاو Hydrodiplomacy هاوواتایە و بە مەبەستی سیاسەتە جیهانییەکان لەمەڕ کێشەی ئاوی شیرین بەکار براوە. لەبەرئەوەی لە داهاتوودا ئاو دەبێتە دەسپێچکێکی سیاسی و رەنگە مایەی کێشەی نێودەوڵەتی بێت. ئەگەرچی ٧٠٪ گۆی زەوی پڕیەتی لە ئاو بەڵام تەنیا ١٪ ئەم ئاوە راستەوخۆ کەڵکی لێ وەردەگیرێت. لە لایەکیترەوە بە هۆی گرنگی ئاو بۆ پەرەسەندنی ئابووری، هەبوونی چەم و رووباری گەورەی هاوبەش لە نێوان چەند وڵاتدا لەم دواییانە زاراوەی دیپلۆماسی ئاو رەواجی پەیدا کردووە. هەر بەم بۆنەوە لە نەتەوەیەکگرتووەکانیش ئەنجومەنێکی ناحوکومی لە ساڵی ١٩٩٥ بۆ باسکردن لە کێشەی ئاو دامەزراوە و یەکەم دانیشتنی خۆی لە کەنەدا بەڕێوەبردوە.

سیاسەتی دەرگای کراوە — سیاست درهای باز — Open door policy

ئەم زاراوە یەکەم جار لە لایەن جۆن های، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە سێپتەمبەری ١٨٩٩ بە مەبەستی پەرەسەندنی ئابووری وڵاتی چین و پاراستنی سەربەخۆیی ئەم وڵاتە بەکار براوە. بەڵام ئێستا مەبەست لەم زاراوە ئازادبوونی چالاکی بازرگانی و سەرمایەدانانی وڵاتانی دەرەکییە لە وڵاتێکدا لە سەر بنەمای یەکسانی مافەکان. سەرچاوەی ئەم سیاسەتە ئەگەڕێتەوە بۆ بنەماکانی لیبرالیزمی ئابووری.

سیاسەتی دەرەوە — سیاست خارجی — Foreign Policy

بریتییە لە ستراتیجی* یان زنجیرە کردارێکی داڕێژراو لە لایەن دەسەڵاتدارانی حوکمەتێك بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو لە چوارچێوەی بەرژەوەندی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی. ئەم سیاسەتە بریتییە لە دیاریکردن، راپەڕاندن و دابینکردنی بەرژەوەندی و ئامانجە نەتەوەییەکان کە لە گۆڕەپانی نێونەتەوەییدا لە لایەن دەوڵەتەکان بەڕێوە دەچێت. سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان لە هەمان کاتدا کە هەندێ پرەنسیپی نەگۆڕ لەخۆ دەگرێ، ئەبێ گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکانیش لەبەرچاو بگرێت. هونەری داڕشتنی سیاسەتی دەرەکی لەوەدایە کە ئەم دوو خاڵە پێکەوە گرێ بدات چونکا هەر چەندە پێوەندی دەرەکی وڵاتان بەربڵاوتر بێت، گرنگی ئەم سیاسەتە زیاتر هەست پێ دەکرێت.

سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێك، درێژەی سیاسەتی ناوخۆیی هەمان وڵات لە ئەژمار دێت، بە واتایەکی‌تر پێکهاتەکانی سیستەمێکی سیاسی لە ناوخۆ، دەتوانن دەوری کاریگەر بگێڕن لە دیاریکردنی ستراتیجی و بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. سیاسەتی دەرەکی هەر وڵاتێك لە گەڵ سیاسەتی ناوخۆیی پێوەندی نەپساوە و راستەوخۆی هەیە. ئەم دوو سیاسەتە ئەگەرچی لە رواڵەتدا جیاوازن بەڵام ماهییەتێکی هاوبەش و یەکسانیان هەیە و لە راستیدا ئەکرێ بڵێین سیاسەتی دەرەوە، رەنگدانەوەی سیاسەتی ناوخۆیە.

سیاسەتی دەرەوە بەشێك لە سیاسەتی نێودەوڵەتیش لە ئەژمار دێت و هەر لە یەکەمین پێوەندییەکانی کۆمەڵگا سەرەتاییەکانەوە هەبووە. بەڵام بە شێوازی نوێ، ئەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی دەوڵەتە ئەورووپییەکان لە سەدەی حەڤدە. ئێمرۆکە سیاسەتی دەرەوە ئاوێتەیە لە گەڵ «دەوڵەتی نەتەوەیی»دا. لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسا بەدواوە کە نەتەوەپەرستی، هێدی هێدی هەموو رەگەزەکانی دەوڵەتمەداری و دەوڵەتە نەتەوەییەکانی پێکەوە بەستەوە، سیاسەتی دەرەوەش لە گەڵ هەست و خوستی نەتەوەیی زیاتر ئاوێتە بووە.

پاش سەدەی نۆزدە جەماوەرێکی زۆرتر لە خەڵك خۆیان بە سیاسەتی دەرەوە سەرقاڵ کرد. ئەم رەوتە پێ‌بەپێی پرۆسەی فراژووتنی دەوڵەتی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم* گەشە ئەکات. توێژینەوەکان روونی ئەکەنەوە کە سیاسەتی دەرەکی لە سەدەی بیستەمدا زیاتر بەرەو دیموکراسییەت هەنگاوی ناوە. ئەم گۆڕانکارییەش بە هۆی گرینگی پێدان بە رای گشتی*یەوە بووە. لە سەروبەندی جیهانی دوو جەمسەریی و ململانێی جیهانی سەرمایەداری لە بەرامبەر جیهانی کۆمۆنیستی و هەروەها جیهانی سێهەم، «سیاسەتی دەرەوە» بە تایبەت لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بەرەو ئاڵۆزی دەڕوا و لە نەریتەکانی پێشووی دوور ئەکەوێتەوە.

سیاسەتی زمان — سیاست زبانی — Politics of Language

زمان، ئامرازی سەرەکی کەلتوورە و پێناسەیەکی گرینگە بۆ شوناسی نەتەوەیی. خاوەنی زمان بوون بە واتای بەهرەمەندبوون لە مەعریفەیە. هەندێ لە رۆشنبیرە ئەڵمانییەکانی سەدەی هەژدە و نۆزدە بڕوایان وابوو کە پێوەندی سێ‌قوڵی نێوان زمان و مەعریفە و نیشتمانە کە کەسێك دەکاتە ئەڵمانیایی و کەسێکی دیکەش بە ئینگلیزی. لەبەرئەوەی لە زۆربەی وڵاتەکان بە یەك زمانی تایبەت ئاخاوتن ناکرێت کەواتە زمان بۆتە هۆی بەرپابوونی کێشەیەکی سیاسی گرینگ. پێوەندی زمان بە سیاسەت، وەك پێوەندی ئۆکسیجن بە هەوا لێکدراوەتەوە. رەنگە هەڵبژاردنی هەر وشەیەك لە هەر گوتار(discourse) رێکدا هەنگاوێکی سیاسی لە قەڵەم بدرێت.

سیاسەتی زمان، لە لای حوکمەتەکان زۆر پەنامەکی و شاراوەیە. هەر حوکمەتێك خاوەنی سیاسەتێکی زمانییە کە هەندێ جار جێگای پەسندی هەموانە و هەندێ جاریش بە زۆرەملی دائەسەپێ. هیچ حوکمەتێك،

چاوی بینینی کەمینە*ی نییە و ئارەزووی گەورەی دەسەڵاتداران تیاچوونی نەیارانە. لە بواری بەکارهێنانی سیاسەتی زمانی، وڵاتی فرەنسا بە نموونە دەهێنینەوە: سیاسەتی یەکیەتی نەتەوەیی لەم وڵاتەدا کە هەر لە سەرەتای حوکمەتی پاشایەتییەوە پەیرەو کراوە، هەمیشە لەدووی «یەکگرتوویی زمان» بووە کە لە بەرامبەر زمانەکانی دیکە نەرمیی نیشان نەداوە. بۆ وێنە تا پێش شەڕی جیهانی دووهەمیش ئەگەر لاوانی بەریتانی لە قوتابخانە بە نەژگاڤییەوە تەنیا یەك وشەی زکماکیان بە زاردا بهاتایە، فەلاقەیان دەکردن. یان زمانی باسکی تەنیا لە ناو خێزانەکان بە زاردا دێت.

سیاسەتی فرەکەلتووری سیاست چندفرهنگی Multiculturalism

ئەم زاراوە دەرەنجامی هەوڵ و تێکۆشانێکە کە لە زۆربەی وڵاتان بۆ کۆتایی هێنان بە ناکۆکی نێوان فەرهەنگی *زۆرینە**و فەرهەنگی *کەمینە**بە ئەنجامیان گەیاندووە. بە پێی ئەم سیاسەتە، کەلتوورە جیاجیاکان وەك نەخش ونیگاری موزاییك لەپاڵ یەکدا جێگیر ئەبن بە چەشنێك کە هیچ کەمینەیەك ناچار نابێت رەگەزە فەرهەنگییەکانی خۆی وەلا بنێت یان فەرامۆشیان بکات.

ئەم سیاسەتە لە بەرامبەر سیاسەتی یەك کەلتووری بەرجەستە بۆتەوە. بە پێی ئەم سیاسەتە، هەندێ لەو وڵاتانەی کە خاوەنی چەند فەرهەنگێکی جیاوازی ئەتنیکی و نەتەوەیی بن، بۆ رەچاوکردنی ئەم جیاوازییانە هەوڵ ئەدەن لە ئیدارەی کۆمەڵگادا سیاسەتێکی یەکدەست و یەکپارچە جێبەجێ بکەن کە ئاکامی وەها سیاسەتێك جگە لە تواندنەوەو دەمج بوونی کەلتوورە جیاوازەکانیتر شتێکی تر نییە. نموونەی بەرچاوی ئەم سیاسەتە، رەفتارەکانی دەوڵەتی تورکیایە لە بەرامبەر کەلتووری کوردەکانی ئەم وڵاتە.

سیاسەتی گۆپاڵی گەورە سیاست چماق بزرگ Big stick policy

ئەم زاراوە لە لایەن رۆزفێلت (۱۸۸۲ـ ۱۹٤٥) سەرکۆماری ئەمریکا بە مەبەستی بەکارهێنانی زەبر و زەنگ بۆ مەسەلە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بەکار براوە. دەڵێن لە کاتی خۆیدا گوتوویە: «هەرکاتێك گۆپاڵێکی گەورەت بە دەستەوە بوو، ئینجا بە هێمنی و لەسەر خۆ گفتوگۆ بکە».

سیخوڕ/جاسوس جاسوس spy

کەسێك کە بە شێوەیەکی پەنامەکی و شاراوە لە ناو ئۆپەراسیۆنی وڵاتی دوژمن، هەواڵ و زانیاری و نهێنی کۆبکاتەوە بۆ گەیاندن بە لایەنی بەرامبەر. ئەگەر سیخوڕێك دەسگیر بکرێت، ماق ئەوەی نییە وەك دیلێکی جەنگی لە گەڵیا هەڵسوکەوت بکرێت بەڵام بۆی هەیە لە دادگایەکی دادپەروەرانە بەهرەمەند بێت. سزای سیخوڕ لە کاتی شەڕدا بە چاوپۆشی کردن لەوەیکە، لە راگواستنی زانیاری و رازبەری سەرکەوتوو بووبێت یان نا، مەرگە. سیخوڕی کردن لە کاتی ئاشتیدا لە یاسا نێونەتەوەییەکان پێڕەوی ناکات بەڵکوو بە پێی یاسای ناوخۆیی وڵاتەکان لە گەڵی رەفتار ئەکرێت.

سیستەمی سیاسی نظـام سیاسـی Political system

سیستەم لە وشەی یۆنانی sustema بە واتای «بە کۆمەڵ» وەرگیراوە. ئەم وشە لە زۆربەی زانستە فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان، بە واتای جیاواز بەکار براوە. لە زاراوەی سیاسیدا سیستەمی سیاسی بریتییە لە کۆمەڵێ دامودەزگا و پاڵنەری ئاشکرا کە پێکهاتەکانی دەسەڵات بەدی ئەهێنن. لە پێناسەیەکی‌تردا سیستەمی سیاسی بۆ دەرخستنی تایبەتمەندییە لۆژیکییەکانی هاوپێوەند لەگەڵ هەر چەشنە ژیانێکی سیاسی ئاراستە کراوە. کەواتە سیستەم، بە ناچاری لە قەبارەی هەر تیۆرییەک بیچم بگرێت، ئاشکرا و ئاراستەی ئەکات.

سیستەمی سیاسی لە گەڵ رژێمی سیاسی کە شێوازی حوکمەت کردنە، جیاوازییان هەیە. بۆ وێنە سیستەمی «کۆماریی» سیستەمێکی دیاریکراوە بەڵام هەر وڵاتێک، بە پێی رادەی دەسەڵاتی سەرکۆمار رژێمێکی تایبەت بەو قەوارە دائەمەزرێنێت. بە گشتی دەوڵەت وەک پێکهاتەی سەرەکی سیستەمی سیاسی لە قەڵەم دراوە و لەبەر ئەوەش کە هێزی سزادانی بە دەستەوەیە، هەندێ‌جار هاوواتای سیستەمی سیاسی مانا کراوەتەوە. نموونەی سیستەمە سیاسیەکان وەک، سیستەمی فیئۆدالی، سەرمایەداری، پەرلەمانی، تۆتالیتەری و ...

مێتۆدی لێکدانەوەی سیستەمە سیاسییەکان، لە ١٩٥٠ بەملاوە لە رۆژاوا رەواجی پەیدا کرد و ئامانجەکەشی، بەدەستەوەدانی تیۆرییەکی گشتی بوو بۆ شرۆڤەی هەموو رەهەندەکانی ژیانی سیاسی لە سەرجەم سیستەمە سیاسییەکاندا. مەسەلەی سەرەکی بۆ لێکدانەوەی سیستەمە سیاسییەکان، چۆنییەتی سەرهەڵدان و دەوام و وەرچەرخان و لەناوچوونی ئەم سیستەمانەیە. لەم روانگەوە سیاسەت لە هەموو سووچ و قوژبنێکی ژیانی کۆمەڵایەتیدا جێی خۆی کردۆتەوە و بۆ تێگەیشتن لە سیستەمی سیاسی، دەبێ پێچەڵپێووچی و ئاڵۆزییەکانی ناخی پێوەندییە سیاسییەکان لەناو ژیانی کۆمەڵایەتیدا سادە بکرێتەوە و لێک بدرێتەوە. سیستەمی سیاسی، وەک مەداری سیاسەت و حوکمەت، سیستەمێکە کە داتاکانی لە دەوروبەری خۆی وەردەگرێ و لە پرۆسەی پێکهاتە سیاسییەکاندا دەیخەمڵێنێ و ئینجا لە قەوارەی سیاسەتەکان ئەیداتەوە بە کۆمەڵگا.

سیستەمی فرە حیزبی نظام چند حزبی Multiparty System

سیستەمێک کە تێیدا رێژەیەکی زۆر لە حیزبە سیاسیەکان بە شێوەی هاوبەش بۆ بەدەست هێنانی دەسەڵات هەوڵ ئەدەن، کاتێکیش سەرکەوتنیان بەدەست هێنا بە هاوکاری یەکتر بەرنامە و پلانی هاوبەش بۆ بەڕێوەبردنی حوکمەت ئاراستە دەکەن. بۆ وێنە لە وڵاتانی ئەوروپیدا سیستەمی فرە حیزبی بۆتە باو. لە فەرەنسا کاتی خۆی ژمارەی ئەم حیزبانە گەیشتۆتە ٢٠ حیزب. لە ئەڵمانیا، ئیتالیا و سویسرا ئەم سیستەمە دەور ئەبینێت. یان ئەو دۆخەی کە لە عێراقی دوای رووخانی رژێمی سەدام حسەین لە ساڵی ٢٠٠٦ هاتە کایەوە.

هەبوونی سیستەمی فرە حیزبی لە وڵاتێک، بنەمایەکە بۆ بەراوردکردنی رێژەی دیموکراسی لەو وڵاتەدا.

لە پرۆسەی بەدیموکراسیکردندا ئەغڵەب جار حیزبی بچووک بچووک سەرهەڵئەدەن. هەر کاتێك دیموکراسی پاوەجێ ببێت، ئەم حیزبە بچووکانەش لە ناو سیستەمێك سەقامگیر دەبن کە بە سیستەمی فرەحیزبی ناوبردە ئەکرێت. لە سیستەمی فرە حیزبی، بە پێچەوانەی سیستەمی تاك حیزبی ـ کە تێیدا تەنیا یەك حیزب چالاکە و حیزبەکانیتر سەرکوت ئەکرێن ـ هاوبەشی سیاسی، لە گەڵ ململانێ و کێبەرکێی سیاسی ئاوێتە بووە. لەم سیستەمەدا ئەنجومەنی وەزیران بە شێوەی ئیئتلاف و هاوپەیمانی هەڵئەبژێردرێت.

سیستەمی نوێی جیهانی نظم نوین جهانی New World Order

ئەم زاراوە لە میانەی ساڵی ١٩٨٩ پاش گۆڕانکارییەکانی بلۆکی رۆژهەڵات هاتۆتە زاراوەی سیاسیەوە. رووخانی دیواری بەرلین* لە دێسەمبەری ١٩٨٩ سەرەتایەك بوو بۆ کۆتایی هاتنی سیستەمی کۆنی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان. دەسەڵاتدارانی پێشووی جیهان، هەر لە مۆنرۆوە بگرە تا لێنین و لە هیتلێرەوە تا بۆش، هەرکامیان بە هەوای خۆیان بانگەشەی بنیاتنانی سیستەمی نوێی جیهانییان کردووە.

بەڵام سیستەمی نوێ بە مانای ئیمڕۆیی ئەوەیە کە یەکەم جار لە لایەن جۆرج بۆش(باوك) سەرکۆماری ئەمریکا، لە ١١/٩/ ١٩٩٠ لە بەردەم نوێنەرانی کۆنگرێس، راگەیەندرا. بۆش، بانگاشەی جیهانێکی کرد کە تێیدا سەروەری یاسا، جێی قانوونی جەنگەڵ بگرێت و جیهانێك کە تێیدا هەموو وڵاتان بەرپرسیاریەتی هاوبەش بۆ ئازادی و یەکسانی بە رەسمییەت بناسن. جیهانێك کە تێیدا زۆرداران، ماف زۆرلێکراوان بپارێزن. بۆش، رێبەرایەتی ئەمریکا و سەروەری بایەخەکانی ئەم وڵاتەی بۆ دروستبوونی وەها جیهانێك بە پێویست باس کرد و گوتی: سیستەمی نوێی جیهانی نیازی بە رێبەرایەتی و هەژمۆنی* بایەخەکانی ئەمریکایە لە جیهاندا.

سیستەمی نوێی جیهانی، هەر لە سەرەتاوە لە لایەن بیرمەندان و سیاسەتمەدارانی جیهان بەرەوڕووی رەخنە بۆتەوە. بۆ وێنە نۆئام چۆمسکی، زمانەوانی ناودار و رەخنەگری بەرجەستەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەڵێ: «سیستەمی نوێی جیهانی، دەسپێچکێکە بۆ چەواشەکردنی خەڵکی جیهان و هێشتنەوەی بێعەداڵەتی و ناوێکی تازەیە بۆ پاساوی زۆرداری و دروستکردنی جیهانێکی بێ رەقیب بۆ ئەمریکا». تۆنی بڵێر، سیاسەتمەداری بەریتانیش پێی وایە، سیستەمی نوێی جیهانی گەڕانەوەیە بۆ ئیمپراتۆرییە زۆردارەکانی رابردوو.

سێکتاریزم/تیرەگەری سکتاریسم/ فرقه گرایی Sectarism

ئەم زاراوە لە ریشەی لاتینی secta بە مانای تیرە و گرووپی بچووك وەرگیراوە. لە کەلتووری کۆمۆنیستەکان بە واتای دابڕان لە جەماوەر و گۆشەگیرییە. لایەنگرانی ئەم رێبازە بە حەز و ئارەزوویەکی تایبەتەوە بیر لە بابەتە ئایینی و فەلسەفیەکانی خۆیان دەکەنەوە و گرنگی بە بابەتە گرنگەکانی کۆمەڵگا نادەن.

بە گشتی سێکتاریزم بۆ تیرەگەری و عەشیرەگەری لە ناو حیزب و لایەنە سیاسیەکاندا بەکاردێت کە پتر لە ناو حیزب و گرووپە چەپیەکاندا باوە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەم گرووپانە لق و پۆپی جۆراوجۆریان لێ ببێتەوە. تیرەگەری لە ناو حیزبە سیاسیەکان هەمیشە ناگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بیروڕا بەڵکوو هەندێ جار لە ناکۆکی و ململانێی تایبەتی و زێدەخوازی رامیارییەوە سەرچاوە دەگرێ.

ش

شارستانییەت/ژیار تمدن Civilization

مەبەست لەم زاراوە، شێوە ژیانی شارستانییانەیە لە کۆمەڵگایەکی شاریی کە سێ واتای لێدەبێتەوە:

- بەرەوپێری ئەقڵ و مرۆڤایەتی چوون.
- ئەنجامدانی بەڕێوجێی کاروباری ژیان.
- هەنگاونان بەرەو ئاکار و ئەخلاقی شاریی.

شارستانییەت لە زاراوەی سیاسیدا «بە کۆمەڵێك دەزگا و ڕێکخراوەی کۆمەڵایەتی، پێوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئایینی، هونەری و ئەدەبی و بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگایەکی پەرەسەندوو» دەگوترێ. بە واتایەکی‌تر، شارستانییەت بە کۆمەڵێك پاشکەوتی مادی و مەعنەوی مرۆ لە کۆمەڵگایەکی پەرەسەندوو دەوترێ. شارستانییەت لە زانستی مرۆناسیدا وەك پاژێك لە کەلتوور لە قەڵەم دراوە.

شانتاج شانتاژ/ هوچیگری Chantage

ئەم وشە بە مانای گۆرانی گوتن و تێ‌چریکاندنە بەڵام لە زاراوەی سیاسیدا بریتییەلە: هەر کات کەسێك یان گرووپێك بە دەسەڵاتی باڵاترەوە بخوازێت لە کەسێك یان گرووپێکی دیکە سوودی نابەجێ ببات و لایەنی بەرامبەر پێمل بکات بە پێچەوانەی ڕوانگەی خۆی ڕەفتار بکات. بە واتایەکی‌تر ئەو کەسەی شانتاج ئەکات، هەوڵ ئەدات بە تۆقاندن و هەڕەشە و بڵاوکردنەوەی هەواڵی درۆ، کەسێك ملکەچی خۆی بکات یان بێدەنگی بکات یان باجی لێ بسەنێت.

شمشێری دامۆکلێس شمشیر داموکلس Sword of Damocles

دامۆکلێس لە ئەفسانەکانی یۆناندا یەکێك لە دەست و پێوەندە ماستاوکەرەکانی دیۆنیسۆس، پاشای ستەمگەری سیراکۆز بووە کە هەمیشە بەسەر بەختەوەری و مەزنایەتی پاشادا هەڵیگوتووە و ستایشی کردووە. دیۆنیسۆسیش بۆ ئەوەی ئەدەبی بکات و پێی بسەلمێنێ کە بەختەوەرییەکەی ناتوانێ بەردەوام بێت، ڕۆژێك بۆ میواندارییەکی پرشکۆ لێی دەگێڕێتەوە و شمشێرێکی تیژ و قورسی بە مووی ئەسپ لە ژوور سەرییەوە هەڵدەواسێ کە بە کەمترین جووڵەی دامۆکلێس بە سەر سەریدا دەکەوت و دەیکوشت.

لە زاراوەی سیاسیدا مەبەست لەم زاراوە، ئەوەیە کە هەمیشە مەترسییەکی گەورە و چاوەڕواننەکراو لە کەمیندا هەیە و دەوڵەتی ستەمگەر بۆ بەرگریکردن لە ئازادیخوازی خەڵك، شمشێری دامۆکلێس بەکار

دەهێنێ کە هەمان سەرکوت و دەسبەسەری و ئازار و ئەشکەنجەیە تاکوو دەرفەتی دەربڕینی ئازادانەی بیروڕا بە خەڵك نەدات.

شۆڕش انقلاب Revolution

وشەکە بە مانای گۆڕان لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر. ئەم زاراوە یەکەم جار لە لایەن کۆپرنیك بە مانای جموجوڵی ئەستێرەکان و هەتاو لە زانستی ئەستێرەناسیدا بەکار براوە(شۆڕشی زستانی و شۆڕشی هاوینی). دواتر لە سەدەی ١٧ لە ئەوروپا، واتایەکی تازەی بە خۆوەگرت و بە مانای رابوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی مانا کراوەتەوە. ئینجا بە واتای سووڕانێکی بنەڕەتی لە: شێوازی بەرهەمهێنان (وەك شۆڕشی پیشەسازیی و شۆڕشی تەکنۆلۆجی) یان وەرچەرخانێکی بنیاتنەری کۆمەڵایەتی و سیاسی(وەك شۆڕشەکانی فەرەنسە و سۆڤیەت و ئێران) وە یان لایەنێك لە ژیانی کەلتووری و فیکری (وەك شۆڕشی زانستی و شۆڕشی کەلتووری) لێك دراوەتەوە.

بەڵام ئەوەیکە بۆتە بابەتی رێبازە شۆڕشگێرییەکان و دەرکی مانای کۆمەڵایەتی شۆڕشەکان. ئەو وەرچەرخانە گورج و کوتوپڕانەن کە لە ئەنجامی شۆڕش لە ستراکتووری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگادا رووی‌داوە. باس و بابەتی ئەم تیۆرییانە نەك هەر مەسەلەی گۆڕینی دەسەڵاتداران بە هۆی شۆڕشەوەیە بەڵکوو گۆڕینی چینی فەرمانڕەوایان و چۆنیەتی فەرمانکردن و گۆڕینی دەزگا کۆمەڵایەتییەکان و جەوهەری شەڕ و ئاژاوە و کردەوەی شۆڕشگێرانەیە کە وەها گۆڕانکاریگەلێکی بە دواوەیە.

لە سەدەی نۆزدەوە فەیلەسوفان و لێکۆڵەرانی کۆمەڵایەتی ئەوروپا لە بارەی دەوری کۆمەڵایەتی و مێژوویی شۆڕش و هەلومەرجی ئەم دیاردەیە بیروڕای جۆراوجۆریان گۆڕیوەتەوە. بە گشتی ئەو تیۆرییانەی کە لە روانگەی سیاسییەوە ـ نەك کۆمەڵناسی ـ سەیری مەسەلەکە ئەکەن، دوو جۆرن: یەکەم، بۆچوونی چەپی و گەش‌بینانەیە لە شۆڕش کە ئێستاش هەر لەسەر بنەمای مارکسی و دیموکراسییەتی توندڕەوی دەسەڵاتدار راوەستاوە. بە پێی ئەم تیۆرییانە، شۆڕشە سیاسی و کۆمەڵایەتییە گەورەکان، کەرستەیەکی«جەبری» بوون بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەك کە تێیدا ئازادی و ئۆتۆنۆمی و هاوتەرازیی کۆمەڵایەتی و یەکسانی پیادە بکرێت. لەم زەمینەدا قوتابخانە «پێشڕەو»ەکان، بە دوو گرووپ دابەش ئەکرێن: ١ـ ئەوانەی کە پێشخستنی «یەکسانی» بە گرنگترین نیشانەی پێشکەوتن دەزانن و بۆ گەیشتن بەم ئامانجە تەنانەت نەریتی دیکتاتۆریش بە کار ئەبەن (وەك لینینزم*). ٢ـ ئەو بیرمەندە ئازادیخوازانەی کە یاخی‌بوون و زەنازەنای جەماوەر لە شۆڕشە رەسەنەکاندا بەدژی ئیستبداد و بە ئامانجی پەرەدان بە دیموکراسییەت دەزانن و بە رەوای نابینن کە دیموکراسی سیاسی، فیدای عەداڵەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی بێت.

لە بەرامبەر چەپییە گەش‌بینەکاندا، راستڕەوە رەش‌بینەکان خۆ ئەنوێنن. نوێنەرانی ئەم قوتابخانە کە هەم لە پاش و هەم لە پێش شۆڕشی فەرەنسەوە هەبوون، بریتی بوون لە: لایەنگرانی ئاریستۆکراسی،

کۆنەپارێزیی، شاپەرستەکان و لایەنگرانی کڵێسە. بە درێژایی نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدە، کەسانێك وەك نیتچە(فەیلەسوفی ئەڵمانی) و گۆستاو لۆبۆن(دەروون ـ کۆمەڵناسی فەرەنسی)، شۆڕشیان بە تەقینەوەی سۆزی وەحشییانە و بەرەڵلا و رووخێنەری جەماوەر زانیوە. دەروونناسە هاوچەرخەکان کە لەسەر داینەمۆی دەروونی موتالا دەکەن، هەندێ جار شۆڕش بە نومایشێکی «دەروون جڤاتی» لە قەڵەم ئەدەن و ئەمە لە گەڵ «گەڕانەوە» بۆ زەینییەتی سەرەتایی بەراورد ئەکەن کە لە حالەتی پەرێشانی دەروونی لە تاکدا خۆی ئەنوێنێ.

لە روانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە تیۆرییەکانی شۆڕش، بە پێنج رێباز دابەش ئەکرێن کە هەر کامیان لەمەڕ چۆنیەتی سەرهەڵدانی شۆڕشەکان، هەڵگری شێوازی بەڵگاندن و خوێندنەوەیەکی جیاوازن. مارکس، وەك پێشەنگی تیوری مارکسی لە جوملەی گرینگترین شرۆڤەکارانی شۆڕش ناونووس دەکرێ. مارکس لەسەر «ناعیلاجی» یان پێویستیی شۆڕش، بە تەئکید پێداگری ئەکرد. ئەو پێی وابوو کە هۆکاری شۆڕش ئەگەڕێتەوە بۆ فراژبوونی هێزە بەرهەمهێنەکانی کۆمەڵگا. ئینجا لە ناکۆکی ئەم هێزانە لە گەڵ پێوەندی و سیستەمە سیاسی و کۆمەلایەتیەکانی ئێستادایە کە شۆڕش دێتە کایەوە. کاتێ ئەم سیستەم و پێوەندییانە بەر بە گەشەی بەرهەمهێنان ئەگرن، مەسەلەکە قووڵ ئەبێتەوە و سەردەمی شۆڕشە کۆمەلایەتیەکان دەس‌پێئەکات. چینە سەردەستەکان حەز ناکەن پێگەی خۆیان لە دەست بدەن و چینە ژێردەستەکانیش ناخوازن لەو دۆخەی کە تێیدان بمێننەوە. ئەم پێکدادانە، شۆڕشی خوێناوی بەدوا خۆیدا ئەهێنێت. مارکس شۆڕش بە هۆکاری ناعیلاجانەی «پێشکەوتن» و «شەمەندەفەری مێژوو» ناوبردە ئەکات. (بڕوانە مارکسیزم).

تیۆرییەکی تر کە لەسەر شۆڕش ئاراستە کراوە تیوری دەروونناسانەیە کە لە لایەن دۆتۆکویلی فەرەنسیەوە شیکراوەتەوە. بەپێی ئەم بیرۆکە دیاردەی نارەزایەتی ئەبێ لە دەروونی تاکەوە سۆراغی بگیردرێ. بە واتایەکی‌تر نارەزایەتی ئەگەڕێتەوە بۆ سەرکوتکردنی نیازەکانی تاك یان باشتربوونی ژیان یا دژواربوونێکی کورتخایەن لە دوای ماوەیەکی درێژی خۆشگوزەرانی و کاردانەوەی ئەم رووداوانە بەسەر زەینی تاکدا.

تیۆری سێهەم، ئەگەڕێتەوە بۆ دۆرکهایم کە رێبازەکەی خۆی بە ناوی فانکشنالیزم و کۆمەڵگەی جڤاتی لێك ئەداتەوە. دۆرکهایم بە پێچەوانەی مارکس پێی وایە کە ئەندامانی کۆمەڵگا بەهۆی فاماندن یا ویژدانی کۆمەڵەکی و هاوبەش پێکەوە یەکگرتووییان هەیە. ئالۆزبوونی رۆژانەی کۆمەلایەتی و دابەشکردنی کار ئەم یەکگرتوویی و ویژدانە کۆمەڵەکییە ئەخاتە مەترسییەوە. ئینجا ئەم دۆخە لە کۆنترۆڵ دەرئەچێ و کێشمەکێشی کۆمەلایەتی دەس پێئەکات.

دوو کەسی تر کە ئەوانیش بە نۆبەی خۆیان لە ئاراستە کردنی تیۆرییەکانی شۆڕش دەوریان بووە، بریتی بوون لە ماکس ڤیبەری ئەڵمانی و ویلبێرتۆ پارێتۆی ئیتالی. لە راونگەی ڤیبەرەوە، رەفتاری جڤاتی و هەرەوەزیی جەماوەر ئەگەڕێتەوە بۆ وەفاداری بە سیستەمێکی فیکری کە پێناسەیەکی نوێ لە واقیع و جیهان ئەدا بە لایەنگرانی خۆی. ئەم پێناسە هەمان چەمکی کاریزمایە لە مێژوودا. بەرای ڤیبەر کاتێك دەسەلات بە

دەست هێزە کۆنباوەکانەوە بێت هاوکێشە بەرقەرارە بەلام دوو هێز ئەم هاوکێشەیە تووشی مەترسی دەکەن: یەکەم هێزی عەقلانی و دووهەم، هێزی کاریزمایی.

بە باوەڕی پارێتۆ کە روانگەیەکی ریالیستی لە ئەژمار دێت، سەرهەڵدانی شۆڕش و هەرەوەزیی سیاسی دوایین قۆناغی لاوازبوونی دەزگا سەرکوتکەرەکانی حوکمەتە. ئەم لاوازییە ئەبێتە دەسپێچکێك بۆ رێکخراوە دەسەڵات خوازەکان و ئەوانیش لە هەر چەشنە نارەزایەتییەك بۆ هێنانە سەرشەقامی جەماوەر کەڵك وەردەگرن.

شۆڕشگێڕی انقلاب خواهی Revolutionism

هەر جۆرە کردار، شێواز یان تیۆرییەك کە خوازیاری پشتگیری لە گۆڕینی بنەڕەتی بارودۆخی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابووری یان کەلتووری بێت، شۆڕشگێڕی لە قەلەم ئەدرێت. شۆڕشگێڕان، بەدژی کۆنەپەرستێن و تەنانەت ریفۆرم خوازەکانیش بە سازشکاری لە گەڵ رژێم و سستی لە کردەوەدا تاوانبار ئەکەن.

شۆڕشی ئیداری انقلاب مدیریت(اداری) Managerial revolution

جێبەجێکردنی چاودێریی لە سەرمایەدارانەوە بۆ بەرێوەبەرانی دەزگا حکومی و ناحکومییەکان. هەنووکە، زۆربەی کۆمەڵناسان و زانایانی سیاسەت لەسەر ئەم بڕوایەن کە لە سیستەمە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا (سەرمایەداری و سۆشیالیستی) دەسەلاتی راستەقینە بە دەست بەڕێوەبەرانی دەزگا ئابووری و ئیداری و سەربازی و بورۆکراتییەکانە بە تایبەت، ئەو توێژە بالایەی کە چەرخی هەموو دەزگاکان هەڵئەسووڕێنێ. ئەمانە لە راستیدا چینێکی دەسەلاتداری تازە پیاکەوتوون کە دەبنە خاوەنی بەشی زۆریی داهات و بەرهەمهێنانی ولاتەکەیان. ئەم بیرۆکە لە لایەن جەیمز بێرنام کۆمەڵناسی ئەمەریکی، لە کتێبی شۆڕشی ئیداری(١٩٤١) لە ئەمریکادا هاتە ئاراوە.

شۆڕشی کەلتووری انقلاب فرهنگی Cultural revolutio

راپەڕینی سیاسی و کۆمەلایەتی چین لە ساڵەکانی ١٩٦٦ تا ١٩٦٩ بە رێبەرایەتی مائۆتسەدۆن بەدژی بۆروکراسی*حیزبی کە رێبەرەکەی لیۆشائۆچی بوو. ئامانجی ئەم راپەرینە، وەرچەرخانی بنەڕەتی لە کۆمەڵگای چین و بەرجەستە کردنەوەی رێبەرایەتی مائۆ بوو. بۆ ئەم مەبەستە مائۆ، لاوانی«گاردی سوور»ی بەدژی کادێرانی حیزبی و سەربازی هەڵخڕاند تاکوو هەردووکیان بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە. ئامانجی شۆڕشی کەلتووری لە چین، نەك هەر گۆڕینی ستراکتووری دەسەلات، بەڵکوو گۆڕینی هاندەر و پاڵنەری کردەوەکانی خەڵکی چین لەمەڕ عەداڵەت خوازیش بوو. ئەم راپەرینە لە لایەن گاردی سوورەوە بەرەورووی شەڕەنگێزی و پەرەستشی مائۆ بۆوە و سەرەنجام بووە هۆی هاتنە مەیدانی توێژێك لە ئەرتەش و گاردی

سوور. بەڵام خەونەکانی شۆڕشی کەلتووری وەك پرۆژەی «بازدانی گەورە بۆ پێشەوە» بەتاڵ بۆوە و گاردی سووریش کۆنترۆڵ کرا و راپەرینەکە لە ساڵی ٩-١٩٦٨ خاو بۆوە و هێمنی کەوتەوە وڵات. دوایین قۆناغی شۆڕشی کەلتووری لە ساڵی ١٩٧١ پاش روخانی لین پیائۆ- وەزیری بەرگری و جێنشینی مائۆ - کۆتایی پێ‌هات.

شۆڤینیزم شوونیسم/ناسیونالیسم افراطی Chauvinism

نەتەوەپەرستی توندڕەوانە و ناماقووڵ کە تێکەڵ بە ڕق و کین بێت بەرامبەر بە نەتەوەکانی دیکە. وشەکە لە ناوی نیکۆلا شۆڤێن، کە سەربازێکی فەرەنسی و فیداییەکی ناپلیۆن بووە، وەرگیراوە. پاشان بۆ ئەو کەسانە بە کار هاتووە کە بە حەز و ئارەزوویەکی بێ‌پایان وڵاتی خۆیان خۆش ویستووە. لە راستیدا شۆڤینیزم فیکرەیەکی دواکەوتووانەیە کە مەبەستەکەی شانازی کردن بە گەلی خۆت و سووکایەتی‌کردن بە گەلانی دیکە و بەکۆیلەکردنی نەتەوەکانی‌ترە. سیاسەتی رەگەزپەرستی هیتلەر و فاشیستەکان لەسەر بنەماکانی شۆڤینیزم بنیات نرابوون. ئەمڕۆش هەندێ دەوڵەت و گرووپی کۆنەپەرست، بە کەڵك وەرگرتن لە شۆڤینیزم، هەوڵی پێشێلکردنی مافەکانی خەڵك و گەیشتن بە ئامانجەکانیان دەدەن. مامۆستا شوکور مستەفا، بلیمەتی گەورەی کورد، لەمەڕ ئەم زاراوە چەن رستەیەکی بەنرخی گوتووە کە لێرەدا دەیهێنمەوە:

«بەڕاستی، مەسەلەی نەژاد و ڕەگەزان مەسەلەیەکی ئایدیۆلۆژیك و سیاسی فرە توند و تیژە. بیرمەندانی کۆنەپەرستی دنیای سەرمایەداری دە هەڵپەی ئەوەدا بوون کە بە هۆی ڕامانەی نەژادییەوە، دەسەڵاتی سەرمایەداری بەسەر گەلاندا سەپاندن پاساو بدەن. ئەمانە پڕوپاگاندەی ئەوەیان بڵاو کردەوە کە گۆیا یەژێ، هەندێ لە تیرەی مرۆڤ لە هەندێکی دیکەیان ڕەسەنتر و باشترن.

هەروەها لاف ئەویشیانە لێداوە کە ئەورووپا هەمیشە بنیادەمەکانی لەگەڵ بنیادەمەکانی ئاسیا و ئەفریقیادا جیاوازن. شۆڤینیستانی عارەب و عەجەم و تورك هەر لە هەرگیڤی ئەوەدان، نەتەوە بەزۆر لکێندراوەکانیان، وەك وە نموونە، کورد، گۆیە بەچکەی جنۆکەن، لە دێو و درنجن و ئیتر لەم قسە قۆڕەیلە وە با بدەن. بەڵام ئەمڕو زانست ئەم قسە بێتامانەی سەر لەبەر پووچاندووەتەوە و کەم کەس باوەڕیان پێ دەکەن».

شوناس هویت Identity

ئەم زاراوە لە وشەی identitas وەرگیراوە و بە دوو مانای بەرواڵەت هاودژ شرۆڤە دەکرێت: ١)هاوسانی و تەبایی رەها. ٢) جیاوازی هەمیشەیی. بەگشتی شوناس، پرسیارە لە *هەبوونی کەسێك*. پرسیار بکەیت: ئەو کەسە کێیە؟ چ تایبەتمەندییەکی تاکی و کۆمەڵەکی هەیە؟

ئەو رەگەزانەی کە هەوێنی پرسیار لە شوناسی کەسێك پێك دێنن، بریتین‌لە: نیشتمان، مێژوو، زمان، ئەدەب، ئایین، پێکهاتە و ستراکتووری سیاسی، کولتوور و هونەری هاوبەش. چەمکی شوناس بابەتی

کێشمەکێشی تیۆری نێوان دوو زانستی سایکۆلۆجی و کۆمەڵناسی بووە لەمەڕ توێژینەوەی لایەنی تاکەکەسی و لایەنی کۆمەڵایەتی ئەم چەمکە. ڕەهەندی تاکەکەسی شوناس، بریتییە لە هەستی ئێمە دەربارەی ئەو شتانەی کە هەر تاکێك لە ئەویدی* جیادەکاتەوە کە ئەویش، دەرك و ناسینێکە لە «من». هەست کردن بە شوناسی تاکەکەس، دەرەنجامی دایەلیکتیکیی نێوان تاك و کۆمەڵگایە و لە هەست و خۆست و بۆچوونەکانی تاکدا خۆی نیشان ئەدات. ڕەهەندی شوناسی کۆمەڵایەتی بریتییە لە وێکچوواندن و گونجانی«ئێمە» لە گەڵ ئەوانیدی. ئەم شوناسە روونکەرەوەی چەمکی«ئێمە»یە.

شوناس، بە کەس نابەخشرێت بەڵکوو لە ڕێگای دانوستان و مامەڵە لە گەڵ *ئەوانیدی*، دێتە بەرهەم. لەم روانگەوە دەکرێ شوناس بە پرۆسەیەکی درێژخایەن لە قەڵەم بدرێ کە هەمیشە لە حاڵی گۆڕاندایە. بۆ نموونە شوناسی نەتەوەیی و ئەتنیکی مرۆڤی کورد بە پێی کات و شوێن دەگۆڕێ. ڕەنگە *کوردبوون* لە هۆڵەندا لە گەڵ کوردبوون لە کوردستان دوو شتی جیاواز بن یا *کوردبوونی* ۲۰۰۹ لە گەڵ *کوردبوونی* ۱۹۲۰ جیاوازیان هەبێت.

شوناس بابەتێکی فرە ڕەهەندە. هەرکامێك لە ئێمە خاوەنی چەند شوناسێکە کە لایەنە بەرجەستەکەی لە پێوەندی لە گەڵ بارودۆخی ژیانمان تووشی گۆڕان دەبێت. کەسێك کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەژی لە کاتی باسکردن لە سیاسەتی نێونەتەوەیی شوناسی ئەمریکی بەخۆ دەگرێ. لە بەرەبەیانی یەکشەممەدا خۆی بە کاسۆلیك لە قەڵەم ئەدات، کاتێکیش سەیری یارییەکی فۆتبۆڵی جیهانی دەکات، دەکەوێتەوە بیری باووباپیرانی لە هۆڵەندا.

شوناسی نەتەوەیی — هویت ملی — National Identity

شوناسی نەتەوەیی ئەو کاتە لە دایك بوو کە چەمکی نەتەوە بە مانا ئەمڕۆییەکەی هاتە ئاراوە. شوناسی نەتەوەیی، دیاردەیەکی مۆدێرنە کە لەسەر گریمانەی هەبوونی بزاوتێکی ناسیۆنالیستی و وشیاری نەتەوەیی دامەزراوە. دوای سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم*، شوناسەکان بە قەبارەی نەتەوەیی پێناسە دەکرێن. کەواتە بۆ بەدیهاتنی شوناسی نەتەوەیی، ئەبێ ئەندامانی نەتەوەیەك خۆیان بە دامەزرێنەرانی نەتەوە و دواتر شوناسێکی هاوبەش بزانن.

(ئێرنێست رینان گوتەنی)، شوناسی نەتەوەیی، لەسەر بنەمای نیشتمانی هاوبەش، زمان و کولتووری هاوبەش، ئایینی هاوبەش، مێژووی هاوبەش، ویستی هاوبەش و پرەنسیپی سیاسی و یاسایی هاوبەش پێناسە دەکرێت. بەڵام هەروا کە شوناسە نەتەوەییەکانی وڵاتانی فرەکەلتوور یان نەتەوە بێدەوڵەتەکان نیشانی داوە، هیچکام لەم تایبەتمەندییانە ماکی دانەبڕاوی شوناسی نەتەوەیی نین. کەواتە شوناسی نەتەوەیی دیاردەیەکی فرەڕەهەندە. جیاواز لەمەش، دەکرێ شوناسی نەتەوەیی لە روانگەی مەدەنی یا ئەتنیکیش پێناسە بکرێت. کاتێك پێوانەکانی ئەندامەتی ـ لە شوناسێکدا ـ مەدەنی بێت، نەتەوایەتی لە گەڵ شارۆمەندیدا هاوواتا دەبن و لە راستیدا شوناس دەبێتە پرەنسیپێکی سیاسی و یاسایی. شوناسی

نەتەوەیی بە پێناسەیەکی مەدەنی، بۆی هەیە ئەندامی نوێ ـ کە سەر بە کەلتوور یا ئەتنیکێکی‌تر بێت ـ وەربگرێت و لە خۆیدا جێی بکاتەوە. کەواتە کەسێکی ئەمریکایی دەتوانێ ببێتە فەرەنسی یا ئینگلیزی چونکا سنوورەکانی شوناسی نەتەوەیی تا رادەیەك کراوەیە و هەرکەسێك بۆی هەیە رەگەزنامەی خۆی هەڵبژێرێت. بەڵام بە پێچەوانەوە کاتێك پێوانەکان تەنیا ئەندامەتی بێت، نەتەوایەتی تەنیا بریتی دەبێ لە ماف شوێنی لەدایکبوون کە ئەویش شتێکی نەگۆڕە. لەم دۆخەدا ئیدی ئاخاوتن بە زمانی زگماکی یا وەدەستهێنانی ماف شارۆمەندی نابێتە ئاریشە، بەڵکوو هەموو ئەو کەسانەی کە نەتەوە پێك دەهێنن بنەما سەرەکییەکانی شوناسی خۆیان لەم ئەندامەتییەوە دەستەبەر دەکەن.

شەڕ/جەنگ جنگ War /Warfare

بە هەموو جۆرە کردەوەیەکی قەهری و جەبری دەگوترێ کە دەوڵەتێك بەرامبەر دەوڵەتێکی‌تر بە ئەنجامی ئەگەیێنێ تاکوو ئیرادە و ویستی خۆی بەسەرا داسەپێنێ. بەڕای کلاوزویتز، تیۆری داڕێژی بەناوبانگ، «شەڕ دەوامەی سیاسەتە بە ئامرازێکی تر».

لە روانگەی کۆمەڵناسیەوە، شەڕ بەرەنگارییەکی بێڕەحمی رێکوپێکە کە لە بەینی دوو یان چەند کۆمەڵی سەربەخۆ روو ئەدات. شەڕ لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان بە هۆکارگەلێکی وەك غەنیمەت و تالانی و ترس لە بێگانە و خۆنواندن و تۆڵەسەندنەوە هەڵگیرساوە بەڵام لە ئێستادا شەڕ دەرەنجامی هۆکاری تیۆری و پراکتیکی ئاڵۆزە. چۆنیەتی شەڕ پێوەندیەکی زۆری هەیە بە ئاستی تەکنۆلۆجییەوە. لەم چاخەدا شەڕ مەترسییەکی گەورەی بۆ مرۆڤ بەدی هێناوە چونکا چەك و تەقەمەنییەکان، هێزێکی خاپوورکەری سەرسوڕهێنەریان هەیە و لەوانەیە شەڕێکی بچووك ببێتە هۆی تێوەگلانی چەن وڵاتێکی‌تریش.

شەڕ بە چەن شێوە دێتە کایەوە کە بریتین لە: شەڕی ئاسایی (کە تێیدا لە چەکی ئەتۆمی کەڵك وەرناگیرێ). شەڕی ئەتۆمی(ئەم جۆرە شەڕە تاکوو ئێستا بێجگە لە هێرشی ئەتۆمی ئەمریکا بۆ سەر ژاپۆن لە کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی، زیاتر وەك مەترسیەك ناوبردە کراوە). شەڕی کیمیاوی (لەم شەڕەدا دوو لایەن، بە مادەی جۆراوجۆری کیمیاوی هێرش ئەکەنە سەر یەکتر. شەڕی بایۆلۆجیکی(ژینگەیی)، لەم شەڕەدا بە بڵاو کردنەوەی ڤایرۆس و میکرۆب هێرش ئەکرێتە سەر دوژمن. شەڕی گریلایی یان چریکی(لەم شەڕەدا رێوشوێنێکی رێکوپێك لە ئارادا نییە و لە ناوخۆی دەوڵەتێك بە مەبەستی رووخانی رژێم هەڵئەگیرسێ). شەڕی سایکۆلۆجی(دەروونی) لەم شەڕەدا بۆ شکاندنی ورەی دوژمن لە پرۆپاگەندە کەڵك وەردەگیرێ. شەڕی رێکخراو (منظم) لەم شەڕەدا سوپای دوو لایەنی شەڕ بە شێوەیەکی رەسمی و راستەوخۆ چەکی قورس بەدژی یەکتر بەکار دەهێنن. شەڕی سارد*(ئەم شەڕە دوژمنایەتیەکی نێو نەتەوەییە کە تێیدا لە هەموو شتێك بێجگە لە توند و تیژی و پێکدادان کەڵك وەرئەگیرێ بۆ گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەیی).

تایبەتمەندییەکانی شەڕ

١ـ شەڕ دەبێتە هۆی «خەباتی چەکدارانە لە نێوان وڵاتەکان»دا. بە پێچەوانەی شەڕی ناوخۆ و شەڕ بەدژی

ئاژاوەگێڕ و دز و جەردە، لە شەڕدا ئەبێ ململانێی گشتی و بگرەوبەردە بێتە کایەوە. ئەندێشەی جەنگ، لە مێشکی بیرمەندانێکی وەك رۆسۆ لە کتێبی *پەیمانی کۆمەلایەتی*(١٧٦٢) شرۆڤە و پێناسە کراوە. ئەو دەنووسێ: شەڕ بە هیچ لەونێك پێوەندی ئینسانێك نییە لە گەڵ ئینسانێکی‌تردا بەڵکوو ئەمە پێوەندی وڵاتێکە لە گەڵ مەملەکەتێکی‌تر. لە شەڕا ئینسانەکان تەنیا بە رێکەوت وەك هاووڵاتییەك بەرەورووی یەکتر دەبنەوە و کەس وەك پارێزەر و هاونیشتمانییەك لە گەڵ کەسی‌تردا نابێتە دوژمن.

٢- جاری وا هەیە شەڕ بە پێی مافە نێونەتەوەییەکان هەڵئەگیرسێ. لەم رووەوە شەڕ شتێکی مەرجدارە واتە بە هەڵگیرسانی شەڕ کۆمەڵێك رێسا وماف دیاریکراو لە هەمبەر دوو لایەنی تێوەگلاوی شەڕەکە دێتە کایەوە کە دەبێ هەر دوو لایەن بەرعۆدەی بن. شەڕ لە وەها کەشێکدا ئەبێتە کردەوەیەکی ماف‌پەروەرانە.

٣- شەڕ بە مەبەستی سەلماندنی ئامانجێکی سیاسی یان «مەبەستێکی نەتەوەیی».

شەڕی ئایدیۆلۆجیکی جنگ عقیدتی Ideological warfare

١- تەکتیکێك کە لە سەردەمی شەڕی سارد لە لایەن دوو بلۆکی رۆژهەلات و رۆژئاوا بە مەبەستی بانگەشەی شێوەی ژیان و گوزەرانی سەرمایەداری یان سۆشیالیستی لە ناوخۆ و دەرەوە بەکار برا.

٢- جۆرە ململانەیەکە لە گەڵ سیستەمی بەهاکانی رەقیب کە هەوڵئەدات بۆ گۆڕینی بیروڕای جەماوەر. شەڕی ئایدیۆلۆجیکی بە پڕۆپاگەندە و بەرنامەی کەلتووری و پەروەردە و هونەری و دانوستانی زانستی و یارمەتی وڵاتانی بێگانە و... بە ئەنجام ئەگات. گرینگترین شەڕی ئایدیۆلۆژیکی سەدەی بیستەم لە نێوان کۆمۆنیزم و سەرمایەداری رووی دا.

شەڕی ئێران و عێراق جنگ ایران و عراق Iran-Iraq War(1980-1988)

ئەم شەڕە بە شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق دەگوترێ کە تێیدا عێراق ٦٢٧ جار دەستدرێژی بە خاکی ئێران کرد. ئەم شەڕە دوای شکاندنی رێکەوتنامەی ١٩٧٥ی جەزایر* لە لایەن سەدام حسەینەوە بە شێوەیەکی یەکلایەنە دەستی پێکرد. لە کاتژمێر ١٤ی رۆژی ٣١ی خەرمانانی ١٣٥٩ی هەتاوی(٢٢ی سێپتەمبەری١٩٨٠) هێزی ئاسمانی عێراق بە دەیان فرۆکەی جەنگییەوە هەڵیان کوتایە سەر ئاسمانی شارەکانی ئێران و دەستیان کرد بە بۆمباران کردنی ئەم شارانە. هاوکات هێزی لەشکری ئەم وڵاتە چەندەها شاری تریشی دایە بەر ئاگری تۆپخانە.

هێزەکانی سوپای عێراق پاش بەزاندنی سنووری هاوبەش بە پەلە هاتنە ناو خاکی ئێران و زۆربەی شارەکانی لێواری رۆژاوای ئێرانی گرت و بە وادەی ٢ مانگ نزیکەی ١٤هەزار ك. م چوارگۆشەی لە خاکی ئێران داگیر کرد. ئەم خاکە داگیرکراوانە تاکوو ٢١ مانگ لە ژێر دەسەلاتی عێراق مایەوە بەلام لەوە بەدوا هێزەکانی سپای ئێران کەوتنە سەرەوە و دەستیان کرد بە راونانی سوپای عێراق.

ئەم شەڕە هەر دەوامەی بوو تاکوو ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڕێکەوتی ٢٩ی پووشپەڕی ١٣٦٦ھ (١٩٨٧)، بڕیارنامەی ٥٩٨ ی دەرکرد. لەم بڕیارنامەدا لە دوو لایەنی شەڕ داوا کراوە ئاگربەس بکەن و دەسپێکەری شەڕ دیاری بکرێت. بڕیارنامەکە تاکوو ساڵی دواتر(٢٦ی پووشپەڕی ١٣٦٧) لە لایەن ئێرانەوە پەسند نەکرا. سەرەنجام لە ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٦٧ بە شێوەیەکی ڕەسمی ئاگربەس پەسند کرا.

لە ساڵی ١٩٩١ سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتەکەی خۆی بە ئەنجومەنی ئاسایش ڕایگەیاند کە عێراق بەرپرسی دەسپێکردنی شەڕ بەدژی ئێران بووە. لەم شەڕەدا کە ٨ ساڵی خایاند زیانێکی گیانی و ماڵی زۆر بە هەر دوو وڵاتەکە گەیشت. بە پێی ڕاگەیاندنی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕادەی زیان و خەسارەتەکانی شەڕەکە بەم چەشنەی خوارەوە بووە.

- ڕادەی زیانی ڕاستەوخۆ ٩٧/٢ ملیارد دۆلار.
- ڕادەی زیانی ناڕاستەوخۆ ٣٤/٥٣٥ ملیارد دۆلار.
- ئێران ئەم ڕادەیە بە ١٠٠٠ ملیارد دۆلار بەراورد ئەکات.

شەڕی دووهەمی جیهانی (١٩٣٩-١٩٤٥) جنگ جهانی دوم world war II

لە فێورییەی ساڵی ١٩٣٨ ئادۆڵف هیتلەر، بوو بە ڕێبەری ئەڵمانی نازییەت و فەرماندەیی گشتی هێزەکانی ئەڵمانی بەدەس هێنا و هەموو مەقام و مەنسەبە دەوڵەتییەکانی بە نازییەکانی نەمسا بەخشی. ڕۆژی ١٢ی مارس، هێزەکانی ئەڵمانیا نەمسایان گرتەوە و ڕۆژی دواتر خاکی ئەم وڵاتە بە ئەڵمانیا لکێندرا.

هیتلەر سوور بوو لە سەر ئەوەیکە بە یارمەتی ٣ ملوێن ئەلمانیاییزمانی دانیشتووی ویلایەتی سودەتی چێك، ئەم وڵاتەش بلکێنی بە خاکی ئەڵمانەوە. لە مانگی مارسی ١٩٣٩ هێرشی بردە سەر ئەم وڵاتە و بە تەواوەتی داگیری کرد. دوای داگیر کردنی ئەم دوو وڵاتە ئینجا کەوتە هەڕەشە کردن لە پۆڵەندا. لە مانگی ئاگۆستی ١٩٣٩ پەیمانی پاراستنی سنووریی لە نێوان ئەڵمانیا و سۆڤیەت مۆرکرا.

ڕۆژی ١ ی سێپتەمبەری ١٩٣٩ ئەگەرچی خەڵکی پۆلەندا خۆڕاگرییەکی شێرانەیان لە خۆیان نیشان دا بەڵام ئەڵمانیا بە هێزی مەکینەیی و بە پشتیوانی هێزی ئاسمانی، توانی لە ماوەی مانگێکدا ئەم وڵاتەش داگیر بکات. ڕۆژی پێنجەمی ژووەنی ١٩٤٠ هێزەکانی ئەڵمانی نازی هێڵە بەرگرییەکانی سپای فەرەنسەی تێك شکاند و بە پەلە خۆی گەیاندە باشوور. لە ڕۆژی ١٠ی ژووەن ئیتالیای فاشیست، شەڕەکەی کێشایە فەرەنسە. ئەڵمانییەکان دوای گرتنەوەی پاریس لە ٢٢ی ژووەنی ١٩٤٠، مەرجەکانی خۆیان بۆ ئاشتی لە گەڵ فەرەنسە بە کاربەدەستان ڕاگەیاند کە بەو پێیە فەڕەنسە دەبووە دوو بەش. بەشێکیان ئەکەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەڵمانیا و ئەویدیکە بە ناوەندییەتی شاری ویشی، ئەکەوتەوە دەستی فەرەنسییەکان. بەڵام بەشەکەی فەرەنسەش لە ساڵی ١٩٤٢ لە لایەن هێزەکانی ئەڵمانیاوە داگیر کرا.

لە ٩ی ئاڤریلی ١٩٤١، هێزەکانی ئەڵمانیا هێرشیان بردە سەر خاکی دانیمارك و ئەم وڵاتەشیان داگیرکرد. ئینجا هێرش کرایە سەر نەرویج. لەم کاتەدا هێزەکانی فەرەنسە و بەریتانیا هاتنە فریای نەرویج بەڵام تا ١٠ی ژووەن توانییان خۆڕابگرن و سەرەنجام ئەم وڵاتەش بەدەستی هێزەکانی ئەڵمانیا داگیرکرا. دواتر لە رۆژی ١٠ی مانگی مەی، ئەڵمانیەکان هەڵیان کوتایە سەر نەمسا و بەلجیکا و لۆکزامبۆرگ و ئەم وڵاتانەشیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. لە ٢٢ی ژووەنی ١٩٤١ هێزەکانی نازی چەن هێرشێکی بەربڵاویان بردە سەر خاکی سۆڤیەت. بەڵام خۆڕاگری خەڵکی ئەم وڵاتە بە تایبەت لە ستالینگراد بووە هۆی دامرکانەوەی شەڕەکە.

لە ٧ی دێسەمبەری ١٩٤١ بەرەیەکی‌تری شەڕی جیهانی دووهەم، لە نێوان هێزەکانی ژاپۆن و ئەمریکا کرایەوە. لەم رۆژەدا فڕۆکەکانی ژاپۆن هێرشیان کردە سەر پاپۆڕە جەنگییەکانی ئەمریکا و بارانەی بۆمبیان بە سەردا باراندن. لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٢ بەریتانیەکان بەگورجی بەرپەرچێکی هێزەکانی ئەڵمانیا و ئیتالیایان دایەوە و توانیان ئەم هێزانە لە باکووری ئەفریقا راو بنێن. لە ساڵی ١٩٤٣ هێزە یەکگرتووەکانی دژ بە نازیسم و فاشیزم، پەلامارێکی بەربڵاویان بردنێ و دوای سەرنگوونی مۆسۆلینی(رێبەری فاشیزمی ئیتاڵی)، لە ژانوییەی ١٩٤٤ هێزەکانی خۆیان لە نزیك رووم دابەزاند.

لە رێکەوتی ٦ی ژووەنی ١٩٤٤ چەن سوپایەکی گەورە لە هێزەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و کەنەدا لە لێواری نۆرماندی کە بەدەست ئەڵمانییەکانەوە بوو دابەزین. لە ئۆپەراسیۆنی نۆرماندی‌دا هێزە یەکگرتووەکان، دامودەزگای جەنگیی ئەڵمانیان لە کار خست و زەبرێکی کارییان پێ گەیاند. دوای شەڕ و پێکدادانێکی زۆر هێزەکانی ئەڵمانیا بەرەو دواوە پاشەکشەیان کرد و لە رۆژی ١٥ی ئاگۆستی ١٩٤٤ هێزەیەکگرتووەکان لە باشووری فەرەنسە دابەزین.

بە هاتنەمەیدانی هێزەکانی ئەمریکا بۆ پشتیوانی کردن لە پاریس و خۆڕاگری خەڵکی ئەم شارە لە بەرامبەر ئەڵمانیەکان، هێزەکانی ئەڵمانیا تەنگیان پێ هەڵچنرا و بەم جۆرە پاش چوار ساڵ شاری پاریس لە چنگی دوژمن دەرهات. لە ٣ی سێپتەمبەر هێزەکانی بەریتانیا بەلجیکیان رزگار کرد و هێزە چەتربازەکانیش لە نەمسا نیشتنەوە تاکوو لێرەوە هێرش بەرنە سەر ئەڵمانیا. سەرەنجام لە مانگی فێورییەی ١٩٤٥ هێڵی زیگفرید دەشکێنن و لە رووباری راین ـەوە دەچنە ناو خاکی ئەڵمانەوە. لە ژانوییەی ١٩٤٥ سۆڤیەت هێزەکانی ئەڵمانیا راودەنێ و لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو ئەڵمانیا پێشڕەوی ئەکات. هێزی هاوبەشی بەریتانیا و ئەمریکاش لە رۆژاواوە خۆیان بۆ هێرش بردن بۆ پێتەختی ئەڵمانیا ئامادە دەکەن.

رۆژی ٢٤ی ئاوریلی ١٩٤٥ هێزەکانی سۆڤیەت، بەرلین رزگار ئەکەن و لە چەمی ئالب لە گەڵ هێزەکانی ئەمریکا یەك ئەگرنەوە. سەرەنجام سپای ئەڵمانیا خۆی تەسلیم ئەکات و ئەم شەڕە خوێناوییەی ئەورووپا لە ٨ی مانگی مەی ١٩٤٥ کۆتایی پێ دێت و هیتلەریش چەن رۆژ دوای کۆتایی شەڕەکە خۆی کوشت.

لە لایەکی ترەوە بۆ ئەوەی ئەمریکا سەری تەسلیم بە ژاپۆن دابخات، لە ٦ی ئاگۆستی ١٩٤٥ بە فڕۆکەی بۆمب هاوێژ بۆمبێکی ئەتۆمی هاویشتە شاری هیرۆشیما کە لە ئەنجامدا ٧٨ هەزار کەس کوژران و ٧٠ هەزار کەسی دیکەش بە توندی بریندار بوون و زۆربەی شارەکەی وێران کرد. دەوڵەتی ژاپۆن خۆی نەدا بە

دەستەوە و تەسلیم نەبوو. بۆیە ئەمریکا جارێکیتر لە ڕۆژی ٩ی سێپتەمبەر بۆمبێکیتری هاویشتە سەر شاری ناگازاکی و لە ئاکامی تەقینەوەی ئەم بۆمبەش هەزاران کەسیتر کوژران وبریندار بوون وماڵوێرانییەکی زۆری لێکەوتەوە. ئینجا ژاپۆن خۆی تەسلیم کرد و شەڕی جیهانی دووهەم بە تەواوەتی کۆتایی پێهات.

شەڕی یەکەمی جیهانی　　جنگ جهانی اول　　World war

شەڕی جیهانی یەکەم لە ساڵی ١٩١٤هەڵگیرسا و سەرچاوەکەشی ئەگەڕێتەوە بۆ ململانێ و کێبەرکێی دەوڵەتە گەورەکان لە سەر ئیستیعمار و کێشەی سەربازی و نەتەوەیی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم. ئەم شەڕە بە بیانووی کوشتنی فرانسوا فێردیناند شازادەی نەمسا لە ٦/٢٨/ ١٩١٤ لە ویلایەتی سارایەڤۆ لە بوسنی دەستی پێکرد. خەڵکی ئەم ویلایەتە حەزیان ئەکرد بە سێربستانەوە پەیوەست بن بەڵام دەوڵەتی نەمسا دژایەتی ئەکرد. کاربەدەستانی نەمسا دەوڵەتی سێربستانیان بە بەرپرسی ئەم کوشتنە ناوبردە کرد. دەوڵەتی نەمسا چونکا سوور ئەیزانی ئەڵمانیا پشتیوانی لێئەکات، کەوتە فشارهێنان و هەڕەشەکردن لە سێربستان بەڵام ئەم هاشوهووشە سەمەرەبەخش نەبوو. بەم بۆنەوە دەوڵەتی نەمسا، شەڕی خۆی بەم وڵاتە ڕاگەیاند. لەم ناوەدا سۆڤیەت پشتیوانی خۆی لە سێربستان دەربڕی.

شەڕفرۆشی نەمسا بە سێربستان بووە هۆی ئەوە کە ئەندامانی سێکوچکەی هاوپەیمان(بەریتانیا و فەرەنسە و سۆڤیەت) لە گەڵ سێکوچکەی یەکگرتوو(ئەڵمانیا و نەمسا و ئیتالیا)، شەڕی خۆیان بە یەکتر ڕاگەیەنن. ئەمریکا لە ساڵی ١٩١٧ هاتە ناو ڕیزی هاوپەیمانان(بەریتانیا و...) و دۆخەکەی بە قازانجی خۆیان گۆڕی. ئەم شەڕە کە ٤ ساڵی خایاند زۆربەی ئەورووپا و ئەمریکا و ژاپۆنیشی گرتەوە و فەرەنسەش بووە گەورەترین مەیدانی شەڕەکە. ساڵی ١٩١٨ ئەڵمانیەکان لە بەرامبەر فەرەنسە و بەریتانیا و سۆڤیەت، شکستیان هێنا و سەرەنجام لە ١١ی نۆڤەمبەری هەمان ساڵ شەڕ کۆتایی پێهات.

شەڕی دووهەمی کەنداوی فارس　　جنگ دوم خلیج فارس
The second persian gulf war

بە شەڕی ٤٢ ڕۆژەی هاوپەیمانانی ڕۆژاوایی بە ڕێبەرایەتی ئەمەریکا ئەگوترێ بۆ ڕزگار کردنی خاکی کوەیت لە دەست سوپای عێراق کە لە ٢ی ئاگوستی ١٩٩٠ داگیر کرابوو. بەم بۆنەوە ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە دەرکردنی بڕیارنامەیەك داوای لە عێراق کرد هەرچی زووتر هێزەکانی خۆی لە خاکی کوەیت بکێشێتەوە دوواوە. هاوپەیمانانیش تاکوو ١٥ی ژانویەی ١٩٩١ مۆڵەتیان دا بە عێراق کە پاشەکشە بکات و بڕیارنامەکەی ئەنجومەنی ئاسایش جێبەجێ بکات. ئەم مۆڵەتە کە نزیکەی ١١مانگی خایاند، کۆتایی پێهات بەڵام عێراق هەر لە خاکی کوەیت مایەوە.

سەرەنجام لە کاژمێر ٢٢/٣ بەکاتی گرینتچ، لە رۆژی ١٦ی ژانویەی ١٩٩١ ئۆپەراسیۆنی ***زریانی سەحرا*** بە ڕێبەرایەتی جێنێراڵ شوارتسکۆف دەستی پێکرد. لە ماوەی یەک حەوتوودا هێزەکانی هاوپەیمانان، سەرجەم ١٢هەزار جار بەسەر خاکی عێراقدا هەڵفڕین و بۆمبارانیان کرد. ئۆپەراسیۆنی ئاسمانی ٣٨ رۆژ درێژەی خایاند. ئینجا ئۆپەراسیۆنی زەوی بەناوی شمشێری سەحرا بۆ دەرکردنی هێزەکانی عێراق لە کوەیت دەستی پێکرد و لە دوای ٤ رۆژ (٢٨ی فێوریە) هێزەکانی عێراقی بە ئاگربەس پێمل کرد.

لەم شەڕەدا عێراق بۆ وەڵامدانەوەی هێرشەکانی هاوپەیمانان چەن جارێک مووشەکی هاویشتە ئیسراییل و عەرەبستان بەڵام زۆر کاریگەر نەبوون. ئەم شەڕە بووە هۆی ڕاپەڕینی کورد و شیعە بەدژی دەوڵەتی سەدام حسەین. ئینجا رژێمی عێراق دەستی کرد بە سەرکوتکردنی هەرچی زیاتری ئەو ناوچانەی کە کورد و شیعەی تیا دەژیان.

لە راستیدا هێرشی سەدام بە کوەیت و شکست هێنانی لەم شەڕەدا بۆ کورد - بە تایبەت - هەلێکی مێژوویی و زێڕینی ڕەخساند. هێزەکانی پێشمەرگە بە ڕێبەرایەتی دوو پارتی سەرەکی - یەکیەتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان — خۆدەکەون و هێرشەکانی خۆیان لەناو کوردستاندا بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی رژێمی بەعس* زیاتر دەکەن. لە ٤ی مارسی ١٩٩١ بێ ئۆقرەیی و بێ ئارامی خەڵکی رانیە سەرریژ ئەبێ و لە چەن رۆژدا ئەم حاڵەتە ئەبێتە راپەڕینێکی گشتی و شارەکانی دهۆک و هەولێر و سلێمانیش ئەگرێتەوە و لە دەستی هێزەکانی بەعس رزگار دەبن.

لەم قۆناغەدا ماوەی ئازادی خەڵکی کورد زۆری نەخایاند چونکە رژێم هەرەشەکانی خۆی بە دژی ئەم ناوچانە بەئەنجام گەیاند و لە ١٣ تا ٢٨ی مارس کە زانی کەرکووکیش خەریکە لە دەستی دەردێت، بە یارمەتی فڕۆکە و چەکی قورس و دەبابە هێرشی هێنایەوە کوردستان و خەڵکی ئەم ناوچانەی بەرەو ئێران و تورکیا راونا. لەم کۆچەگەلەدا خەڵکێکی مەدەنی زۆر کوژرا و ئاوارەبوونێکی گەورە بۆ کورد بەجێما. لە دوای ئەوەیکە سەدام کەشێکی نائەمنی خستە ناوچەکە و فشارێکی زۆری هێنا بۆ دانیشتوانی کوردستان، هاوپەیمانان، «ناوچەیەکی ئەمن»یان لە ناو عێراق راگەیاند. ئەم پلانە لە ١٨ی ئاوریلی ١٩٩١ لە نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتی عێراق مۆرکرا. بە پێی ئەم رێکەوتننامە عێراق، نەدەبوا لە خولگەی ٣٦ دەرەجەی باکووری ئەم وڵاتە (ناوچە کورد نشینەکان) فڕۆکەکانی بخاتە ئاسمانەوە. ئەم ماوەو دواتریش ئەگەرچی پڕ بووە لە سەختی و گەمارۆی ئابووری و نائەمنی بەڵام سەردەمێکی رەخساند کە بەدوا خۆیدا گەڵاڵەی رزگاری و ئازادی کوردی ئەم ناوچانەی داڕشت.

شەڕی دووهەمی کەنداو چەن دەرەنجامێکی لێکەوتەوە کە دەکرێ بە سێ‌دانە ئاماژە بدەین:

١- جێگیر بوونی هێزە سەربازییەکانی رۆژاوا لە عەرەبستان و ناوچەی کەنداو.

٢- فرۆشتنی بێوێنەی چەک و تەقەمەنی وڵاتانی رۆژاوایی بە عەرەبان.

٣- دابەشکردنی عێراق بە سێ ناوچەی کوردستان، ناوەندی و شیعەنشین.

شەڕی سارد (١٩٩٠-١٩٤٥) جنگ سرد Cold war

بە سەردەمی دوای شەڕی جیهانی دووهەم ئەوترێ کە لە بەینی دوو *زلهێز*ی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا سەری هەڵدا و نزیکەی ٤٥ ساڵی خایاند. ئەم شەڕە لە سێ قۆناغی جیاواز پێکهاتووە:

قۆناغی یەکەم، لە ١٩٤٥ تا ١٩٥٣ واتە ڕۆژی مردنی ستالین. لەم قۆناغەدا گرینگترین ئەندێشەی ستالین، پاراستن و پیادە کردنی دەسکەوتەکانی خۆی واتە دەسگرتن بەسەر ئەوروپای ناوین بوو بێئەوەی خۆی لە گەڵ ئەمەریکا ڕووبەڕوو ببێتەوە. ڕۆژاوا لەم ساڵانەدا هەڵوێستێکی بەرگری کارانەی بووە و ئەمریکا، هێزە سەربازییەکانی لە خاورووی ڕۆژهەڵاتی ژاپۆن و ئەڵمانیا (ڕۆژاوا) لە ئوراسیا، هێشتەوە.

دوای مەرگی ستالین و کۆتایی هاتنی قۆناغی یەکەمی شەڕی سارد هەر دوولا ئامادەی خۆ سازدانەوە بوون. زیاکردنی بەرنامەکانی *رادیۆی ئەورووپای ئازاد* بۆ وڵاتانی ئەقماری، زیاکردنی پشتگیری ماڵی لە چالاکیە سیاسیەکانی پەنابەرانی سۆڤیەتی و ئەوروپای ڕۆژهەڵات کە لە ڕۆژاوا گیرسابوونەوە و هەوڵی بێ وچان بۆ پشتیوانی کردن لە گرووپە نادیارەکانی دژ بە سۆڤیەت، لە جوملەی تایبەتمەندیەکانی ئەم قۆناغە بوون.

قۆناغی دووهەمی شەڕی سارد، لە ١٩٥٣ تاکوو ١٩٧٠ ئەخایێنێت. لەم ماوەدا بڕیار وابوو سۆڤیەت لە باری ئابووریەوە ئەمریکا ببەزێنێ و جیهانی کۆمۆنیستیش لەم بابەتەوە لە جیهانی سەرمایەداری پێشکەوتووتر بێت. لەم قۆناغەدا ئەمریکا و سۆڤیەت دوو جار بە تەرزێکی جیددی ڕووبەڕوی یەك بوونەوە. یەکەم جار لە بابەت بەرلین و جاری دووهەمیش لە سەر کووبا کە هەردوو جارەکە سۆڤیەت خۆی بە زل زانیوە و قەیرانی ساز کردبوو. ئەگەرچی کەس بەدژی دروسکردنی دیواری بەرلین لە لایەن سۆڤیەتەوە هەڵنەستا بەڵام ئەم کارە بووە هۆی مەهارکردنی ئەلمانیای ڕۆژهەڵات و جێخۆشکردن لە ئەوروپای ناویندا. هێنانە دەرەوەی مووشەکەکانی سۆڤیەت لە کووبا سەروساختێك بوو کە دەوڵەتی کێنێدی(١٩٦٣-١٩٦١) پێمل کرد سیستەمێکی لایەنگری سۆڤیەت لەم وڵاتەدا (کووبا) زەمانەت بکات.

قۆناغی سێهەمی شەڕی سارد لە ساڵی ١٩٧٠ دەستی پێکرد. لەم سەردەمەدا گوشاری سۆڤیەت بەوپەڕی خۆی گەیشت. ئەمریکا لە شەڕی ڤێتنام هیلاك بووە و ڕۆژاواش تامەزرۆی هێورکردنەوەی دۆخەکە و کردنەوەی پێوەندی نێوان ئەمریکا و چینە. سۆڤیەت بەپێزتر لە جاران هێرشی کردۆتە کووبا و ئیتیۆپیا و ڤێتنام و یەمەن و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین. ئامادەکردنی مووشەکی ئێس‌ئێس٢٠ کە بەرەو ژاپۆن و ئەوروپای ڕۆژاوا دابەستبوو، ڕەقیبی تۆقاندبوو. بەڵام دەرەنجامی ئەم ڕەوتە بە پێچەوانەوە بە زیانی سۆڤیەت تەواو بوو.

هێرشکردنی سۆڤیەت بۆ سەر ئەفغانستان لە مانگی دیسەمبەری ١٩٧٩، ئەمریکای والێکرد لە باری جوگرافییەوە سیاسەتی پشتیوانی کردن لە موجاهیدینی ئەفغان بکاتە پیشەی خۆی و لە گەڵ وڵاتانی پاکستان و چین و عەرەبستان و میسر و بەریتانیا بەرەیەك بەدژی سۆڤیەت ساز بکات.

هاتنە سەرکاری گۆرباچۆڤ لە ساڵی ١٩٨٥ و دەسپێکردنی هەندێ ریفۆرمی بەپەلە و بێ‌ڕێوشوێن، نەوەک عومرێکی دووبارەی بە سۆڤیەت نەبەخشیەوە بەڵکوو ئاڕێشەکانی زیاتر کرد. زیادەڕۆیی لە کێبەرکێی چەک و تەقەمەنی، ئابووری ئەم وڵاتەی ئیفلیج کرد و سەرەنجام بەرەو سەرنگوونی ئەبرد.

لە ساڵی ١٩٨٩ گۆرباچۆڤ، لە دووڕێیانەیکدا مابۆوە! یان ئەبوا بۆ هێشتنەوەی دەسەڵاتی پێشوو دەستی بکردایە بە خوێن ڕشتن و شەڕی ناوخۆیی و ئاژاوە کە ئەم ڕێگایە زەمینەی دەستێوەردانی ئەمریکای خۆش ئەکرد یان ئەوەیکە خۆی تەسلیم بکات. گۆرباچۆڤ، ڕێگەی دووهەمی هەڵبژارد و سەرەنجام پاشاگەردانی کەوتە وڵات و ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ناوین و لە ڕاستیدا بلۆکی کۆمۆنیستی تێک شکا و لە دێسەمبەری ساڵی ١٩٩١ بە شێوەیەکی ڕەسمی یەکیەتی کۆمارییەکانی سۆڤیەت لێک هەڵوەشا.

شەڕی عێراق جنگ عراق Iraq War

هێرشی سەربازی و لەشکری لە زەوی و دەریا و ئاسمان لە لایەن ئەمریکا و بریتانیا و هاوپەیمانەکانیان (ئوسترالیا، ئیسپانیا، ئیتالیا، پورتوغال و ...) بۆ سەر خاکی عێراق کە لە ڕێکەوتی ٣/٢٠ ٢٠٠٣ دەستی پێکرد و لە ماوەی کەمتر لە مانگێک بە ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسەین کۆتایی پێهات. ئەم شەڕە کە لە ڕاستیدا بێ ئیجازەی ئەنجومەنی ئاسایش*ی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵگیرسا، لە لایەن هاوپەیمانانەوە بە ***شەڕی ئازادیی عێراق*** پێناسە کراوە و نەیارانیش بە شەڕی نەوت ناوبردەی دەکەن(عێراق زیاتر لە ١١٢ ملیارد بەرمیل نەوتی هەیە). هۆی سەرەکی و پاڵنەری بەهێز بۆ هێرشکردنە سەر عێراق لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانان، بریتی بوو لە بەرگریکردن لە پەرەپێدانی چەکی کۆمەڵکوژ (ئەتۆمی، کیمیایی، بایۆلۆجی و ...) لە لایەن ڕژێمی سەدام و شەڕ لەگەڵ تیرۆریزمی بونیادگەرای ئیسلامی و پاراستنی ماف مرۆڤ و ئازادی عێراق.

پاش تێپەربوونی ٣ ساڵ بەسەر ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسەین، ڕۆژێک نەبووە عێراق، بە تایبەت ناوەڕاست و باشووری ئەم وڵاتە ئارامی بە خۆیەوە ببینێت. لەم ماوەدا هەزاران هێرشی تیرۆریستی و خۆکوژییانە کراوەتە سەر هێزەکانی هاوپەیمانان، بە تایبەت ئەمریکییەکان و بە هەزاران خەڵکی مەدەنی و سەربازیش کوژران و بریندار بوون. دەستووری هەمیشەیی عێراق لە لایەن جەماوەری ئەم وڵاتە پەسند کرا و بۆ یەکەم جار لە مێژوودا کوردێک (جەلال تاڵەبانی) بووە سەرکۆمار و ئەنجومەنی نیشتمانی دامەزرا و دەوڵەتی نوێ پێکهات. سەدام حسەین و حەوت کەس لە دەستوپێوەنەکانی لە دادگایەک بە سەرۆکایەتی قازییەکی کورد، دادگایی کران. حوکمی سێدارە بۆ سەدام و چەن کەس لە دەستوپێوەنەکانی بێ ئەوەی دادگاییەکەیان بە ئەنجام بگات، بڕایەوە و لەبارەیانەوە بەڕێوە چوو.

پاش هەڵبژاردنی باراک ئۆباما بە سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٩، ئۆباما پاش پیاچوونەوە بە سیاسەتەکانی ئەم وڵاتە بەرامبەر بە عێراق و ئەفغانستان، بڕیاری دا کە لە ماوەی ١٦ مانگدا هێزەکانی خۆی لە عێراق بکێشێتەوە و باری ئەمنی و ئاسایشی ئەم وڵاتە بداتەوە دەست هێزەکانی عێراق.

شەڕی گریلایی   جنگ چریکی   Guerilla warfare

ئەم وشە لە زمانی سپانیاییەوە هاتووە و بە مانای شەڕێکی بەربڵاوە کە لە لایەن خودی هێز و لقەکان فەرمەندەیی ئەکرێت. لە زاراوەی سەربازیدا بریتییەلە: «سوپایەك کە فێری ڕێوشوێنی شەڕکردن نەکرابێت، لە خێڵ و عەشیرەتی شار و دێهاتەوە دێنە مەیدانی شەڕ و بە کۆتایی هاتنی شەڕ ئەگەڕێنەوە ناو ماڵ و خێزانی خۆیان». ئەم جۆرە شەڕە لە مێژینەیە بەڵام لە سەدەی بیستەمەوە یارمەتیدەر و ڕێخۆشکەری سەرکەوتنی شۆڕش بووە.

شەڕی گریلایی هاوشێوەیە لە گەڵ شەڕی پێشمەرگە لە کوردستان، بەم جیاوازییە کە پێشمەرگە بە تەواو بوونی شەڕ دەست لە چەك هەڵناگرێ بەڵکوو دوای سەرکەوتن، دەبێتە هێزی سەربازی و پاراستن و بەرگری هەرێم.

شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی   شیوه تولید آسیایی

Asiatic Mode of Production

زاراوەی *شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی*، یەکەم جار لە لایەن جۆن ستوارت میل بیرمەندی ئینگلیزی بۆ پێناسەکردنی سیستەمی ئابووری وڵاتانی ئاسیایی هاتە ئاراوە. دواتر لە لایەن بیرمەندانێکی وەك کارل مارکس بە تێروتەسەلی شرۆڤە کراوە. ئەو بۆ ناساندنی وڵاتانی چین و ڕووسیە و هیندستان، کۆمەڵێ تایبەتمەندی یەکسان دەبینێت کە بە گشتی بە شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی ناوبردە کراوە. بە باوەڕی مارکس، بارودۆخ و کەشوهەوای هەرێمەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵات، بە هۆی کەمبوونی ئاو پێویستی بە هێنانە مەیدانی جەماوەر و هەرەوەزی ئینسانییە بۆ کەڵك وەرگرتن لە سەرچاوەکانی ئاو. بەم بۆنەوە دەسەڵاتی سیاسی و دەوڵەتەکان بە شێوەیەکی بەرچاو، دەست ئەگرن بەسەر سەرچاوەکانی ئاودا و لەم ڕێگاوە زەبر و زاکونی خۆیان بەسەر خەڵکی ئەم وڵاتانە خاڵی ئەکەنەوە. بەمجۆرە شێوازێکی تایبەتی بەرهەمهێنان لە وڵاتانی ئاسیایی دێتە ئاراوە کە ڕێگا خۆش ئەکات بۆ ئیستبداد و ستەمکاری لەم وڵاتانە.

ع

عەدالەت/داد عدالت/ عدل Justice

١- چاكە و رەوشت پاكییەك كە بەو پێیە دەبێ بە هەر كەس ئەو شتەی كە مافی خۆیەتی بدرێت.

٢- گەیشتنی حەق بە حەقدار دەبێ لەسەر بنەمای یەكسانی و لە بەرامبەر یاسا و رێزگرتن لە مافی هەمووان بێت.

٣- پاراستنی هاوسەنگی قانوونی لە نێوان بەرژەوەندییەكاندا.

ئەگەرچی بەستێنی ئەخلاق بەرفراوانترە لە بەستێنی عەدالەت بەلام زۆربەی فەیلەسوفان، بۆ وێنە ئەرەستۆ عەدالەتیان بە گرینگترین بەشی ئەخلاق ناوبردە كردووە. تیۆرییەكانی عەدالەت وەلامی ئەم پرسیارە فەلسەفیە ئەدەنەوە كە *عەدالەت* چییە؟ چەمكی عەدالەت لە سەردەمی سوكرات و كتێبی كۆماریی ئەفلاتوون لە سەدەی چوارەمی (پ.ز) تا سەردەمی جۆن راڵز، فەیلەسوفی هاوچەرخی ئەمریكا گرنگییەكی بێوێنەی لە فەلسەفەی ئەخلاق و فەلسەفەی سیاسی بەخۆوە دیوە. سوكرات دەیگوت عەدالەت لەسەر هەر چەمكێكی ژیانی باش دەورێكی بونیادی ئەگێرێ و ژیان بە پێوانەی عەدالەت گرانبەهایە. راڵزیش دەڵێت عەدالەت یەكەمین چاكەی پێویستە بۆ دەزگا كۆمەلایەتییەكان.

چەمكی عەدالەت هەرچی وردبینانەتر پێناسە بكرێت، سوودمەندترە. دوو جیاوازی بنەڕەتی سەبارەت بە عەدالەت یارمەتیمان دەدات كە بەستێنی مانایی ئەم چەمكە سنووردارتر بكەین. یەكەمین جیاوازی ئەو جیاكارییەیە كە ئەرەستۆ لە نێوان عەدالەتی «تەوزیعی» و عەدالەتی «جوبرانی» قاییل بووە. عەدالەتی تەوزیعی، بریتییەلە دابەشكردنی دارایی لە نێوان ئەندامانی كۆمەڵێك. ئەو پێی وایە كە ئەم دابەشكارییە دەبێ بە پێی لێهاتوویی و توانستی كەسەكان بێت. عەدالەتی جوبرانی، باسی مامەڵەی نێوان خەڵك و دانوستانی دوولایەنە دەكات.

پێزانین و چاكەكردن لە بەرامبەر چاكەدا لایەنەكانی ئەم جۆرە عەدالەتە لە ئەژمار دێن. دووهەمین جیاوازی باس لە «بابەتی» عەدالەت دەكات. عەدالەت یان لە پێوەند لەگەڵ خەڵك (وەك فەزیلەت و چاكەیەكی تاكەكەسی) یان لەبابەت دەزگا كۆمەلایەتییەكان (بۆ وێنە لە ئاست پێكهاتەی بنەڕەتی كۆمەڵگا و دەزگا كۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسییەكان) چێ دەكرێت.

جۆن راڵز، فەیلەسوفی سیاسی هاوچەرخ لە كتێبی *تیۆرییەك دەربارەی عەدالەت* (١٩٧١) دوو بنەڕەتی سەرەكی لەمەڕ عەدالەت چێ دەكات: یەكەم، باسی بەرژەوەندییە سیاسیەكانە بە تایبەت دابەشكردنی ئازادی و مافە سەرەكییەكان. بەو پێیە، دەبێ هەركەس مافی ئەوەی هەبێت لە هەموو ئازادییەك بەهرەمەند بێت تاكوو بتوانێ ئازادی بۆ هەمووان دابین بكات. دووهەم، بەرژەوەندییە كۆمەلایەتی و ئابوورییەكان بە

تایبەت دابەشکردنی داهات و دارایی و هەل و دەرفەت. بەم پێیە، نابەرابەری و بێعەداڵەتییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دەبێ بە جۆرێک رێك بخرێن کە زۆرترین قازانج بەو کەسانە بگات کە لە کەمترین رادەی خۆشگوزەرانی بەهرەوەر نەبن.

ف

فابیانیزم فابیانیسم Fabianism

زاراوەی فابیانیزم لە ناوی فابیۆس سەرکردەی رۆمی وەرگیراوە کە دوو سەدە پێش زایین ژیاوە و توانی بە زیرەکی و لەسەرخۆ، شکست بهێنێ بە هانیبالی دوژمنی. لە زاراوەی سیاسیدا ناوی بزاڤێکی سۆشیالیستییە کە لە بریتانیا سەری هەڵدا و لایەنگرەکانی لە ١٨٨٤ لە «کۆمەڵەی فابیان» کۆ بوونەوە و توانی سەرنجی هەموو رۆشنبیرانی ئەو سەردەمە (بۆ وێنە جۆرج بیرنارد شاو و گراهام والاس) بەرەو لای خۆی رابکێشێ. بەگشتی ئەم رێبازە پێی وایە کە سۆشیالیزمی جیهانی دەبێت بە ئارامی و بەکاوەخۆ و بە شێوەیەکی زانستییانە لەسەر بیر و هزری جەماوەر کاریگەریی دابنێت. کۆمەڵەی فابیان لەسەر ئەم باوەڕەن کە دەکرێت لە رێگای ئاشتیانە و گونجاو لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی و کاریگەریی لەسەر بیروبۆچوونی بەرپرسان، کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی بنیات بنرێت. پاش دامەزرانی حیزبی کرێکاری بریتانیا کۆمەڵەی فابیان چوونە ریزی ئەم حیزبەوە بەڵام سەربەخۆیی خۆیان پاراست و دواتریش وەك گرووپێکی رۆشنبیر دەستیان دایە توێژینەوە و راگەیاندن لەناو حیزبدا. ئەم گرووپە چەند وتارێکیان بەدژی فەلسەفەی مارکس بڵاوکردەوە و لەم بارەوە بەم شێوە بیریان دەکردەوە:

١ـ چاکسازی* کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی خۆرسك، کامڵبوونی سرووشتی بەدی ئەهێنا و بارودۆخی ئابووری کرێکاری بەرەو باشتربوون دەبرد و پێویستی بە شۆڕش و توندوتیژی نەدەکرد.

٢ـ بۆ پێشڤەبردنی کۆمەڵایەتی، ململانێی چینایەتی پێویست نەبوو.

فاشیزم فاشیسم Fascism

فاشیزم لە سەرەتادا بە مانای سێندیکالیزم*ی دەوڵەتی واتە رێکخستنی ئابووری کۆمەڵگا لە سەرەوە بەدەستی دەوڵەت و پشتگیری لە موڵکداریەتی تایبەتی لێکدراوەتەوە بەڵام دواتر مانایەکی بەرفراوانتر لەخۆ دەگرێ و بۆ پێناسەکردنی جۆرێك لە رژێمی سیاسی تۆتالیتەر بەکار براوە. فاشیزم لە گوێن لاگیرییەکی گشتی لە سیاسەتدا دەربارەی ئەو بزاوتە توندڕەوانە (راستی دەسەڵاتخواز، دژی سەرمایەداری مەزن، دژی دیموکراسییەت و لیبراڵ، دژی مۆدێرنیتی و سۆشیالیزم و دژی ئانارشیزم و مارکسیزم) بەکاربراوە کە سەرەنجامەکەیان بە دامەزرانی سیستەمێکی دەسەڵاتخواز دەبرایەوە.

فاشیزم بە مانا مێژووییەکەی، وەك ئەو شتەی کە لە نێوان دوو شەڕی جیهانی کە زۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکانی تەنییەوە، ئاوێتەیەکە لە ناسیۆنالیزمی توندڕەو، ئیمپریالیزم، دژایەتی لە گەڵ نەریتی عەقڵی و رووناکبیری، پراگماتیزم، ستایشی دەوڵەت و نەژادپەرستی.

ئەم زاراوە بەگشتی بۆ پێناسە کردنی جۆرێك ئایدیۆلۆجی و بزاوتی نەتەوەپەرستانە و دەسەلات خوازانەی ئەو رژێمانە بەکارئەبرێت کە لە ساڵەکانی نێوان دوو شەڕی جیهانی تاکوو شکستهێنانی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٤٥ بەسەر ئەورووپادا فەرمانڕەواییان ئەکرد. مانای تایبەتی فاشیزم ئەگەڕێتەوە بۆ «بزاوتی فاشیستی» کە لە ساڵی ١٩١٩، مۆسۆلینی لە ئیتالیا بە دەسەلات گەیاند(١٩٢٢ـ ١٩٤٥). وشەکە لە زمانی ئیتالیایی بە مانای چەن مێلەیە کە بەدەوری کلکە تەورێك لە بەردەم کونسوولی رۆمیدا بە نیشانەی دەسەلاتی دەوڵەت نومایش ئەکرا. لە لایەکیترەوە «فاشیست» لە لایەن کۆمۆنیستەکانەوە بۆ سووکایەتی بە نەیاران و سۆسیال دیموکراتەکان لەگوێن زاراوەیەکی سووکایەتیئامێز بەکاربراوە تاکوو ببێتە هاندەرێك بۆ رێکخستنی بەرەی دژە فاشیست.

فاشیزم، بەرهەمی قەیرانێکی قووڵی کۆمەڵایەتی و ئابووری بوو کە لە دوای شەڕی جیهانی یەکەم لە ئەورووپا هاتە ئاراوە. ئەم ئایدیۆلۆجیایە خۆبەخۆ هیچ جۆرە سیستەمێکی تێك تەنراوی فیکری ساز نەکرد بەڵکوو رەنگدانەوەی هەمان بنەمای نەتەوەیی ئەو وڵاتانە بوو کە تێیدا پەرەی سەند. ئامانجی فاشیزم، هێنانە کایەی دەوڵەتێکی بەهێزە کە تێیدا تەنیا حیزبێك ـ حیزبی فاشیست ـ دەسەلات مۆنۆپۆل بکات و سەرۆکێکی کاریزماش بە قەوارەیەکی دیکتاتۆرییەوە بەسەریا حوکمەت بکات. خاڵی هاوبەشی هەموو بزاوتێکی فاشیستی، پەرستشی زۆرداری و بەپیرۆزکردنی شەڕ و گەیشتن بە دەسەلاتە. فاشییەکانی ئەڵمانیا و ئیتالیا، بە تەواوەتی لە پرۆپاگەندە*ی مێگەل پەروەر و تیرۆر* کەڵکیان وەردەگرت بەلام هەر کە دەستیان بە دەسەلات گەیشت ئینجا لە دەسەلاتی دەوڵەت بۆ لەناوبردنی نەیاران و سیستەمی قانوونی سوودیان وەرگرت.

بنەما سەرەکییەکانی فاشیزم لە لایەن مۆسۆلینی (١٨٨٣-١٩٤٥) لە بەرگی چواردەهەمی ئینسکلۆپیدیای ئیتالیا، لە ساڵی ١٩٣٢ بەمجۆرە لێك دراوەتەوە:

١ـ فاشیزم، بڕوای نییە بە ئاشتی هەمیشەیی و سوودێکیش لەم شتەدا نابینێت. ئاشتی ئەفسانەیەکی زیانبارە.

٢ـ فاشیزم، لە گەڵ مارکسیزم و شێوازەکانیتری ئەندێشەی سۆشیالیستیدا نەیارە.

بۆ لێکدانەوەی فاشیزم، شرۆڤەی نائایدیۆلۆجیکی ئاراستە کراوە کە لە پێنج سەرباسدا گونجاوە: مارکسی، سایکۆلۆجیکی، ئایینی و ئەخلاقی، مێژوویی و کۆمەڵناسی و سەرەنجام سیاسی.

لە روانگەی مارکسییەوە، فاشیزم، بەپێی رێسا ئابوورییەکان و لۆژیکی سەرمایەداری لێك ئەدرێتەوە. بە واتایەکیتر فاشیزم بەشێکە لە قەیرانی سەرمایەداری پاوانخواز.

لە روانگەی سایکۆلۆژییەوە، شیکردنەوەی دیاردەی فاشیزم پێویستی بە روونکردنەوەی لاسەنگییەکانی قۆناغی منداڵی کەسایەتییەکان هەیە. چونکا لەم سەروبەندەدایە کە ستراکتوری ئەندێشەی منداڵ بە قووڵی بیچم دەبەستێ.

لە روانگەی ئایینی و ئەخلاقییەوە سەرهەڵدانی فاشیزم، هێمایەکە بۆ قەیرانی ئەخلاقی و ئایینی لە شارستانییەتی رۆژاوادا. لایەنگرانی ئەم رامانە نائایدیۆلۆجیەی فاشیزم، پێیان وایە کە حوکمەتی ئیستبدادی و فاشیزم تەنیا لە نێو خەڵکانی گەندەڵ و گەنیودا دەوام ئەهێنێت.

لە روانگەی مێژوویی و کۆمەڵناسیەوە فاشیزم، بەرهەمی پەرەسەندنی خێرای مودێرنیتی یان شێوازێکی تایبەتی پیشەسازیبوونی هەندێ لە وڵاتان بووە.

دوایین بۆچوون دەربارەی فاشیزم، لە روانگەی سیاسییەوە شیکراوەتەوە کە ئەویش شێوازی بەڵگاندنی فاشیستەکان ئەخاتە روو. بەم پێیە فاشیستەکان بەم قەناعەتە گەیشتبوون کە دیموکراسی پەرلەمانی تووشی شکست بووە. فاشیزم، جگە لەوەی فەلسەفە یا ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی بێت، شێوازێکی دەسەڵاتدارییە کە لەسەر سێ بنەمای حوکمەتی تاکەکەسی، دەسەڵات و سەروەری دەوڵەت و ناسیۆنالیزمێکی توندڕەوانە بنیات نراوە. لەم جۆرە حوکمەتانەدا دەوڵەت بە پشت بەستن بە دەسەڵاتی سەربازی و گرووپی فشاری سیاسی و ئامرازەکانی پرۆپاگەندە، ئازادییەکانی تاک سنووردار ئەکات و هەموو بزووتنەوەیەکی بەرهەڵستکارانە سەرکوت ئەکات.

فاشیزم لە سەرەتادا وەك هێزێکی نیگەتیڤ لە ئەوروپا خۆی نیشان دا. فاشییەت زۆربەی ئایدیۆلۆژی و دامەزراوەکان بەدژی بەرژەوەندییەکانی نەتەوە دەزانێ. لەم سۆنگەوە کە فاشییەکان رایانگەیاندووە ئەو چارەسەرییانەی بۆ دەرمانی نەخۆشییەکانی کۆمەڵگا پێشنیازیان کردووە، بۆ قازانجی نەتەوە بووە، ئەکرێ ئەمانە وەك ناسیۆنالیست بە مانای خودی زاراوەی ناسیۆنالیزم لە قەڵەم بدرێن. بەمحاڵەش ئەو ناسیۆنالیزمەی کە فاشیزمی بەدیهێناوە جیاواز بووە.

فاشیزم، هێزێك دروستی دەکات لە خۆی رادەبینێت تەواوی کۆمەڵگا بخاتە دوای دروشمەکانی خۆی، لە هەستکردن بە هێزەوە سەرچاوە دەگرێت، هێزێك بە شێوەیەك لە غرووری خۆیدا نوقمە کە پێی وایە پێویستی بە هیچ جۆرە ژیانێك لە گەڵ هێزەکانی تردا نییە. لەم روانگەوە فاشییەت، لە هەر شوێن و کاتێکدا بێت، هاوڕێی سێ دەرکەوتەی سەرەکییە کە بریتین لە:

۱- دیاردەی مێگەل دروستکردن.

۲-دروستکردنی کەمایەتییەکی گوناهبار.

۳- مۆنۆپۆلکردنی راگەیاندن.

فاکسیۆنالیزم: بروانە حیزبایەتی.

فالانژ / فالانژیسم فالانژ / فالانژیسم Falange / Falangism

ئەم زاراوە ریشەکەی لاتینییە و بە درێژایی مێژوو مانای جیاوازی لەخۆ گرتووە. بۆ نموونە لە یۆنانی کۆندا «فالانژی ساکار» بەشێکی هێزی سەربازی یۆنان بووە کە بریتیبووە لە سەربازی پیادە بە چەکی

سووك و چەكی قورسەوە و ... لە ساڵی ١٦٠٠ زایینی، ئەم زاراوە بە كۆمەڵێكی خەڵكیی گوتراوە كە بە شێوەیەكی رێكخراوەیی پێكەوە كۆ دەبنەوە و بۆ گەیشتن بە ئامانجێكی هاوبەش بەرەیەكی یەكگرتوو ساز دەكەن. لە سەدەی پێشوودا فالانژ، ناوی حیزب و ئایدیۆلۆژیایەكی فاشیستی وڵاتی ئیسپانیا بووە كە بە ئیسپانیایی پێی دەڵێن *فالانخە*. ئەم حیزبە لە ١٩٣٣/١١/٢٩ لە لایەن كەسێك بەناوی خۆزە ئانتۆنیۆ پریمۆدێریڤا لە مەدرید دامەزرا و گەشەی پێدراوە. هەرچەندە لە سەرەتاوە بایەخێكی ئەوتۆی نەبوو بەڵام بەرەبەرە پەرەی سەند و سەرنجی خەڵكانێكی زۆری بەرەو لای خۆی راكێشا و بە یەكگرتن لەگەڵ لایەنە فاشیستەكانی دیكە توانی «فالانخە ئیسپانیۆلا»دامەزرێنێت. بەرنامەی فالانژ، بریتیبوو لە راكێشكردنی چینی كرێكار بۆ هەناوی ناسیۆنالیزمێكی توندڕەوانەی كۆمەڵایەتی (بە مەبەستی خۆماڵی كردنی سەرمایە، چاكسازی زەوی وزار، پەرەپێدان و رێكخستنەوەی سوپا و هەڵوەشاندنەوەی حیزبە سیاسییەكان و شێوازی شۆڕشگێڕانە بۆ گەیشتن بە ئامانج).

فالانژیستەكان لە سەردەمی شەڕی ناوخۆ (١٩٣٦ تا ١٩٣٨) بە توندی ڕووبەڕووی حیزبە كۆمۆنیست و ئانارشیست و میانەڕەوەكان بوونەوە و هەوڵیان دا حیزبەكەی خۆیان سەقامگیر بكەن. جیاوازی نێوان فاشیزمی ئیسپانیا لە گەڵ فاشیزمی ئەڵمانیا و ئیتالیا، لەوەدا بوو كە لە ئیسپانیا سوننەتی نەتەوەیی و بە تایبەت نەریتی پادشایی و مەسیحی، بایەخ و گرنگی زیاتری پێ ئەدرا. ئێمڕۆكە زاراوەی فالانژ، لە وڵاتانی دیكە بەو گرووپە راستە توندڕەوانە دەگوترێ كە لە بەرامبەر باڵی چەپدا دژایەتی و گێرەشێوێنی دەكەن، بۆ نموونە فالانژەكانی لوبنان.

فاناتیسیزم: بڕوانە كوێرباوەڕی.

فراكسیۆن/كوتلە فراكسیون Fraction

فراكسیۆن لە وشەی لاتینی fracito و fractum بە واتای وردكراو وەرگیراوە و لە رووی زمانزانییەوە بە واتای پاژێك یا كەرتێكی بچووك لە گشتێك هاتووە. لە زاراوەی سیاسیدا بە گرووپێك یا باڵێك دەڵێن كە لەناو رێكخراوە یا حیزبێكی سیاسی یا پەرلەمان، چالاكی دەكات و ئەندامەكانی پێكەوە لە بابەت چۆنییەتی جێبەجێكردنی بەرنامە و پلانەكانیان راوێژ و گفتوگۆ دەكەن. فراكسیۆنر fractionnaire بە كەسێك دەگوترێ كە لە بەرامبەر رێبازی گشتی رێكخراوەیەك، تیۆری و بیروڕای جیاواز ئاراستە دەكات.

فراماسۆنری/ماسۆنی فراماسونری Freemasonary

ئەم زاراوە لە وشەی فرانماسۆن وەرگیراوە كە لە زمانی فەرەنسیدا بە واتای *وەستای خانوو* مانا كراوەتەوە. لە سەدەكانی ناوەڕاست كە لە ئەوروپا بیناكردنی كڵێسە شتێكی باو بووە، وەستای خانووەكان لە شارەوانی و دەسەڵاتدارانی ئەوكات داوایان ئەكرد زۆردارانی كۆمەڵگای فیۆدالی بێ شەرت وبەرات كاریان پێ نەكەن و بۆ ئەوەی داواكارییەكەیان بچەسپێنن، رێكخراوەیەكیان بە ناوی فراماسۆن (وەستای ئازاد، واتە

بەننایەك كە بێ حەقدەست و مووچە كار ناكات) پێكهێنا. لەم ڕێكخراوەدا جگە لە ڕاهێنانی وەستای خانووەكان، هەوڵیان دەدا نهێنییە پیشەییەكانی خۆیان بشارنەوە و كەس تێیان نەگات. پاش سەرهەڵدانی ڕێنسانس دروستكردنی كڵێسە كۆتایی پێ هات و فراماسۆنری لەباو كەوت.

ئینجا لە سەدەی ١٨، كەسانێك كە هیچ پێوەندییەكیان بە وەستای خانوو نەبوو، دەزگای فراماسۆنیان سەرلەنوێ زیندوو كردەوە كە پێیان وابوو ئەم ڕێكخراوە بۆ پتەوكردنی بنەما ئەخلاقییەكان و تەبایی و برایەتی دامەزراوە. یەكەم ژووری فراماسۆنری لە ساڵی ١٧١٧ لە بریتانیا بە مەبەستی گوێڕایەڵی موتڵەقی فەرمانڕەواكان و پاراستنی نهێنییەكان پێكهات. ئینجا داگیركەرانی بەریتانی، ڕێكخراوەی فراماسۆنرییان هێنایە خزمەت سیاسەتی داگیركارانە و پەرەپێدان بە قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی خۆیان لە خاكی وڵاتانی ژێردەست و لە هەركام لەم وڵاتانە لقێكی ئەم ڕێكخراوەیان دامەزراند. ڕێبازی سەرەكی فراماسۆنرەكان لە وڵاتانی ژێردەست و دواكەوتوو بریتی بوو لە دواخستنی گۆڕانكارییە كۆمەڵایەتییەكان و هێوركردنەوەی ڕەوتی فراژووتن و بە لاڕێ بردن و لەباربردنی بزاڤە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكان بۆ دابینكردنی بەرژەوەندییەكانی خۆیان.

فراماسۆنری دەورێكی كاریگەری هەبووە لە هێنانە سەركاری حوكمەتگەلی دیكتاتۆری لە ژێر لەفافەی دیموكراسی و سەقامگیری ئابووری لە وڵاتانی دواكەوتوودا. ڕێكخراوەی فراماسۆنری، نزیكەی ٦ ملیۆن كەس ئەندامی هەیە كە لەم ڕادە چوار ملیۆن كەس لە وڵاتەیەكگرتووەكانی ئەمریكایە و یەك ملیۆن لە دوورگەكانی بریتانیا و پاشماوەكەشی لە وڵاتانی دیكەی جیهاندا بڵاو بوونەتەوە.

فرانشیز/ ماف دەنگدان   فرانشیز/حق رای   Franchise

فرانشیز لە وشەی franc بە واتای قسەلەڕوو(لەڕوو دانەماو)، كەسێك كە بیروڕای خۆی نەشارێتەوە وەرگیراوە. زاراوەی فرانشیز بە واتای زێدەماف(امتیاز)، مافی ئازادكردن و مافی دەنگدان بە تایبەت بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەكار براوە. فرانشیز لە سەدەكانی ناوەڕاستدا بەو یاسایە دەگوترا كە بەو پێیە كۆیلەی بەردەستی میران، دەیانتوانی بە ئازادی و بێ‌هیچ گرفتێك لە ژێر ركیفیان دەربچن و بۆ هەر جێگایەك كە دەیانویست بڕۆن. نامەی فرانشیز، لەمەڕ ئازادی كۆیلەكان لە سەدەی یازدە لە ئیتالیای باكوور، ئەڵمانیا و باكووری فەرەنسا نەریتێكی باو بووە. دەرەنجامی ئەم ڕەوتە پێوەندییەكی ڕاستەوخۆی هەبوو لەگەڵ پێشكەوتنی ئابووری شارەكان لە سەدەی ١١و١٢ ی زایینی. لە سەدەكانی ناوەڕاستدا زاراوەی فرانشیز لە یاساكانی بریتانیا بەكاردەهات كە بریتی‌بوو لەو زێدەمافە كە پادشا بە یەكێك لە هاووڵاتیانی خۆی دەبەخشی. ئەم زاراوە لە یاسا نێودەوڵەتییەكاندا بە واتای پارێزراویی بەكاردێت بە تایبەت پاراستنی دیپلۆمات و نوێنەرانی سیاسی وڵاتەكان و باج و گومرگ: بۆ نموونە فرانشیزی نیشتەجێ بوون (واتە پاراستنی شوێنی ژیانی دیپلۆمات) یا فرانشیزی باج (واتە لێخۆشبوون لە باج) یا فرانشیزی دەنگدان (واتە ئازادی ماف دەنگدان).

فرەجەمسەریی چند قطبیت multipolarity

لە دوای سەرهەڵدانی چین و ژاپۆن و ئەوروپای رۆژاوا وەك هێزێكی جیهانی و دەركەوتنیان لە گۆڕەپانی نێونەتەوەییدا مۆدێلی دوو جەمسەری سیاسەتی جیهانی كە بنەمای سیاسەتەكانی ئەمریكا لە ساڵەكانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠ بوو، جێگای خۆی دا بە مۆدێلێكیتر كە بە فرەجەمسەری ناوی دەركردووە. تاكوو پێش كۆتایی هاتنی شەڕی سارد، دوو زلهێزی ئەمریكا و سۆڤیەت نەبێ كە خاوەنی هێزی ئەتۆمی بوون، ئەم چەن هێزەیتر، زیاتر وەك دەسەڵاتێكی ئابووری و سیاسی ناویان دەركردبوو ئەمێستا دوای شەڕی سارد و لاوازبوونی رێكخراوە نێونەتەوەییەكان، جیهان بەرەو دۆخێكی *تاك جەمسەری** مەیل ئەكات.

فرەدەنگی سیاسی كثرت گرائی سیاسی Political Pluralism

١ـ هەبوونی دەنگی جۆراوجۆر و بە رەسمییەت ناسینی گروپی سیاسی، كۆمەڵایەتی، كولتووری و ئابووری جۆربەجۆر لە كۆمەڵگا یان كەشوهەوایەك كە تێیدا هیچ گروپێكی سیاسی، كەلتووری، ئایینی و ئەتنیكی تایبەت، دەسەڵات قۆرخ نەكات.

٢ـ بڕوا هێنان بەوەی تاك، خاوەنی حەز و عیلاقاتی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینی جۆربەجۆرە و دەبێ لە لایەن حوكمەتەوە بەهەند بگیردرێ و دەسەڵات لە نێوان بۆچوون و لایەنە سیاسییەكان دابەش بكرێت. ئەم قوتابخانە لە سەربەخۆیی دەزگا كۆمەڵایەتی و سیاسییەكانی كۆمەڵگا لە بەرامبەر دەسەڵاتی حوكمەت پشتگیری دەكات تاكوو حوكمەت نەبێتە دەسەڵاتێكی رەها و دوور لە بەرپرسایەتی.

٣ـ فەلسەفەیەكی سیاسی كە لە سەرەتاكانی سەدەی بیستەم لە لایەن لیبراڵ و سۆسیالیستە ئینگلیزییەكان ئاراستەكرا كە پێی وایە دەبێ دەسەڵات لە نێوان لایەن و دەزگا كۆمەڵایەتییەكان دابەش بكرێت و كۆمەڵگا بە تەواوەتی نەچێتە ژێر ركێفی چین یان یەكەیەكی سیاسی تایبەتەوە.

فۆرماسیۆن: بڕوانە پێكهاتن.

فۆرمالیزم/روكەش پەرستی فورمالیسم/ ظاهرپرستی Formalism

ئەم زاراوە كە بە باوەڕی ماركسیەكان لە بەرامبەر ریالیستی سۆشیالیستیدا بەكار براوە، ئاماژەیە بۆ سەرنجی لەڕادەبەدەر بە شكڵ و شێواز یا بڕوایەكی قووڵ بە پاراستنی رواڵەتی شتەكان لە بواری ئایینی و ئەدەبی و كۆمەڵایەتی و سیاسیدا. فۆرمالیزم یا روكەش پەرستی، شێوازی ئەو كەسانە دەگرێتەوە كە گرنگی بە رواڵەتی رووداوەكان و لایەنی تەشریفاتی كارەكان دەدەن و هەوڵ ئەدەن تا كێشە و بابەتەكان لە رووی رواڵەت و نەریتەوە بە شێوازێكی لەبار و گونجاو بخەنە بەرچاو.

لە بواری سیاسییەوە فۆرماڵیست بەو کەسانە دەگوترێ کە بایەخ بە ناوەرۆکی بابەتەکان نادەن و رواڵەتپارێزی و تەشریفاتی کارگێڕیی و یاسایی لەسەرووی هەموو شتێکەوە دادەنێن. زاراوەی فۆرمالیزم، هەنووکە پتر لە کاروباری ئایینی و کۆمەڵایەتیدا بەکاردێت و بە تایبەت زاراوەیەکی ئەدەبی لە ئەژماردێت.

فەتح — الفتح — Fatah / Fath

گەورەترین رێکخراوەی نەتەوەیی فەلەستینییە. ئەم وشە کە واتای سەرکەوتن دەبەخشێ، لە خوێندنەوەی پێچەوانەی پیتی یەکەمی دێڕی (حرکە التحریر الوطني الفلسطيني) پێکهاتووە. بیرۆکەی دروستبوونی ئەم رێکخراوە پاش هێرشی ئیسراییل بۆ سەر غەززە لە ١٩٥٥/٢/١٧ هاتە ئاراوە. فەتح تا سەرەتای ساڵی ١٩٦٥ هەر بە نهێنی مایەوە و لەم ساڵەدا باڵی چەکداریی خۆی بەناوی (العاصفە) بە دەرکردنی بەیاننامەیەك ئاشکراکرد. هێزە چەکدارەکانی فەتح بەزۆری لەو فەلەستینیانەی وڵاتە عەرەبەکان و ئاوارەکانی ئۆردووگای ئەردەن و سووریا پێکهاتبوون. ئەم رێکخراوە لەرێی کۆمیتەیەکی نهانییەوە خەریکی سیخوڕی و تیرۆر بەدژی ئیسراییل و تۆڵەستاندنەوە لە رەقیبە عەرەبەکانی بوو. فەتح پاش جەنگی الکرامە لە ١٩٦٨/٣/٢١ متمانەی خۆی بە یاسر عەرەفات (ابو عمار) وەك گوتەبێژی رێکخراو بەخشی و بە بەشداریکردنی فەتح لە ئەنجومەنی فەلەستینی، عەرەفات بوو بە سەرۆکی دەستەی راپەڕاندنی *رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین**.

پاش جەنگی شەش رۆژەی ساڵی ١٩٦٧ی عەرەب ـ ئیسراییل کە لە ئەنجامدا عەرەبان تێکشکان و ئیسراییل لێواری رۆژاوای رووباری ئەردەنی داگیر کرد، فەتح بۆ ناو سنوورەکانی ئەردەن پاشەکشەی کرد و لە ساڵی ١٩٦٩ هێرشی کردە سەر ئیسراییل. فەتح داوای دامەزراندنی دەوڵەتی دیموکراتی فەلەستینی دەکرد بە جۆرێك پاش لەناوبردنی ئیسراییل، هەموو هاووڵاتیان بێ جیاوازی رەنگ و رەگەز و ئایین تێیدا یەکسان بژین.

فەلەستینییەکان لە ساڵی ١٩٧٠ هەوڵیان دا شاحسەین (شای ئوردون) لەسەر کار لابەرن بەڵام ئوردون لە سێپتەمەری ئەوساڵەدا کە بە سێپتەمەری رەش ناوی دەرکرد، هەستا بە سەرکوتکردن و دەرکردنی فەلەستینیەکان لەو وڵاتە و بزووتنەوەی فەتح بەناچار پەنای بردە بەر لوبنان و لەوێ درێژەی دا بە چالاکییەکانی خۆی. لە ساڵی ١٩٧٢ فەتح هەستا بە تیرۆر کردنی یاریزانەکانی تیپی ئۆلەمپی ئیسراییل لە مونیخی ئەڵمانیا، هەروا چالاکییەکانی خۆشی دژ بە ئیسراییل بەردەوام کرد.

فەتح پاش رێککەوتنی ئاشتی ئۆسلۆ لە ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ ئیسراییل و زنجیرەیەك هەوڵ و کۆششی نێودەوڵەتی، ئێستا رازی بووە بە دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستینی لە کەرتی غەززە و کەناری رۆژاوای رووباری ئوردون لە بەرامبەر دانانی بە ئیسراییلدا. بەڵام کێشەکانی نێوانیان هەر بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە و یەکلا نەبۆتەوە. پاش کۆچی دوایی یاسر عەرەفات لە ٢٠٠٤/١١/١١، لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥/١/٩ مەحمود عەبباس (ابومازن) کرایە سەرۆکی فەلەستین و سەرۆکی فەتح. بەڵام بە هۆی ناکارا بوونی ئەم

حوکمەتە و نادیاربوونی مافەکان و چارەنووسی فەلەستینیەکان و پەککەوتنی ئابووری لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی خۆیدا لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ١٥/١/ ٢٠٠٦ ڕێکخراوەی حەماس* (بزاڤی خۆڕاگری ئیسلامی) توانی لە سەرجەم ١٣٢ کورسی پەرلەمان، ٧٢ کورسی بباتەوە و بەم جۆرە دەوڵەتی نوێی فەلەستینیەکان دابمەزرێنێ. دوابەدوای سەرکەوتنی حەماس، ئیسرائیل و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ـ بە هۆی ماهییەتی تیرۆریستی ئەم ڕێکخراوە ـ یارمەتییەکانی خۆیان بۆ خەڵکی فەلەستین ڕاگرت و ئیسرائیل بۆ پێوەندی گرتن لە گەڵ حوکمەتی نوێی فەلەستینی، سێ مەرجی دیاری کرد کە بریتیبوون لە:

- دەبێ لقی چەکداری حەماس خۆی لە چەك دامالێ.
- مادەی «لەناوبردنی ئیسرائیل» لە پلاتفۆرمی حەماسدا نەمێنێ.
- هەموو ڕێککەوتنەکانی نێوان حوکمەتی فەلەستینی و ئیسرائیل بەهەند بگرێت.

فەرمانڕەوایی/سەروەریی حاکمیت Sovereignty

فەرمانڕەوایی لە تیۆری سیاسی کلاسیکدا بە مانای بالاترین دەسەلاتی دەوڵەتە کە ڕەنگە لە کەسێکدا(وەك پادشایەکی ڕەها) یان کۆمەڵێکی خەڵکیی(وەك پەرلەمان) کۆببێتەوە. ئەم فەرمانڕەوایی‌یە بە واتای یاسادانەر و بەڕێوەبەرە و دەسەلاتێکی بالاتر لەوە نییە. فەرمانڕەوایی بریتییە لە: ١) ئازادی یاسادانان و کلك و گوێ قرتاندنی یاساکان بە پێی سیستەمی یاسایی وڵات(چاکسازی). ٢) دەسەلاتی سیاسی و ئەخلاقی دەوڵەت، لەم ڕووەوە کە لە قەڵەمڕەوی خۆیدا وەك «دەسەلاتی یاسایی» لە ئەژمار دێت. ٣) سەربەخۆیی سیاسی و دادپەروەرانەی کۆمەڵگایەك.

لە کۆمارییەکان، فەرمانڕەوایی بە شتێکی خەڵکی ناوبردە ئەکرێ. سەروەریی وڵاتێك لە ناو سنوورەکانی خۆیدا جێبەجێ ئەکرێت. فەرمانڕەوایی، هێمایێکە بۆ بڕیاردانی سەربەخۆی نەتەوەکان. کەواتە فەرمانڕەوایی لە گەڵ شێوازی چەقبەستووی ڕێکخراوەیەکی حوکومی جیهانیدا جیاوازە.

فەرمانڕەوایی بە دوو جۆر لە ئارادایە: ناوخۆیی و دەرەکی. فەرمانڕەوایی ناوخۆیی بریتییە لەو دەسەلاتەی کە هەر دەوڵەتێك بەسەر هاوولاتییەکانی خۆی یان خەڵکی بێگانە کە لەو وڵاتە بژین و ناو پاپۆڕەکانی لە دەریای ئازاد پیادەی ئەکات. ئەم جۆرە فەرمانڕەواییە خۆی دوو لقی لێئەبێتەوە: سیاسی و دادپەروەری. فەرمانڕەوایی سیاسی، بالاترین هێز و دەسەلاتێکە کە لە کۆمەڵگادا بالادەستە. فەرمانڕەوایی دادپەروەرانە، هێزێکی چالاکە بۆ چاودێریی کردن بە سەر دادگاکانا.

فەرمانڕەوایی دەرەکی، بریتییە لە مافی پێوەندی گرتن لە گەڵ دەوڵەتانی دیکە یان مۆرکردنی ڕێککەوتنامە و ڕاگەیاندنی شەڕ.

ئێستاکە فەرمانڕەوایی هیچ دەوڵەتێك بە تەشکێکی ڕەها لە ئارادا نییە. چونکا هەندێ یاسا و مافی نێونەتەوەیی، بۆ وێنە مافەکانی مرۆڤ پەسند کراون کە فەرمانڕەوایی دەوڵەتەکان بەربەست ئەکات بەلام بەپێی نەریتی نێونەتەوەیی، دوو بنەڕەتی فەرمانڕەوایی نەتەوەیی و دەست نەبردنە ناو خاکی ئەویدی لە

قەڵەمڕەوی یەکتر، وەك پرەنسیپێکی ئەخلاقی و سیاسی پەسند کراوە. فەرمانڕەوایی نەتەوەیی بە مانای ماف گرووپێکی نەتەوەیی یا نەتەوەیەك بۆ بەدەستهێنانی خودموختاری* و هەڵبژاردنی سەربەستانەی دەوڵەت بۆ خۆیانە.

فەلسەفەی سیاسی فلسفەی سیاسی Political philosophy

فەلسەفەی سیاسی، نەك بە واتای مێژووی ئەندێشە سیاسییەکان بەڵکوو بە مانای بیرکردنەوە لە سیاسەت بە شێوەیەکی فەلسەفی بریتییە لە تێگەیشتن و روونکردنەوەی ماهییەت و سروشتی حوکم کردن و فەرمانکردن، پەیڕەوبوون و ملکەچکردن، پێویستیی و غایەتی دەوڵەت و کۆمەڵگا، هۆی وجوودیی دەوڵەت و باشترین شێوازی رێخستنی ژیانی سیاسی مرۆڤ بە مەبەستی دابینکردنی ئامانجە سەرەکییەکان واتە عەداڵەت و ئازادی. هەر کام لە قوتابخانە سیاسییەکان، بە رێبازی تایبەتی خۆیانەوە خەریکی روونکردنەوەی ئەم مەسەلانە بوون. بۆ وێنە لەنگەرگرتن لەسەر بەڵگاندنیی ئەقڵی لە فەلسەفەی سیاسی ئەرەستۆ، بەڵگاندنی لۆژیکی و ئینتزاعی لە فەلسەفەی سیاسی تۆماس هۆبز، ئەقڵی سەلیم و مافسروشتییەکان لە فەلسەفەی سیاسی جۆن لاك و جەخت کردن لە سەر ئەقڵی گشتی لە فەلسەفەی سیاسی هێگل لە جوملەی مێتۆدە سەرەکییەکانی فەلسەفەی سیاسی لەئەژمار دێن.

فەلسەفەی سیاسی، سەرقاڵی وەڵامدانەوە بە پرسیارگەلێکە لە بارەی حوکمەت، هاووڵاتی(شارۆمەند) و دەوڵەت و زۆر ناچێتە ناو ناخی حوکمەتێکی تایبەت و خۆی لە شێوازەکانی فەرمانڕەوایەتی نادات. ئەو پرسیارانەی کە فەلسەفەی سیاسی وەڵامیان ئەداتەوە، بریتین لە: بۆچی مرۆڤ ئەبێ پەیڕەوی حاکمییەتی وڵاتەکەی خۆی بێت؟ ئایا جگە لە ترس، هۆکارێکیتر هەیە بۆ ئەم پەیڕەوکردنە؟ ئایا ئێمە پێویستمان بە دەوڵەتەکان هەیە، یان بە بێ ئەوان دۆخێکی باشترمان ئەبێت؟ ئازادی چییە؟ هاووڵاتیان، ئەبێ تا چ رادەیەك لە ئازادی بەهرەوەر بن؟ یەکسانی و *عەداڵەت** چییە و ئایا شتێکی پەسند کراوە؟

فەلسەفەی سیاسی، لە سەر بنەمای ئەم گریمانە سروشتییانەی ئینسان دارێژراوە کە چوار تەوەر لە خۆ دەگرێ: یەکەم، ئایا مرۆ خۆبەخۆ، بوونەوەرێکی تاکباوەڕە یان باوەڕی بە کۆمەڵە؟ دووهەم، ئایا مرۆڤ بوونەوەرێکی سیاسی(مەدەنی)یە یا ناسیاسی و غەیرەمەدەنی؟ سێهەم، ئایا مرۆڤ خۆبەخۆ بوونەوەرێکی ئەقڵانی و سەربەستە یان بێئاوەز و مەجبوورە؟ چوارەم، ئایا لە راستیدا مرۆڤ رووەو فراژوتنە یان بەرەو پووکانەوە و تیاچوون؟

فەلسەفەی سیاسی، باسەکانی ماهییەت و سەرچاوەی دەوڵەت گرێ ئەداتەوە بە بایەخ و غایەتەکانی ژیانی سیاسی مرۆڤ و باشترین شێوازی حوکمەت. لەم روانگەوە تێڕامان لە بارەی باشترین شێوازی حوکمەتکردن ئەبێتە گرینگترین مەسەلەی فەلسەفەی سیاسی.

لەبارەی بەنرخترین بەرهەمەکانی بواری فەلسەفەی سیاسی، ئەکرێ ئاماژە بدەین بە کتێبی **کۆمەڵگای کراوە و دوژمنەکانی** کە لە لایەن کارۆڵ پۆپێر لە کاتی شەڕی جیهانی دووهەم، (١٩٤٥) نووسراوە. لەم

کتێبەدا ئەندێشەکانی چوار فەیلەسوفی گەورەی سیاسی واتە پلاتۆ، ئەرەستۆ، هیگل و مارکس کەوتوونەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. کتێبێکی‌تر لەم بابەتە، کتێبی **تیۆرییەك دەربارەی عەدالەت**، نووسینی جۆن ڕاڵزە کە لە ساڵی ١٩٧٢، بڵاو کرایەوە. ڕاڵز، تیۆرییە سیاسییەکەی خۆی لە سەر دوو بنەما ئاراستە دەکات: یەکەم، ئەوەیکە ئەبێ هەمووان بە باشترین شێوە لە ئازادییە سەرەکییەکان بەهرەوەر بن. دووهەم، جیاوازی سەروەت و دارایی تا شوێنێك چاوپۆشی لێئەکرێ کە بە قازانجی هەژارترین توێژی کۆمەڵگا تەواو بێت.

بەگشتی ئەکرێ بڵێین، گرێ کوێرەی فەیلەسووفانی سیاسی، پەیجۆری و بنگیری بنەمایێك بووە بۆ عەدالەت یان قانوونێکی یەکسان بۆ کۆمەڵگا. کێشەی فیلسووفانی سیاسی لە سەر چەمکی عەدالەت ئەگەڕێتەوە بۆ سێ مانای جیاواز کە لێی بۆتەوە. هەندێك عەدالەتیان بە یەکسانی لە قەڵەم داوە و هەندێ لەبەرچاوگرتن و ڕەچاوکردنی لێهاتوویی و شایستەبوون بە مەرجی عەدالەت ناوبردە ئەکەن، هەندێکیش دابینکردنی پێداویستییەکان بە پێوادنگی عەدالەت ئەژمێرن.

فیدراسیۆنی جیهانی یەکێتییە کرێکارییەکان

فدراسیون جهانی اتحادیه‌های کارگری

(World Federation of trade Unions (WFTO

ئەم فیدراسیۆنە یەکێك لە گەورەترین ڕێکخراوەکانی کرێکاری جیهانە کە لە ساڵی ١٩٤٥ لە لایەن یەکێتییە کرێکارییەکانی ٥٤ وڵاتی جیهان بۆ وێنە ئەمریکا و بریتانیا و یەکێتی سۆڤیەت لە پاریس دامەزراوە. بەڵام هەندێ لە یەکێتییە کرێکارییەکانی ئەمریکا بەو بیانووەی کە لە یەکێتییە کرێکارییەکانی سۆڤیەتدا ئازادی ڕاستەقینە لەبەرچاو ناگیردرێ، لەم فیدراسیۆنەدا بەشدارییان نەکرد.

بەهۆی دروستبوونی ناکۆکی ئایدیۆلۆجیایی لە نێوان بلۆکی ڕۆژهەڵات و بلۆکی ڕۆژاوا لە ژانوییەی ١٩٤٩، یەکێتییە کرێکارییەکانی ئەمریکا و بریتانیا و چەند وڵاتێکی‌تر بە تەواوەتی لەم فیدراسیۆنە وازیان هێنا و هەر لەو ساڵەدا «کۆنفیدراسیۆنی نێودەوڵەتی کرێکاری ئازاد»یان پێکهێنا کە زۆربەی یەکێتییە کرێکارییەکانی وڵاتانی ناکۆمۆنیست تێیدا بوون بە ئەندام.

فیدرالیزم   فدرالیسم   Federalism

ئەم زاراوە لە وشەی لاتینی foedus بە واتای «یەکگرتن» وەرگیراوە و لە زاراوەی سیاسیدا پێناسەی جۆراوجۆری لەسەر کراوە بەڵام بەکورتی دەتوانین بەم چەشنە پێناسەی بکەین:

ڕێکخستنێکی سیاسی و دەستووریی ناوخۆیی‌یە کە بەو پێیە دەوڵەتانی ئەندام یا هەرێمەکان، بەشێك لە حاکمییەت (سەروەریی) خۆیان بە مەبەستی دامەزرانی وڵاتێکی بەهێز دەسپێرنە یەکەیەکی ناوەندی و بەمجۆرە دەبنە پەیڕەوی دەوڵەتی فیدراڵ. ئەم ڕێکخستنەش دوو ڕەهەند لەخۆ دەگرێ: ڕەهەندی دەرەکی کە دەوڵەتی فیدرالی وەك یەك دەوڵەت لە بواری سەروەری دەرەکیدا بە دیاردەکەوێ و ڕەهەندی ناوخۆیی کە

بریتییەلە چەند کیانێکی دەستووری و حوکمەتی فیدرالیش لە پراکتیزەکردنی سەروەری ناوخۆییدا بەشداری دەکات.

لە پێناسەیەکی‌تردا فیدرالیزم، بریتییەلە یەکگرتن و ڕێکخستنێکی سیاسی کە بەو پێیە کۆمەڵێك یەکەی سیاسی لێك جودای ناو سیستەمێکی گردوکۆ، پێکەوە گرێ ئەدا و بە هەرکامێك لەو یەکە سیاسییانە مەجال ئەدات، یەکپارچەیی و هەمەگییەتی خۆیان بپارێزن. هەروەها دەکرێ فیدرالیزم بە دابەشکردنی دەسەڵات لەسەر بنەمای یاسا لە ڕێگای سیستەمێك کە ئۆتۆنۆمی*و سەروەریی هاوبەش گرێبەست دەکات، پێناسە بکرێت.

لە سیستەمی فیدرالیدا ڕێبازە سەرەکییەکان لە ڕێگای گفتوگۆ دائەڕێژرێن پاشان جێبەجێ دەکرێن تاکوو هەموو ئەندامانی گۆمەڵگا لە دەرکردنی بڕیارەکان و پیادەکردنیان، بەشدار بن. «دامەزرێنەرانی وڵاتە یەکگرتووەکان» کە دەستووری بنچینەیی ئەم وڵاتەیان لە ساڵی ١٧٨٧ پێشنیاز کرد، ئەم شێوازەی بە فیدراسیۆن داهێنا. تا ئەو کاتە پێناسەی پەسندکراوی فیدرالیزم، هەمان پێناسەیەك بوو کە ئیمڕۆکە پێی دەگوترێ *کۆنفدراسیۆن*. دواتر چوارچێوەی ئەم سیستەمە هەموو بەشەکانی‌تری ئەم وڵاتە پان وبەرینەی گرتەوە و بەپێی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە دواتر هاتەدی. ئەو سیستەمە فیدرالییە پێکهات کە ئێستا پەنجا ئەیالەتی لەخۆ گرتووە. سیستەمی فیدرالی. وەك فۆڕمێکی سیاسی گونجاو بەرەبەرە لە هەندێ لە وڵاتانی دیکەش هاتە ئاراوە. ئەم سیستەمە لە ساڵی ١٨٤٨ لە سویسرا و لە ساڵی ١٨٦٧ لە کەنەدا و دواتریش لە ١٨٩٧ لە ئوسترالیا پیادە کراوە. ئیمڕۆکە فیدرالیزم شێوازێکی باوە بۆ ڕێکخستنی سیاسی. لە ساڵی ١٩٩٣ بەملاوە، لانیکەم ١٩ وڵات بە شێوەی فیدرالی ئیدارە دەکرێ و ٢١ وڵاتی دیکەش لە بنەماکانی فیدرالی کەڵکیان وەرگرتووە و بەرەو سڕینەوەی چەقی سیاسی و لابردنی ناوەندێتی ئیداری هەنگاویان ناوە. لەم ڕووەوە فیدرالیزم وەك «دایکی دیموکراسی» لە قەڵەم دراوە. بە پێی ئەو ئەزموونانەی کە لە ئارادایە سیستەمی فیدرالی بە دوو جۆر دروست دەبێ کە بریتین لە:

١ـ فیدرالی بەکۆمبوون یا پێکەوە لکان. لەم شێوازەدا چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ یەکدەگرن یا پێکەوە دەلکێن و یەك دەوڵەت لە سەرووی دەوڵەتانی ئەندامەوە درووست دەکەن. نموونەی ئەم شێوازە فیدرالییە، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سویسرا، کەنەدا و ئەفریقای باشوورییە.

٢ـ فیدرالی بە دابەشبوون. لەم شێوازەدا دەوڵەتی ئاسایی یا یەکبوو، بەسەر چەند دەوڵەت یا هەرێمێك دابەش دەکرێت و دەبێتە دەوڵەتێکی لێکدراو. بۆ نموونە وڵاتانی یەکیەتی سۆڤیەتی(پێشوو)، بەرازیل، ئەرجەنتین، مەکزیك، هیندستان و مالیزیا. دەوڵەتی فیدرالی، جگە لەو شێوازە گشتییانەی کە دەبنە هۆی کۆتایی هاتنی دەوڵەت، بەم دوو شێوازەی خوارەوەش کۆتایی پێ دێت:

١ـ جیابوونەوەی هەر یەك لە هەرێمەکان و بوونیان بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

٢ـ گۆڕینی دەوڵەتی فیدرالی بە دەوڵەتێکی یەکبووی سادە.

بنەماکانی سیستەمی فیدرالی، لەم ٦ خاڵەی خوارەوەدا بەرجەستە دەبێت:

١ـ دەسەلات لە نێوان هەرێمەکان و حوکمەتی یەکگرتوو دابەش دەبێت.

٢ـ بەرەو دیموکراسی دەڕۆن. ٣ـ لە ڕێگەی گفتوگۆی ئاشکراوە رەفتار دەکەن.

٤ـ دەستووری نووسراویان هەیە. ٥ـ سەقامگیریی یەکەکانی دەسەلات بەپێی دەستوور لە حوکمەتدا پاوەجێ دەبێت.

٦ـ دەستوور، بالادەستە و دادگای دەستووریش پێویستە.

لە سیستەمی فیدرالیدا دادگایەکی بالا بۆ شرۆڤە و لیکدانەوەی یاساکان و چارەسەرکردنی کێشەی هەرێمەکان لە دەوڵەتی ناوەندیدا دابین کراوە. لەم دەوڵەت ـ ولاتەدا گۆڕینی دەستووری بنچینەیی، دەبێ بە رەزامەندی زۆرینەی هەرێمەکان بە ئەنجام بگات. ئەم سیستەمە لەو ولاتانەی کە خاوەنی نەتەوە و زمان و ئایینی جیاوازن، لەگوێن باشترین سیستەمی فەرمانڕەوایی و حوکمەتداری لە ئەژمار دێت. پانتایی و رووبەری خاکی ولاتەکانیش لە ڕێکخستنی دەوڵەت ـ ولاتی فیدرالیدا دەور دەبینێت. بۆ وێنە ولاتانێکی وەک ئەمریکا، رووسیا، بەرازیل و هیندستان خاوەنی ئەم تایبەتمەندییەن. بەلام ئەم هۆکارە بۆ گشتاندن نابێت، چونکوو ولاتانێکی بچووکی وەک نەمسا و سویسرا کە بە شێوەی فیدرالی ئیدارە دەکرێت، ناگرێتەوە.

فیزیۆکراسی فیزیوکراسی/مکتب طبیعیون Phisiocracy

زاراوەکە بە واتای لایەنگری کردن لە دەسەلاتی سروشتییە. بەلام وەک قوتابخانەیەک دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدە کە لە لایەن هەندێ زانا و نووسەری فەرەنسی بنیات نراوە. لایەنگرانی ئەم قوتابخانە لەگەڵ دەستێوەردانی حوکمەت لە کاروباری ئابووری و سروشتیدا دژایەتی دەکەن و ئەم کارە بە زیانبەخش دەزانن. هەروا لەو باوەڕەدان کە هەندێ ڕێسای شایستە لە ناو سروشتی ئابووریدا هەیە کە دەوڵەت و دەسەلاتی یاسادانان نابێ پێشێلی بکەن و پێش بە پەرەسەندنی بگرن چوونکە دەوڵەمەندی و سامان، زادەی سروشت و بنەما کشتوکاڵییەکانە و سەپاندنی هەر جۆرە یاسایەک لەم بارەوە نابەجێ و زیانبەخشە.

فێمینیزم/مێخوازی فمینیسم/جنبش آزادی زنان Feminism

فێمینیزم لە وشەی فەرەنسی femme بە واتای ژن وەرگیراوە و مانای لایەنگری کردن لە ژن دەبەخشێ و ناوی بزاڤێکە کە بۆ یەکسانی مافە سیاسی و کەلتووری و ئابووری و کۆمەلایەتییەکانی ژنان و پیاوان هەوڵ دەدات. لە بابەت ئاخێزگەی فێمینیزم لەگوێن ئایدیۆلۆجیایەک، چوار تەوەر لە ئارادایە:

لە سێ تەوەردا مانا پێشتر لە وشەکەیە. ئەم بۆچوونە پێی وایە کە مێژووی فێمینیزم، لە سپێدەی وشیاری مرۆڤەوە دەست پێ‌ئەکات. لەم روانگەوە «ئاریشە»ی ژن هیچ کات لێمان جیا نەبۆتەوە و هەندێ کەس پێیان وایە کە جۆری نێرینە، لەباری توانستی ئیکۆلۆژییەوە بالادەست بووە و مێژووی مرۆڤایەتیش بە هۆی بالادەستی پیاوان، بە قەدەر کارەساتێک ڕێگامان لێ ون دەکات.

بۆچوونی دووهەم و سێهەم، ئاخێزگەی فێمینیزم دەگەڕێنێتەوە بۆ سەدەی پانزده و حەڤدە. سەرەنجام بۆچوونی چوارەم کە رەنگە لە هەمووان راستگۆیانەتر بێت، پێشینەی فێمینیزم دەگەڕێنێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە بە تایبەت دوای شۆڕشی مەزنی فەرەنسا. گرنگترین رووداو لە مێژووی ئەندێشەی فێمینیستی لە قۆناغی شۆڕشدا بڵاوکردنەوەی کتێبی «ماری ڤۆلستۆن کرافت» بوو لە ساڵی ١٧٩٢ بە ناوی ***سەلماندنی مافەکانی ژنان***. میریام کرام، لەم بارەوە دەڵێت: ڤۆلستۆن یەکەمین فێمینیستی گەورەیە و کتێبی سەلماندنی مافەکانی ژن، وەك جاڕنامەی سەربەخۆیی فێمینیزم لە ئەژمار دێت.

نووسراوە فێمینیستیەکان، دوو شەپۆل بۆ رەوتی پێشڤەچوونی ئەم رێبازە ناوبردە دەکەن: شەپۆلی یەکەم (١٨٣٠ تا ١٩٢٠). تایبەتمەندی ئەم شەپۆلە خەبات و تێکۆشانی ژنانە بۆ بە دەست هێنانی ماف دەنگدان و یەکسانی ماف ژنان لە گەڵ پیاواندا. شەپۆلی دووهەم لە ١٩٦٠ تاکوو ئێستا دەگرێتەوە. خاڵی بەرچاوی ئەم شەپۆلە بریتیەلە پەرەسەندنی پەروەردەی باڵای ژنان لە سەرانسەری ئەورووپا و ئەمریکا و زیادبوونی رێژەی ژنان لە پیشە و کاری جۆراوجۆر و داواکاری بۆ یەکسانی مووچەی ژنان لە گەڵ پیاواندا. بەڵام ساڵەکانی نێوان ١٩٢٠ تا ١٩٦٠ بە قۆناغی راوەستان ناونووس کراوە. هەڵبەت هەندێ لە نووسەرانی ئەم دواییانە شەپۆلی سێهەم، بە فێمینیزمی پۆست مۆدێرنە پێناسە دەکەن. ئەم شەپۆلە کە لە دەیەی ١٩٨٠ دەستی پێکردووە بۆ بزاوتی فێمینیستی، قۆناغی گواستنەوەیە لە بابەتە سیاسی و ئابوورییەکانەوە بەرەو بابەتی کەلتووری و سایکۆلۆژی و زمانەوانی.

فێمینیزم، وەك هەموو ئایدیۆلۆژیایەك دەکەوێتە ژێر کاریگەریی سوننەتە مێژووییەکان و لە گەڵ هەندێ لەم ئایدیۆلۆژییانەدا تێهەڵکێش بووە. ئەزموونی شۆڕشی فەرەنسا و گوتارە بەهێزەکەی لە بابەت مافە دیموکراتییەکان، بۆ سەرهەڵدانی بیرۆکەی فێمینستی گەلێك پێویست بووە. کاریگەریی پرۆتستانیزم لەمەڕ هاندانی ژنان بۆ چالاکی کۆمەڵایەتی و تێوەگلان لە بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەریی سۆسیالیستە خەیاڵییەکان، بۆ وێنە لایەنگرانی سەن سیمۆن و شارۆڵ فۆریە، لەم رێچکەوە ئاو دەخواتەوە.

بزاوتی فێمینیزم، ئێستا وەك بزاڤێکی جیهانی لێ دەرهاتووە. لایەنگرانی ئەم بزاڤە لەسەر ئەم باوەڕەن کە ژنان تەنها بە هۆی «ژن بوون»یان لەو کۆمەڵگایانەی کە لە خزمەت بەرژەوەندی پیاواندایە، تووشی بێعەداڵەتی و نایەکسانی هاتوون. هەر بۆیە بزاوتی لایەنگری لە ماف ژنان چەند رێچکەیەکی لێ بۆتەوە کە بە کورتی بریتین لە:

١ـ لایەنگرانی لیبرالی مافەکانی ژنان. ئەمانە بێعەداڵەتی مەدەنی و دەرفەتە پەروەردەییەکان بە سەرچاوەی زۆر و ستەم بەسەر ژنان دەزانن و خەبات لە پێناو بەدەست هێنانی ئازادییەکانی تاکەکەسی ژنان، بە مەبەستی خۆیان ناوبردە ئەکەن.

٢ـ لایەنگرانی رادیکالی مافەکانی ژنان. ئەمانە پێیان وایە کە هەرچی زۆر و ستەم بەسەر ژنان دێت، دەگەڕێتەوە بۆ خۆبەزل زانی و باڵادەستی پیاوان و لەم رێگەدا هەوڵ ئەدەن کۆمەڵگای پیاو۔ مەزنایەتی بگوازنەوە بۆ کۆمەڵگایەکی ژن ـ مەزنایەتی.

۳ـ لایەنگرانی مارکسیستی مافەکانی ژنان. ئەمانیش هۆی ئەو کۆت و بەندانەی کە لە ملی ژناندایە، دەگەڕێننەوە بۆ شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و جیاکردنەوەی ئیش و کار لە ماڵەوە کە بۆتە هۆی دابەشکاریی سێکسی. ڕێگاچارەی ئەم گرفتەش گۆڕینی ئابووری زاڵ بەسەر کۆمەڵگا دەزانن.

٤ـ لایەنگرانی سۆشیالیستی مافەکانی ژنان. ئەم ڕێچکە، ڕیشەی زۆر و ستەم بەسەر ژناندا لە سیستەمی ئابووری سەرمایەداری دەبینێ کە بۆ مانەوەی خۆی، کرێکارەکان بە تایبەت ژنان وەبەردەهێنێ. لەم ڕوانگەوە، هەم خاوەندارێتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و هەم شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی پێویستی بە گۆڕانی بنەڕەتی هەیە.

فیۆدالیزم/دەرەبەگایەتی فئودالیسم/ملوك‌الطوایفی Feudalism

ئەم زاراوە لە ڕاستیدا قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووی وڵاتانی ئەوروپییە (سەدەی ۹ تا ۱۳ زایینی). فیۆدالیزم، سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە کە تێیدا دەسەڵاتی سیاسی لەنێوان موڵکدارە گەورەکان دابەش بووە و بنەماکانی ئەم سیستەمە بەسەر ئابووری گوندیی و پێوەندی ئاغا و ڕەعیەت دامەزراوە. ئەرباب یا فیۆدال بە تەواوەتی بەسەر موڵک و زەوی وزار و ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی ڕەعیەتەکاندا زاڵ بوو. ئەم زەوی وزارانەش بەزۆری لە لایەن پادشای ئەو سەردەمەوە بە فیۆدالەکان دەدرا ئەمانیش لە بەرامبەر سوود وەرگرتن لەم زەوییانە ناچاربوون لە کاتی پێویست بۆ پاراستنی وڵات و کاروباری سەربازی لەناو ڕەعیەتەکانی خۆیاندا کۆمەڵێك جەنگاوەر بۆ پادشا دابین بکەن. فیۆدالەکان لە چوارچێوەی کاری خۆیاندا دەسەڵاتێکی بەرفراوانیان بووە و لە کاروباری ئابووری و رامیاریدا سەربەخۆیی تەواویان هەبووە. جگە لەوەش لایەنگرییان لە ڕەعیەتەکانی خۆیان دەکرد.

سەرهەڵدانی فیۆدالیزم لە ئەورووپا ئەگەڕێتەوە بو پاش هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆری شارلمانی لە ۸۱۱ تا ۷٤۲. پاشان هێزە ناوچەییەکان بە دەسەڵات گەیشتن، خەڵکی شار و دێهاتەکان کە لە بەرامبەر هێرشی بێگانە دۆژ دامابوون، تەنیا ڕێگەچارەیان ئەوە بوو کە پەنا ببەنە بەردەم زۆرداران و فەرمانڕەوای ناوچەیی و خۆماڵی. بەم پێیە ئەربابی ئەو ناوچانە، بوونە تەنیا پارێزەری ئەوان و ئەمەش بووە هۆی پاوەجێبوونی سیستەمی فیۆدالی لە ئەورووپای ڕۆژاوا بۆ ماوەی پتر لە ۳ سەدە.

زۆربەی توێژەران پێیان وایە کە ئەم سیستەمە تەنیا تایبەتە بەو قۆناغە مێژوویەی ئەورووپا و نابێ بۆ لێکدانەوەی کۆمەڵگاکانیترکەڵکی لێ وەربگیردرێت. بەڵام هەندێکیش لەسەر ئەم باوەڕەن کە بەهۆی وێکچوویی و هاوشێوەیی هەندێ لە هۆکارەکان (بۆ وێنە پرژوبڵاوبوونی دەسەڵات و هاتنەکایەی دەرەبەگ و ئەربابی ناوچەیی)، دەکرێ زاراوەی فیۆدالیزم بۆ ئەم وڵاتانەش بەکار ببرێ.

مێژووی فیۆدالیزم نیشانی داوە هەرکاتێك لە کۆمەڵگایەکدا ئەم مەرجانەی خوارەوە ئامادە بن، فیۆدالیزم بە ئاسانی لەو وڵاتەدا گەشە دەکات:

۱ـ شێوازی سەرەکی بەرهەمهێنان، کشتوکاڵی بێت.

٢- کۆمەڵگا لە نێوان هۆز و عەشیرەی جۆراوجۆر دابەش بووبێت، بە چەشنێك کە پێوەندی ئابووری و کەلتووری و مێژوویی نێوانیان سست بێت.

٣- پێوەندی نێوان هەرێمە جۆراوجۆرەکانی وڵات بە هۆی جوگراف یا ... سەخت و دژوار بێت.

٤- یەکیەتی ئابووری وڵات تووشی ترازان بێت یا بە هۆی نەبوونی یەکیەتی ئابووری، یەکیەتی سیاسی وڵات لێك بترازێت.

٥- حوکمەتی ناوەندی نەتوانێ هاووڵاتیانی خۆی لە بەرامبەر هێرشی دوژمنانی ناوخۆیی و دەرەکی بپارێزێت. ئابوور و کەلتوور و سیاسەت و مێژووی نێوانیان سست بێت و لێك بترازێت.

فێورالیستەکان فورالیست‌ها Fevralists

ئەم زاراوە لە وڵاتانی کۆمۆنیستی‌دا بەو گرووپە دەگوترا کە لایەنگری ڕۆژاوا بووە و خۆی بە لایەنگری «شۆڕشی فێوریە»دەزانی و«شۆڕشی سۆشیالیستی» و دەسکەوتەکانی ڕەت ئەکردەوە. لە ساڵی ١٩١٧ دوو گۆڕانکاری لە سۆڤیەت، ڕووی دا: یەکەمیان،«شۆڕشی فێوریە» بووە و دووهەم،«شۆڕشی ئۆکتۆبەر». کۆمۆنیستەکان شۆڕشی فێوریە بە «شۆڕشی بورژوا دیموکراتیك» دەزانن و شۆڕشی ئۆکتۆبەریش بە «شۆڕشی سۆشیالیستی» لە قەلەم دەدەن.

ڤ

ڤاتیکان واتیکان Vatican

ڤاتیکان یا وڵاتی ڤاتیکان کە بە ئیتالیایی پێی دەڵێن citidel vatican . رووبەرەکەی دەگاتە ٤٠٠ هەزار مەتری چوارگۆشە لە باکووری رۆژاوای شاری رۆما پێتەختی ئیتالیا هەڵکەوتووە کە گرنگترین بارەگا و ناوەندی دەسەڵاتداری پاپا، رێبەری کاسۆلیکەکانی جیهانە. حوکمەتی پاپا بچووکترین حکومەتی سەربەخۆی ئەوروپایە و ئەم سەربەخۆییە بەپێی پەیمانی لاتران (کە ناوی کەلیسایەکە) لە ساڵی ١٩٢٩ لەلایەن دەوڵەتی ئەوکاتەی ئیتالیاوە درا بە پاپا.

ڤاتیکان، پۆلیس و پۆست و پارە و وێستگەی رادیۆیی تایبەت بە خۆی هەیە کە بە ٢٣ زمان بەرنامە بڵاو دەکاتەوە. نزیکەی ٥٠٠ کارمەندی هەیە و هەر سێ دەسەڵاتی راپەراندن و یاسادانان و دادوەری لەژێر دەسەڵاتی پاپادایە. بەرێوەبردنی وڵاتی ڤاتیکان لە دەست فەرماندار و ئەنجومەنێکدایە کە لە بەرامبەر پاپادا بەرپرسن. ڤاتیکان لە سەرانسەری جیهاندا خاوەنی دارایی و سەرمایەیەکی زۆرە و لە پتر لە سەد وڵات باڵیۆزخانەی هەیە. سیاسەتی ڤاتیکان بە پلەی یەکەم، بریتییەلە پەرەپێدانی ئایینی کاسۆلیك لە جیهاندا و دژایەتی سەرسەختانەی بیروباوەری کۆمۆنیزم* دەکات.

ڤیتۆ وتو Veto

ڤیتۆ وشەیەکی لاتینییە کە لە ریشەی vetare وەرگیراوە و واتای (من دژم) دەدات. ڤیتۆ بەرگریکردن لە کارێکە و «ماف ڤیتۆ» توانایی یا ماف بەرگریکردنە. ئەم زاراوە لە پرۆسەی یاسادانانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، مانایەکی تایبەت لەخۆ دەگرێ. لەم بوارەدا ماف ڤیتۆ بە واتای ماف ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشە بۆ بەرگریکردن لە پەسند کردنی قانوونێك لە لایەن ئەندامانی دیکەی رێکخراوەکە.

لە یاسای گشتی وڵاتاندا ڤیتۆ، مافێکە بە سەرۆکی وڵات یا دەوڵەت دەدرێ تا بتوانێ لە جێبەجێکردنی یاسا پەسندکراوەکان بەرگری بکات. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە ئەمریکا و بریتانیا بکەین. پادشای بریتانیا بۆی هەیە هەندێك لە یاسا پەسندکراوەکان ڤیتۆ بکات بەڵام هەرگیز لەم مافە کەڵکی وەرنەگرتووە. کەچی سەرکۆماری ئەمریکا، دەتوانێ یاسا پەسندکراوەکانی کۆنگرێس ڤیتۆ بکات، مەگەر ئەوەی کۆنگرێس دووبارە بە ٢/٣ زۆرینەی دەنگەکان پەسندی بکاتەوە.

ڤیزە/ گوزەرنامە ویزا / رواديد Visa

لە ریشەی لاتینی visum بە مانای دیتن وەرگیراوە. لە زاراوەی سیاسیدا بریتییە لە وەرگرتنی ئیجازەی

ڕەسمی لە لایەن کارمەندانی بڕواپێکراوی وڵاتێك بۆ ڕێ پێدان بۆ هاتنە ناوەوە یا دەرچوون لە وڵاتێك. ئەم ئیجازە پێدانە لە سەر پەڕەکانی پاسپۆرت یا شوناسی تایبەت مۆر دەکرێت. ڤیزە بە پێی ناوەرۆکی سەفەر بە چەند جۆر دابەش ئەکرێت کە بریتین لە:

ڤیزەی گەشتیاری، بۆ ئەو کەسانەی کە بۆ گەشت و گوزار دەچنە وڵاتێکی دەرەکی.

ڤیزەی هاتنە ناوەوە، تایبەتی ئەو کەسانەی کە بۆ کاروباری بازرگانی یا کارێکی تایبەت دەچنە وڵاتێك.

ڤیزەی ڕاگوزاری، بۆ ئەو کەسانەی کە بۆ گەیشتن بە وڵاتی مەبەست، لە وڵاتێکی سەرەڕێ ڕادەبرن.

ڤیزەی سیاسی (دیپلۆماتیك)، تایبەتی کارمەند و ڕاسپاردە سیاسیەکانە.

ق

قاچاخ قاچاق Contraband

بە کەسێك یا شتێك دەڵێن کە بەپێی دەستوور لە وڵاتێك یاساغ بێت. ئەم زاراوە هەروەها بە واتای «قاچاخی جەنگ»یش لێکدراوەتەوە کە بریتییەلە شمەك و تفاقی شەڕ کە نابێ لە لایەن وڵاتانی بێلایەنەوە بگاتە دەستی لایەنێکی شەڕەکە. لەم رووەوە هەرکام لە لایەنەکانی شەڕ دەتوانن پاپۆڕەکانی وڵاتانی بێلایەن بۆ پشکنینی شمەکی قاچاخ بگەڕێن. لە سەرەتادا قاچاخ بریتی بوو لە چەك و تەقەمەنی و تفاقی شەڕ بەڵام دواتر ئەسپ و هەموو چوارپێیەکی بارهەڵگریش بەو لیستە زیاد کرا.

قاچاخی جەنگ: بڕوانە قاچاخ.

قوتابخانەی سیاسی مکتب سیاسی Political school

قوتابخانەی سیاسی بەو تیۆرییانە دەگوترێ کە دەربارەی دەوڵەت، حوکمەت و شێوەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لێکۆڵینەوە دەکات. قوتابخانە سیاسیەکان بەو مانایەی کە ئێمڕۆکە مەبەستمانە مێژوویەکی دوور و درێژیان نییە بەڵکوو بەرهەمی گۆڕانکارییە فیکرییەکەی سەردەمی ڕێنسانسی ئەورووپایە بە تایبەت سەروبەندی شۆڕشی مەزنی فەرەنسا کە بزاوتە سیاسیەکان بە ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەتەوە هاتنە مەیدانەوە. لە باری مێژووییەوە، ڕەوتی پەیابوونی قوتابخانە سیاسیەکان وابووە کە سەرەتا ئەندێشەی ئازادیخوازانە (لیبرالیزم) و تاك باوەڕانە (تاك پەروەری) سەری هەڵداوە. دواتر، پاش رووخانی رژێمە دیکتاتۆرییەکان و هاتنە ئارای مەسەلەی نوێی کۆمەڵایەتی و ئابووری، ڕێبازی کۆمەڵ خوازی و سۆشیالیستی بەدیهاتوون.

ئەم قوتابخانانە هەندێ جار وەك لیبرالیزم (بڕوانە ئازادیخوازی) یا فاشیزم* ژێرخانێکی فەلسەفییان نییە بەڵام هەندێکی تر لەم قوتابخانانە وێڕای خستنەرووی تیۆری دەربارەی حوکمەت، بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات بە ئامرازێك دەزانن بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە ئەمانە لە ڕاستیدا بە ئایدیۆلۆژیا لە قەڵەم دەدرێن. بۆ وێنە کۆمۆنیزم و سۆشیالیزم کە ریشەی هەردووکیان دەگەڕێتەوە بۆ مارکسیزم.

قوتابخانەی فرانکفۆرت: بڕوانە مارکسیزمی نوێ.

قەیرانی دیموکراسی بحران دموکراسی Crisis of Democracy

هەندێ زاراوە کە لە گوتار(discourse)ی سیاسیدا بەکار دەبرێن، ئەغلەب جار بە دوو مانا شرۆڤە کراون: یەکەم، واتای فەرهەنگی. دووهەم، مانایەك کە لە جەنگێکی ئایدیۆلۆژیکی بەکار دەبرێت. زاراوەی دیموکراسی* یەکێك لەو چەمکانەیە کە لە فەرهەنگی زاراوەدا بە مانای کۆمەڵگایەکی خەڵکییە کە ئەندامانی دەتوانن لە کاروباری کۆمەڵگا هاوبەش بن و لە دانانی بڕیارەکاندا دەوریان هەبێت. مانایەکی‌تری کۆمەڵگای دیموکراتیك، ناوەڕۆکێکی ئایدیۆلۆژیکی هەیە، واتە کۆمەڵگایەك کە لە ژێر دەسەڵاتی توێژێکی نوخبە و بازرگان و کاسبکاردایە و کۆمەڵی خەڵك تەنیا دەوری بینەر ببینن. هەربۆیە بە باوەڕی هەندێ لە بیرمەندانی سیاسی رۆژاوا ئەگەر جەماوەری خەڵك، بەڕاستی بخوازن لە کاروباری کۆمەڵگادا بەشداری بکەن، کەشێکی وا دێتە کایەوە کە بە *قەیرانی دیموکراسی* ناوبردە کراوە. قەیرانی دیموکراسی کاتێك کۆنترۆڵ دەکرێت کە جەماوەر لەمەڕ بەشداری و هاوبەشی لە کاروباری کۆمەڵگا بێ‌مەیل بکرێت و هان بدرێت کە بگەڕێتەوە بۆ پێگە و شوێنی خۆی.

قەیرانی سۆشیالیزم بحران سوسیالیسم Crisis of Socialism

ئەم زاراوە داتاشراوی لایەنگرانی سەرمایەدارییە بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە: یەکەم، پێشبینی مارکسییەکان لەهەمبەر رۆوخانی سەرمایەداری لە هەناوی خۆیدا نەهاتە دی و لە راستیدا وڵاتانی سەرمایەداری رەوتی پێشکەوتنی گەشاوەی ئابووری و پیشەسازی خۆیان بە سەرکەوتوویی پێکاوە و بوونەتە مەکۆی شارستانییەتی پێشکەوتن‌خواز. دووهەم، وڵاتانی سۆشیالیستی نەك هەر نەیانتوانیوە گەشە بدەن بە ئابووری خۆیان بەڵکوو پێویستییان، بە مادەی خۆراکی و تەکنۆلۆژی وڵاتانی سەرمایەداری رۆژاوا هەر بەردەوامە. هەندێکیش دوابەدوای گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ساڵی ١٩٨٩ ئەوروپای رۆژهەڵات و هەڵوەشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەت (لە ساڵی ١٩٩١)، مەرگی ناوەختی کۆمۆنیزمیان هێنایە ئاراوە.

قەیرانی سەرمایەداری بحران سرمایەداری Crisis of Capitalism

ئەم زاراوە لە لایەن مارکس و زۆرینەی مارکسییەکان بۆ ئاماژە بەو کێشە و ناتەباییانە بەکاربراوە کە سیستەمی سەرمایەداری تووشی قەیران و ئاڵۆشەی قووڵی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کردووە. بە باوەڕی ئەوان، ناتەبایی سەرەکی کۆمەڵگای سەرمایەداری لەوەدایە کە بەرهەم و سەمەرەی کۆمەڵایەتی، دەکەوێتە بەردەستی سەرمایەداری تایبەتی و قازانجی هەرەزۆری ئەم بەرهەمە مەکینەییە دەچێتە گیرفانی سەرمایەدارەکانەوە. ئەم ئاڵۆشە لە نێوان خەسڵەتی کۆمەڵەکی بەرهەمهێنان و شێوازی تایبەتی موڵکداریەتی، قەیرانی سەرەکی سەرمایەداری سازکردووە. دەرەنجامێکی ئەم ئاڵۆشە، دابەزینی توانایی کڕینی بەرهەمەکانە بەهۆی زیادبوونی چینی هەژار کە ئەمەش دەبێتە هۆی *زێدەبوونی بەرهەم‌هێنراو* و هەڵکشانی رادەی خەڵکی بێکار. دەرەنجامێکی دیکەی قەیرانی سەرمایەداری، خەبات و ململانێی کرێکار و

بۆرژوازییە.

قەیرانی سیاسی بحران سیاسی Political Crisis

حاڵەتێك کە تێیدا هاوسەنگی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی شێوابێت. قەیرانە سیاسییەکان بەپێی ئاستی بەربڵاوی و پانتای جوگراف، بە دوو جۆری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی دابەش ئەکرێن. قەیرانی ناوخۆیی وەك، ململانێی کرژی سیاسی نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکان بۆ وەدەست هێنانی دەسەڵات، سەرهەڵدانی ناکۆکی جیددی لە نێوان باڵەکانی حوکمەت، کودەتای سەربازی، مانگرتنی درێژخایەن، شۆڕش و پێکدادانی ئەتنیکی و شەڕی چریکی. ریشەی قەیرانی سیاسی ناوخۆ تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی مامەڵەی کاربەدەستانی ناوخۆی وڵاتەکە بەڵکوو لەم چاخەدا زۆربەیان لە ژێر کاریگەری دیاردە سیاسی و ئابوورییەکانی ناوچەکە و هێزە بان ـ ناوچەییەکان سەرهەڵئەدەن.

قەیرانی سیاسی نێودەوڵەتی، بریتییە لە هەلومەرجێکی چاوەڕواننەکراو کە لە ئەنجامی پێوەندی دوو یا چەند وڵات سەرهەڵئەدات، بۆ وێنە، ناکۆکی نێوان دوو وڵاتی دراوسێ کە لە ساردبوونەوەی پێوەندی سیاسییەوە بگرە تاکوو شەڕ تەشەنە ئەسەنێت.

قەیسەرخوازی سزاریسم/قیصرگرایی Caesarism

ئەم زاراوە لە ناوی قەیسەر (سزار)، ئیمپراتۆری رۆما وەرگیراوە بۆ پێناسەکردنی جۆرێك حوکمەتی رەهای ملهوڕ و دیکتاتۆر کە بە کۆنترۆڵێکی توندوتۆڵی سەربازی ـ پشتئەستوور بە رەشەگەل ـ بۆ بەدیهێنانی دەسەڵاتێکی باڵادەست لە وڵاتێك، هەوڵ ئەدات. ئەم جۆرە دیکتاتۆرانە ئەغڵەب لە رێگای کودەتای سەربازی یان هەرەوەزی جڤاکی، بە دەسەڵات ئەگەن و بە رێکخستنی هەڵبژاردن و راپرسی* و هێنانە کایەی پەرلەمانی تەشریفاتی، هەوڵ ئەدەن رواڵەتی دیموکراسی بپارێزن و سیمایەکی دیموکرات بە خۆیان ببەخشن. قەیسەرخوازی بە دوو جۆر دابەش کراوە: کۆنەپەرست و پێشکەوتنخواز. لە جۆری یەکەمدا قەیسەرخوازی کاتێك بە کۆنەپەرست ناوبردە ئەکرێت کە سەرهەڵدانەکەی، جێخۆشکەربێت بۆ سەرکەوتنی هێزە کۆنەپەرستەکان لە کۆمەڵگادا (بۆ نموونە ناپیلئۆنی سێهەم و بیسمارك). جۆری دووهەمیش بە پێچەوانەوە هەرکات، زەمینە بۆ سەرهەڵدان و سەرکەوتنی هێزە پێشکەوتنخوازەکان خۆش بکات، قەیسەرخوازی پێشکەوتنخواز دێتە مەیدانەوە(بۆ وێنە ژولیۆس قەیسەر و ناپیلئۆنی یەکەم).

ك

کابینە کابینە Cabinet

بە واتای ئەنجومەنی وەزیران و نووسینگە و سکرتاریەتە و بە گوێرەی پێویست لە هەر سێ حاڵەتدا بە کار دێت بەڵام پتر بۆ ئەنجومەنی وەزیران و هەندێ جاریش لەجیاتی حکومەت بەکاردەبرێت. ماهییەتی کابینە لە وڵاتاندا جیاوازە. لە بریتانیا ئەندامانی کابینە لە لایەن سەرۆك وەزیرانەوە هەڵدەبژێردێن کە لە بەرامبەر مەجلیسی عەوامدا بەرپرسیارن. لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەندامانی کابینە لە لایەن سەرۆك کۆمارەوە هەڵدەبژێردرێن و هەمووان لە بەرامبەر ئەودا بەرپرسیارن. سەرۆکی کابینە بە سەرۆك وەزیران، راوێژکار و سەرۆکی دەوڵەت ناوی دەرکردووە.

کابینەی سێبەر: بڕوانە دەوڵەتی سێبەر.

کاپیتالیزم: بڕوانە سەرمایەداری.

کاپیتۆلاسیۆن کاپیتولاسیون Capitulation

ئەم زاراوە لە وشەی لاتینی capitulare وەرگیراوە و بە مانای پەیمان و گرێبەست و رێککەوتن هاتووە کە لە نێوان دەوڵەتاندا دەبەسترێ. بەپێی ئەم پەیمانە ئەگەر هاووڵاتیانی بێگانە لە قەڵەمڕەوی وڵاتێکیتردا تاوانێك ئەنجام بدەن، ئەوا دەبێ بکەونە ژێر پارێزگاریی یاساکانی وڵاتی خۆیان و لە لایەن کۆنسولێك کە نوێنەری ئەو دەوڵەتەیە بۆ دادگا بانگهێشت بکرێن. ئەم جۆرە پەیماننامانە پتر لە لایەن دەوڵەتانی ئەورووپییەوە بەسەر دەوڵەتانی ئاسیایی و ئەفریقایی دائەسەپا. لە راستیدا بیانووی ئەم وڵاتانە ئەوە بوو کە هاووڵاتیانی ئەوان لە رووی دادوەرییەوە پارێزراو نین و لە لایەن بەرپرسانی ئەو وڵاتانەوە ناپارێزرێن. بەڵام ئەوان بەم بیانووە دەیانویست بگەنە ئامانجە کۆلۆنیالیستیەکانی خۆیان. لەم سەردەمەدا کاپیتۆلاسیۆن گرنگی خۆی لە دەست داوە و لە لایەن دەوڵەتەکانەوە دژایەتی دەکرێ و وڵاتانێکی وەك ژاپۆن، تورکیا، میسر و ئێران و چین پووچەڵیان کردۆتەوە.

کارتل کارتل Cartel

ئەم زاراوە لە ریشەی cartello ئیتالیایی بە مانای هێماکردن و شەڕفرۆشتن و خەبات و هاوپەیمانی خاوەن بەشە جۆراوجۆرەکانی پیشەسازییەك بەکار براوە. کارتل لە وڵاتانی سەرمایەداری بۆ چالاکی ناڕەوای

بازرگانی بە مەبەستی ڕێککەوتنی نێوان کۆمپانیا گەورەکانی بەرهەمهێنان و بازرگانی کاڵایە بۆ مۆنۆپۆلکردنی بەرهەمهێنان. کارتلەکان هەندێ جار بە پشکبەندیکردنی بەرهەمهێنان یا بە کەمکردنەوەی خستنەڕووی کاڵایەکی تایبەتی بۆ فرۆشتن، دەبنە هۆی زیادکردنی نرخی ئەو کاڵایە لە بازاڕدا یا بە نزمکردنەوەی بە ئەنقەستی نرخەکان، ڕکابەرانی خۆیان لە گۆڕەپانەکە وەدەردەنێن و پاش تێکشکاندنی ئەوان ئینجا نرخەکان بەرز دەکەنەوە.

کارتلەکان تەنها لەسەر ئاستێکی نەتەوەییدا کارناکەن بەڵکوو هەندێ جار چەندین کۆمپانیای گەورەی هاوچەشن لە وڵاتانی جۆراوجۆر یەکدەگرن و کۆنترۆڵی بەرهەم و بەرز و نزم کردنەوەی نرخی یەك یا چەند کاڵا لە بازاڕەکانی جیهاندا دەکەن. نموونەی کۆنترین کارتلی جیهان(١٨٩٦) یەکیەتی نێوان کۆمپانیاکانی ئالکۆ (ئەمریکا) و ئالاگ (سویسرا) یە کە تەکنۆلۆژی ئەلمینیۆم یان بەدەستەوە گرتووە.

کارەسات — فاجعه — Cataclyism

بە واتای گەردەلوولی جیهانی و ژێروژوور بوونی بارودۆخی گۆی زەوی یا هەر ڕووداو و پێشهاتێکە کە ڕەوشی زەوی یا دامودەزگای جیهانی مرۆیی تێکوپێك بدات. ئەم زاراوە بۆ ئەو ڕووداو و پێشهاتە گەورانە بەکاردێت کە بارودۆخی ئاسایی سروشت لەسەر گۆی زەوی بگۆڕێت (بڕوانە زستانی ئەتۆمی). لە زاراوەی سیاسیدا بە واتای گۆڕانکاری توندی سیاسی و کۆمەڵایەتی مانا کراوەتەوە.

کاریزما — فره/ فرّەمندی — Charisma

١ـ بەهرەیەکی مەعنەوی، ودم یا توانستێك کە وادەزانی لە لایەن یەزدانەوە بە کەسێك کەرەم کرابێت تاکوو بەو پێیە هەندێ کاری سەیر و سەمەرە ئەنجام بدات. ٢ـ توانستێکی تایبەتی کە بەهرەدارەکەی پێی وایە بۆ ڕێبەرایەتی کردنی جەماوەر لە پشتیوانییەکی پرسۆزی ئەوان بەهرەوەرە.

ئەم زاراوە لە بنەڕەتدا بە واتای «یارمەتی خواوەندی»یە. ماکس ڤێبەر، کۆمەڵناسی گەورەی ئەڵمانی(١٨٦٤ــ ١٩٢٠) ئەم وشەی لە کۆمەڵناسی سیاسی*دا بەکارهێناوە و مەبەستی لەم زاراوە،«گەوهەرێکی تایبەت» بووە کە بە کەسێك یا شتێك حاڵەتێکی بێوێنە و سەیروسەمەرە دەبەخشێ. ڤێبەر لە نێوان کاریزمای تاکەکەسی کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شەخسێکی تایبەت و کاریزمای مەقام، کە دەگەڕێتەوە بۆ پلەوپایە و مەقامێك، جیاوازی قاییل دەبێت. ئەو چەمکی کاریزمای لە بەستێنی تیۆری گشتی دەسەڵاتدا بەکارهێنا و بەم پێیە سێ جۆر ڕەوایی (مشروعیت)ی ناوبردە کرد: سوننەتی، کاریزمایی و قانوونی ـ عەقڵانی. ڤێبەر لەم دابەشکارییە بۆ شرۆڤەی پرۆسەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی کەڵکی وەرگرت.

ئەو پێی وابوو هەرکاتێك کۆمەڵگا و ئایینەکان لە ژێر فرمانی ئەو سوننەتانەدا بن کە پیرۆزییەکەیان لە ڕابردوو گرتبێت، تەنیا هێزێك کە توانایی ململانێی هەبێت، ڕێبەرێکی کاریزمایە کە شەرعییەتی خۆی لە بەهرە شەخسییەکانی وەرگرتبێت. کۆمەڵناسەکان ئەم زاراوەیان لە باری سیاسییەوە بۆ کەسایەتیگەلێکی

وەك نكرۆمە لە غانا، سۆكارنۆ لە ئەندونیزیا و نیهرۆ لە هیندستان بەكار بردووە و پێیان وایە كە بەهرەی شەخسی ئەوان بۆتە سەرچاوەی دەسەڵات لە نێوان نەتەوەكانیان. بەڵام ئەم زاراوە بە شێوەیەكی بەربڵاوتر بۆ هەموو دیاردە و كەسانێك بەكار دەچێت كە بە هۆی تواناییەكی تایبەت و سەیرەوە، لە گەڵ ڕەشەگەل و جڤاك جیاوازییان هەیە.

كاسترۆئیزم   كاسترويئیسم   Castroism

كاسترۆئیزم، ئاوێتەیەكە لە ڕێبازی شۆڕشگێڕانەی ئەمریكای لاتین و ئایدیۆلۆجیای كۆمۆنیزم كە لە ساڵی ١٩٥٩ لە لایەن فیدل كاسترۆ ڕێبەری كووبا هاتۆتە ئاراوە. كاسترۆ لەو ساڵەدا پاش سەركەوتن بەسەر ڕژێمی دیكتاتۆری باتیستا، توانی شۆڕشی كووبا بگەیەنێتە ئەنجام. بزاوتی شۆڕشگێڕانەی كووبا كە لە ساڵی ١٩٥٣ دەستی پێكرد، لە سەرەتاوە هیچ ئایدیۆلۆژیا و ڕێبازێكی ڕوون و ئاشكرای نەبوو. لە ساڵی ١٩٦١، كاسترۆ ڕووی كردە ماركسیزم ــ لینینیزم و بزاڤی چەكداریی لە گەڵ كۆمۆنیزمدا تێكەڵ كرد و ئەوەش بوو بە ئایدیۆلۆژیای ڕەسمی كووبا بەڵام كاسترۆ هەندێ لایەنی شۆڕشی كووبای بە زیندوویی ڕاگرت و بەم جۆرە ڕواڵەتێكی تایبەتی بە كاسترۆئیزم بەخشی.

دوابەدوای شۆڕشی كووبا، كاسترۆ پێوەندیەكی گەرمی دیپلۆماسی لە گەڵ یەكیەتی سۆڤیەت كردەوە و كووبا لە باری ئابوورییەوە كەوتە دوای وڵاتانی كۆمۆنیستییەوە. لە ساڵی ١٩٦١، دەوڵەتی ئایزنهاور(سەركۆماری ئەمریكا)، گەمارۆی ئابووری بەسەر ئەم وڵاتە داسەپاند و پێوەندی سیاسی و ئابووری لێ قەدەغە كرد. كاسترۆ پاش سەركەوتنی شۆڕشی كووبا هەزاران كەس لە نەیارانی خۆی خستە بەندیخانە و لە سێدارەی دان. ئینجا حوكمەتێكی سۆشیالیستی تاكحیزبی پاوەجێ كرد. كاسترۆ لە نێوان بزاوتە سەربەخۆكانی ئەفریقیا و ئەمریكای لاتین، كەسایەتییەكی تەنیا و گۆشەگیرە. ئەگەرچی ئەو هەوڵی زۆری دا تاكوو بزاوتە كۆمۆنیستیەكەی بكێشێتە ناو نەتەوەكانی دیكەی ئەمریكای لاتین بەڵام دەوڵەتی كەنەدی ئەم هەوڵانەی لەبار برد. لە ساڵی ١٩٦٣، چواردە وڵاتی ئەمریكای لاتین پێوەندی دیپلۆماسی خۆیان لە گەڵ كووبادا پچڕاند و ڕژێمی كاسترۆ پتر گۆشەگیر بوو. دوای ڕووخانی یەكیەتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٨٩، پێوەندی دیپلۆماسی ڕژێمی كاسترۆ لەگەڵ ئەم وڵاتە كۆتایی پێهات و ئەمەش بووە هۆی زیانێكی زۆر بە ئابووری كووبا.

كا. گێ. بێ   كا. گ. ب   K G B

سەردێڕی كورتكراوەی دەستەواژەی ڕووسی Komitet Gosudarstvennoi Bezopasnosti بە واتای كۆمیتەی ئاسایشی دەوڵەتییە لە سۆڤیەت كە لە ساڵی ١٩٤٥ دامەزرا بە مەبەستی پاراستنی دەسكەوتەكانی سۆشیالیزم و لەناوبردنی نەیارانی ناوخۆیی، پاراستنی سنوورەكانی وڵات، كۆنترۆڵی بۆرۆكراسی و چاودێریی بەسەر هێزە سەربازییەكاندا. جگە لەمانەش، كا. گێ. بێ، لەناو وڵاتانی دەرەوە بە تایبەت وڵاتانی ئەندام لە ڕێكخراوەی پەیمانی وارشەو سیخوڕیی دەكرد تاكوو هەژمۆنی* خۆی زیاتر بسەپێنێت. كا

گێ بێ، هەروەک دەزگا ئاسایشییەکانی بەرلە خۆی، نموونەی بێڕەحمی و دڵڕەقی و توندوتیژی بوو لە بەرامبەر شارۆمەندانی رووسیدا.

پاش هەڵوەشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەت و کودەتای ١٩٩١/٨/١٩، ئەم رێکخراوە ترسناکە لێک هەڵوەشا و لە ساڵی ١٩٩٢ بەملاوە رێکخراوەیەکی بچووکتر بە ناوی *بەشی هەواڵگری ناوەندی کۆماری رووسیا*، *جێگای گرتەوە*.

کۆتایی مێژوو پایان تاریخ The end of history

تیۆرێکە لە لایەن فرانسیس فوکۆیاما، جێگری بەشی پلاندانانی سیاسی لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کە لە ساڵی ١٩٨٩ لە گۆڤاری «بەرژەوەندی نەتەوەیی»، هاتە ئاراوە. ناوبراو تیۆرییەکەی خۆی لە پێشدا لە وتارێکدا و پاشان لە کتێبێک بە ناوی «کۆتایی مێژوو و دوایین مرۆڤ» بڵاو کردەوە. بەڕای ئەو «لیبراڵ دیموکراسی» دوایین شێوازی حوکمەتە لە کۆمەڵگای مرۆڤ دا. مێژووی مرۆڤایەتیش، کۆمەڵێکی گونجاو و پێڕەودارە کە بەشی زۆری کۆمەڵی مرۆڤ بەرەو لیبراڵ دیموکراسی هانئەدات. فوکۆیاما لە بارەی کۆتایی مێژوو دەڵێ:

«کۆتایی مێژوو ئەو کاتەیە کە مرۆڤ دەستی ئەگا بە شێوازێک لە کۆمەڵگای ئینسانی کە تێیدا قووڵترین و سەرەکیترین پێداویستیەکانی ئینسانی بەدی بکرێت. مرۆڤی ئەم سەردەمە گەیشتۆتە جێگایەک کە ناتوانێ جیهانێکی جیاواز لەم دنیایەی ئێستا وێنا بکات، چونکا هیچ هێمایەک نییە لەمەڕ باشتر بوونی دۆخی ئێستا».

«بە درێژایی چەن ساڵی رابردوو، هاوکات لە گەڵ سەرکەوتنی لیبراڵ دیموکراسی بەسەر دژبەرە ئایدیۆلۆجییەکانی خۆی، وەک پاشایەتی و فاشیزم و کۆمۆنیزم، لە سەرانسەری جیهاندا هاوڕایەتییەکی گرینگ دەربارەی رەوابوونی لیبراڵ دیموکراسی لەگوێن تاکە سیستەمی کارامە هاتۆتە ئاراوە. لەم رووەوە رەنگە ئەم سیستەمە لووتکەی فراژبوونی ئایدیۆلۆجیای مرۆڤ و دوایین شێوازی حوکمەتی مرۆڤ بێت کە دەکرێ بڵێین، کۆتایی مێژوو پێک دێنێت. لە راستیدا رووخانی کۆمۆنیزم بەڵگەیەک بوو بۆ سەرکەوتنی بەهاکانی لیبراڵی رۆژاوایی و کۆتایی ململانێی ئایدیۆلۆجییەکان. من باوەڕم بە کۆتایی هاتنی مێژووە».

دوای رووداوەکەی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، فوکۆیاما بە نووسینی وتارێک جارێکیتر لەسەر تیۆری «کۆتایی مێژوو» جەختی کردەوە.

کۆتر و هەڵۆ شاهین‌ها و کبوترها Hawks and Doves

ئەم زاراوە لە کاتی شەڕی ڤیەتنام، لە ئەمریکا رەواجی پەیا کرد. مەبەست لە هەڵۆکان ئەو سیاسەتمەدار و هێزە سەربازیانە بوون کە خوازیاری بەردەوامی جەنگ بوون و شەڕیان بە تاکە رێگای سەرکەوتنی ئەمریکا بەسەر ڤیەتنامدا دەزانی. کۆترەکانیش بەو سیاسەتمەدارانە دەگوترا کە بیر و بۆچوونیان دژ بە هەڵۆکان بووە

و دەیانگوت هێرش و دەستدرێژی سوپای ئەمریکا لە ڤیەتنامدا کارێکی ناڕەوایە. ئەم زاراوە ئێستا لەمەڕ سیاسەتمەدارانی ولاتانی دیکەش بەکار دەبرێت.

کۆدەتا — کودتا — Coup detat

ئەم وشە فەڕەنسییە و بە واتای «رووخاندنی حوکمەت» ـە. کۆدەتا بە ڕاپەڕینی لەناکاوی گرووپێکی ناو دەسەڵات دەگوترێ کە بە مەبەستی رووخاندنی گرووپی دەسەڵاتدار هەوڵ ئەدەن دەسەڵات لەوان بستێنن و خۆیان بە حوکمەت بگەن. باوترین شێوازی کۆدەتا لە جیهاندا ڕاپەڕین بەدژی دامودەزگای ڕێبەرایەتی سیاسی ولاتە کە لە ناوخۆ و بە دەستی ئەفسەرانی سەربازی بە ئەنجام دەگات. ئەم جۆرە کۆدەتایە لەو ولاتانە رووئەدات کە دامودەزگا سیاسییە دەسەڵاتدارەکان، بنەمایەکی قایم و سەربەخۆیان نەبێت، هەر بۆیە هێزەکانی ئەرتەش وەك هەڵێك دەیقۆزنەوە و دەچنە گۆڕەپانی سیاسییەوە. کۆدەتا، تایبەتمەندییەکی سیاسی زۆربەی ولاتانی جیهانی سێهەمە.

جیاوازی نێوان کۆدەتا و شۆڕش ئەوەیە کە کۆدەتا دیاردەیەکی لەناکاوە و لە لایەن کەسانێك لە چینی دەسەڵاتدار و بە مەبەستی بەدەستەوە گرتنی دەسەلات ئەنجام دەدرێ بەڵام شۆڕش یاخیبوون و ڕابوونێکی جەماوەرییە دژ بە زوڵم و ستەمی گرووپی دەسەڵاتدار. لە ولاتانی جیهانی سێهەمدا جۆرێك لە کۆدەتا جێگای شۆڕشی گرتۆتەوە ئەویش بریتییە لەو کۆدەتایانەی کە لە لایەن ئەفسەرانی شۆڕشگێڕ و ڕیفۆرمخواز بە ئەنجام دەگات بە مەبەستی گۆڕانکاری لە پێکهاتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی ولات. نموونەی ئەم کۆدەتایە، کۆدەتای جەمال عەبدولناسر لە میسر و سەرهەنگ قەززافی لە لیبی یە. لە بەرامبەر ئەم جۆرە کۆدەتایە کە بە لایەنگری چەپ ناوبانگی دەرکردووە، کۆدەتایەکی ڕاست گەرایانەش لە ئارادایە کە بۆ سەقامگیرکردنی حوکمەتێکی یاسایی و نەتەوەیی و مەدەنی هەوڵ ئەدات. نموونەی ئەم جۆرە کۆدەتایە، کۆدەتای ١٩٤٩ ئێران بەدژی حوکمەتی نەتەوەیی محەممەد موسەدیق و کۆدەتای ١٩٧٣ ژەنەڕاڵ پینۆشە بە دژی حوکمەتی نەتەوەیی ئالندە بوو لە ولاتی شیلی. بە گشتی کۆدەتا بە داگیرکردنی ناوەندە گرنگەکانی ولات دەست پێدەکات وەك: ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، وێستگەی شەمەندەفەر، فڕۆکەخانە و دامودەزگا دەوڵەتییەکان و وێستگەی ئاو و کارەبا.

کۆشکی سپی — کاخ سفید — White House

ناوەندی ڕەسمی کاروباری سەرۆك کۆماری ئەمریکایە کە لە ساڵی ١٧٩٢ لەسەر فرمانی جۆرج واشنتۆن (١٧٣٢ـ ١٧٩٩ یەکەم سەرکۆماری ئەمریکا) لە شاری واشنتۆن بینا کراوە. کۆشکی سپی هێمایەکە بۆ حوکمەت و دامودەزگای سیاسی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

کۆماریی — جمهوری — Republic

لە زاراوەی سیاسیدا کۆماری، حوکمەتێکی دیموکرات یان نادیموکراتە کە سەرۆکەکەی بە دەنگی

ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی هەموو توێژێکی کۆمەڵگا هەڵئەبژێردرێ و جێماوەیی نییە وماوەکەشی دیاریکراوە. بەزۆری کۆماری بە ڕژێمێکی دیموکراتی پەرلەمانی ناوبردە ئەکرێت، ئەگەرچی هەندێ لە وڵاتان بە کۆماریی لە قەڵەم دراون بەڵام دیموکراسی پەرلەمانی بەڕێوە ناچێت. کۆماری لە یۆنانی کۆندا ئاوات و حەزی بیرمەندانی گەورەی ئەو سەردەمە بوو بەڵام زۆربەی فەرمانڕەوایان لە نێوان چینی باڵادەست و سەرمایەدارەکان هەڵئەبژێردران.

ئیمڕۆکە بە حوکمەتێك ئەوترێ کۆماری کە خاوەنی دیموکراسی یان دیکتاتۆری بێپادشا بێت. کۆماری خۆبەخۆ بە مانای دیموکراسییەت نییە بەڵکوو سیستەمگەلی بەستنەوەی دەسەڵات وەك حیزب و پەرلەمان هاتوونەتە مەیدان کە دەورێکی باڵایان لە ئیدارەی وڵاتێکدا هەیە.

کۆماری نوێ بە چەن شێوازی جۆراوجۆر دابەش ئەکرێت:

١ـ کۆماری دیموکراتی وەك ڕۆژاوا: ئەم کۆمارییانە لە بنەڕەتدا لە ناخی قەوارەی دیموکراتی و ئیرادەی گشتی* بەدیهاتوون و بەرهەمی شۆڕشە ئازادیخوازییەکانی سەدەی ١٨و١٩ی ئەوروپان. نەریتی دیموکراسی لەم هەڵبژاردنەدا لە بەرچاو ئەگیرێ و سەرۆکەکەی لە ڕێی هەڵبژاردنەوە دێتە سەر کار. لەم جۆرە حوکمەتەدا دەوری حیزب و پەرلەمان بەرچاوە. بۆ وێنە ئەکرێ ئاماژە بدەینە کۆماری فەرەنسی کە تێیدا سەرکۆمار خاوەنی دەسەڵاتێکی بەرفراوانە و سەرۆکی دەوڵەتەکەشی ئەبێ لە پەرلەماندا هەمیشە لەدووی بە دەسهێنان و پاراستنی هێزی پەرلەمانی بێت. سەرەك وەزیران، بەهرەمەندە لە ئازادییەك کە«ناوەندێتی حوکمەتی» بە دواوە بێت.

٢ـ کۆماری دیموکراتی جەماوەری: ئەم کۆمارییە لە پاش سەرهەڵدانی شۆڕشە کۆمۆنیستیەکانی ئەورووپای خۆرنشین و ئاسیا هەندێ ئالی دیکەی جیهان پێکهاتووە. لەم وڵاتانەدا سەرچاوەی حوکمەت ئەگەڕێتەوە بۆ دیکتاتۆری پرۆلتاریا(چینی کرێکار).

٣ـ کۆمارییەکانی ئەمریکای لاتین و دیکتاتۆر لێدراو: لەم جۆرە کۆمارییانەدا ئیرادەی گشتی بۆ بەڕێوەبردنی مەملەکەت هیچ دەورێك نابینێ و دەسەڵات لە دەستی ڕێبەردا پاوان کراوە. بنەمای جیاکردنەوەی هێزەکان* پشت گوێ دەخرێ و سەرکۆمار ئەغڵەب لە ڕێی کودەتا* و کێشەوهەرای سەربازی یان سەروساختی سیاسی دێتە سەرکار. ڕێبەر، دەسەڵاتێکی بێسنووری هەیە و هەڵبژاردن لەم جۆرە وڵاتانەدا بە شێوەیەکی فەرمایشی بەڕێوە دەچێ.

چەن زاراوەیەکیتر لەم ڕێچکەوە ڕەواجیان پەیدا کردووە کە بریتین لە:

کۆماری میران. لەم کۆمارییەدا بەڕێوەبەرایەتی حوکمەت بەدەستی میران و پیاوانی باڵامەقامەوەیە.

کۆماری پێناودار(واسیتەیی). لەم کۆمارییەدا میللەت بە پێناوی نوێنەرانی خۆی دەسەڵات بەڕێوە ئەبات.

کۆماری بێپێناو، لەم جۆرە کۆمارییەدا خەڵك بێ پێناو ماڤ دەسەڵاتداریەتی خۆی بەجێ ئەگەیەنێت. (وەك یاسادانان، هەڵبژاردنەکان و چاودێری کردن بە سەر کاروباری حوکمەتدا)

کۆماری سەڵتەنەتی، لەم کۆمارییەدا پاش مەرگی سەرکۆمار، سەرەك کۆماریی ئەدرێتە کوڕەکەی. بۆ وێنە

هاتنە سەرکاری بەشار ئەسەد پاش مەرگی باوکی لە سوریا(ساڵی ٢٠٠٠).

کۆماری ئیسلامی جمهوری اسلامی Islamic Republic

ئەم زاراوە لە ساڵی ١٩٤٥ کاتێك پاکستان دەیویست لە هیندستان جیا ببێتەوە و سەربەخۆیی وەربگرێت بە مەبەستی بە ئیسلامی کردنی دەوڵەت و حوکمەت هاتۆتە ئاراوە. بەڵام زیاتر لە گەڵ ناوی وڵاتی ئێراندا ئاوێتە بووە. بۆیە هەرکات ئەم زاراوە بە زاردا دێت، پتر کۆماری ئیسلامی ئێران وەك تاکە وڵاتێك کە بە شێوەیەکی رەسمی و فەرمی ئاوەڵناوی ئیسلامی بە زاراوەی «کۆماری»یەوە لکاندووە، دێتەوە یاد.

باسکردن لە کۆماری ئیسلامی ئێران گرێدراوی شۆڕشی ئیسلامی ئەم وڵاتەیە کە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٣ تاکوو ١٩٧٨ بە ئەنجام گەیشت. لە نێوان ئەم ساڵانەدا هێدی هێدی لە بەینی حوکمەتی پاشایەتی پەهلەوی و مەلا و زانا ئایینی و نائایینی لە سەر رەوتی مۆدێرنیتە بە شێوازی رۆژاوا و پێشێلکاری دەستووری بنچینەیی ئەو سەردەمە، کێشە و دژایەتی قوت بۆوە. سەرەنجام نێوان دەوڵەت و ئایین لەمپەرێك پەیدا بوو کە بووە ژێرخانێك بۆ شۆڕشی ١٩٧٨ و رووخانی رژێمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری مەلاکان بە رێبەرایەتی ئایەتوڵلا خومەینی.

هاتنە سەرکاری حوکمەتی نوێ بە ناوی کۆماری ئیسلامی لە ئێران بووە هۆی داڕشتنەوەی سەرلەنوێی دەستووری بنچینەیی ئەم وڵاتە. لەم دەستوورەدا کۆماری ئیسلامی سیستەمێکە کە لە سەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە پێکهاتووە:

١- حوکمەت و دەسەڵاتداریەتی راستەقینە هەر بۆ خوای تاقانەیە.

٢- وەحیی خواوەندی و پەسڵان(معاد) و عەدالەت لە داڕشتنی یاسا دەوری سەرەکی ئەبینێت.

٣- ئیمامەت و رێبەرایەتی هەمیشەیی لە مانەوەی شۆڕشی ئیسلامی دەور ئەبینێت.

٤- بایەخ و بەهای مرۆڤ و ئازادی، هاوکات لە گەڵ بەرپرسیاریەتی لە بەرامبەر خودا لەم رێبازانەی خوارەوە زامن ئەکرێت:

١- بیرنیشاندان(اجتهاد)ی هەمیشەیی زانایانی ئایینی بە پێی کتێب (قورئان) و سوننەتی پێغەمبەر و ئیمامان.

٢- کەڵك وەرگرتن لە زانست و تەکنۆلۆجی پێشکەوتووی مرۆڤ.

٣- بەربەرچدانەوەی هەر چەشنە زوڵم و ستەمێك و بەرپاکردنی یەکسانی و عەدالەت و پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری.

کۆماری کوردستان (مەهاباد) جمهوری کردستان (مهاباد) Mahabad republic

لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا ئەگەرچی ئێران بێلایەنی خۆی راگەیاندبوو بەڵام لە لایەن بەریتانیا و رووسەکانەوە لە ئاگۆستی ١٩٤١، کەرتی رۆژاوای ئێران داگیر کرا. بەریتانیا، بۆ پاراستنی کەرتی رۆژهەڵاتی

عێراق ناوچەی کرماشانی گرت و رووسەکانیش، ئازەربایجانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بێجگە لە شارەکانی مەهاباد و شنۆ و نەغەدەی داگیر کرد. لەم ناوەدا ناوچەی مەهاباد و سەقز، لە کۆنترۆڵی هیچ لایەنێك نەبوو. نەبوونی هیچ هێزێکی دەسەڵاتدار(تەنانەت ئێرانیش) لە ناوچەکەدا زەمینەی بۆ دامەزراندنی حوکمەتێکی خودموختار خۆش ئەکرد.

ئەم دۆخە، لانیکەم تا کۆتایی شەڕی جیهانی دووهەم بەردەوام بوو. قازی محەمەد ساڵێك دوای دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ٢٢ی ژانوییەی ١٩٤٦، لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد، کۆماری کوردستانی راگەیاند. قازی محەمەد چەن رۆژ دواتر ئەنجومەنی وەزیرانی کۆمارییەکەی راگەیاند کە پێکهاتبوو لە حاجی بابەشێخ، سەرەك وەزیر و ١٢ وەزیری دیکە.

کۆماری کوردستان و دەوڵەتی کوردی تەنیا ١١ مانگی خایاند. هەر بۆیە لە رێکەوتی ١٧ی دێسەمبەری ١٩٤٧، دوور لە پشتیوانی رووسەکان، هێزە سەربازییەکانی رژێمی پاشایەتی هێرشیان کردە مەهاباد و شارەکانی دەوروبەر و کۆماری نوێباو رووخا. سەرەتای ژانوییەی ١٩٤٧ دەوڵەتی ئێران دادگایەکی سەربازی بۆ قازی محەمەد و براکەی و ئامۆزاکەی، سەدر و سەیف سازاند و لە رێکەوتی ٢٣ی ئەو مانگە لە سێدارە دران و کۆماری کوردستان کۆتایی پێهات.

کۆریس کۆچیرا، مێژونووسی بەناوبانگ دەربارەی هۆی رووخانی کۆماری مەهاباد لە زمانی مەلا مستەفا بارزانییەوە دەنووسێت: «ئەوە کورد نەبوو کە لە هێزەکانی ئەرتەشی ئێران تووشی شکست بێت بەڵکوو ئەوە یەکیەتی سۆڤیەت بوو کە لە بەرامبەر ئەمریکا و بەریتانیادا شکستی خواردبوو! » لەو هۆکارانەی کە ئەتوانێ ئەم بۆچوونە بسەلمێنێت، یەکەم، چوونەدەرەوەی هێزەکانی ئەرتەشی رووس بوو لە ئێران. دووهەم، قسەکانی باڵیۆزی ئەمریکا لە تاران کە گوتبووی، دەوڵەتی ئەمریکا لە یەکپارچەیی خاکی ئێران داکۆکی ئەکات.

کۆمپانیای فرەنەتەوە شرکت‌های چندملیتی Multinational corporations

کۆمپانیا فرە نەتەوەکان، لە ئابووری و سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بە دیاردەیەکی نوێ دادەنرێن کە بە هۆی پەرەپێدان و بەرفراوان کردنی دەسەڵاتی خۆیان لە دەرەوەی سنوورە نەتەوەییەکان، رۆڵێکی گەورە لە سیاسەتی ئابووری جیهان دەگەیڕن. ئەم کۆمپانیانە پەرە ئەدەن بە چالاکی بازرگانی و پیشەسازیی خۆیان لە سەرانسەری جیهان بەتایبەت لە وڵاتانی رووەوپەرەسەندن و لقێکی لاوەکی کۆمپانیاکە لەم وڵاتانە دادەمەزرێنن، بۆ نموونە کۆکاکۆلا. ئەم کۆمپانیانە ئەمێستا، بوونەتە دێوەزمەیەکی گەورەی ئابووری و سیاسی و لەم وڵاتانەدا وەها ریشەیان داکوتاوە کە دیاریکردنی رەگەز و نەتەوایەتیان کارێکی دژوارە. کۆمپانیا فرەرەگەزەکان، بە سەرمایەدانان لەم وڵاتانە و سوود وەرگرتن لە سەرچاوەی سروشتی و وزەی کاری هەرزان، قازانجێکی زۆر بەدەست دەهێنن و لەم رێگەدا بەرژەوەندی ئابووری وڵاتەکان دەخەنە مەترسییەوە. گەورەترین ناوەندەکانی ئەم کۆمپانیانە لە وڵاتانی ئەمریکا، بریتانیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا و ژاپۆن

جێگیر بوون.

کۆمۆن کومون Commune

ئاوەدانی یان کۆمەڵێکی خەڵکی کە لە هەرێمێکی بەربەست(شار یان دێهات) نیشتەجێ بووبێتن. کۆمۆن بە مانایەکی گشتی بریتییە لە جەماوەرێك کە بۆ ئیدارەی کاروباری خۆیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ یارمەتی یەکتر دەدەن، بێ ئەوەی پێویستیان بە دەستێوەردانی کاربەدەستان بێت. لە هەندێ لە وڵاتانی ئەوروپی، بچووکترین یەکەی ئیداری بە کۆمۆن ناوبردە دەکەن. کۆمۆنی سەرەتایی یا کۆمەڵگای هاوبەشی سەرەتایی بە یەکەمین شێوازی بەرهەمهێنانی مێژوو دەگوترێ کە بنچینەکەی لەسەر خاوەندارێتی گشتی بەسەر ئامرازی سادە و سەرەتایی بەرهەمهێنان و کاری هەرەوەزیی دامەزرابوو. لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستدا پاش رووخانی ئیمپراتۆریەتی رۆما، هەر شارێك ئاوەدان بکرایە بە کۆمۆن ناوبردەیان دەکرد.

کۆمۆنی پاریس، لە باری مێژووییەوە بە دوو حوکمەتی شۆڕشگێڕی پاریس لە ساڵەکانی (۱۷۹٥ـ ۱۷۹۲) و ۱۸۷۱ گوتراوە. لە ئاکامی راپەڕینی کرێکارانی پاریس لە مانگی مارسی ۱۸۷۱، بۆ یەکەمین جار لە مێژودا حوکمەتی چینی کرێکار یا کۆمۆنی پاریس دامەزرا کە لە لایەن حوکمەتی فەرەنسا و بە یارمەتی ئەرتەشی پرۆس شەلاڵی خوێن کرا.

کۆمۆنیزم کمونیسم Communism

ئەم زاراوە لە ریشەی لاتینی communis بە واتای هاوبەشیی وەرگیراوە. لە ساڵی ۱۸٤۰ بەملاوە کە زاراوەی کۆمۆنیزم رەواجی پەیدا کردووە، مانای جۆراوجۆری لەخۆ گرتووە کە بریتین لە:

۱ـ هەوڵێکە بۆ پیادەکردنی ئەو ئاواتانەی کە هەندێ لە سۆسیالیستە خەیاڵییەکان بیریان لێ ئەکردەوە. بەم پێی ئەم خەیاڵانە، دەبوایە تەواوی دارایی و سامانی سەرزەوی دابەش بکرێت. هەرکەس دەبێ کار بکات و بە رێژەی توانستی خۆی بەرهەم بهێنێت و بە رادەی پێداویستییەکانی بکەوێتە خۆشی و ناز و نیعمەتەوە. ئەم رێبازە خاوەنداریەتی شەخسی لە بوارەکانی ئامرازی بەرهەمهێنان و کاڵا مەسرەفییەکان بە شتێکی یاساغ دەزانێ.

۲ـ رێکخراوەیەکی کۆمەڵایەتییە بە مێتۆدێکی زانستی و راستبینانە کە لە بۆچوونەکانی مارکسدا بەم جۆرە باسی لێکراوە: «مێژووی مرۆڤ، خەبات و ململانێی هەمیشەیی جەماوەرە بۆ باشتر کردنی باری گوزەران. خەباتێك کە لە قۆناغی سەرمایەداریدا پەل دەکێشێتە ململانێی چینایەتی و سەرەنجام بە دیکتاتۆری پرۆلتاریا* کۆتایی پێ دێت». لەم سەردەمەدا تاکەکەس دەبێتە بەرهەمێکی ماقووڵی کۆمەڵگا کە توانستەکانی دەگەنە ئەوپەڕی فراژووتن و بە تەواوی گەشە دەکەن. لە بواری ئابوورییەوە کۆمەڵگا بە پێی ئەم قانوونە بەڕێوە دەچێت: «هەر کەسێك بە قەدەر تواناییەکانی و هەر کەسیش بە قەدەر پێداویستییەکانی».

٣ـ سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری: بەدەر لە چینایەتی و مسۆگەرکردنی خاوەنداریەتی خەڵك بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و یەکسانی کۆمەڵایەتی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا کە تێیدا هێزەکانی بەرهەمهێن لەسەر بنەمای زانست و تەکنۆلۆژی، دایم روو لە پێشکەوتن بن.

مەبەست لە کۆمۆنیزمی سەرەتایی، سیستەمی ئابووری کۆمەڵگا سەرەتاییەکانە کە گۆیا لەم کۆمەڵگایانەدا سەرچاوەی سەرەکی ئابووری وەك زەوی و بەلەم و ... بەشی هەموو خەڵکانی کۆمەڵگایە نەك بەشی تاك و تەراك و بنەماڵەکان. بۆ نموونە کۆمەڵگای سپارتی کۆن.

لە سەردەمی کۆندا بزاوتگەلێکی زۆر بەدیهاتن کە ئامانجی کۆمۆنیستیان هەبووە بۆ وێنە بزاوتی مەزدەکییان بە رێبەرایەتی کەسێك بەناوی مەزدەك کە باوەڕی بە هاوبەشیی سامان و ژن بووە و سەرچاوەی ناکۆکی و ململانێی چینایەتی لەم دوو هۆکارە دەبینێت. پێداگرتنی ئەفلاتوونیش لەسەر هەڵوەشانەوەی بنەمای حاکمییەت و هاوسەرێتی (ازدواج) لە نێوان باڵادەستان و تاقمی دەسەڵاتدار، دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕە کۆمۆنیستیەکانی ئەم بیرمەندە.

سۆشیالیزم*، کۆمەڵگایەکە کە بێ هیچ ناونجییەك لە سەرمایەداری* دەرباز دەبێ و کۆمۆنیزم، تەشکی پایەبەرز و شکۆمەندی کۆمەڵگایە و تەنیا کاتێك دەتوانێ پەرە بستێنێ کە سۆشیالیزم بە تەواوەتی پاوەجێ بووبێت. کۆمۆنیزم، دەرەنجامی وەرچەرخانی سۆشیالیزمە. مەرجی ئەم وەرچەرخانەش ئەم سێ ئەرکە سەرەکیەیە: دانانی بناغەی ماددی و تەکنیکی کۆمۆنیزم لەسەر بنەمای باڵاترین تەکنۆلۆژی و ئاستی سەرەوەی دەسکەوتە زانستییەکان. پاوەجێکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمۆنیزم و پەرەپێدان بە دیموکراسی سۆشیالیستی(بڕوانە سۆسیال دیموکراسی). پەروەردەی ڕۆحی و جەستەیی مرۆڤی هاوچەرخ.

بە گشتی سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم، دوو قۆناغی بەرز و نەوی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری پێك دێنن کە بە پێکهاتەی کۆمۆنیستی ناوی دەرکردووە.

کۆمۆنیزمی نوێ پەیوەندی هەیە بە بیر و بۆچوونەکانی مارکس و کۆمەڵگای بەدەر لە چینایەتی کە لەسەر بنەمای خاوەنداریەتی هاوبەشی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان راوەستاوە. گرنگترین دەق بۆ موتاڵای کۆمۆنیزم، «مانیفستی حیزبی کۆمۆنیست»ـە کە لەسەر داوای دەستەی رێبەرایەتی «یەکیەتی کۆمۆنیستەکان»نووسراوە. ئەم مانیفستە لە لایەن مارکس و ئینگلس(١٨٤٧)نووسراوە و لە ١٨٤٨ لە لەندەن بڵاو کراوەتەوە. لینین لە بارەی مانیفستەکە دەڵێ: «ئەم نامیلکە بە قەدەر چەند کتێبی گەورە و مەزن بە نرخە». لە راستیدا مانیفست، بە «ئینجیل»ی کۆمۆنیزم و چڵەپۆپەی ئەندێشەی مارکس و ئینگلس لە قەڵەم دراوە. کۆمۆنیزم بە کردەوە لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆڤیەت لە ساڵی ١٩١٧ بەدیهات. دواتر پاش رێکخستنی کۆمینتێرن (کۆمۆنیزمی نێونەتەوەیی)، لە لایەن لینین و هەروا سیاسەتەکانی ستالین هەوڵ درا هەموو حیزبە کۆمۆنیستەکانی جیهان بکەونە ژێر چەترێکەوە و نەزمێکی کرژ بەسەریاندا زاڵ ببێت. لە هەلومەرجێکی وادا هەموو حیزبە کۆمۆنیستەکانی جیهان ملکەچی سۆڤیەت بوون و دەبوا لە سیاسەتەکانی حیزبی بولشویکی سۆڤیەت پەیرەوییان بکردایە.

پاش مەرگی ستالین(١٩٥٣) و بەدەسەڵات گەیشتنی خرۆشچۆف و پێشنیازی «سازانی ئاشتیخوازانە لە گەڵ رۆژاوا»، پێوەندی سۆڤیەت و چین کە دوو جەمسەری گرینگی جیهانی کۆمۆنیست لە ئەژمار دەهاتن، بەرەو ساردبوونەوە رۆیشت. چونکا چین هێشتا هەر لایەنگری ستالین بوو. ململانێی ئەم دوو هێزە سەرەکییەی کۆمۆنیزم، لەمپەرێکی لە نێوان بلۆکی رۆژهەڵاتدا دروست کرد.

پێش هەڵوەشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەت لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٩ تا ١٩٩١، زاراوەی کۆمۆنیزم پتر بۆ ناوبردە کردنی ئایدیۆلۆژیای رەسمی و سیاسەتەکانی ئەم وڵاتە و چین و وڵاتانی ئەندام لە پەیمانی وارشەو بەکار دەبرا. لە سەدەی بیستەمدا حیزبەکانی پتر لە پەنجا وڵاتی لایەنگری کۆمۆنیزم، بە شێوازی جۆراوجۆر چالاکییان دەنواند و لە هەندێ وڵاتیشدا دەسەڵاتیان بەدەستەوە بوو. بەڵام پاش رووخانی دیواری بەرلین و هەڵوەشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەت، بزاڤی کۆمۆنیزم لە جیهاندا تووشی نسکۆ هات و سیستەم و مەرامی کۆمۆنیستی لە وڵاتانی بلۆکی رۆژهەڵات، بە رەسمی کۆتایی پێهات. ئینجا ئەم وڵاتانە روویان کردە ئابووری بازاڕی ئازاد و دەستیان کرد بە پیادەکردنی ئەو بنەما و سیستەمە کە نزیکەی ٧٠ ساڵ لە گەڵیدا دژایەتیان دەکرد.

جەمسەرەکانی کۆمۆنیزم: جەمسەرەکانی کۆمۆنیزم لە جیهاندا بریتیبوون لە:

١ـ کۆمۆنیزمی سۆڤیەت کە پێیان دەگوت کرملینیزم و ناوەندەکەشی مۆسکۆی پێتەختی یەکیەتی سۆڤیەت بوو. ٢ـ مائۆئیزم* یا کۆمۆنیزمی چینی (ناسراو بە مائۆ تسەدۆن رێبەری چین).

٣ـ کاسترۆئیزم*(کۆمۆنیزمی داتاشراوی تایبەت بە فیدل کاسترۆ لە کووبا).

٤ـ تیتۆئیزم(ناسراو بە مارشاڵ تیتۆ رێبەری یۆگسلاڤیا).

٥ـ کۆمۆنیزمی ریفۆرمخواز(کە زۆربەی حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئەورووپای رۆژاوا خۆیان بەم جەمسەرەوە هەڵواسیبوو).

کۆمۆنیزمی زانستی　　کمونیسم علمی　　Scientific Communism

ئەم زاراوە لە ساڵی ١٩٦٢، لە لایەن میخاییل سۆسلۆف، بیرداڕێژی پایەبەرزی سۆڤیەت لە کۆنگرەیەکی گەورەی ئایدیۆلۆژیک چێ کراوە. بە باوەڕی کۆمۆنیستەکان، کۆمۆنیزمی زانستی بریتییەلە: زانستی ململانێی چینایەتی چینی کرێکار و شۆڕشی سۆشیالیستی و یاسامەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم. کۆمۆنیزمی زانستی خۆی بە چۆنیەتی هەنگاونان لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆشیالیزم لە ئاستی جیهان و دامەزراندنی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی سەرقاڵ دەکات کە یەکەمین قۆناغەکەی، سۆشیالیستی لە قەڵەم دەدرێت. لەم رووەوە کۆمۆنیزمی زانستی، دەرەنجامی سیاسی کۆی ئەو ئایدیۆلۆژیەیە کە سەرەتا بە مەتریالیزمی دایەلیکتیك دەست پێدەکا و پاشان «مەتریالیزمی مێژوویی»و«ئابووری سیاسی» بەدوا خۆیدا دەهێنێت.

کۆمەڵکوژی نسل کشی/نژاد کشی Genoside

بریتییە لە کوشتن و لەناوبردنی گرووپێکی نەتەوەیی، رەگەزی، ئەتنیکی و ئایینی بە پێی نەخشە و پلانێکی لەوە پێش دارێژراو. بە پێی «بڕیارنامەی نێونەتەوەیی بەرگری کردن لە ژینۆساید» کە لە ٩ی دێسەمبەری ١٩٤٨ مۆر کراوە، کۆمەڵکوژی، بەم کردەوانەی خوارەوە دەگوترێ:

١) لەناوبردنی یەکجارەکی یان بەشێك لە گرووپێکی نەتەوەیی، رەگەزی یا ئایینی.

٢) کوشتنی ئەندامانی گرووپێك.

٣) ئازاردانی جەستەیی یا دەروونی ئەندامانی گرووپێك.

٤) خستنە تەنگژە و ئاستەنگی گرووپێك بە ئەنقەست.

٥) بەرگرتن لە سکوزا و زیادبوونی حەشیمەتی گرووپێك.

٦) راگواستنی زۆرەملی منداڵانی گرووپێك بۆ ناو گرووپێکی دیکە.

لە یاسا نێودەوڵەتییەکان و مافەکانی کەمینەکاندا کۆمەڵکوژی چەند شێوازی لێ ئەکەوێتەوە کە بریتین لە: کۆمەڵکوژی جەستەیی یا ماددی، کۆمەڵکوژی سیاسی* کۆمەڵکوژی بایەلۆژیکی و کۆمەڵکوژی کەلتووری. ئەو کردەوانەی لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا ئەکرێ وەك کۆمەڵکوژی جەستەیی و سیاسی و بایەلۆژیکی ناوبردە بکرێن بەڵام بە پێی پێناسەی نەتەوەیەکگرتووەکان کۆمەڵکوژی کەلتووری بەم جۆرە شرۆڤە کراوە:

کۆمەڵکوژی کەلتووری بریتییەلە هەر جۆرە کردارێکی بە ئەنقەست کە بە مەبەستی لەناوبردنی زمان و ئایین یا کەلتووری نەتەوەیەك، گرووپێکی رەگەزی یا ئایینی بە دژی ئەندامانی ئەو گرووپە بە ئەنجام بگات بۆ وێنە: رێگا نەدان بۆ بەکارهێنانی زمانی گرووپێك لە ئاخاوتنی رۆژانە یا قوتابخانە و بەرگری کردن لە بڵاوبوونەوەی کتێب و نووسراوە بەو زمانە.

١) سڕینەوە و لەناوبردنی کتێبخانە، خوێندنگا، مۆزەخانە و دەزگا و رێکخراوەی مێژوویی و کەلەپووری ئەو گرووپە.

کۆمەڵی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێی هەمان بڕیار، «کۆمەڵکوژی بە تاوانێکی نێودەوڵەتی» ناوبردە کردووە. چەند نموونەی کۆمەڵکوژی بریتییە لە: کوشتنی بەملیۆنان لە جوولەکان لەلایەن ئەڵمانییای نازی لە شەڕی جیهانی دووهەم و کۆمەڵکوژی گەلی کورد لە عەمەلیاتی ئەنفالەکان لە کوردستانی باشوور کە ١٨٢ هەزار کەس بێسەروشوێن کران (بڕوانە ئەنفال). هەروەها کوشتنی ٦٠٠هەزار ئەرمەنی لە لایەن تورکان لە ساڵی ١٩١٥.

کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکان قتل‌عام‌های ارامنه Armenian Masscres

بریتییە لە کوشتنی بە کۆمەڵی کەمینەی مەسیحی ئەرمەنستان کە لە نێوان ساڵەکانی ١٨٩٤ تا ١٨٩٦ لە لایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم، ئیمپراتۆری عوسمانی بە ئەنجام گەیشت. لە لایەن ئەرتەشی

تورکەوە، چەند ئاکارێکی نامرۆڤانەی دیکە دەرحەق بە ئەرمەنییەکان رووی داوە کە بۆتە هۆی کۆچی زۆرەملێی نزیکەی ٢ملیۆن ژن و پیاو و منداڵی ئەرمەنی بۆ سوریا و کوشتنی نزیکەی ٦٠٠ هەزار کەس لەم رێگەدا. لەم ساڵانەی دواییدا هەر لایەن و گرووپێک ئەم کۆمەڵکوژییەی خستبێتە ژێر پرسیارەوە، لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە تووشی زەخت و گوشار بووە.

کۆمەڵکوژی سیاسی — کشتار سیاسی — Politicide

بریتییە لە کوشتاری پلانمەندی بەکۆمەڵ بۆ لەناوبردنی ئەندامانی گرووپێکی سیاسی لە لایەن دەوڵەتێک یا دەستوپێوەنەکەی. ئەگەرچی شیکردنەوەی جینۆساید* لە گەڵ کۆمەڵکوژی سیاسی لێک جیاوازن بەڵام مەبەست لە ئەنجامی ئەم دوو کردەوە، کەم تا زۆر، لەناوبردنی جەستەیی گرووپێکی رەگەزی و سیاسییە. رەنگە لە کاتی شەڕدا کوشتنی جەنگاوەران و هێزی سەربازی شتێکی ئاسایی بێت بەڵام کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی مەدەنی ئاسایی نییە. ئەگەر خەڵکی مەدەنی بە ئەنقەست و بە شێوەیەکی پلان دارێژراو لەناو بچن، تەنانەت ئەگەر لە لایەن گرووپێکی دژ بە دەوڵەتیش پشتگیرییان لێ بکرێت، وەها رووداوێک بە کۆمەڵکوژی سیاسی یان جینۆساید ناوبردە ئەکرێت.

جیاوازی نێوان جینۆساید و کۆمەڵکوژی سیاسی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو تایبەتمەندیانەی کە ئەندامانی گرووپی ناوبراو بۆ دەوڵەت ئاشکرای دەکەن. ئەوانەی بە جینۆساید دەبنە قوربانی بە هۆی تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی بۆ نموونە رەگەز، ئایینزا و نەتەوە، پۆلێن دەکرێن. بەڵام لە کۆمەڵکوژی سیاسیدا هۆکاری سەرەکی بۆ لەناوچوون، دەگەڕێتەوە بۆ هایراکی کۆمەڵایەتی یان دژایەتی سیاسی و نەیاری کردن لە گەڵ دەوڵەت یا گرووپە باڵادەستەکان.

کۆمەڵگای جڤاکی — جامعەی تودەای — Mass society

کۆمەڵگای جڤاکی لە بەرامبەر کۆمەڵگای مەدەنی بۆ باسکردن لە جۆرە پێوەندییەک لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا هاتۆتە ئاراوە. بە گشتی هەندێ لە نووسەران هەموو کۆمەڵگاکان بێ رەچاوکردنی رژێمە سیاسیەکان، بە کۆمەڵگای جڤاکی لە قەڵەم ئەدەن چونکا لەم جۆرە کۆمەڵگایەدا وێکچوویی فیکر و بیروڕا بەرچاوترە لە تەوفیر و جیاوازییەکانی نێوانیان. لێکچوواندن و هاوشێوەکردن، تایبەتمەندی سەرەکی کۆمەڵگای جڤاکییە. بە کورتی کۆمەڵگای جڤاکی لە رەوتی هەنگاونان لە کۆمەڵگایەکی سوننەتیەوە بەرەو کۆمەڵگایەکی مۆدێرنە سەرهەڵئەدات. لە کۆمەڵگای جڤاکیدا بە گشتی جیاوازی پیشەیی و سینفی و سوننەتییەکان کاڵ دەبنەوە.

هەنگاونان لە«رەشەگەل»ـەوە بەرەو«کۆمەڵگا» سەرهەڵدانی کۆمەڵگایەکی جڤاکی مسۆگەر دەکات. کەلتوورە ناوچەیی و لۆکاڵییەکان لە کاتی پەیدابوونی کۆمەڵگای جڤاکی، مەحف ئەبنەوە. لە وەها کۆمەڵگایەکدا *وشیاریی چینایەتی** لە هەناوی وشیاریی جڤاکیدا ئەتوێتەوە و یەکگرتووییەک لە نێوان

ئایدیۆلۆژی چین و توێژەکان دێتە کایەوە. لە ناخی کۆمەڵگای جڤاکیدا زەمینە بۆ دامەزرانی رێکخراوە و بزاڤی جڤاتی خۆش ئەبێت و لە ئاکامی ئەم بەهەرەوەزکردنەدا چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا دەکەونە ناو جەغزی دەزگا سیاسییەکانەوە. هاوبەشێتی سیاسی لەم کۆمەڵگایانەدا بە پێی حەز و بەرژەوەندی پیشەیی نییە بەڵکوو بە پێی هەرەوەزکردن و هاندانە. لەم رووەوەیە کە یەکگرتوویی ریزەکانی جڤات لاواز دەبێ و زەمینەی بە ئایدیۆلۆژیک کردنی کۆمەڵگاش فەراهەم دەبێت.

لە پێناسەیەکی تردا سیاسەتی جڤاکی یان کۆمەڵگای جڤاکی کاتێك دێتە ئاراوە کە خەڵقێکی زۆر، بەدەر لە رێسا و شێوازە سیاسییەکان، بە مەبەستی کارتێکردن لەسەر کۆمەڵگا دەست ئەدەنە کردەوەیەکی سیاسی. جگە لەمەش لە کۆمەڵگای دیموکراتیدا سیاسەتی جڤاتی دژی دیموکراسییەتە چونکا لە سیستەمی قانوونی لائەدات. نموونەی ئەم جۆرە سیاسەتە جڤاکییانە مەککارتیزمە. بە پێی شرۆڤەیەکی کۆمەڵگای جڤاکی، مەترسییەکی سەرەکی کە لە سیستەمی سیاسی و ئازادییە مەدەنییەکان هەڕەشە ئەکات، باڵادەستی و دەسەڵاتی جڤاتە بە سەر نوخبەکاندا.

Open society جامعەی باز کۆمەڵگای کراوە

ئەم زاراوە لە لایەن کارۆل پۆپێر فەیلەسووفی نەمسایی لە کتێبی«کۆمەڵگای کراوەودوژمنەکانی»_(١٩٤٥) بۆ پێناسە کردنی کۆمەڵگایەکی ئاوەڵا هاتۆتە ئاراوە کە تێیدا هەموو کەس بتوانێ بە شێوەیەکی سەمەربەخش لە دەسەڵاتداران رەخنە بگرێ. پۆپێر بە نەقڵکردنی ئەم گوزارەی پریکلێس لە گەڵیا هاودەنگە کە دەڵێ: «ئەگەرچی تەنیا جەماعەتێکی کەم، سیاسەت بەرهەم دێنن بەڵام هەموومان دەتوانین لە بارەیەوە داوەری بکەین». ئەمەش بە مەرجێك بە ئەنجام ئەگات کە هێرش بکرێت بۆ سەر ئیستبداد و هایراکی«داخراو»ی کۆمەڵایەتی و سیاسی کە ئیجازە بە کەس نادات بە پێی لێوەشاوەیی و کارامەیی بەرەو پێشەوە بڕوات.

Civil society جامعەی مدنی کۆمەڵگای مەدەنی

ئەم زاراوە لە سەدەی ١٨ پاش ئاراستە کردنی تیۆری «پەیمانی کۆمەڵایەتی» هاتە ناو گوتاری سیاسییەوە. کۆمەڵگای مەدەنی حاڵەتێکە کە تێیدا مرۆڤ دەسبەرداری ئازادییە سروشتییەکان ئەبێ و گەردنکەچی دەوڵەت و یاسا ئەبێت. لەم چاخەدا باسکردن لە کۆمەڵگای مەدەنی، باسێکی جیهانییە و رەگ و ریشەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ وڵاتانی رۆژاوا. لەم وڵاتانەدا پاش شەڕی جیهانی دووهەم هەوڵ درا بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی و بەهرەداریی خەڵك و بەرگری لە سەرهەڵدان و شۆڕش، هەڵسوکەوتی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بەڕێوەشوێن و تەکوز بکرێن چونکا پێش ساڵەکانی ١٩٨٠ کۆمەڵگای مەدەنی لە ئاستی جیهانیدا تووشی لاوازی ببوو.

قەیرانی ئابووری لە کاتی شەڕدا ببووە هۆی زیادبوونی دەوری دەوڵەتەکان لە کۆمەڵگا و ئابووردا. لەمەو

دوا کەس داواکاری دەوڵەتێکی بچووک نەبوو. دەوڵەتان لە کاروباری ئابووری و کۆمەڵایەتی دەستیان وەر ئەدا. ئایدیۆلۆجی ناسیۆنالیزم لە وڵاتانی جیهانی سێهەم، بە زلکردنەوەی ترسێك کە لە بێگانە یا زلهێزەکان بوویان، جێگەیان بۆ لاوازکردنی کۆمەڵگای مەدەنی خۆش کرد. تا ئەو کاتەی لەم وڵاتانەدا دوژمنێکی دەرەکی گوماناوی وێنا بکرێت و هەستی ناسیۆنالیستیش ببتە هاندەر و لە سەر یەکگرتوویی و دەسەڵاتی دەوڵەت تەئکید بکرێت، پێکهاتە و هێزەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئەبنە هۆی بشێوی و لێکهەڵوەشانی کۆمەڵگا.

سەردەمی شەڕی سارد، قۆناغی داتاشینی دوژمن و ترس لە بێگانەبووە. ئەم وەهمە بۆتە رێگرێك لە بەردەم گەشەسەندنی کۆمەڵگای مەدەنی. ئەگەرچی رادەی چالاکبوونی کۆمەڵگای مەدەنی لە جیهاندا جیاواز بووە. کۆمەڵگای مەدەنی لە رۆژاوا بە نیسبەت رۆژهەڵات بەهێزتر بوو.

ئێستا پاش کوژانەوەی ئاگری کەڵە ئایدیۆلۆجیایەکی وەك کۆمۆنیزم، رێگا بۆ کەنەفتیی ئایدیۆلۆجیایی لە جیهاندا خۆش بووە. لە بەستێنی مەعریفەی پاش مودێرنیزمیشدا بە شێوازی جۆراوجۆر، ئایدیۆلۆجی کەوتۆتە بەر هێرش و توانج و رەخنەی بەهێز. بە گشتی لایەنگری لە لاوازی دەسەڵات خوازی و ئایدیۆلۆجیایی دەوڵەت و بەهێز بوونی لایەنە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکەی، هەر دێتوو خۆیاتر ئەبێت. هەڵبەت کۆمەڵگای مەدەنی بە درێژایی مێژوو تووشی گۆڕان بووە و واتای جۆراوجۆری لێبۆتەوە. دوایین مانای ئەم زاراوە برییتیەلە لاواز بوونی دەسەڵاتی دەوڵەتەکان و ئایدیۆلۆجییە مەزنەکان. کاتێك ئایدیۆلۆجی تووشی قەیران ئەبێت و قەیرانی رەوابوون و شەرعییەت پەرەئەسێنێت، ئینجا لایەنگری لە کۆمەڵگای مەدەنی بە کەس ناشاردرێتەوە.

بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی:

١- بەدەستەوە نەدانی شوناس: واتە ناکرێ شوناسە کۆمەڵایەتییەکان بچووك بکرێنەوە و یەکیان لە «ئەویدی»*دا بتوێنرێتەوە. کەواتە کۆمەڵگای مەدەنی مەکۆی فرەدەنگی و پێکهاتە جیاوازەکانە.

٢- بنەمای سوودمەندی: خەڵکی بە شوێن زیاترین قازانج و بەرژەوەندی خۆیانەوەن. ئەم بنەمایە ئەبێتە پاڵنەرێك بۆ کۆکردنەوەی مەردم لە مەکۆیەکی کۆمەڵایەتیدا.

٣- بنەمای بەرپرسیاریەتی: بەرپرسیاریەتی لە گەڵ سەربەستی ئاوێتەیە. کەواتە بەرپرسیاریەتی زیاتر بە مانای ئیختیاری زیاترە. بەرپرسیاریەتی ئەبێتە هۆی ئەندامەتی ئارەزوومەندانە لە کۆمەڵگای مەدەنیدا.

٤- بنەمای دامەزراندن: خەڵك حەز ئەکەن کەسانیتر وەکارگرن و دامەزرێنن بۆ بەدیهێنانی ئامانج و بەرژەوەندییەکانیان. ئەم بنەمایە ئەبێتە هۆی تەکوزی کۆمەڵایەتی و یەکسانی مافەکان لەناو پێکهاتەیەکدا.

٥- باڵادەستی: ئەوە ئینسانەکانن کە بە پێی پەیمانی نووسراو و نەنووسراو، باڵادەستیی و دەسەڵات و پلە و مەقامی خۆیان دیاری ئەکەن. لە کۆمەڵگای مەدەنیدا بە پێی ئەم بنەمایە هیچ کەسێك ناتوانێ ماف خودایی حوکمەتکردن بۆ خۆی قاییل بێت.

٦- بنەمای جەبر: جەبر سەبەبی پاکانەیە. ئەم بنەمایە دەبێتە مایەی سڕینەوەی زۆرەملی و گوشارهێنان

بە پێی ڕێسای ڕێکخراوەکان و هەرکەس بە پێی بەرپرسیاریەتی خۆی ئەرکەکانی خۆی بەڕێوە ئەبات.

٧ـ بنەمای نەزانین: نەزانین سەبەبی پاکانەیە. ئەم بنەمایە لە سەر گەڕیانی زانیاری بە شێوەی ئازاد لە ناو پێکهاتەکاندا لەنگەر ئەگرێ.

٨ـ بنەمای زولاڵبوون: ڕوونبوون و ڕووناکی بەسوودترە و کێشە و گرفتان کەم ئەکاتەوە. بەم پێیە هیچ کەس بۆی نییە لە ناو گرووپ یان پێکهاتێك کاری شاراوە و پەنامەکی ئەنجام بدات.

٩ـ بنەمای خۆخوازی: هەر کەسێك تەنانەت لە ناو گرووپیشدا بەرژەوەندی خۆی زیاتر بەلاوە گرنگە تاکوو بەرژەوەندی کەسانی دیکە. ئەمە ئەبێتە هۆی «نە»لێکردن بە پێوەندی مورید ومورادی کە کۆمەڵگای مەدەنی ڕەت ئەکاتەوە.

کۆمەڵناسیی سیاسی جامعەشناسی سیاسی Political sociology

بێگومان ڕەگ و ریشەی تەواوی لقەکانی زانستی سیاسی نوێ لەوانەش کۆمەڵناسی سیاسی، پێوەندی هەیە بە فەلسەفەی سیاسی کۆنەوە. کەواتە ئەگەر کۆمەڵناسی سیاسی وەك تەقەلایەکی فیکری بۆ شرۆڤە و کۆڵینەوەی دیاردە و ڕەفتارە سیاسیەکان پێناسە بکەین کە بە هۆی هۆکارگەلێکی ئابووری و کۆمەلایەتی و کەلتووری ڕوویانداوە، ئینجا بۆمان دەرئەکەوێ کە ئەم جۆرە تێکۆشانە لە ئەندێشەی فەلسەفی پێشونانێکی وەك پلاتۆ و ئەرەستوو، نموونەی زۆربووە.

بەم حاڵە و بەم پێشینەوە، ریشەی کۆمەڵناسی سیاسی، وەك لقێکی زانستی سیاسی ئەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانکاریە فیکرییەکانی سەدەی نۆزدە. بە گشتی کۆمەڵناسی سیاسی خۆی بە لێکدانەوەی بارودۆخی کۆمەلایەتی سیاسەت سەرقاڵ کردووە. گەوهەری کۆمەڵناسی سیاسی بریتیە لە لێکدانەوەی کاریگەریی کۆمەڵگا، چ لە بەستێنی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان و ئابوور و چ لە بواری ریزبەندی کۆمەلایەتی و کەلتووری بە سەر ستراکتوور و ڕەفتاری سیاسیدا. بە واتایەکی سادەتر کۆمەڵناسی سیاسی، ژیانی سیاسی بە پێی بگۆڕە کۆمەلایەتییەکان لێك ئەداتەوە.

ئەو بابەتانەی کە کۆمەڵناسی سیاسی لە سەریان ئەکۆڵێتەوە بریتین لە: ئاریشەکانی نوخبە، شەرعییەت و لێهاتوویی، عەدالەتی دابەشکاری، مەرجەکانی دیموکراسی، لێکدانەوەی شۆڕشەکان، هاوبەشێتی سیاسی، دەوری ڕۆشنبیر، سیستەمی حیزبی و حیزبایەتی و بەراوردکاری حوکمەتەکان.

کۆمەڵەی ژ. کاف(ژیانەوەی کورد) کومله ژ. کاف Kurdish Rebirth Society

ئەم کۆمەڵە لە ڕێکەوتی ١٩٤٢/٩/١٦ (بەرامبەر بە ٢٥ی خەرمانانی ١٣٢١ك. ه) لە شاری مەهاباد لە لایەن چەند کوردێکەوە بە مەبەستی برەوپێدانی بیروباوەڕی نەتەوایەتی لەناو جەماوەری کوردی دامەزرا. هەندێك لەو کەسانەی کە بەشدار بوون لەم ڕێکخستنەدا بریتین لە: ڕەحمان عەلەوی، محەمەدئەمین شەرەفی، محەمەد

نانەوازادە، رەحمان زەبیحی، حوسێن فرووهەر(زەرگەری)، عەبدورەحمان ئیمامی، قاسم قادری، میرعەبدوڵڵا داودی، ئەحمەد عیلمی، عەزیز زەندی، محەمەد یاهوو، میرحاج (کوردستانی عێراق) و قادر مودەڕسی. لە ماوەی شەش مانگدا ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵە گەیشتە ١٠٠ کەس. هەموو کوردێك دەیتوانی لە کۆمەڵەدا ببێتە ئەندام. هەرکەس ببوایە بە ئەندام، لە دیدارێکی نهێنی و بە ئامادەبوونی سێ کەس لە ئەندامانی دامەزرێنەر، حەوت جار سوێندی بە قورئان دەخوارد کە بەم شەش خاڵەی خوارەوە وەفادار بمێنێت.

١- بە نەتەوەی کورد خەیانەت نەکات.

٢- هەوڵ بدات بۆ ئۆتۆنۆمی کوردان.

٣- هیچ نهێنیەك نەدرکێنی چ بە زمان چ بە نووسین.

٤- تا دوایین رۆژی ژیانی هەر ئەندام بێت.

٥- هەموو پیاوێکی کورد بە برا و هەموو ژنێکی کورد بە خوشکی خۆی بزانێت.

٦- بێ ئیجازەی کۆمەڵە لە هیچ پارت و رێکخراوەیەکی دیکەدا نەبێتە ئەندام.

لە مانگی گوڵانی ١٩٤٣ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بە ئامادەبوونی سەد کەس لە ئەندامانی کۆمەڵە، لە سەر کێوی خواپەرست، لە نزیك مەهاباد، هەڵبژێردران. بەڵام کەسێك بەناوی سەرۆك یا سکرتێر دیاری نەکرا بەڵکوو کۆمیتەیەکی سێ کەسی کە پێکهاتبوون لە رەحمانی زەبیحی، رەحمانی شەرەفکەندی(هەژار موکریانی) و محەمەد یاهوو، وەك دەستەی سەرۆکایەتی دەستنیشان کران. لە مانگی رەزبەری ١٩٤٤ قازی محەمەد بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ژ. کاف. کۆمەڵە لە گەڵ حیزبی هیوا(کوردستانی باشوور) و خۆیبوون*(کوردستانی باکوور)پێوەندی بووە و رۆڵێکی گرینگی هەبووە لە گەشەپێدانی هەستی نەتەوایەتی لە ناوچەکەدا. پاش دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە رێکەوتی ١٩٤٥/٨/١٦ بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد و دامەزراندنی کۆماری کوردستان*، کۆمەڵەی ژ. کاف لەناو ئەو حیزبەدا توایەوە.

کۆمەڵی گشتی — مجمع عمومی — General Assembly

کۆمەڵی گشتی، بەشێکی گرنگ و سەرەکی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە هەموو ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان تێیدا نوێنەریان هەیە. ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵی گشتی تا سێپتەمبەری ١٩٧٧، گەیشتە ١٤٩ وڵات. لە ساڵی ٢٠٠٢، ژمارەی ئەندامان گەیشتە ١٩١ وڵات. هەر وڵاتێکی ئەندام، دەتوانێ بە پێنج نوێنەری هەمیشەیی و پێنج نوێنەری یەدەکی لە کۆبوونەوەکانی ساڵانەی کۆمەڵ دا بەشداری بکات بەڵام هەر وڵاتێك یەك دەنگی هەیە. کۆبوونەوەکان، ساڵی جارێك لە سێهەمین سێ شەممەی مانگی سێپتەمبەر گرێ دەدرێ بەڵام سکرتێری گشتی دەتوانێ لەسەر داوای ئەنجومەنی ئاسایش یا زۆرینەی ئەندامەکان داوای بەستنی کۆبوونەوەی نائاسایی بکات.

کۆمەڵی گشتی، تاکە دەزگای سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکانە کە هەموو وڵاتان نوێنەریان تێیدا هەیە و بە پێی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە تەنیا یا لە گەڵ ئەنجومەنی ئاسایش، دەتوانێ ئەندامی بەشەکانی دیکە دەست نیشان بکات. جگە لەمەش هەموو دەزگاکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ هەموو ساڵێك راپۆرتی چالاکییەکانی خۆیان پێشکەش بە کۆمەڵی گشتی بکەن. بە گشتی بڕیاردان لەمەڕ کێشە و رووداوە گرنگەکان، وەك پێشنیاز و ئامۆژگاری دەربارەی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی، هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش، دەرکردن یا هەڵپەساردنی ئەندامەکان و ... بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی کۆمەڵە بە ئەنجام دەگات.

بە پێی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆمەڵی گشتی لە چارەسەرکردنی ئەم کێشە نێودەوڵەتیانەی خوارەوەدا بەشداری دەکات:

١ـ ئەو کێشە نێودەوڵەتیانەی کە پێوەندییان هەیە بە نەهێشتنی چەك.

٢ـ ئەو کێشە نێودەوڵەتیانەی کە هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکەن.

٣ـ ئەو کێشانەی کە پێوەندییان هەیە بە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، مادامێکی لە لایەن ئەندامێکی نەتەوەیەکگرتووەکان یا ئەنجومەنی ئاسایشەوە داوا بکرێ.

٤ـ ئەو کێشانەی کە زیان بە باری خۆشگوزەرانی گشتی و پێشکەوتنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەگەیەنن.

٥ـ ئەو کێشانەی کە لە بەردەم سەقامگیر بوونی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان ئاستەنگ دروست دەکەن.

کۆمەڵی نەتەوەکان — جامعەی ملل — League of nation

رێکخراوەیەکی نێونەتەوەیی بوو کە لە ساڵی ١٩٢٠ بە پێی پەیماننامەیەکی ٢٦مادەیی کە بەشێك بوو لە پەیمانی ڤێرسای، دامەزرا. ناوەندی کۆمەڵە لە جێنێڤ بوو. کۆمەڵەی نەتەوەکان، بە دامەزراندنی «رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان»* لە ساڵی ١٩٤٦ لێك هەڵوەشا. ئەم کۆمەڵە بە پێی مادەی ١٤ی پرەنسیپەکانی ویلسۆن (١٨٥٦ـ ١٩١٩)، سەرکۆماری ئەمریکا، دامەزرا(بڕوانە چواردە مادەی ویلسۆن) بەڵام کۆنگرەی ئەمریکا پەسندی نەکرد و ئەم وڵاتە نەبووە ئەندام. جاڕنامەی کۆمەڵە، ئەندامانی پابەند ئەکرد بەوەیکە رێز بۆ یەکتر دابنێن و دەستدرێژی نەکەنە سەرخاکی یەکتر و بۆ راهیکردنی کێشەکانیان، روو نەکەنە زەبروزەنگ و ئەم کارە بسپێرنە کۆمەڵەی نەتەوەکان.

کۆمەڵە ساڵی جارێك دانیشتنی ساز ئەکرد و نوێنەرانی هەموو ئەندامەکان تێیدا بەشدار بوون. «لیژنەی کۆمەڵە» پێکهاتبوو لە ١٥ ئەندام، لەوانە ئیتالیا، ژاپۆن، فەرەنسە و بەریتانیا و دواتر ئەڵمانیا و سۆڤیەت وەك ئەندامانی هەمیشەیی کە لە ساڵێکدا سێ جار دانیشتنی ساز ئەکرد. دادگای جیهانی و رێکخراوەی نێونەتەوەیی کار لە رێکخراوە لاوەکییەکانی کۆمەڵە، لە ئەژمار دێن. گرفتی سەرەکی کۆمەڵەی نەتەوەکان ـ هەر وەك رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکانیش پێوەی ئەتلێتەوە ـ بریتییە لە نەبوونی زەمانەتێك بۆ

بەڕێوەبردن و پیادەکردنی بڕیارەکانی چونکا ناتوانێ دەوڵەتە زلهێزەکان بە ئەنجامدانی ئەو بڕیارانە پێمل بکات.

سەرەتای هەڵوەشانەوەی کۆمەڵە، ئەو کاتە بوو کە دەوڵەتە گەورەکان، دەستیان دایە داگیرکاریی و کۆمەڵە هیچ کارێکی لە دەست نەهات. بۆ وێنە ژاپون لە ساڵی ١٩٣١ بە هەڵگیرساندنی شەڕی دووهەمی خۆی لە گەڵ چین، لەم کۆمەڵە هاتە دەرەوە. یان هیتلەر لە ساڵی ١٩٣٣ بۆ پشت ئەستوورکردنی خۆی، وڵاتەکەی لە کۆمەڵە کێشایە دەرەوە کە دەرەنجامەکەی شەڕی جیهانی دووهەمی لێکەوتەوە.

کۆمیسیۆنی ئابووری ئەورووپا کمیسیون اقتصادی اروپا
Economic Commission for Europe

ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەم کۆمیسیۆنەی لە ٢٨ی مارسی ١٩٤٧ بە مەبەستی پەرەپێدانی هاوکاری ئابووری و بەرزکردنەوەی ئاستی چالاکی ئابووری ئەورووپا بۆ پاوەجێکردنی پێوەندی ئابووری وڵاتانی ئەورووپی لەگەڵ وڵاتانی دیکە دامەزراند. ئەندامانی کۆمیسیۆن بریتین لە: ئەندامانی ئەورووپی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئەم کۆمیسیۆنە چەندین کۆمیتەی هەیە کە چاودێری کاروباری بەرد و خەڵووز، پۆڵا، پەرەپێدانی بازرگانی و کشتوکاڵ، پیشەسازیی، کارەبا و هاتوچۆ دەکەن و وڵاتانی ئەندامیش ساڵی چارێك کۆبوونەوەی جۆراوجۆر ساز دەکەن. بارەگای کۆمیسیۆن لە شاری جنێڤ دایە. پێویستە بگوترێ کە ئەم کۆمیسیۆنە ئێستا کارێکی ئەوتۆ ئەنجام نادات و لە دانیشتنەکاندا تەنها لەمەڕ ڕەوشی ئابووری و بابەتەکانی دیکە بیر و ڕا دەگۆڕێتەوە.

کۆمیسیۆنی ماف مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان
کمیسیون حقوق بشر ملل متحد
United Nations Commission on Human Rights

یەکێك لە لقەکانی ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە لە ساڵی ١٩٤٦ بە پێی بەندی ٦٨ جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان*دامەزرا و لە یەکەمین هەنگاوی خۆیدا بەیاننامەی جیهانی ماف مرۆڤی دەرکرد. بە هۆی ئەوەی بڕیارەکانی ئەم کۆمیسیۆنە لە ئاست مەسەلەکانی هاوپێوەند لە گەڵ مافەکانی مرۆڤ زەمانەتی جێبەجێکردنیان نەبوو، لە ساڵی ٢٠٠٦ هاوکات لە گەڵ پیادەکردنی هەندێ ڕیفۆرم لە ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەم کۆمیسیۆنە پەرەی پێدرا و بە «ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان» ناوی گۆڕا کە تێیدا وڵاتانێکی زیاتر بوونە ئەندام.

کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتی لێپرسینەوە کومیسیون بین المللی تحقیق
International Cmmission of Investigation

ئەم کۆمیسیۆنە ڕێگایەکی ئاشتیخوازانەیە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان. هەر کاتێك

کێشە یان قەیرانێك بێتە ئاراوە، چەند کەسێك(بە ناوی کۆمیسێر) رادەسپێرێت لە کێشەکە بکۆڵنەوە. کاری ئەم راسپاردانە «دەرخستنی ماهییەت و چۆنییەتی مەسەلەکەیە» و ماف ئەوەیان نییە لەمەڕ بەرپرساریەتی کەسەکان هیچ زانیارییەك ئاشکرا بکەن. تەنیا وڵاتانی هاوپێوەند لەگەڵ کێشەکەدا بۆیان هەیە لە راپۆرتی کۆمیسیۆنەکە تێبگەن و مەسەلەکە لە نێوان خۆیاندا کۆتایی پێ بهێنن یا بیسپێرنە بەردەم دادوەرێك.

ئەم شێوازی چارەسەرییە، دەرەنجامی کۆنفرانسەکانی ئاشتی لاهای بووە کە لە بەندی ٩ تا ٣٦ رێککەوتننامەی ژمارە یەك، رێکەوتی ١٨ ئۆکتۆبەری ١٩٠٧ باسی لێکراوە. بەپێی رێساکانی لاهای، بۆ وەگەڕخستنی کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتی لێپرسینەوە، دەبێ ئەم رێسایانەی خوارەوە لەبەر چاو بگیرێت:

١) بابەتی کاری ئەم کۆمیسیۆنە روونخستنی چۆنییەتی کێشەکەیە.

٢) بەکارهێنانی ئەم شێوازە دڵخواز و ئازادانەیە.

٣) ئەم کۆمیسیۆنە بەپێی بەستنی رێککەوتننامەیەکی تایبەت دادەمەزرێت.

٤) راپۆرتی کۆمیسیۆنەکە بە سەر وڵاتانی پەیوەندیدار داناسەپێ و لایەنەکانی کێشەکە لە چۆنییەتی هەڵسوکەوت لە گەڵ مەسەلەکەدا سەرپشکن.

کۆمین تانگ   کومین تانـگ   Kou-Min-Tang

کۆمین تانگ، ناوی *پارتی نیشتمانی گەلی چین* بوو کە لە ساڵی ١٩١١ لە لایەن سون یات سون، دامەزرا تا بە دژی زوڵم و زۆری دەسەڵاتدارانی تاکڕەو و کۆلۆنیالیستی وڵاتی چین خەبات بکات. پاش ماوەیەك بە هۆی چالاکییەکانی ئەم حیزبە، رژێمی پادشایی منچۆ رووخا و حوکمەتی کۆماری چین لەو وڵاتەدا بنیات نرا. پاش مردنی سون یات سون، لە ساڵی ١٩٢٥، چیانگ کای شك، رێبەرایەتی حیزبەکەی بەدەستەوە گرت و لە رواڵەتدا حوکمەتێکی نوێی بە ناوی کۆماری دیموکراتیکی چین پێکهێنا و پاشان زەمینەی بۆ سەرۆك کۆماریی خۆی خۆش کرد و کەوتە دژایەتی کردن لە گەڵ کۆمۆنیستەکان. چیانگ کای شك، حیزبەکەی کردە باڵێکی راستڕەو و لە رووی سەربازییەوە بەهێزی کرد و لە ساڵانی ١٩٣٧ تا ١٩٤٥، بە دژی ژاپۆنییەکان کەوتە جەنگەوە و لە گەرمەی جەنگی دووهەمی جیهانیدا رێبەرایەتی حیزبی کۆمین تانگ و حوکمەتی چینی لە ئەستۆدا بوو. بەڵام لە ساڵی ١٩٤٨ لە بەرامبەر حیزبی کۆمۆنیستدا شکا و بە ناچار لە گەڵ ژمارەیەك لە هێزەکانی بەرەو دوورگەی تایوان (فورموز) پاشەکشەی کرد و لەوێ حوکمەتی نیشتمانی چین(تایوان)ی دامەزراند. چیانگ کای شك، هەمیشە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە رۆژێك دێت هێرش بکاتەوە سەر چین. کێشەی نێوان تایوان و چین هەتانووکەش هەر بەردەوامە و دەوڵەتی چین هەمیشە تایوان بە بەشێك لە خاکی وڵاتەکەی دەزانێ و هەتا ئێستاش بە شێوەیەکی رەسمی دانی پێدا نەناوە. ئەم مەسەلە بۆتە هۆی کێشە لە نێوان پێوەندییەکانی وڵاتی چین لە گەڵ وڵاتێکی بەهێزی وەك ئەمریکا. بۆیە لە ساڵی ٢٠٠٩ کاتێك ئەمریکا چەك و تفاقی جەنگی فرۆشت بە تایوان، چین رووی لەم وڵاتە گرژ کرد و کەوتە هەڕەشە لەمەڕ دەوامەی پێوەندییەکانیان.

کۆمینترن — کومینترن — Comintern

زاراوەی کۆمینترن، ناوی کورتکراوەی کۆمۆنیزمی نێودەوڵەتی یا ئەنتەرناسیۆنالی سێهەمە کە لە ساڵی ١٩١٩ لە مۆسکۆ بەڕێوەچوو. لە ئەنتەرناسیۆنالی سێهەمدا هەموو ئەو حیزبە مارکسی و کۆمۆنیستیانەی جیهان و کەسانی چەپڕەو کۆبوونەوە تا لە هەمبەر بڕیارەکانی کۆمۆنیستە میانڕەوەکان و حیزبە سۆشیال دیموکراتەکانی ئەورووپا لە ئینتەرناسیۆنالی دووهەم یەکبگرن و بەدژییان ڕاپەڕن. هەروا لەم کۆبوونەوەدا هەموو ئەندامانی کۆمینترن بڕیاریان دا شۆڕشێکی جەماوەری بەدژی سەرمایەداری و بۆرژوازی سازکەن بەڵام بەهۆی جەنگی جیهانی دووهەم و سەرهەڵدانی هیتلەر لە ئەڵمانیا(١٩٣٣)، کۆمینترن لە میانەی ساڵەکانی ١٩٣٦ تا ١٩٤٣ لە لایەن ستالین بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی هاوپەیمانان بۆ لای خۆی هەڵوەشایەوە.

کۆمنیفۆرم — کومینفورم — Cominfform

ناوی کورتکراوەی «نووسینگەی هەواڵگریی حیزبە کۆمۆنیستەکانی یەکیەتی سۆڤیەت» بوو کە لە ئۆکتۆبەری ١٩٤٧ بە دەستپێشخەری حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەت لە بەلگراد دامەزرا. مەبەستی کۆمینفۆرم، فراوانترکردنی چالاکی حیزبە کۆمۆنیستیەکانی وڵاتانی چێك وسلۆڤاکیا، بولگاریا، فەرەنسا، پۆڵەندا، مەجارستان، ئیتالیا، ڕۆمانیا و یۆگوسلاڤیا بوو. نوێنەری سۆڤیەت (ئاندری ژدانۆف)، بە ڕاگەیاندنی ئەوەی کە جیهان بە دوو ئۆردووگای سۆشیالیزم و سەرمایەداری دابەش بووە، کۆمۆنیستەکانی بۆ خەباتێکی بێوچان بەدژی سەرمایەداری بانگهێشت کرد و ئەمەش سەرەتای قۆناغی *شەڕی سارد** بوو. پاش دەرکردنی یۆگۆسلاڤیا لە ساڵی ١٩٤٨، ناوەندی کۆمینفۆرم لە بەلگراد بۆ بوخارێست گوازرایەوە. کۆمینفۆرم، هیچ کات نەیتوانی بە قەدەر *کۆمینترن** دەوری کاریگەر ببینێت هەر بۆیە لە ئاڤریلی ١٩٥٦ دوای هەوڵەکانی خرۆشچۆف بۆ ئاشت بوونەوە لە گەڵ یۆگوسلاڤیا، لێك هەڵوەشا.

کۆنتڕۆڵی چەك — کنترل تسلیحات — Arms Control

کۆنتڕۆڵی چەك، پرۆسەی ڕێسامەندکردنی بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێکە. جیاوازی ئەم پرۆسە لە گەڵ *چەك داماڵین** لەوەدایە کە مەبەست لە چەك داماڵین، گەیشتن بە ڕێگایەکی ئاشتیخوازانەیە بۆ قت کردنی چەك و تەقەمەنی لە ڕیزی خەرج وبەرجی دەوڵەتەکاندا. کۆنتڕۆڵی چەك بە پێی ستراتیجی و پەیمانی جۆراوجۆر جێبەجێ دەکرێت کە دەکرێ بەم شێوەی خوارەوە ئاماژەیان پێ بکەین:

١) بەربەستکردنی ڕادە و جۆری ئەو چەکانەی کە لە شەڕدا بەکار دەچێت.

٢) بەربەستکردنی هێزی خاپوورکەرانەی چەکەکان لە ڕێگای کەمکردنەوەی جبەخانەکانەوە.

٣) کەمکردنەوەی گشتی ڕادەی چەکەکان.

٤) قەدەغە کردنی وەبەرهێنانی ئەو تەکنۆلۆژییانەی کە لە هاوسەنگی دەسەڵاتدا دەور دەبینن.

٥) دۆزینەوەی چارەسەرییەکی متمانەبەخش.

رێککەوتن لەسەر کۆنترۆڵی چەك، رێگرە لەبەردەم بەرهەمهێنانی هەندێ چەکدا و لە بەرامبەر وەبەرهێنانی ئەو چەکانەی کە مەترسی هەڵگیرسانی شەڕ دێنێتە ئاراوە، تەگەرە سازدەکات. لە ساڵی ١٩٤٥ بەملاوە زۆربەی رێککەوتننامەکانی کۆنترۆڵی چەك، خۆلاسە بۆتەوە لەسەر نەهێشتنی پەرەپێدانی چەکی ناوەکی، کیمیایی و بایەلۆجی، سیستەمی مووشەکی دژی بالستیك و کەمکردنەوەی تاقیکارییە ئەتۆمییەکان کە بریتین لە:

- پرۆتۆکۆلی ١٩٢٥ لە جنێڤ لە بابەت بەکارنەهێنانی گازی ژەهراوی و چەکی باکتریۆلۆجیك.
- پەیمانی ١٩٥٩ جەمسەری باشوور لە بارەی نەکردنەوەی بنکەی چەکداری لە باشوور.
- کۆنڤانسیۆنی ١٩٧٢ چەکە بایەلۆژییەکان لەمەڕ نەهێشتنی وەبەرهێنان و خاوەندارییەتی ئەم جۆرە چەکانە.
- پەیمانی ١٩٦٨ بەربەستکردنی چەکی ئەتۆمی (NPT).
- گفتوگۆ لەمەڕ بەربەستکردنی چەکی ستراتیجیك، ناسراو بە سالت* لە ساڵی ١٩٧٢.
- پەیمانی کەمکرنەوەی چەکی ستراتیجیك، ناسراو بە ستارتی یەك (١٩٩١).
- کۆنڤانسیۆنی ١٩٩٣ چەکی کیمیایی (CWC) کە خوازیاری لەناوبردنی هەماری چەکی کیمیایی دەوڵەتانی ئیمزاکردەیە لە ماوەی ١٠ ساڵدا.
- پەیمانی مین(ئەڵغام)ی دژە نەفەر ١٩٩٨(APLT) .

یەکێك لەو گرفتانەی کە لەسەر رێی کۆنترۆڵی چەکەکاندا پێش هاتووە، مەسەلەی سەلماندن و بەراست گەڕانی پرۆسەکەیە کە تەنانەت بە یارمەتی سەتەلایتی زۆر پێشکەوتووش ناکرێ بۆ جێبەجێ کردنی ئەم پرۆسە، بە دەوڵەتەکان متمانە بکرێت. بۆ نموونە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خۆی یەکێك لەو دەوڵەتانە بووە کە کۆنڤانسیۆنی ١٩٩٣ چەکی کیمیایی واژۆ کردووە کەچی رادەیەکی زۆری لەم جۆرە چەکانەی بەرهەم هێناوە و لە هەمارەکانی خۆیدا سەریەکی ناوە. لە لایەکیترەوە سەپاندنی گەمارۆی دیپلۆماسی و ئابووریش، تەنیا بەسەر وڵاتانی لاوازدا زەختی دەهێنێ و بۆ وڵاتانێکی وەك ئەمریکا و چین و رووسیا کاریگەری نابێت.

کۆنسوڵ   كنسول   Consul

کۆنسوڵ پۆستێکی گرنگی هەر شاندێکی دیپلۆماسییە کە ئەرکی راپەڕاندنی کاروباری باڵیۆزخانەیەك بەزۆری لە ئەستۆ دەگرێ. هەندێ لەو ئەرکانە بە پێی پەیماننامەی ١٩٦٣ ڤییەن بریتین لە:

- پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت و هاووڵاتیانی خۆی بە مەبەستی پەرەپێدانی پێوەندی بازرگانی و ئابووری و کولتووری.

- جێبەجێکردنی هەندێ کاروباری ئیداری وەك دەرکردنی ناسنامە و ڤیزە و تۆمارکردنی گرێبەستی

هاوسەرێتی و ئاسانکاری پێویست بۆ ئەو کەسانەی کە دەخوازن سەردانی وڵاتەکەی بکەن.

- ڕاگەیاندنی بەڵگەنامەی دادوەری و ئیداری و جێبەجێکردنی کاروباری دادوەری بە وەکالەت بە پێی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و ...

باڵیۆزخانەکان دەتوانن جگە لە کۆنسوڵی جێنشین لە پایتەخت، لە شارە گرنگەکانی وڵاتی میوانیش کۆنسوڵگەری بکەنەوە. (بۆ نموونە کۆنسوڵی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەولێر). ژمارەی ئەم کۆنسوڵگەریانە و ئەندامەکانی بەستراوەتەوە بە ئاستی پێوەندی و ڕێککەوتنی هەر دوو وڵات. ئەگەر وڵاتێك لە وڵاتێکی دیکە چەند کۆنسوڵگەرییەك بکاتەوە، دەتوانێ سەرکۆنسوڵگەریش دابمەزرێنێ کە چاودێری کاروباری کۆنسوڵگەرییەکان بکات. کۆنسوڵ یا سەرکۆنسوڵ، لە ڕووی کارگێڕییەوە لە خوارووی باڵیۆزە بەڵام لە کارەکانی خۆیدا سەربەخۆییەکی زیاتری لە ئەندامانی دیکەی باڵیۆزخانە هەیە. کۆنسوڵیش وەك فەرمانبەرە سیاسییەکانی دیکە، ماڤ پارێزراویی دیپلۆماسی هەیە. ئیمڕۆکە لە پێوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا کۆنسوڵ بە چوار پلە دابەش دەکرێت کە بریتین لە:

١- سەرکۆنسوڵ، ٢- کۆنسوڵ، ٣- جێگری کۆنسوڵ، ٤- نوێنەری کۆنسوڵ

کۆنفرانس کنفرانس Conference

١- کۆبوونەوەی نوێنەرانی سیاسی هەرخۆحەسێوی(تام‌الاختیار) دوو یان چەند دەوڵەت بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارە و گەیشتن بە دەرەنجامێك لەسەر مەسەلەیەکی سیاسی نێودەوڵەتی. ئەو ڕێگاچارە و دەرەنجامانە دەبێ لە بەڵگەنامەیەکی سیاسیدا بنووسرێت. بۆ نموونە کۆنفرانسی ئاشتەوایی جەنگی جیهانی یەکەم.

٢- کۆبوونەوەی وەزیری دەرەوەی وڵاتێك لە گەڵ نوێنەرانی ڕاسپاردەی دەرەوەی ئەو وڵاتە بۆ کۆڵینەوەی مەسەلەیەکی سیاسی. بۆ وێنە کۆنفرانسی لەندەن بۆ کاروباری بەلجیکا لە ساڵی ١٨٠٣ تا ١٨٣٩.

٣- کۆبوونەوەی نوێنەرانی چەند دەوڵەتێك کە ماڤ ئیمزاکردنی پەیماننامەیان نییە و تەنیا بۆ لێکۆڵینەوە و موتاڵای مەسەلەیەکی دیاریکراو دادەنیشن و ئەنجامی کۆڵینەوەکان بۆ تاقیکاری ئاراستەی دەوڵەتەکانی خۆیان دەکەن. بۆ نموونە کۆنفرانسی یاسای نێودەوڵەتی تایبەتی لاهای.

٤- کۆبوونەوەی ڕێکخراوەی ڕاوێژکاریی دەزگایەکی نێودەوڵەتی کە لە ڕێساکانیدا پێکهاتە و فۆرم و ئەرك و تەوزیمەکانی دیاری کرابێت. بۆ نموونە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کار و کۆنفرانسی گشتی یونسکۆ.

٥- کۆبوونەوەی ڕێکخراوە تایبەتییەکان کە نوێنەری دەوڵەتان تێیدا ئەندامن. بۆ وێنە ئەنجومەنی خاچی سوور یا مانگی سوور.

ئەم زاراوە هەروا بۆ توێژینەوە و باسکردن لەسەر بابەتی زانستی و تەکنۆلۆجی خوێندکاران و قوتابیان بەکار براوە بۆ وێنە کۆنفرانسی خوێندکارانی کۆلێژی پزیشکی یا ئەدەبی.

کۆنفرانسەکانی جنێڤ کنفرانس‌های ژنو Geneva Conferences

ئەم زاراوە، ئەم زنجیرە کۆنفرانسە لە خۆ دەگرێ:

١ـ کۆنفرانسی مانگەکانی پێنج تا حەوتی ١٩٥٤ بۆ چارەسەر کردنی شەڕەکانی کوریا و هیندوچین کە بوو بە هۆی کۆتایی هاتنی داگیرکارییەکانی فەرەنسا لە ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و سەربەخۆیی ڤیتنامی باکووری و باشووری و لائۆس و کامبۆجیا.

٢ـ کۆنفرانسی مانگی حەوتی ١٩٥٥ی سەرۆکی وڵاتان بە بەشداربوونی ئایزنهاور، خرۆشچۆف، ئایدن و ئۆدگار فۆر(سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا) بۆ هێورکردنەوەی کرژیی شەڕی سارد.

٣ـ مانگی دوازدەی ١٩٧٣، کۆنفرانسی ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان کە هیچ دەرەنجامێکی لێ نەکەوتەوە.

٤ـ کۆنفرانسی مانگەکانی ئۆکتۆبەر ـ نۆڤەمبەری ١٩٧٦ لە بابەت دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك بۆ زیمبابووە.

کۆنفرانسی ئاسایش و هاوکاری ئاسیا کنفرانس امنیت و همکاری آسیا

Conference for Security and Cooperation in Asia (CSCA)

ئەم دانیشتنە هاوشێوەی «کۆنفرانسی ئاسایش و هاوکاری لە ئەورووپا»*یە کە بە مەبەستی پاراستنی ئاشتی و ئۆقرەیی لە ئاسیادا پێکهاتووە. دوابەدوای دانیشتنی سەرۆك کۆماری وڵاتانی ئێران، تورکیا و وڵاتانی ئاسیای ناوین لە عیشقاباد لە ساڵی ١٩٩٢ لە بارەی پێویستی ڕێکخستنێکی نوێ بۆ ئاسایش، سەرکۆماری قازاغستان پێشنیازی دامەزراندنی کۆنفرانسێکی لەم شێوەی چێکرد کە ئامانجەکانی بریتی بوون لە:

١ـ دەستەبەرکردنی گەرەنتییەك بۆ پیادەکردنی ئاسایش و ئۆقرەیی ناوچەکە لەسەر بنەمای سنوورە ناسراوەکانی ئەو کاتە.

٢ـ ئاسانکاری بۆ پەرەسەندنی هاریکاری لە نێوان وڵاتانی ناوچەکە.

٣ـ دیاریکردن و بەکارهێنانی پێوانە و پێکهاتەی یەکسانی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

کۆنفرانس، سێ بابەتی بۆ ڕێککەوتن دیاری کردووە: ئاسایش، ئابووری و ئینسانی.

کۆنفرانسی ئاسایش و هاوکاری ئەورووپا کنفرانس امنیت و همکاری اروپا

Conference on Security and Cooperation in Europe (CSCE)

ئەم کۆنفرانسە پێکهاتووە لە ٥٣ وڵاتی ئەندام کە لە دوای ئیمزاکردنی «کۆنفرانسی هلسینکی» لە ساڵی ١٩٧٥ بنیات نرا. ئامانجەکانی ئەم کۆنفرانسە لە «چارنامەی پاریس» کە لە ڕێکەوتی ٢١ی نوامبر ١٩٩٠ لە لایەن ئەندامەکانی ئیمزا کرا بریتی بوون لە:

پابەندبوون بە چارەسەری کێشە و ناکۆکییەکان لە ڕێگای ئاشتییانە و ڕێزگرتن لە بەهاکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ. ئەم کۆنفرانسە هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ نەهێشتنی گرژیی لە نێوان هەردوو ئۆردووگای

ڕۆژهەلات و ڕۆژاوا و هەلوەشانەوەی سنوورەکانی نێوان ئەم دوو بلۆکە. گرنگترین بڕیاری کۆنفرانس، سەقامگیرکردنی سنوورەکانی ئەوکاتەی ئەورووپا بوو.

وەزیرانی دەرەوەی ئەم کۆنفرانسە هەموو ساڵێك پێکەوە دیدار دەکەن و بە پێی بڕیارنامەیەك ئەم دەزگایانەی خوارەوە بۆ پێشڤەبردنی کاروباری کۆنفرانس دامەزراون:

١- ناوەندی نووسینگەی کۆنفرانسی ئاسایش و هاوکاری ئەورووپا لە پراگ ـە.

٢- «ناوەندی بەرگرتن لە پێکدادان» بنکەکەی لە ڤییەنای وڵاتی نەمسایە.

٣- «نووسینگەی هەڵبژاردنی ئازاد» لە وارشەو (پۆڵەندا)یە.

ئەندامانی ئەم کۆنفرانسە بریتین لە:

ئاڵبانیا، ئەرمەنستان، نەمسا، ئازەربایجان، بەلجیکا، بووسنی هەرزەگۆیین، بریتانیا، بولغارستان، ڕووسیەی سپی، کەنەدا، کرۆڤاسیا، قوبرس، چێك، دانیمارك، فەنلاند، فرەنسا، گورجستان، ئەڵمانیا، مەجارستان، ئیسلەندا، ئیرلەندا، ئیتالیا، قازاغستان، قرغیزستان، لیتۆنیا، لیختنشتاین، لیتوانیا، لۆکزامبۆرگ، ماڵت، مۆڵداوی، موناکۆ، هۆڵەندا، نەرویج، پۆڵەندا، پۆرتوغال، ڕۆمانیا، فیدراسیۆنی ڕووسیە، سێن مارینۆ، سلۆڤاکیا، سلۆڤانیا، سپانیا، سوید، سویسرا، تاجیکستان، تورکیا، تورکمانستان، ئوکراین، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئوزبەکستان، ڤاتیکان، یۆگوسلاڤیا (سیربستان و مۆنتێنگرۆ) و یۆنان.

لە دانیشتنی بوداپێست (٦و٥ ی دێسەمبری ١٩٩٤) ناوی ئەم کۆنفرانسە بوو بە «ڕێکخراوەی ئاسایش و هاوکاری لە ئەورووپا»(OSCE) .

کۆنفرانسی ئاسیا ـ ئەفریقا — کنفرانس کشورهای آفریقایی ــ آسیایی

Afro-Asian Conference

ئەم کۆنفرانسە لە ئاڤریلی ١٩٥٥ لە باندۆنگی ئەندونیزیا پێکهات و یەکەم کۆنفرانسی نێوان ـ دەوڵەتانی کیشوەری ئاسیا و ئەفریقا لە ئەژمار دێت. ئەگەرچی ناکۆکییەکی توند لە نێوان وڵاتانی لایەنگری ڕۆژاوا و دەوڵەتانی لایەنگری کۆمۆنیستی و وڵاتانی بێلایەن لە ئارادا بوو بەڵام کۆنفرانسی باندۆنگ، چەند بڕیارێکی لەمەڕ هاریکاری ئابووری و کولتووری و خودموختاری و دژایەتی لە گەڵ کۆلۆنیالیزم دەرکرد. ئەم کۆنفرانسە، سەرەڕای دژایەتی چین، پشتگیری خۆی لە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ ڕاگەیاند.

وڵاتانی بەشدار بریتی بوون لە: ئەفغانستان، کامبۆج، سەیلان، ئەردەن، لائۆس، لوبنان، لیبریا، لیبی، نیپاڵ، پاکستان، ئێران، فیلیپین، عەرەبستان، سوودان، سووریا، تایلەند، تورکیا، ڤیتنامی باکووری و باشووری و یەمەن. توێژەرانی سیاسی نوێنەرانی قوبرس، ئەمریکا و کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقاش بەم کۆنفرانسەوە دەلکێنن.

کۆنفرانسی ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوین كنفرانس صلح خاورمیانه

Middle – East Peace Conference

ئەم کۆنفرانسە لە مانگی ١٠ی ١٩٩١ بە دەست پێشخەری ئەمریکا و بە ئامادەبوونی دوو لایەنی شەڕ (عەرەب و ئیسرابیل)، جۆرج بۆش(باوك) سەرکۆماری ئەمریکا و گورباچۆف سەرکۆماری ئەوکاتەی یەکیەتی سۆڤیەت، لە مەدرید پێتەختی ئیسپانیا گرێدرا. پاش چەند قۆناغ دانیشتن و گفتوگۆ، *ڕێکخراوەی ڕزگاری خوازی فەلەستین**و ئیسرابیل پێکەوە ڕێککەوتنێکی ئاشتییان لە بەرواری ١٩٩٣/٩/١٣ لە ژێر سەردێری «اعلامیه اصول» بە ئامادەبوونی بیل کلینتۆن سەرکۆماری ئەمریکا و وەزیرانی دەرەوەی ئەمریکا و رووسیە لە واشینتۆن ئیمزا کرد. ڕێککەوتنێکی سازش لە نێوان ئەردەن و ئیسرایلیش لە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٧/٢٥ لە کۆشکی سپی واژۆ کرا. جێی ئاماژەیە، ئیمزا کردنی ئەم ڕێککەوتننامانە بووە هۆی ناڕەزایەتی گرووپە فەلەستینیەکان لەوانە، حەماس*و حیزبوڵڵا.

کۆنفرانسی ئاشتی لاهای(١٨٩٩) كنفرانس صلح لاهه (١٨٩٩)

Hague Peace Conference of 1899

ئەم کۆنفرانسە بە دەست پێشخەری نیکۆلای دووهەم، ئیمپراتۆری سۆڤیەت دامەزرا و لەسەر سێ مەسەلەی سەرەکی ڕێککەوتن:

١ـ دامەزراندنی دیوانی هەمیشەیی دادوەری، وەك سەرچاوەیەکی بڕواپێکراو.

٢ـ ئامادەکردنی یاسا و ڕێسای شەڕی زەوینی.

٣ـ پیادە کردنی ڕێککەوتننامەی ١٨٦٤ جنێڤ دەربارەی شەڕی دەریایی.

کۆنفرانسی دووهەمی لاهای لە ڕێکەوتی ١٩٠٧/٦/١٥ گرێ درا و سەرەڕای بە ئەنجام گەیاندنی بڕیارەکانی کۆنفرانسی یەکەم، ڕێککەوتنێکی نوێی لە بابەت ڕێساکانی بێلایەنی* و شەڕی دەریایی بە ئیمزا گەیاند.

کۆنفرانسی ئاڵمائاتا كنفرانس آلماآتا Alma-Ata Conference

ئەم کۆنفرانسە لە ڕێکەوتی ٢١دێسەمبری ١٩٩١ لە ئاڵمائاتا پێتەختی قازاغستان، بە بەشدار بوونی دوازدە کۆماری یەکیەتی سۆڤیەت واژۆ کرا کە تێیدا کۆتایی‌هاتنی تەمەنی یەکیەتی سۆڤیەت ڕاگەیاندرا و بنیاتی پێکهاتەیەکی نوێ بە ناوی«وڵاتانی سەربەخۆی هاوبەش» دامەزرا. بەڵگەنامەی ئەم کۆنفرانسە لە لایەن هەموو کۆمارییەکانی سۆڤیەت جگە لە گورجستان، ئیمزا کرا. کۆمارییەکانی بەشدار لە کۆنفرانسەکە بریتی بوون لە:

ئازەربایجان، ئەرمەنستان، ئوزبەکستان، ئۆکراین، تاجیکستان، تورکمانستان، رووسیە، رووسیەی سپی، قازاغستان، قرغیزستان و مۆڵداوی.

کۆنفرانسی باکوور ـ باشوور کنفرانس شمال و جنوب
North-South Confrence

لە ڕێکەوتی ١٩٧٥/١٢/١٦ لەسەر بانگهێشتی «ژیسکار دیستەن» سەرۆک کۆماری ئەوکاتەی فەرەنسا لە شاری پاریس نوێنەرانی وڵاتانی جیهان کۆبوونەوە تا سیستەمی پێوەندییە ئابوورییەکانی جیهان بگۆڕن. ئەو وڵاتانەی کە لە کۆنفرانسەکەدا ئامادە ببوون بریتین لە: ١٢ وڵاتی رووە و گەشەسەندن، بە نوێنەرایەتی پتر لە ١٠٠ وڵات کە ٢ ملیارد کەس حەشیمەتی جیهانیان لەخۆ گرتبوو، ٧ وڵاتی بەرهەمهێنی نەوت و نوێنەرانی وڵاتانی پیشەسازی جگە لە یەکیەتی سۆڤیەت و وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەلات. هۆی پێکهاتنی ئەم کۆنفرانسە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو گرفتانە بوو کە وڵاتانی پیشەسازی پاش بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە ساڵانی ١٩٧٣ و ٧٤ رووبەڕووی بوونەوە بەڵام لە رواڵەتدا ئەم کۆنفرانسە بۆ ئەو مەبەستە بوو کە زەمینەیەکی نوێ بۆ هاوکاری لە نێوان وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازی(باکوور) و وڵاتانی جیهانی سێهەم(باشوور) برەخسێنێ.

کۆنفرانسی باکوور ـ باشوور بە پێکهێنانی چەند لیژنەیەک بۆ توێژینەوە لەو بابەتانەی کە باس کراون، پاش ١٨ مانگ باس و گفتوگۆکردن بە هۆی ناکۆکییە سەرەکییەکانی نێوان وڵاتانی باکوور و باشوور نەگەیشتە هیچ ئەنجامێک و کۆتایی بە کارەکەی خۆی هێنا.

کۆنفرانسی پۆتسدام کنفرانس پوتسدام Potsdam Conference

کۆنفرانسی پۆتسدام لە میانەی ١٧ی ژووئییە تا ٢ی ئۆگۆستی ١٩٤٥، دوای خۆ بەدەستەوەدانی ئەڵمانیا و بە بەشداری بەرەی سەرکەوتووی جەنگی دووهەمی جیهانی(وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یەکێتی سۆڤیەت و بەریتانیا) بە مەبەستی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی *کۆنفرانسی یاڵتا، گرێ درا. لەم کۆنفرانسەدا ئەڵمانیا کرایە چوار بەش و هەر بەشێکی کەوتە ژێر دەسەڵاتی هەر یەک لە وڵاتانی ئەمریکا، سۆڤیەت، بریتانیا و فەرەنسا و لیژنەیەکی پێکهاتوو لەو چوار وڵاتە، کاروباری ئەم وڵاتەی بەدەستەوە گرت.**

هەر لەم کۆنفرانسەدا شاری بەرلین کرایە چوار بەش و بەڕێوەبردنی شارەکەش کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەو لیژنەیە. سوپای نازی و دەزگا سیاسییەکانی ئەڵمانیا هەڵوەشایەوە و دادگای سزادانی تاوانبارانی جەنگی پێکهات. بە گشتی ناکۆکییەکانی نێوان سۆڤیەت و وڵاتانی رۆژاوایی بووە بەربەست لە بەردەم بڕیارەکانی کۆنفرانسدا.

کۆنفرانسی تاران کنفرانس تهران Tehran Conference

لە ڕێکەوتی ١١/٢٨ تا ١٩٤٣/١٢/١ بە بەشداری سەرۆکی وڵاتانی ئەمریکا، بریتانیا و سۆڤیەت لە تاران گرێدرا بە مەبەستی پاراستنی سەربەخۆیی ئێران لە جەنگی جیهانی دووهەمدا و ئەم وڵاتانە بەڵێنیان دا هێزەکانی خۆیان لە ئێران بکشێننەوە(لەو کاتەدا ئێران لە لایەن هاوپەیمانانەوە داگیر کرابوو).

ڕاگەیاندراوی هاوبەشی ئەم سێ وڵاتە ـ کە بۆ لێکدانەوەی شەڕ بەدژی ئەڵمانیا ساز درابوو ـ بریتی بوو لەوە کە سێ دەوڵەتەکە نەخشە و پلانەکانی خۆیان بۆ لەناوبردنی هێزەکانی ئەڵمانیا ڕێک بخەن و چۆنیەتی و کاتی هێرش بردنە سەر ئەم وڵاتەیان لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ باشوور دیاری کرد.

کۆنفرانسی جیهانی دژی ڕەگەزپەرستی — کنفرانس جهانی ضد آپارتاید
International Conference Againest Apartheid

ئەم کۆنفرانسە لە ڕێکەوتی ٢٢ تا ١٩٧٧/٨/٢٦ لە لاگۆس پێتەختی نایجیریا گرێ درا و بە پێی بڕیارێک لە هەموو وڵاتانی جیهان داوای کرد کە هیچ جۆرە چەکێک نەگەیەنن بە دەوڵەتی ئەفریقای باشووری چونکا ئەم دەوڵەتە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە پیادە دەکات. کۆنفرانس هەروا داوای کرد هیچ جۆرە هاوکارییەک لە بواری ئەتۆمی لەگەڵ ئەم وڵاتەدا بە ئەنجام نەگەیەنن.

کۆنفرانسی دومبارتون ئۆکس — کنفرانس دومبارتن اوکس
Dumbarton Oaks Conference

لە ٢١ ٨ ١٩٤٤ لە کۆشکی دومبارتون ئۆکس لە شاری واشنتۆن گرێ درا. لەم کۆنفرانسەدا نوێنەرانی وڵاتانی ئەمریکا، بریتانیا، سۆڤیەت و چین بەشدار بوون و لە بابەت دامەزراندنی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان پێکەوە گفتوگۆیان کرد. کۆنفرانسەکە تا ١٩٤٤/١٠/١٧ دەوامەی بوو تا ڕیزی پێشنیازەکان بڵاو کرایەوە. لە ڕاستیدا ئەم پێشنیازانەش، بوو بە گەڵاڵەیەک بۆ جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان. هەر لەم کۆنفرانسەدا داوا کرا بۆ پیادەکردنی ئاشتی لە جیهاندا ئەنجومەنێک بە ناوی *ئەنجومەنی ئاسایش** پێک بێت تا پێش بە ئەگەریی ڕووردانی هەر جەنگێک بگرێت. جگە لەوەش بڕیار درا پێنج وڵاتی گەورەی ئەمریکا، بریتانیا، سۆڤیەت، چین و فەرەنسا ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش بن و هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتەکان و دابینکردنی ئاشتی جیهانی بدەن.

باسکردنی کێشەی دەنگدانی ئەندامان لە ئەنجومەنی ئاسایش تا ساڵێک بە هەڵپەسێراوی مایەوە تا سەرەنجام لە کۆنفرانسی یاڵتا بە بەشداری ئەمریکا، بریتانیا و سۆڤیەت، بڕیار درا ماف *ڤیتۆ** بۆ پێنج وڵاتی گەورە بمێنێتەوە.

کۆنفرانسی سان فرانسیسکۆ — کنفرانس سانفرانسیسکو
San Francisco Conference

ئەم کۆنفرانسە لە ١٩٤٥/٤/٢٥ بە بەشداری پەنجا وڵات لە شاری سان فرانسیسکۆی ئەمریکا پێکهات بە مەبەستی ئیمزاکردنی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئەویش لەسەر ڕاسپاردەکانی *کۆنفرانسی یاڵتا* * پێکهاتبوو. وڵاتانی بەشدار لەم کۆنفرانسەدا ئەندامانی سەرەکی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئەژمار دەهاتن.

لەسەر داوای یەکیەتی سۆڤیەت، ولاتی پۆڵەندا کە لەم کۆنفرانسەدا بەشدار نەبوو، وەك ئەندامی سەرەکی نەتەوە یەکگرتووەکان ناسێندرا. کەواتە کۆمەڵی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکەم دانیشتنی خۆی بە بەشداری ٥١ ئەندام دەست پێکرد. لەم کۆنفرانسەدا پێنج زمانی ئینگلیزی، فەرەنسی، رووسی، چینی و سپانیایی بە زمانە رەسمییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دیاری کران و لە ١٩٤٥/٦/٢٦ بە ئیمزاکردنی هەموو ولاتانی بەشداربوو، جارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان راگەیاندرا و لە ١٩٤٥/١٠/٢٤ جێبەجێ کردنی جارنامەکە دەستی پێکرد.

کۆنفرانسی نێودەوڵەتی پیشە کنفرانس بین‌المللی اشتغال International Conference of Employment

ئەم کۆنفرانسە بە دەست پێشخەری رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٤ تا ١٩٧٦/٦/١٧ لە جنێڤ بەڕێوە چوو. بەم بۆنەوە ١٣٠٠ کەسی پسپۆڕ بە نوێنەرایەتی دەوڵەت و یەکێتییە کرێکاری و خاوەن کارەکانی ١٢١ ولاتی جیهان، لەسەر بانگهێشتی رێکخراوەی نێودەوڵەتی کار، بەشداری کۆنفرانسەکە بوون. ئامانجی سەرەکی ئەم کۆنفرانسە، باس و لێکۆڵینەوە و رێدەرکردن بە چۆنییەتی پەرەپێدان بە رێژەی کاری راستەقینە لە شارەکان بوو بە لەبەرچاوگرتنی مەسەلە جۆراوجۆرەکانی شار و دێهات. ئەم کۆنفرانسە لە راستیدا یەکەم هەنگاوی جیددی نێودەوڵەتی بوو لەمەڕ چۆنییەتی روبەڕوبونەوە لە گەڵ زیادبوونی رێژەی بێکاری لە جیهان.

بە باوەڕی زۆربەی توێژەرانی نێودەوڵەتی، ئەگەر بێتوو ئارێشەی بێکاری چارەسەر نەکرێت، رۆژبەرۆژ مەترسیدارتر دەبێت. کورت والدهایم، سکرتێری گشتی ئەوکاتەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پەیامەکەی خۆیدا گوتبووی: «ئەگەرچی مەسەلەی سەرەکی ئێمە پاراستنی ئاشتی جیهانییە بەلام نکوڵی لێناکرێت کە سەرکەوتن بەسەر مەسەلەی بێکاریش هاوشانی ئاشتی لە ئەژمار دێت. گۆڕانکاری بەسەر پێوەندی ئابووری نێودەوڵەتی، دەبێ لە رێگای چاکسازی کۆمەلایەتی و ئابووری ولاتانی رووەو پەرەسەندن و شێوازی نوێی روبەرووبون لە گەڵ بێکاریدا بەهێزتر بکرێت».

کۆنفرانسی جیهانی کار، لە بڕیارەکانی خۆیدا لەسەر ئەم شتە جەغد دەکات کە زیادکردنی کار و پیشەی وەبەرهێن، هۆکارێکی گرینگە بۆ دابینکردنی پێداویستیە سەرەکییەکانی مرۆڤ بۆ وێنە خانوو، خواردەمەنی و خزمەتگوزارییە کۆمەلایەتییەکان. بەم بۆنەوە کۆنفرانس، داوای هاوکاری نێودەوڵەتی دەکرد بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستە و پشتیوانی خۆشی لەمەڕ چاکسازی سیستەمی بازرگانی و ماڵی جیهان بە قازانجی ولاتانی رووەوپەرەسەندن دەربڕی. کۆنفرانس، هەروا لەسەر راگواستنی تەکنۆلۆژی و مەسەلەی پەنابەران و هەلومەرجی نوێی کار، کۆڵینەوەی ئەنجامدا و بڕێك پارەشی لە سەندووقی پەرەسەندنی کشتوکاڵ بە مەبەستی داهێنانی ئیش و کار لە گوندەکان تەرخان کرد.

کۆنفرانسی یاڵتا کنفرانس یالتا Yalta Conference

ئەم کۆنفرانسە لە ڕێکەوتی ٤ تا ١٩٤٥/٢/١١ بە بەشداربوونی سەرۆکی وڵاتانی ئەمریکا، سۆڤیەت و بریتانیا لە شاری یاڵتا(باشووری نیمچە دوورگەی کریمێ) گرێ درا و ئەم بڕیارانەی خوارەوەی دەرکرد:

١ـ پاش خۆبەدەستەوەدانی ئەڵمانیا، ئەو وڵاتە بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی فەرەنسا و وڵاتانی بەشدار لە کۆنفرانسەکەدا.

٢ـ *کۆنفرانسی سان فرانسیسکۆ بە مەبەستی بڕیاردان لەمەڕ دامەزرانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە بابەت شێوازی ڤیتۆ کردنی بڕیارەکان لێکۆڵینەوە بکات.**

٣ـ یەکیەتی سۆڤیەت ڕازی بوو کە لە ماوەی ٣ مانگدا لە گەڵ ژاپۆن بکەوێتە شەڕەوە.

٤ـ گەڕاندنەوەی دوورگەکانی «ساخالین» و «کوریل» بە سۆڤیەت و گەڕانەوە بۆ دۆخی ساڵی ١٩٠٤ لە «پورت ئارتۆ» و «دارن».

زاراوەی یاڵتا لە نەریتی سیاسیدا مانای دابەشکردنی جیهان لە پشتی درگا داخراوەکان دەدات.

کۆنفرانسی ٤+٢ کنفرانس ۴+۲ Conference ۴+۲

بریتییە لە دانیشتنێکی یەك ڕۆژە بە بەشداربوونی وەزیرانی دەرەوەی ئەمریکا، سۆڤیەت، فەرەنسا و بریتانیا لە لایەکەوە و وەزیرانی دەرەوەی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات لە لایەکی ترەوە کە لە پێنجەمی ژووەنی ١٩٩٠ لە بون بەڕێوە چوو. لەم کۆنفرانسەدا مەسەلەی یەکگرتنەوەی دوو ئەڵمان، بە تایبەت بارودۆخی سیاسی و سەربازی ئەم وڵاتە یەکالا کرا. سەرباسی ئەم کۆنفرانسە، مەسەلەی ئەندامیەتی ئەڵمانیای یەکگرتوو بوو لە *پەیمانی ناتۆ یا ئەندامەتی لە هەر دوو پەیمانی وارشەو و ناتۆدا. سۆڤیەت لە گەڵ ئەندامەتی ئەڵمانیای یەکگرتوو لە ناتۆدا دژایەتی دەکرد چونکا پێی وابوو ئەندامبوونی ئەم وڵاتە لە پەیمانێکی سەربازیدا دەبێتە مەترسییەك بۆ سەقامگیریی ئەوروپا. ئەمریکاش پێی وابوو کە دوابڕیار لە بارەی بەئەندامبوونی ئەڵمانیای یەکگرتوو، دەبێ لە لایەن وڵاتانی ڕۆژاواییەوە دەرکرێت.**

کۆنفیدراسیۆن کنفدراسیون Confederation

یەکگرتنی چەند دەوڵەت بۆ هاریکاری و یارمەتیدان بە یەکتر بە کۆنفیدراسیۆن پێناسە کراوە. کۆنفیدراسیۆن، خاوەنی دەسەڵاتێکی ناوەندی نییە تاکوو بە سەر شارۆمەندانی هەموو دەوڵەتانی یەکگرتوودا سەروەری بکات. دەوڵەتانی ئەندامی کۆنفیدراسیۆن لە سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکیدا سەربەخۆن و مافی جیابوونەوە لە کۆنفیدراسیۆن پارێزراوە. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەر لەوەی ببێتە فیدراسیۆن (بڕوانە فیدرالیزم)**، لە ساڵی ١٧٧٨ تا ١٧٨٧ بە شێوەی کۆنفیدراسیۆن ئیدارە دەکرا کە بریتی بوو لە: هیندوراس، نیکاراگووە و سەن سالوادۆر.**

ئەڵمانیا لە (١٨١٥ تا ١٨٦٦) و هۆڵەندا لە (١٥٨٠ تا ١٧٩٥) دوو نموونەی سیستەمی کۆنفیدراسیۆن لە ئەژمار دێن. ئەگەرچی سویسرا، بە «کۆنفیدراسیۆنی سویسرا» خۆی ناساندووە بەڵام لە راستیدا بە شێوازی فیدراڵی ئیدارە دەکرێت. وڵاتانی ئەندامی کۆنفیدراسیۆن، بۆ پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان بە شێوەیەکی جیاواز دەمێننەوە، بەڵام لە ناو خۆیاندا شەڕ بە شتێکی ناڕەوا دەزانن.

کۆنڤانسیۆن کنوانسیون Convention

کۆنڤانسیۆن یا کۆنڤانسیۆنی نەتەوەیی، ناوی کۆمەڵەیەکی گرنگی فەرەنسی بوو کە پاش ئەنجومەنی یاسادانان لە ٢١ سێپتەمبەری ١٧٩٢ لە لایەن خەڵکی ئەم وڵاتەوە دامەزرا. ئەم کۆنڤانسیۆنە بڕیاری لە سێدارەدانی لوویی شانزەهەمی پەسند کرد و کۆمیتەی رزگاریی نەتەوەیی پێك هێنا و راسپاردەکانی خۆی نارده شارەکانی فرەنسا بۆ بڵاوکردنەوەی بیرۆکە و ئارمانجەکانی شۆڕش و پتەوکردنی هەست و سۆزی نیشتمانپەروەرانە.

لە زاراوەی سیاسیدا کۆنڤانسیۆن، واتای سازش و رێککەوتن و تەبایی دەگەیەنێ و بریتییە لەو ئەنجومەنانە کە لە کۆڕ و کۆبوونەوە جۆراوجۆرەکاندا دروست دەبن تا لەمەڕ کێشە گرنگەکان گفتوگۆ بکەن و بگەنە رێککەوتن. لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەو کۆنگرە حیزبییانە دەگوترێ، کە بە مەبەستی دیاریکردنی پاڵێوراوانی سەرۆك کۆماری دەبەسترێ. هەروا بەو رێککەوتنانەش دەگوترێ کە لە بواری بازرگانی و بوارەکانی دیکەی هاوکاری لە نێوان وڵاتاندا گرێ دەدرێ. جگە لەمەش، پەیمانی بەرامبەر وڵاتانی دژ بەیەك بۆ گۆڕینەوەی دیلەکان و کۆتایی هێنان بە جەنگ و کۆبوونەوەی نوێنەرانی ویلایەتێك بۆ دەستنیشانکردنی پاڵێوراوە حیزبییەکان و دیاریکردنی ئامانج و پێڕۆی حیزب بە کۆنڤانسیۆن ناودەبرێت. لە کۆنڤانسیۆنە بەناوبانگەکان، دەکرێ ئاماژە بدەین بە کۆڤانسیۆنی نێودەوڵەتی ئاشتی لاهای(١٨٩٩ و ١٩٠٧)، کۆنڤانسیۆنی قەدەغەکردنی بازرگانی کۆیلە (١٩٦٣) و کۆنڤانسیۆنی پێوەندی دیپلۆماسی (١٩٦١).

کۆنڤانسیۆنی ئەورووپی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان

کنوانسیون اروپایی حمایت از حقوق بشر و آزادی‌های اساسی

European Convention for the Protection of Human Rights and Fundamental Freedoms

پەیماننامەیەك کە لە ساڵی ١٩٥٠ لە نێوان پانزە وڵاتی ئەورووپای رۆژاوا مۆرکرا بە مەبەستی پاراستن و مسۆگەر کردنی ئازادی و مافەکانی هاووڵاتیانی خۆیان. ئەم ماف و ئازادییانە بریتییەلە: مافی ژیان و ئازادی، قەدەغەکردنی کۆیلایەتی و دیلیەتی، دڵنیایی و بێخەمی لە دەسگیرکردن، زیندانی کردن و دوورخستنەوەی پڕوپووچ، مافی داکۆکی کردن لە دادگایەکی بێلایەن، ئازادی ئەندێشە و بیروڕا و ئایین و ئازادی کۆبوونەوە. (بۆ نموونە رێکخستنی یەکیەتی و ...)

لە ساڵی ١٩٥٩ «دادگای ئەورووپایی مافەکانی مرۆڤ» بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم گرێبەستە دامەزرا

و هاووڵاتیان ماق ئەوەیان هەیە داواکاری و شکاتەکانیان لە دەوڵەتی خۆیان رادەستی کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ بکەن. ئێستا ٢١ وڵاتی ئەورووپی لەم کۆنڤانسیۆنە ئەندامن و چەند پرۆتۆکۆلیشی پێ زیاد بووە.

کۆنڤانسیۆنی مافە سیاسیەکانی ژنان مقاولەنامە حقوق سیاسی زنان
Convention on Political Rights of Women

ئەم کۆنڤانسیۆنە لە لایەن کۆمەڵی گشتی رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە رێکەوتی ٢٠ی سێپتەمبەری ١٩٥٢ پەسند کرا. ئەم بریارنامە لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی مادەکانی جارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و جارنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ هاتە ئاراوە و بەم پێیە هەموو وڵاتانی ئەندام، بەڵێنیان داوە کە مافەسیاسیەکانی ژنان تا ئاستێکی یەکسان لەگەڵ پیاواندا بپارێزن. بە پێی ئەم کۆنڤانسیۆنە دەبێ ژنانیش، هاوشانی پیاوان لە مافەکانی هەڵبژاردن و پالاوتن و گەیشتن بە پلەوپایە ئیداریەکان بەهرەوەر بن.

کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا کنگره ملی آفریقا
African National Congress

ئەم زاراوە بە بزاوتێکی سیاسی ئەفریقای باشووری دەگوترێت کە بۆ بردنەسەرەوەی ئاستی ژیانی رەش پێستەکان لە ساڵی ١٩١٢ بنیات نراوە. ئەم رێکخراوە لە ساڵی ١٩٢٦ لە گەڵ کۆمەڵەی هێندییەکان یەکییان گرت تاکوو ببنە نەتەوەیەکی یەکگرتوو. کۆنگرەکە بە رێبەرایەتی سەرۆك لیتۆلی (٦٧ـ ١٩٥٢) و بە سوود وەرگرتن لە شێوازی نەرم و بەدەر لە شەڕەنگێزی، خەباتی خۆیان بە دژی رەگەزپەرستی شێلگیرانەتر کرد بەلام لە لایەن دەسەلاتەوە بەرەوڕووی توندوتیژی بوون و سەرکوت کران و لە ساڵی ١٩٦١ هەڵوەشێندرا. باڵی چەکداریی کۆنگرە ناسراو بە «شمشێری گەل» لە لایەن نیلسۆن ماندیلا (١٩١٨ــ) دامەزرا بۆ ئەوەی بەرپەرچی شەڕەنگێزییەکانی حوکمەت بداتەوە. ئەم بزاوتە لە وڵاتانی دیکەی جیهان، نوێنەرایەتی سازکردبوو تاکوو ئەم وڵاتانە بۆ کۆتایی هێنان بە رژێمی رەگەزپەرستی لە گەڵ خۆیدا هاودەنگ بکات و بتوانێ دەسەلات بگەڕێنێتەوە بۆ رەشپێستەکان.

لە ساڵی ١٩٩٠، دوابەدوای ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە زۆربەی ناوچەکانی جیهان روویاندا دەوڵەتی ئەفریقای باشووری، چەند هەنگاوێکی بۆ لابردنی یاساکانی رەگەزپەرستی هەڵێنا. گرنگترینی ئەم هەنگاوانە کە لە لایەن دۆ کلۆرك، سەرکۆماری ئەم وڵاتە (١٩٩٠) راگەیاندرا بریتی بوون لە:

ـ کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا، بە شتێکی قانوونی راگەیاندرا.

ـ رزگار کردنی خێرای نێلسۆن ماندیلا رێبەری کۆنگرە لە بەندیخانە. (ماندیلا، لە ساڵی ١٩٦٢ پاش گەڕانەوەی لە کۆنفرانسی«بزاڤی رزگاری و یەکیەتی ئەفریقا» کە لە ئادیسابابا بەڕێوە چوو، بە تاوانی بەزاندنی سنوور، دەکەوێتە بەندیخانە و ماوەی ٢٨ساڵ لە زیندان دەبێت).

لە ساڵی ١٩٩٤، یەکەمین هەڵبژاردنی دیموکراتیک لە ئەفریقای باشووری بەڕێوە چوو. کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقای باشووری زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان دەباتەوە و نێلسۆن ماندێلا وەک سەرکۆمار دیاری دەکات. بەڵام پاش ماوەیەک، ماندێلا کورسی دەسەڵات بۆ کەسانی دیکە جێدەهێڵێت و لە سیاسەت دوور ئەکەوێتەوە، هەر بۆیە وەک کەسایەتییەکی ناوداری ئەفریقا و جیهان دەمێنێتەوە.

کۆنەپارێزی/قایمەکاریی — محافظه کاری — Conservatism

بریتییە لە کۆمەڵێ ئەندێشە و ڕێبازی سیاسی کە بیروبۆچوون و نەریتە کۆنەکان بەبایەختر دەزانێت لە هەر چەشنە بیرۆکەیەکی نوێباو و ئەزموون نەکراو. کۆنەپارێزی لەسەر یاسا و ڕێباز و نەریت جەخت دەکا و پێی وایە کە هیچ کاتێک بە شێوەیەکی ڕەها، شەڕ و ئاژاوە لەسەر زەوی ریشەکێش ناکرێت چونکا زاتی مرۆڤ زاتێکی ناکامڵە. کۆنەپارێزی لە نەریتی سیاسی بریتانیادا خاوەنی پێگەیەکی بەهێزە. بەکارهێنانی زاراوەی کۆنەپارێز لەم وڵاتەدا لە ساڵی ١٨٢٥ تا ١٨٤٠ دەستی پێکرد و لەو کاتەوە جێگەی واتای مێژوویی«توری» گرتۆتەوە. لە سیستەمی سیاسی بریتانیادا حیزبی کۆنەپارێز، هەمیشە حیزبێکی سەرەکی لە ئەژمار هاتووە و کەسانێکی وەک ئیدمۆند بۆرگ، کالریج، پیل و دیزراییل، هەوڵیان داوە ئەم حیزبە گەشە پێ بدەن. ئەگەرچی کۆنەپارێزی هیچکات نەبۆتە خاوەنی سیستەمێکی گونجاوی فەلسەفی بەڵام بە گشتی لەم بنەمایانەی خوارەوە پەیڕەوی دەکات:

کۆنەپارێزی لە بەرامبەر رادیکالیزم* و شۆڕشگێڕیدا رادەوەستێ. لە ڕوانگەی کۆنەپارێزێکەوە رادیکاڵ و شۆڕشگێڕ، دەخوازن بە ئامانج و مەبەستی تیۆری و قوتابخانەیی، زۆربەی دەزگا بایەخدارە کۆمەڵایەتییەکان لەناو ببەن. ئیدمۆند بۆرگ، هێرش دەکاتە سەر توندڕەوی (رادیکالیزم) و بە ڕێبازی دەمارگیرانە و دژ بە کولتووری گرانبەهای رابردووی دادەنێ و دەڵێ: پێویستە سوود لە ئەزموونی پێشوونانی خۆمان وەربگرین و ئەگەر چاکسازیش پێویست بێت، دەبێ لە گەڵ شکڵ و شێوازی رابردوودا بیگونجێنین. خاڵێکی مەترسیدار لە ڕێبازی کۆنەپارێزیدا بڕواهێنانە بە کەماڵی موتڵەق. چونکا هیچ شتێک بە قەدەر بەرجەستەکردنەوەی یۆتۆپیا بۆ پێشڤەبردنی راستەقینە زیانبار نییە. سیاسەت بە کردەوە، بێ توانایە و هیچ شتێک مەترسیدارتر لەوە نییە کە بۆ گەیشتن بە خەون و یۆتۆپیاکان زەبر و زەنگ بەکار ببرێت.

کۆنەپارێزی بۆ کۆنارایی، ڕێزێکی زۆر قایل دەبێت و هەر دەزگا یا نەریتێکی کۆمەڵایەتی کۆنتر و لە مێژینەتر بێت، لای ئەم ڕێبازە بەنرختره. کۆنەپارێزەکان، هەمیشە لەدووی ئەزموونی وەچەکانی پێشوون و هەوڵ دەدەن بە جەوهەری ڕۆحی ئەو ئەزموونانە، کلك وگوێی واقیعە کۆمەڵایەتییەکان بقرتێنن. لە بنەماکانی دیکەی ئەم قوتابخانە دەکرێ ئاماژە بدەین بە پاراستنی نەریتی لیبرالیزمی ئەورووپایی، ڕێزگرتن لە خاوەنداریەتی تایبەتی و کەمکردنەوەی دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووری.

کۆنەپەرستی — ارتجاع/گذشته گرایی — Reactionarism

مانای وشەکە «گەڕانەوە»یە بەڵام بەمانای«پەرستشی رابردوو» یان «رابردووخوازی»بەکار هاتووە.

ئەم زاراوە دەرحەق بەو جۆرە گرووپ و حیزب و حوکمەت و خەڵکە بە کار هاتووە کە لە بەرامبەر هەرچەشنە گۆڕانکاریەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا دژایەتی بکەن یان خوازیاری پووچەڵکردنەوەی هەندێ گۆڕانکاری و گەڕانەوە بۆ رابردوو بن. کۆنەپەرستی و پێشکەوتن خوازی لە هەر کۆمەڵگایەکدا شتێکی رێژەیی‌یە و پابەندی قۆناغی مێژوویی ئەو کۆمەڵگایە لە قەڵەم ئەدرێت. چونکا لەوانەیە ئەوشتەی کە لە کۆمەڵگایەك پێشکەوتن خوازانە لە ئەژمار بێت، لە کۆمەڵگایەکی‌تر کۆنەپەرستی بێت. لە هەر کۆمەڵگایەك کۆنەپەرستان، بریتین لە باڵی راستی توندڕەو (بڕوانە چەپ و راست)کە دەست و پێوەنیان پابەندی دەزگا ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی ئێستا و رابردووە و لە بەرامبەر هەموو گۆڕانکاریەك بەربەرەکانێ دەکەن.

کۆنەپەرستی دژی ستاندنەوەی دارایی و دەسەلات لەدەست چینی سەردەست و رادەست کردنەوەی بە چینی ژێردەستە. سیستەمە ئیستبدادی و دسپۆتیزمەکان و هێزە لایەنگرەکانیان، لە جوملەی کۆنەپەرستانن. لە بەرامبەر کۆنەپەرستی‌دا هایراکییەك لە *کۆنەپارێزی** و ریفۆرمخوازی* و شۆڕشگێری ریز ئەکرێت.

کوێرباوەڕی/دەمارگرژی — تعصب/جمود فکری — Fanaticism

فاناتیسیزم، بە بیر و باوەڕی تەسك و کوێرانە دەگوترێ و مێشك تەسك یان کوێرباوەڕ کەسێکە کە دەربارەی بابەتە جۆراوجۆرەکان، غیرەت و هەست وخوستێکی تایبەت لەخۆی نیشان دەدا و بێ بەڵگە هەڵدەچێ و لایەنگری کوێرکوێرانە لە بابەتێکی سیاسی، ئایینی، کۆمەڵایەتی و ئابووری دەکات. مرۆڤی کوێرباوەڕ، کارەکانی خۆی لەڕووی ئاوەز و ئەندێشەوە ئەنجام نادات و گوتار و کرداری خۆی بە پێوەرە عەقڵییەکان هەڵناسەنگێنێ و لە ژێر کاریگەریی هەست وسۆزدا لە هیچ هەوڵ و کۆشش و فیداکارییەك درێخی ناکات و بۆ سەپاندنی بیروڕای خۆی لە هەموو ئامرازێك کەڵك وەردەگرێ. هەر بۆیە فاناتیسیزم، دژ بە فەلسەفە دەوەستێ چونکە فەلسەفە زانستی بیرکردنەوە و بەکارهێنانی هزر و ئاوەز و بەرهەمی ئاخافتن و گفتوگۆیە.

حاشای لێ ناکرێ کە کوێرباوەڕی لەو مەسەلانەی کە پێویستیان بە تێفکرین و ئەندێشە هەیە، نەوەك بەرەو دۆزینەوەی هەقیقەت رێنموونیمان ناکات، بەڵکوو دەبێتە لەمپەرێك لەبەردەم شیاندن و بەڵگاندنی ژیرانەی بابەتەکان. مرۆڤی تەسك بیر، رێگایەك شك نابات جگە لەوەی بیر و بۆچوونی خۆی بە زۆرەملێ داسەپێنێت. بەم بۆنەوە دەرفەتی توێژینەوە و شرۆڤەی بیروڕای خەڵکانی دیکەشی لە دەست دەرئەچێ.

کۆیلەداریی — بردەداری — Slavery

کۆیلەداری دیاردەیێکە کە پێوەندی دەسەلاتدارێتی و ژێردەستەیی نیشان ئەدات. سنووری ئەم پێوەندییە لە دەسەلاتی کۆیلەدار بە سەر مەرگ و ژیانی کۆیلەوە بگرە تاکوو رێسای وشکی چاودێری بە سەر مافەکانی دوولایەن، جیاوازە. رەگەزی سەرەکی ئەم دیاردە مافێکە کە کۆیلەدار بەو پێیە دەتوانێ کۆیلە

مەجبوور بكات هەندێ كار بە قازانجی ئەو ئەنجام بات. بازرگانی كۆیلە لە پێوەند لە گەڵ كشتوكاڵ لەو شوێنانە كە كرێكار كەم بن، ئاسایی بووە. كۆیلەداری لە ناوماڵ، لە گەڵ كاروباری خێزان و خزمەتگوزاری شەخسی پێوەندی هەبووە. پاساوی ئەم كەشە بۆ كۆیلەدار ئەوە بووە كە سوود و بەهرەی ئابووری و ئایینی كۆیلەكان دەستەبەر ئەكات.

كۆیلەداری دیاردەیەكی زۆر كۆنە و لە چوار هەزار ساڵ پێش زایین، لە شارستانییەتی سۆمەرەوە دەستی پێكرد. تەنانەت لە یۆنانی كۆنیش بووە. ئەرەستۆ، كۆیلەداری بە دەرەنجامی سروشتیی پێوەندی نێوان سوڵتە ـ فەرمانبردن و كۆیلە بە «دارایی زیندوو» ناوبردە ئەكات. یاسای روومی، كۆیلە نەك بە ئینسان نازانێ بەڵكوو لەگوێن كەرەستەیەك لە خزمەت ئامانجەكانی كۆیلەدار ناوبردەی ئەكات. یەكەمین شۆڕش و ڕاپەڕینی كۆیلەكان بە رێبەرایەتی سپارتاكووس بەڕێوە چوو كە لە ساڵی ٧٣ی پێش زایین بەدژی ڕژێمی كۆماری ڕۆم خەباتیان كرد.

كۆیلەداری لە هەندێ شوێنی ئەورووپا لە سەدەكانی ناوەڕاست بەردەوام بووە. بەڵام پاش دەستێوەردانی مەسێحییەكان، حاڵ و وەزعیان باشتر بووە. لە قۆناغی نوێدا كۆیلەداری بەسرایەوە بە كاركردن لە ناو مەزرای گەورە لە وڵاتانی ڕۆژاوا و وڵاتانی موسوڵمان(وەك كەنین)و سەپان. لە سەدەی بیستەمدا سەرلەنوێ كۆیلەداری لە وڵاتانێكی پیشەسازی وەك ئەڵمانیای سەردەمی نازیسم، ژیایەوە. كۆیلەداری لە دوو سەرەوە پێوەندی بووە لە گەڵ ناسیۆنالیزمدا: لە لایەكەوە بەرهەمی هەست و سۆزی ناسیۆنالیستی حوكمەتێك بووە. لە لایەكی ترەوە، كۆیلەكان بە خۆڕاگری و ڕاپەڕین، یارمەتییان داوە بە بەهێزكردنی ناسیۆنالیزم*.

مۆركردنی پەیماننامەی ١٩٥٦ لە لایەن ٣٣ ئەندامی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ باشتر كردنی هەلومەرجی كۆیلەداری،نیشانەی دەوامەی سەرسەختانەی دیاردەی كۆیلەدارییە.

كەلتووری سیاسی — فرهنگ سیاسی — Political Culture

١ـ بریتییەلە كۆمەڵێ بڕوا و هەست و ئایدیال و نەریت و بۆچوون و بایەخی كەلتووری كۆمەڵگا یان سیستەمێكی سیاسی. ٢ـ ئاستی زانستی و ڕامانەی تاك و چین و توێژە جۆراوجۆرەكان لە دەسەڵات و سیاسەت. ٣ـ ئەركی لایەنە تایبەتییەكانی كەلتووری گشتی كۆمەڵگا كە لە گەڵ چۆنییەتی هەڵسوكەوت لەگەڵ سیاسەت، هێز، دەسەڵات، ئازادی، عەدالەت، دەوڵەت، حوكمەت و سیستەمی سیاسیدا پێوەندی هەیە. ئەمەش دەرەنجامی ئەزموونی مێژوویی نەتەوەیە لە كاتی ڕووبەڕوویی لە گەڵ دیاردە و ڕووداوە سیاسییەكانی ئەو نەتەوەدا.

كەمالیزم — كمالیسم — Kemalism

بریتییە لە ئایدیۆلۆژیا و ڕێبازەكانی مستەفا كەمال پاشا ناسراو بە ئاتاتورك (١٩٣٨ـ١٨٨١)، یەكەم سەرۆك كۆمار و دامەزرێنەری توركیای نوێ. ڕێبازەكانی كەمالیزم كە بەردی بنچینەی حیزبی خەڵكیی

تورکیا پێك دێنێت، بریتین لە: کۆماریخوازی، ناسیۆنالیزم، ریفۆرمخوازی، جیاوازی ئایین لە سیاسەت، سپاردنی کاروبار بە جەماوەر و دامەزراندنی دەوڵەتێکی دەسەڵاتدار و بەهێز. گرینگترین هەنگاوەکانی ئاتاتورك بۆ رۆژاوایی کردنی تورکیا، لابردنی چارشێوی ژنان، دانانی ناوی بنەماڵە بۆ خێزان، پەسندکردنی رۆژژمێری گریگۆری و گۆرینی خەت بە لاتین بوو. کەمالیزم، پاش ٧٥ساڵ ئێستاش لەناو رێکخراوە کۆنەپارێزەکانی ئەم وڵاتە وەك هێزەکانی ئەرتەش پشتیوانی زۆری لێدەکرێت. بەڵام ئەم رێبازە لەمەر سیاسەتی هاوچەرخی جیهانی و ئازادی ئابووری و زیندووبوونەوەی ئیسلامی سیاسی و *کێشەی کورد** لەم وڵاتەدا بەرەورووی پرسیار بۆتەوە.

کەمینە/ کەمایەتی اقلیت minority

گرووپێك، بە کۆمەڵێ تایبەتمەندی هاوبەشی نەتەوەیی، زمانی، کەلتووری و ئایینی کە بەو پێیە خۆیان لە زۆرینە*ی خەڵکی وڵاتێك کە تێیدا دەژین، بە جیاواز دەزانن. ئەم وشیارییە هاوبەشییەی کەمایەتی لە ئاست ئەم جیاوازییانەدا ئەبێتە بنەمایەك بۆ ئامانج گەلێکی سیاسی تایبەت و لەم بەستێنەوە ئەکەونە ژێر ئازار و بێعەدالەتی و تاراندن: بۆ وێنە یەکسانبوون لە گەڵ زۆرینە(لە بەرانبەر بێعەدالەتی ئیش و کار) یان رەفتارێکی تایبەت(وەك پەروەردە بە زمانی زگماکی) یان داوای خۆدموختاری کردن(بۆ وێنە ئەرمەنییەکان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، کوردەکانی رۆژهەڵاتی ناوین لە دەوڵەتانی ناوچەکە و کاتولیکەکانی ئایرلەندی باکوور). بە دەگمەنیش هەڵئەکەوێ کەمایەتییەك بە پێچەوانەوە، دەستی بە دەسەڵاتی سیاسی بگا و ئینجا زۆرینە ئەکەونە ژێر زەخت و فشارەوە(بۆ وینە رژێمی ئەفریقای باشوور لە قۆناغی رەگەزپەرستیدا). کەواتە «کەمایەتی» و«زۆرینە» بە پلەی یەکەم، چەمکی سیاسی لە قەڵەم ئەدرێن بەر لەوەیکە چەمکێکی عەدەدی بن.

لە پێش سەدەی ١٩ تەنیا کەمایەتییە ئایینیەکان بوون کە لە گۆرەپانی نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا چالاکییان ئەنواند. لە سەدەی نۆزدە بەملاوە وشیاری نەتەوەیی پەرەی سەند، ئینجا کەمایەتییە نەتەوەییەکانیش گرنگایەتی زۆریان پێدرا. کەواتە لە روانگەی ناوخۆییەوە کەمایەتییە نەتەوەییەکان بەزۆری بۆ چاککردنی وەزعی خۆیان دەنگیان هەڵبری(بۆ وێنە چیکەکان لە ئیمپراتۆرییەتی بنەماڵی هاپسبۆرگ). کەچی لە روانگەی نێونەتەوەییەوە کەمایەتییەکان بوونە هۆی ئەوەیکە نەتەوەیەك نەتوانێ لە کاروباری نەتەوەکەی تردا دەستێوەردان بکات(وەك ئەوەیکە هیتلێر کەمایەتییە ئەڵمانی زمانەکانی، کردە دەسپێچکێك بۆ گوشارهێنان بۆ سەر دەوڵەتەکانی چێك و پۆڵەندا).

لە روانگەی زانستی سیاسیەوە هەبوونی کەمایەتی لە کۆمەڵگادا یەکێکە لە مەرجەکانی دیموکراسیەت. بە واتایەکی تر، هیچ وڵاتێك دیموکرات نییە مەگەر ئەوەیکە کەمینەی لە خۆ گرتبێ. بایەخی دیموکراسیەتیش پابەندە بە دەور و رۆڵی کەمینە لە کۆمەڵگادا. کەواتە زامنکردن و بە رەسمییەت ناسینی دەوری کەمایەتی لە کۆمەڵگا ئەبێتە هۆی مانەوە و بەقای رژێمێکی دیموکراتی. بە هەمان شێوە کە هەرەشە و گورەشە لە کەمایەتیش دەبێتە هۆی لەکەدار بوونی دیموکراسی.

ئێستا کە لە ٩٤ وڵاتی جیهاندا شەڕ و ئاژاوە بەرپایە کە سەرچاوەی زۆریان دەگەڕێتەوە بۆ پشت گوێ خستنی خواست و مافەکانی کەمینەکان کە لە لایەن دەوڵەتانی پێوەندیدار بەم مەسەلەوە وەلا دەنرێت.

کیشۆت ئاسایی/پاڵەوانبازی کیشوت مآبی Quixotism

لە ناوی دۆن کیشۆت، پاڵەوانی داستانی میگل سێرڤانتس (١٦١٦-١٥٧٤) ڕۆمان نووسی ئیسپانیایی وەرگیراوە کە بە واتای کەسێکی ئایدیال و گێل و بەسەرزمان و دوور لە واقیعە کە هەمیشە شکست بخوات.

کێشەی کورد: بڕوانە ناسیۆنالیزمی کوردی.

گ

گانگستر گانگستر Gangster

ئەم زاراوە لە دوو وشەی Gang بە واتای دەستە و گرووپ و Ster بە واتای ڕێنوێنیکەر و بەشداربوون هاتووە. سەرجەم، واتای گرووپی خراپکار و ئاژاوەگێڕ و تێکدەر دەبەخشێ. گانگستریزم بە واتای لایەنگری کردنە لەو شێوازە.

گرووپی بانکی جیهانی گروه بانک جهانی World Bank Group

ئەم گرووپە پێکهاتووە لە ٣ ڕێکخراوەی نێودەوڵەتی (IGOs):

١ـ بانکی نێودەوڵەتی بۆ چاککردنەوە و پەرەسەندن (IBRD)، ئەم بانکە بە ناوی بانکی جیهانی ناوبانگی دەرکردووە کە مەبەستی ئەویش نوێکردنەوەی سیستەمی ئابووری وڵاتانی پەرەسەندووی سەردەمی جەنگی جیهانی بوو کە لێك هەڵوەشابوو. *بانکی جیهانی**، هاوجووتی سەندووقی نێودەوڵەتی دراوە.

٢ـ ڕێکخراوەی نێودەوڵەتی پەرەسەندن (IDA)، ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٦٠ بە مەبەستی بەخشینی قەرزی «سووك» بۆ یارمەتی بە ژێرخانی ئابووری و پەرەسەندن دامەزراوە.

٣ـ کۆمپانیای نێودەوڵەتی ماڵی(IFC) کە لە ساڵی ١٩٥٦ بە مەبەستی بەهێزکردنی کەرتی تایبەتی ئابووری لە وڵاتانی کەمتر پەرەسەندوو دامەزرا.

گرووپی فشار گروه فشار Pressure Group

لە وڵاتانی پیشەسازی نوێدا بیروڕای گشتی، کاریگەریی زۆری لە سەر ئاستی کۆمەڵگادا هەیە. لەم ڕووەوە گرووپی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی بە تایبەت گرووپە ڕەسمییەکان هەوڵ دەدەن بە شێواز و ئامرازی جۆراوجۆر *ڕای گشتی** بەرەو لای خۆیان داکێشن. کەشوهەوای مۆدێرنی ئەم چاخە وایکردووە کە دامودەزگای بەرپۆشوێن کە لە زاراوەی کۆمەڵناسیدا بە گرووپی فشار ناوی دەرکردووە، بێنە مەیدانەوە تاکوو ڕای گشتی لەگەڵ بۆچوونەکانی خۆیان هاوتەراز بکەن و بە ئامانجەکانیان بگەن. گرووپی گوشار بە گرووپێك دەگوترێت کە هەوڵدەدات بە گوێرەی بایەخپێدان و ئاراستەکانی خۆی یان جەماوەر (کە خۆی بە نوێنەریان دەزانێت) کاریگەری دابنێ لە سەر ئەو هێزانەی بڕیاری یاسایی دەدەن یاخود ڕێکخراوە حوکمییەکان (پەرلەمان، دەستەی حوکمەت، وەزارەت و دامودەزگاکان) و هەروەها گۆڕانکاری پێویست بهێنێتە ئاراوە.

کەواتە گرووپی فشار هەوڵ دەدات بە شێوەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ کاریگەری دابنێن لەسەر ڕای گشتی و سەپاندنی بڕواکانی خۆیان بەسەر کۆمەڵگادا.

ئەو پێناوانەی کە ئەم گرووپانە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بە شێوەیەکی ناڕەوا کەڵکی لێوەردەگرن بریتین لە:

پێناوی ئابووری: وەك بەخشینی خەلات و بەرتیل دان بە جەماوەر.

پێناوی یاسایی: گرووپی گوشار هەوڵ دەدەن خواستەکانی خۆیان لە ڕێگای یاساکانەوە بەسەر خەڵکدا بسەپێنن بۆ ئەم مەبەستەش دزە دەکەنە ئەنجومەنی یاسادانانی ولاتانەوە.

پێناوی تێکدەرانە: ئەم گرووپانە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان هەڵدەستن بە کاری تێکدەرانە و بشێوی و شەڕنانەوە لە ولاتدا.

پێناوی پڕۆپاگەندەیی: لە ڕێگای پڕۆپاگەندەوە دەست دەکەن بە بلاوکردنەوەی بیروڕای خۆیان بۆ گۆڕینی ڕای گشتی.

گرووپی ٥+١   گروه ٥+١   G 5+1

بریتییە لە پێنج ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان (ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بریتانیا، فەرەنسا، سۆڤیەت و چین) لە گەڵ ئەڵمانیا کە لە بابەت کێشەی ئەتۆمی ئێران لە ساڵی ٢٠٠٦ بەملاوە لە گەڵ ئەم ولاتە گفتوگۆیان دەکرد. ولاتانی ڕۆژاوا، ئێران بەوە تۆمەتبار دەکەن کە بە شێوەیەکی پەنامەکی و نهێنی لە لەفافەی بەرنامەی ئەتۆمی ئاشتی خوازانەدا خەریکی پیتاندنی ئۆرانیۆمە و دەیهەوێت چەکی ئەتۆمی دروست بکات. ئێران ئەم شتە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ لە پیتاندنی ئۆرانیۆم بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا کەڵك وەردەگرێ. لە ماوەی ٣ ساڵدا ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان چوار بڕیاری بە دژی ئێران دەرکردووە و هەندێ ئاستەنگی و گەمارۆی ئابووری بە سەر ئەم ولاتەدا سەپاندووە.

گرووپی ٦+٢   گروه ٦+٢   G 6+2

دوابەدوای ڕووداوە تیرۆریستییەکەی ٢٠٠١/٩/١١ و هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان لە ٢٠٠١/١١/٧ و جموجووڵە سەربازییەکەی هاوپەیمانی باکوور کە بووە هۆی ڕووخانی ڕژێمی تالیبان، گرووپی ٦+٢ دامەزرا. ئەم گرووپە پێکهاتووە لە نوێنەرانی ٦ ولاتی دراوسێی ئەفغانستان، واتە: ئێران، پاکستان، ئۆزبەکستان، تاجیکستان، تورکمانستان و چین و دوو ولاتی دوور لە هەرێمەکە، واتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕووسیا. ئەم گرووپە لە سەروبەندی قەیرانی ئەفغانستان، هەستا بە گفتوگۆ و ڕاوێژ لەمەڕ چارەسەرکردنی قەیرانەکە و دۆزینەوەی ڕێگایەك بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی و دیاریکردنی پلانی سیاسی دوارۆژی ئەفغانستان.

G - 8 گروه ٨ گرووپی ٨

ئەم گرووپە لە سەرەتای دامەزرانییەوە پێکهاتبوو لە ٧ وڵاتی گەورەی پیشەسازی جیهان واتە: ئەڵمانیا، بریتانیا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئیتالیا، ژاپۆن، فەرەنسا و کەنەدا، بەڵام لە دوای رووخانی یەکیەتی سۆڤیەت (١٩٩١)، فیدراسیۆنی رووسیاش لە کۆبوونەوەکانی ئەم گرووپەدا بەشداری دەکات. هەر بۆیە لە دانیشتنی ١٩٩٨ی لەندەن، بە شێوەیەکی فەرمی ئەم وڵاتەش بوو بە ئەندامی گرووپەکە و گرووپی حەوت، ناوی خۆی بە گرووپی ٨ گۆڕی. رێبەرانی ئەم هەشت وڵاتە، ساڵی جارێك و هەندێ جاریش لە کاتی نائاساییدا کۆبوونەوە ساز دەکەن و گەلێك لە کێشە و گیروگرفتە ئابووری و سیاسییەکانی جیهان لەم دانیشتنانەدا تاوتوێ دەکرێن. بۆ نموونە لە دانیشتنی ساڵی ٢٠٠٦ کە لە سانپێتەرزبۆرگی رووسیا بەڕێوە چوو، وێڕای باسکردن لە بابەتی تایبەتی گرووپەکە، لەسەر دۆسییەی ئەتۆمی ئێرانیش لێکۆڵینەوە کرا. گرووپی ٨ لەم چەن ساڵەی دواییدا دەرگای بە رووی ١٢ وڵاتی دیکەی جیهان کە خاوەنی ئابوورییەکی رووەو گەشەسەندن بۆ وێنە بەرازیل و هیندستان ئاوەڵا کردووە و وێدەچێ لە داهاتوودا شوناسی گرووپەکە تووشی گۆڕان بکات.

G - 15 گروه ١٥ گرووپی ١٥

ئەم گرووپە لە ساڵی ١٩٨٩ لە لایەن هەندێ لە وڵاتانی رووەوگەشەسەندن، بە مەبەستی چۆنیەتی دانوستان و هەڵسوکەوت لە گەڵ وڵاتانی پیشەسازی جیهان و پێکهاتەگەلێکی وەك گرووپی ٨ و رێکخراوەی بازرگانی جیهانی دامەزرا. ئەگەرچی ژمارەی ئەندامەکانی لە ساڵی ٢٠٠٠ گەیشتە ١٨ وڵات، بەڵام ناوبانگەکەی هەر بە ناوی گرووپی ١٥ ماوەتەوە. ئەندامانی ئەم گرووپە بریتین لە: ئەرجەنتین، ئەلجەزایر، ئەندونیسیا، بەرازیل، پیرۆ، جامایکا، زیمبابوا، سەنگال، مالیزیا، میسر، مەکزیك، نایجیریا، ڤینزۆئیلا، هیندستان، شیلی، ئێران، کێنیا و کۆلۆمبیا. لە بەیاننامەی حەوتەمین کۆبوونەوەی سەرۆکی وڵاتانی ئەندام کە لە ساڵی ١٩٩٧ لە کوالالامپوور دەرکرا، ئاماژە کراوە: ئەگەرچی رێکخراوەی بازرگانی جیهانی چوارچێوەیەکی گرینگە بۆ ئاسانکاری بازرگانیکردن لە جیهاندا بەڵام پێکهاتێکی نایەکسانە و هەموو وڵاتان ناتوانن بە شێوەیەکی یەکسان لە بەرژەوەندی و مافەکانی خۆیان داکۆکی بکەن.

ئەمG-77 گروه ٧٧ گرووپی ٧٧

گرووپە لە کۆنفرانسی بازرگانی و گەشەکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان (١٩٦٤) ناسراو بە «ئانکتاد» بە بەشداری ٧٧ وڵاتی رووەو گەشەکردن پێکهات بۆ ئەوەی ببێتە گرووپێکی فشار و لە بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی بەرەو گەشەکردن داکۆکی بکات. یەکەم دانیشتنی ئەم گرووپە لە ساڵی ١٩٦٧ لە ئەلجەزیرە گرێ درا و لەو کاتەوە تا ئێستا ژمارەی ئەندامانی هەر زیادی کردووە بە چەشنێك کە ئێستا ژمارەی ئەندامەکانی گەیشتۆتە ١٣٠ وڵات بەڵام ناوەکەی هەر نەگۆڕاوە. دانیشتنەکانی ئەم گرووپە بۆتە هۆی گەشەکردنی

پێوەندی بازرگانی لە نێوان وڵاتانی ئەندام بەڵام هەر نەیتوانیوە هەندێ لە ئامانجە سەرەکییەکانی وەك پاراستنی توانای کڕینی کەرەستەی خاو، بپێکێت.

گشتاپۆ گشتاپو Gestapo

ئەم زاراوە کورتکراوەی ئەم دێڕە ئەڵمانییەیە (Geheim Staats Polizie) کە واتای پۆلیسی نهێنی ڕژێمی نازی دەبەخشێ. ئەم دەزگا پۆلیسیە لە مانگی ئاڤریلی ١٩٣٣ لە لایەن گۆرینگ دامەزرا و پاشان کەوتە ژێر دەستی هیملەر و ئینجا لەگەڵ S. S (یەکە سەربازییەکانی ئەڵمانیای نازی) تێکەڵ کرا. گشتاپۆ، لە بەرامبەر هیچ ئۆرگانێکی دادوەری و چاودێریدا خۆی بە بەرپرسیار نەدەزانی و بە شێوەیەکی خودسەرانە ڕەفتاری دەکرد. هەر بۆیە دەسەڵاتێکی ڕەها و بێ‌سنووری بەدەست هێنا و دەستی دایە تیرۆر و کوشتن و نەخشە و پلانی بەرهەڵستکارانی ئاشکرا دەکرد و سزای دەدان. پاش شکستی ئەڵمانیا لە جەنگی جیهانی دووهەم دادگای نۆرمبێرگ، گشتاپۆی لەگوێن ڕێکخراوەیەکی تاوانکار و دژ بە بنەما مرۆییەکان لەقەڵەم دا و سزای بەسەریا سەپاند.

گفتوگۆی شارستانییەتەکان گفتگوی تمدن‌ها Dialogue Among Civilizations

پرۆژە بریارێك لە بەرامبەر تیۆری «ململانێی شارستانییەتەکان» و بیرکردنەوە دەربارەی گفتوگۆ لە جیاتی ململانێ و ڕواورووبی بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان. ئەم پێشنیازە لە دانیشتنی سەرۆکی وڵاتانی ئەندامی *ڕێکخراوەی کۆنفرانسی ئیسلامی** لە تاران (١٩٩٧) لە لایەن محەمەد خاتەمی سەرۆك کۆماری ئێران ئاراستە کرا و دواتر لە دوازدەیەمین دانیشتنی وڵاتانی ئەندامی بزووتنەوەی بێ لایەن* (١٩٩٨) لە ئەفریقای باشووری چێ کرا. هەمان ساڵ لە کۆمەڵی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان هاتە ئاراوە و لە دانیشتنی ٢٣ ئۆکتۆبەر، بەکۆی دەنگ پێشنیازی ئێران کەوتە بەرباس و سەرەنجام لە ٤ی نۆڤەمبەر بریار درا کە ساڵی ٢٠٠١، بە ناوی ساڵی گفتوگۆی نێوان شارستانییەتەکان لە ئاستی جیهاندا پەسند بکرێت.

گلاسنۆست گلاسنوست Glasnost

گلاسنۆست وشەیەکی ڕووسییە بە واتای ڕەپ و ڕاستی بەڵام لە زاراوەی سیاسیدا بریتیە لە کەشوهەوای کراوەی سیاسی و «پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی» بلۆکی سۆشیالیستی. ئەم زاراوە دوابەدوای بە دەسەڵات گەیشتنی گۆرباچۆف، ڕێبەری سۆڤیەت ڕەواجی زۆری پەیدا کردووە. گلاسنۆست و پێرۆستریکا دوو زاراوە بوون کە لە لایەن ڕێبەرانی یەکیەتی سۆڤیەت شانبەشانی یەکتر بۆ پیادەکردنی سیاسەتەکانیان بەکار دەبران. لە ئەنجامی گلاسنۆست، گۆرباچۆف دەرفەتی بە ڕۆژنامەنووسانی سۆڤیەت دا کە باس لە کەموکووڕی و گەندەڵی وڵات بکەن و ئاندرە ساخارۆڤ لە تاراوگە گەڕاندەوە و گەلێك لە نەیارانی سیاسی لە

بەندیخانە ئازادکرد. ئەم گۆڕانکارییانە لە لایەن ڕۆژاواوە پێشوازی لێکرا و ئاکامەکەشی هەڵوەشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەت بوو لە ساڵی ١٩٩٠.

گۆبینیزم　　گوبینیسم　　Gobinism

بیروبڕوای ژۆزف گۆبینۆ (١٨٨٢ـ ١٨١٦) دیپلۆمات و ڕۆژهەڵاتناسی فەڕەنسی کە لە کتێبەکەی خۆی بەناوی «نایەکسانی ڕەگەزی مرۆڤ»، لەسەر بنەمای بالادەستی رەگەزی ئاریایی داڕشتووە. ئەم بیروبڕوایە دواتر کاریگەری زۆری لەسەر «ئەفسانەی بالادەستی رەگەزی نۆردیک» و فەلسەفەی ئەڵمانیای نازی دانا.

گوتار/دیسکۆرس　　گفتمان　　Discourse

پێشینەی ئەم زاراوە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٤ زایینی کە لە ریشەی discurrere یۆنانی بە واتای بزووتن بە دەورووبەردا وەرگیراوە. مانای گشتی گوتار بریتییەلە گفتوگۆ و ئاخاوتن وەك لقێکی زانستی. بەڵام لە زاراوەدا بریتییەلە پێوەندی نێوان زمان و واقیعە کۆمەڵایەتیەکان یا پێوەندی پەیڤ و کارلێکە فیکری و کۆمەڵایەتیەکان کە ئەویش کۆی چالاکییەکانی مرۆڤ لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستی و هونەری لەخۆ دەگرێت. گوتار، دیاردە یان پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە کە خاوەنی بنیچە و زەمینەیەکی کۆمەڵەکییە. دەربڕینی بیروبۆچوون و پەیڤ و ڕستە و گوزارە و ماناکانیان، پێوەندی بەوە هەیە کە ئەم دەربڕینە، چۆن و لە لایەن چ کەسێك و لە چ ساتەوەختێکدا و بەدژ یان بە قازانجی چ کەسێك دەبێت.

ئەم زاراوە لە لایەن ئانتۆنی گرامشی(١٩٣٧ـ ١٨٩١)، بە تەرزێکی لاوەکی و میشل فۆکۆ(١٩٨٤-١٩٢٦)، بە شێوازێکی ئاشکرا بەکار براوە. هەڵبەت فۆکۆ یەکەم کەس نییە کە بەستێنی گوتار راکێش دەکاتە هەناوی کۆمەڵگاوە بەڵکوو ئەو هەنگاو دەنێتە جێ‌پێی کەسانێکی وەك مارتین هەیدگێر و ئیمیل بنونیست.

بە بۆچوونی فۆکۆ، گوتار بریتییەلە جیاوازی نێوان ئەو شتەی کە دەکرێ لە سەردەمێکی دیاریکراو (بە پێی ڕێسا و لۆژیك) بە هەقیقەت بگوترێ و ئەو شتەی کە لە واقیعدا دەگوترێ. فۆکۆ گوتارەکان بە پێی ڕێژەی پێوەندییان بە دەسەڵاتەوە پێناسە دەکات. لەم روانگەوە گوتار، دەربڕینی ئایدیالیستی وەهم و گومانەکان نییە بەڵکوو لە بەستێنێکی ماتریالیستیدا بەشێك لە پێکهاتەی دەسەڵات لە ئەژمار دێت. گرینگی گوتار لە دەرخستنی گەمەی دەسەڵاتدایە لە پێگە دیاریکراوەکانیدا. کەواتە بۆ دەرك پێکردن بە مێژووی گوتارەکان دەبێ خودی گوتارەکان موتالا بکرێت تاکوو بەم بۆنەوە پەردە لەسەریان هەڵماڵدرێت. فۆکۆ پێی وایە کە گوتار پێکهاتێکە لە چەند هێمایەك بەڵام کاریگەرییەکەی لەم هێمایانە زیاترە. ئەم تایبەتمەندییە ناهێڵێت گوتار دابەزێنێتە ئاستێکی ساکاری زمان و پەیڤ و ئاخاوتن. گوتار ڕۆشنکەرەوەی تایبەتمەندیی مێژوویی ئەو شتانەیە کە گوتراوە و ئەو شتانەش کە هێشتا نەگوتراوە. گوتار کۆمەڵێك گوزارەیە کە لە قۆناغێکی مێژوویی تایبەتدا بەرجەستە دەبێت و لە سەر زۆربەی بەستێنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فیکرییەکان لەنگەر ئەگرێت. بە باوەڕی فۆکۆ گوتار، کۆمەڵێك کردەوەیە کە بە شێوەیەکی سیستماتیك

بابەتگەلێك دەوروژێنێ كە خۆبەخۆ باس و لێوەكۆڵین بەرهەم دێنێت. بە تێپەڕبوونی زەمەن، گوتارەكانیش تووشی گۆڕان دەبن. وەك چۆن شێوازی بیركردنەوە و باسكردن لە بابەت چەمكگەلێكی وەك ئازادی و ئاسایش و مۆدێرنیتە تووشی گۆڕان هاتوون.

گۆشەگیریی/ دوورەپەرێزیی كنارە گیری/ انزواگرایی Isolationism

سیاسەت یان داكۆكی لە سیاسەتێك كە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەیی وڵاتێك، ئەوە بە باشتر ئەزانێ كە لە گەڵ وڵاتانی دیكە پێوەندی نەكاتەوە. گۆشەگیری سیاسی و ئابووری ئەگەرچی بە ئامانجێكی سیاسییەوە بێت بەڵام لە واقیعدا دژوارە. ژاپۆن جارێك لە سەدەی بیستەمدا بە تەواوەتی لەم قۆناغە تێپەڕی بەڵام وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا و بەریتانیا ـ كە كاتی خۆی ئەم سیاسەتەیان گرتە بەر ـ نەیانتوانی بە تەواوەتی پێی بگەن.

وشەی دوورەپەرێزیی(isolation) كاتێك مانای سیاسی لەخۆ گرت كە بەریتانیا لە ١٨٩٠ تا ١٩٠٠ لەبەرامبەر دوو بەرەی دەوڵەتەكانی «سێكوچكەی یەكگرتوو» و دەوڵەتانی هاوپەیمان لە گەڵ فەرەنسە و سۆڤیەتدا سیاسەتی«گۆشەگیری مەزن»ی گرتە بەر. زاراوەی دوورەپەرێزیی لە سەدەی بیستەمدا بۆ چەن لایەنێكی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكا و ئەندێشە و ڕێبازی هەندێ گرووپ بەكار هاتووە. ئەمەریكا، دوای شەڕی جیهانی یەكەم ئەگەرچی لە كاروباری نێونەتەوەییدا دەستی بوو بەڵام هیچ بەرپرسیارییەتێكی لە ئەستۆ نەگرت و لە كۆمەڵی نەتەوەكان و دادگای نێونەتەوەییدا بەشداری نەكرد. نزیكایەتی ئابووری و سیاسی جیهان و ڕووداوەكانی دوو شەڕی جیهانی، كارێكی كرد دوورەپەرێزیی لە ناو سیاسەتی نەتەوەییدا بێ بایەخ ببێت.

گەمارۆ/ئابلۆقە محاصره/ دریابندان blockade

بەرگرتن بە كاڵا و شمەكی پێویستی وڵاتی دوژمن لە ڕێگای دەریا یان ئاسمان كە سەرەنجام بە گەمارۆی دەریایی كۆتایی پێ دێت. ئابلۆقە، بۆ ئەوەی بتوانێ وەك سزایەكی لەبار ئیش بكات ئەبێ لە هەمبەر پاپۆڕە بێلایەنەكانیش بەڕێوە بچێت كە ئەمە لەباری یاسا نێودەوڵەتییەكانەوە كێشە سازدەكات. بە پێی یاسای نێودەوڵەتی، ئەكرێ دەست بەسەر ئەو پاپۆڕە بازرگانیانەی كە گەمارۆكە دەشكێنن، بگیردرێ. نموونەی گەمارۆ، هەوڵەكانی بەریتانیا بوو لە هەر دوو شەڕە جیهانییەكە بۆ گەمارۆی دەریایی ئەڵمانیا. نموونەیەكیتر، گەمارۆی وڵاتی كووبا بوو لە لایەن وڵاتەیەكگرتووەكانی ئەمریكا لە ساڵی ١٩٦٢.

گەندەڵیی سیاسی فساد سیاسی Political Corruption

كەڵك وەرگرتن لە دەسەڵاتی سیاسی بۆ گەیشتن بە قازانجی شەخسی و ناڕەوا بە گەندەڵی سیاسی لە قەڵەم دراوە. گەندەڵی ماڵی و ئیداری، گرنگترین لایەنی گەندەڵی سیاسی لە ئەژمار دێت. ڤیتۆ تانزی،

هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی، بەم شێوە ناوبردە ئەکات:

١- یاسا و ڕێساکان (وەك دەرکردنی ئیجازەنامە، بە ناوچەیی کردنی ئیش و کارەکان).

٢- چاودێری کردنی ڕیککەوتننامەی کڕین و سەرمایەدانانی دەوڵەتی (وەك دروستکردنی ڕێگاوبان پرد و فرگە).

٣- ئەو بەرنامانەی کە پاڵنەرن بۆ باجدان.

٤- چاودێری بە سەر ڕەوتی دامەزراندنی کارمەندان.

٥- ماهییەتی سیستەمی سیاسی.

٦- ماهییەتی سیستەمی سزادان.

بە بڕوای تانزی، گەندەڵی سیاسی لە زۆربەی وڵاتان لە ژێر سەری ڕێبەرانی سیاسییەوەیە و لە هەندێ وڵاتی دیکە لە لایەن کاربەدەستانی دەوڵەت و کارمەندانی شارەوانییە. ئەو دەوڵەتانەی کە بە پێی بەرنامەی ئایدیالی بەهێز و شۆڕشگێڕانە، ئەگەن بە دەسەڵات، ڕەنگە بتوانن تا ماوەیەك بە پاڵپشتی ئەم ئایدیالە و هەستوخوستی شۆڕشگێڕانە، گەندەڵی کۆنترۆڵ بکەن بەڵام هەر کە هەست و سۆزەکە نیشتەوە، سەرلەنوێ هەڵ ئەداتەوە و پەرە ئەستێنێ و ڕیشە دائەکوتێ. لە سیستەمی دیموکراسی ڕاستەقینەدا گەندەڵی ڕێبەران و بەرپرسانی سیاسی کۆنترۆڵ ئەکرێت یان ئاشکرا ئەبێت و بەری پێ ئەگیردرێت و بە دەگمەن ئەگاتە ئاستی گەندەڵی لە وڵاتانی ئیستبدادیدا.

ل

لاییک/لادین لائیک Laic

ئەم زاراوە لە ڕیشەی لاتینی laicus (بە واتای پابەندیی بە خواوەند) وەرگیراوە. هەروا بە مانای کەسێکی نائایینی و ناڕۆحانی‌یە کە هیچ کاروبارێکی لە لایەن دەزگای ئایینییەوە پێ نەسپێردرابێت و ڕەمەکی و دوور لە ئایین بێت.

لاییسیزم laicisme، لەم چاخەدا بریتییە لەو ڕێبازەی کە خوازیاری دەرهاویشتنی بنبونیاد و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانە لە ژێر دەسەڵاتی ئاییندا. ئەم ڕێبازە بزاوتێک بوو بۆ خەبات لە بەرامبەر زۆرداری و تەنگپێهەڵچنینی ئایین و ڕاوەستان بەدژی پشکنینی بڕوا لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا لە سەردەمی ڕینسانسدا. واتای لاییک لەو سەردەمەدا پەیوەست بوو بە پێکهاتەی کڵێسە و کۆمەڵگای مەدەنییەوە. کۆمەڵگای مەسیحی بە دوو چینی کلێرک clerk و لاییک دابەش کرابوو: لاییکەکان بریتی‌بوون لە مەسیحی ئاسایی و کلێرکەکانیش پێکهاتبوون لە کڵێسەییەکان یا خود کارمەندانی کڵێسە. ئەم کارمەندانە لە لایەن کڵێسەوە کاروباری ئیداری وپەروەردەیی و کولتوورییان پێ ئەسپێردراو مووچەی خۆیان وەردەگرت.

لاییسیتە laicıte بە مانای گەوهەرێکە کە پێکهاتە و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاست ئایینەکان دەری دەبڕن. ئەم مەسەلە لە دوو لایەنەوە شیاوی سەرنج پێدانە:

یەکەم، خەمساردی دەوڵەت بە نیسبەت ئایین کە ئەمیش چەند مانایەک لە خۆ دەگرێت:

١- بە واتای جیاوازی کۆمەڵگای نەتەوەیی لە کۆمەڵگای ئایینی. بە واتایەکی‌تر، جیاوازی دەزگای ئایینی لە دەزگای حکوومی. لەم حاڵەتەدا دەوڵەت خاوەنی دەسەڵاتی ئایینی نییە و دەستێوەردانی کڵێسە بە هەرشێوازێک بێت ڕەت دەکاتەوە و کڵێسەش هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی نییە.

٢- بە واتای بێ‌لایەنی لە کاروباری ئایینیدا. دەوڵەت بۆ هەموو ئایینێک بە چاوێکی یەکسان دەڕوانێ و بۆ ئەنجامی مەراسیمی ئایینی هەموو هاووڵاتیان بە شێوەیەکی بەرابەر ئازادییان بۆ دابین دەکات.

٣- بە واتای بێ‌دینی و بێ‌باوەڕی بە خوا و ئایین بە شێوەیەکی ڕەسمی. لەم حاڵەتەدا دەوڵەت بە کارمەندان و کاربەدەستان و فێرکارانی پەروەردە ڕادەگەیەنێت کە مافی ئەوەیان نییە بانگاشە بۆ هیچ ئایینێک بکەن و هیچ مەراسیمێکی ئایینی بەئەنجام بگەیەنن.

دووهەم، خەمساردی قوتابخانەکان بە نیسبەت ئایین: لەم حاڵەتەدا ڕەنگە دەزگای پەروەردە هەموو ئایینێک پەسند بکات و ئیماندارانی هیچکام لە ئایینەکان نەڕەنجێنێ بەڵام هەر چەشنە پڕۆپاگەندەیەک بە قازانجی ئایینێکی تایبەت قەدەغە بێت.

بە گشتی لاییک بە شێوازی حکومەتی ئەو وڵاتانە دەڵێن کە ئایین و سیاسەتیان لێک جیا کردۆتەوە و

ئایینی ڕەسمییان نییە. سیستەمی حوکم لە گەلێك لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی نائایینیە و لە نێوان وڵاتانی موسڵمانیش تورکیا کە خۆی بە وڵاتێکی ئەورووپی دەزانێ، پەیڕەوکاری ئەم سیستەمەیە.

Laissez-Faire لسه فر لسەفەیر/ئابووری ئازاد

زاراوەیەکی فەڕەنسییە کە بە واتای ئازادی ڕەهای ئابووری و دەستدرێژی نەکردنی دەوڵەت بەکار براوە، هەروا ئەم مانایەش دەبەخشێ: «لێگەڕێ مرۆڤ هەرچی دەخوازێ با ئەنجامی بات». ئەم زاراوە ناونیشانێکی دیکەیە بۆ تیۆری «ئابووری کلاسیك» کە پێی وایە ئەگەر دەوڵەت یا هەر هێزێکی دیکەی خۆسەپێن دەستێوەردانی کاروباری ئابووری نەکەن، گیروگرفتەکان خۆبەخۆ چارەسەردەکرێن و بە باشترین شێوە بەڕێوە دەچن. ئەم ڕێبازە لە سەرەتای سەدەی ١٧ دانراوە و کۆمەڵێك لە ئابووریناسانی فەرەنسی کە بە فیزیۆکراتەکان ناسراون پوختەیان کردووە.

Lobbying لابیگری لۆبیگەریی

لۆبی زاراوەیەکی باوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە واتای «هۆڵ» دەدات بەڵام لە زاراوەی سیاسیدا بە مانای کاریگەربوونە لەسەر دەسەڵاتی یاسادانان بە مەبەستی چەسپاندنی بیروبۆچوونێك کە ئەویش لە ڕێگای پێوەندی کردن بە ئەندامانی کۆنگرێسەوە دێتە بەرهەم. ئەم پێوەندییانە لە ناو هۆڵ و چەند ژوورێکی عەمارەتی کۆنگرێس سازدەبن. دەستە و *گرووپی فشار** لە ناو هۆڵەکانی کۆنگرێس بۆ سەپاندنی بیروڕای خۆیان بە مەبەستی ڕەتکردنەوە یا پەسندکردنی بڕیارێك پێوەندی بە ئەندامانی کۆنگرێس دەکەن.

لۆبی جوولەکانی ئەمریکا، یەکێکە لە گرنگترین و بەهێزترین گرووپەکانی گوشار لەو وڵاتەدا کە بە دزەکردن بۆ ناو ڕێکخراوە دەوڵەتی و ئابوورییەکان و دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەمریکا، کاریگەریی لەسەر بڕیارەکانی دەوڵەت و کۆنگرێس دادەنێت لەمەڕ کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێش بە هەر بڕیارێك دەگرێت کە دژی بەرژەوەندییەکانی ئیسراییل بێت. لەم وڵاتەدا لۆبی دیکەش بەکارن کە دەکرێ ئاماژە بدەین بە لۆبی ژاپۆنییەکان کە ساڵانە پتر لە ٣٠٠ ملیۆن دۆلار بوودجەی هەیە و تاکوو ئێستا توانیویەتی پێش بەو بڕیارانەی کۆنگرێس و کۆشکی سپی بگرێت کە هەناردەکانی ژاپۆن سنووردار دەکەنەوە.

Lutheranism مذهب لوتری لۆترانیزم

ڕێبازێکی ئایینی پرۆتستانە کە دەدرێتە پاڵ مارتین لۆتر (١٥٤٦-١٤٨٣)، بنیاتنەری بزووتنەوەی «ریفۆرمی ئایینی» ئەڵمانیا. ڕێبازی لۆتر لەسەر دوو ئەستوون ڕاوەستاوە: یەکەم، تەنیا بەڵگەی بڕواپێکراو کتێبی پیرۆزە واتە ئینجیل. دووهەم، پاکبوونەوە لە گوناح، تەنیا بە هۆی ئیمان و کاری چاکە مەیسەر دەبێت. لۆتر بۆ نزیکایەتی و پێوەندی مرۆڤ بە خواوەند بڕوای بە پێوەندی قەشە و کڵێسە نەبوو. ئەو لە ساڵی ١٥٢٠

جارنامەکەی پاپای کە تێیدا هەڕەشەی وەدەرنان لە کڵێسەی لێکرابوو، سووتاند. لۆتر لایەنگری ئازادی تاکەکەسی و ئازادی ئایینی و بیروڕا بوو. ئەو بەکارهێنانی زەبروزەنگی بۆ بەهێزکردنی ئایینی بە ناڕەوا دەزانی و بیروباوەڕی بە حاڵەتێکی دەروونی لە قەڵەم ئەدا. هەر بۆیە خەڵکانێکی زۆر وەدووی کەوتن و ڕێبازی لۆترانیزمیان بنیات نا. ئەم ڕێبازە بە هۆی جیاوازی و ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر بە شێوازەکانی ئایینزای کاسۆلیك، بە پرۆتستان ناوبانگیان دەرکرد. پرۆتستانەکان کە بەزۆری لە رۆژئاوای ئەوروپا دەژین بیروباوەڕ و ڕەحمەتی خوداوەند بە هۆکاری ڕزگاربوون دەزانن و زۆر پابەندی بیروڕا و ئازادی ئایینن.

لۆمپن پرۆلتاریا لومپن پرولتاریا Lumpen Proltariat

لۆمپن، وشەیەکی ئەڵمانییە و بە کەسانی بەتاڵپا و پەست و خوێڕی و شڕەخۆر دەگوترێ. زاراوەی لۆمپن پرۆلتاریا لە نەریتی سیاسیدا بە توێژێك لە خەڵکی چارەڕەش دەگوترێ کە بە هۆی بێبەشبوونی یاسایی و کۆمەڵایەتی و بێئاگایی لە کاروباری سیاسی و مرۆیی، ویژدانی شۆڕشگێڕانەی خۆیان لەدەست داوە. ئەم توێژە بە تایبەت لە کۆمەڵگا کۆلۆنیالیستیەکاندا سەرهەڵدەدەن و دەبنە هۆی تووڕەیی و بێزاری خەڵك و بەرە - بەرە بە هۆی ڕەوشی نالەباری ئابووری، زیاتر لە ناو تاوان و گەندەڵیدا نوقم دەبن. دەتوانین لۆمپن بە گرووپێکی شڕەخۆر و بەرەڵڵا و تاوانکار لە قەڵەم بدەین کە دەبنە کرێگرتەی وڵاتانی سەرمایەداری و چینی دەسەڵاتدار کە بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی دواکەوتووانە و دژەنەتەوەیی خۆیان سوودیان لێ وەردەگرن و بەم جۆرە پلەوپایە و پێگەی خۆیان بەهێزتر دەکەن.

لۆمپنەکان، لە کودەتا و پیلانەکاندا لە ڕێی جاشییەتی و کرێگرتەیی هەوڵی سەرکوتکردن و پێشێلکردنی ماف ڕەوای جەماوەر دەدەن. ئەمانە هەرچەندە ژیانێکی ناخۆش و دژوار بەسەر دەبەن بەڵام هەموو کارێك ئەنجام دەدەن و لە ئەنجامدانی هیچ کردارێکی نامرۆیی سڵ ناکەن. ناتوانین لۆمپنەکان لە چوارچێوەی چینێکی تایبەتدا ریزبەندی بکەین چون هیچ کار و کەسایەتییەکیان نییە و جگە لە ئاژاوەگێڕی و تێکدان کارێکی دیکە ئەنجام نادەن و بە گشتی دەچنە ریزی کەسانی مشەخۆر و سەرباری کۆمەڵگا و دوژمنانی گەلەوە.

لیبرالیزم: بڕوانە ئازادیخوازی.

لیبرالیزمی دیموکراسی: بڕوانە دیموکراسی لیبراڵ.

لیبرالیزمی نوێ لیبرالیسم نو Neo-Liberalism

لایەنگرییەکی نوێ لە ئەندێشەی سیاسی و ئابووری رۆژئاوایە کە لە دەیەی ١٩٦٠ بە ئاوێتەکردنی ڕێبازی سیاسی لیبرالی و گەشەی ئابووری هاتە ئاراوە. لیبرالیزمی نوێ لە ڕاستیدا پەرچەکردارێك بوو لەبەرامبەر

سەرهەڵدانی *دەوڵەتی خۆشگوزەرانی** کە لە پاش قەیرانی نێوان دوو شەڕی گەورەی جیهانی، بە تایبەت لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی هاتە ئاراوە. لیبرالیزمی نوێ زەمینەی فیکری سیاسەتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی هەندێ لە وڵاتانی رۆژاوایی بە دژی پێکهاتەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی و دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابووری و سۆشیالیزمی حیزبە کرێکارییەکان لە سیستەمی سەرمایەداری پێکهێنا. ئەم قوتابخانە ئەگەرچی لە بابەت ژێرخانی فیکرییەوە لە ناواخنی بزاوتی فیکری لیبرالیزمی کۆندا جێگیردەبێت بەڵام لە هەندێ لایەنەوە بیرۆکەیەکی نوێ لە ئەژمار دێت.

لیبرالیزمی نوێ، لە بەستێنی ئەندێشەی سیاسیدا لە بەرامبەر پەرەپێدان بە دامودەزگای دەوڵەت راوەستاوە و هەندێ لە ئاواتەکانی لیبرالیزمی کلاسیکی لەمەڕ سنووردارکردنی رەخنەکردنی دەوڵەت هێناوەتەدی. ئەم رێبازە خوازیاری کەمکردنەوەی خەرج وبەرجی دەوڵەتە بۆ دابەزینی رێژەی هەڵامسان چونکا لەم روانگەوە هەڵامسان دوژمنی سەرەکی لە ئەژمار دێت. لایەنگرانی ئەم رێبازە بەرامبەر دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابوور و کاروباری کۆمەڵگادا بەتوندی رەخنە ئەگرن و هەندێ بیرۆکەی نوێباویان لەمەڕ ئازادی تاکەکەس و کەمکردنەوەی رۆڵی دەوڵەت تا نزمترین ئاستی گونجاو و پێداچوونەوە بە ئەرکە سوننەتییەکانی حوکمەتدا ئاراستە کردووە.

لێبوردن/چاوپۆشی/هەڵکردن تسامح/ رواداری tolerance/Amnesty

رەوا دیتنی بیر و بۆچوونی جیاوازی ئایینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەلسەفی و هونەری لە سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا. لێبوردن یەکێك لە بەنرخترین بەهاکانی لیبرالیزم و دیموکراسی نوێیە. بە پێی ئەم بنەمایە، ئازادیەکانی تاکەکەس، تەنیا کاتێك دەپارێزرێن کە کۆمەڵگا لە بەرامبەر بیر و بۆچوونی جیاواز و بڵاوکردنەوەیاندا لە خۆ ببوورێ و سەرکوتیان نەکات. هەروەها گەشەسەندنی کۆمەڵگا و گەیشتن بە عەقڵێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی رێکوپێك، کاتێك مەیسەر دەبێت کە کۆمەڵگا و دەسەڵاتی حاکم، بنەمای لێبوردن و چاوپۆشی پەسند کردبێت. لێبوردن یەکێك لە کەرەستەکانی خەباتی لیبرالیزم بووە بەدژی زۆرداری کڵێسە لە ئەورووپا.

واتایەکی دیکەی لێبوردن مانای فەرامۆشی و لەبیربردنەوە دەبەخشێ کە لێرەدا مەبەست لە بڕیارێکی تایبەتە کە دەوڵەت لە هەندێ هەلومەرجی تایبەتدا دەریدەکات و لە تاوانبارانی سیاسی و ... خۆش دەبێت. لە کاتی گۆڕین یا رووخانی رژێم بە هۆی شۆڕش یا گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەوڵەتدا لێبوردن گرنگییەکی تایبەتی دەبێت و زەمینە بۆ ئازادکردنی هەموو زیندانی و تاوانباران خۆش دەکات.

لێبوردنی نێودەڵەتی عفـو بـین الملـل Amnesty International

رێکخراوەیەکی ناحوکومییە کە لە ١٩٦١/٥/٢٨ لە لایەن پیتر برێنسۆن، یاسناسی بریتانی بە مەبەستی

هەوڵدان بۆ ئازادی ئەو زیندانییە سیاسیانەی کە دەستیان نەداوەتە شەڕەنگێزی دامەزرا. لێبوردنی نێونەتەوەیی، بەرە ـ بەرە رێکخستنەکانی خۆی بەرفراوان کرد بە چەشنێك کە ئەمڕۆ لە پتر لە ١٥٠ وڵاتی جیهان نوێنەرایەتی هەیە و زیاتر لە یەك ملیۆن کەس کە زۆربەیان ناسراو و *پەرلەمانتار** و نووسەرن، خۆبەخشانە لە گەڵ ئەم رێکخراوەدا هاوکاری دەکەن. ئامانجەکانی ئەم رێکخراوە لە رواڵەتدا بریتییەلە خەبات بۆ ئازادی بیروڕا و ویژدان و زەمانەتی جێبەجێکردنی بەندەکانی جاڕنامەی گەردوونی ماف مرۆڤ لە وڵاتانی جیهاندا بەڵام تا رادەیەکیش لە ژێر کاریگەریی سیاسەتی بەریتانیایە. بوودجەی ئەم رێکخراوە لە رێگای یارمەتی ئەندامەکانی و بە شێوەیەکی خۆبەخشانە دابین دەکرێت. رێکخراو، ساڵانە بۆ لێکدانەوەی رەوشی ماف مرۆڤ لە جیهاندا شاندەکانی خۆی بۆ وڵاتانی جیهان دەنێرێ و گۆڤارێکی ساڵانەش لەم بابەتەوە بڵاو دەکاتەوە. رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە ساڵی ١٩٧٢ خەڵاتی ئاشتی نۆبلی پێ بەخشرا.

لیڤیاتان — لویاتان — Leviatan

لیڤیاتان لە کتێبی تەورات دا ناوی نەهەنگێکی گەورە و زەبەلاحە کە هیچ هێزێکی ئەم سەرزەمینە ناتوانێ لەبەرامبەریا راوەستێ و لە عەرزی بات. تۆماس هۆبز (١٦٧٩ــ ١٥٨٨) فەیلەسوفی ئینگلیزی، لیڤیاتان بە نیشانەیەك بۆ دەوڵەتێکی بەدەسەڵات و زەبر و زاکوون لە قەڵەم ئەدات و هەر بەم ناوەش کتێبە ناودارەکەی *(لیڤیاتان)* بڵاو دەکاتەوە. پوختەی قسەکانی هۆبز لەم کتێبەدا ئەوەیە کە ئەگەر خەڵك بخوازن بە تەواوی لە ئاسایش و ئارامیدا بژین، دەبێ هەموو دەسەڵاتی خۆیان رادەستی کەسێك یا ئەنجومەنێك (لیڤیاتان) بکەن. بەم پێیە ویست و ئیرادەی لیڤیاتان دەبێتە جێنشینی ویست و ئیرادەی جەماوەر. بەڕای هۆبز، لیڤیاتان بۆی هەیە هەر شتێك بە پێویست بزانێ ئەنجامی بات و رێوشوێن و بڕیارەکانیشی دەبێ لە لایەن هەموانەوە جێبەجێ بکرێت بەڵام خۆی لەم بارەوە سەرپشك و موختارە چوونکا دەسەڵاتی لیڤیاتان لە هەموو دەسەڵاتێك باڵاترە.

لێنینیزم — لنینیسم — Leninism

لێنینیزم، قوتابخانەیەکی سیاسییە کە لە ناوی ڤلادیمیر ئیلیچ ئۆلیانۆڤ لینین (١٩٢٤ــ ١٨٧٠) رێبەری شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ سۆڤیەت وەرگیراوە. لێنینیزم لەگوێن ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی، پاش مەرگی لینین داهات و ئەویش شێوازێکی تایبەتی مارکسیزمە کە لە سۆڤیەت پیادەکرا.

ئەم قوتابخانە باوەڕی بە چاکسازی فەلسەفەی مارکسیزم هەیە بەڵام لە هەمان کاتدا خۆی بە پابەندی بنەماکانی ئەو فەلسەفە دەهێڵێتەوە. لێنینیزم، کۆمەڵێك نووسراوەی دەستچین کراوی لینین بوو کە لە پاش هەندێ گۆڕان و چاکسازی بەسەر بنەماکانی مارکسیزمدا هاتە ئاراوە و هەندێ خاڵی پێ زیادکرا و هەندێ خاڵیشی لێ سڕایەوە تاکوو لە گەڵ رەوشی رووسیادا بگونجێ. لە راستیدا داهێنەری لێنینیزم، ستالین بوو کە کۆمەڵێك لە وتارەکانی لێنینی بە بێ لەبەرچاوگرتنی کاتی نوسینیان، لە ٩ بابەتدا بە ناوی «بنەماکانی

لینینیزم»کۆ کردەوە. لەم کۆکردنەوەدا هەندێ لە ئەندێشەکانی لینین دابڕا یان بە کورتوکوێری بڵاوکرایەوە. ترۆتسکی لە بەرامبەر ئەم کارەی ستالین دەنگی هەڵبڕی و رایگەیاند: «لینینیزمی ستالین»جگە لە کۆگایەک خەوش‌وخۆڵی فیکری و کورتبینی و کەمتەرخەمی، هیچی دیکە نییە. کەواتە ئەو لینینیزمەی کە ستالین دایهێنا، بوو بە تیۆری رەسمی یەکیەتی سۆڤیەت. لە بەرامبەردا ئەو شرۆڤە و لێکدانەوەی کە لە لایەن کەسانێکی وەك ترۆتسکی و بوخارین لە سەر بیروڕای لینین بە ئەنجام گەیشت، بە دەسکیسی ستالین تووشی شکستی سیاسی هاتن. دواتر، ڕێژەی وەفاداری لینینیزم، نەك هەر بە ئەندێشەکانی مارکس بەڵکوو بە نیسبەت ئەندێشەکانی لینینیش، بووە هۆی مشتومڕ لە نێوان مارکسییەکاندا.

لە باری مێژوویی یەوە، وشەی لینینیزم، یەکەم جار لە لایەن مارتۆف، ڕێبەری منشڤیکەکان لە ساڵی ١٩٠٤ بەکار برا کە ئەویش بۆ رەخنە لە تیۆری لینین بوو لەمەڕ ڕێکخستنی حیزبی پێشڕەو.

لێنینیزم، لە گەڵ *بولشویزم** لە سەرچاوەیەك ئاودەخۆنەوە و لەباری سیاسییەوە بەهێزترین لقی *مارکسیزم** لە ئەژماردێت کە بە *کۆمۆنیزم** ناوبانگی دەرکردووە. کۆمۆنیستەکان، خۆیان بە «*مارکسیزم – لینینیزم*»* ناوبردە دەکەن.

بیروبۆچوونەکانی لێنین لە سەردەمی پێش شۆڕشی رووسیا لە گەڵ سەردەمی پاش شۆڕشدا جیاوازن. بەر لە شۆڕش، لێنین بە پەیڕەو کردنی مارکس، باوەڕی بە رەوتی مێژوویی دیالیکتیك هەبوو چونکا رووسیا هێشتا ئامادە نەبوو بۆ شۆڕشێکی کرێکاری و نەگەیشتبووە قۆناغی پرۆلتاریا. لەبەرئەوە، سەرەتا دەبوو لەو وڵاتەدا شۆڕشێکی بۆرژوایی رووبدات(وەك شۆڕشی فەرەنسا) و رژێمی تاکڕەو و دیکتاتۆری تیزاری، جێگای خۆی بدات بە رژێمێکی دیموکراتی و یاسایی و حوکمەتی چینی میانە.

لێنین، مارکسییەکی دەمارگرتوو بووە و لەگەڵ هەرچەشنە پێداچوونەوەیەك بە بنەما و رۆحی شۆڕشگێڕانەی مارکسیزمدا دژایەتی کردووە. ئەگەرچی ئەو شتەی کە لینین بە مارکسیزمی زیاد کردووە، لەبواری تیۆرییەوە نایەتە بەرچاو بەڵام لێنینیزم هەڵگری وەرچەرخانێکی گرینگە لە مارکسیزمدا ئەویش گەڕانەوەیە لە دیترمینیزمی ئابووری بۆ ئیرادەگەرێتی. بە پێی دیترمینیزمی ئابووری – کە یەکێك لە تیۆرییەکانی مارکسە - سیاسەتی دەوڵەتەکان و رووداوە مێژووییەکان، بەگشتی هۆکاری ئابوورییان هەیە و بەرهەمی هێزە جەبرییە ئابوورییەکانن. لەم گۆڕانە فیکرییەدا لێنین، لە جیاتی ئەوەی کەشوهەوای شۆڕشگێڕانەی کرێکاری بە پاشکۆیەکی رەهای شێوازی بەرهەمهێنان و دۆخی ئابووری بزانێت، هۆکاری دەروونی و زەینی واتە «ئیرادەی شۆڕشگێڕانە» و ڕێکخستنی بوێرانە، بە پاڵنەری سەرەکی بۆ چوونە ناو رەوتی مێژوو دەزانێت. لێنین پێی وابوو کە بێ تیۆری شۆڕش هیچ کارێکی شۆڕشگێڕانە بە ئەنجام ناگات.

لێنین تیۆرییەکی تایبەتی دەربارەی ئیمپریالیزم ئاراستە کرد کە بەرفرەوان کردنی مارکسیزم بوو لە بواری شیکردنەوەی رەوتی فراژووتنی مێژوویی سەرمایەداریدا. ئەو ئیمپریالیزمی بە دوایین قۆناغی «سەرمایەداری پاوانخواز» دەزانی کە لە سەرەمەرگی خۆیدا بوو. ئەم تیۆرییە بوو بە بنەمایەك بۆ دابەشبوونی جیهان بە دوو ئۆردووگای سۆشیالیزم و ئیمپریالیزم کە لە قۆناغی *شەڕی سارد** زۆر دەنگی دایەوە. بە پێی

ئەم دابەشکارییە، سەرکەوتنی بەرەی سۆشیالیزم بەسەر ئیمپریالیزم. لەباری مێژووییەوە نکوڵی لێناکرێ چوونکا ئیمپریالیزم بەرەو مەرگ گلۆر بۆتەوە.

لینین کاریگەریی زۆری لەسەر بزووتنەوەی سۆشیالیستی (بە تایبەت مارکسیستی) دانا. تاکوو بەر لە شۆڕشی ١٩١٧، مارکسییەکان هەمیشە بە دەوری یەك حیزب کۆ دەبوونەوە کە ئەویش بە «حیزبی سۆشیال دیموکرات» ناوبانگی دەرکردبوو. بەلام لینین لەپاش دامەزراندنی ئینتەرناسیۆنالی سێهەم (بڕوانە کۆمینتێرن) ئەم حیزبانەی بە دوو حیزبی کۆمۆنیست و سۆشیالیست دابەش کرد. وردە ـ وردە ڕێوشوێنی لینین سنووری وڵاتەکەی بەزاند و زۆربەی وڵاتانی جیهانی گرتەوە. نووکە، ئەگەرچی لە ساڵی ١٩٩٠ سیستەمی کۆمۆنیستی لە یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو لێك هەڵوەشایەوە، بەلام لە چەند وڵاتێکی وەك چین و کووبا، ئەم ڕێبازە لە باو نەکەوتووە و هێشتا هەر ئەم وڵاتانەی پێ ئیدارە دەکرێ.

م

مائۆئیزم مائوئیسم Maoism

بریتییە لە بیرو بۆچوونەکانی مائۆتسە توونگ (١٩٧٦ ـ ١٨٩٣) بنیاتنەری حیزبی کۆمۆنیستی چین و ڕێبەری سیاسی ئەم وڵاتە. مائۆئیزم لە چین، بە ڕێبازی مارکسیزم ـ لینینیزم دەگوترێ. مائۆئیزم وەك ستالینیزم، دەستکاری پرەنسیپەکانی قوتابخانەی مارکسیزم ناکات بەڵکوو پتر بە چۆنییەتی پراکتیزەکردنەوە سەرقاڵ دەبێ و پشت بە شۆڕشی جووتیاریی و سەقامگیرکردنی سیستەمی سۆشیالیستی لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکان دەبەستێ. هەر بۆیە مائۆئیزم لەو وڵاتانەی کە هاوشێوەی چین ڕەفتار دەکەن گەشەی کردووە.

ئەو شتەی کە مائۆ و کۆمۆنیستەکانی چین بە کۆمۆنیزمیان زیاد کرد، بریتییە لە گواستنەوەی ناوەندی خەبات لە شارەکانەوە بەرەو گوندەکان و لە کرێکارانی شارەوە بۆ جووتیاران. لە بواری سیاسەتی ناوخۆیشدا مائۆئیزم، داهێنانێکی تازەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو کە ئامانجەکەی گۆڕینی کۆمەڵگای دواکەوتووی چین بوو کە تایبەتمەندییە گرنگەکانی بریتین لە: چاکسازی خاوەندارییەتی زەوی، بە هەرەوەز کردنی کشتوکاڵ، بەرنامەی «هەنگاوی گەورە بەرەو پێشەوە» و «شۆڕشی کولتووری».

هەروەك چۆن *لینینیزم**، پێداچوونەوەی مارکسیزم و گونجاندنی بوو لە گەڵ بارودۆخی پرۆلتاریای لاوازی پیشەسازی ئەوسەردەمەی رووسیا، مائۆئیزمیش پێداچوونەوەی مارکسیزم ـ لینینیزمە بۆ گونجاندنی ئایدیۆلۆجیای شۆڕشگێڕانە لە گەڵ رەوشی ئەو وڵاتانەی کە پرۆلتاریای پیشەسازیی زۆر لاوازیان هەیە.

مائۆئیزم، پاش سەرهەڵدانی ناکۆکی لە نێوان چین و سۆڤیەت وەك ڕێبازێکی توندڕەو لە باڵی چەپ جیا بووەوە و خۆی بە ڕێبازێکی بەپێزتر و لەبارتر دەزانی بۆ وڵاتانی جیهانی سێهەم و لە سەرانسەری جیهاندا بڵاو بووەوە. بزاڤە چەپییەکانی ئەمریکای لاتین، پتر لە ژێر کاریگەریی مائۆئیزمدا بوون بەڵام تەنها لە نیکاراگوا توانییان سەرکەوتن بەدەست بهێنن هەرچەندە حکومەتی مارکسیستی نیکاراگواش تەنها دە ساڵ جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو.

مائۆ چەند وانەیەکی لە شۆڕشی سۆڤیەت وەرگرت کە لەگەڵ کەشی ناوخۆی چین سازگار بوو بۆ وێنە، پلاندانانی ئابووری و دەست گرتن بە سەر پیشەسازییە مەزنەکاندا. لە بواری ئایدیۆلۆجییەوە، سەرەتا سەر لە رەهەنی مۆسکۆ بوو بەڵام دواتر کە خۆی «ڕێگای چینی بۆ گەیشتن بە سۆشیالیزم» دۆزییەوە، ئیتر بە دەربەستی مۆسکۆ نەمایەوە. مائۆیی‌یەکان پێیان وابوو کە شۆڕش نابێ کۆتایی پێ بێت بەڵکوو دەبێ هەمیشە لە حاڵی جووڵە و بزووتنەوەدا بێت. لەم روانگەوە خەبات، چ لە قەبارەی چینایەتیدا و چ بە شێوازی

شەڕ لەگەڵ خەمساردی شۆڕشگێڕانە، پێویستە هەر دەوامەی بێت. بەم بۆنەوە لە ساڵی ١٩٦٦ دەستیان دایە شۆڕشی کولتووری و مائۆ بە پشتبەستن بە گەنج و لاوانی شۆڕشگێڕ و سپای خەڵکی، داوای لە جەماوەر کرد لە بەرامبەر خۆبەزلزانی و خەمساردی راپەڕن و خەبات بکەن.

مارکسیزم — مارکسیسم — Marxism

تیۆرییەك دەربارەی چۆنییەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی - مێژوویی مرۆڤ و یاساکانی زاڵ بەسەریا کە لە لایەن کارل مارکس (١٨٨٣ـ ١٨١٨) فەیلەسوف، کۆمەڵناس و ئابووریزانی ئەڵمانی و هاورێکەی، فەردریخ ئەنگڵس (١٨٩٥ـ ١٨٢٥) دانراوە. ئەم دوو بیرمەندە بە ئاوێتەکردنێکی ئاڵۆزی فەلسەفەی ئەڵمانی و *ئابووری سیاسی** ئینگلیزی، بنەمای ئەندێشەیەکیان دانا کە ئەم دوو پێناسە لەخۆ دەگرێ:

یەکەم، تیۆرییەکی گشتی دەربارەی مێژووی مرۆڤ و قاییلبوون بە دەوری چارەنووسسازی «فۆرماسیۆنی ئابووری» یان شێوازەکانی بەرهەمهێنان لە مێژوودا.

دووهەم، تیۆرییەکی تایبەت دەربارەی گەشە و پەرەسەندن، بەرهەمهێنانەوە و ئاڵووێرکردنی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارانە کە پرۆلتاریا لەگوێن چینێکی جنگن بە هۆکارێکی مێژوویی و چالاك دەزانێ بۆ گەیشتن بە کۆمۆنیزم.

گومانێکی تێدا نییە کە مارکسیزم، یەکێك لە بزووتنەوە فیکرییە هەرە سەرەکییەکانی سەدەی نۆزدە و بیستەم بووە و لە ماوەی سەدساڵی رابردوودا کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر ئەندێشە و مێژووی رۆژاوایی و جیهان داناوە. بەگشتی مارکسیزم، بە مانا جۆراوجۆرەکانییەوە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر کرژکردنەوە و توندرەوکردنی پانتای فیکری سەدەی بیستەم لەسەر ئاستی جیهانی دانا بەڵام لە باری مانایی جەوهەریی مارکسیزم، لە نێوان مارکسییەکان جیاوازی بیروڕا هەیە. هەربۆیە بە درێژایی سەدەی بیستەم، چەندەها رێبازی مارکسی هاتە ئاراوە کە بەزۆری لە مەبەستەکانی مارکسیش ئەولاتر کەوتن. نموونەی ئەم رێبازانە بریتین لە: مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس، ماکسیزمی شۆڕشگێڕ، مارکسیزمی رووسی، مارکسیزمی فەلسەفی، مارکسیزمی رەخنەگرانە مارکسیزمی ئیگزیستانسیالیست و... کەواتە مارکسیزم، زۆر بەرفراوانترە لە ئەندێشەکانی مارکس. لەراستیدا گرنگترین قوتابخانە مارکسییەکانی سەدەی بیستەم، بەرهەمی ئاوێتەبوونی رەهەندێك لە ئەندێشەکانی مارکس و رەهەندەێك لە ئەندێشەی بیرمەندانێکی دیکەیە. بۆ وێنە، ئاوێتەبوونی ئەندێشەکانی مارکس لەگەڵ تیۆرییەکانی داروین، سپینۆزا، هێگل، کانت و فرۆید.

ئەندێشەکانی مارکس لە هەناوی بزاوتی کرێکاری و سۆشیالیستی سەدەی نۆزدەدا بوو بە هێزێکی سیاسی گرینگ لە رۆژئاوا. ئەم بیروڕایە لە راستیدا لایەنێکی کۆنباوی سۆشیال دیموکراسی ئەڵمانیا بوو کە لەسەر بزاوتی سۆشیالیستی و کرێکاری سەدەی نۆزدە کاریگەری دانا. بیرۆکەی سەرەکی لایەنگرانی ئەم رێبازە، بۆ وێنە مارکس، ئەمە بوو کە ناکرێ دیموکراسی ببەستینەوە بە چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵگا، بەڵکوو دەبێ بزاوتە کرێکارییەکانیش لەم رەوتەدا بەشدار بن چونکوو هاوبەشێتی ئەوان لە ژیانی سیاسی و

ناسینی مافەکانیان، دیموکراسی بۆ هەمیشە مسۆگەر دەکات. مارکس لە تیۆرییەکانی خۆیدا بەڕوونی هۆیەکانی سەرهەڵدان و ڕۆچوونی هەریەك لە قۆناغە کۆمەڵایەتییەکان ئاشکرا دەکات و ڕووخانی سیستەمی سەرمایەداری بەدەستی چینی ڕەنجدەران و زەحمەتکێشان (پرۆلتاریا) بە حەتمییەتێك دەزانێ. لە ڕوانگەی مارکسەوە سەرهەڵدانی دایەلیکتیکە مادی و ئابوورییەکان بەبێ جەنگی چینایەتی بەدی نایەت و فراژووتنی شارستانییەت لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی‌تر، بەبێ ململانێی توندوتیژی چینایەتی نایەتە بەرهەم و دەوری ڕاستەقینەی کرێکارانی لە بواری بووژاندنەوەی جیهانی بەدەر لە چینایەتی خستەڕوو.

لە نێوان تیۆرییەکانی فەلسەفەی مارکس ئەوەی کە زیاتر سەرنج ڕادەکێشێ، تیۆری مەتریالیزمی دایەلیکتیکە. مارکس لەم بیردۆزەدا تیۆری و کردەوە پێکەوە گرێ ئەدا و تێگەیشتنی ئەو لەم بوارەدا دیدێکی وردبینانەیە بۆ توێژینەوە لە پرسەکانی جیهان و ئەو شتانەی کە لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا سەرهەڵئەدەن. مەتریالیزمی دایەلیکتیك، بۆ هەر دیاردەیەك باوەڕی بە سێ فاکتەری کاریگەر هەیە بە ناوی تێز (These)، ئانتی تێز (Antithese) و سەنتێز (Synthese). بۆ وێنە لە ڕوانگەی ئەو، سەرمایەداری، تێزە، کرێکار، ئانتی تێزە و سۆشیالیزم، سەنتێزە.

مارکس، لە بەرامبەر ئایدیالیزمی دایەلیکتیکی هێگلدا «مەتریالیزمی دایەلیکتیکی»* داهێنا. هەڵبەت مارکس لەبری ئایدیالیزمی هێگل، هێزی ئابووری بە بنەما و بنیچەی ڕووداوەکانی مێژووی مرۆڤ دادەنێ. ئەو جگەلەوەی لەژێر کاریگەری فەلسەفەی هێگلدا بووە، تیۆرییە سۆشیالیستیەکانی فەرەنساشی بەردڵ کەوتووە و لە شۆڕشی مەزنی ئەو وڵاتە و تیۆرییە ئابوورییەکانی ڕیکاردۆش سوودی وەرگرتووە. بەڕای مارکس، مێژووی مرۆڤ، پرۆسەیەکی«سرووشتی»یە کە ڕەگوڕیشەکەی لە ناو پێداویستیە مادییەکانی مرۆڤدایە. ئەم گوزارە، بیرۆکەی سەرەکی«مەتریالیزمی مێژوویی»*یە کە مارکس و ئەنگلس ئەم بۆچوونە بە هاوشانی داروینیزمی ژینگەیی لە قەڵەم ئەدەن. لەم بارەوە ئەنگلس پێی وایە کە مارکس یاساکانی گۆڕانی سەرمایەداری، هەروەك بەشێك لە گەشەی کۆمەڵایەتی خستۆتە ڕوو.

مارکس پێی وابوو کە سەرجەم شێوازەکانی بەرهەمهێنان لە هەر چاخێکدا دەبێتە ژێرخانێك بۆ سەرخانە سیاسی و ئایدیۆلۆجییەکان. مەبەست لە شێوازی بەرهەمهێنان بریتیە لە چۆنیەتی ڕێکخستن بۆ وەبەرهێنانی کۆمەڵایەتی و ئامراز و کەرەستەکانی پێویست بۆ ئەم کارە. بەڵام لە هەر چاخێکدا سەرەنجام هێزە بەهەرمهێنەکان دەکەونەوە پێش شێوازی بەرهەمهێنان و ئینجا ناتەبایی و شۆڕشی کۆمەڵایەتی ڕوونەدات. لە سەردەمی سەرمایەداریشدا کاتێك هێزە بەرهەمهێنەکان گەیشتنە باڵاترین ئاستی گەشە و نەشەی خۆیان، پێوەندییەکی نوێ دێتە کایەوە و پاشان کۆمەڵگای سەرمایەداری لە ئاکامی کۆمەڵێك شۆڕش و وەرچەرخان دەڕووخێ. ئینجا زەمینەی لەدایکبوونی پێکهاتەیەکی مێژوویی نوێباو بە ناوی **سۆشیالیزم** ئامادە دەبێت.

مارکس لە دوایین پلانەکەی لەمەڕ سیستەمی خاوەندارێتی، باس لە سێ قۆناغی دیاریکراو دەکات: یەکەم، قۆناغی بەدەر لە چینایەتی سەرەتایی کە تێیدا هیچ جۆرە خاوەنداریەتیەکی تایبەتی لە ئارادا نەبووە و کۆمەڵگا بە شێوەی ڕاوچییەتی بەڕێ چووە(کۆمۆنی سەرەتایی). دووهەم، قۆناغی چینایەتی کە بەرە ـ بەرە

چینی جۆراوجۆر لەسەر بنەمای چۆنیەتی کەڵك وەرگرتن لە زەوی پێکهاتن. کۆمەڵگا لێرەدا بە چوار چینی تایبەت دابەش دەکرێت: (١) کۆمەڵگای کەونارا کە هەمان سیستەمی کۆیلەدارییە(بۆ وێنە لە رۆمای کۆندا). (٢) کۆمەڵگا ئاسیاییەکان کە لە وڵاتانی ئاسیایی لەسەر بنەمای کۆجێیی دەسەڵات لە دەستی ئیمپراتۆر یان فەرمانڕەوا بەڕێوە چووە. (٣) کۆمەڵگا دەرەبەگایەتییەکان کە بە پێچەوانەی وڵاتانی ئاسیایی، کۆجێیی دەسەڵات لە ئارادا نەبووە بەڵکوو دەسەڵات بە شێوەیەکی بەربڵاو لە لایەن میرنشینەکانەوە بەڕێوە چووە. (٤) کۆمەڵگای سەرمایەداری کە لە هەناوی سیستەمی دەرەبەگایەتییەوە بەدی هات، لەم کۆمەڵگایەدا گرنگترین جۆری خاوەندارێتی لە کۆمپانیا پیشەسازییەکاندا بەرچاو دەکەوێ و کەرەستەی بەرهەمهێنانیش تەکنۆلۆجی نوێیە.

سێهەم، قۆناغی بەدەر لە چینایەتی کۆمۆنیستی کە بە باوەڕی مارکس لە ناخی ***کۆمەڵگای*** سەرمایەدارییەوە لەدایك دەبێ کە ئەویش لە راستیدا بەرهەمی ناتەبایی نێوان خەسڵەتی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنان و خاوەندارێتی تایبەتییە.

مارکس بۆ راگواستن لە قۆناغی سەرمایەدارییەوە بەرەو سۆشیالیزم، باس لە قۆناغێکی میانە بە ناوی «دیکتاتۆری پرۆلتاریا» دەکات کە تێیدا چینی کرێکار، دوای دامەزرانی دیکتاتۆریەتی خۆی، چینەکانی دیکە وەلا دەنێ و بە پیادەکردنی سیستەمی سۆشیالیستی، هەموو خەڵکانی کۆمەڵگا دەبنە «کرێکار» و ئینجا جیاوازییەك لە نێوان کاری دەستی و فیکری و شار و دێهات نامێنێت. ئەم بەشە لە بۆچوونەکانی مارکس، چەندین جار لە لایەن لایەنگرانییەوە پێداچوونەوەی بەسەردا کراوە تەنانەت لە کۆنگرەی ٢٢ ی حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسا، مەسەلەی «دیکتاتۆری پرۆلتاریا» رەت کرایەوە. تاکوو پێش هەڵوەشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەت و ئەورووپای رۆژهەڵات لە ساڵی ١٩٩١، سێ ـ یەکی حەشیمەتی جیهان لە ژێر دەسەڵاتی ئەو رژێمە سیاسیانەدا بوون کە سەرلەڕەهەنی ئەندێشەکانی مارکس بوون. کاردانەوەی مارکس، جیاواز لە جیهانی ئەندێشە، بەستێنی کۆمەڵناسی و فەلسەفە و ئابووری و تیۆری کولتووریشی گرتۆتەوە.

مارکسیزم ـ لێنینیزم　　مارکسیسم ـ لنینیسم　　Marxism-Leninism

ئەم زاراوە لە گەرمەی مشتومڕە ئایدیۆلۆژییەکانی پاش مەرگی لێنین هاتە ئاراوە بۆ وەدەرنانی دوژمنانی ستالین. لە ژێر سەردێڕی ئەم ناوەدا مارکسیزم، بە پێی تێڕوانینی ستالین بۆ تیۆر و کردەوەی لێنین، سەرلەنوێ پێناسە کرایەوە. ئەم تێڕوانینە شەرعییەتی دەبەخشی بە سیاسەتەکانی ستالین و تا دەهات پێگەکەی وەك سەرچاوەیەکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیك قایمتر دەکرد. پاش سەردەمی ستالین، ئەم چەمکە بوو بە نیشانەی ڕەوابوونی دەسەڵاتی رێبەرانی داهاتوو. هەروەها لە گەرمانی کێشمەکێشی نێوان جەمسەرەکانی کۆمۆنیزمدا بوو بە بنەمایەکی ئایدیۆلۆژیك بۆ تاوانبارکردنی هەر چەشنە «لادان»ێك لە رێباز و باوەڕی مارکسی. لە میانەی مشتومڕی چین و سۆڤیەت، رووسەکان چینیان بەوە تاوانبار دەکرد کە لە رێبازی مارکسیزم ـ لێنینیزم لایداوە بەڵام چینییەکان رێگای خۆیان بەرەو ئایدیۆلۆژی «مارکسیزم ـ لێنینیزم ـ

مائۆئیزم» هەڵبژاردبوو.

مارکسیزم ـ لێنینیزم، ئاوەڵناوێك بوو كە پێشتر زۆربەی حیزبە کۆمۆنیستیەکان بۆ ناوبردەکردنی ئایدیۆلۆژی خۆیان بەکاریان دەبرد و بەم بۆنەوە خۆیان لەو حیزب و لایەنە مارکسییانەی کە باوەڕیان بە ڕێبازەکانی مارکس لەمەڕ شۆڕشی سۆشیالیستی و دیکتاتۆری پرۆلتاریا نەبوو جیا دەکردەوە. ئەم ڕێبازە لە بنەڕەتدا ئایدیۆلۆژی بزووتنەوەی کرێکاری بوو بەڵام لە کردەوەدا لە هەندێ لە وڵاتان بوو بە ئایدیۆلۆژیای ڕەسمی و کۆنەپارێزی چینی دەسەڵاتدار و بۆرۆکراسی دەوڵەتی.

مارکسیزمی نوێ مارکسیسم جدید Neo-Marxism

ئەم زاراوە پێناسەیەکە بۆ لایەنگرانی «قوتابخانەی فرانکفۆرت». قوتابخانەی فرانکفۆرت لە ساڵی ١٩٣٠ بە ناوی «سەنتەری لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی فرانکفۆرت» بە پاڵپشتی تیۆری ڕەخنەیی و بە سەرپەرشتی ماکس هۆرکهایمر(١٩٧٣ ـ ١٨٩٢) دامەزرا. ئەم قوتابخانە کە دواتر بیرمەندانێکی وەك تئۆدۆر ئادرنۆ، هێربرت مارکۆزە و ئێریش فرۆم ی بەخۆ بینی، بوو بە مایەی دوو پێداچوونەوەی گرنگ بە بیروباوەڕەکانی مارکسدا:

یەکەم، تیۆری ڕەخنەیی رووی کردە گۆڕانکارییەکانی دەروونشیکاری و بە تایبەت مارکۆزە و فرۆم هەوڵیان دا بۆ تێهەڵکێش کردنی تیۆرییەکانی مارکس و فرۆید. دووهەم، هۆرکهایمر و مارکۆزە، گەیشتنە ئەم قەناعەتە کە پرۆلتاریا بووەتە بەشێکی سیستەمی سەرمایەداری و هێزی خۆی بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و شۆڕش لە دەست داوە.

مارکسیزمینوێ هەروەها بە لایەنگرانی چەپی نوێ*و شرۆڤەکارانی مارکس دەگوترێ کە لە نەریتی مارکسیزم ـ لێنینیزم لایاندابێ و ڕوویان کردبێتەوە خودی مارکس. زۆربەی ئەم کەسانە ئەنگڵس و لێنین بە بەرپرسی بەهەڵە تێگەیشتنی ئەندێشەکانی مارکس دەزانن و وەلای دەنێن.

سەرچاوەی لایەنگریی ئەم گرووپە دەگەڕێتەوە بۆ نووسراوە سەرەتاییەکانی مارکس، بۆ وێنە ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی و دەستنووسە ئابووری وفەلسەفییەکان و بیرکردنەوە دەربارەی بنەماکانی مارکسیزم. بە واتایەکی دیکە سەرنج دان بە لایەنی هێگلی و یۆتۆپیایی و ڕۆمانسییەتی نێوان ئەندێشەی مارکس، لەبری ئابووری پەرستی و جەخت کردن لەسەر نامۆگەرێتی لەجیاتی پێداگرتن لەسەر بەرهەمهێنانی مرۆڤ.

ئەم گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی ئەندێشەی مارکس، لە کتێبێکی وەك وشیاری چینایەتی و مێژوو بەرهەمی گیئۆرگ لۆکاچ(١٩٧١ ـ ١٨٨٥) دەبیندرێ. لۆکاچ، یەکەم بیرمەندێکە کە بە شێوازێکی سیستەماتیك، لە مارکسەوە گەڕایەوە بۆ هێگل و پرۆلتاریای مارکس ـ کە هەڵگری ئاگایی مێژوویییە ـ دەخاتە جێی «ڕۆح» لە فەلسەفەی هێگلدا.

مارکسیزمی نوێ، زیاتر ڕێبازێکی ئەکادیمی لە ئەژماردێت و لە کردەوەی سیاسیدا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە.

مافی دەرە ـ سنووریی حقوق برون مرزی Exterritoriality

بەو مافانە دەگوترێ کە وڵاتێك بە کەسانێکی بیانی تایبەت کە لەو وڵاتەدا دەژین دەیبەخشێت. بە پێی ئەم مافانە ئەگەر بێتوو ئەو کەسانە تاوانێك ئەنجام بدەن، ئەوا دادگاکانی ئەو وڵاتە ناتوانن دادگاییان بکەن. هەڵبەت ئەم ڕێسایە باڵیۆز و نوێنەرانی سیاسی دەوڵەتەکان دەگرێتەوە و کەسانی ئاسایی ناگرێتەوە. ئەم مافانە پاراستنی ئەم جۆرە کەسانە و خێزانەکانیان دەگرێتەوە. لە سەدەی نۆزدەهەم دەوڵەتە داگیرکەرەکان لەم ڕێسایە کەڵکی نابەجێیان وەرگرت و بە ناوی کاپیتۆلاسیۆن* ئەم مافانەیان بۆ هەموو هاووڵاتیانی خۆیان مسۆگەر کرد و بەسەر دەوڵەتانی لاواز دەیانسەپاند.

مافە سرووشتییەکان حقوق طبیعی natural rights

ئەم چەمکە لە ئەندێشەی ئەورووپا، پێشونەیەکی دێرینی هەیە بەڵام زێدەتر لە سەدەکانی ١٧ و ١٨ بەرەوی پەیدا کرد. مافە سرووشتییەکان بریتین لەو مافانەی کە بە پێی «یاسای سرووشتی» دراوە بە تاکی مرۆڤ و شتێکی نەگۆڕ و حاشاهەڵنەگرە و بۆ هەموو کەسێك یەکسانە. بیرمەندانی سیاسی ئەورووپا ئەم مافانە بە مافێك ئەزانن کە مرۆڤ لە پێش بەدیهاتنی دەوڵەت، بە شێوەیێکی خۆڕسك و سرووشتی لێی بەهرەوەر بووە. سەرەکیترین مافە سرووشتییەکانی مرۆڤ بریتین لە: مافی ژیان، مافی ئازادی و مافی یەکسانی.

هەندێ لە بیرمەندانی سیاسی دوو زاراوەی «مافی یاسایی» لە گەڵ «مافی سرووشتی» جیا دەکەنەوەو زیاتر لە سەر مافی یاسایی لەنگەر ئەگرن. ئەم جیاوازییە تاکوو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەوامەی بوو. لەمەودوا «مافی یەکسانی بێ فەرق و جیاوازی بۆ هەموو ئەندامانی بنەچەی مرۆڤ» ڕاگەیاندرا و ئەم دەستەواژە لە جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ (بڕوانە مافەکانی مرۆڤ) کە لە کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان (١٩٤٨) لە پاریس پەسند کرا هاتە ئاراوە.

ناوەرۆکی بوێرانەی بیرۆکەی مافە سرووشتییەکان کە لە سەدەی ١٧ سەری هەڵدا، ئەم بنەمایە بوو کە حوکمەت ئەبێ لەسەر خواست و ڕەزایەتی خەڵك دابمەزرێت. لایەنگرانی ئەم تیۆرییە بەم قەناعەتە گەیشتن کە «کۆمەڵگای سیاسی» خۆی بەرهەمی پەیمانێکی کۆمەڵایەتییە. لەم ڕووەوە خواستی خەڵك، تەنیا یەکسانی و عەداڵەت بووە و یەکسانیش دەرکەوتێك بووە بۆ ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتییە.

مافی سیاسی حقوق سیاسی politicoal rights

مافی سیاسی بریتییە لەو مافانەی کە لە یاسای گشتی ناوخۆیی، تەنیا بە هاووڵاتیانی خۆجێیی وڵاتێك ئەدرێ و بۆ بەهرەمەند بوون لێی ئەبێ ببێتە شارۆمەندی ئەو وڵاتە. کەواتە ئەم مافە بۆ خەڵکانی بێگانە و هەندەرانی لە ئارادا نییە تاکوو نەتوانن لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتێکیتر دەستێوەردان بکەن. هەندێك پێیان وایە کە بەخشینی ئەم مافە بە کەسێکی لاوەکی، دژایەتی هەیە لە گەڵ یاسا نێونەتەوەییەکاندا، کەواتە بۆ ڕێزگرتن لەم یاسایەش بێت دەوڵەتان، ئەم مافە نابەخشن.

مافیا مافیا Mafia

مافیا ناوی ڕێکخراوەیەکی تیرۆریستی نهێنی نێودەوڵەتییە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە هەستاوە بە دژایەتیکردنی دەسەڵاتی یاسایی وڵاتان. مافیا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بە تایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵدەستێ بە کرداری تیرۆریستی و قاچاخی مادە سڕکەرەکان و باج وەرگرتن و ڕفاندنی مرۆڤ و ... بۆ ماوەیەکی زۆر سەرچاوەی ئەم ڕێکخراوەیان دەگەڕاندەوە بۆ ئیتالیا، بەڵام ئیمڕۆکە گرووپی مافیایی و نیمچە مافیایی، زۆربەی وڵاتانی جیهانی تەنیوەتەوە. بۆ وێنە کاربەدەستێکی پۆلیسی ئەمریکا گوتوویە کە مافیای رووسیا لە مافیای ئیتالیا پێشکەوتووترە. گرووپە مافیاییەکان ئەغلەب لە سێ بەشی سەرمایەدانان، قاچاخی مادەسڕکەرەکان و سێکس چالاکی دەنوێنن.

ماق چارەی خۆنووسین حق تعیین سرنوشت self-determination

لە بنەڕەتدا بە مانای ماق خواستی شارۆمەندانی وڵاتێکە بۆ هەڵبژاردنی حوکمەت یان شێوازی حوکمەتی خۆیان بۆ ئەوەی سەربەخۆ بن لە وڵاتێکی تر. (لە جاڕنامەی سەربەخۆیی ئەمەریکا ۱۷۷٦ و جاڕنامەی ماق مرۆڤ، لە شۆڕشی فەڕەنسە ۱۷۹۳) ئاماژەی پێدراوە. بە پێی یەکێك لە بنەماکانی ناسیۆنالیزم کە ئەبێ دەوڵەت بالانوێنی هێز و دەسەڵاتی نەتەوە بێت، ماق چارەی خۆنووسین. ماق دامەزرانی دەوڵەتی نەتەوەیە بۆ ئەو گرووپە ئەتنیکی و نەتەوەییانە کە لە دەوڵەتانی فرەنەتەوە و ئیمپراتۆریەکان جیا دەبنەوە. ماق چارەی خۆنووسین لە هەر دوو شەڕە جیهانییەکەدا دەورێکی بالای هەبوو لە پڕۆپاگەندەی بەرەی موتتەفقین. (بۆ وێنە چواردە مادەکەی ویلسۆن*)

پێناسەی نێونەتەوەیی لە چەمکی ماق چارەی خۆنووسین، گرفت ساز بووە. لە دوای شەڕی جیهانی یەکەم ئەم مافە بوو بە دەسپێچکێکی هاندەر بۆ هەڵوەشانەوەی ئەو ئیمپراتۆرییانەی کە شکستیان هێنابوو. خێرایی دەرکەوت کە ئەم داواکارییە بۆ تێکشکاندنی زلهێزەکانی ئەو سەردەمە بە جێیە بەڵام بۆ دامەزرانەوەی سیستەمێکی سیاسی نوێ گونجاو نییە. لایەنگرانی ماق چارەی خۆنووسین ئەم حەقیقەتەیان لەبەر چاو نەگرت، کە نەتەوە بوونەوەرێکی تۆکمە نییە کە بە تایبەتمەندی کەمینەوە ببێتە دیاردەیەکی جیهانی. ئەم کەمتەرخەمییە جگە لەوەیکە بووە هۆی نائارامی سیاسی لە وڵاتانی نوێباوی هەڵقوڵاو لە ئیمپراتۆرییەکانی عوسمانی و نەمسا ـ مەجارستان، بنەمایەکی یاسایی نوێی هێنایە کایەوە کە ۲۰ساڵ دواتر، نازیسم بە دژی وڵاتە سەرکەوتووەکان لە شەڕدا بە کاری هێنا.

بەم حاڵەش، ماق چارەی خۆنووسین وەك بنەمایەکی یاسای نێونەتەوەیی نەچەسپاوە و ئێستاش هەر یەکلا نەکراوەتەوە. ئەم تەمومژە بە سەر چەمکی چارەی خۆنووسیندا، کارێکی وایکردووە کە هەر وڵاتێکی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان بە جۆرێك لێکی بداتەوە و دەرفەتێکی وا بڕەخسێنێ کە هەر قەیرانێك بە لا خۆیا داکێشێ. لە لایەکیتریشەوە چونکا زۆربەی وڵاتان هەڵقوڵاوی ڕاپەڕین و خەباتی خەڵك بە دژی گرووپێکی دەسەڵاتدار بوون و بە شێوازی دیموکراتی و هەڵبژاردن، بە ڕێوە ئەچن. ئەم مافە ئەکەوێتە

پەراوێزەوە و لە گەڵ واقیعەکانی دنیای سیاسەتی ئیمڕۆدا ناگونجێ.

داکۆکی کردن لە ماف چارەی خۆنووسین، لە جاڕنامەی نەوتەوەیەکگرتووەکان ببوە بنەمایەك بۆ دژایەتی کردن لە گەڵ ئیمپریالیزمدا. بەڵام گرێی سەرەکی ئەم رەوتە، لە تیۆر و واقیعدا، ناسینی گرووپێکی نەتەوەیی یان یەکەیەك بوو کە ئەم مافەی ببێت، چونکا لەم زاراوەدا لە سەر «خۆ» جەخت ئەکرێ و جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش کە پێ لە سەر خودموختاری دائەگرێ، روونی ناکاتەوە کە کام گرووپ توانایی و ماف خودموختاری هەیە.

جاڕنامەی ساڵی ١٩٦٠ی نەتەوە یەکگرتووەکان بە کۆی ٨٩ دەنگ، سەربەخۆیی شوێنە داگیرکراوەکانی راگەیاند. بەڵام ئەم جاڕنامە لە جیاتی ئەوەیکە بوار بدات بە «نەتەوە» کە دەوڵەتێك بۆ خۆی دامەزرێنێ، ماف چارەی خۆنووسینی تەنیا بە قوربانییەکانی ئیستیعماری وڵاتە ئەورووپییەکان بەخشی. ئەگەرچی پێودانگێکی دیاریکراویش لە ئارادا نەبوو تاکوو دەری بخات کە دەبێ چ نەتەوەیەك وەك قوربانی ئیستیعمار بناسرێت!

بە گشتی گرووپی نەتەوەیی گەورە و ئەو ناوچانەی کە لەباری جوگرافییەوە لە دەوڵەتی ناوەندی دوورن، وەها مافێکیان هەیە. ماف چارەی خۆنووسین.لە هەمان کاتدا کە بریتییەلە ئازادی دامەزرانی دەوڵەت و دیاریکردنی رژێمی سیاسی، بە مانای رزگاربوونیشە لە رکێف و گوشاری دەرەکی پاش وەدەسهێنانی سەربەخۆیی. ماف چارەی خۆنووسین، هەندێ جار بە مانای خودموختاری و ئۆتۆنۆمی ئەنجومەن و کەمایەتی ئایینی و نەژادی لە ناو وڵاتێك پێناسە کراوە.

ماف خاك   اصل حقوق خـاک   Law of the Soil (Jus Soil)

تیۆرییەکی یاسایی کە نەتەوایەتی، گرێدراوی خاك و شوێنی لەدایکبوونی منداڵ لە قەڵەمڕەوی حاکمییەتی دەوڵەتێك دەزانێ. واتە هەر کەسێك پەیڕەوی وڵات و شوێنی لەدایکبوونی خۆیەتی. ئەگەر بێتوو کەسێك لە فڕۆکە یان پاپۆڕ لەدایك بێت، لێرەدا چونکا بەپێی نەریتی نێودەوڵەتی پاپۆڕ لە دەریای ئازاد و فڕۆکە لە ئاسماندا سەر بەو وڵاتەن کە ئاڵاکەی هەڵگرتووە کەواتە پاپۆڕ یان فڕۆکە لەگوێن خاکی ئەو دەوڵەتە لە ئەژمار دێن. بۆ نموونە، ئەگەر منداڵێك لە پاپۆڕێکی ئەمریکی لەدایك ببێت، بەپێی بنەمای ماف خاك ئەو منداڵە سەربە دەوڵەتی ئەمریکا دەبێت و رەگەزنامەی ئەمریکی وەردەگرێت. ئەمڕۆ زۆربەی وڵاتانی جیهان ماف خاك لە یاسا مەدەنییەکاندا لەبەر چاو دەگرن و بەو پێیە هەڵسووکەوت دەکەن.

ماف خودایی   حق الاهی   Divine right

لە پێش سەرهەڵدانی بزاڤە کۆماریخواز و دیموکراسییەکان، بە زۆری لە سەرتاسەری جیهان دەسەڵاتی حوکمەتەکان بە پێی بیرۆکەی ماف خودایی پاساو ئەدرا. بە پێی ئەم مافە، سوڵتان و پادشاکان بە ئیزنی خودا لە سەر زەمیندا فەرمانڕەواییان دەکرد. ئەم بیرۆکە تا ئەو شوێنە پێی درێژ کرد کە پادشا و سوڵتان بە سێبەری خوا لە قەڵەم بدرێن. نموونەی ئەم سێبەر و گوماشتە ئیلاهییانە، بریتییەلە شاکانی هەخامەنشی لە

ئێران، خاقانی چین، دیواپوترای هیندستان و ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاست تاکوو پێش شۆڕشی فەڕەنسە. ئەمانە هەموویان خۆیان بە سێبەری خوا و نوێنەری ئەو لە سەر قەڵەمڕەوی حوکمەتەکەیان ناوبردە کردووە.

دوای سەرهەڵدانی بزاڤە رزگاریخوازەکانی لیبرالیزم و دیموکراسیەت، ئەم جۆرە رژێمانە جێی خۆیان دا بە رژێمی دەستووریی و دەسەڵاتی راستەقینە گەڕایەوە بۆ خەڵك و دەوڵەتیش لە بەرامبەر خەڵك خۆی بە بەرپرس دەزانێ.

مافەکانی مرۆڤ حقوق بشر Human Rights

ماف مرۆڤ، شێوازێکی نوێیە لە تیۆری ماف سروشتی کە یەکەم جار جان لاك (١٦٣٢-١٧٠٤) فەیلەسوف ئینگلیزی، تیشکی خستە سەر و دواتر بە ناوی ماف مرۆڤ لەقەڵەم درا. ماف مرۆڤ بە کۆمەڵە مافێك دەگوترێ کە ئینسانەکان بە حوکمی ئینسان بوونیان ـ نەك لە بەر یاسا ـ ئەبێ لێی بەهرەوەر بن.

یەکەمین قەرار و بڕیاری نێو نەتەوەیی بۆ داکۆکی کردن لە ماف مرۆڤ، بۆ پشتیوانی کردن لە ماف خەڵکانی دەرەکی لە بەرامبەر ئازاردانی مەقاماتی خۆجێیی بوو. بە درێژایی سەدەی ١٩ زۆربەی دادگا نێونەتەوەییەکان، نیمچە قانوونێکیان بۆ رەفتار کردن لە گەڵ خەڵکانی بێگانە پەسند کرد...لە پاش شەڕی جیهانی یەکەم، زنجیرە پەیماننامەیەك لە نێوان دەوڵەتە ئەورووپییەکان واژۆ کرا کە چەن وڵاتی ئەورووپی بە پشتیوانی کردن لە کەمینە نەتەوەیی و ئایینی و نەژادییەکانی پێمل دەکرد و کۆمەڵی نەتەوەکانیش بە سەر ئەم بڕیارەدا چاودێری دەکرد.

یاسا نێونەتەوەییەکان بە گشتی گوێ نادەنە پێوەندی دەوڵەت و شارۆمەندەکانییەوە بەڵام ئەگەر بێتو ئەم پێوەندییە دوور بێ لە بنەمای ئینسانی و دژ بە عەدالەت راوەستێ و ویژدانی مرۆڤ بهەژێنێ، ئەوا ناچار ئەبێت خۆی تێهەڵقوتێنێ. بۆ وێنە پاش سەدەی ١٩ بازرگانی کردن بە کۆیلە بە تەواوی مەحکووم کرا و دوای کوشتاری بە کۆمەڵی ئەرمەنییەکان بە دەس عوسمانی، وڵاتانی ئەورووپی کەوتنە هەوڵ ودەوڵێکی زۆرەوە بەڵام ئەو شتەی کە داکۆکی نێونەتەوەیی لە ماف مرۆڤ بەربڵاو کرد، جەنایەت و کوشتوکوشتاری کەمینە ودانیشتووانی وڵاتە داگیرکراوەکان بە دەس رژێمی نازییەوە بوو.

لە کۆنفەڕانسی سان فرانسیسکۆ(١٩٤٥) کە بۆ دەرکردنی بەیاننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان ساز درابوو زۆرێك لە وەفدە نوێنەرایەتیەکان، پێداگرییان کرد کە لە بابەت ماف مرۆڤ و بەیاننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، هەندێ پێشنیاز بکرێت بەڵام لە بەر ئاستەنگی و گرینگی بابەتەکە ئەم کارە نەکرا و تەنیا لەچەن شوێنی بەیاننامە کە بەزاراوەی ماف مرۆڤ ئاماژە کرا.

بەیاننامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ: کۆمیسیۆن، بەیاننامەکەی لە مانگی ژووەنی ١٩٤٨ ئامادە کرد و کۆنگرەی گشتی لە دانیشتنی ١٠ی دیسەمبەری ١٩٤٨ بە تێکڕای دەنگ پەسندی کرد. (٦ ئەندامی بلۆکی سۆڤیەت و عەرەبستانی سەعودی و ئەفریقای باشور لە دەنگدان خۆیان پاراست) کۆنگرە ئەم

بەیاننامەی وەك «پەیمانێكی هاوبەش بۆ هەموو گەل و نەتەوەكان» ڕاگەیاند و هاوكات دەبوا هەمووان «بە فێركردن و پەروەردە بۆ ڕێزدانان بەم ماف و ئازادییانە تێبكۆشن و بە هەنگاونانی كاوەخۆ لە ئاستی نێونەتەوەیی، ناساندن و پاراستنی لە سەرانسەری جیهاندا مسۆگەر بكەن».

بەیاننامەكە جگە لە پرەنسیپی مافە سیاسی و مەدەنییە پەسندكراوەكان لە دەستووورە بنچینەیی و دیموكراتیكەكان، چەندین ماف ئابووری و كۆمەڵایەتی و كەلتووریشی تیا گونجاوە. یەكەمین بابەت لەم مافانە، بریتییە لە:ماف ژیان، ماف ئازادی و ئاسایشی تاك، پاراستنی تاك لە بەرامبەر زیندانی كردنی نایاسایی و ناردنە تاراوگە، ماف داكۆكی كردن لە دادگایەكی دادپەروەرانە و ئازاد و سەربەخۆ و بێلایەن، ئازادی ئەندێشە و ویژدان و ئایین و ئازادی كۆبوونەوەی ئاشتی خوازانە. لە بەیاننامەكەدا چەن مافێكی نوێ گونجاوە كە بریتییە لە: ماف ئاسایشی كۆمەڵایەتی، ماف ئیش و كار، ماف پەروەردە، ماف هاوبەشێتی لە ژیانی كەلتووری كۆمەڵگا و ماف بەهرەمەندی لە هونەر و پێشكەوتنی زانست و بەرهەمەكانی.

پشتیوانی لە ماف مرۆڤ لە ئەورووپا: داكۆكی كردن لە ماف مرۆڤ تەنیا لە ئەستۆی نەتەوە یەكگرتووەكان نییەو ئێستا چەن ڕێكخراوەی نێونەتەوەیی ئەم ئەركە بە ئەنجام ئەگەیێنن. بۆ وێنە «ڕێكخراوەی لێبووردنی نێونەتەوەیی» یان «پەیماننامەی ئەورووپایی ماف مرۆڤ» سەر بە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژاوا. لە ساڵی ١٩٥٩ «دادگای ئەورووپایی ماف مرۆڤ» بۆ پیادەكردنی ئەم پەیماننامە دامەزرا و هەموو كەسێك، بۆی هەیە لە دەوڵەتی خۆی، داد بۆ ئەم دادگایە بەرێت و شكات بكات. بەم پێیە بۆ پشتیوانی ڕاستەوخۆی نێونەتەوەیی لە ماف مرۆڤ، ئەم هەنگاوانە نراوە.

دەقی بەیاننامەی جیهانی مافەكانی مرۆڤ

لە لایەن كۆمەڵی گشتی ڕێكخراوەی نەتەوە یەكگرتووەكان لە بەرواری ١٠ی دیسەمبەری ١٩٤٨ دا پەسند كرا و ئەم ڕێكخراوە لە هەموو ئەندامان داوای كرد بەیاننامەكە بڵاو بكەنەوە و بە تایبەت بۆ شیكردنەوە لە ناو قوتابخانە و ناوەندە پەروەردەییەكان، كارئاسانی بكرێت. بنەڕەتی ئەم بەیاننامە لە پێشەكی دەستووری بنچینەیی ١٧٩١ فەرەنسەدا هاتووە. بەیاننامە كە بریتییە لە یەك پێشەكی و ٣٠ مادە كە بەم پێیەی خوارەوەیە:

پیشەكی

لەبەر ئەوەیكە ویژدانی هەموو ئەندامانی كۆمەڵی مرۆڤ و ماف یەكسان و نەگۆڕی ئەم جڤاتە بنەمای ئازادی و عەداڵەت و ئاشتییە لە جیهاندا"

لەبەر ئەوەیكە بێئاگایی و سووكایەتی كردن بە ماف مرۆڤ ئاكامێكی دڕندانەی وای لێكەوتۆتەوە كە ویژدانی مرۆڤی هەژاندووە و بەدیهاتنی جیهانێك كە تێیدا كۆمەڵی مرۆڤ بۆ دەربڕینی بیروڕا ئازادبن و دوور بن لە مەترسی و هەژاریی، گەورەترین ئاواتی مرۆڤ ڕاگەیێندراوە"

لەبەر ئەوەیكە پێویستە بە پیادەكردنی یاسا لە ماف مرۆڤ پارێزگاری بكرێت تاكوو مرۆڤ وەك دوایین ڕێگا

چارە ناچار نەبێت بە دژی ستەمکاری ڕاپەڕێت"

لەبەر ئەوەیکە پێویستە تەواوی گەلانی جیهان بۆ پەرەدان بە پێوەندی دۆستانە گاڵ بدرێن؛

لەبەرئەوەیکە گەلانی نەتەوە یەکگرتووەکان دووپاتیان کردبۆوە کە بڕوایەکی قایمیان بە مافە سەرەکییەکانی مرۆڤ و کەرامەت و بایەخی تاك و یەکسانی ماڤی ژن و پیاو هەیە و بڕیارێکی شێلگیرانەیان داوە کە بە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی یارمەتی بگەیەنن و لە ژینگەیەکی ئازادانەتر ژیانێکی باشتر بەدی بێنن؛

لە بەرئەوەیکە دەوڵەتانی ئەندام پەیمانیان داوە کە بە هاوکاری نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێزی جیهانی و پاراستنی ماڤی مرۆڤ و ئازادییە سەرەکییەکان دابین بکەن"

سەرەنجام، لە بەر ئەوەیکە باش لەم ماف و ئازادییانە تێبگەین چونکا بۆ وەفاداری بەم پەیمانە گرنگایەتییەکی زۆری هەیە:

کۆنگرەی گشتی ئەم بەیاننامە جیهانییەی ماڤی مرۆڤ وەك ئاواتی هاوبەشی هەموو گەلانی ئەم سەرزەمینە رادەگەیێنێ تا هەموو کەس و هەموو بەشێکی کۆمەڵ ڕێزی بۆ دابنێ و بە ڕاهێنان و پەروەردە ئەم ماف و ئازادییانە پەرە بدەن و بە هاوبیری نەتەوەیی و نێونەتەوەیی هەوڵ بدەن بۆ ناساندن و پیادەکردنیان، چ لە نێوان ئەندامان و چ لە دەرەوەی ئەندامان‌دا.

١

تێکڕای کۆمەڵی مرۆڤ ئازاد لە دایك دەبن و لە ئاست شەرەف و ماف، پێکەوە یەکسانن. هەموویان خاوەنی عەقڵ و ویژدانن و دەبێ لە گەڵ یەکتردا هەڵسوکەوتی برایانەیان هەبێت.

٢

١ـ هەر کەسێك بۆی هەیە بێ هیچ جیاوازییەك بە تایبەت لە بواری ڕەگەز، ڕەنگ، زایەند، ئایین و بڕوای سیاسی یان هەر مەرامێکی‌تر، هەروەها نەتەوە و پێگەی کۆمەڵایەتی ودارایی و زێد و خاك لە تەواوی ئەو ماف و ئازادییانەی لەم بەیاننامەدا ناوبردەکراون، بەهرەمەند بێت.

٢ـ هەمدیسان، نابێ لەسەر دۆخی سیاسی و دادپەروەری و نێونەتەوەیی وڵاتێك، دەرحەق بە کەسێك، هیچ بێعەدالەتییەك ڕووبدا، جا چ ئەم وڵاتە سەربەخۆ بێت یا بندەست، چ خاوەنی دەسەڵاتێکی سنووردار یا نائازاد بێت.

٣

هەرکەسێك ماڤ ژیان و ئازادی و ئاسایشی تاکەکەسی هەیە.

٤

نابێ هیچکەس بە کۆیلەیی وەمێنێت و کڕین و فرۆشتنی کۆیلە بە هەر شێوازێك بێت، قەدەغەیە.

٥

نابێ هیچکەس ئەشکەنجە و ئازار بدرێت یان لە گەڵیا ڕەفتارێکی ستەمکارانە و دژە مرۆڤانە و سووکایەتی ئامێز بکرێت.

٦

کەسایەتی یاسایی هەرکەس، وەك مرۆڤێك لە هەموو شوێنێك لە بەرامبەر یاسا دا بە رەسمییەت بناسرێت.

٧

هەموو کەس لە بەرانبەر یاسادا یەکسانە وماف ئەوەی هەیە کە یاسا بە چاوێك سەیری بکات و بە عەدالەت لە گەڵیا رەفتار بکرێت. ماف ئەوەشی هەیە کە لە بەرامبەر هەر چەشنە بێعەدالەتییەك کە ئەم بڕیارە پووچەڵ بکاتەوە، راوەستێ و لە ئاستی هەر پاڵنەرێك کە ئەم دۆخە تێك بدات، یاسا پشتگیری یەکسانی لێ بکات.

٨

لە بەرامبەر ئەو کردەوانەی کە مافە سەرەکییەکانی تاك ئەخەنە مەترسییەوە ـ ئەو مافانەی کە دەستووری بنچینەیی یان یاسایەکی تر پێی بەخشیبێت ـ هەر کەس مافی ئەوەی هەیە پەنا بەرێتە بەر دادگایەکی نەتەوەیی ئاشتی خواز.

٩

نابێ هیچکەس لەخۆوە دەسبەسەر بکرێ و بخرێتە بەندیخانە یان تاراوگەوە.

١٠

هەر کەس بێ هیچ فەرق و جیاوازییەك، ماف ئەوەی هەیە سکاڵا بەرێت بۆ دادگایەکی سەربەخۆ و بێلایەن و لەوێش بە شێوەیەکی ئاشکرا و دادپەروەرانە، ماف و داواکانی تاوتوێ بکرێن یان بە هەر شتێك تۆمەتبار کرابێت، لە سەری بڕیار بدرێت.

١١

١ـ هەرکەسێك تۆمەتی کەتنێکی لێدرابێ، پێش وەخت، «بێتاوان» لە ئەژمار دێت مەگەر ئەوەیکە لە رەوتێکی دادپەروەرانەی گشتیدا کە ئەویش ئەبێ هەموو بوارێك بۆ زامنکردنی پاراستنی ئەو کەسە رەخسابێت، لە باری یاساییەوە سڕی ئاشکرا بێ و پاشان تاوانبار لە قەڵەم بدرێت.

٢ـ هیچکەس لەبەر ئەنجامدان یا نەکردنی کردەوەیەك کە لە کاتی تێوەگلاندا بە پێی ماف نەتەوەیی یا نێونەتەوەیی، تاوان لە ئەژمار نەهاتووە، نابێ سزا بدرێت. هەروەها نابێ لە سزای کاتی تێوەگلانییەوە زیاتر سزا بدرێت.

١٢

کەس بۆی نییە سەر بکێشێتە ناو ژیانی تایبەتی و کاروباری خێزان و شوێنی حەوانەوە یان نووسراوەکانییەوە یان ناوبانگ و شەرەف و ئابرووی بکەوێتە مەترسییەوە. یاسا دەبێ لە هەرکەسێك کە بەرەورووی ئەم جۆرە مەترسیانە بووبێتەوە پشتیوانی بکات.

١٣

١ـ هەرکەس بۆی هەیە لە ناو هەر ولاتێکدا بەئارەزووی خۆی هاتووچۆ بکا و شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆی هەلبژێرێ.

٢ـ هەر کەس ماف ئەوەی هەیە هەر ولاتێك تەنانەت ولاتەکەی خۆشی بەجێ بهێلێ یان بگەڕێتەوە ولاتەکەی‌خۆی.

١٤

١ـ لە بەرامبەر ئەشکنجە و ئازار و راوناندا، هەرکەسێ ماف ئەوەی هەیە کە پەنایەك بدۆزێتەوە و پەنا بباتە ولاتێکی دیکە.

٢ـ لە کاتێکدا کە راونان لە واقیعدا لە سەر تاوانێکی گشتی و ناسیاسییە یان لە سەر کردارێکی دژ بە بنەما و ئارمانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بێت، ناکرێ لەم مافە کەلك وەرگیرێ.

١٥

١ـ هەرکەسێك ماف ئەوەی هەیە کە خاوەنی ماف شارۆمەندی ولاتێك بێت.

٢ـ ناکرێ کەس لەخۆوە لە ماف شارۆمەندی خۆی یان لە ماف گۆڕینی رەگەزنامەی نەتەوەیی بێ‌بەش بکرێت.

١٦

١ـ ژن و پیاوی بالغ ماف ئەوەیان هەیە کە بێ هیچ سنوورێکی رەگەزی و نەتەوەیی و ئایینی و شارۆمەندی، پێکەوە زەماوەند بکەن و خێزان پێك بهێنن. لە تەواوی ژیانی هاوبەش و تەنانەت لە کاتی جیابوونەوەشدا ژن و پیاو لە هەموو کار و بارێکی زەماوەندا ماف یەکسانیان هەیە.

٢ـ زەماوەند ئەبێ ئازادانە و بە رەزامەندی ژن و پیاو سەر بگرێ.

٣ـ خێزان ئەستوونێکی سروشتی و سەرەکی کۆمەلگایە و ئەبێ دەولەت و کۆمەلگا پشتگیری لێ بکەن.

١٧

١ـ هەرکەس بە تەنیایی یان بە کۆمەلەکی ماف خاوەندارییەتی هەیە.

٢ـ ناکرێ بە بێهۆ ماف خاوەندارییەتی لە کەسێك زەوت بکرێت.

١٨

هەرکەسێك ماف ئەوەی هەیە لە ئازادی ئەندێشە و ویژدان و ئایین بەهرەوەر بێت. ئەم مافە هەروەها ئازادی گۆڕینی ئایین و مەرام و رادەربڕین، پەروەردە و مەراسیمی ئایینیش دەستەبەر ئەکات. هەرکەس دەتوانێ لەم مافانە بە شێوەی تاکەکەسی یان کۆمەلەکی، بەهرەمەند بێت.

١٩

هەرکەس ماف ئازادی باوەڕ و رادەربڕینی هەیە و ئەمەش بریتییە لە بیروڕای ئازایانە و وەرگرتنی زانیاری و فیکر و دەربڕینیان بە هەر چەشنێکی مومکین بێ رەچاوخستنی سنوورەکان.

٢٠

١- هەرکەس ماف ئەوەی هەیە کۆڕ و کۆبوونەوەی ئاشتی خوازانە بە ئازادی ڕێك بخات.

٢- نابێ هیچکەس بە زۆرەملی ناچار بە بەشداری کردن لە کۆبوونەوەیەك بکرێت.

٢١

١- هەرکەس ماف ئەوەی هەیە لە ئیدارەی گشتی وڵاتەکەیدا ڕاستەوخۆ یان بە هۆی نوێنەرانێك کە ئازادانە هەڵبژێردرابن، بەشداری بکات.

٢- هەرکەس ماف ئەوەی هەیە لە هەلومەرجێکی یەکساندا پلە ومەنسەبە گشتییەکانی وڵاتەکەی خۆی بەدەستەوە بگرێت.

٣- ئیرادەی گشتی، بنیات و بنەمای دەسەڵاتی حوکمەتە. ئەم ئیرادە ئەبێ لە ڕێی هەڵبژاردنێکی بێغەش و ڕاست و ڕەوا بەڕێوە بچێت. هەڵبژاردن ئەبێ گشتی و یەکسان بێت و بە دەنگی نهێنی یا بە چەشنێکی وا کە ئازادی دەنگدان دەستەبەر بکات بە ئەنجام بگات.

٢٢

هەرکەس وەك ئەندامێکی کۆمەڵگا، ماف ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەیە و ئەتوانێ لە ڕێی هاریکاری نەتەوەیی و نێونەتەوەیی، ماف ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووریش کە بۆ پێگە و گەشەی ئازادانەی کەسایەتی ئەو پێویستە، بە لەبەرچاوگرتنی پێکهات و سەرچاوەکانی هەر وڵاتێك بە دەس بێنێت.

٢٣

١- هەرکەس ماف هەیە کار بکات، پیشەی خۆی بە ئارەزووی خۆی هەڵبژێرێ، خوازیاری هەلومەرجێکی دڵخۆشکەر بۆ کارەکەی بێت و لە کاتی بێکاریدا پشتگیری لێ بکرێت.

٢- هەمووان ماف ئەوەیان هەیە کە بە عەداڵەت، لە بەرامبەر کاری یەکساندا مووچە و پاداشی یەکسان وەرگرن.

٣- هەرکەسێك کار بکات ماف ئەوەی هەیە بە ڕەزامەندی و ئینسافەوە مووچەکەی پێبدرێ تاکوو ژیانی خۆی و خێزانەکەی بە سەربەرزی و شەرەفەوە بەڕێوە ببات و بۆ فراژبوونی ژیانی، لە کاتی پێویست یارمەتی بدرێت.

٢٤

هەرکەسێك ماف حەسانەوە و ئاسوودەیی و گەشتوگوزاری هەیە. ئەبێ کات وساتی ئیشکردنەکەی بەڕێوشوێن بێت و لە کاتی پشوودانیش نانبڕاو نەبێت.

٢٥

١- هەرکەس ماف ئەوەی هەیە ئاستی ژیان و تەندروستی و بەهرەداری خۆی و خێزانەکەی لە بواری خواردەمەنی و ماڵ و چاودێری پزیشکی و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان بباتە سەرەوە. دیسانەوە ماف ئەوەی هەیە کە لە کاتی بێکاری و نەخۆشی و پەککەوتن و بێوەکەوتنەوە و پیری یان هەر حاڵەتێکی تر کە مرۆۆ خۆی دەستی تیانەبووبێت و مەعاشەکەی لە دەست بات، لە ژیانێکی ئابڕوومەندانە بەهرەمەند بێت.

٢ـ دایکان و منداڵان مافی ئەوەیان هەیە لە یارمەتی و چاودێری تایبەت بەهرەوەر بن. منداڵان، چ ئەوانەی کە بە شەرعی لە دایک بووبێتن و چ ئەوانەش کە حەرامزا بن، مافی ئەوەیان هەیە کە بە یەک چاو سەیر بکرێن.

٢٦

١ـ هەرکەس مافی ئەوەی هەیە لە پەروەردە بەهرەمەند بێت. پەروەردە ئەبێ لانیکەم تا قۆناغی سەرەتایی خۆڕایی و حەتمی بێت. فێرکاری پیشەیی ئەبێ گشتگیر بکرێ و دەرگاکانی خوێندنی باڵاش بۆ هەمووان ئاوەڵا بێ تاکوو هەرکەس بە پێی توانستی خۆی لێی بەهرەوەر بێت.

٢ـ پەروەردە ئەبێ جۆرێ ڕاپێچ کرێت کە کەسایەتی ئینسانی هەمووکەس ببووژێنێ و ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ بەپێزتر بکات. پەروەردە ئەبێ فاماندنی قووڵ و لێبووردن و ڕێزدانان بۆ بیر و بڕوای نەیار و تەبایی نێونەتەوەیی و ڕەگەزیی و ئایینزایی و هەروەها پەرەدان بە چالاکییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، بخاتە گەڕ بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشەوە.

٣ـ دایک و باوک، لە هەڵبژاردنی جۆری پەروەردەی منالەکانی خۆیان بە نیسبەت کەسانی‌تر، لە پێش‌ترن و ماف لە پێشتریان هەیە.

٢٧

١ـ هەرکەس مافی ئەوەی هەیە کە لە ژیانی کەلتووری کۆمەڵگادا بەشدار بێت و لە بواری هونەری و پێشکەوتنی زانستی و قازانجەکانی بەهرەوەر بێت.

٢ـ هەرکەس مافی ئەوەی هەیە لە پشتگیری مادیی و مەعنەویی ئاسەوارە زانستی و کەلتووری و هونەرییەکانی خۆی بەهرەمەند بێت.

٢٨

هەرکەس بۆی هەیە خوازیاری چەسپاندنی نەزمێکی وابێت کە لە باری کۆمەڵایەتی و نێونەتەوەییەوە، ئەو ماف و ئازادییانەی کە لەم بەیاننامەدا هاتوون، دەستەبەر بکرێ و بەو پێیە هەڵسوکەوت بکات.

٢٩

١ـ هەمووکەس لە کۆمەڵگادا ئەرکی لە ئەستۆیە تاکوو گەشەی ئازادانە و بووژانەوەی کەسایەتی بۆ ئاسان بکرێت.

٢ـ هەرکەس بۆ پیادەکردنی ماف و بەهرەمەندی لە ئازادییەکانی، تەنیا خۆی پابەند بەو سنووربەندییە یاساییە ئەزانێت کە بۆ ناسین و پیادەکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکانی‌تر و بۆ بەڕێوەچوونی خواستە ئەخلاقییەکان و تەکوزی کۆمەڵایەتی و بەهرەداری گشتی لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیکدا قەراریان لە سەر دراوە.

٣ـ هیچ بەندێکی ئەم ماف و ئازادییانە، نابێ دژ بە ئامانج و بنەماکانی کۆمەڵی نەتەوەیەکگرتووەکان پیادە بکرێت.

٣٠

هیچکام لە قەرار و بڕیارەکانی ئەم بەیاننامە نابێ جۆرێك لێکبدرێتەوە کە بۆ دەوڵەت یان گرووپ یان کەسێك، ئەم مافە قاییل بکات کە بەو پێیە هەرکام لە ماف و ئازادییەکانی ئابراو لەم بەیاننامە، پووچەڵ بکا یان لەم ڕێگەوە هەنگاو بنێ.

ماکیاڤیلیزم ماکیاولیسم Machiavellism

تیۆرییەکی سیاسییە کە لە لایەن سیاسەتمەداری ئیتالیایی، نیکۆلۆ ماکیاڤیلی(۱۵۲۷ــ ۱٤٦٩) داڕێژراوە. ماکیاڤیلی، نووسەر و مێژونووسێکی بەناوبانگ و سکرتێری حکومەتی کۆماری فلۆرانس بووە کە لە ماوەی ژیانیدا گەلێك ئەرکی سیاسی ئەنجامداوە بەڵام پاش ماوەیەك لێی کەوتنە گومان و لەسەر کار لایانبرد. ئەویش هەموو کاتی خۆی تەرخان کرد بۆ نووسینی کتێبێك بە ناوی میر (prince). ئەو لەم کتێبەدا گەیشتن بە دەسەڵات بە ئامانجی کردەوەی سیاسی دەزانێ و بە هیچ بەربەستێکی ئەخلاقی نایبەستێتەوە. بۆیە پێی وایە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، دەکرێ لە هەر شتێك کەڵك وەربگیردرێت و نابێ بە هیچ کلۆجێك ئەخلاق لەگەڵ سیاسەتدا تێکەڵ بکرێت. لە ڕوانگەی ماکیاڤیلیستیەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان دەکرێ پشت بە هەر ئامرازێك ببەسترێ تەنانەت ئەگەر ناپەسند و دزێو بێت و لەم بارەوە پابەندی بە ئەخلاق و مرۆڤایەتی بایەخی نییە.

ئەم بیرۆکەی ماکیاڤیلی، پاشان بۆ ئەو دەسەڵاتدارانە بەکاردەهات کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە هیچ تاوانێك سڵیان نەدەکرد و هەندێ جاریش زاراوەکە بۆ دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر و ستەمگەر بەکار دێت. ماکیاڤیلی پێی وایە کە ئەگەر دەسەڵاتدار حەز بە مانەوە دەکات نابێ لە هەر شێوازێکی خۆپەرستانە و تاکڕەوانە و نامرۆڤانە خۆی بپارێزێت چوونکا ئەگەر وا نەبێت، ناتوانێ دەوڵەتەکەی ڕابگرێ.

ماکیاڤیلی کە لە سیاسەتدا ڕیالیزمی گەیاندە بەرزترین ئاستی خۆی، لە نێوان مەسەلە سیاسییەکان و گرفتە ئایینیەکان جیاوازی قایل بووە. مەبەستی سەرەکی ئەو مانەوەی دەوڵەت بووە و حکومەتی کۆماریی بە مەرجێك پەسند دەکات کە جەماوەر بە گشتی بگەنە ئاستێکی باڵای عەقڵانی. ئەگەرچی ماکیاڤیلی کەسێکی دیموکرات نەبووە بەڵام پێی وابوو کە جەماوەر دەبێ لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا دەورێکی باڵا بگێڕێت تاکوو دەوڵەت بتوانێ لەباری سیاسییەوە سەقامگیر بێت. ئەو پێی وابوو کە بۆ ڕژێمێکی دیکتاتۆریش، لەناوبردنی حوکمەتێکی دیموکراتی لێوەشاوە، کارێکی دژوار دەبێت.

خوڵاسە، جیهانبینی ماکیاڤیلی بۆ ماوەی چوار سەدە لە مێشکی خەڵکدا هاوواتا بووە لەگەڵ زۆرداری و نەگریسی و خەیانەت. بیرداڕێژی ئەم قوتابخانە، بە نموونەی سیاسەتمەدارێکی مووقەڵاش بەڵام مەکراوی و فێڵباز ناسراوە.

مانگرتن اعتصاب strike

ئەم وشە لە ناوی لێواری دەریایەکی فەرەنسی بە ناوی(پلاژدو گرو- Plage de greve) گیراوە کە کرێکارە بێکارەکان تێیدا ئاپۆرەیان دەبەست.

لە زاراوەی سیاسیدا بە مانای دەست لە کار کێشانەوەی کرێکاران یا کارمەندانی دەزگایێکی ئابووری یا ئیداری یا خزمەتگوزارییە بۆ وەرگرتنی مووچە یان داوای زیادکردنی. مانگرتن لە دوای شۆرشی پیشەسازییەوە سەری هەڵدا و چینی کرێکار کە لەو شۆڕشەدا لە دایك بوو، بۆ گەیشتن بە مافەکانی خۆی لە بەرامبەر کاربەدەستاندا ئەم بزووتنەوەی رێکخست و لەم رێگاوە مافەکانی خۆی دەستەبەر ئەکرد.

لە سەرەتا دا دەوڵەت و خاوەن کارەکان، بە شێوازی جۆراوجۆر و تەنانەت بە یارمەتی هێزی پۆلیسەوە مانگرتنەکانیان تێك ئەشکاند و سەردەستەی مانگرەکانیش غەڵتانی خوێن دەکران بەڵام لە میانەی سەدەی ١٩ بەملاوە بە پێی خەباتی لەپسان نەهاتووی کرێکاران، هێدی هێدی مانگرتن رواڵەتێکی یاسایی بەخۆوە گرت و کارمەندان و خوێندکاران و... تاد گرتەوە. ئینجا لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە حیزب و رێکخراوە سیاسیەکان لە مانگرتن بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسی کەڵکیان وەرگرت. لایەنگرانی سەندیکالیزم* و ئانارشیزم*، مانگرتنیان وەك داردەستێك بۆ روخاندنی دەوڵەت بە کار هێنا. لە مانگرتنی گشتیدا کرێکاران وفەرمانبەرانی تەواوی دەزگا ئابووری و پیشەسازی و خزمەتگوزارییەکانی ولاتێك، بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسی یان پیشەیی خۆیان، دەست لە کار ئەکێشنەوە. لە رژێمە دیکتاتۆرییەکان بە پێی قانوون مانگرتن یاوان و قەدەغەیە.

لەم دەور و چاخەدا چونکا زۆر سەرنج ئەدرێتە کۆمەڵ و کێشە ئابوورییەکانیش رەهەندێکی سیاسی لەخۆ ئەگرن، جیا کردنەوەی مانگرتنی پیشەیی لە گەڵ مانگرتنێك کە ئاکامی سیاسی بە دواوە بێت، زۆر دژوار بۆتەوە.

مانیفست — مانیفست — Manifest

مانیفست لە ریشەی لاتینی manifetus بە واتای راگەیاندراو وەرگیراوە. لە زاراوەی سیاسیدا بریتییەلە راگەیاندراوێك کە لە لایەن کۆمەڵە، گرووپ یان رێکخراوەیەك بۆ دەربڕینی بیروبڕوای سیاسی خۆیان بڵاو دەبێتەوە. راگەیاندراوی سەرۆکی ولاتان یا کاربەدەستانی باڵا لە پێوەند لە گەڵ رووداوی گەورەی سیاسی ولاتێك یاخود لە ئاستی نێودەوڵەتیش بە مانیفست لە قەڵەم دراوە. یەکەمین بەرنامەی کۆمۆنیستەکان کە لە لایەن مارکس و ئەنگلس لە ساڵی ١٨٤٨ بڵاو کرایەوە، بە مانیفستی حیزبی کۆمۆنیست ناوبانگی دەرکرد.

مرۆڤ دۆستی/مرۆڤگەرایی — انسان باوری — Humanism

مرۆڤ دۆستی یا هیۆمانیزم لە وشەی Human بە واتای مرۆڤ وەرگیراوە. ئەم زاراوە لە زانستە مرۆییەکاندا مانای جۆراوجۆری هەیە بەڵام بە گشتی بریتییە لە کۆمەڵێ تیۆری کە رێز بۆ مرۆڤ و خەسڵەتە ئینسانییەکانی دادەنێ و حەز بە گووران و بەختەوەری مرۆڤ دەکات. هەروەها بریتییەلە فەلسەفە و رێبازی مرۆڤایەتی کە ژیانی ئادەمیزاد لەم جیهانەدا بە گرنگتر دەزانێ لە لێکۆڵینەوەی ئاین و شتی مانایی و نەبینراو. بە پێی ئەم رێبازە پەروەردە شتێکی زور گرنگە بۆ گەشەسەندن و پێگەیشتنی توانستەکانی مرۆڤ.

لە مێژووی شارستانییەتی رۆژئاوادا مرۆڤپەروەری، ناوی بزووتنەوەیەك دەخاتەوە بیر كە بوو بە بنەمایەك بۆ رینسانس و بووژانەوەی زانست و كولتوور و هونەر و چڕ كردنی گیروگرفتە كۆمەلأیەتی وسیاسییەكان، دوور لە پەروەردە و دەسەلأتی پاپا ئاینییەكان. ئەم بزاوتە كولتوورییەی ئەوروپا بە هۆی ئاشنابوون لە گەڵ كولتووری كەونارای یۆنان و رۆما هاتە ئاراوە تاكوو لە بەرامبەر تاریكستانی فەرهەنگی سەدەكانی ناوەڕاست، كولتوورێكی نوێ بەرهەم بێنێت. دروشمی مرۆڤ دۆستی لەسەر ئەم قسەی پرۆتاگۆراس بەندە كە دەیگوت مرۆڤ پێودانگی هەموو شتێكە. بەم پێیە مرۆڤی خستە جێی خواوەند و كڵێسە و مەسیح و تاك گەرێتی و بڕەوی دا بە خۆپەرستی ئاوەزمەندی و لەبری باوەڕ بە مانەوەی رۆح و بەڵێنی بەهەشت، خۆشبینی بەم جیهانەی بەرجەستە كردەوە. ئایدیولۆژیای مرۆڤ دۆستی دوو قوتابخانەی لێ كەوتۆتەوە: یەكەم، لیبرالیزم* كە بالأنوێنی عەقڵێكی شارستانی بە تایبەت چینی رۆشنبیر بوو كە لەگەڵ كۆت و بەندە كۆمەلأیەتییەكاندا دژایەتی دەكرد و دواتر وەك ئایدیۆلۆژیای كۆمەڵگای سەرمایەداری *هەژمۆنی** پەیدا كرد. دووهەم، سۆشیالیزم كە خەونی بە چاكسازی و باشتر كردنی باری گوزەرانی چینی هەژارەوە دەبینی. نوێنەرانی مرۆڤ دۆستی لە ئەوروپا بریتین لە: دانتە، داڤینچی، مەیكڵ ئانژ، گالیلە، دكارت، لۆتر، شكسپیر، نیۆتۆن، سێرڤانتس، كۆپرنیك، ئەراسمۆس و بۆكاچیۆ.

مرۆڤناسیی سیاسی انسان‌شناسی سیاسی politicol anthropology

ئەم لقە زانستییە ئاوێتەیەكە لە زانستی مرۆناسی كەلتووری و زانستی سیاسەت كە سەروكاری لە گەڵ هەندێ لە قووڵترین كێشە سیاسیەكانی كۆمەڵگا سەرەتاییەكاندا بووە.

لە روانگەی زۆربەی مرۆڤناسانی سیاسییەوە، هەموو بەستێنەكانی ژیان كەمتاكورتێك خەسڵەتێكی سیاسییان هەیە و ژیانی كۆمەلأیەتی تێكڕا پێكهاتێكە لە سێكوچكەی ململانێ، دەسەلأت و سوڵتە. یەكەمین ئاسەواری مرۆناسیی سیاسی كتێبی فریدریش ئێنگڵس بوو لە ژێر سەردێڕی **سەرچاوەی خێزان، خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت** (١٨٤٤).

لەم سەردەمەدا موتالأكردنی پێوەندییەكانی دەسەلأت لە ناخی ستراكتووری خێزان، عەشیرە، نەتەوە و زایەند(سێكس) بە تایبەت لە ولأتانی بەرەو پێشكەوتن، بۆتە بابەتێك بۆ مرۆناسانی سیاسی. ململانێ و مشتومڕی سیاسی لەم ولأتانەدا زۆرتر لەسەر ئەم مەسەلانەیە و بە تایبەت باسكردن لە دواهاتی سیاسی ئەتنیكی و كێشمەكێشی نەتەوەیی كەوتۆتە بەر سەرنجی مرۆناسیی سیاسی. جیاواز لەم باسە تازانە، بابەتی كلاسیكی مرۆناسیی سیاسی ئێستاش هەر شێوازە سیاسییەكانی پێش دروسبوونی دەوڵەتە. یەكەمین شێوازی رێكخراوەیی ژیانی سیاسی لە قەوارەی هۆزەكان سەری هەڵدا كە ستراكتووری دەسەلأت لە ناویاندا لە سەر پێوەندی خزمایەتی سازدرابوو. چەن هۆكارێك بوونە هۆی گۆڕینی ئەم شێوازە سیاسییانە بەرەو دەوڵەتی رێكخراوەیی كە بریتین لە: بەرفراوان كردنی جوگرافیای دەسەلأتی هۆزەكان و سەركەوتنیان،

زیادبوونی بەرهەمی کشتوکاڵ، زۆربونی حەشیمەت، پەرەسەندنی بێعەداڵەتی کۆمەڵایەتی، پەرەسەندنی بازرگانی و گەورەبوونی شارەکان.

مرۆڤناسیی سیاسی، بۆ مرۆڤ وەك ئینسانێکی سیاسی ئەڕوانێ و تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی هەموو رێکخراوە سیاسییەکان لەباری مێژوویی و جوگرافییەوە پێناسە دەکات. ئەم واتایە لە کتێبی سیاسەتی ئەرەستۆ کە لە بنەڕەتدا مرۆڤ بە بوونەوەرێکی سیاسی ئەزانێت، بەرچاو ئەکەوێت.

مرۆڤی نوێ — انسان نـو — New Man

ئەم زاراوە لە دەیەی ١٩٢٠ رەواجی پەیا کردووە و لە زاراوەی سیاسی چەپدا بە واتای ئاڵوگۆڕی ماهییەتی مرۆڤ و گۆڕانی بەرەو بوونەوەرێکی نوێ، بەدەر لە هەرچەشنە فیز و دەمارێك، پێش راگەیشتن بە خۆی و خێزانەکەی، وەفاداری بە خەڵك بە ئەرکی سەرشانی دەزانێ. ئەم جۆرە مرۆڤە، خاوەنی بیروڕایەکی نوێیە و شێوازی رابردووی خستۆتە لاوە. تایبەتمەندی گرنگی ئەم مرۆڤە، سەرنج دانە بە داهاتوو لەبری رابردوو، ئینسانێکی بە تەکوزە و وردەبینە، بڕوای بە پلاندانان و رێکخستنی کارەکانە، باوەڕی بە زاڵبوونی مرۆڤە بە دەوروبەریا، بڕوای بە پیادەکردنی عەداڵەت و یەکسانی و زانست و تەکنۆلۆژییە.

مووساد — موسـاد — Mossad

مووساد زاراوەیەکی عیبرییە کە بە واتای دەزگایە و سەردێڕەکەی بریتییە لە:

Ha Mossad le Modein ve Tafkidim meyuhadim بە واتای دەزگای هەواڵگیریی و راسپاردنە تایبەتەکانە.

مووساد، ناوی رێکخراوی هەواڵگیریی و ئاسایشی ئیسرائیلە کە لە ساڵی ١٩٥٣ دامەزراوە و ئێستا بە یەکێك لە رێکخراوە سیخوڕییە بەناوبانگەکانی جیهان دادەنرێت. ئەم رێکخراوە تۆڕێکی گەورە و بەرفراوانی هەواڵگیریی لە سەرانسەری جیهان و بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی ئەفریقاییدا بڵاوکردۆتەوە و لە وڵاتانی ئەورووپی و ئەمریکاشدا بەدوای هەر چالاکییەك دەکەوێت کە بەدژی ئیسرائیل بێت و پووچەڵی دەکاتەوە. مووساد لە گەڵ رێکخراوی هەواڵگیریی ئەمریکا(سیا)* هاوکارییەکی نزیکی هەیە و دزەی کردۆتە ناو گەلێك رێکخراوەی هەواڵگیریی دیکەش لە جیهاندا.

مەتریالیزمی دایەلیکتیك — ماتریالیسم دیالکتیک — Dialectical Materialism

تیۆرییەکی فەلسەفی دەربارەی مێتافیزیك کە لە لایەن فردریك ئەنگلس ـ بۆ جەخت کردن لەسەر بۆچوونەکانی مارکس لەم بارەوە ـ لە کتێبی ئانتی دورینگ (١٨٧٨) و دایەلیکتیکی سرووشت (١٩٢٥) ئاراستە کراوە. (هەڵبەت ئەم زاراوە یەکەم جار لە لایەن پولخانۆف بەکار براوە). ئەم فەلسەفە، پاش ئەوەی کلك و گوێی کرا، بوو بە فەلسەفەی رەسمی حیزبە کۆمۆنیستەکان و «مەتریالیزمی مێژوویی»* کامڵ کرد.

مەتریالیزمی دایەلیکتیکی، تەنها مادە بە راست و گرنگ دەزانێ و بە بناغەی گەردوون دایدەنێت. ئەم فەلسەفە، سەرچاوەی هەموو نیشانە و بەرهەمەکانی ژیان بە مادی لەقەڵەم ئەدا و هەموو گۆڕانکارییەکان بە مادە پەیوەست دەکات کە ئەم گۆڕانکاریانەش بە پێی کۆمەڵێك یاسای تایبەت کە پێی دەگوترێ « دایەلیکتیك»، روو ئەدەن. دایەلیکتیك* هەم شێوازی گۆڕینی واقیعەکانە و هەمیش شێوەی دۆزینەوەی «یاساکانی جووڵە»ی ئەو واقیعانە یە. ئەم قوتابخانە پێی وایە کە پرەنسیپەکانی مەتریالیزمی دایەلیکتیك لەگەڵ هەموو لقە زانستییەکاندا دەخوێنێتەوە.

مەتریالیزمی دایەلیکتیك، مادە لە ئاوەزی مرۆڤ بە گرنگتر دەزانێ و ئاوەز بە رەنگدانەوەی جیهانی مادە لە مێشکی مرۆڤ لە قەڵەم ئەدات و هەموو شتێك یان دیاردەیەك بە دەرەنجامی جووڵەی جەوهەری مادە شرۆڤە ئەکات.

مارکس، دایەلیکتیکی تەنها لە هەمبەر دیاردەکان و کۆمەڵگا دەبەستەوە بەڵام ئەنگڵس، رووبەری ئەم فەلسەفەی بەرەو سرووشت بەرفرەوان کرد و لە ژێر کاریگەریی بیروڕاکانی هێگل، پێی وابوو کە جیهان (سروشت و ئەندیشە ومێژوو) دەکەونە ژێر باری سێ یاسا: ١) یاسای هەڵگەڕانەوەی چەندایەتی(کمیت) بە چۆنایەتی(کیفیت). ٢) یاسای ئاڵۆزی دژەکان (اضداد)، بە پێی ئەم یاسایە جووڵە، دەرەنجامی دژایەتی نێوان رەگەزە هاودژەکانی ناو سروشت و کۆمەڵگا و مێژووە. لە کۆمەڵگای چینایەتیدا لەبەر ئەوەی چینەکان دژی یەکترن، ململانێی چینایەتی دەبێتە مەرجێك بۆ فراژووتنی کۆمەڵگا. ٣) یاسای رەتکردنەوەی رەتکراو.

زۆربەی زانایانی مارکسی کە تەنها مارکس بە سەرچاوە دەزانن و بۆ ئەنگڵس و لینین بایەخێکی ئەوتۆ قایل نین، بە مەتریالیزمی دایەلیکتیکیش ـ وەك میتۆدێکی فەلسەفی ـ بەهایەکی ئەوتۆ نادەن، بە چەشنێك لەم دواییانەدا حیزبە کۆمۆنیستیەکانی فەرنسا و ئیتالیا، ئەم رێبازەیان لەگوێن فەلسەفەی رەسمی حیزبەکەی خۆیان خستە لاوە.

مەتریالیزمی کولتووری ماتریالیسم فرهنگی Cultural Materialism

رێبازێکی رەخنەگرانەیە کە لە کۆتایی حەفتاکان و هەشتاکان لە بریتانیا هاتە ئاراوە بەڵام دەرخستنی لایەنەکانی، لەگوێن چەمکێکی تیۆریی کارێکی دژوارە. ئەم زاراوە لە بەستێنی مەتریالیزمدا شرۆڤە دەکرێت چوونکا پێی وایە دامودەزگا و دەسکرد و کردەوە کولتوورییەکان، لە چەند رەهەندێکەوە لە لایەن پرۆسە مادییەکان دیاری دەکرێن و کولتوور بە کردارێکی مادی لەقەڵەم ئەدات.

مەتریالیزمی کولتووری، یەکەمجار لە لایەن رایمۆند ویلیامز (١٩٨٨ ـ ١٩٢١) رۆشنبیر و رەخنەگری کولتووریی بەریتانی، وەك میتۆدێکی تایبەتی خۆی و زاراوەیەکی رەخنەگرانە ئاراستە کرا. مەتریالیزمی کولتووری باوەڕی وایە کە هەر تیۆرییەکی کولتووری(نەك بە تەنیا تیۆری کولتووری مارکسی)، کە قایل بە جیاوازی نێوان «هونەر» و «کۆمەڵگا» یان «ئەدەب» و«پێشینەی کۆمەڵایەتی» بێت، باوەڕی بە تەوەربوونی کولتوور نییە لە کۆمەڵگادا (واتە شێوازی بەرهەمهێنان، شکڵ و دامودەزگا و چۆنیەتی بەکارهێنانی). لەم

روانگەوە نابێ هیچکات، بۆ فۆرمە کولتوورییەکان وەك دەقێکی ناوازە بڕوانین بەڵکوو دەبێ لە قەبارەی پێوەندی و پرۆسە مێژوویی و مادییەکاندا سەیریان بکرێت.

مەتریالیزمی مێژوویی ماتریالیسم تاریخی Historical Materialism

مەتریالیزمی مێژوویی پاژێکی گرنگی فەلسەفەی «مەتریالیزمی دایەلیکتیك»* لە ئەژماردێت کە لە سەر بنەمای تیۆری مارکس دەربارەی مێژوو بنیات نراوە. مارکس ئەم تیۆرییەی بە کورتی لە پێشەکی کتێبە ناودارەکەی خۆی بە ناوی «توێژینەوەی ئابووریی سیاسی»(١٨٥٩) هێنایە ئاراوە. ئەو دەنووسێ: «لە بەرهەمهێنانی پێداویستیە کۆمەڵایەتیەکانی ژیاندا، لە نێوان ئینسانەکان پێوەندییەکی دیاریکراو دێتە کایەوە کە لە ویست و ئیرادەی ئەوان بەدەرە، ئەمەش هەمان پێوەندیی بەرهەمهێنانە کە گرێدراوی گەشە و فراژووتنی هێزە بەرهەمهێنەرەکانە. سەرجەمی ئەم پێوەندییانە ژێرخانی کۆمەڵگا پێکدێنن کە سەرخانی سیاسی و دادوەری و فیکری (ئایدیۆلۆجیکی) لەسەر ئەو ژێرخانە دادەمەزرێت. شێوازی بەرهەمهێنان لە ژیانی مادی دا چارەنووسی تایبەتمەندیە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و ڕەوتی مەعنەوی ژیان دیاری دەکات. لێرەدا وشیاریی مرۆڤ، چۆنییەتی ژیان و گوزەرانی دیاری ناکات بەڵکوو بە پێچەوانەوە، شێوازی گوزەرانی کۆمەڵایەتی، ئاستی وشیاریی ئەو دیاری دەکات... کە شێوازی بەرهەمهێنان دەگۆڕێت، سیمای جیاوازییە کۆمەڵایەتی و دابەشکارییە چینایەتییەکانیش، بە هەوای ئەم گۆڕانە تووشی وەرچەرخان دەبێت. ئەم گۆڕانکارییانە بە شێوازێکی دایەلیکتیکی و بە دەرکەوتنی دژایەتییەکانی هەناوی واقیعە کۆمەڵایەتییەکان ڕووئەدەن کە ئاکامەکەشی ململانێی چینایەتییە ...»

بە پێی تیۆری مەتریالیزمی مێژوویی، سەرچاوەی ڕەوتی فراژووتنی مێژوویی کۆمەڵگای ئینسانی دەگەڕێتەوە بۆ جووڵە و گۆڕانی دژبەرە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا. دژایەتی نێوان چینەکانی کۆمەڵگا، وزەیەکی پاڵنەرە بۆ ڕەوتی فراژووتنی ئەو کۆمەڵگایە. لە روانگەی ئەم قوتابخانەوە جڤاك و ڕەشەگەل مێژوو دەخوڵقێنن نەك پاڵەوانان. ئەگەرچی دەوری ڕێبەرانی شۆڕشگێڕ لە مێژوودا ڕەت ناکاتەوە.

مەك کارتیزم مک کارتیسم Mc-Carthyism

ئەم زاراوە دەگەڕێتەوە بۆ جۆزف مەك کارتی (١٩٥٧-١٩٠٩) سیناتۆری ئەمریکایی کە لە ساڵی ١٩٤٦ خۆی بۆ ویلایەتی ویسکانسین پاڵاوتبوو. مەك کارتی نوێنەری ئەندێشەی توندڕەوانەی ئەمریکایی بوو بەدژی لیبراڵەکانی ئەم وڵاتە و هەندێ لە کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی بە لایەنگری لە کۆمۆنیزم تۆمەتبار کرد و ژمارەیەك نووسەر و ڕووناکبیریشی هەر بەم تۆمەتەوە کێشایە ژێر لێپرسینەوە و گوشار. قۆناغی گەشەی مەك کارتیزم، سەردەمی شەڕی سارد بوو کە بە «شەڕی پیرۆز» بەدژی کۆمۆنیزم ناوی دەرکرد.

میترۆپول مترو‌پل Metropole

میترۆپول لە وشەی یۆنانی Mteer بە واتای دایك و Polis بە واتای شار پێکهاتووە. ئەم زاراوە بە شارێك دەڵێن کە ناوەندی چالاکیەکی تایبەت بێت و هەروەها بە شارێك دەگوترێ کە بنکەی ئۆسقوفی گەورەی تێدا هەڵکەوتبێ. لە زاراوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا میترۆپول بەو شارانە دەگوترێ کە رێژەی حەشیمەتەکەی لە ٧ ملوێن کەس زیاتر بێت.

لە زاراوەی سیاسیدا میترۆپول بە وڵاتێکی کۆلۆنیالیست دەگوترێ کە خاوەنی چەند وڵاتێکی ژێردەستە بێت. دەسەڵاتی ئەم وڵاتە بە هۆی ئەو توانایيە ماڵی و پیشەسازی و قازانجە زۆرەیە کە لە چەوساندنەوەی ئەو وڵاتە کۆلۆنییە بدەستی هێناوە.

میتۆد روش / اسلوب Method

بریتییە لە شێوازی مەعریفە و لێکۆڵینەوە و پراکتیکی ئینسانی بۆ راهاتن بە بابەتێکی دیاریکراو یان گەیشتن بە ئامانجێکی تایبەت. شێواز یان میتۆد، پرۆسەیەکی وردبینانە و مووقەلاشە بۆ گەیشتن بە زانست یان دەسەلات.

مێگەلی ئینسانی گله انسانی Human Herd

کۆمەڵێکی ئینسانی کە وەك ئاژەڵ، بێ رامان و بیرکردنەوە، کوێرکوێرانە شوێن رێبەرەکانیان دەکەون و هاوشێوەی رەفتاری ئەوان هەڵسوکەوت دەکەن.

میلیتاریزم/سوپا پەرستی نظامیگری / میلیتاریزم militarism

میلیتاریزم، چوار شێواز لەخۆ دەگرێ: شەڕئەنگێزی، زاڵبوونی هێزەچەکدارەکان بە سەر دەوڵەت، ستایشی سوپا و بە هەرەوەز کردن بۆ گەیشتن بە ئامانجی چەکداری. کاتێك ئەم چوار شێوازە بە تێکڕا بێتە کایەوە(وەك ژاپۆن لە سەردەمی هیدکی تۆجۆ ٤٤-١٩٤٠) میلیتاریزم بە تەواوی پاوەجێ دەبێت. کاتێکیش دوو یا سێ شێواز بێتە کایەوە، حاڵەتێکی رێژەییە.

میلیتاریزم، مانای زۆری لێبۆتەوە. هەندێجار بە واتای شەڕئەنگێزی یان سیاسەتی پاوانخوازانە لە ئاست دەرەوە و ئامادەبوون بۆ بەرپاکردنی شەڕ بە کار هاتووە. لە شوێنی دیکەدا بە واتای سەروەری سوپا بەسەر دامودەزگای دەوڵەتە. لە کەشێکی وادا بۆ ئەوەی دامودەزگایەکی دەوڵەتی بە میلیتاریزم ناو دەرکا، ئەبێ بەستێنی دەسەلاتی چەکداری و مەدەنی بە وردی لێك جودا بکرێتەوە و دەسەلاتی چەکداری بە سەر دەزگا ئیداری و سیاسیەکاندا زاڵ بێت. یەکەمین نیشانەکانی جیاوازی ئەم دو بەستێنە لە رژێمی پادشایی ئێران لە سەدەی پێنجەمی پێش زایین بەدیهات.

پێوەدانگی سەرەکی بۆ دەرکەوتنی دەسەلاتی هێزە چەکدارەکان لە دەوڵەتدا رادەی بەهرەداری

سەربازەکانە لە دەزگای سیاسی ئەو وڵاتەدا. نموونەیەکی تر لەم جۆرە حوکمەتە، ئیمپراتۆریەتی رۆمایە لە سەروبەندی کۆتایی هاتنیدا.

دەسەڵاتی هێزی چەکدار بە سەر دامودەزگای حوکمەتدا هەمیشە بە واتای بە کارهێنانی سیاسەتی شەڕخوازانە نییە لە ئاست وڵاتانی دیکەدا. بۆ وێنە ژاپۆنی سەردەمی توکوگاوا و دیکتاتۆرییەکانی ئەمریکای لاتین. مانایەکی تری میلیتاریزم کۆنترۆڵ کردنی ژیان و کومەڵگایە لە لایەن هێزە چەکدارەکانەوە. بەم هەژمۆنییە کە بە حەزی چەکدارەکان کۆمەڵگا رێك ئەخات، دەگوترێ کۆمەڵگای «میلیتاریزە». جاری واش هەیە لە دۆخێکی جەنگیدا تەواوی دامودەزگا کۆمەڵایەتیەکان دەکەونە خزمەت هێزە چەکدارەکانەوە، بۆ وێنە وڵاتی بەریتانیا لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا.

ن

ناتۆ: بڕوانە ڕێکخراوەی پەیمانی ئاتلانتیکی باکووری.

نازیسم نازیسم Nazism

زاراوەی نازیسم، لە وشەی نازی Nazi وەرگیراوە کە ئەویش کورتکراوەی دەستەواژەی«**حیزبی ناسیۆنال سۆشیالیستی کرێکارانی ئەڵمانیا** Deutsche Arbiter Partei Nationalsozialistische »یە. ئەم حیزبە پاش جەنگی جیهانی یەکەم لە ساڵی ١٩١٩ لە شاری مۆنیخ بنیات نرا و لە میانەی ساڵەکانی ١٩٣٣ تا ١٩٤٥ بەسەر ئەڵمانیادا حوکمەتی کرد. زاراوەی نازیسم ئەغڵەب بۆ تیۆری و شێوازی حکومەتی ئەڵمانیا لە سەردەمی ئادۆلف هیتلەر (١٨٨٩ـ ١٩٤٥) بەکار دەبرێ و هەندێ جاریش لە گەڵ فاشیزم* و تیۆرییە هاوشێوەکان لە وڵاتانی دیکەی جیهاندا بە یەک مانا لێکدراوەتەوە. فەلسەفەی سیاسی نازیسم، ئاوێتەیێکە لە فاشیزمی ئیتالیا، بیروبڕوای ناسیۆنالیستی کۆنی ئەڵمانیا و تیۆری ڕەگەزپەرستانەی *باڵادەستیی ڕەگەزی ژرمەن* و *مەزنایەتی سوپای پرۆس*. ئەم بڕاوتە، لەدووی دامەزراندنی ئەڵمانیایەکی بەهێزی خاوەن سوپایەکی مەزن بووە کە دەیهەویست پەرەبدات بە سنوورەکانی خۆی و یەکیەتییەک لە نێوان هەموو وڵاتانی ئەڵمانی زمان ساز بکات. شێوازی ئەم حوکمەتە، دیکتاتۆری و تۆتالیتاریزم بووە و لە پڕۆپاگەندە و زەبروزەنگ کەڵکی زۆری وەرگرتووە. نازییەکان باوەڕیان بە باڵادەستیی ڕەگەزی جێرمەن هەبوو لە سەرانسەری جیهاندا و لەو بڕوایەدا بوون کە ڕۆژێک دادێت ئەڵمانیا بەسەر هەموو جیهاندا فەرمانڕەوایەتی بکات.

حیزبی نازی لە کاتی دامەزرانیدا بەرنامەکەی خۆی کە لە ٢٥ مادە پێکهاتبوو ڕاگەیاند کە هەندێ لەو خاڵانە بریتین لە:

١ـ ئێمە خوازیاری یەکگرتنی هەموو گەلی ئەڵمانیاین بە مەبەستی دامەزراندنی ئەڵمانیایەکی گەورە لە سەر بنەمای ماڤ خودموختاری گەلان.

٢ـ هیچکەس، جگە لە نەتەوەی ئەڵمانیا، واتە ئەوانەی کە خوێنی ئەڵمانی لە دەمارەکانیان دەخرۆشێ، هاووڵاتی ئەم وڵاتە لە ئەژمار نایەت، کەواتە یەک جوولەکەش بۆی نییە خۆی بە ئەڵمانی بزانێت.

٣ـ لەمەدووا پەنابردنی خەڵکی وڵاتانی دیکە، جگە لە ئەڵمانییەکان بۆ ئەم وڵاتە قەدەغەیە و دەبێ بەری پێ بگیرێت. داواش دەکەین هەرچی خەڵکی بیانی کە لە ١٩١٤/٧/٢ بەملاوە هاتوونەتە ناو خاکی ئەم وڵاتە، دەسبەجێ دەرکرێن.

٤ـ ئێمە خوازیاری پاوەجێکردنی سیستەمێکی یاسایی ئەڵمانی و پووچەڵ کردنەوەی یاساکانی هاوپێوەند بە ڕۆما و ئایینی کاسۆلیکین.

٥ـ حیزب لە مەسیحییەتی راستەقینە لایەنگری دەکات. حیزب و نەتەوەی ئەڵمان لە گەڵ جەوهەری ماتریالیستی جوولەکەکاندا بەشەڕ دێت.

حیزبی نازی بە پێی هەندێك لەو خالانە، گەلێك بەڵێنی دڵخۆشکەری بە خەڵك دا و گوتی هەموو بوارە گرنگ و نەتەوەییەکان بەهێز دەکرێن و بواری کۆمەلایەتیش لەبەرچاو دەگیرێت بەلام پاش ئەوەی کە گەیشتە دەسەلات هیچ یەك لەو بەڵێنانەی نەبردەسەر و خەریکی پەرەپێدانی *سەرمایەداری** و *میلیتاریزم** بوو. بە هۆی جەنگەوە هیچ ئاوڕێکی لە بواری ئابووری و گرفتە نەتەوەییەکان نەدایەوە و پتر لە جاران گرنگی بە بالادەستی رەگەزی جێرمەن دەدا.

هیتلەر کە رێبەرایەتی حیزبەکەی بە دەستەوە بوو، لە ساڵی ١٩٢٣ پاش کۆدەتایەکی بێئاکام دەکەوێتە بەندیخانە. لە زیندان کتێبی «خەباتەکەم» دەنووسێ کە دواتر ئەم کتێبە دەبێتە کتێبێکی پیرۆز و مەرامنامەی نازییەکان. حیزبی نازی تاکوو هەڵبژاردنەکانی ١٩٣٠ بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو بەلام پاش سەرهەڵدانی قەیرانە ئابوورییەکەی ئەم وڵاتە، خێرا گەشەی کرد و بوو بە گەورەترین و گەشبینترین هێزی سیاسی ئەڵمانیا. دوابەدوای ئەوە کە هیدنبۆرگ، سەرکۆماری ئەڵمانیا لە ١٩٣٣ هیتلەری وەك راوێژکاری ئەم وڵاتە هەڵبژارد، لە ماوەی چەند مانگێکدا هیتلەر کۆماریی وایمار و حیزبەکانی دیکەی هەڵوەشاندەوە و حیزبی نازی لە گۆڕەپانی سیاسەتی ئەڵمانیا بوو بە یەکەتاز. لەم سەروبەندەدا رەخنەگرتن قەدەغە کرا و نەیارانیش دوورخرانەوە بۆ ئۆردووگای کاری زۆرەملێ. هەر ئەم سیاسەتە داگیرکارانەی نازییەکان بوو کە بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی جیهانی دووهەم و ئەو هەموو ماڵ وێرانی و کوشت و کوشتارەی لێکەوتەوە. سەرەنجام حکومەتی نازی لە ساڵی ١٩٤٥ تووشی شکست هات و خاکی ئەڵمانیا کەوتە دەست هاوپەیمانان و زۆرینەی دەسەڵاتدارانی نازی لە *دادگای نورمبێرگ** بەدژی مرۆڤایەتی بە تاوانبار دەرچوون و بە سزای خۆیان گەیشتن.

ناسینەوەی دووفاکتۆ/نیمچە سەربەخۆ دوفاکتو/ شناسایی De facto

لە پێوەندی نێودەوڵەتیدا بە مانای پەسندکردنی دەوڵەتێکە لە لایەن دەوڵەتێکیتر و کردنەوەی سەری پێوەندی و پابەندی دوولایەنە لە نێوانیان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو یا بێسنوور. دووفاکتۆ لە روانگەی یاسا نێودەوڵەتییەکاندا بە دوو جۆر دێتە ئاراوە:

١) ناسینەوەی واقیع کە بریتییە لە دان پێدانان بە هەبوونی دەوڵەت *یان وڵاتێکی نوێ، لەگوێن دەوڵەتێکی سەربەخۆ و بەتوانا بۆ بەکارهێنانی هێز و دەسەلات لە قەڵەمڕەوی وڵاتەکەی خۆیدا. ئەم جۆرە ناسینە، بەری تەسکە چونکا ئاستی پێوەندییەکان لە دۆخێکی نزمدا ئەمێنێتەوە و پێوەندی دیپلۆماسی لە نێوانیاندا ناکرێتەوە.

٢) ناسینەوەی قانوونی de jure کە بریتییە لە ناسینی دەوڵەت یان وڵاتێکی نوێ، لەگوێن دەوڵەتێکی سەربەخۆ و بەتوانا لە بەکارهێنانی هێز و دەسەلات لە قەڵەمڕەوی وڵاتەکەی خۆیدا و راپەڕاندنی پەیماننامە

نێودەوڵەتییەکانی خۆی. ئەم جۆرە ناسینە، کۆی پێوەندی دیپلۆماسی و پارێزراویی نوێنەرانی سیاسی لەخۆ دەگرێ.

ناسیۆنالیزم ناسیونالیسم Nationalism

ناسیۆنالیزم لە وشەی nation بە واتای *نەتەوە** وەرگیراوە کە ئەویش لە ریشەی لاتینی nasci بە مانای لەدایك بوون سەرچاوەی گرتووە. بە گشتی بە لایەنگرانی بیروباوەڕێك دەگوترێ کە پشتگیری لە داب و نەریتە نەتەوەیی‌یەکانی خۆیان دەکەن تاکوو خاوەنی یەك زمان و فەرهەنگ و ئایین بن و لە قەڵەمڕەوی یەك وڵاتدا بژین. ناسیۆنالیزم لە قاموسی یاسای نێودەوڵەتیدا بریتییە لە فەلسەفەیەکی سیاسی کە پێی وایە دەبێ نەتەوە، یەکەم هۆکار بێت بۆ پێناسەکردن و دامەزراندنی دامودەزگا سیاسییەکان بە تایبەت وڵاتەکان. لەم روانگەوە ناسیۆنالیزم دەبێتە هۆی دامەزرانی وڵاتێك یا بە ڕەسمییەت ناسینی مافە نەتەوەیی‌یەکانی گرووپێکی تایبەت لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا.

ئەم زاراوە کە راستەوخۆ دەلالەتێکی سیاسی لەخۆ دەگرێ، لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە، جێی خۆی لە زمانە ئەورووپییەکاندا کردەوە. بە درێژایی سەدەی رابردوو هەوڵ و دەوڵێکی زۆر دراوە بۆ پێناسە کردنی ئەم زاراوە کەچی هێشتاکە مانایەکی هەمەلایەن و شیاو بۆ ئەم زاراوە بەدەستەوە نەدراوە.

هەندێ لە زانایانی سیاسی پێیان وایە کە ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی کۆن و مێژوویی‌یە کە لە سپێدەی دروستبوونی کۆمەڵگا و بەرەبەیانی مێژووەوە سەری هەڵداوە. بۆ کۆڵینەوە لە ریشەکانی ناسیۆنالیزم، زۆربەی نووسەران ئاماژە ئەدەن بە چەشنێك وشیاری و هەستێکی نەتەوەیی کە لە نێوان گەلانی یۆنانی و کەلیمی لە ئارادا بووە. ناسیۆنالیزمی یۆنانی بە دابەشکردنی مرۆڤ بە «یۆنانی و بەربەر»، بەرجەستەتر بوو لە ناسیۆنالیزمی کەلیمی کە مرۆڤی بە «جوولەکە و بت پەرست» دابەش ئەکرد. نەتەوەی بەرجەستە لای یۆنانییەکان رەنگی ئایینیی لێ نەنیشتبوو بەڵام لای جوولەکەکان، نەتەوەی باڵا رواڵەتێکی تەواو ئایینی هەبوو. یەکەم جار لە سەدەی پێنجەمی پ. ز. سۆفیستەکان لە بەرامبەر ناسیۆنالیزمی توندڕەودا دەنگیان هەڵبڕی. دواتر «رواقیون» لە رێبازە فەلسەفییەکەی خۆیاندا لەسەر جیهانی بوونی مرۆڤ و نەبەستنەوەی بە کیانێك یان نەتەوەیەکی تایبەتەوە جەختیان دەکرد.

سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی نوێ وەك بزاوتێکی جڤاکی دەگەڕێتەوە بۆ بزووتنەوەی «پیوریتەنەکان»ی بریتانیا لە نیوەی یەکەمی سەدەی ١٧. لەمەو پێش، نووسەرانێکی وەك «ماکیاڤللی» و «جان بودن» بەرهەمە ناسیۆنالیستیەکانی خۆیان تەنها بۆ پاشایان و میران دەنووسی. پیوریتەنەکان ئامانجی خۆیان لە سەر بنەمای ناسیۆنالیزمی کەلیمی و ئامۆژگارییەکانی «عهد عتیق» دارشتبوو. خۆشیان بە «خەڵکانێکی ناوازە» دەزانی کە ئەرکی بڵاوکردنەوەی ئەم رێبازەیان پێ سپێردراوە. ئەوان لە یەکەم هەنگاودا دەستیان دایە نووسینی یاسایەکی بنەڕەتی بۆ بریتانیا و داوایان لە جەماوەر کرد کە گوێی بۆ رادێرن تاکوو هەست بە

یەکیەتی بکەن و یەك بگرن. ئەم بزاوتە بووە هۆی لەناوچوونی پێوەندییە بنەماڵەیی و ناوچەییەکان و نەهێشتنەوەی ملکەچی بە پاتشا و پاپاکان کە ببوە لەمپەرێك لە نێوان تاك و نەتەوەدا.

پەیمانی وێستفالی* و شۆڕشی مەزنی فرەنسا دوو هۆکاری سەرەکی بوون کە لە سەر ناوەرۆك و قەبارەی ناسیۆنالیزمی هاوچەرخ کاریگەرییان دانا. یەکەمیان لەسەر دەرکەوتنی سیستەمی نوێی بەڕێوەبردنی وڵات و ئەویدیکەش، بەخشینی ناواخنی جڤاکی بە رواڵەتی ناسیۆنالیزم و دەوڵەتەکانی چاخی نوێی بۆ دەوڵەتی نەتەوە گواستەوە. شۆڕشی فرەنسا لە دوو لاوە لە سەر ناوەرۆکی ناسیۆنالیزمی سەدەکانی هەژدە و نۆزدە کاریگەری دانا: یەکەم، بە ئاراستەکردنی تیۆری دەسەڵاتی خەڵکی لە لایەن «رۆسۆ»وە چەمکی نەتەوە لە شەخسی پاتشاوە گواسترایەوە بۆ خەڵکی ئاسایی و ناسیۆنالیزمی نوخبەپەروەر و حکومەتی رەهای سەدەی حەڤدە، بوو بە ناسیۆنالیزمی دیموکراتی و دابەشکراوی سەدەی هەژدە. دووهەم، بیروبڕوا سکۆلاریستیەکانی سەرەتای رێنسانس کە ماوەیەکی درێژ لە ژێر کاریگەریی بزاوتی ریفۆرماسیۆندا بوو، بۆ جارێکی دیکەش لە لایەن شۆڕشگێڕان زیندوو کرایەوە و سەرەنجام نەریت و هێما ئایینی و گەردوونییەکان جێی خۆیان دا بە نەریت و کەلەپووری نەتەوەیی. بە هۆی پەرەسەندنی ناسیۆنالیزم و بەهێز بوونی لە ئەورووپادا سەدەی نۆزدە بە «سەدەی ناسیۆنالیزم» ناوبردە کراوە.

ناسیۆنالیزمی سەدەی نۆزدە، ئایدیۆلۆژیای سیاسییە راستڕەوەکان و چینە باڵادەستەکانی کۆمەڵگا ئەورووپییەکان بووە و چەمکی نەتەوەش لەم چاخەدا تەنها بۆ ئەم تاقمە مومتازە بەکار دەبرا. ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە لە یەك شوێندا لە بەرامبەر سۆشیالیزم، شیر و تیری نیشان داوە ئەویش لە بزووتنەوەیەکی جیهانی کە هەموو کرێکارانی پیشەسازیی و جووتیارانی هەژاری لەخۆ دەگرت.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ناسیۆنالیزمی ئەم چاخە، سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کولتووری بووە کە رەگ و ریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بزاوتی «رۆمانتیزم» و بزووتنەوەی مێژووگەرێتی ئەڵمانیا و بیرمەندانێکی وەك «هێردێر» و «فیختە».

برەوپێدان بە بیرگەلێکی دەسکردی وەك باڵادەستی رەگەز و زمان و یەکپارچەکردنی زمان و«پەروەردە» و بەهێزکردنی سنوورەکان و تۆقاندنی خەڵك بە دوژمنێکی دەرەکی و هەروەها ئافراندنی پاڵەوانان و داهێنانی نیشانە و هێماگەلێکی وەك *سروودی نەتەوەیی** و *ئاڵا* *ی نەتەوەیی بووە هۆی سەرڕێژبوونی هەست وسۆزی «رۆمانسییانە»ی جەماوەر.

لە سەدەی بیستەمدا ناسیۆنالیزمی ئەورووپی یەکێك لە پاڵپشتە سەرەکییەکانی فاشیزم* و جووڵانەوە تۆتالیتارییەکان بووە و هەروا پاڵنەرێکی بەهێزیش بووە بۆ راپەرینی خەڵکی وڵاتانی داگیرکراو بەدژی داگیرکەران و بۆ کەمایەتییە نەتەوەییەکانیش لە بەرامبەر زەخت وزۆری دەوڵەتە ملهوڕەکان هاندەر بووە. ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە بە «ناسیۆنالیزمی پۆزەتیف» لە قەڵەم دراوە کە پتر لە نێوان ئەو وڵاتانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیایی و ئیمپریالیستیدا ژیاون دەبیندرێ.

پاش کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووهەم، بۆ یەکەمین جار مێژوو کەوتە ناو قۆناغێکەوە کە تێیدا

ڕێبازە ناسیۆنالیستیەکان بوونە فاکتەرێکی گەورە و بەرچاو. ناسیۆنالیزم، بەتایبەت لە ئاسیا و ئەفریقا بە خێرایی پەرەی سەند. لە ماوەی کەمتر لە ٢٥ ساڵ پاش دامەزرانی نەتەوەیەکگرتووەکان. ژمارەی ئەندامەکانی لە ٥١ نەتەوە گەیشتە ١١٧ نەتەوە.

ناسیۆنالیزم، جۆرە وشیارییەکی کۆمەڵایەتییە بە مانای دڵبەندی بە نەتەوەیەک. ئەم وشیارییە پێی دەگوترێ «وشیاری نەتەوەیی». وشیاری نەتەوەیی، هەستی هاوخەمی و یەکگرتوویی بەدی دەهێنێت کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هاوبەشی زمان و بایەخی ئەخلاقی، ئایین، ڕەگەز، ئەدەب، نەریتی کۆن، مێژوو، هێما و ئەزموونی هاوبەش. ناسیۆنالیزم هەروەها بەرپرسیارییەك لە بەردەم چارەنووسی نەتەوەیی و ئەمەگداری بە نیشتمان سازدەکات کە بەهێزترە لە وەفاداری بە خێزان. کەواتە خیانەت کردن بە وڵات و«دەوڵەتی نەتەوەیی» لەگوێن خیانەت بە نەتەوە دێتە ئەژمار. ناسیۆنالیزم، تاکەکەس لە بەرامبەر داواکارییە نەتەوەییەکان (وەك پاراستنی سەربەخۆیی یان خەبات بۆ وەدەست هێنانی) یان هەوڵدان بۆ خۆشگوزەرانی و سەربەرزی نەتەوەکەی گاڵ ئەدات و ئەو بە لێپرسراو دەزانێت.

بە گشتی ناسیۆنالیزم، ئایدیۆلۆژیایەکە کە «دەوڵەتی نەتەوەیی» وەك باڵاترین شێوازی پێکهاتەی سیاسی لە قەڵەم ئەدات. گەشەکردنی ناسیۆنالیزم پەیوەستە بەو ساتەوەختە مێژووییەی کە تێیدا نەتەوەکان بوون بە یەکینەیەکی سیاسی سەربەخۆ و بنەمای «حاکمییەتی نەتەوەیی» پەسند کرا. لەبەر ئەوەی هەر نەتەوەیەك خاوەنی کیانێکی تایبەتە، وەفاداری و گیانبەختکردن لە پێناوی ئەو خاکەدا یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی ناسیۆنالیزم لە ئەژمار دێت.

لە بەرامبەر ناسیۆنالیزمدا زاراوەی ئینتەرناسیۆنالیزم*، هاتۆتە ئاراوە کە ئەویش لە سەر بەرژەوەندی نەتەوە و ئەتنیکی جیاواز بە تێکڕایی جەخت دەکات. ئەگەرچی بیرۆکەی ئەنتەرناسیۆنال و تیۆری خەباتی چینایەتیش برەوی پەیدا کردووە بەڵام ئێستاش ناسیۆنالیزم وەك بەهێزترین وزەی سیاسی جیهانی هاوچەرخ لە ئەژمار دێت.

ناسیۆنالیزم وەك ئایدیۆلۆژیایەك بە چەند شێوازێك دابەش ئەکرێت کە بریتین لە:

١ـ ناسیۆنالیزمی لیبراڵ: هەندێ لە سۆشیالیستە ریفۆرم خوازە نوێباوەکان یا لایەنگرانی بازاڕ، ناسیۆنالیزم وەك زمانێك پەسند دەکەن. ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە پتر لە بەها و بایەخە سەرەکییەکانی لیبراڵی داکۆکی دەکات. لە زۆر بابەتەوە، «چواردە مادەی ویلسۆن»* کە پاش شەڕی جیهانی دووهەم بڵاو کرایەوە، پێناسەی ناسیۆنالیزمی لیبراڵی دەکات. ناسیۆنالیزمی لیبراڵی ڕێز لە ماف و ئازادی گەلانی دیکە دەگرێ و گرنگی پێ ئەدات. هەر بۆیە ئەو وڵاتانەی کە پەیڕەویی لەم ڕێبازە دەکەن، وێڕای بەهەمەند گرتنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیان، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش هاوکاری وڵاتانی دیکەش دەکەن و ڕێز لە بەها و پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان دەگرن.

٢ـ ناسیۆنالیزمی کۆنەپارێز و سەربە نەریتی کۆن: ئەم قوتابخانە ناسیۆنالیستییە لە داڕشتنی بنەماکانی ناسیۆنالیزمی کولتووریدا کاریگەری زۆرری هەبووە. بە باوەڕی کۆهن پلامناتز، ئەم ناسیۆنالیزمە لە گەڵ

چـەمکە کولتـووریی و ڕۆژهەڵاتییەکانـدا پێوەنـدی و نزیکایـەتی هەیـە. بـەم پێیـە داب و نەریتـە کۆنـەکان سەرلەنوێ پیادە دەکرێنەوە. پاڵنەری سەرەکی ئەم ئەندێشە، دژایەتیکردن بوو لە گەڵ چاخی ڕۆشنگەری.

٣ـ ناسیۆنالیزمی توندڕەو: ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە نەتەوەیەك لە نەتەوەکانی دیکە بە باڵاتر دەزانێ، هەر بۆیـە بەرژەوەندییـەکانی ئـەو نەتـەوە لـە سـەرووی نەتـەوەکانی دیکـە دادەنـێ و لـە ڕاستیدا پەرگیرییـەکی نالۆژیکی ڕەگەزی و نەتەوەیی‌یە کە دەستدرێژی کردن بۆ سەر نەتەوەکانی دیکەش بە ڕەوا دەزانێ. نموونەی ئەم ناسیۆنالیزمە، ڕژێمەکانی ئەڵمانیا و ئیتالیا بوون بەر لە جەنگی دووهەمی جیهانی.

٤ـ ناسیۆنالیزمی سیاسی: مەبەست ئەوەیە کە هـەر وڵاتێك لـە چوارچێوەی سنوورەکانی خۆیدا ئازاد و سەربەخۆ بێت و هـەر ڕژێم و حوکمـەت و یاسایەکی پێویست بێ بۆ خۆی دەستنیشانی بکات. ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە لـە چـاو سـەدەی نۆزدەهـەم لاوازتـر بـووە و ئـەمڕۆ گـەلان و وڵاتـانی بچـووك هـەوڵ ئەدەن لـە چوارچێوەی یەکێتییە ناوچەییەکاندا یەکبگرن، وەك یەکێتی ئەورووپا* و کۆمکاری عەرەب*.

ناسیۆنالیزمی کوردی — ناسیونالیسم کـردی — Kurdish Nationalism

کورد کە ئەغلـەب لـە شار و بازێڕان دوور بـوون و پتر لـە دێهات و کـەژ و کێواندا ژیاون، بۆ ماوەیەکی زۆر بێبەهرە بوون لە چینی مامناوەندی شارستانی کە ـ ئەم چینە ـ لە بەدیهێنانی بزاڤی نەتەوەییدا دەوری باڵا دەگێـڕێ. کـە مـودێرنیتی سـەری هەڵـدا و جـۆرە ڕاپـەڕینێکی نەتـەوەیی هاتـە مەیدانـەوە،(ئیمڕۆکە ڕەوتـی مۆدێرنیتی وایکردووە زمانێکی ئەدەبی بخوڵقێنێ کە زۆرینەی کوردان دەرکی پێئەکەن) وادەرئەکەوت کاتی ئەوە بەسەر چووبێت کە ئەم ڕاپەڕینە بتوانێ بەسەر ڕووداوەکاندا زاڵ بێ و لـە سـەرووبەندێکی مێژوویی وەك دارمـانی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی و کەساسـی ئێرانییـەکان، وڵاتێکی کـوردی بـۆ خـۆی دامـەزرێنێ. لـە سـەرەتای سـەرهەڵدانی ئـەم جـۆرە بزوتنـەوەدا کـە بـە هـەنگاوی یەکـەمی ناسیۆنالیزمی کوردی دەناسرێت، بزوتنەوەکەی شێخ عوبێدوڵڵای نەهری لە ناوەڕاستەکانی نیـوەی دووهـەمی سـەدەی نۆزدە، بـە گرینگترین و سـەرەتاییترین خـاڵی شێوەگیربوونی ناسـیۆنالیزمی کـوردی لـە ئـەژماردێت. سـەرەنجام کـە ڕاپـەڕینێکی نەتەوەیی مۆدێرن سەری هەڵدا، خەونەکانی کورد لە گەڵ بەرژەوەندی دەوڵـەتانی ناوچەکە کە زیاتر لە ٨٠٪ کوردیان لە خۆ گرتبوو، یەکیان نەگرتەوە و ڕووبەڕووی یەکتر وێستان.

سەیر نییە ئەگەر بڵێین مێژووی ناسیۆنالیزمی کوردی، لـە ڕاستیدا مێژووی شـەڕی ناوخۆ و خـەبات بۆ گەیشتن بە سەربەستی بووە. ئەو ناسیۆنالیزمەی کە لە جەوهـەردا لـە گـەڵ دژایـەتی دەوڵـەتانی ناوچـەکە ڕووبەڕوو بووە و بۆ تێگەیشتن لێی، ئەبێ هەلومەرجی زاڵ بە سەر هەرکام لەم وڵاتانە بە باشی لێك بدرێتەوە.

گومانیش نییە لـەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی بزاوتێکـە پتر لـە بەردەم فشاری ناسیۆنالیزمەکانی دیکـەدا گەشـەیکردووە و ناسـیۆنالیزمێکی پەرچـەکردارانە بـووە و زادەی پرۆسـە ئـابووری و کۆمەڵایـەتی و تەکنیکییەکانی ناو هەناوی کۆمەڵگای کوردی نەبووە. ناسیۆنالیزمی کوردی دەرەنجامی گەشـەی ئـەو هێزانـە نـەبووە کـە دەسـەڵاتی سیاسییان بـە شێوەیەکی ئۆرگـانی بـە دەسـەڵاتی سیاسـی نەتـەوەوە گرێدابێت.

ناسیۆنالیزمی کوردی بە حوکمی ئەوەی بەرهەمی گەشەیەکی سرووشتیانە و سەربەخۆی کۆمەڵگا نییە و بەرەنجامی داگیرکردنە، کردەیەکی بەرگریکارانەیە و پەرچەکردارێکە بۆ مانەوە. ئەم دۆخە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر جەوهەری ناسیۆنالیزمی کوردی جێهێشتووە و سرووشتی هەموو چالاکییەکانی ئەم ناسیۆنالیزمەی بە مۆرکێکی تایبەتی مۆر کردووە.

ستراتیجی* ناسیۆنالیزمی کوردی لە سەدەی بیستەمدا ئەوەیە جاربۆجار رایدەگەیێنێ «هێشتا کاتی ئەوە نییە دروشمە سیاسییەکانم بەرز بکەمەوە و روخساری راستەقینەی خۆم ئاشکرا بکەم». بە کوردی و بە کورتی، ناسیۆنالیزم بۆ زەمەنێکی نموونەیی دەگەڕێ تا خۆی تیا ئاشکرا بکات. زەمەنێکی خوراق کە نییە و نابێت. زەمەنێك لەبری ئەوەی ناسیۆنالیزم خۆی دروستی بکات، چاوەڕوانە مۆعجیزەیەك بۆی دروست بکات.

ناسیۆنالیزمی کورد لە تورکیا

زیاتر لە ١٢ملوێن کورد لە ناو سنوورە کانی تورکیا دەژین کە بەزۆری لە باشووری رۆژهەڵاتی ئەم وڵاتە نیشتەجێ بوون. لە سەردەمانێکی مێژوویی‌دا هەمیشە کوردی تورکیا، زیاتر لە کوردی ئێران و عێراق چالاکیان لە خۆیان نیشان داوە و رێبەرانی کورد زیاتر لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەورێکی سیاسیان گێڕاوە تاکوو ئێران. زۆرینەی کوردەکانی ئێران لە سەردەمی سەفەوییەکاندا چوونە سەر ئایینزای شیعە، کەچی زۆربەی کوردی تورکیا سەر بە ئایینزای سوننە بوون. لە ئیمپراتۆری عوسمانیدا چونکا کوردەکان موسوڵمان بوون، لە ناو هێزە سەربازییەکان وەرئەگیران و لە سەروبەندی شەڕی جیهانی یەکەم بۆ سەرکوتکردنی ئەرمەنییەکان کەڵکیان لێ وەرگیرا. لە ئاکامدا هێندەی نەخایاند کە کورد کەوتە بەر شاڵاوی تۆڵەئەستاندنەوەی هێزەکانی سۆڤیەت و هاوپەیمانە ئەرمەنییەکانی. بەم حاڵەش، پێشمەرگەی کورد سەرەڕای ئەو هەموو رەنج و مەینەت و پلە و پایە نزمەش کە بوویان، جارێکی‌تر لە ساڵەکانی ١٩٢٠-١٩٢١ بە رێبەرایەتی مستەفا کەمال ئاتاتورك، لە بەرامبەر فەرەنسیەکان و ئەرمەنیەکان راوەستان و بوون بە قەڵغانی بیر و باوەڕە ئیسلامییەکەیان.

رەتکردنەوەی پێوەندی ئیسلامی تورکیا بۆ چەسپاندنی شوناسی تورکی لە لایەن مستەفا کەمال لە هەردوو بەستێنی مەدەنی و ئەتنیکییەوە بووە هۆی لەدایکبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی. سەرکوتکردنی راپەڕینی کوردی سوننەی زازایی لە فێڤرییەی ١٩٢٥ بووە هۆی دەسخەڕۆکردنی هەمەلایەنەی کورد و هەر ئەم سەرکوتکردنە بێ‌رەحمانە بوو کە برایەتی و هاوسۆزی ئایینی لە نێوان کوردەکان ژیاندەوە. راپەڕینێکی‌تر کە لە ساڵی ١٩٢٨ لە کوێستانیەکانی ئارارات سەری هەڵدا (و لە لایەن سەرەك خێڵ و عەشیرەتەکانی ناوچەکە رێبەرایەتی کرا و بۆ یەکەم جار رێکخراوەی ناسیۆنالیستی ـ خۆیبوون* ـ پشگیری لێکرد)، بۆ ماوەی ٢ ساڵ دەوامی هێنا. دەوڵەت وەها لە مەحفکردنەوەی کوردەکان پێ‌داگربوو کە بە پێی یاسای٢٥١٠ دانراوی ژوەنی ١٩٣٤، بڕیاری دابوو تەواوی ناوچە کوردنشینەکان بخاتە چوارچێوەی پلانی تواندنەوەی کورد لە ناو کەلتووری تورکیدا.

سەیر ئەوە بوو کە کۆچ ورەوی خەڵکی هەژار لە ناوچە کوردنشینەکانەوە بەرەو شارەکانی رۆژاوای تورکیا کە ئابوورێکی بریسکەداری هەبوو(ناوەنجی داهاتی کەسەکی لەم شارانەدا لە کۆتاییەکانی ١٩٨٠ چوار ئەوەندەی ناوچەکانی‌تر بووە)، بووە هۆی لەدایکبوونی چینێکی رووناکبیر و کرێکاری شارنشین کە بزاڤی ناسیۆنالیزمی نوێی کوردەکان، لە هەناوی ئەمەوە هاتەدەرێ. لە کۆتاییەکانی ١٩٦٠ لەبەر هۆکاری چینایەتی و ئەتنیکی، کوردەکان بە هۆی «حیزبی کریکارانی تورکیا» کە حیزبێکی توندڕەوی چەپگەرا بوو، بایەخیان پەیدا کرد. هۆکاری ئەم مەسەلە ئەگەڕایەوە بۆ سنعاتی بوونی تورکیا بە رێژەی وڵاتانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوین کە ئەمیش لە کەم جێگای ناوچەکە دەست ئەکەوت. لە هەشتاکان بەملاوە و دوابەدوای نیشتنەوەی ململانێی چەپ و راست، کە کوردەکان لە هەر دوو باڵەکەدا بەشدار بوون، سەرەنجام رەهەندی ئەتنیکی و نەتەوەیی بە سەر رەهەندی چینایەتیدا زاڵ دەبێت.

بە دامەزرانی حیزبی کرێکارانی کوردستان (PKK) لەساڵی ١٩٨٣ ئەم راستیە ئاشکرا بوو کە پێکهاتەی ناوبراو تا ئێستاش هەر بەهێزە و گوڕ و تینی خۆی لە دەست نەداوە. ئەم حیزبە دەستی دایە هێرش بردن بۆ سەر هێزەکانی ئەرتەش و مڵکدارە کوردەکان و جوتیارانی نەیار و هەر دوو باڵی راست و چەپ چونکا پێی وابوو بە ئاواتەکانی کورد خەیانەتیان کردووە. رادەی کوژراوەکانی هەر دوولا کە لە ساڵی ١٩٩١ نزیکەی ٢٥٠٠ کەس بوو، لە ١٩٩٥ گەیشتە ٢٠ هەزار کەس. لە ساڵی ١٩٨٥ ئەرتەش هێزێکی بەناوی «گاردی دێهاتی» دامەزراند کە ژمارەی ئەندامەکانی لە ساڵی ١٩٩٦ گەیشتە ٦٠ هەزار کەس.

کاتێك بەرەنگار بوونەوە رووی لە زیادبوون کرد، دەسەڵاتدارانی تورکیا بۆ ماوەیەکی کورت رویانکردە شوناسی کوردەکان. تورگۆت ئۆزال، سەرەك وەزیری ئەو کاتە ئیجازەی دا کە رۆژنامەی کوردی بڵاو بکرێتەوە و ئەنستیتۆیەکی کوردیش لە ئەنقەرە بکرێتەوە و کورد ئەمجار بتوانێ لە جیاتی ناوی تورکی ناوی کوردی بەکار بێنێت. لە ١٩٩٠ حیزبێکی نوێ بە ناوی «حیزبی کرێکاری گەل» دامەزرا کە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ وتەبێژی پەرلەمانی pkk لە ئەژمار ئەهات بەڵام مەرگی کتوپڕی ئۆزال لە ١٩٩٣ بووە هۆی هەڵوەشانەوەی خێرای ئەم حیزبەش. بە تیاچوونی ئۆزال ــ چونکا هەر دوولا پێیان وابوو کە دەکرێ لەسەر بنەمای سازش و گفتوگۆ سیاسەتێکی نوێ بێتە کایەوە ــ کەسایەتییەکی گرینگ لە گۆڕەپانی سیاسەتی تورکیادا مەحف بۆوە. لەو سەردەمەوە حیزبی کرێکارانی کوردستان لە سەر بنیاتێکی فیدراڵ بۆ تورکیا جەخت ئەکا کە لە سایەی ئەم سیستەمەوە تا رادەیەکیش خودموختاری بۆ خۆی مسۆگەر بکات بەڵام دەوڵەت بەزۆری ئەم پێشنیازەی رەتکردۆتەوە. لە لایەکی ترەوە لە ١٩٩٥ بەملاوە دەوڵەت هێزی سەربازی خۆی ناردە باکووری عێراق بۆ سەرکوتکردنی pkk. ئەم رەفتارە شەرەفی نێونەتەوەیی تورکیای خستە ژێر پرسیارەوە. ساڵی ١٩٩٨ بۆ کوردی تورکیا ساڵێکی نگریس بوو چونکا لەو ساڵەدا رێبەری pkk عەبدوڵلا ئۆجەلان بە پێی هاوبەندییەکی سیخوڕی نێودەوڵەتی بە هاوبەشی دەوڵەتانی کینیا، یۆنان، ئیسراییل و تورکیا دەسبەسەر کرا و رادەستی حوکمەتی تورکیا کرایەوە. ئەم رووداوە بوو بە هۆی بشێوی و نائارامی لە هەموو ناوچە کوردنشینەکان و کوردانی دانیشتووی ئەورووپاش دەنگی نارەزایەتی خۆیان بە دژی ئەم

کردەوە هەڵبڕی. دەوڵەتی تورکیا پاش ماوەیەك حوکمی سێدارە بۆ ئۆجەلان دەبڕێتەوە بەڵام ئەم حوکمە لە ژێر گوشاری یەکیەتی ئەورووپا ـ کە تورکیا حەز دەکات دڵی رابگرێ ببێ بەشکم ببێ بە ئەندامی یەکیەتی ـ بە هەڵپەسێردراوی دەمێنێتەوە تاکوو سەرەنجام لە سەر داوای یەکیەتی، حوکمی سێدارە لە یاساکانی تورکیا لادەبرێت. ئێستاش ئۆجەلان ماوەی ١٢ ساڵە تەنیا لە بەندیخانەی دوورگەی ئیمراڵی یەخسیرە.

ناسیۆنالیزمی کورد لە عێراق

لە یەکەمی دێسەمبەری ١٩١٨، شەست کەس لە رێبەرانی کورد پەیمانێکیان لە گەڵ بەریتانیا مۆرکرد کە زۆر مژاوی و دژبەر بوو. ئەم پەیمانە کە پێشەنگاوێك بوو بۆ *پەیمانی سێڤەر**، دەرفەتی خودموختاری بۆ کوردەکان ئەرەخساند بەو مەرجەی کە کوێستانەکانی باکوور و باشوور پێکەوە گرێ بدات و تورکیاش دامرکێنێ. بەڵام بەهێزبوونی هەرچی زیاتری سۆڤیەت و هاوکات، نیازی بەریتانیا بۆ رازیکردنی تورکیا و مەلیك فەیسەڵ ـ کە وەك پاتشای عێراق دایەنابوو ـ بووە هۆی ئەوە کە کوردەکان فەرامۆش بکرێن. لەم رووەوە لە پەیمانی ١٩٣٠ بەریتانیا و عێراق، نەوەك باسێك لە خودموختاری کورد نەکرا بەڵکوو تەنانەت هیچ باسێکیش لە ماف کەمایەتیەکانیش نەهاتە ئاراوە. لە میانەی ١٩٣٠ تاکوو ١٩٥٠، کوردەکان چەندین جار بە رێبەرایەتی شێخ مەحموودی بارزانی راپەڕین. پاش ئەوەی، عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی ١٩٥٨ حوکمەتی پاشایەتی لەناو برد، پێوەندی دەوڵەت و خەباتی سیاسی کورد بۆ ماوەیەکی کورت گەشایەوە. بەڵام لە ١٩٦١ مەلا مستەفا بارزانی و هەندێ رۆناکبیری شارستانی سەربە حیزبی دێموکرات بە رێبەرایەتی برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی سەرلەنوێ بەدژی دەوڵەت راپەڕین و شۆڕشێکیان پێکهانی. لە ساڵی ١٩٦٤ دەوڵەتی قاسم رووخا و کورد دیسانەوە لە بەرامبەر دەوڵەت وێستا. بەڵام ئەمجارە لە گەڵ جارەکانی پێشوو جیاوازی هەبوو، ئەویش ناکۆکی ئەکەوێتە بەینی حیزب و برایم ئەحمەد و تاڵەبانی لە حیزب جیا ئەبنەوە و پێکەوە یەکیەتی نیشتمانی کوردستان (PUK) دائەمەزرێنن. ئەم حاڵەتە، سەرەتای مودێلێکیماڵوێرانکەر بوو لە خەباتی سیاسی کوردەکان کە کەمتاکورتێك تا ئێستاش هەر درێژەی بووە و دەرەنجامی نالەباری بۆ ئامانجی کورد لێکەوتۆتەوە.

سەیر ئەوەیە کە رژێمی پان ـ عەرەبی بەعس کە لە ساڵی ١٩٦٨ بە دەسەڵات گەیشت، لانیکەم لە رواڵەتدا زۆرترین سازگاری لە گەڵ ناسیۆنالیزمی کورد هەبوو. لە رێکەوتننامەی ١١ی ئەیلوولی ١٩٧٠ دەوڵەتی عێراق بە شێوەیەکی فەرمی دوو نەتەوەی لەم وڵاتە بە رەسمییەت ناسی و یەکێك لە دوو پۆستی جێگری سەرکۆماری بە کوردەکان بەخشی. زمانی کوردی وەك یەکێك لە دوو زمانە سەرەکییەکەی عێراق رەسمییەتی پێدرا و دەوڵەت زەمانەتی ئەوەیکرد کە کاروبارە دەوڵەتییەکانی ناوچەکە بسپێرێتە دەست کوردەکان.

بەڵام هێندەی نەخایاند بە هۆی دڕدۆنگی و گومانی هەر دوولا بە یەکتر، پێوەندییەکانیان بچڕا. لە کاتێکدا کە دەوڵەت پێی وابوو بارزانی لە گەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەروساختی هەیە، کەچی بارزانیش دەوڵەتی گومانبار ئەکرد بەوەیکە ناوچە پڕنەوتەکەی کەرکووك بە ئانقەست دەکاتە عەرەبنشین.

ئەم گومانە لەو کاتەی کە دەوڵەتی عێراق نزیکەی پەنجا هەزار کوردی ئێرانی لە کەرکووك بەرەو ئێران وەدەرنا، زیاتر بڕوای پێکرا. لە مارسی ١٩٧٤ دەوڵەت بە شێوەیەکی یەکلایەنە یاسایەکی لە بابەت ئۆتۆنۆمی کوردەکان بڵاوکردەوە و کەرکووکی لەم ناوچانە هەڵاوارد. بارزانی و حیزبی دیموکرات ئەم قانوونەیان رەتکردەوە. شۆڕشێکی خوێناوی دەستی پێکرد بەڵام کاتێك سەدام ماڤ ئێرانی لە بابەت شەتولعەرەبەوە بە رەسمییەت ناسی، بەو مەرجەی کە ئێران دەست لە پشتیوانی خۆی لە کوردی عێراق هەڵگرێ، کتوپڕ ئەم شۆڕشە قەتیس مایەوە. دەوڵەت پلانەکەی خۆی درێژە پێدا و ٥٠٠ ئاوایی کوردنشینی لە گەڵ خاکا یەکسان کرد و ٦٠٠هەزار کەس لە دانیشتووانی ئەم گوندانەی نارده ناو ئۆردوگا کە زیاتر لە ناوەندی عێراق بوون تاکوو لە بەینی ئێران و عێراق وەك لەمپەرێك بۆ پاراستنی خۆی کەڵکی لێ وەربگرێت.

دەرفەتێکی‌تر کە بۆ دابینکردنی ماڤ خودموختاری بۆ کورد هەڵکەوت، هاوکات بوو لە گەڵ شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق لە ١٩٨٠ بەملاوە. بەڵام ئەمجارەش راپەڕینی کوردەکان لە بەینی دوو پارتە سەرەکییەکە تووشی کێشە و شەڕی براکوژی هات. سەرکەوتنی ئێران و داگیرکردنی شارێکی عێراق لە بەرەی باکوور(١٩٨٣) و پشتیوانی کوردەکان لە ئێران لەم کاتەدا بووە هۆی رق ئەستووربوونی سەدام لە ئاست کورد. هەشت هەزار کەس لە پیاوانی بارزانی کە لە ئۆردوگای قوش تەپە بوون، دەسگیر ئەکرێن و پاش نومایش کردنیان بە شەقامەکانی بەغدا، لە سێدارە ئەدرێن. لە ساڵی ١٩٨٧، هێزەکانی بەعس بۆ یەکەم جار لە ئاستێکی بەربڵاودا، چەکی کیمیاوییان لە شار و دێهاتە کوردنشینەکان بەکار هێنا و هەزاران کەس تیاچوون. پاش ساڵێکی‌تر ئۆپەراسیۆنی *ئەنفال** و تیابردنی کوردەکان بە ئەنجام گەیشت کە لە ئاکامدا نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەس کوژران و ٤٠٠٠ ئاواییش وێران کرا.

لە ئاگۆستی ١٩٩٠، سەدام هێرشی کردە سەر خاکی کوەیت و ئەم وڵاتەی داگیر کرد، دوای ساڵێك هێزی هاوپەیمانان، لە ئاسمان و زەوییەوە هێرشێکی چڕوپڕیان کردە سەر عێراق. لە وەها کەش و هەوایەکدا هێزی کوردی برستی لێبڕابوو. بەڵام دواتر لە فێڤریەی ١٩٩١ لە دوای راپەڕینی شیعەکان لە باشوور، هێزەکانی کوردیش راپەڕین و دەستیان کردە هێرش بردن بۆ شارە کوردنشینەکان کە تا ئەو دەم بە دەست هێزەکانی عێراقەوە بوو. لە ١٩ ی مارس کەرکووك گیرایەوە، بەڵام دوو حەوتە دواتر دیسانەوە کەوتە دەست عێراقییەکان. زیاتر لە یەك ملوێن کورد کە دڕندەیی و وەحشیگەرییەکانی سەدامیان لە بیر نەچووبۆوە، بەرەو سنوورەکانی ئێران و تورکیا هەڵاتن کە هەندێ دیمەنی ناخۆش و سۆزناك لە شاشەی تەلەفیزۆنەکانی جیهان لەم بارەوە بڵاو کرایەوە. رای گشتی جیهان کەوتە خرۆش و لە ئاکامدا بۆ یەکەم جار لە ٢٨ ی ئاپریلی ١٩٩١، هاوسوێندییەکی نێونەتەوەیی بە مەبەستی پاراستنی گیانی کوردەکان لە باکووری عێراق لە حاستی خولگەی ٣٦ دەرەجە هاتە کایەوە و ناوچەیەکی ئەمنی راگەیاندرا کە سەدام بۆی نەبوو سنووری ئاسمانی و زەوینی ئەم ناوچە ببەزێنێ.

گفتوگۆ لە سەر کێشەی کەرکووك و مەندەلی و خانەقین و هەروەها دیموکراسی فرەحیزبی لە نێوان سەدام و کوردەکان سوودبەخش نەبوو و شکستی هێنا. لە مانگی مەی ١٩٩٢ لە هەرێمی کوردستان

هەڵبژاردنێك بەڕێوە چوو بە مەبەستی دامەزرانی دەوڵەتێك كە خاوەن بەهایەكی نێونەتەوەیی بێت. دوو حیزبی سەرەكی(یەكیەتی و پارتی)، هەركامیان ٤٥٪ دەنگەكانیان بردەوە. بەڵام هاوپەیمانان هیچ پێوەندییەكیان لە گەڵ پەرلەمانی كوردستان و حوكمەتی هەرێم نەكردەوە. دواتر هەرێمە ئازادكراوەكە لەبەینی دوو حیزبەكەدا وردە ـ وردە تووشی كێشە و ململانێ بوو كە لە ساڵی ١٩٩٤ لە شەڕی براكوژیدا گەیشتە ئەوپەڕی خۆی.

ساڵی ٢٠٠٣ جارێكی تر هاوپەیمانان بە ڕێبەرایەتی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا هێرشێكی چڕ و پڕیان كردە سەر خاكی عێراق و توانییان لە ماوەی ٢١ ڕۆژدا ئەم وڵاتە بگرنەوە. ٣ ساڵ پاش ڕووخانی ڕژێمی سەدام، جەلال تاڵەبانی (سەرۆكی یەكیەتی نیشتمانی) بووە سەرۆك كۆماری ئەم وڵاتە و مەسعوود بارزانیش بووە سەرۆكی حوكمەتی هەرێم. ساڵی ٢٠٠٥ قۆناغێكی نوێ لە كوردستانی عێراق دەست پێ ئەكات كە ئەویش یەكگرتنەوەی دوو ئیدارەی هەرێمەكە بوو. ئەمێستا زیاتر لە ١٦ ساڵە كە كوردی ئەم پارچە لە هەرێمەكەدا حوكمەتی خۆی بەڕێوە دەبات و خاوەنی كێشێكی سیاسی باڵایە لە ناوچەكە و عێراقدا.

كورد لە سوریا

حەشیمەتی كوردی سوریا، نزیكەی ١ ملوێن و ٧٥٠ هەزاركەس دەبێت كە ١٠٪ حەشیمەتی ئەم وڵاتە پێكدێنن كە زۆربەیان لە ١٩٢٠ بەملاوە بەتایبەت لەدوای شكست هێنانی ڕاپەڕینی كورد لە توركیا ڕوویانكردە ئەم وڵاتە. ئەم كوردانە هەر خێرا ڕواڵەتی عەرەبیان لێ نیشت و لە سەرەتاكانی دامەزرانی كۆماری تازەپێگەیشتووی سوریا، دەستیان گەیشتە پلە و پایەی باڵای سەربازی بەڵام لە ١٩٥٨ پاش ئەوەیكە كۆماری یەكگرتووی عەرەب دامەزرا و بڕیار درا میسر و سوریا ببنە وڵاتێكی یەكگرتوو، كوردەكانیان لە پلە و مەقامە باڵاكان وەدەرنا. لێكهەڵوەشانی ئەم كۆمارییەش، نەك هەر كاریگەریی ئەوتۆی لەسەر چارەنووسی كوردەكان دانەنا بەڵكوو دەوڵەت دەستی كرد بە دروستكردنی دیواربەندێكی عەرەبنشین لە جزیرە كە زۆرینەی كوردەكانی لەخۆ گرتبوو. ئەم پلانە لە لایەن حافز ئەسەد سەرۆك كۆماری ئەو كاتەی سوریا لە ساڵی ١٩٧٦ پووچەڵ كرایەوە. بەڵام داخوازییە فەرهەنگییەكان وەك پەروەردە بە زمانی كوردی و ناولێنانی كوردی، ئێستاش هەر پێشێل ئەكرێت. كاربەدەستانی سوریا ئێستاش ناسنامەیان بە نزیكەی ٣٠٠ هەزار كوردی ئەم وڵاتە نەداوە و ئەم حەشیمەتە بە ئەجنەبی لە قەڵەم ئەدەن. كەچی سەیر ئەوەیە لە خەباتی پارتی كرێكارانی كوردستان (pkk) بەدژی دەوڵەتی توركیا پشتیوانی كردووە، بەڵام حازر نابێت دان بنێ بە مافە سەرەتاییەكانی هاووڵاتیانی كوردی خۆی.

تا ئێستا هیچ بزاڤێكی سەربەخۆیی خوازانە لە لایەن كوردی سووریاوە ڕانگەیەندراوە. یەكەم حیزبی كوردی لە سوریا حیزبی دیموكراتی كوردستان بووە كە لە ساڵی ١٩٥٧ دامەزرا. ئێستا بە شێوەیەكی نایاسایی و پەنامەكی ١٣حیزبی كوردی چالاكی ئەنوێنن كە زێدەتر لە قامیشلی و جزیرە، لایەنگرییان لێدەكرێت. حیزبە كوردییەكانی سوریا پێوەندییەكی پتەویان پێكەوە نییە بەڵكوو بەهۆی یەكگرتوویییەك كە

لە گەڵ ئیسلام خوازانێکی وەك ئیخوانولموسلمین هەیانە، بوونەتە مەترسییەك بۆ رژێمی سوریا.

تێکشکانی رژێمی سەدام حسەین لە ساڵی ۲۰۰۳ و دامەزرانی حوکمەتێکی فیدراڵ لە کوردستانی باشوور، رووداوەکانی یاری تۆپیپێی قامیشلی لە ۱۲ی مارسی ۲۰۰٤ و گوشارە نێونەتەوەییەکان بەسەر رژێمی بەشار ئەسەد بە تۆمەتی تیرۆری رەفیق حەریری، سەرۆك وەزیرانی لوبنان لە ساڵی ۲۰۰۵، کۆمەڵە هۆکارێکن کە کوردی سوریا زیاتر لە جاران بەرەو بزاڤێکی ناسیۆنالیستی هاندەدات.

نافەرمانی مەدەنی نافرمانی مدنی Civil Disobedience

هەر هەنگاوێك کە سنووری یاسا ببەزێنێت بە مەبەستی راکێشانی سەرنجی هەمووان بۆ راوەستان لە بەرامبەر ناڕەوایی و نادروستی یاساکان لەباری ئەخلاقی و عەقڵانییەوە بە نافەرمانی مەدەنی لە قەڵەم ئەدرێت. ستراتیجی نافەرمانی مەدەنی یا بێ‌عەمری حوکمەت، لە لایەن مهاتماگاندی رێبەری سەربەخۆیی هیندستان بۆ رزگاربوون لەژێر دەستی بریتانیا هاتە ئاراوە. شێوازی گاندی بریتیبوو لە: سەرپێچی کردن لە یاساکانی وڵات، نەدانی باج، وەرنەگرتنی پۆست و مەقامی دەوڵەتی، یاساخکردنی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی یاسادانان، هاوکاری نەکردن لە گەڵ ئینگلیزییەکان و پاوانکردنی شمەکی بەریتانی. لەم جۆرە خەباتەدا زیاتر لەسەر بێ‌موبالاتی و بێدەنگی جەخت ئەکرێت. بەڵام نافەرمانی مەدەنی پێویستی بە هەنگاونان و کردەوەیە. لایەنی هاوبەشی ئەم دوو خەباتە تەنیا ئەوەیە کە ئاشتی‌ئامێزە و دوورە لە شەڕەنگێزی.

ناوبژیوانی میانجیگری Meditation

بریتییە لە شێوازی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەیەکی نێودەوڵەتی بە دەستپێشخەری لایەنێکی سێهەم و رازی بوونی دوولایەنی مەسەلەکە. ناوبژیوان بە شێوەیەکی چالاك هەوڵ ئەدات لە گفتوگۆکاندا بەشدار بێت و پێشنیاری پێویست بۆ کۆتایی هێنان بە گرفتەکە چێ دەکات و بەگشتی هەوڵی ئاشتکردنەوە و نزیك کردنەوەی دوولایەن دەدات. ناوبژیوان، تەنها پردێکی پێوەندی نییە لە نێوان دوو لایەنی کێشەکە بەڵکوو یارمەتییان ئەدات بۆ خستنەڕووی پێشنیار و دۆزینەوەی چارەسەری هەمیشەیی. بە پێی بریاری کۆنڤانسیۆنی لاهای (۱۹۰۷) لەمەڕ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشە نێودەوڵەتییەکان، ناوبژیوانی نابێ بە واتای کردارێکی دوژمنکارانە و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتێکی دیکە لە ئەژمار بێت. نموونەی ئەم هەنگاوە، ناوبژیوانی تاشکەند(۱۹٦٦) بۆ چارەسەری کێشەی نێوان پاکستان و هیندستان و هەروا ناوبژیوانی کەمپ دەیڤید لە نێوان ئیسراییل و میسر لە ساڵی ۱۹۷۹ بووە.

ناوچەی ژێر دەسەڵات حوزەی نفوذ Sphere of influence

زاراوەیەکی جوگرافییە بەواتای ناوچەیەك کە تێیدا باڵادەستیی سیاسی یان ئابووری وڵاتێك بە

رەسمییەت ناسرابێت ئەگەرچی دەسەڵاتێکی کەموکووڕیش بێت. ناوچەی ژێردەسەڵات، لەوانەیە یەکلایەنە رابگەیێندرێت: یان چەند لایەنە بێت. بۆ نموونە دابەشکردنی ئێران بە پێی رێککەوتنامەی دوولایەنەی سۆڤیەت و بەریتانیا لە ساڵی ١٩٠٧ بە دوو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی باشوور بۆ بەریتانیا و باکوور بۆ سۆڤیەت.

ناوەندگەرێتی مرکز گرایی Centralism

ناوەندگەرێتی (سەنترالیزم) لە وشەی لاتینی centrum بە واتای ناوەند وەرگیراوە. لە زاراوەی سیاسیدا بە سیستەمێکی دەسەڵاتداری دەگوترێ کە هەموو کاروبارە ئابووری و سیاسی و ئیدارییەکان لە ناوەندی وڵاتدا کۆدەبێتەوە و هەموو دامودەزگا ناوچەیی و پارێزگاکان دەبێ ملکەچی دەسەڵات و بڕیارەکانی ناوەند بن. رژێمی هیتلەر نموونەیەکی تۆخی ئەم سیستەمەیە بە چەشنێك کە لەم حوکمەتەدا پلە و پایە ناوچەیی‌یەکان تاکوو ئاستی دەزگا نزمەکانی حوکمەتی ناوەندی داکشابوون.

لە بەرامبەر ناوەندگەرێتیدا سیستەمی نامەرکەزی (دیسەنترالیزم) لە ئارادایە لەم جۆرە حوکمەتانەدا بە پێچەوانەوە، هەموو دەسەڵاتەکان لە ناوەند چەق نابەستێ بەڵکوو دەڤەرە ئۆتۆنۆمی یا فیدراڵیەکان لە سەرانسەری وڵاتدا ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەن و لە چوارچێوەی هەندێك یاسای دیاریکراو لە کاروباری ناوخۆییدا سەربەخۆییان پێ ئەدرێت. نموونەی بەرچاوی ئەم جۆرە حوکمەتە، سیستەمی فیدراڵیزمە. (بڕوانە چەقبەستن و فیدراڵیزم)

نوخبە سرآمد/ نخبە elite کەسێك

کە لە کۆمەڵگادا بە هۆی چەن تایبەتمەندیەك (واقیعی یان خەیاڵی)خاوەنی پێگەیەکی بەرجەستە و شیاو بێت. کەواتە هەرکەسێك لێهاتووتر و شایستەتر بێت، نوخبە لە قەڵەم ئەدرێت.

ئەم زاراوە لە لایەن ویلفیرد پارتۆ کۆمەڵناسی ئیتاڵی، بۆ شرۆڤەی کۆمەڵایەتی لەسەر دوو توێژی کۆمەڵگا هاتە ئاراوە: ١) توێژی بن دەست یان رەشەگەل. ٢) توێژی باڵا یان نوخبە. توێژی باڵا دوو جۆرە: یەکەم، نوخبەی فەرمانڕەوا، دووهەم، نوخبەی سەرکەش.

نوخبەگەرێتی سرآمدباوری/ نخبە گرایی Elitism

بە پێی ئەم رێبازە ماهییەتی هەر کۆمەڵگایەك چ زیندوو بێت چ مەنگ و مردوو، رەوا یا ناڕەوا بەپێی ماهییەتی نوخبەکانی خۆی دیاری ئەکرێت. لە زاراوەی سیاسیدا بریتییە لەو باوەڕە کە لە هەر کۆمەڵگایەك یان گرووپی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، کولتووری و... کەسێك یا کەسانێك بەهۆی لێهاتوویی تایبەتەوە، باڵاترن لە ئەوانیدی و ئەم باڵادەستیە ماف پێشەوایی و رێبەرایەتیان بۆ دەستەبەر ئەکات. نوخبەگەرێتی لە گەڵ دیموکراسی*دا نەیارە و ئەم سیستەمە بە پێشێلکەری ماف خەڵکانی نوخبە و لێهاتوو

دەزانێ و پێی وایە خەڵکانی ڕەشۆکی و کەم بەهرە تا ئاستێکی نابەجێ بەرز دەکاتەوە. نوخبەگەرێتی لە سیستەمی پەروەردەدا بریتیە لە هەڵبژاردنی هۆشمەندترین قوتابیان و پەروەردەکردنیان بە شێوازی ناوازەی پەروەردەیی بۆ بەرهەمهێنانی باشترین و بەتواناترین ئینسانەکان. ئەم شێوازە پەروەردەییە لە وڵاتانێکی وەك بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، سۆڤیەت و ئەمریکا بە کار براوە. بەگشتی باسی چوارجۆر نوخبە دەکرێت کە بریتین لە:

١) نوخبەی دەسەڵاتی سیاسی

٢) نوخبەی ئابووری

٣) نوخبەی سەربازی

٤) نوخبەی فیکری

نوخبەی دەسەڵات — سرآمد قدرت — Power elite

ئەم زاراوە لە لایەن رایت میلز(١٩٦٢-١٩١٦) کۆمەڵناسی ئەمەریکی دەرحەق بەو کەسانە بە کار هات کە لە سەرووی هایراکی دەزگا گەورەکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخ وەك کۆمپانیا و دەوڵەت و سوپا دائەنیشن.

نەتەوە — ملت — Nation

زاراوەی نەتەوە، دیاردەیەکی مێژوویی ـ سیاسی لە ئەژمار دێت کە لەگەڵ زاراوەی دەوڵەتی نەتەوەدا نزیکایەتیان هەیە. دەرکەوتنی ئەم زاراوە بە واتا نوێکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدە. پێش ئەو سەردەمە ئایین و ئایینزا، هێڵی جیاکەرەوەی نەتەوەکان لەیەکتر بووە.

نەتەوە یەکینەیەکی گەورەی ئینسانییە کە لە نێوان کولتوور و هۆشیارییەکی هاوبەشدا گرێبەستێك سازدەکات. پێناسەیەکیتری ئەم زاراوە بریتییەلە کۆمەڵگایەکی هاوڕگەز کە خاوەنی پێشینەیەکی مێژوویی یەکسان و بەرژەوەندیەکی هاوبەش و زمانێکی یەکگرتوویێت. لە رابردووی ئیمپراتۆریەتەکاندا خێڵ و عەشیرەت و دەوڵەت ـ شارەکان، گرنگترین یەکینەی ژیانی سیاسی پێك دەهێنا بەڵام ئیمرۆکە چەمکی نەتەوە، لە بەراورد لەگەڵ زاراوەگەلێکی وەك هۆز و عەشیرەت و شاردا چەمکێکی ئاڵۆز لە ئەژماردێت و لەبارەی رەگەزەکانی ئەم پێکهاتە بیروبۆچوونی جوداجودا لە ئارادایە. بیرمەندانی سیاسی رەگەزە پێکهێنەرەکانی نەتەوە دەگەڕێننەوە بۆ بەدیهاتنی رێکخراوەیەکی سیاسی یەکگرتوو، کولتوور و زمانێکی هاوبەش و پێشینەیەکی مێژوویی هاوبەش.

شۆڕشی فەرەنسا، ژێرخانێکی فیکری و سەرچاوەیەکی گرینگ لە ئەژماردێت بۆ سەرهەڵدانی یەکەمین بیرۆکەی چەمکی نەتەوە بە مانا نوێکەی. لەم بارەوە نەریتی شۆڕشی فەرەنسی بەپلەی یەکەم هۆکاری بەرێکخراوەیی کردنی سیاسی بە گرینگ دەزانێ و رەگەزەکانی تر بە پلەی دوایی ناوبردە ئەکات. کەواتە لەم

روانگـەوە بـەدیهـاتنی نەتـەوە، پێشـوەخت پێویسـتی بـە دامـەزرانی دەوڵـەت هەیـە و چـەمکی دەوڵـەت و بەرێکخراوەیی کردنی سیاسی بە شێوەیەکی لۆژیکی و گونجاوی مێژووییەوە، دەبێ لە پێشتر بێت.

لە روانگەی کولتوورییـەوە، سەرهەڵدانی نەتـەوە پەیوەستە بە هۆکاری فەرهـەنگی و زمان. لـەم بابەتـەوە فیختە و نوفالیس، نووسەرانی ئەڵمانی پێیان وایە کە مرۆ بەپێی سروشت لە نێوان نەتـەوەکان دابـەش کـراوە نەك بەهۆی دەوڵەتەکان. زمان، تایبەتمەندی سەرەکی شوناسی نەتەوەیی لە ئەژماردێت کە هـەڵگری نەریت و هێما و ئەفسـانە و کولتـوور و مێـژووی هاوبەشـی ئەتنیکییە. ئـەزموونی مێـژوویی گـەلان پیشـانی داوە کـە پێوەنـدی راسـتەوخۆ لـە نێوان پێکهاتنی زمـانی ئـەدەبی و دەرکـەوتنی هۆشـیاری نەتـەوەیی و ناسـیونالیزم هەیە. بێندیکت ئەندەرسۆن پێی وایـە کە زمـانی ئـەدەبی لـە هەندێ وڵاتـی ئـەورووپادا رێگـەی بۆ دەرکـەوتنی هۆشیاریی نەتەوەیی و ناسیونالیزم و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆش کرد.

ئێرنێست رێنان، مێژوونووسـی گـەورەی فەڕەنسـی لـە وتارێکدا کە لـە سـاڵی ١٨٨٢ لـە زانکـۆی سـۆربۆن پێشکەشـی دەکـات بـە تێروتەسـەلی پێناسـەی نەتـەوە دەکـات کە لێرەدا چەن دێڕێکـی دەهێنمـەوە. «نەتـەوە رۆحێکـە. پرەنسـیپێکی رۆحییـە. دوو شـت ـ کـە لـە راسـتیدا هـەر یـەکن ـ ئـەو رۆحـە یـان ئـەو پرەنسـیپە رۆحیانـەت پێکـدەهێنن: یـەکیان ریشـەی لـە رابردوودایـە، یـەکیان لـە ئێسـتادا. یـەکیان خاوەندارێـەتێکی هاوبەشـە، خاوەنداریـەتی میراتێکـی دەوڵەمەنـدی بیرەوەرییـەکان. ئـەوی دیکەشـیان رەزامەنـدی ئێسـتا و ئەمڕۆیـە، ئـاواتی پێکـەوە ژیـان، ویسـت و ئیرادەی بەزینـدوو ڕاگرتنی بایـەخی ئـەو میراتـەی بـە شـێوەیەکی دابـەش نـەکراو بـۆ مـرۆ ماوەتـەوە. نەتـەوە، وەك تاکەکـەس ترۆپکـی رابردوویـەکی دوور و درێـژی کۆشـش و هەوڵدانە، بەختکردن و لەخۆ بووردنە... نەتـەوە نیشـانەی رابردوویەکە، لەگـەڵ ئەوەشدا لـە ئێسـتادا پوختـە کراوە بە هۆی راستییەکی ئاشکرا و هەستپێکراوەوە واتە پێمل بوون بە ئـاواتێکی راشکاوانە بۆ درێژەپێدان بە ژیانێکی هاوبەش». هەندێ لە بیرمەندان، رەگەزی ئایینیش بە پێکهاتەی نەتەوە زیاد ئەکەن بەڵام هەندێکی دیکـە ئەمـە رەت دەکەنـەوە و دەڵێن پـەیڕەوانی ئایینێك دەتـوانن لـە چەندین نەتـەوەی جۆراوجـۆر پێك بێن. هاوسۆزی بۆ وڵات یا قەڵەمڕەوێکی جوگرافیاییش، بە فاکتەرێکی بەهێزی دروستبوونی نەتـەوە و یـەکگرتنی گەلانی جۆراوجۆری وڵاتێك دادەنرێت.

نەتەوە یەکگرتووەکانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا

اتحادیەی ملتهای آسیای جنوب‌شرقی

(ASEAN) Associtiom of South-East Asiatic Nations

لە ساڵی ١٩٦٧ لـە لایـەن وڵاتـانی ئەندونیزیا و تایلەنـد و سـەنگاپور و فیلیپین و مالیزیا لـە بـانکۆك بـە ئامانجی کرژکردنەوەی پێشکەوتنی ئابووری و سەقامگیریی ناوچەکە دامەزرا.

نەریتی نێودەوڵەتی عرف بین الملل International Custom

نەریتی نێودەوڵەتی، دەرەنجامی رەفتار و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی وڵاتێك لە گەڵ وڵاتێکی دیکەیە. تایبەتمەندییەکانی ئەم نەریتە بریتین لە: ١ـ پاتەکردنەوەی کردارێکی یاسایی بەڵگەمەند کە لە نێوان هەمووان‌دا بووبێتە باو. ٢ـ شێوە رەفتارێکی ناچارییە. ٣ـ شێوە رەفتارێکی رووەو فراژووتنە.

نەهیلیزم(پووچگەرایی) نیهلیسم(هیچ انگاری) Nihilismئەم

زاراوە لە وشەی لاتینی nihil بەواتای **هیچ** و **پووچ** وەرگیراوە. لایەنگرانی ئەم قوتابخانە هەر بابەتێکی داسەپاو بەسەر ئەندێشەی مرۆدا رەت دەکەنەوە و هەموو بیروباوەڕێك بە پووچ دەزانن و بە چاوێکی سووکەوە سەیری هەموو یاسا و رێسایەك دەکەن. فەلسەفەی نەهیلیزم دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن و پێش سوکرات کە ئەویش بریتی بووە لە رەتکردنەوەی بوون و رۆح و موڵکدارێتی و یاسا و مافەکان و هەموو شتێك. بەڵام لەم سەدانەی دواییدا لە رووسیای تیزاریدا ناوی رێبازێکی کۆمەڵایەتی بوو کە دەسەڵاتی حکوومی و ناحکوومی بە هیچ دەزانی و دواتر گۆڕا بە مەرامێکی شۆڕشگێڕانە بە مەبەستی لەناوبردنی هەموو پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی.

زاراوەی نەهیلیزم، یەکەم جار لەگوێن شێوازێکی رەخنەگرانەی نیگەتیڤ دەربارەی گرێبەست و نەریتی کۆنی کۆمەڵایەتی لە لایەن نوسەری بەناوبانگی رووس، تۆرگنیف، لە کتێبی «باوکان و منداڵان»دا بە کار هاتووە. سەرکاروان و دامەزرێنەری رێبازی نەهیلیزم لە رووسیا، باکۆنین (١٨٧٦ـ ١٨١٤) بوو. پاش ساڵی ١٨٧٨ ئەم زاراوە لە رووسیا دەربارەی ئانارشیست و تیرۆریستەکان بە کار برا. هەندێ جاریش مانای خۆبەختکردن و دابڕان لەم دنیایەی لێ هەڵێنجراوە.

نێتۆکراسی **اینترنت سالاری** Netocracy

ئەم دۆخە پێناسەی سەردەمێکی تازە و کەشێکی نوێباوە لە مێژووی مرۆڤدا کە لەسەر بنەمای تۆڕی ئەنتەرنێت و بەرنامەی کۆمپیتەری و تەکنۆلۆژی زانیاری دامەزراوە. لەم قۆناغەدا لە سەرووی قوچەکی دەسەڵاتی کۆمەڵگادا کەسانێك دادەنیشن کە بەسەر ئەم تۆڕە کۆمپیتەریانەدا زاڵ بن و زانیاریی، رەگەزی سەرەکی دەسەڵات و جووڵەی کۆمەڵایەتی لە ئەژمار دێت.

نیمچە دەوڵەت شبه دولت Quasi-states

ئەم زاراوە بەو دەوڵەتانە دەگوترێ کە پێشتر ژێردەستە بووبێتن و لەجوملەی وڵاتانی کۆلۆنی لە ئەژمار دەهاتن بەڵام لە ئەنجامی پرۆسەی سڕینەوەی ئیستیعمار، نیمچە سەربەخۆییەکیان بەدەست هێناوە. ئەم دەوڵەتانە خاوەنی هەموو میکانیزمێکی فەرمانڕەوایی و حاکمییەت بوون بەڵام بێ بەهرە بوون لە ئیرادەی سیاسی و دەسەڵات و هێزی رێکخراوەیی بۆ پیادەکردنی ئاسایش و خۆشگوزەرانی و داکۆکی کردن لە ماف

مرۆڤ. لە راستیدا نیمچە دەوڵەتەکان، تەنیا بەناو دەوڵەت لە ئەژماردێن. ئەم دەوڵەتانە ئەگەرچی بەپێی رێساکانی سیستەمی نێودەوڵەتی لە دوای ساڵی ١٩٤٥ دامەزراون بەڵام بێ توانا و ناڕەوا و لاوازن.

نیمچە دیموکراسی شبه دموکراسی Quasi-democracies

ئەم زاراوە بۆ پێناسە کردنی ئەو وڵاتانە بەکار براوە کە رووەو گەشەسەندنن. لە نیمچە دیموکراسیدا ژیانی سیاسی، نە بە تەواوی دیموکراتیە نە تۆتالیتەری. ئەم وڵاتانە هێشتا هەر لە گێرەوکێشەی پرۆسەی مۆدێرنە و هەنگاونان لە سوننەتەوە بۆ مۆدێرنیتەدا مۆنج دەخۆن و کێشمەکێشی ئەم هەلومەرجە، لە جێگیربوونی هەردوو سیستەمەی دیموکراسی و تۆتالیتاریزم بەرگری دەکات. هەروەها پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆنباو و کەلتووری سوننەتی لێکترازاو بواری دامەزرانی سیستەمی سیاسی مۆدێرن نارەخسێنێت. سەرمەشقی رێکخستن لەم وڵاتانەدا بریتییەلە سێ شۆڕشی مێژوویی فەرەنسا و شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشی سۆڤیەت. هەرکامێك لەم شۆڕشانە بە جۆرێك بوونەتە سەرمەشق بۆ پێکهاتەی سیاسی ئەم وڵاتانە. بۆ وێنە لە شۆڕشی فەرەنسا، بیرۆکەی یاسا و حاکمییەتی نەتەوەیی و دیموکراسی وەرگیراوە، لە شۆڕشی پیشەسازیی بیرۆکەی گەشەسەندنی ئابووری و مۆدێرنە و لە شۆڕشی سۆڤیەتیش، دەوڵەتێکی بەزەبر و زاکوون و دەسەڵاتدار بۆتە سەرمەشق و ئایدیالی حوکمەت. هەموو ئەم بیرۆکە و سەرمەشقانە ئاوێتە بووە لەگەڵ پێکهاتەیەکی خۆماڵی بە قەبارەیەکی ئیستبدادی و یەزدان گەرا و باوك سالارەوە.

بە گشتی بۆ پیادەکردنی دیموکراسی لە وڵاتانی رووەوگەشەسەندن، چەندین کۆسپ و تەگەرە لە بەردەمدایە کە بریتین‌لە:

- دەسەڵات و شەوتی پیاوماقووڵان و گەورەپیاوان کە دیموکراسی بەدژی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەزانن.
- هەژمۆنی بەها و بایەخە موتڵەقەکان و بەهێزبوونی نەریتەکان.
- مانەوەی هێزە دەسەڵاتدارە کۆنەکان، بۆ وێنە دەرباری شا و سوڵتان.
- دەزگا بەهێزە ئایینیەکان و هێزی سەربازی.
- نەبوونی چینی مامناوەندی بازرگان و پیشەسازی.
- قووڵبوونی ئاریشە و لەمپەرە ئەتنیکی و ئایینی و کەلتوورییەکان.

سەرەنجامی کۆبوونەوەی ئەم هۆکارە گرنگانە لە وڵاتانی رووەو گەشەسەندن، بۆتە هۆی سەرهەڵدانی نیمچە دیموکراسییەکی سەقام نەگرتوو کە هەمیشە دەوڵەتەکانیان لە بەینی ئۆتۆکراسی* و ئۆلیگارشی*و پۆپۆلیزم و تۆتالیتاریزم* و دیموکراسیدا لە هەلاجان دەهێڵێتەوە.

نێپوتیزم: بروانە خزم خوازی.

نیۆنازیسم نئو نازیسم Neo-Nazism

ئەم زاراوە بۆ ئەو گرووپ و حیزب و ڕێکخراوانەی هاوچەرخ بە کار دەبرێت کە هاوشێوەی حیزبی نازی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٣٣ هەڵسوکەوت دەکەن. نیۆنازیسم، بزاوتێکی ڕەگەزپەرستانە و نەتەوە پەرستی توندڕەوە کە پاش جەنگی جیهانی دووهەم سەری هەڵداوە و لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ٢٠ بەدواوە لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژاوا گەشەی کردووە. تایبەتمەندییەکانی نازیسمی نوێ بریتییە لە: حکومەتێکی ڕاستڕەو و دەسەڵات خواز، دژی دیموکراسی و لیبرالیزم و فرەدەنگی، دژی کەمینەکان بە تایبەت جوولەکە و ڕەشپێستەکان. سەرچاوەی جیهانبینی ئەم گرووپانە دەگەڕێتەوە بۆ باری نالەباری ئابووری و بەگومان بوون لە حوکمەت و هەندێجاریش هەست وخوستی ئایینی(کڵێسا) بە چەشنێك کە پێوەندییەکی نزیك هەیە لە نێوان گرووپی نیۆنازی و ڕێکخراوە کڵێساییەکان.

و

وردم/ ماف تایبەتی/ زێدەماف امتیاز Privilege

بە گشتی بەمانای بەهرەمەندی کەسێك یان گرووپێکی تایبەت لە ماف یان بەهرەیەك کە جەماوەر بەعام لێی بێبەهرە بن یان دەستیان پێی نەگات. لە زاراوەی سیاسیدا هەڵگری مانایەکی سووکایەتی ئامێزە چونکا وەبیرهێنەرەوەی ئەم راستییەیە کە ماف تایبەتی، سەمەرەی میرات و جێماوە و دارایییە و خاوەن ماف، شیاوی ئەو وردمە نییە. بەڵام کاتی واش هەیە کە بەواتای ماف و ئازادی لێکدراوەتەوە چونکا کەسەکە بە هەوڵی خۆی بەدەستی هێناوە. لێرەدا واتایەکی بلیمەتانەی لێ ئەبێتەوە.

وردە بۆرژوازی خردە بورژوازی Petite bourgeoisie

بەشێکە لە بۆرژوازی* کە پێکهاتووە لەو خەڵکانەی چینی مامناوەندی لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا کە ماڵ ودارایییەکی کەموکووڕیان هەیە. بۆ وێنە: دووکاندار، خاوەنماڵ، زەمیندار یان خاوەن کارگەی بچووك. وردەبۆرژوا بە هەمان شێوە کە لە فەرەنسەدا باو بووە مانایەکی سووکایەتیئامێزی هەیە و بەواتای خۆ سەرقاڵکردن بە سەروەت و سامانی بچووك و بەرژەوەندی خۆت و روانینێکی بەرچاوتەنگانەیە بۆ ژیان. لەم واتایەدا ئاوەڵناوی «وردە» بەمانای کردار و بایەخەکانی ئەم جۆرە کەسانەیە بەڵام لە کۆمەڵناسی مارکسیدا بە لەبەرچاوگرتنی مانا سووکایەتی ئامێزەکە، واتایەکیتریش لەخۆ دەگرێ. لەم دیدەوە وردەبۆرژوازی جگە لە موڵکدارانی کەم داهات، زۆربەی مووچەخۆر و کاسپکاری ئازاد و کارمەندانی بەشی خزمەتگوزاریش لە خۆ دەگرێ و بە گەشەسەندنی ئەم جۆرە کەسانە لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکان، رۆژبەرۆژ لەباری سیاسیەوە گرنگتر دەبێت. لەم کۆمەڵگایانەدا وردە بۆرژوازی لە گەڵ چینی مامناوەندیدا هاوواتا دەبێت.

وشیاری چینایەتی آگاهی طبقاتی Class Consciousne

بەئاگا بوون لەو چینە کۆمەڵایەتییەی کە تاکەکەس بە ئاخێزگەی خۆی دەزانێ. وشیاری چینایەتی کاتێك خۆی نیشان ئەدات کە ئەندامانی چینێك بە شێوەیەکی هاوبەش هەست بە ناهومێدی و بەشخوراوی بکەن و لە بەرامبەر چینی سەردەست و شێوازی دەسەڵاتداریدا خەبات بکەن. وشیاری چینایەتی لە رێبازی مارکسیدا هەم وشیار بوونەوەیە لە بەرامبەر چەوساندنەوەی مرۆ لە لایەن مرۆڤ، هەم بڕیاردانە بۆ مەحفکردنەوەی ئەم چەوساندنەوە. هەروەها بریتییە لەو وشیارییەی کە چینێکی رەنجدەر بە ئاوەزی دەیفامێت و تێدەگات کە لە بازاڕدا وەك کاڵایەکی سادە مامەڵەی پێدەکرێت و دەبێتە قوربانی خنکانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری. ئەم وشیارییە، چینی رەنجدەران دەکاتە چینێکی تایبەت و هۆشیار.

ئینجا خەباتی خۆی بۆ سڕینەوە و مەحفکردنەوەی چینەکان دەست پێدەکات.

ولات/نیشتمان کشور Country

زێدێك لە چوارچێوەی سنوورێکی سیاسی دیاریکراو کە خەڵکانێکی تێدا نیشتەجێ بن و دەسەڵاتێکی سەربەخۆ بەڕێوەی ببات. بەو خەڵکانەی کە لەو زێدەدا دەژین نەتەوە* دەگوترێ. دەسەڵاتێکیش کە لەو زێدە فەرمانڕەوایی دەکات، بە دەوڵەت*ناوبردە ئەکرێت. لە روانگەی یاسا نێودەوڵەتییەکاندا سێ چەمکی نیشتمان و نەتەوە و دەوڵەت، پێکەوە یەکەیێکی فراژووی سیاسی پێك دەهێنن کە بوونی یەکیان هەبوونی ئەو دووانەی دیکەی بەدواوە دەبێت. کەواتە هەرکام لەم سێ چەمکە دەکرێ لەجیاتی ئەو دووانەی دیکە بەکار ببرێت.

ولاتانی دواکەوتوو کشورهای عقب افتاده Backward Countries

پێناسەیەکی ترە بۆ ئەو ولاتانەی کە لە پەرەسەندن دواکەوتوون. نیشانەکانی ئەم جۆرە ولاتانە بریتییە لە: ئاستی نزمی ساخلەمی و خواردن و خۆراك، نەخوێندەواری، کەمبوونی سەرمایە و دارایی، جیاوازی چینایەتی، دووفاقی و چەند فاقی ئابووری، زاڵبوونی کشتوکاڵ بەسەر پیشەسازی، نالەباریی سیستەمی پارە و دراو، بێمتمانەیی بە سەرمایەدانان، نەبوونی شێوازی پێشکەوتووی تەکنۆلۆژی و بێ مەبالاتی بۆ پەرەسەندن. (بڕوانە جیهانی سێهەم و ولاتانی کەمتر پێشکەوتوو).

ولاتانی کەمتر پێشکەوتوو کشورهای کمتر توسعه یافته
Less Developed Countries (LDCs)

ئەم زاراوە بۆ ولاتانی هەژار و دەست کورتی جیهانی سێهەم(ئەفریقا، ئاسیا و ئەمریکای لاتین) بە کار دەبرێت. هەندێ لە زانایان، هەوڵیان داوە ولاتانی هەژار بە ولاتانی جیهانی چوارەم پێناسە بکەن. بۆ هەلاواردنی ولاتێکی دواکەوتوو لە بواری پەرەسەندوییدا سەیری پێوانەگەلێکی ئابووری وەك بەرزبوونەوەی داهاتی سەرانە و وەبەرهێنانی ناڕاستەوخۆ دەکەن. ئەم ولاتانە چاویان لە یارمەتی ولاتانی دیکەیە و لە بازرگانی جیهانیدا دەورێکی زۆر بچووك دەبینن. (بڕوانە جیهانی سێهەم).

ولاتی تاکەحیزبی کشور تک حزبی One-Party State

ولاتێك کە تێیدا تەنها یەك حیزب ئیجازەی چالاکی سیاسی پێدرابێت و دەسەڵاتی بەدەستەوە بێت. ئەم ولاتانە هاوشێوەی سیستەمە دیکتاتۆرییەکان لە ئەژمار دێن. لەبەرامبەر سیستەمی یەك حیزبیدا سیستەمی فرەحیزبی لە ئارادایە. نموونەی هەر دوو سیستەمەکە، ولاتی عێراق لە سەردەمی سەدام حسەین و پاش رووخانی ئەم رژێمەیە لە ساڵی ٢٠٠٣.

وەچەی سیاسی نسل سیاسی Political Generation

خەڵكانێك كە ئەزموون و ڕووداوە سیاسییەكانی زەمەنێكی دیاریكراویان بە چاوی خۆیان دیبێت، بە وەچەی سیاسی پێناسە دەكرێن.

ویگ ویگ Whig

ناوی حیزبێكی سیاسییە لە بریتانیا كە لە ساڵی ١٦٨٠ بەدواوە خوازیاری سنووورداركردنی دەسەڵاتی پادشا و فراوانكردنی دەسەڵاتی پەرلەمانی ئەم وڵاتە بووە. ویگەكان ئەو شۆڕشگێڕانە بوون كە پاش شكستی ڕاپەڕینی ١٦٧٩ لە سكۆتلەندا هێدی هێدی گەیشتنە دەسەڵات و دژی یەكگرتنی ئایینی سكۆتلەندا و ئینگلتەرا بوون.

ه

Agitation تحریک/شورانش **هاندان/ هەڵخڕاندن**

دنەدان و هەڵخڕاندنی جەماوەر بە مەبەستی بەشداری کردن لە چالاکییەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی لە ڕێگای ئامرازەکانی پڕۆپاگەندە و ڕاگەیاندن وەك، ڕۆژنامە، گۆڤار، کتێب، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن. لەم ئاکارەدا جەماوەر لە ڕێگای هەست و سۆزەوە هەڵئەزرنگێت. لە سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسەدا بە کەسێکیان دەگوت «هاندەر» کە بێ بەرپرسارییەتی خەڵکیان هەڵئەخڕاند و ئاژاوەیان دەناوە. بەڵام دوای شۆڕش، دەوڵەتە کۆنەپارێزەکان ئەم ناتۆرەیان بۆ بزاوتە چەپییەکان بەکار دەبرد. ئەم زاراوە لە لایەن زۆربەی بزاوتە ڕاست و چەپییەکان بە زاردا هاتووە بەڵام زۆرینەی ڕێبەرانی ئەم بزاڤانە، هاندان و هەڵخڕاندنی جەماوەر بەدژی دەوڵەتێکی ستەمکار، بە شتێکی ڕەوا دەزانن.

Collectivism نظام اشتراکی/اصالت جمع **هاوبەشێتی/شیوعی**

ئەم زاراوە لە بەرامبەر زاراوەی«تاك خوازی»دا هاتووە کە بە هەموو ئەو تیۆرییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییانە دەگوترێ کە بەرژەوەندی و قازانجی کۆمەڵی ئینسانی‌یان بۆ گرنگترە لە بەرژەوەندی تاکەکەسی. بە پێی ئەم تیۆرییە کەرەستەی بەرهەمهێنان و دابەشکردن ئەبێ بەدەست کۆمەڵ بێت نەك تاکەکەس، چونکا تاك هەر بەشوێن قازانجی خۆیەتی. گرینگترین قوتابخانەی شیوعی بریتیە لە سۆشیالیزم* و کۆمۆنیزم* کە خوازیاری چاودێری کۆمەڵایەتین لە ڕێی خاوەنداریەتی گشتی بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی کۆمەڵ. خاڵێکی گرینگ کە ئەبێ سەرنجی بدرێتێ، ئەوەیە کە خاوەنداریەتی دەوڵەتی، خۆبەخۆ بە مانای چاودێری گشتی نییە، ئەم شتە پەیوەستە بەوەیکە هێزی دەوڵەت بە دەست چ کەسانێکەوە بێت. ئەم زاراوە لە کاتی دامەزرانی کۆنگرەی ئینتەرناسیۆنالی یەکەمی سۆشیالیستەکان لە ساڵی ١٨٦٩ لە شاری «بازڵ» ی وڵاتی سویسرا، ڕەواجی پەیا کرد.

coalition ائتلاف/هم پیمانی **هاوپەیمانی/هاوسوێندی**

یەکگرتنی کاتیی چەن حیزب یا لایەنی سیاسی بۆ گەیشتن بە ئامانجی پەرلەمانی و هەڵبژاردنەکان. لە سیستەمێکی پەرلەمانی فرەحیزبی کە هیچکام لە حیزبەکان نەتوانن ڕێژەیەکی دەنگ بۆ دامەزرانی دەوڵەت بەدەس بێنن، چەن حیزبێك بۆ ئەم مەبەستە دەبنە هاوپەیمان. هاوپەیمانی پەرلەمانی بەزۆری بۆ هێشتنەوە یا هێنانە سەرکاری حوکمەتێکی تایبەت دێتە کایەوە بە شێوازێك کە حیزبە گەورەکە لەگەڵ یەك یان چەن

حیزبی بچوکتر دەبێتە هاوپەیمان و بە ڕێژەی دەسەلاتیان بەشداری حوکمەت دەکەن.

ڕەنگە هاوپەیمانییەتی لایەنێکی نەرێیی (سەلبی) بێت واتە بە ئامانجی ڕووخانی حوکمەت بێت. بۆ وێنە لە فەڕەنسە، پاش شەڕی جیهانی دووهەم کومۆنیستەکان و باڵی ڕاستی توندڕەو بوونە هاوپەیمان و حوکمەتی ئەو سەردەمەیان ڕووخاند.

هاوپەیمانییەتی لە هەڵبژاردندا بەم جۆرەیە کە حیزبە هاوپەیمانەکان، بە قازانجی یەکتر دەنگ ئەدەن بە لیستەیەکی هاوبەشی پاڵێوراوان و هەرێمەکان بە ڕێژەی خۆیان دەسەلات دابەش ئەکەن. ئەم شێوازە لە کۆماری چوارەمی فەڕەنسەدا بە کارهات.

لە سیستەمی دووحیزبی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا ئەم زاراوە مانایەکی تری هەیە بەم واتایە کە چەن گرووپی ناو دوو حیزبە کە (دیموکرات و کۆماری خواز) بۆ نەیاریکردن لە گەڵ هەندێ سیاسەتی حوکمەت یەك دەکەون. وەك چۆن دیموکراتەکانی باشوور و کۆماریخوازەکانی باکوور بۆ نەیاریکردن لە گەڵ هەندێ بڕیاری ڕۆزڤێلت و ترۆمێن یەك کەوتن.

هاوسەنگیی سیاسی — موازنـە سیاسـی — Political Balance

هاوسەنگیی سیاسی بریتییەلە بەرگری کردن لە دەستبەسەراگرتن و تەراتێنی زلهێزەکان لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا.

هاوسەنگیی هێزەکان — موازنـەی قـوا — Balance of Power

تیۆری هاوسەنگیی هێزەکان لە سەر ئەم بنەمایە داڕێژراوە کە دەسەلاتی هەر گرووپێك لە وڵاتانی ئەورووپا دەبێ لە گەڵ هێز و دەسەلاتی گرووپەکانی دیکە هاوسەنگ بێت تاکوو هیچکامیان نەتوانن بەسەر ئەویدی دا زاڵ بن و بەمجۆرە ئاشتی و ئاسایش مسۆگەر بکرێت. پاراستنی ئەم سیاسەتە بابەتی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی بریتانیا بوو لە میانەی ئاشتی درێژخایەن لە ١٨٧١ تا ١٩١٤ لە نێوان گرووپی وڵاتانی ئەڵمانیا، نەمسا و ئیتالیا و وڵاتانی بریتانیا، فەرەنسا و سۆڤیەت. پاش جەنگی جیهانی یەکەم تیۆری هاوسەنگیی هێزەکان هاتە ناو مێژووی دیپلۆماسی و بریتانیا تا ساڵی ١٩٣٩ لە بەرامبەر بەهێزترین وڵاتی ئەورووپا واتە ئەڵمانیا، سیاسەتێکی نەرمڕەوانەی گرتەبەر. لە ساڵی ١٩٤٥ بەملاوە هیچ هەوڵێك لە لایەن ئەم وڵاتە بۆ پاراستنی هاوسەنگیی هێزەکان بە ئەنجام نەگەیشتووە بەلام دەسەلاتی ڕۆژاوا لە بەرامبەر ڕۆژهەلات ڕووی لە زیادبوون کردووە. ئێستا زاراوەی هاوسەنگیی هێزەکان لە پێوەندیی نێودەوڵەتیدا پتر بۆ دەسەلاتی چەکداری و ئابووری زلهێزەکان لە ئاستی جیهانی یا ناوچەییدا دێتە ئاراوە. بۆ نموونە وڵاتی هیندستان لە نیمچەکیشوەر و میسر لە ڕۆژهەلاتی ناویندا. لەم ڕووەوە مەبەستی لایەنگرانی *چەکداماڵین** گشتاندنی ئەم سیاسەتەیە لە هەموو جیهاندا بە چەشنێك کە هیچ دەوڵەتێك نەبێتە هەڕەشە بۆ وڵاتێکیتر.

هاوولاتی/شارۆمەند شهروند Citizen

هاوولاتی، تاکێکە کە لە بەرامبەر دەوڵەتدا لە لایەکەوە خاوەنی هەندێ ماف سیاسی و مەدەنییە و لە لایەکی تریشەوە هەندێ ئەرك و تەکلیفی لەسەر شانە. چۆنیەتی پێوەندی هاوولاتی بوون (ماف تاك و ئەرکەکانی لە بەرامبەر دەوڵەتدا) لە دەستووری بنچینەیی و یاسای مەدەنی ئەو ولاتە دیاری ئەکرێت. هاوولاتی بوون لە پێوەند لەگەڵ تاك پێگەیەك دروست ئەکات کە لە روانگەی ماف نێونەتەوەییشەوە رێزی بۆ دائەنرێت. ماف نێونەتەوەیی لەم بارەوە دەوڵەتەکان بۆ رەچاوکردنی ماف شارۆمەندان بەرپرسیار ئەکات.

چەمکی هاوولاتی لە گەڵ چەمکی تاك و مافەکانی لە ئەورووپا هاتە ئاراوە. لە بنەڕەتدا بە کەسێك دەگوترێ هاوولاتی کە تەنیا ملکەچی دەوڵەت نەبێ بەڵکوو لە «ماف زگماکی» و «سروشتی» بەهرەمەند بێت و دەوڵەت ئەم مافانە بپارێزێ.

ئەگەرچی نەتەوایەتیش، زیاتر بە هاوولاتی بوون پێناسە کراوە بەلام مانایەکی بەربلاوتری هەیە. نەتەوایەتی بە مانای پێوەندایەتی لە گەڵ دەوڵەتە، بەلام نەك بە واتای بەهرەمەندی لە ماف سیاسی لە ناوخۆ بەڵکوو بە مانای بەهرەمەندی لە پاراستنی دەوڵەت لە دەرەوەی ولاتدایە. واتای «نەتەوایەتی» لە ماف نێونەتەوەییدا زامنی هەموو خەڵکێکە کە دەوڵەتێك ئەبێ پشتیوانی لێ بکات. نەتەوایەتی هەروەها بە مانای پێوەندی کۆمپانی و دارایییەکان(پاپۆر و فڕۆکە) لە گەڵ دەوڵەتێکە، واتە ئەمانەش سەر بەو نەتەوەن بەلام هاوولاتی لە ئەژمار نایەن. هاوولاتی بوون تایبەتی ئینسانەکانە.

رەنگە کەسێك هاوولاتی ولاتێك بێت بەلام لەو ولاتەدا نەژی یان لە ولاتێك نیشتەجێ بێت کە شارۆمەندی ئەو ولاتە نەبێت. هەندێ جار کەسێك بۆی هەیە لە رێی زەهاسە لە گەڵ شارۆمەندی ولاتێکی ترەوە ببێتە هاوولاتی ولاتێکیتر بەلام ئەم حاڵەتە ماف کار و پیشەی لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ دەستەبەر ناکات.

هاوولاتی جیهانی جهان وطنی Cosmopolitan

بڕواداری بەوەیکە خۆت بە کەسێکی جیهانی بزانی و مرۆڤ خۆی بە نەتەوە یان کیانێکی تایبەتەوە نەبەستێتەوە. بڕوا کردن بەوەیکە جیهان، نیشتمانی هەموو خەڵکانی سەرزەمینە. ئەو کەسانەی کە ئەم رێبازەیان پەسند کردووە دەخوازن هەرچی لەمپەر و تەگەرەی ئەم رێگە لابچێ و حوکمەتێکی جیهانی بێ رەچاوکردنی رەنگ و رەگەز و کەلتوور دامەزرێ و بە شێوەیەکی یەکسان بە سەریانا حوکمەت بکات.

کانت(۱۷۲٤-۱۸۰٤)فەیلەسووف ئەڵمانی و گۆتە(۱۷٤٦-۱۸۳۲) نووسەر و شاعیری بەناوبانگی ئەڵمانی لەم رێبازە لایەنگرییان کردووە.

لەم چاخەدا وادیارە بە تیاچوونی سنووری نەتەوەیی لە نێوان ولاتان و پێکهاتنی رێکخراوە و یەکیەتی ئابووری و سیاسی جیهانی و پەرەسەندنی میدیای گشتی، دنیا وەك دێهاتێکی جیهانی لێهاتبێت کە نەریتی نەتەوەیی و ئەتنیکی لە قەوارەی کەلتوورێکی جیهانیدا خۆی نیشان ئەدات.

هۆلۆکۆست — هولوکاست — Holocaust

ئەم زاراوە لە بنەڕەتدا لە لایەن مێژوونووسە جوولەکەکان، لەجیاتی دەستەواژەی final solution بە واتای «دوایین ڕێگاچارە» بەکار براوە. دوایین ڕێگاچارە، دەستەواژەیەکی دڵڕفێن بووە لە ئەڵمانیای سەردەمی نازیسم* کە لە جیاتی تیابردنی جەستەیی جوولەکەکانی ئەورووپا بە مەبەستی چارەسەرکردنی هەمیشەیی«کێشەی جوولەکان» بەکار براوە. پیادەکردنی ئەم سیاسەتە یەکەم جار لە کۆنفرانسێکی نوێنەرانی ئیداری ئەڵمانی نازی لە ژانڤییەی ١٩٤٢ باسی لێکرا.

زاراوەی هۆلۆکۆست، بەمانای سووتاندنی هەموو شتێکە و ئاماژە دەدات بە کۆمەڵکوژی جوولەکان لە لایەن دەستەی مەرگی ئس ئس SS ی ئەڵمانیا بە سەرکردایەتی هیملێر و جێگرەکەی، ئایشمێن لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا. بەپێی ڕاپۆرتە مێژووییەکان لەم ڕەشەکوژییانەدا ٤/٥ تا ٦ ملیۆن جوولەکە کوژران و سووتێندران. هۆلۆکۆست لەم دواییانەدا لەلایەن هەندێک ڕەخنەی لێ گیراوە و پێیان وایە کە ژمارەی سووتێندراوەکان هێندە نەبووە و بەڵکوو ئەو ڕادەیە کەمتر لەوە بووە کە مێژوونووسەکان ڕایانگەیاندووە وئەم ژمارە لە فڕو فیشاڵ دەچێ.

هەڵبژاردن — انتخابات — election

پرۆسەیەک کە بەوپێیە خەڵکانێک، کەسێک یان چەن کەس ناوزەد ئەکەن بۆ بەئەنجام گەیاندنی کارێکی دیاریکراو. لە زاراوەی سیاسیدا بە مانای هەڵبژاردنی نوێنەرانی پەرلەمانە بۆ ناو ئەنجومەنی نوێنەران.

لەو وڵاتانەی کە خاوەن دەستوری بنچینەیین و لە بەینی سێ هێزەکەدا جیاوازی هەیە(*تفکیک قوا**) هێزی یاسادانەر، بەدەنگی ئازاد و نهێنی و ڕاستەوخۆی خەڵک هەڵدەبژێردرێ. لەم جۆرە هەڵبژاردنانەدا لەبەر ئەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە ماڤ دەنگدانیان هەیە، دەرفەتییان هەبێت لانیکەم ڕۆژێك بۆ ئەم کارە تەرخان دەکرێت. دەنگدەرانیش (ئەو کەسانەی کە بە پێی یاسا خاوەنی مەرجەکانی تەمەن و عەقڵ و مەدەنی بوون و سیاسی بوونن) وەرەقەی دەنگدان بەدەستەوە، لە ژێر چاودێری دەستەی چاودێران دەنگەکانی خۆیان دەخەنە ناو سندووقی لاك و مۆرکراوەوە. ئینجا لە مەراسیمێکدا سندووقەکان دەکرێنەوە و بە ئاگەداری پاڵێوراوان یا نوێنەرەکانیان دەنگەکان دەخوێندرێنەوە.

لە سیستەمە فرە حیزبییەکاندا دەنگدەران دەنگی خۆیان ئەدەنە پاڵێوراوی حیزبی. لەم ڕووەوە لە پێش هەڵبژاردنەکە گرووپێك لەناو حیزبەکەدا لیستی ناوزەدەکانی خۆی دیاری ئەکات. لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا چونکە ناتەباییەکی ئایدیۆلۆژیك لەنێوان دوو حیزبە گەورەکە لەمەڕ هەڵبژاردن نییە، زیاتر لە سەر پاڵێوراوەکان لەنگەر ئەگرن. بۆیە پێش هەڵبژاردنی گشتی بۆ دیاریکردنی سەرۆك کۆمار و جێگری یەکەمی، هەڵبژاردنێکی ناوخۆیی لەناو دوو حیزبەکە بەڕێوە دەچێت کە بایەخێکی زۆری پێ ئەدرێ.

بەو هەڵبژاردنانەی کە تێیدا دەنگدەرەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نوێنەرانی خۆیان هەڵدەبژێرن یەك پلەیی و ئەوەش کە دەنگدەران کەسانێك هەڵدەبژێرن کە ئەوان نوێنەرە ڕاستەقینەکان هەڵبژێرن، پێی دەڵێن

هەڵبژاردنی دوو پلەیی.

هەلپەرستی فرصت طلبی/اپورتونیسم Opportunism

ئەم زاراوە لە وشەی (opportunus) بە واتای لەبار و شیاو وەرگیراوە. لە زاراوەی سیاسیدا بریتییە لە: خۆ لێگۆڕان بەپێی گۆڕینی هەلومەرج و ڕەوشی سیاسی بۆ بەدەست هێنانی قازانجێکی شەخسی، کورد وتەنی، بە هەموولایەك شەن کردن. هەلپەرست بە کەسێك دەگوترێ کە هەمیشە بەرەو ڕژێمی دەسەڵاتدار لایەنگری هەیە و پابەندی هیچ پرەنسیپێك نییە و پرەنسیپەکانی خۆشی لەو ڕێگا دائەنێت.

هەلپەرستی لە سیاسەتدا بە ڕەفتارێکی سازشکارانە لە قەڵەم ئەدرێت چونکا ئینسانی هەلپەرست بۆ گەیشتن بە قازانجەکانی خۆی، لە ئاست کەموکووڕییەکانی کۆمەڵگا بێدەنگ دەبێ و چاوپۆشی لێ ئەکات. تەنانەت ئەگەر ئەم هەڵوێستەشی لە گەڵ باوەڕ و پرەنسیپەکانی خۆی ناتەبا بێت.

هەژمۆنی هژمونی / برتری Hegemony

ئەم زاراوە لە ڕیشەی یۆنانی hegemonia بە مانای سەرۆکایەتی یا فەرمانڕەوایی وەرگیراوە و بریتییە لە زاڵبوون و باڵادەستی وڵاتێك بەسەر وڵاتانی دیکە لە ڕێگای دیپلۆماسی یا پێملکردن بە هەڕەشە یا سەرکەوتنی چەکداری. ئەم زاراوە پتر بەو مانایەی کە ئانتۆنیۆ گرامشی(١٩٣٧ـ ١٨٩١) بیرمەندی مارکسی و نووسەری ئیتالیایی، ئاراستەی کردووە بەکاربراوە کە ئەویش بریتییە لە: زاڵبوون و سەروەریی چینێك، نەك هەر لەبواری ئابووری بەڵکوو لە هەموو بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی بەسەر چینەکانی تردا. بە باوەڕی گرامشی هەژمۆنی سەرمایەداران تەنیا لە ڕێگای هۆکارە ئابوورییەکان دابین ناکرێت بەڵکوو پێویستی بە دەسەڵاتێکی سیاسی و سیستەمێکی ئایدیۆلۆجییە کە لە دووی پێملکردن و ڕازی هێشتنەوەی چینی ژێردەستەوەیە. دامودەزگاکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری بریتین لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی وەك دەوڵەت، حیزب، دەزگا ئایینییەکان(کڵێسا)، خێزان و یەکیەتییە کرێکارییەکان.

مانەوەی کۆمەڵگای سەرمایەداری بە هۆی هەژمۆنی ئایدیۆلۆژیایی سیستەمی زاڵ بەسەر چینی کرێکاردایە. گرامشی پێی وایە کە ئەم هەژمۆنییە ناتوانێ بگووڕێت چونکا عەقڵی سەلیم کە بەرهەمی ژیانە، وشیارییەك دەبەخشێ بە چینی کرێکار بە پێچەوانەی ئەو وشیارییە کە چینی سەرمایەدار بەسەریا دای ئەسەپێنێ. بەڕای ئەو ئەگەر بێتوو ئەم وشیارییە شۆڕشگێڕییە لە لایەن ڕۆشنبیرانەوە بەهێز بکرێت، دەبێتە هێزێکی کارامە و خەباتی چینایەتیش تا ڕادەیەکی زۆر ململانێی نێوان گرووپە ڕۆشنبیرییەکانە کە یەکیان لە خزمەت چینی سەرمایەدارە و ئەویدی لە خزمەت چینی کرێکاردایە.

هێـــز/دەســـەڵات قـــدرت Power

هێز، یەکێك لە چەمکە سەرەکییەکانی زانستی سیاسەتە کە بە مانای وزە و توانایی کەسێکە بۆ پێملکردن و

تەسلیم راگرتنی جەماعەتێك لە بەرامبەر خواستەکانی ئەو کەسەدا بە هەر شێوازێك. بە واتایەکی‌تر هێز، کۆمەڵێ سەرچاوە و ئامرازی زۆرەملانە و ئارەزوومەندانەیە کە حوکمەتەکان بۆ بەڕێوەبەرایەتی دەسەڵات بەکاری دەهێنن. پاراستنی سەرچاوەکانی هێز و چۆنییەتی دابەشکردنی و خەبات بۆ وەچنگ هێنانی، گرینگترین بابەتی توێژینەوەی زانستی سیاسییە. هەروا زۆرینەی زانایانی سیاسی پێوەندییەکانی هێز بە کاکڵی سیاسەت دەزانن و دەڵێن ئەو شتەی پێوەندی مرۆ لە گەڵ پێوەندییەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، هێزە. خەباتی حیزب و حوکمەتەکان لە پێناو هێزدایە: بۆ وەدەست هێنانی هێز، پاراستن یا بۆ نواندن و نومایش کردنی هێز.

بیرمەندانی سیاسی، هەوڵیان داوە ئەم چەمکە لە گەڵ زاراوەی دەسەڵات* authority لێك جیا بکەنەوە. بەڵام لە راستیدا نە لە زاری رەشۆکی و نە لە زانستی سیاسەت، رێککەوتنێك لەمەڕ ئەم زاراوە پێك نەهاتووە. چونکا هەندێ جار وشەی هێز لە گەڵ دەسەڵات، دەسرۆیین، زۆرداریی، زۆرەملێ و... بە هاوواتا زانراوە. هێز خاوەنی چەند سەرچاوەیەکە کە بریتین لە:

١- زانیاری: ئەم سەرچاوە یارمەتیدەری فراژووتنی ئاوەز و رۆحی مرۆڤە. لە کۆمەڵگایەکی وشیاردا هیچ رێبەرێك ناتوانێ بێ زانیاری دەستی بە هێز بگات.

٢- رێکخستن: رێکخستن لە جەوهەردا هێز دەبەخشێ. لە سیستەمێکی سیاسی دیموکراتیدا حیزبە سیاسییەکان بۆ وەدەست هێنانی هێز، رێکخراوە سازدەکەن.

٣- هەلومەرج: هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی بە خاوەنەکەی یارمەتی دەدات کە هێز و دەسەڵاتی خۆی زیاتر بکات.

٤- دەسەڵات: دەسەڵات بە واتای هێزی رەوا و شەرعییەتدارە. ئەگەر کەسێك دەستی بگاتە پلە و پایەیەکی رەوا و یاسایی، هێزی رێبەرایەتییەکەی زیاتر دەبێ.

٥- لێهاتوویی: وەشاوەیی و شارەزایی، هێزی مرۆ زیاد دەکات و لە خەبات بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات، سەرکەوتووی دەکات.

٦- ئیمان و بڕوا: مانەوەی رێبەرێك لە دەسەڵاتدا پێویستی بە بڕوایەکی گشتی هەیە.

٧- میدیاکان: میدیاکان سەرچاوەیەکی گرینگی هێز و دەسەڵات لە ئەژمار دێن. بەرپرسانی رۆژنامە و تەلەفیزیۆن و ... دەورێکی باڵا دەگێڕن لەمەڕ زاڵبوون بەسەر رای گشتیدا.

ئەگەر هێز لەسەر بنەمای زۆر و سوڵتە دامەزرابێت، فەرمانبەران بە رەوای نازانن و هۆی فەرمانبردنیان، دەگەڕێتەوە بۆ ترس. بەڵام ئەگەر فەرمانبەرانیش خاوەنی هێزێکی کۆمەڵایەتی بن و هێزی فەرمانڕەوا بە شەرعی و رەوا بزانن، ئینجا هێز دەبێتە پاڵپشتێکی رەوا. حوکمەتی خەڵکیی کاتێك پیادە ئەکرێت کە لە نێوان فەرمانڕەوا و فەرمانبەراندا هیچ لەمپەرێك نەبێت.

هێزی ڕەش قدرت سیاه Black Power

بریتییە لەو بزاوتەی کە لە شەستەکانی سەدەی ٢٠ لە لایەن ڕەشپێستانی ئەمریکا بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە باری گوزەران لە کۆمەڵگایەکی سپیپێستدا هاتە کایەوە. ئەم بزاڤە لەسەر مافی یەکسانی ڕەش و سپی داکۆکی دەکرد و لەم سەردەمەدا چالاکییەکانی خۆی بەگوڕتر کرد. لەبەر ئەوەی بزاوتەکە بووە هۆی ترسی کۆمەڵگای سپیپێستی ئەمریکا لەمەڕ بەرپابوونی ململانێی نەژادی بەم بۆنەوە هەوڵ دراوە تا رادەیەك خواستەکانیان جێبەجێ بکرێت. هێزی ڕەش، پاش چالاکییەکانی مارتین لوتەر کینگ، ڕێبەری ڕەش پێستەکانی ئەمریکا توانی بە خواستە مەدەنی و سیاسییەکانی خۆی بگا و وڵاتی ئەمریکا، زیاتر لە جاران بەرەو پرۆسەی دیموکراسی ببات. دوایین بەرهەمی ئەم خەبات و بزاوتە گەیشتن بە دەسەڵاتی ڕەش پێستێکی ئەمریکی – ئەفریقایی بە ناوی بارك ئۆباما یە لە باڵاترین پۆستی سیاسی واتە سەرۆك کۆماری لە ساڵی ٢٠٠٩.

ی

Note یادداشــت یاداشت نامـه

نامەیەکی دیپلۆماسییە کە پردی پێوەندی دەوڵەتەکان لە گەڵ یەکتر ئەکاتەوە. یاداشت نامە، بە چەند شێوە لە نێوان دەوڵەتەکاندا ئاڵووگۆڕ دەکرێت کە بریتین‌لە:

یاداشت نامەی زارەکی، یاداشت نامەی رەسمی، یاداشت نامەی هاوشێوە (کە هاوکات بۆ چەند وڵاتی جیاواز دەنێردرێت).

Law قانوون یاسا

١- کۆمەڵێك رێسای پێویست و ناچاریی کە لە سەردەمێکی دیاریکراودا بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆ حوکم دەکات و پیادەکردنەکەی لە لایەن دەوڵەتەوە مسۆگەر دەکرێت. ٢ـ ویست و ئیرادەی تاقمی دەسەڵاتدار کە لە قەبارەی یاسادا ئەگونجێت. ٣ـ کۆمەڵێك بریار کە بەسەر پێوەندییەکانی کۆمەڵگایەکی سیاسیدا حوکم دەکات. ٤ـ رێوشوێنێك کە لە لایەن دەسەڵاتێکی گشتی دیاری ئەکرێت کە دەبێ هەمووان پەیرەوی لێ بکەن و ملکەچی بن.

یاسا، بەرهەمی قەبارە و سیمای ژیانی مرۆڤە. لەبەرئەوەی ژیانی مرۆ هەمیشە ئامادەی گۆڕان و وەرچەرخانە، یاساش هەمیشە تووشی گۆڕان دەبێت بەڵام هەر چەشنە گۆڕانێکی بنچینەیی بەسەر یاسادا لە پاش روودانی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی دەگاتە ئەنجام. هەرکەس وەك مرۆڤێك و بە پێوانەی ویژدانی خۆی ماف ئەوەی هەیە یاساکان هەڵسەنگێنێ و لێیان وەکۆڵێت. هەرکاتێك ویژدانی، یاساکەی پەسند کرد، ئینجا پەیرەوی لێ بکات و ئەگەریش پەسندی نەکرد نابێ بۆ پیادەکردنەکەی هەنگاو بنێت.

Legalism لگالیسم/قانون باوری یاسا پەروەریی

ئەم زاراوە بە واتای باوەڕ بە سەروەری و رەسەنایەتی یاسا و شەرعییەتی دادوەری و مافەکانە. ئەم جۆرە لە دنیابینی و بیرکردنەوە لە پێوەندی نێوان دەوڵەت و خەڵك و پێوەندی جەماوەر لەگەڵ یەکتر کە دەبێ بەپێی یاسا و قانوون بێت، هەر لە سەردەمی دەوڵەتی رۆمای کۆنەوە باو بووە و بەشێك بووە لە فەلسەفەی سیاسی. یاساپەروەری هەموو جۆرە پێوەندییەکی مرۆڤ دەخاتە تەرازووی یاسا و دادوەری و دەوڵەت بە بەرهەمی قانوون دەزانێت. ئەم رێبازە پێی وایە کە لە بابەت دەوڵەتەوە ناکرێ بە پێوانەی ئەخلاق و کۆمەڵناسی سەیر بکرێت بەڵکوو دەبێ لە شەرعییەت و رەسەنایەتی یاسایی بکۆڵدرێتەوە و روون بکرێتەوە

کە ئایا دەوڵەت، ڕەوایە یا ناڕەوا ؟

یاسای بنەڕەتی: بڕوانە دەستووری بنچینەیی.

یانزەی سێپتەمبەر ٢٠٠١ یازده سپتامبر ٢٠٠١ 11/9

بەو ڕوداوە تیرۆریستییە دەگوترێ کە بووە هۆی لەناوچوونی نزیکەی ٣هەزار کەس لە دانیشتوانی دوو تاوەرە ئەفسانەییەکانی ڕێکخراوەی بازرگانی جیهانی و وەزارەتی بەرگری ئەمریکا بەهۆی خۆپێکادانی سێ فڕۆکەی نەفەرهەڵگر بەم بینایانەدا. پاش ئەم ڕوداوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕایگەیاند کە جیهان «یا دۆستی ئێمەن یا دوژمن»! ئەم کارەساتە بڕگەیەکی زۆر گرنگی مێژووی ئەمریکا لە ئەژمار دێت.

یەک جەمسەریی تک قطبی Unipolarity

جۆرە سیستەمێکی سیاسی کە تێیدا تەنیا یەک جەمسەر چالاك بێت. یەك جەمسەری زیاتر لە حوکمەتێکی جیهانگیردا لە ئارادایە. دوای کۆتایی پێهاتنی شەڕی سارد هەندێ گومان دروست بووە لەسەر ئەوەیکە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئێستا یەکەم *زلهێز**ی جیهانە و ئەمە دەرفەتێکی وای بۆ دەرەخسێنێ کە جیهان بەرەو یەك جەمسەری ببات. لیبرالیزمی ئابووری و کەم تاکورتێکش دیموکراسی هاوبەشی، ڕەنگە تا ڕادەیەك ببنە یارمەتیدەری سیستەمی یەك جەمسەری.

یەکسانی خوازی برابری خواهی Egalitarianism

بڕواهێنان بە بایەخی بەرزی یەکسانی و لایەنگری لە پیادەکردنی ئەم بڕوایە. لە سەردەمی ئێستادا ئەم بیرۆکە بۆتە پاڵنەر و هاندەری زۆربەی جووڵانەوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان. سێ دروشمی بەناوبانگی شۆڕشی فەرەنسە کە بریتیبوون لە ئازادی و یەکسانی و برایەتی لە «پیلانی یەکسانەکان»(بڕوانە بابۆفیزم)، دەنگدانەوەی خێرای داوە کە پاش سەرکوتکردنی ئەو جووڵانەوە ڕێبازەکانی بۆ ڕێکخراوە نهێنییەکانی سەدەی نۆزدە بەجێما کە ئەوانیش خوازیاری یەکسانی مووچە بوون. بابۆفیزم بەم ڕێبازەوە زەمینەی بۆ ئەندێشە سۆشیالیستی و کۆمۆنیستییەکان خۆش کرد.

لە سەدەی بیستەم دابەشکردنی یەکسانخوازانەی بەرهەمهێنان و دارایی لە کۆمەڵگادا ڕەهەندێکی تازەی بەخۆوە بینی و چەن مەسەلەیەکی تازەشی چێکردووە چونکا ئەزموونی مێژوویی نیشانی داوە کە سڕینەوەی جۆرێك لە نایەکسانی ئەتوانێ نایەکسانیتر بەرهەم بهێنێت. وەك چۆن لە زۆربەی سیستەمە توتالیتەرەکان بە بیانووی یەکسانی ئابووری، سەرجەم ماف سیاسی و ماف بەشداری تاك لە بڕیارە سیاسییەکاندا لە ناو دەچێ.

یەکێك لە دروشمە سەرەکییەکانی یەکسانخوازەکان «یەکسانی دەرفەتەکان»ـە کە سۆشیالیستەکان

ئاراستەیان کردووە. یەکسانی دەرفەتەکان بەمانای سڕینەوەی تەواوی ئەو زێدەمافانەیە کە بۆ گرووپێکی تایبەت، هەر لە ڕۆژی لە دایکبوونەوە زەمینەی نابەرابەری بۆ گەشە سەندن خۆش دەکەن.

یەکیەتی صنف Guild

ئەنجومەنێکی ئارەزومەندانەیە بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی هاوبەشی ئەندامەکانی. یەکیەتییەکان لە سەرەتای سەدەی یازدەوە، لە گوێن ڕێکخراوەی کرێکاری و پیشەسازی بە مەبەستی پێشڤەبردنی قازانج و بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی، پیشەیی، پەروەردەیی و ئاینی ئەندامەکانی سەریان هەڵداوە. ئەم ئەنجومەنانە توانست و زانیارییە پیشەییەکانی خۆیان، وەچە بە وەچە ڕاگواستووە و نەیانهێشتووە کەسانی بەدەر لە خۆیان ببنە ئەندامی یەکیەتی.

یەکیەتی ئەورووپا اتحادیەی اروپا European Union (EU)

«ئەنجومەنی ئەورووپا» لە ساڵی ١٩٩٢ بەملاوە بە «یەکیەتی ئەورووپا» ناوبانگی دەرکردوە کە ئەویش پێکهاتێکە لە: کۆمەڵەی ئابووری ئەورووپا(بازاری هاوبەش)، کۆمەڵەی خەڵووز و پۆڵای ئەورووپا و کۆمیتەی وزەی ئەتۆمی ئەورووپا کە لە یەکەمی ژوئییەی ١٩٦٧ یەکیان گرت. ئەم ڕێکخراوە بریتیە لە ئەنجومەنی وەزیرانی وڵاتانی ئەندام و پەرلەمانی ئەورووپا و دادگای ئەورووپی. ئامانجی یەکیەتی ئەورووپا بریتییەلە:

بەدیهێنانی یەکییەتی ئابووری و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، لابردنی سنوورەکان، ڕێکخستنی بازاڕ و دراوی هاوبەش، دەرکردنی پلان و سیاسەتێکی یەکگرتوو لە بابەتە جۆراوجۆرەکان و سەرەنجام یەکگرتنی سیاسی لە نێوان وڵاتانی دیموکراتیی ئەورووپا. یاسا و ڕێساکانی ئەم ڕێکخراوە لە ٣١ی دیسەمبەری ١٩٩٢ پیادە کراوە. بەم پێیە هیچ بەربەستێك بۆ دانوستانی شمەك و خزمەتگوزاری و دارایی و کرێکار و گەڕۆك لە ناو وڵاتانی ئەندامی یەکیەتی لە ئارادا نییە. لە سەر یەکگرتوویی سیاسی و گەیشتن بە دانەی دراڤی هاوبەش، پەیماننامەی زۆر لە نێوانیان مۆر کراوە کە بریتین لە:

- یەکلاکردنەوەی دراڤی ئەورووپا(ئەم دراڤە لە ژانوییەی ٢٠٠٢ بە ناوی «یۆرۆ» هاتە گەڕیان لە بازاڕدا و ئێستا مامەڵە و دانوستانی پێ ئەکرێ).
- داڕشتنی سیاسەتێکی یەکلایەن بۆ ئەندامانی یەکیەتی.
- داڕشتنی ڕێبازێکی بەرگریی هاوبەش لەژێر چاودێری یەکیەتی ئەورووپا.
- ئەم یەکیەتییە پێشەنگاوی ڕێبازێکی کۆمەڵایەتی یەکگرتوو ئەبێت.
- زیاکردنی یارمەتی بۆ ئەندامانی هەژار و لاواز لە یەکیەتیدا.
- زیاکردنی دەسەڵاتی پەرلەمانی ئەورووپا.

یەکیەتی ئەورووپا تاکوو ئاڤریلی ٢٠٠٣ لە پانزە ئەندام پێکهاتبوو کە بریتی بوون لە:

فەرەنسە، ئەڵمانیا، ئیتالیا، بەلجیکا، هۆڵەندا و لۆکزامبۆرك (لە ساڵی ١٩٥٧ بە پێی ڕێکەوتنامەی ڕۆم)

بەریتانیا، ئیرلەندا و دانیمارك (لە ١٩٧٣) یۆنان (لە ١٩٨١) ئیسپانیا و پۆرتوغال (لە ١٩٨٦) نەمسا، فینلاند و سوید(لە ١٩٩٥). بڕیار بووە نزیكەی ١٠ وڵاتی‌تر ببنە ئەندامی ئەم ڕێكخراوە.

ڕێبەرانی وڵاتانی ئەندامی یەكیەتی ئەوروپا، لە دانیشتنی ٢٠ی ژوەنی ٢٠٠٣ ڕەشنووسی دەستووری بنچینەیی ئەم ڕێكخراوەیان ئامادە كرد تاكوو ببێتە یاسای هەموو وڵاتانی ئەندام. بڕیار وابوو ئەم پێشنووسە لە ساڵی ٢٠٠٥ بەولاوە لە وڵاتانی ئەندام بخرێتە ریفراندۆمەوە. (بڕوانە پەیمانی ماستریخت). پێنجەمی سیپتەمبەری ٢٠٠٥ یەكیەتی ئەوروپا گفتوگۆكانی لەمەڕ بەئەندامبوونی توركیای لە ماوەی ١٠ ساڵدا پەسند كرد. ناوەندی یەكیەتی لە شاری بروكسیل، پێتەختی بەلجیكایە.

یەكیەتی پان ئەمەریكەن اتحادیەی پان امریكن Pan-American Unio

ڕێكخراوەی دەوڵەتانی كیشوەری ئەمریكا كە لە یەكەمین كونفرانسی وڵاتانی ئەمریكی لە ساڵی ١٨٩٠ واشینتۆن دامەزرا. ئەم كۆنفرانسە «ئیدارەی نێونەتەوەیی كۆمارییەكانی ئەمریكا»ی بەدیهێنا كە دواتر ناوی بە یەكیەتی پان ئەمەریكەن گۆڕا. ئامانجی ئەم یەكیەتییە «پەرەپێدان بە هاریكاری سیاسی و ئابووری لەنێوان دەوڵەتانی ئەمریكایی و قووڵكردنی هەستی یەكگرتوویی زیاتر لە نێوان ئەمریكای باكوور و باشوور»دا بووە. بەڵام لەبەر ترسی نادیاری دەوڵەتانی ئەمریكای باشوور لە هەژموونی* سیاسی و ئابووری وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، كارەكانی بە ڕێكوپێكی بەرێوە نەدەچوو. بەم حاڵەش چەندەها دەزگا بۆ پێشخستنی هاریكاری كەلتووری و ئابووری لە نێوان ئەم دەوڵەتانەدا هاتۆتە كایەوە و نزیكەی چل بڕیارنامەی بازرگانی و گومرگی و پەنابەری مۆر كراوە.

لە دوای شەڕی جیهانی دووهەم، ئەم دەوڵەتانە زیاتر پێویستیان بە یەكگرتن بوو. بۆیە لە ساڵی ١٩٤٨ «ڕێكخراوەی دەوڵەتە ئەمریكییەكان» دامەزرا كە یەكیەتی پان ئەمەریكەن، بوو بە كۆڵەكەی ئەم ڕێكخراوە و نوسینگە كەشی لە ئەژمار دەهات. ئەم یەكیەتییە چوار ئیدارەی هەیە كە كاروباری ئابووری و كۆمەڵایەتی و ماف نێونەتەوەیی و كەلتوور و خزمەتگوزاریی لە ئەستۆ گرتووە.

یەكیەتی عەرەب/كۆمكاری عەرەب اتحادیەی عرب Arab league

ئەم یەكیەتییە لە پاش هەوڵودەوڵی بێ‌بڕانەوەی وڵاتانی عەرەبی بۆ دامەزرانی كۆمەڵەیەك پێكهات. لەم سەروبەندەدا ڕێككەوتنێك لە لایەن میسر و عێراق و لوبنان و سوریا و... مۆر كرا. كۆمیتەی ئاسانكاری یەكیەتی پان عەرەب، لە كۆنگرەی ئەسكەندەریە(١٤ی فێوریەی ١٩٤٥) بە مەبەستی واژۆ كردنی ڕێسانامەیەك بۆ ئەم یەكیەتییە، پێشنیاری دانیشتنێكی كرد. بڕیارنامەی وڵاتانی عەرەب لە ٢٢ی مارسی ١٩٤٥ لە لایەن نوێنەرانی میسر و عێراق و لوبنان و سەعودی و سوریا و ئەردەن و نوێنەرێك لە فەلەستین و یەمەن ئیمزا كرا.

ئامانجی دروسبوونی ئەم ڕێكخراوە، پێكهاتنی یەكیەتییەك لە دەوڵەتانی سەربەخۆی عەرەب بوو بە

مەبەستی بەهێز کردنی پێوەندی عەرەبان و گەیشتن بە ئاواتەکانیان لەپێناو یەکگرتوویییەکی بەپێز. لیبی لە ساڵی ١٩٥٣، مەراکیش و تونێس لە ١٩٥٨، سودان و کوەیت لە ١٩٦١، جەزایر لە ١٩٦٢، یەمەنی باشووری لە ١٩٦٧چوونە ناو ئەم یەکیەتییەوە. یەکیەتی عەرەب بریتییە لە ٩ کۆمیتەیسیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتووری، سەربازی و یاسایی و... نووسینگەی یەکیەتی لە قاهیرەیە و سکرتێر بۆ ماوەی پێنج ساڵ هەڵئەبژێردرێت. دەوڵەتی لیبی لە مانگی مەی ٢٠٠٣ لەم رێکخراوە جیا بۆوە.

یەکیەتی کرێکاری — اتحادیەی کارگری — Labor union

رێکخراوەیەك کە تێیدا کۆمەڵی کرێکاران بۆ باشترکردنی هەلومەرجی ئیش وکار و مووچە و... پێکەوە چالاکی ئەنوێنن. لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداریدا یەکیەتیە کرێکاریەکان ـ چ ئەوانەش کە ئەندامی ئەو یەکیەتیە نەبن ـ بڕیار ئەدەن بەرژەوەندیەکانی کرێکاران دەستەبەر بکەن.

یەکیەتیە کرێکاریەکان تا کۆتایی سەدەی ١٩ بە رەسمییەت نەناسرابون و سەرکوت ئەکران. چونکا هەبوونیان رێگر بوو لەبەردەم بنەڕەتی ئازادی لە بازاری ئابووریدا. بەڵام لەو کاتەدا لە ئەوروپا پەسند کران وئێستاکە زۆربەی وڵاتانی پیشەسازی خاوەنی رێکخراوەی کرێکاری نەتەوەیین.

بزووتنەوە چەپیەکانی سۆشیالیست و کۆمۆنیست و ئانارشیست و سێندیکالیست، تێکڕا یەکیەتیە کرێکاریەکان لەگوێن ئامێرێکی گرینگی کرداری سیاسی و شۆڕشگێڕانە ناوبردە ئەکەن و هەندێکیان وەك داردەستێکی شۆڕشگێڕانە بۆ روخاندنی سیستەمی سەرمایەداری لە قەڵەمی ئەدەن. (بڕوانە سێندیکالیسم)

یەکیەتی نێوان پەرلەمانی — اتحادیه بین المجالس — Interparliamentary Union

رێکخراوەیەك کە پێکهاتووە لە ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانەرانی وڵاتانی جیهان کە لە ساڵی ١٨٨٩ لە پاریس بنیات نرا و لە ساڵی ١٩٢٠ بەملاوە بەم شێوازەی ئێستا زیندوو کراویەوە. ئامانجی ئەم رێکخراوە بریتییەلە: پاراستن و بەهێزکردنی دیموکراسی پەرلەمانی(بڕوانە دیموکراسی)، پێکهێنانی یەکیەتییەکی ئازاد لە نێوان یاسادانەرانی جیهان و چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان لە رێگای نوێنەرانی پەرلەمان. ناوەندی یەکیەتی نێوان پەرلەمانی لە جێنێڤ لە سوسیرایە.

یوتۆپیا/شاری خەیاڵ — آرمانشهر/یوتوپیا — Utopia

ئەم زاراوە ناوی کتێبێکی سێرتۆماس موور(١٥١٦)، سیاسەتڤان و ئەدیب و قەشەی ئینگلیزییە کە تێیدا باسی شارێکی خەیاڵی ئەکات کە سیستەمی ژیانی کۆمەڵایەتی یەکپا عەقڵانی بێت لەهەمبەر ژیانی ئەو سەردەمەی ئەوروپا کە یەکسەرە تەماح و سوودپەرستی و چاوچنۆکی بووە. لەوە دوا لە ئەندێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا هەر چەشنە رەوشتێکی جوان و رێکوپێکی لەم جۆرەیان، بە یوتۆپیا لە قەڵەم ئەدا. مانای

وشەکە بە یۆنانی «هیچ شوێنێك» دەگەیەنێت بەڵام بە بەهەشتی سەرزەمین لێك دراوەتەوە کە ژیانی کۆمەڵایەتی و رامیاری و هەموشتێکی وەك بەهەشت وایە.

سەرچاوەکان:

سەرچاوەی فارسی:

۱- آشوری، داریوش/ دانشنامه سیاسی. ـ تهران: مروارید، ۱۳۷۶.

۲- آشوری، داریوش/ فرهنگ علوم انسانی(انگلیسی به فارسی). ـ تهران: مرکز، ۱۳۸۱.

۳- آقابخشی، علی و افشاری راد، مینو/ فرهنگ علوم سیاسی. ـ تهران: چاپار، ۱۳۸۳.

۴- استنفورد کوهن، الوین/ تئوریهای انقلاب. ـ ترجمه علیرضا طیب، تهران: نشر قومس، ۱۳۶۹.

۵- استولی برس، الیور و بولک، آلن/ فرهنگ اندیشه نو. ـ ویراستار ع، پاشایی، تهران: انتشارات مازیار، ۱۳۷۸.

۶- اشرف، احمد/ بحران هویت ملی و قومی در ایران. ـ تهران: موسسهٔ تحقیقات و توسعهٔ علوم انسانی، ۱۳۸۳.

۷- اقبال، فرشید/ مکتب‌های سیاسی. ـ تهران: سبکباران، ۱۳۸۲.

۸- بالاندیه، ژرژ/ انسان شناسی سیاسی. ـ ترجمه فاطمه گیوه چیان، تهران:

۹- بخشایشی اردستانی، احمد/ اصول علم سیاست. ـ تهران: آوای نور، ۱۳۷۶.

۱۰- بشیریه، حسین/ آموزش دانش سیاسی. ـ تهران: نگاه معاصر، ۱۳۸۱.

۱۱- بشیریه، حسین/ جامعه شناسی سیاسی. ـ تهران: نشر نی، ۱۳۷۴.

۱۲- بشیریه، حسین/ عقل درسیاست(سی و پنج گفتار در فلسفه، جامعه شناسی و توسعه سیاسی). ـ تهران: نگاه معاصر، ۱۳۸۲.

۱۳- بیرو، آلن/ فرهنگ علوم اجتماعی. ـ ترجمه باقر ساروخانی، تهران: کیهان، ۱۳۶۶.

۱۴- پین، مایکل/ فرهنگ اندیشه انتقادی- از روشنگری تا پسامدرنیته. ـ ترجمه پیام یزدانجو، تهران: مرکز، ۱۳۸۳.

۱۵- ترنبری، پاتریک/ حقوق بین الملل و حقوق اقلیت ها. ـ ترجمه آزیتا شمشادی و علی اکبر آقایی، تهران: پژوهشکده مطالعات راهبردی، ۱۳۷۹.

۱۶- تیچمن، جنی. اوانز، کاترین/ فلسفه بهٔ زبان ساده. ـ ترجمه اسماعیل سعادتی، تهران: سهروردی، ۱۳۸۰.

۱۷- خوبروی پاک، محمدرضا/ اقلیت ها. ـ تهران: شیرازه ؟

۱۸- رابرتسون، دیوید/ فرهنگ سیاسی معاصر-کلید آشنایی با ایدئولوژی‌ها و اصطلاحات پیچیده سیاسی. ـ ترجمه عزیز کیاوند، تهران: نشر البرز، ۱۳۷۵.

۱۹- شکیبا، بهروز/ دایره المعارف فرهنگ سیاسی. ـ تهران: فروغی، بی تا.

۲۰- عالم، عبدالرحمن/ بنیادهای علم سیاست. ـ تهران: نشر نی، ۱۳۸۰.

۲۱- علی بابایی، غلامرضا/ فرهنگ سیاسی آرش. ـ تهران: آشیان، ۱۳۸۲.

۲۲- علیزاده، حسن/ فرهنگ خاص علوم سیاسی(دربرگیرنده کلیه اصطلاحاتی که با ایسم ختم میشوند). ـ تهران:

روزنه، ۱۳۸۱.
۲۳- کندال، وانلی و نازدار/ کردها، ترجمه ابراهیم یونسی. ـ تهران: روزبهان، ۱۳۷۲.
۲۴- گل‌محمدی، احمد/ جهانی شدن، فرهنگ، هویت. ـ تهران: نشر نی، ۱۳۸۱.
۲۵- گولد، جولیوس/ فرهنگ علوم اجتماعی. ـ ترجمه محمد جواد زاهدی مازندرانی، تهران: مازیار، ۱۳۷۶.
۲۶- گیدنز، آنتونی/ جامعه شناسی. ـ ترجمه منوچهر صبوری کاشانی، تهران: نشر نی، ۱۳۷۳.
۲۷- ماتیل، الکساندر/ دایره المعارف ناسیونالیسم. ـ ترجمه کامران فانی و... {دیگران}، تهران: کتابخانه تخصصی وزارت امور خارجه، ۱۳۸۳.
۲۸- مارتین لیپیست، سیمور/ دایره المعارف دموکراسی. ـ ترجمه کامران فانی و ... {دیگران}، تهران: کتابخانه تخصصی وزارت امور خارجه، ۱۳۸۳.
۲۹- مالرب، میشل/ زبانهای مردم جهان. ـ ترجمه عفت ملانظر، تهران: علمی فرهنگی، ۱۳۸۲.
۳۰- محمدی، مجید/ جامعه مدنی به منزله یک روش. ـ تهران: قطره، ۱۳۷۶.
۳۱- مردوخ روحانی، ماجد/ فرهنگ فارسی- کردی دانشگاه کردستان(۳جلدی). - سنندج: دانشگاه کردستان، ۱۳۸۵.
۳۲- مک داول، دیوید/ تاریخ معاصر کرد. ـ ترجمه ابراهیم یونسی؛ تهران: نشر مرکز، ۱۳۸۰.
۳۳- مگی، برایان/ مردان اندیشه. ـ ترجمه عزت الله فولادوند، تهران: طرح نو، ۱۳۷۸.
۳۴- نوروزی خیابانی، مهدی/ فرهنگ لغات و اصطلاحات سیاسی(انگلیسی- فارسی)، تهران: نشر نی، ۱۳۷۹.
۳۵- وینسنت، اندرو/ ایدئولوژی های مدرن سیاسی. ـ ترجمه مرتضی ثاقب فر، تهران: ققنوس، ۱۳۷۸.
۳۶- وینسنت، اندرو/ نظریه های دولت. ـ ترجمه حسین بشیریه، تهران: نی، ۱۳۷۶.

نشریات:

۳۷- رامین، علی/ فلسفه اخلاق و سیاست. ـ تهران: روزنامه جامعه، ۷۷/۴/۱۳.
۳۸- روستایی، فرزانه/ «نه» بزرگ حماس. ـ سالنامه روزنامه شرق، ۱۳۸۴.
۳۹- عظیمی، حسین/ جهانی شدن، دموکراسی و آینده ای که خواهد آمد. ـ تهران: روزنامه نوسازی، شماره ۳.
۴۰- فرخ، کاوه/ میراث پان عربیسم. ـ ترجمه منوچهر بیگدلی خمسه، تهران: اطلاعات سیاسی ـــ اقتصادی، شماره ۲۰۹و۲۱۰، اسفند ۸۳
۴۱- کورل هاوزر، ویلیام/ جامعه توده ای و نظام دموکراتیک. ـــ ترجمه هادی نوری، تهران: روزنامه نوروز، ۸۰/۴/۱۹
۴۲- کین، جان/ دموکراسی و معانی متکثر. ـ کتاب ماه علوم اجتماعی، ویژه نامه دموکراسی، آذر ۸۳
۴۳- گیدنز، آنتونی/ گفتاری در باب فروریختن مرزهای ملی و بومی. ـ ترجمه ؟ تهران: روزنامه بهار، ۷۹/۵/۲.

٤٤- هاوس، چاتام/ کشف کردستان سوریه. ـ مهاباد: هفته نامه پیام کردستان، ٨٤/١١/٨

سەرچاوەی کوردی:

٤٥- عەلی دلێری/ بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤ و بەڵگەنامە و رێکخراوە نەتەوەییەکان. ـ سنە: عەلی دلێری، ١٣٧٩.

٤٦ـ ئازاد وەلەدبەگی/ فەرهەنگی رامیاری نیگا. ـ هەولێر: وەزارەتی رۆشنبیری، ٢٠٠٥.

٤٧ـ بەدران ئەحمەد حەبیب / فەرهەنگی زاراوە (زاراوەگەلی راگەیاندن و کارگێڕی و قوتابخانەیی) عەرەبی ـ کوردی. ـ هەولێر: کۆڕی زانیاری کوردستان، ٢٠٠٢.

٤٨ـ هەژار موکریانی/ هەنبانە بۆرینە. . . تاران: سروش، ١٣٦٣.

٤٩ـ بورهان قانع / فەرهەنگی نوێ (زاراوەی نوێ). ـ بەغدا: الحوادس، ١٩٨٥.

٥٠ـ فەیسەڵ دەباغ / ئینسکلۆپیدیای ئابووری (عەرەبی ـ ئینگلیزی ـ کوردی). ـ هەولێر: موکریانی، ٢٠٠١.

٥١ـ بەختیار عەلی / خوێنەری کوشندە. ـ سلێمانی: رەنج، ٢٠٠٥.

٥٢ـ فازڵ نزامەدین/ فەرهەنگی شیرین(عەرەبی ـ کوردی)، سلێمانی: کتێبخانەی سۆران، ٢٠٠٤.

٥٣ـ فواد تاهیر سادق/ هۆشیاریی فەلسەفی. ـ سلێمانی: سەردەم، ٢٠٠٠.

٥٤ـ مەریوان وریا قانیع/ شوناس و ئاڵۆزی. ـ سلێمانی: ناوەندی رەهەند، ٢٠٠٤.

٥٥ـ مەریوان وریا قانیع/دەسەڵات و جیاوازی. ـ سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٠.

٥٦ـ شوکور مستەفا/ ئەندێشە و هونەر لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا. ـ بە هاوکاری سەرۆ قادر. هەولێر: زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٣.

٥٧ـ جەمال عەبدول/ بەرکولێکی زانستە زاراوە سازی کوردی. ـ سلێمانی: قەشەنگ، ٢٠٠١.

٥٨ـ سەلام ناوخۆش/ فەرهەنگی ئۆکسفۆرد(ئینگلیزی ـ کوردی)، هەولێر: ٢٠٠٤.

٥٩ـ محەمەد سابیر کەریم/ چەمکی ناسیۆنالیزم و ئازادی بیروڕا. ـ بێ شوێن: ٢٠٠١.

٦٠ـ عەتا قەرەداخی/ چەمکی دەوڵەت و بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگەی کوردیدا. ـ هەولێر: ئاراس، ٢٠٠٤.

٦١ـ عەلی بابایی، غولامرزا/ فەرهەنگی سیاسی ئارش، وەرگێڕانی زاهیر محەممەدی و یاسین حاجی زادە. ـ هەولێر: چاپخانەی رۆژهەلات، ٢٠٠٦.

گۆڤار و رۆژنامەکان:

٦٢ـ بەختیار عەلی/ سەدەی ناسیۆنالیزم: بەرەو داڕشتنی زەمینەیەکی تیۆری بۆ خوێندنەوەی ـ ناکۆکییە ناوەکییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی. ـ ئەڵمانیا: رەهەند، ژمارە ٩-١٠، ٢٠٠٣.

٦٣ــ ئەحمەد عەزیزی / فیدرالیزم و سیستەمی فیدرالی لە ... گۆڤاری سیاسەت، سوید: ژمارە ١، سێپتەمبەری ٢٠٠٢.

٦٤ــ ئەحمەد شەبانی/ کوردستان لە جەغزی تیرۆر. ـ حەوتەنامەی رۆژهەلات. سنە: ژمارە ٢.

٦٥ــ ئەحمەد شەبانی/ قاوداخستن. ـ حەوتەنامەی سیروان، ژمارە

٦٦ــ د. رەفیق سابیر/ زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی و ئەلفوبێی کوردی. ـ گۆڤاری کوردۆلۆجی، هەولێر: مەلبەندی کوردۆلۆجی، ژمارە ١، ٢٠٠٨.

سەرچاوەی ئینگلیزی:

67- Florence Elliott, A Dictionary of Politics. Penguin Books, 1973.

68- iAmerican Spirit Political Dictionary, 2002.

69- Oxford Advanced Learner s Dictionary, London: Oxford Univercity Press, 1993.

70- Rashid karadaghi. Ph. D, The Azadi Dictionary, English-Kurdish Tehran: nashrehsan,2006.

71- WWW. Flastine. org

72- www. Wikipedia. com (the free encyclopedia)

ئەندکس(پێرستی زاراوەکان) بە ئینگلیزی

A

absolutism	استبداد	ئیستبداد/رەهاگەرایی
accredited ambassador	سفیر آکریدیته	باڵیۆزی ئاکریدیتێ
Act of Chapultepec	اعلامیەی چاپولتپک	بەیاننامەی چاپۆلتیپێك
Activism	فعالیت سیاسی	چالاکیی سیاسی
African National Congress	کنگره ملی آفریقا	کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا
Afro-Asian Conference	کنفرانس کشورهای آفریقایی - آسیایی	کۆنفرانسی ئاسیا ـ ئەفریقا
aggression	تجاوز	داگیرکاریی
agitation	تحریک/ شورانش	هاندان/هەڵخراندن
Alma-Ata Conference	کنفرانس آلماتا	کۆنفرانسی ئاڵماتا
Algery Agreement	قرارداد الجزایر	رێککەوتننامەی جەزایر
Al-Qaida (the Base)	القاعده	ئەلقاعیدە
ambassador	سفیر	باڵیۆز
Amnesty International	عفو بین الملل	لێبوردنی نێودەوڵەتی
Anfal	انفال	ئەنفال
anarchism	آنارشیسم	بشێوی‌خوازی
annexation	الحاق/ پیوست	پاشکۆ/ لکاندن
anti-Semitism	یهودستیزی	جوولەکە قڕان
Apapatride	آپاترید	ئاپاترید
Apartheid / segregation	تبعیض نژادی	جیاوازی رەگەزایەتی
Arab League	اتحادیەی عرب	یەکیەتی عەرەب
aristocracy	آریستوکراسی	ئاریستۆکراسی/ئاغەواتی
Armed peace	صلح مسلح	ئاشتی پڕچەك
Armenian Masscres	قتل عام های ارامنه	کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکان
armistice	ترک مخاصمه/ ترک جنگ	خوێن داکوژان
Arms control	کنترل تسلیحات	کۆنترۆڵی چەك
Asiatic Mode of Production	شیوه تولید آسیایی	شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی
Association of South-East Asiatic Nations (ASEAN)	اتحادیەی ملتهای آسیای جنوب شرقی	باشووری یەکگرتووەکانی نەتەوە خۆرهەڵاتی ئاسیا
asylum	پناهندگی	پەنابەریی
autocracy	یکه سالاری	ئۆتۆکراسی

authority	اقتدار	دەسەلات
Authoritarianism	اقتدارگرایی	دیکتاتۆریەتی
autonomy	خودگردانی	خودموختاری
B		
Baath	بعث	بەعس
Babeufism	بابوفیسم	بابۆفیزم
Baghdad pact	پیمان بغداد	پەیماننامەی بەغدا
Backward countries	کشورهای عقب افتاده	ولاتانی دواکەوتوو
Balance of power	موازنەی قوا	هاوسەنگیی هێزەکان
Balfour Declaration	اعلامیەی بالفور	بەیاننامەی بالفور
Berlin Wall	دیوار برلین	دیواری بەرلین
Big stick policy	سیاست چماق بزرگ	سیاسەتی گۆپالی گەورە
Black Power	قدرت سیاه	هێزی رەش
Blanquism	بلانکیسم	بلانکیزم
blind terrorism	تروریسم کور	تیرۆریزمی کوێر
blockade	محاصره/دریابندان	گەمارۆ
bolshevism	بولشویسم	بولشویزم
bourgeoisie	بورژوازی	بۆرژوازی
Brezhnev Doctrine	دکترین برژنف	دوکترینی برێژنێف
bureaucracy	بورکراسی/دیوانسالاری	بۆروکراسی
Bush Doctrine (1989-1993)	دکترین بوش اول	دوکترینی بۆشی یەکەم
Bush(Jr)Doctrine(2001	دکترین بوش دوم	دوکترینی بۆشی دووهەم
C		
cabinet	کابینه	کابینە
Caesarism	سزاریسم/قیصرگرایی	قەیسەرخوازی
Cairo Declaration	اعلامیەی قاهره	بەیاننامەی قاهیرە
capital	پایتخت	پێتەخت
capital	سرمایه	سەرمایە
capitalism	سرمایه داری	سەرمایەداری
capitulation	کاپیتولاسیون	کاپیتۆلاسیۆن
cartel	کارتل	کارتل
Castroism	کاستروئیسم	کاسترۆئیزم
cataclysm	فاجعه	کارەسات
cease-fire	آتش بس	ئاگربەس
centralism	مرکزگرایی	ناوەندگەرێتی
censor/censorship	سانسور	سانسۆر
centralization	تمرکز	چەقبەستن/کۆجێیی

Central Intelligence Agency (C. I. A)	سیا	سیا
cessation	گسست/ انفصال	دابڕان
Chantage	شانتاژ/ هوچیگری	شانتاج
charisma	فره/ فرمندی	کاریزما
Chartism	چارتیسم	چارتیزم
chauvinism	شووینیسم/ناسیونالیسم افراطی	شۆڤینیزم
Christian democracy	دموکراسی مسیحی	دیموکراسی مەسیحی
Christian socialism	سوسیالیسم مه سیحی	سۆشیالیزمی مەسیحی
citizen	شهروند	هاووڵاتی/ شارۆمەند
Civil Disobedience	نافرمانی مدنی	نافەرمانی مەدەنی
civil society	جامعه‌ی مدنی	کۆمەڵگای مەدەنی
civilization	تمدن	شارستانیەت/ژیار
class	طبقه	چین
Class consciousness	آگاهی طبقاتی	وشیاریی چینایەتی
Class struggle	مبارزه طبقاتی	خەباتی چینایەتی
coalition	ائتلاف/هم پیمانی	اوپەیمانی/هاوسوێندی
cold war	جنگ سرد	شەڕی سارد
colony	مستعمره	داگیرکراو
colonialism	استعمار	داگیرکاریی(ئیستیعمار)
collectivism	اصالت جمع/ جمع باوری	هاوبەشێتی/ شیوعی
conciliation	سازش	تەبایی
constitutional government	حکومت مشروطه	حوکمەتی دەستووری
constitutional law	قانون اساسی	دەستووری بنچینەیی/یاسای بنەڕەتی
commune	کومون	کۆمۆن
communism	کمونیسم	کۆمۆنیزم
Comintern	کومینترن	کۆمینترن
Cominfform	کومینفورم	کۆمینفۆرم
consul	کنسول	کۆنسوڵ
confederation	کنفدراسیون	کۆنفیدراسیۆن
conference	کنفرانس	کۆنفرانس
Conference for Security and Cooperation in Asia (CSCA)	کنفرانس امنیت و همکاری آسیا	کۆنفرانسی ئاسایش و هاوکاری ئاسیا
Conference on Security and Cooperation in Europe (CSCE)	کنفرانس امنیت و همکاری اروپا	کۆنفرانسی ئاسایش و هاوکاری ئەورووپا
contraband	قاچاق	قاچاخ
conservatism	محافظه کاری	کۆنەپارێزیی /قایمەکاریی
convention	کنوانسیون	کۆنڤانسیۆن
Convention on Political Rights of Women	مقاوله نامه‌ی حقوق سیاسی زنان	کۆنڤانسیۆنی ماف سیاسی ژنان

cosmopolitan	جهان وطنی	هاوولاتیی جیهانی
country	کشور	ولات
Counter-Revolution	ضد انقلاب	دژە شۆڕش
Coup detat	کودتا	کۆدەتا
creeping socialism	سوسیالیسم خزنده	سۆشیالیزمی خزۆك
Crisis of Democracy	بحران دموکراسی	قەیرانی دیموکراسی
Crisis of Capitalism	بحران سرمایه داری	قەیرانی سەرمایەداری
Crisis of Socialism	بحران سوسیالیسم	قەیرانی سۆسیالیزم
cultural imperialism	امپریالیسم فرهنگی	ئیمپریالیزمی کەلتووری
Cultural Materialism	ماتریالیسم فرهنگی	مەتریالیزمی کەلتووری
Cultural revolution	انقلاب فرهنگی	شۆڕشی کەلتووری
Cyberdemocracy	سیبر دموکراسی	سایبر دیموکراسی

D

de facto	دوفاکتو/ شناسایی	ناسینەوەی دووفاکتۆ/نیمچە سەربەخۆ
dehumanization	انسانیت زدایی	سڕینەوەی مرۆڤایەتی
delegation of power	تفویض قدرت	سپاردنی دەسەلات
demagogy	دماگوژی/ عوام فریبی	دیماگۆژی
democracy	دموکراسی/ مردم سالاری	دیموکراسی
democratic centralism	سانترالیسم دموکراتیک	سەنترالیزمی دیموکراتی
democratic socialism	سوسیال دموکراسی	سۆسیال دیموکراسی
de tante	دتانت/تنش زدایی	دێتانت/هێورسازی
despotism	دسپوتیسم/خدایگانسالاری	دیسپۆتیزم/ لاساریگەری
dialectic	دیالکتیک	دایەلیکتیك
Dialectical Materialism	ماتریالیسم دیالکتیک	مەتریالیزمی دیالیکتیك
Dialogue Among Civilization	گفتگوی تمدن ها	گفتۆگۆی شارستانییەتەکان
discrimination	تبعیض	جیاوازی/ فەرق دانان
dictatorship	دیکتاتوری	دیکتاتۆری
dictatorship of proletariat	دیکتاتوری پرولتاریا	دیکتاتۆری پڕۆلتاریا
diplomacy	دیپلماسی	دیپلۆماسی
diplomat	دیپلمات	دیپلۆمات
Diplomatic protection	حمایت سیاسی	پشتیوانیی سیاسی
disarmament	خلع سلاح	چەك داماڵین
discourse	گفتمان	گوتار. دیسکۆرس
divine right	حق الهی	ماڤ خودایی
doctrine	دکترین/ آیین سیاسی/ آموزه	دوکترین، بیرۆکە
dogmatism	دگماتیسم/ جزم اندیشی	دۆگماتیزم، وشکەمەرامی
Dumbarton Oaks Conference	کنفرانس دومبارتن اوکس	کۆنفرانسی دۆمبارتون ئۆکس

East(ern)Bloc	بلوك شرق	بلۆکی رۆژهەلات
Economic Commission for Europe	كميسيون اقتصادى اروپا	کۆمیسیۆنی ئابووری ئەورووپا

E

Economism	اقتصاد باورى	ئابووری خوازی
egalitarianism	برابرى خواهى	یەکسانی خوازی
Eisenhower Doctrine	دكترين آيزنهاور	دوکترینی ئایزنهاوەر
election	انتخابات	هەلبژاردن
elite	سرآمد/ نخبه	نوخبە
elitism	سرآمدباورى/ نخبه گرايى	نوخبەگەرێتی
embassy	سفارت	بالیۆزخانە
empire	امپراطورى	ئیمپراتۆری
ethnic cleansing	پالايش قومى	پاڵاوتنی ئەتنیکی
European Convention for the Protection of Human Rights and fundamental Freedom	كنوانسيون اروپايى حمايت از حقوق بشر و آزاديهاى اساسى	کۆنڤانسیۆنی ئەورووپی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەرەتییەکان
European Union(EU)	اتحاديه‌ى اروپا	یەکیەتی ئەورووپا
extradition	استرداد مجرمان/بازداد	رادەست کردنی تاوانباران
exteritoriality	حقوق برون مرزى	مافە دەرە ـ سنوورییەکان

F

Fabianism	فابيانيسم	فابیانیزم
factionalism	فاكسيوناليسم/تحزب	حیزبایەتی
Falange/falangism	فالانژ/ فالانژيسم	فالانژ، فالانژیسم
fanaticism	تعصب/جمودفكرى	کوێرباوەری /دەمارگرژی
fascism	فاشيسم	فاشیزم
Fatah/fath	الفتح	فەتح
federalism	فدراليسم	فیدرالیزم
eminism	فمينيسم/ جنبش آزادى زنان	فێمینیزم / بزووتنەوەی ئازادی ژنان/مێخوازی
feudalism	فئوداليسم/ ملوك الطوايفى	فیۆدالیزم/ دەرەبەگایەتی
Fevralists	فوراليست ها	فێڤرالیستەکان
Fifth column	ستون پنجم	ئابووری پێنجەم
flag	پرچم	ئاڵا
formation	فورماسيون/ صورت بندى	پێکهاتن/ رۆنان
formalism	فورماليسم/ ظاهرپرستى	فۆرمالیزم/ روکەش پەرستی
fourteen points	چهارده ماده‌ى ويلسون	چوارده مادەی ویلسۆن
fraction	فراكسيون	فراکسیۆن/ کوتلە
franchise	فرانشيز/ حق راى	فرانشیز/ ماف دەنگدان

freedom	آزادی	ئازادی
Freedom of Press	آزادی مطبوعات	ئازادی چاپەمەنی
Freemasonary	فراماسونری	فراماسۆنری/ ماسۆنی
free state	دولت آزاد	دەوڵەتی ئازاد
free world	دنیای آزاد	جیهانی ئازاد
fundamentalism	اصول گرایی بنیاد گرایی/	بونیاتگەرێتی/بنەرەتخوازی
G		
Gangster	گانگستر	گانگستر
general assembly	مجمع عمومی	کۆمەڵی گشتی
General Will	ارادۀعمومی	ئیرادەی گشتی
Geneva conferences	کنفرانس های ژنو	کۆنفرانسەکانی جنێڤ
genocide	نسل کشی/ نژادکشی	کۆمەڵکوژی/ جینۆساید
gerontocracy	پیرسالاری/حکومت سالخوردگان	حوکمەتی پیران/ پیر مەزنایەتی
Geopolitic	جغرافیای سیاسی	جوگرافیای سیاسی
gestapo	گشتاپو	گشتاپۆ
glasnost	گلاسنوست	گلاسنۆست
globalization	جهانی شدن	جیهانیگەری. جیهانی بوون
Gobinism	گوبینیسم	گوبینیزم
government	حکومت	حوکمەت
government in exile	دولت در تبعید	دەوڵەتی تاراوگە
guild	صنف	یەکیەتی
guild socialism	سوسیالیسم صنفی	سۆشیالیزمی پیشەیی
G 5+1	گروه ۱+۵	گرووپی ۱+۵
G 6+2	گروه ۲+۶	گرووپی۲+٦
G - 8	گروه ۸	گرووپی ۸
G - 15	گروه ۱۵	گرووپی ۱۵
G -77	گروه ۷۷	گرووپی ۷۷
H		
Hague Peace Conference of 1899	کنفرانس صلح لاهه (۱۸۹۹)	کۆنفرانسی ئاشتی لاهای (۱۸۹۹)
Hamas	حماس	حەماس
Hawks and Doves	شاهین ها و کبوترها	کۆتر و هەڵۆ
hegemony	برتری/ هژمونی	هەژمۆنی
Historical Materialism	ماتریالیسم تاریخی	مەتریالیزمی مێژوویی
Holocaust	هولوکاست	هۆلۆکۆست
human rights	حقوق بشر	مافەکانی مرۆڤ
humanism	انسان باوری	مرۆڤ دۆستی/مرۆڤگەرایی
Human Herd	گله‌ی انسانی	مێگەلی ئینسانی

Hydropolitics	سیاست آب	سیاسەتی ئاو
I		
identity	هویت	شوناس
ideology	ایدئولوژی	ئایدیۆلۆجی
ideological warfare	جنگ عقیدتی	شەڕی ئایدیۆلۆجیکی
Ideoluge	ایدئولوگ	ئایدیۆلۆگ
imperialism	امپریالیسم	ئیمپریالیزم
individualism	فردباوری	تاکباوەریی
Individual security	امنیت فردی	ئاسایشی تاک
Industrial Democracy	دموکراسی صنعتی	دیموکراسی پیشەسازانە
Infrastructure	زیرساخت	ژێرخان
intellectuals	روشنفکران	رۆشنبیران
international	بین الملل/ انترناسیونال	ئەنتەرناسیۆنال
International Atomic Energy Agency (IAEA)	آژانس بین المللی انرژی اتمی	ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی
International Commission of Investigation	کمیسیون بین المللی تحقیق	کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتی لێ پرسینەوە
International Conference Against Apartheid	کنفرانس جهانی ضد آپارتاید	کۆنفرانسی جیهانی دژی رەگەزپەرستی
International Conference of Employment	کنفرانس بین المللی اشتغال	کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کار
International Covenant on Civil and political Rights (1966)	میثاق بین المللی حقوق مدنی و سیاسی (۱۹۶۶)	پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان (١٩٦٦)
International Covenant on Economic, Social and cultural Rights (1966)	میثاق بین المللی حقوق اقتصادی، اجتماعی و فرهنگی(۱۹۶۶)	پەیمانی نێودەوڵەتی مافە ئابووری و کۆمەلایەتی و کولتوورییەکان (١٩٦٦)
International Court of Justice	دیوان بین المللی دادگستری	دادگای نێونەتەوەیی داد
International Crime	جرم بین المللی	تاوانی نێودەوڵەتی
International Criminal police organization(INTERPOL(	سازمان بین المللی پلیس جنایی(اینترپل)	ئینترپۆل (رێکخراوەی نێودەوڵەتی پۆلیسی تاوانباران)
International Custom	عرف بین الملل	نەریتی نێودەوڵەتی
internationalism	انترناسیونالیسم	ئەنتەرناسیۆنالیزم
International Labor Organization	سازمان بین المللی کار	رێکخراوەی نێونەتەوەیی کار
International Monetary Fund (IMF)	صندوق بین المللی پول	سەندوقی نێودەوڵەتی دراو
international morality	اخلاق بین المللی	ئەخلاقی نێودەوڵەتی
International Nuclear Materials Safeguard	پادمان بین المللی مواد هسته ای	پاراستنی نێودەوڵەتی مادەی ئەتۆمی
international security	امنیت بین المللی	ئاسایشی نێونەتەوەیی
international socialist	بین الملل سوسیالیست	ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیست
International Refugee Organization(IRO)	سازمان بین المللی آوارگان	رێکخراوەی نێودەوڵەتی ئاوارەکان

International Relations	روابط بین الملل	پێوەندیی نێودەوڵەتی
Interparliamentary	اتحادیەی بین المجالس	یەکیەتی نێوان پەرلەمانی
intervention	دخالت/ دست یازی	دەستێوەردان
Intifada	انتفازە	ئینتیفازە
Iran-Iraq War (1980-1988)	جنگ ایران و عراق	شەڕی ئێران و عێراق
Iraq War	جنگ عراق	شەڕی عێراق
Iron curtain	پردە آهنین	پەردەی ئاسنین
Islamic declaration of Human Rights	اعلامیەی اسلامی حقوق بشر	جاڕنامەی ئیسلامی مافی مرۆڤ
Islamic Republic	جمهوری اسلامی	کۆماری ئیسلامی
isolationism	کنارە گیری/ انزواگرایی	گۆشەگیری/ دوورەپەرێزی
J		
Jacobinism	ژاکوبنیسم	ژاکۆبنیزم
J. Curve Theory	نظریە منحنی جی	تیۆری کەوانەی جەی
Jihad (holt war)	جهاد	جیهاد،خەباتی ئایینی
justice	عدالت/عدل	عەدالەت،داد
K		
Kamp David Agreement	توافق نامە کمپ دیوید	ڕێککەوتننامەی کەمپ دەیڤید
Kemalism	کمالیسم	کەمالیزم
K G B	کا. گ. ب	کا. گی. بی
Kurdish Nationalism	ناسیونالیسم کردی	ناسیۆنالیزمی کوردی
Kurdish Rebirth Society	کوملە ژ. کاف	کۆمەڵەی ژ. کاف(ژیانەوەی کورد)
Kyoto Climate Change Protocol	پروتکل تغییر آب و هوایی کیوتو	پرۆتۆکۆلی گۆڕینی کەش و هەوای کیۆتۆ
L		
Labor union	اتحادیەی کارگری	یەکیەتی کرێکاری
laic	لائیک	لاییک،لادین
laissez-faire	لسە فر	لسەفەیر،ئابووری ئازاد
Latin American Solidarity Organization	سازمان همبستگی آمریکای لاتین	ڕێکخراوەی هاوبەندی ئەمریکای لاتین
law	قانون	یاسا ، دەستوور
Law of the Soil (jus soil)	اصل حقوق خاک	مافی زێد
leader	رهبر/ لیدر	سەرۆک، پێشەوا
Left and Right	چپ و راست	چەپ و ڕاست
legalism	قانون باوری /لگالیسم	یاسا پەروەریی
league of nations	جامعە ملل	کۆمەڵی نەتەوەکان
Leninism	لنینیسم	لینینیزم
Leviatan	لویاتان	لیڤیاتان
Less Developed Countries(LDCs)	کشورهای کمتر توسعە یافتە	وڵاتانی کەمتر پێشکەوتوو

Liberal Democracy	دموکراسی لیبرال	دیموکراسی لیبرال
liberalism	لیبرالیسم/ آزادی خواهی	ئازادیخوازی، لیبرالیزم
Linguicide	زبانکشی	زمانکوژی
lobbying	لابیگری	لۆبیگەریی
Local Government	حکومت محلی	حکومەتی هەرێم
Losan Pact	پیمان لوزان	پەیمانی لۆزان
Lumpen Proletariat	لومپن پرولتاریا	لۆمپن پرۆلتاریا
Lutheranism	مذهب لوتری	لوترانیزم
M		
Machiavellism	ماکیاولیسم	ماکیاڤیلیزم
mafia	مافیا	مافیا
majority	اکثریت	زۆرینە
managerial revolution	انقلاب مدیریت(اداری)	شۆڕشی ئیداری
manifest	مانیفست	مانیفست
Maoism	مائوئیسم	مائۆئیزم
mass / mob	توده	جڤات، جەماوەر
mass society	جامعەی تودەای	کۆمەڵگای جڤاکی
Masstricht Treaty	پیمان ماستریخت	پەیمانی ماستریخت
martial law	حکومت نظامی	حوکمەتی سەربازی
Marxism	مارکسیسم	مارکسیزم
Marxism-Leninism	مارکسیسم – لنینیسم	مارکسیزم ـ لینینیزم
Marxian Socialism	سوسیالیسم مارکسی	سۆشیالیزمی مارکسی
Mc-Carthyism	مک کارتیسم	مەك کارتیزم
meditation	میانجیگری	ناوبژیوانی
Mehabad Republic	جمهوری مهاباد	کۆماری مەهاباد(کوردستان)
method	روش/ اسلوب	میتۆد
Metropole	متروپل	میترۆپۆل
Middle class	طبقه متوسط	چینی میانە/چینی مامناوەندی
Middle-East Peace Conference	کنفرانس صلح خاورمیانه	کۆنفرانسی ئاشتی رۆژهەڵاتی ناوین
militarism	ارتش سالاری/میلیتاریزم	میلیتاریزم
minority	اقلیت	کەمینە ، کەمایەتی
Mobocracy	غوغا سالاری	ئاژاوەگەرێتی
monarchy	سلطنت/ پادشاهی	پاشایەتی
Money Laundering	پولشویی	پارە سپی کردنەوە
Monroe Doctrine	دکترین مونرو	دوکترینی مۆنرۆ
Mossad	موساد	مووساد
Moslem Brotherhood	اخوان المسلمین	ئیخوانولموسلمین

Most Favored Nation	دولت کاملةالوداد(بهین دوست)	دەوڵەتی تەواو دۆست
multiculturalism	سیاست چند فرهنگی	سیاسەتی فرە کەلتووری
Multinational Corporation	شرکت های چند ملیتی	کۆمپانیا فرە نەتەوەکان
Multiparty System	نظام چند حزبی	سیستەمی فرە حیزبی
multipolarity	چند قطبیت	فرە جەمسەریی
N		
nation	ملت	نەتەوە
nation-state	ملت–دولت	دەوڵەت ـ نەتەوە
natural rights	حقوق طبیعی	مافە سرووشتییەکان
National Hymn	سرود ملی	سروودی نیشتمانی
National Identity	هویت ملی	شوناسی نەتەوەیی
nationalism	ناسیونالیسم	ناسیۆنالیزم
nationalization	ملی کردن	خۆماڵی کردن
National Interest	منافع ملی	بەرژەوەندی نەتەوەیی
nationality	تابعیت / ملیت	رەگەزنامە
National Power	قدرت ملی	دەسەڵاتی نەتەوەیی
national security	امنیت ملی	ئاسایشی نەتەوەیی
National Strategy	استراتژی ملی / راهبرد ملی	ستراتیجی نەتەوەیی
Nazism	نازیسم	نازیسم
neo-colonialism	استعمار نو	ئیستیعماری نوێ
Neo-Liberalism	لیبرالیسم جدید	لیبرالیزمی نوێ
Neo-Marxism	مارکسیسم جدید	مارکسیزمی نوێ
Neo-Nazism	نئونازیسم	نیۆنازیسم
nepotism	خویشاوندپروری / پارتی بازی	خزم خوازی/خزم خزمێنە
netocracy	اینترنت سالاری	نێتۆکراسی
new left	چپ جدید	چەپی نوێ
new man	انسان نو	مرۆڤی نوێ
new right	راست نو	راستی نوێ
New World Order	نظم نوین جهانی	سیستەمی نوێی جیهانی
neutrality	بیطرفی	بێلایەنی
nihilism	نیهیلیسم(هیچ انگاری)	نەهیلیزم (پووچگەرایی)
Nobel Peace Prize	جایزه صلح نوبل	خەڵاتی ئاشتی نۆبل
non-alignment movement	جنبش عدم تعهد	بزووتنەوەی بێلایەن
Non-proliferation Treaty (NPT)	پیمان منع گسترش سلاحهای هسته‌ای	پەیمانی بەربەستکردنی چەکی ناوەکی
Nordic council	شورای شمالی (نوردیک)	ئەنجومەنی باکووری(نۆردیک)
North and south	شمال و جنوب	باکوور و باشوور

North Atlantic Treaty Organization (NATO)	سازمان پیمان آتلانتیک شمالی (ناتو)	ڕێکخراوەی پەیمانی ئاتلانتیکی باکووری (ناتۆ)
North-South Conference	کنفرانس شمال و جنوب	کۆنفرانسی باکوور- باشوور
note	یادداشت	یاداشت نامە
Nuclear Test Ban Treaty	پیمان منع آزمایشهای هستەای	پەیمانی بەرگرتن لە تاقیکاری ئەتۆمی
Nuclear Winter	زمستان هستەای	زستانی ئەتۆمی
Nuremberg trial	دادگاه نورنبرگ	دادگای نۆرمبێرگ
O		
oligarchy	اولیگارشی/ گروه سالاری	ئولیگارکی
olive branch	شاخه زیتون	چلە زەیتوون
One-Party State	کشور تک حزبی	وڵاتی تاکەحیزبی
opposition	اپوزیسیون	ئۆپۆزیسیۆن/بەرهەڵستکار
Open Door Policy	سیاست درهای باز	سیاسەتی دەرگای کراوە
open society	جامعەی باز	کۆمەڵگای کراوە
opportunism	فرصت طلبی	هەلپەرستی
organ	ارگان	ئۆرگان
Organization of Africa Unity	سازمان وحدت آفریقا	ڕێکخراوەی یەکگرتنی ئەفریقا
Organization of Cooperation and Security in Middle East	سازمان همکاری و امنیت خاورمیانه	ڕێکخراوی هاوکاری و ئاسایشی ڕۆژهەلاتی ناوین
Organization of Islamic Conference (OIC)	سازمان کنفرانس اسلامی	ڕێکخراوەی کۆنفرانسی ئیسلامی
Organization of Petroleum Exporting Countries	سازمان کشورهای صادرکنندەی نفت (اوپک)	ڕێکخراوەی وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت (ئۆپێک)
Organization of Security and Cooperation in Europe	سازمان همکاری و امنیت اروپا	ڕێکخراوی هاوکاری و ئاسایشی ئەورووپا
organizing	سازماندهی	ڕێکخستن
Orientalism	شرق شناسی	ڕۆژهەڵاتناسیی
P		
pacifism	صلح خواهی/صلح طلبی	ئاشتی خوازی
pact	پیمان	پەیماننامە
Palestine Liberation Organization (PLO)	سازمان آزادیبخش فلسطین	ڕێکخراوەی ڕزگاری خوازی فەلەستین
pan	پان	پان
Pan-American Union	اتحادیەی پان امریکن	یەکیەتی پان ئەمەریکەن
Pan-Arabism	پان عربیسم	پان عەرەبیزم
Panchashila	پانچاشیلا	پانچاشیلا
Pan-Germanism	پان ژرمنیسم	پان جێرمانیزم
Pan-Islamism	پان اسلامیسم	پان ئیسلامیزم
Pan-Slavism	پان اسلاویسم	پان ئسلاویزم

Pan-Turkism	پان ترکیسم	پان تورکیزم
puppet government	دولت دست نشانده	دەوڵەتی داسپاردە
paradigm	پارادایم/ الگوی نظری	پارادایم، سەرمەشقی فیکری
parliament	مجلس/ پارلمان	پەرلەمان
parliamentarism	پارلمان داری	پەرلەمانتاری
party	حزب	حیزب
passport	گذرنامه/ پاسپورت	پاسپۆرت
peace	صلح	ئاشتی
peace movement	جنبش صلح	بزاڤی ئاشتی
people s democracy	دموکراسی تودەای	دیموکراسی جڤاکی
perestroika	پرستوریکا	پرێستۆریکا
personality cult	شخص پرستی	پەرستشی کەسایەتی
Peronism	پرونیسم	پێرۆنیزم
Persian Gulf Cooperative Council	شورای همکاری خلیج فارس	ئەنجومەنی هاریکاری کەنداوی فارس
petite bourgeoisie	خرده بورژوازی	وردە بۆرژوازی
phisiocracy	فیزیوکراسی/ مکتب طبیعیون	فیزیۆکراسی
platform	پلاتفرم/ سیاست حزب	پلاتفۆرم سیاسەتی حیزب
plenum	پلنوم	پلۆنۆم
plot	توطئه	پیلان
pluralism	پلورالیسم/کثرت باوری	پلۆرالیزم فرەدەنگی
political anthropology	انسان شناسی سیاسی	مرۆڤناسیی سیاسی
political asylum	پناهندگی سیاسی	پەنابەریی سیاسی
Political Balance	موازنەی سیاسی	هاوسەنگیی سیاسی
Political Corruption	فساد سیاسی	گەندەڵیی سیاسی
political crisis	بحران سیاسی	قەیرانی سیاسی
Political culture	فرهنگ سیاسی	کەلتووری سیاسی
political development	توسعەی سیاسی	پەرەسەندنی سیاسی
political duty	تکلیف سیاسی	تەکلیفی سیاسی ،ئەرکی سیاسی
political economy	اقتصاد سیاسی	ئابووری سیاسی
political education	تربیت سیاسی	پەروەردەی سیاسی
political freedom	آزادی سیاسی	ئازادی سیاسی
Political Generation	نسل سیاسی	وەچەی سیاسی
political offence	جرم سیاسی	تاوانی سیاسی
Political Paranoia	بدگمانی سیاسی	ڕەشبینی سیاسی
Political Participation	مشارکت سیاسی	بەشداریی سیاسی
political philosophy	فسفه سیاسی	فەلسەفەی سیاسی
political pluralism	کثرت گرایی سیاسی	فرەدەنگی سیاسی

Political Psychology	روانشناسی سیاسی	دەروونناسی سیاسی
Political prisoner	زندانی سیاسی	زیندانیی سیاسی
political regime	رژیم سیاسی	رژێمی سیاسی
political rights	حقوق سیاسی	مافە سیاسییەکان
political school	مکتب سیاسی	قوتابخانەی سیاسی
political sociology	جامعە شناسی سیاسی	کۆمەڵناسیی سیاسی
political system	نظام سیاسی	سیستەمی سیاسی
political theory	نظریەی سیاسی	تیۆریی سیاسی
police state	دولت پلیسی	دەوڵەتی پۆلیسی
politician	سیاستمدار	سیاسەت وان
politicide	کشتار سیاسی	کۆمەڵکوژیی سیاسی
politics/policy	سیاست	سیاسەت/ رامیاریی
Politics of Language	سیاست زبانی	سیاسەتی زمان
polis/city-state	دولت شهر	دەوڵەت شار
post-modernism	پست مدرنیسم/پسانوگرایی/فرانوگرایی	پاش مودێرنیزم
populism	پوپولیسم/ مردم باوری	پۆپۆلیزم /گەل پەروەری
Potsdam Conference	کنفرانس پوتسدام	کۆنفرانسی پۆتسدام
power	قدرت	هێز
power elite	سرآمد قدرت	نوخبەی دەسەڵات
presidency	ریاست جمهوری	سەرۆك كۆماریی
Pressure Group	گروه فشار	گرووپی فشار
principle of equality	اصل برابری	بنەرەتی یەکسانی
privilege	امتیاز	زێدەماف/ ودم
process	فرایند/ پروسه	پرۆسە/ رەوت
proletariat	پرولتاریا/ طبقه کارگر	پرۆلتاریا/ چینی کرێکار
progressism	پیشرفت خواهی/ ترقی خواهی	پێشکەوتن خوازی
propaganda	تبلیغات	پرۆپاگەندە/بانگەشە
provisional state	دولت موقت	دەوڵەتی کاتی
public opinion	افکار عمومی	رای گشتی
purge	پاکسازی/ تصفیه	پاکسازی
Q		
quixotism	کیشوت مآبی	کیشۆت ئاسایی/ پاڵەوانبازی
quasi-states	شبه دولت	نیمچە دەوڵەت
quasi democracy	شبه دموکراسی	نیمچە دیموکراسی
R		
racism	نژادپرستی	رەگەزپەرستی

radical	رادیکال / بنیادستیز	رادیکاڵ / چەپڕەو
radicalism	رادیکالیسم	رادیکالیزم
reactionarism	ارتجاع/ گذشته گرایی	کۆنەپەرستی
rechssaat	دولت حقوقی	دەوڵەتی یاسایی
reformism	اصلاح طلبی / بهبودخواهی	ریفۆرم خوازی، چاکسازی خوازی
referendum	همه پرسی / رفراندوم	راپرسی / ریفراندۆم
regime	رژیم	رژێم
Reich	رایش	رایش
republic	جمهوری	کۆماریی
revisionism	تجدیدنظرطلبی / بازنگرش گری	پیاچوونەوەگەری
revolution	انقلاب	شۆڕش
revolutionary socialism	سوسیالیسم انقلابی	سۆشیالیزمی شۆڕشگێڕانە
revolutionism	انقلاب خواهی	شۆڕشگێڕی
rogue states	دولت های خودسر	دەوڵەتانی لاسار
rumor	شایعه	دەنگۆ/ قسەڵۆك

S

SAARC(South Asian Association for Regional Cooperation)	سارک(اتحادیه جنوب آسیا برای همکاری منطقه‌ای	سارك(یەکیەتی هاریکاری ناوچەیی ئاسیای باشوور)
saadabad pact	پیمان سعدآباد	پەیماننامەی سەعدئاباد
sabotage	سابوتاژ / خرابکاری	سابوتاژ/ گێرەشێوێنی
Salafiyat	سلفیت	سەلەفییەت
salt	سالت	سالت
San Francisco Conference	کنفرانس سان فرانسیسکو	کۆنفرانسی سان فرانسیسکۆ
satyagraha	ساتیاگراها	ساتیاگراها
scientific communism	کمونیسم علمی	کۆمۆنیزمی زانستی
scientific socialism	سوسیالیسم علمی	سۆشیالیزمی زانستی
Sectarism	سکتاریسم/ فرقه گرایی	سێکتاریزم/ تیرەگەری
secularism	سکولاریسم	سکۆلاریزم
security	امنیت	ئاسایش
security council	شورای امنیت	ئەنجومەنی ئاسایش
scholasticism	فلسفه مدرسی / اسکولاستیسیسم	سکۆلاستیسیزم
sedition	آشوبگری	ئاژاوەگێریی
Self-determination	حق تعیین سرنوشت	مافی چارەی خۆنووسین
senate	مجلس سنا	ئەنجومەنی پیران ، سینات
separation of power	تفکیک قوا	جیاکردنەوەی هێزەکان
separatism	تجزیه طلبی	جودایی خوازی

sever pact	پیمان سور	پەیمانی سیڤەر
shadow cabinet	کابینەی سایه	دەوڵەتی سێبەر
slavery	برده داری	کۆیلەداری
social capital	سرمایه اجتماعی	سەرمایەی کۆمەڵایەتی
social Catholicism	سوسیال کاتولیسیسم	سۆسیال کاتولیسیزم
Social Darwinism	داروینیسم اجتماعی	داروینیزمی کۆمەڵایەتی
social fascism	سوسیال فاشیسم	سۆسیال فاشیزم
social imperialism	سوسیال امپریالیسم	سۆسیال ئیمپریالیزم
socialism	سوسیالیسم	سۆشیالیزم
socialist realism	رئالیسم سوسیالیستی	ریالیزمی سۆشیالیستی
social security	امنیت اجتماعی	ئاسایشی کۆمەڵایەتی
Socio-Economic Formation	صورت بندی اجتماعی ـ اقتصادی	پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری
sovereignty	حاکمیت	فەرمانڕەوایی
sovereignty of law	حاکمیت قانون	باڵادەستیی قانوون
sphere of influence	حوزەی نفوذ	ناوچەی ژێر دەسەڵات
spy	جاسوس	سیخوڕ/ جاسوس
Stalinism	استالینیسم	ستالین خوازی
state	دولت	دەوڵەت
strategy	استراتژی/ راهبرد	ستراتیجی
strike	اعتصاب	مانگرتن
superpower	ابرقدرت	زل هێز
sustainable development	توبعەی پایدار	پەرەسەندنی بەردەوام
sword of Damocles	شمشیر داموکلس	شمشێری داموکلێس
Sykes-Picot Agreement	موافقتنامه سایکس پیکو	رێککەوتننامەی سایکس پیکۆ
syndicalism	سندیکالیسم	سەندیکالیزم
T		
tactic	تاکتیک	تەکتیک
Taliban	طالبان	تالیبان
technocracy	فن سالاری / تکنوکراسی	تیکنۆکراسی
Tehran conference	کنفرانس تهران	کۆنفرانسی تاران
The end of history	پایان تاریخ	کۆتایی مێژوو
terrorism	تروریسم	تیرۆریزم
the left	چپ	چەپ
the middle east	خاورمیانه	رۆژهەڵاتی ناوین
theocracy	تئوکراسی/ یزدان سالاری	یەزدان پەرستی . تیئۆکراسی
theory	تئوری/ نظریه	تیۆری
third world	جهان سوم	جیهانی سێهەم

the other	دیگری	ئەویدی
the right	راست	راست
The Second Persian Gulf War	جنگ دوم خلیج فارس	شەڕی دووهەمی کەنداوی فارس
The special Committee on Decolonization	ختم استعمار کمیتەی	جارنامەی سەربەخۆیی وڵاتە داگیرکراوەکان
The United nations Organization	سازمان ملل متحد	ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان
Thomism	تامیسم	تامیزم
Three-Borders Treaty	پیمان سه مرز	پەیمانی سێ سنوور
Three Worlds Theory	نظریەی سه جهان	تیۆری سێ جیهان
tolerance	تسامح/رواداری	لێبوردن/ دڵ فراوانی/هەڵکردن
torture	شکنجه	ئەشکەنجە/ ئازار
totalitarianism	توتالیتاریسم/ فراگیرندگی	تۆتالیتاریزم/پاوانخوازی
Treaty of Westphalia	عهدنامەی وستفالی	پەیمانی وێستفاڵی
Tripartite Declaration of 1950	اعلامیەی سه جانبه ١٩٥٠	بەیاننامەی سێ لایەنەی ١٩٥٠
Trotskyism	تروتسکیسم	ترۆتسکیزم
trusteeship	سرپرستی/ قیمومت	سەرپەرشتی
tyranny	دژسالاری/ جباریت	زۆرداری/ تیرانی
tyranny of majority	استبداد اکثریت	ئیستبدادی زۆرینە

U

unipolarity	تک قطبی	یەك جەمسەری
United Nation Charter	منشور ملل متحد	جارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان
United Nations Commission on Human Rights	کمیسیون حقوق بشر ملل متحد	کۆمیسیۆنی ماف مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان
United Nations Development Fund for Women	صندوق توسعه زنان ملل متحد	سەندوقی گەشەی ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان
United Nations Educational, Scientific and Cultural Organization (UNESCO)	سازمان آموزشی، علمی و فرهنگی ملل متحد؛ یونسکو	ڕێکخراوەی پەروەردەیی، زانستی و کەلتووری نەتەوە یەکگرتووەکان (یۆنسکۆ)
United Nation High Commissioner of Refugees	کمیساریای عالی پناهندگان سازمان ملل متحد	ڕاسپاردەی باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان
Unknown Soldier	سرباز گمنام	سەربازی نەناسراو
utopia	آرمان شهر / یوتوپیا	یۆتۆپیا / شاری خەیاڵی
Utopian socialism	سوسیالیسم تخیلی	سۆشیالیزمی خەیاڵی

V

Vatican	واتیکان	ڤاتیکان
Versailles Treaty	پیمان ورسای	پەیمانی ڤێرسای
veto	وتو	ڤیتۆ
visa	ویزا/ روادید	ڤیزە

W

war/warfare	جنگ	شەڕ، جەنگ
Warsaw	پیمان ورشو	پەیمانی وارشەو
war state	دولت جنگی	دەوڵەتی جەنگی
Washington Agreement	توافق نامه واشنگتون	ڕێککەوتننامەی واشنتۆن
welfare state	دولت رفاه	دەوڵەتی خۆشگوزەران
weltanschang/world outlook	جهان بینی	جیهانبینی
West(ern) Bloc	بلوک غرب	بلۆکی ڕۆژاوا
whig	ویگ	ویگ
With House	کاخ سفید	کۆشکی سپی
World Bank Group	گروه بانک جهانی	گرووپی بانکی جیهانی
World Council Churches	شورای جهانی کلیساها	ئەنجومەنی جیهانی کڵێسەکان
World Federation of trade Unions (WFTU)	فدراسیون جهانی اتحادیه های کارگری	فیدراسیۆنی جیهانی یەکیەتییە کرێکارییەکان
World International Property Organization (WIPO)	سازمان جهانی مالکیت معنوی	ڕێکخراوەی جیهانی خاوەندارێتی مەعنەوی
World Health Organization	سازمان جهانی بهداشت	ڕێکخراوەی جیهانی تەندروستی
World Trade Organization (WTO)	سازمان تجارت جهانی	ڕێکخراوەی بازرگانی جیهانی
world war I	جنگ جهانی اول	شەڕی یەکەمی جیهانی
world war II	جنگ جهانی دوم	شەڕی دووهەمی جیهانی
World Wide Web (WWW)	شبکه سراسری جهانی	تۆڕی سەرانسەری جیهانی

X

xoybun	خویبون	خۆیبوون

Y

Yalta Conference	کنفرانس یالتا	کۆنفرانسی یاڵتا

Z

Zionism	صهیونیسم	زایۆنیزم

ئەندکس بە فارسی
(پێرستی زاراوەکان)

reformism	ریفۆرم خوازی/چاکسازی خوازی	اصلاح طلبی/ بهبودخواهی
		الف
apatride	ئاپاترید	آپاترید
utopia	یۆتۆپیا/ شاری خەیاڵی	آرمان شهر/ یوتوپیا
aristocracy	ئاریستوکراسی/ئاغەواتی	آریستوکراسی
freedom	ئازادی	آزادی
liberalism	ئازادیخوازی / لیبرالیزم	آزادیخواهی / لیبرالیسم
political freedom	ئازادی سیاسی	آزادی سیاسی
freedom of the press	ئازادی چاپەمەنی	آزادی مطبوعات
civil freedom	ئازادییە مەدەنییەکان	آزادیهای مدنی
International Atomic Energy Agency (IAEA)	ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی	آژانس بین المللی انرژی اتمی
sedition	ئاژاوەگێڕی	آشوبگری
class consciousness	وشیاری چینایەتی	آگاهی طبقاتی
anarchism	بشێوی خوازی	آنارشیسم/ سروری ستیزی
		ا لف
coalition	هاوپەیمانی / هاوسوێندی	ائتلاف / هم پیمانی
superpower	زلهێز	ابرقدرت
opposition	ئۆپۆزیسیۆن/بەرهەڵستکار	اپوزیسیون
European Union(EU)	یەکیەتی ئەوروپا	اتحادیه اروپا
Interparliamentary	یەکیەتی نێوان پەرلەمانی	اتحادیەی بین المجالس
Pan-American Union	یەکیەتی پان ئەمریکەن	اتحادیەی پان امریکن
extradition	ڕادەست کردنی تاوانباران	استرداد مجرمان/ بازداد
Strike	مانگرتن	اعتصاب
Islamic Declaration of Human Rights	جاڕنامەی ئیسلامی مافی مرۆڤ	اعلامیەی اسلامی حقوق بشر
Balfour Declaration	بەیاننامەی بالفۆر	اعلامیەی بالفور
Act of chapultepec	بەیاننامەی چاپۆلتێپێك	اعلامیەی چاپولتپک
Tripartite Declaration of	بەیاننامەی سێ لایەنەی ١٩٥٠	اعلامیەی سه جانبه ١٩٥٠

public opinion	رای گشتی	افکار عمومی
authority	دەسەلات	اقتدار
Authoritarianism	دەسەلات خوازی	اقتدارگرایی
economism	ئابووری خوازی	اقتصاد باوری (اکونومیسم)
political economism	ئابووری سیاسی	اقتصاد سیاسی
minority	کەمینە / کەمایەتی	اقلیت
majority	زۆرینە	اکثریت
annexation	پاشکۆ/ لکاندن	الحاق/ پیوست
Fatah/Fath	ئەلفەتح	الفتح
(Al-Qaida(the base	ئەلقاعیدە	القاعده
paradigm	پارادایم/سەرمەشقی فیکری	الگوی نظری/پارادایم
empire	ئیمپراتۆری	امپراتوری
imperialism	ئیمپریالیزم	امپریالیسم
cultural imperialism	ئیمپریالیزمی کەلتووری	امپرایسم فرهنگی
privilege	زێدەماف / ودم	امتیاز
security	ئاسایش	امنیت
social security	ئاسایشی کۆمەلایەتی	امنیت اجتماعی
international security	ئاسایشی نێونەتەوەیی	امنیت بین المللی
colective security	ئاسایشی گشتی	امنیت جمعی
individual security	ئاسایشی تاک	امنیت فردی
national security	ئاسایشی نەتەوەیی	امنیت ملی
election	هەڵبژاردن	انتخابات
internationalism	ئەنتەرناسیۆنالیزم	انترناسیونالیسم
netocracy	نێتۆکراسی	اینترنت سالاری
intifada	ئینتیفازە	انتفاضه
humanism	مرۆڤ دۆستی/مرۆڤگەرایی	انسان باوری
political anthropology	مرۆڤناسیی سیاسی	انسان شناسی سیاسی
new man	مرۆڤی نوێ	انسان نو
dehumanization	سڕینەوەی مرۆڤایەتی	انسانیت زدایی
anfal	ئەنفال	انفال
revolution	شۆڕش	انقلاب
revolutionism	شۆڕشگێڕیی	انقلاب خواهی
cultural revolution	شۆڕشی کەلتووری	انقلاب فرهنگی
managerial revolution	شۆڕشی ئیداری	انقلاب مدیریت / انقلاب اداری

oligarchy	ئۆلیگارکی	اولیگارشی/گروه سالاری
ideology	ئایدیۆلۆجی	ایدئولوژی
		ب
babeufism	بابۆفیزم	بابوفیسم
crisis of democracy	قەیرانی دیموکراسی	بحران دموکراسی
crisis of capitalism	قەیرانی سەرمایەداری	بحران سرمایه داری
crisis of socialism	قەیرانی سۆشیالیزم	بحران سوسیالیسم
political crisis	قەیرانی سیاسی	بحران سیاسی
Political paranoia	رەش بینی سیاسی	بدگمانی سیاسی
egalitarianism	یەکسانی خوازی	برابری خواهی
hegemony	هەژمونی	برتری/ هژمونی
slavery	کۆیلەداریی	برده داری
Baath	بەعس	بعث
blanquism	بلانکیزم	بلانکیسم
East(ern) Bloc	بلۆکی رۆژهەلات	بلوک شرق
West(ern) Bloc	بلۆکی رۆژاوا	بلوک غرب
bourgeoisie	بۆرژوازی	بورژوازی
bolshevism	بولشویزم	بولشویسم
bureacracy	بۆرۆکراسی	بوروکراسی/ دیوانسالاری
fundamentalism	بونیاتگەریتی/بنەرەتخوازی	بنیادگرایی/ اصول گرایی
international	ئینتەرناسیۆنال	بین الملل/انترناسیونال
international socialist	ئینتەرناسیۆنال سۆسیالیست	بین الملل سوسیالیست
neutrality	بێلایەنی	بیطرفی
		پ
International Nuclear Materials Safeguaed	پاراستنی نێودەوڵەتی مادەی ئەتۆمی	پادمان بین المللی مواد هسته‌ای
parliamentarism	پەرلەمانتاری	پارلمان داری
purge	پاکسازی	پاکسازی/ تصفیه
ethnic cleansing	پاڵاوتنی ئەتنیکی	پالایش قومی
pan	پان	پان
pan-slavism	پان ئسلاویزم	پان اسلاویسم
pan-islamism	پان ئیسلامیزم	پان اسلامیسم
pan-turkism	پان تورکیزم	پان ترکیسم
panchashila	پانچاشیلا	پانچاشیلا
pan-germanism	پان جێرمەنیزم	پان ژرمنیسم
pan-arabism	پان عەرەبیزم	پان عربیسم
the end of history	کۆتایی مێژوو	پایان تاریخ

capital	پێتەخت	پایتخت
flag	ئاڵا	پرچم
iron curtain	پەردەی ئاسنین	پردەی آهنین
prestorica	پرێستۆریکا	پرستوریکا
Kyoto Climate Change Protocol	پرۆتۆکۆلی گۆڕینی کەش و هەوای کیۆتۆ	پروتکل تغییر آب و هوایی کیوتو
proletariat	پرولتاریا/چینی کرێکار	پرولتاریا/ طبقه کارگر
peronism	پێرۆنیزم	پرونیسم
post-modernism	پاش مودێرنیزم	پست مدرنیسم/ فرانوگرایی/ پسانوگرایی
platform	پلاتفۆرم/سیاسەتی حیزب	پلاتفرم/ سیاست حزبی
pluralism	پلۆرالیزم/فرەدەنگی	پلورالیسم/کثرتباوری
plenum	پلۆنۆم	پلنوم
asylum	پەنابەریی	پناهندگی
political asylum	پەنابەریی سیاسی	پناهندگی سیاسی
populism	پۆپۆلیزم/گەل پەروەری	پوپولیسم/مردم باوری
Money Laundering	پارە سپی کردنەوە	پولشویی
gerontocracy	حکومەتی پیران/پیر مەزنایەتی	پیرسالاری/ حکومت سالخوردگان
progressism	پێشکەوتن خوازی	پیشرفت خواهی/ ترقی خواهی
pact	پەیمان	پیمان
Baghdad pact	پەیماننامەی بەغدا	پیمان بغداد
Saadabad pact	پەیماننامەی سەعدئاباد	پیمان سعدآباد
Three-Borders Treaty	پەیمانی سێ سنوور	پیمان سه مرز
sever pact	پەیمانی سیڤەر	پیمان سور
losan pact	پەیمانی لۆزان	پیمان لوزان
masstricht treaty	پەیمانی ماستریخت	پیمان ماستریخت
Nuclear Test Ban Treaty	پەیمانی بەرگرتن لە تاقیکاری ئەتۆمی	پیمان منع آزمایشهای هستهای
Non-Prolifeation Treaty(NPT)	پەیمانی بەربەستکردنی چەکی ناوەکی	پیمان منع گسترش سلاحهای هستهای
warsaw treaty	پەیمانی وارشەو	پیمان ورشو

ت

nationality	رەگەزنامە	تابعیت/ ملیت
tactic	تەکتیک	تاکتیک

تامیسم	تامیزم	thomism
تئوری/ نظریه	تیۆری	theory
تئوکراسی/ یزدان سالاری	تیئۆکراسی یەزدان پەرستی	theocracy
تبعیض	جیاوازی/ فەرق دانان	discrimination
تبعیض نژادی/جداگری	جیاوازی رەگەزایەتی	apartheid/segregation
تبلیغات	پرۆپاگەندە/بانگەشە	propaganda
تجاوز	دەستدرێژی	aggression
تجدیدنظرطلبی	ریڤیزیۆنیزم/بزاوتی پیاچوونەوە	revisionism
تجزیه طلبی	جودایی خوازی	separatism
تحریک/ شورانش	هاندان/ هەڵخراندن	agitation
تربیت سیاسی	پەروەردەی سیاسی	political education
ترک مخاصمه/ ترک جنگ	خوێن داکوژان	armistice
تروتسکیسم	ترۆتسکیزم	trotskism
تروریسم	تیرۆریزم	terrorism
تروریسم کور	تیرۆریزمی کوێر	blind terrorism
تسامح/ رواداری	لێبوردن/دڵ فراوانی/هەڵکردن	tolerance
تعصب/جمود فکری	کوێرباوەڕی ،دەمارگرژی	fanaticism
تفکیک قوا	جیاکردنەوەی هێزەکان	separation of power
تفویض قدرت	سپاردنی دەسەڵات	delegation of power
تک قطبی	یەك جەمسەریی	unipolarity
تکلیف سیاسی	تەکلیفی سیاسی ،ئەرکی سیاسی	political duty
تمدن	شارستانییەت/ژیار	civilization
تمرکز	کۆجێیی/چەقبەستن	centralization
توافق‌نامه کمپ دیوید	رێککەوتننامەی کەمپ دەیوید	Kamp David Agreement
توافق نامه واشنگتون	رێککەوتننامەی واشنتۆن	Washington Agreement
توافق نامه ١١مارس ١٩٧٠	رێککەوتننامەی یانزەی ئازاری ١٩٧٠	11-Mars. 1970 Agreement
توده	جڤات/جەماوەر	mass/mob
توسعه پایدار	پەرەسەندنی بەردەوام	sustainable development
توسعه سیاسی	پەرەسەندنی سیاسی	political development
توطئه	پیلان کەتن	plot

ج

جاسوس	سیخوڕ جاسوس	spy
جامعه توده ای	کۆمەڵگای جڤاکی	mass society

political sociology	کۆمەڵناسیی سیاسی	جامعه شناسی سیاسی
open society	کۆمەڵگای کراوە	جامعەی باز
civil society	کۆمەڵگای مەدەنی	جامعەی مدنی
league of nations	کۆمەڵی نەتەوەکان	جامعەی ملل
Nobel Peace Prize	خەڵاتی ئاشتی نۆبل	جایزه صلح نوبل
international crime	تاوانی نێودەوڵەتی	جرم بین المللی
political offence	تاوانی سیاسی	جرم سیاسی
geopolitic	جوگرافیای سیاسی	جغرافیای سیاسی
collectivism	هاوبەشێتی/شیوعی	اصالت جمع/ نظام اشتراکی
republic	کۆماریی	جمهوری
Islamic republic	کۆماری ئیسلامی	جمهوری اسلامی
mehabad republic	کۆماری مەهاباد(کوردستان)	جمهوری مهاباد(کردستان)
peace movement	بزاڤی ئاشتی	جنبش صلح
non-alignment movement	بزووتنەوەی بێلایەن	جنبش عدم تعهد
war/ warfare	شەڕ/جەنگ	جنگ
Iran-Iraq War(1980-1988)	شەڕی ئێران و عێراق	جنگ ایران و عراق
world war II	شەڕی دووهەمی جیهانی	جنگ جهانی دوم
guerilla warfare	شەڕی گریلایی	جنگ چریکی
world war I	شەڕی یەکەمی جیهانی	جنگ جهانی اول
the second persian gulf war	شەڕی دووهەمی کەنداوی فارس	جنگ دوم خلیج فارس
cold war	شەڕی سارد	جنگ سرد
Iraq war	شەڕی عێراق	جنگ عراق
ideological warfare	شەڕی ئایدیۆلۆجیکی	جنگ عقیدتی
jihad(holy war)	جیهاد،خەباتی ئایینی	جهاد
weltanschaung / world outlook	جیهان بینی	جهان بینی
third world	جیهانی سێهەم	جهان سوم
cosmopolitan	هاووڵاتیی جیهانی	جهان وطنی
globalization	جیهانیگەری/جیهانی بوون	جهانی شدن

چ

chartism	چارتیزم	چارتیسم
the left	چەپ	چپ
new left	چەپی نوێ	چپ جدید
left and right	چەپ و راست	چپ و راست
multipolarity	فرەجەمسەریی	چندقطبیت
fourteen points	چواردە مادەی ویلسۆن	چهارده مادەی ویلسون

ح

حاکمیت	فەرمانڕەوایی	sovereignty
حاکمیت قانون	باڵادەستیی قانوون	sovereignty
حزب	حیزب	party
حق الاهی	ماف خوداوەندی	divine right
حق تعیین سرنوشت	ماف چارەی خۆ نووسین	self-determination
حقوق برون مرزی	ماف دەرە ـ سنووریی	exterritoriality
حقوق بشر	مافەکانی مرۆڤ	human rights
حقوق سیاسی	مافە سیاسیەکان	political rights
حقوق طبیعی	مافە سرووشتییەکان	natural rights
حکومت	حوکمەت .میریی	government
حکومت محلی	حکومەتی هەرێم	local government
حکومت مشروطه	حوکمەتی دەستووری	constitutional government
حکومت نظامی	حوکمەتی سەربازی	martial law
حماس	حەماس	hamas
حمایت سیاسی	پشتیوانیی سیاسی	diplomatic protection
حوزەی نفوذ	ناوچەی ژێردەسەڵات	sphere of influence

خ

خاورمیانه	ڕۆژهەڵاتی ناوین/ناوەڕاست	the middle east
خرده بورژوازی	وردە بۆرژوازی	petite bourgeoisie
خودگردانی	خودموختاری، ئۆتۆنۆمی	autonomy
خویبون	خۆیبوون	xoybun
خویشاوندپروری/پارتی بازی	خزم خوازی خزم خزمێنه	nepotism
خلع سلاح	چەك داماڵین	disarmament

د

دادگاه نورمبرگ	دادگای نۆرمبێرگ	nuremberg trial
داروینیسم اجتماعی	داروینیزمی کۆمەڵایەتی	social darwinism
دتانت/تنش زدایی	دێتانەت.هێورسازی	de tante
دخالت/دست یازی	دەستتێوەردان	intervention
دژ سالاری/جباریت	زۆرداریی تیرانی	tyranny
دسپوتیسم/خدایگانسالاری	دیسپۆتیزم لاساریگەری	despotism
دکترین/آیین سیاسی/آموزه	دوکترین بیرۆکه	doctrine
دکترین آیزنهاور	دۆکترینی ئایزەنهاوەر	Eisenhower Doctrine
دکترین برژنف	دۆکترینی برێژنێڤ	Brezhnev doctrine
دکترین بوش دوم	دۆکتیرنی بۆشی دووهەم	Bush (Jr)doctrine(2001)
دکترین بوش اول	دۆکترینی بۆشی یەکەم	Bush doctrine (1989-1993)

monroe doctrine	دۆکترینی مۆنرۆ	دکترین مونرو
dogmatism	دۆگماتیزم/وشکەمەرامی	دگماتیسم/جزم اندیشی
demagogie	دیماگۆژی	دماگوژی/عوامفریبی
democracy	دیموکراسی	دموکراسی/مردم سالاری
People s democracy	دیموکراسی جڤاکی	دموکراسی توده‌ای(خلق)
industrial democracy	دیموکراسی پیشەسازانە	دموکراسی صنعتی
liberal democracy	دیموکراسی لیبرال	دموکراسی لیبرال
christian democracy	دیموکراسی مەسیحی	دموکراسی مسیحی
free world	جیهانی ئازاد	دنیای آزاد
de facto	ناسینەوەی دووفاکتۆ/ نیمچەسەربەخۆ	دوفاکتو/ شناسایی
state	دەوڵەت	دولت
free state	دەوڵەتی ئازاد	دولت آزاد
police state	دەوڵەتی پۆلیسی	دولت پلیسی
war state	دەوڵەتی جەنگی	دولت جنگی
rechtssaat	دەوڵەتی یاسایی	دولت حقوقی
government in exile	دەوڵەتی تاراوگە	دولت در تبعید
Pappet government	دەوڵەتی داسپاردە	دولت دست نشانده
welfare state	دەوڵەتی خۆشگوزەران	دولت رفاه
polis/city-state	دەوڵەت شار	دولت شهر
most favoured nation	دەوڵەتی تەواودۆست	دولت کامله الوداد(بهین دوست)
nation-state	دەوڵەت ـ نەتەوە	دولت ـ ملت
provisional state	دەوڵەتی کاتی	دولت موقت
rogue states	دەوڵەتانی لاسار	دولت های خودسر
dialectic	دایەلیکتیك	دیالکتیک
diplomat	دیپلۆمات	دیپلمات
diplomacy	دیپلۆماسی	دیپلماسی
dictatorship	دیکتاتۆری	دیکتاتوری
dictatorship of proletariat	دیکتاتۆری پرۆلتاریا	دیکتاتوری پرولتاریا
the other	ئەویدی	دیگری
berlin wall	دیواری بەرلین	دیوار برلین
International court of justice	دادگای نێونەتەوەیی داد	دیوان بین المللی دادگستری
		ر
socialist realism	ریالیزمی سۆشیالیستی	رئالیسم سوسیالیستی
radical	رادیکاڵ، چەپڕەو	رادیکال/ بنیادستیز
radicalism	رادیکالیزم	رادیکالیسم
the right	راست	راست

new right	ڕاستی نوێ	راست نو
reich	ڕایش	رایش
regime	ڕژێم	رژیم
political regime	ڕژێمی سیاسی	رژیم سیاسی
international relations	پێوەندی نێودەوڵەتی	روابط بین الملل
political psychology	دەروونناسی سیاسی	روانشناسی سیاسی
method	میتۆد	روش/ اسلوب
intellectual	ڕۆشنبیر/ڕوناکبیر	روشنفکر
leader	سەرۆک/پێشەوا	رهبر/لیدر
presidency	سەرۆک کۆماریی	ریاست جمهوری
		ز
linguicide	زمانکوژی	زبانکشی
nuclear winter	زستانی ئەتۆمی	زمستان هسته‌ای
political prisoner	زیندانیی سیاسی	زندانی سیاسی
infrastraucture	ژێرخان	زیر ساخت
		ژ
jacobinism	ژاکۆبنیزم	ژاکوبنیسم
		س
sabotage	سابۆتاژ / گێرەشێوێنی	سابوتاژ/ خرابکاری
satyagraha	ساتیاگراها	ساتیاگراها
(South Asian Association for Regional Cooperation) SAARC	سارک (یەکیەتی هاریکاری ناوچەیی ئاسیای باشوور)	سارک (اتحادیه جنوب آسیا برای همکاری منطقه ای)
Palestine Liberation Organization (PLO)	ڕێکخراوەی ڕزگاریخوازی فەلەستین	سازمان آزادیبخش فلسطین
United Nation Educational scientific and Cultural Organization(UNESCO)	ڕێکخراوەی پەروەردەیی، زانستی و کەلتووری نەتەوە یەکگرتووەکان" یونسکۆ	سازمان آموزشی، علمی و فرهنگی ملل متحد؛ یونسکو
International Refugee Organization (IRO)	ڕێکخراوەی نێودەوڵەتی ئاوەرەکان	سازمان بین المللی آوارگان
International Criminal Police Organization (Interpol)	ئینترپۆل (ڕێکخراوی نێودەوڵەتی پۆلیسی تاوانباران)	سازمان بین المللی پلیس جنایی(اینترپل)
international labour organization	ڕێکخراوەی نێودەوڵەتی کار	سازمان بین المللی کار
North Atlantic Treaty Organization (NATO)	ڕێکخراوەی پەیمانی ئاتلانتیکی باکووری (ناتۆ)	سازمان پیمان آتلانتیک شمالی (ناتو)
World Trade Organization	ڕێکخراوەی بازرگانی جیهانی	سارمان تجارت جهانی
World Health Organization	ڕێکخراوەی تەندروستی جیهانی	سازمان جهانی بهداشت

World International Property Organization (WIPO)	ڕێکخراوەی جیهانی خاوەندارێتی مەعنەوی	سازمان جهانی مالکیت معنوی
organizing	ڕێکخستن	سازماندهی
Organization of Petroleum Exporting Countries (OPEC)	ڕێکخراوەی وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت (ئۆپێك)	سازمان کشورهای صادرکننده نفت (اوپک)
Organization of Islamic Conference	ڕێکخراوەی کۆنفرانسی ئیسلامی	سازمان کنفرانس اسلامی
The United Nations Organization	ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان	سازمان ملل متحد
Organization of African Unity	ڕێکخراوەی یەکگرتنی ئەفریقا	سازمان وحدت آفریقا
Latin American Solidarity Organization	ڕێکخراوەی هاوبەندی ئەمریکای لاتین	سازمان همبستگی آمریکای لاتین
Organization of Security and Cooperation in Europe	ڕێکخراوی هاوکاری و ئاسایشی ئەورووپا	سازمان همکاری و امنیت اروپا
Organization of Cooperation and Security in Middle East	ڕێکخراوی هاوکاری و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوین	سازمان همکاری و امنیت خاورمیانه
conciliation	تەبایی/پێکهاتن	سازش
salt	سالت	سالت
democratic centralism	سەنترالیزمی دیموکراتی	سانترالیسم دموکراتیک
censor/censorship	سانسۆر	سانسور
fifth column	تابوری پێنجەم	ستون پنجم
elite	نوخبە	سرآمد / نخبه
elitism	نوخبەگەرێتی	سرآمد باوری / نخبه گرایی
power elite	نوخبەی دەسەڵات	سرآمد قدرت
unknown soldier	سەربازی نەناسراو / سەربازی ون	سرباز گمنام
trusteeship	سەرپەرشتی	سرپرستی/ قیمومت
national hymn	سروودی نیشتمانی	سرود ملی
capital	سەرمایە	سرمایه
social capital	سەرمایەی کۆمەڵایەتی	سرمایه اجتماعی
capitalism	سەرمایەداری	سرمایه داری
caesarism	قەیسەرخوازی	سزاریسم / قیصرگرایی
ambassador	باڵیۆز	سفیر
embassy	باڵیۆزخانە	سفارت
accredited ambassador	باڵیۆزی ئاکریدیتێ	سفیر آکریدیته
sectarism	سێکتاریزم/تیرەگەرێتی	سکتاریسم/ فرقه گرایی
secularism	سکۆلاریزم	سکولاریسم
Monarchy	پاشایەتی	سلطنت/پادشاهی
Salafiyat	سەلەفییەت	سلفیّت

syndicalism	سەندیکالیزم	سندیکالیسم
social imperialism	سۆشیال ئیمپریالیزم	سوسیال امپریالیسم
democratic socialism	سۆشیال دیموکراسی	سوسیال دموکراسی
guild socialism	سۆشیالیزمی پیشەیی	سوسیالیسم صنفی
social fascism	سۆسیال فاشیزم	سوسیال فاشیسم
social Catholicism	سۆسیال کاتۆلیسیزم	سوسیل کاتولیسیسم
socialism	سۆشیالیزم	سوسیالیسم
revolutionary socialism	سۆشیالیزمی شۆڕشگێڕانە	سوسیالیسم انقلابی
utopian socialism	سۆشیالیزمی خەیاڵی	سوسیالیسم تخیلی
creeping socialism	سۆشیالیزمی خزۆك	سوسیالیسم خزنده
scientific socialism	سۆشیالیزمی زانستی	سوسیالیسم علمی
Marxian socialism	سۆشیالیزمی مارکسی	سوسیالیسم مارکسی
Christian socialism	سۆشیالیزمی مەسیحی	سوسیالیسم مسیحی
Central Intelligence Agency	سیا (سی. ئای. ئەی)	سیا
politics/policy	سیاسەت، رامیاریی	سیاست
hydropolitics	سیاسەتی ئاو	سیاست آب
Big stick policy	سیاسەتی گۆپاڵی گەورە	سیاست چماق بزرگ
multiculturalism	سیاسەتی فرەکەلتووری	سیاست چند فرهنگی
foreign policy	سیاسەتی دەرەوە	سیاست خارجی
Open door policy	سیاسەتی دەرگای کراوە	سیاست درهای باز
politics of language	سیاسەتی زمان	سیاست زبانی
politician	سیاسەت وان	سیاستمدار
cyberdemocracy	سایبر دیموکراسی	سیبر دموکراسی

ش

olive branch	چڵە زەیتوون	شاخه زیتون
chantage	شانتاج	شانتاژ/ هوچیگری
Hawks and Doves	کۆتر و هەڵۆ	شاهین ها و کبوترها
rumour	دەنگۆ قسەڵۆك	شایعه
World Wide Web (WWW)	تۆڕی سەرانسەری جیهانی	شبکه سراسری جهانی
quasi-democracy	نیمچە دیموکراسی	شبه دموکراسی
quasi-states	نیمچە دەوڵەت	شبه دولت
personality cult	پەرستشی کەسایەتی	شخص پرستی
multinational corporations	کۆمپانیای فرە نەتەوە	شرکت های چندملیتی
orientalism	رۆژهەڵاتناسیی	شرق شناسی
torture	ئەشکەنجە	شکنجه
North and South	باکوور و باشوور	شمال و جنوب

Sword of Damocles	شمشێری داموکلیس	شمشیر داموکلس
security council	ئەنجومەنی ئاسایش	شورای امنیت
nordic council	ئەنجومەنی باکووری(نۆردیك)	شورای شمالی(نوردیک)
World Council Churches	ئەنجومەنی جیهانی کڵێسەکان	شورای جهانی کلیساها
Persian Gulf Cooperative Council	ئەنجومەنی هاریکاری کەنداوی فارس	شورای همکاری خلیج فارس
chavinism	شۆڤێنیزم	شووینیسم/ ناسیونالیسم افراطی
citizen	هاووڵاتی، شارۆمەند	شهروند
Asiatic Mode of Production	شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی	شیوه تولید آسیایی
		ص
speace	ئاشتی	صلح
armed peace	ئاشتی پرچەك	صلح مسلح
pacifism	ئاشتی خوازی	صلح خواهی/صلح طلبی
Socio-EconomicFormation	پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری	صورت بندی اجتماعی ـ اقتصادی
International Monetary Fund (IMF)	سەندوقی نێودەوڵەتی دراو	صندوق بین المللی پول
United Nations Development Fund for Women	سەندوقی گەشەی ژنانی نەتەوەیەکگرتووەکان	صندوق توسعه زنان ملل متحد
guild	یەکێتی	صنف
zionism	زایۆنیزم	صهیونیسم
		ض
counter-revolution	دژە شۆڕش	ضد انقلاب
		ط
Taliban	تالیبان	طالبان
class	چین	طبقه
middle class	چینی مامناوەندی/ چینی میانە	طبقه متوسط
		ع
justice	عەدالەت/ داد	عدالت/ عدل
international custom	نەریتی نێودەوڵەتی	عرف بین الملل
amnesty international	لێبوردنی نێودەوڵەتی	عفو بین الملل
versailles treaty	پەیمانی ڤێرسای	عهدنامه ورسای
treaty of westphalia	پەیمانی وێستفالیا	عهدنامه وستفالی
		غ
mobocracy	ئاژاوە گێڕی	غوغا سالاری
		ف
fabianism	فابیانیزم	فابیانیسم

فاجعه	کارەسات	cataclyism
فاشیسم	فاشیزم	fascism
فاکسیونالیسم/تحزب	حیزبایەتی	factionalism
فالانژ / فالانژیسم	فالانژ ، فالانژیسم	falange/falangism
فدراسیون جهانی اتحادیه های کارگری	فیدراسۆنی جیهانی یەکیەتییە کرێکارییەکان	World Federation of trade Unions (WFTU)
فدرالیسم	فیدرالیزم	federalism
فرانشیز / حق رای	فرانشیز ، مافی دەنگ دان	franchise
فراکسیون	فراکسیۆن / کوتلە	fraction
فراگیرندگی / توتالیتاریسم	توتالیتاریزم ، پاوانخوازی	totalitarianism
فراماسونری	فراماسۆنری/ماسۆنی	freemasonary
فرایند / پروسه	پرۆسە ، رەوت	process
فرد باوری	تاک باوەریی ئاندیڤیدۆئالیزم	individualism
فرصت طلبی / اپورتونیسم	هەلپەرستی	opportunism
فره / فرمندی	کاریزما	charisma
فرهنگ سیاسی	کەلتووری سیاسی	political culture
فساد سیاسی	گەندەڵی سیاسی	political corruption
فلسفه سیاسی	فەلسەفەی سیاسی	political philosophy
فلسفه مدرسی / اسکولاستیسیسم	سکۆلاستیسزم	scholasticism
فن سالاری / تکنوکراسی	تێکنۆکراسی	technocracy
فورالیست ها	ڤێڤرالیستەکان	fevralists
فورماسیون / صورت بندی	پێکهاتن / ڕۆنان	formation
فورمالیسم / ظاهر پرستی	فۆرمالیزم / ڕوکەش پەرستی	formalism
فمینیسم / جنبش آزادی زنان	فێمینیزم / بزاوتی ئازادی خوازی ژنان	feminism
فئودالیسم / ملوک الطوایفی	فیۆدالیزم / دەرەبەگایەتی	feudalism
فیزیوکراسی / مکتب طبیعیون	فیزیۆکراسی	phisiocracy

ق

قاچاق	قاچاخ	Contraband
قانون	یاسا/ دەستوور	law
قانون اساسی	دەستووری بنچینەیی/یاسای بنەڕەتی	constitutional law
قتل عام های ارامنه	کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکان	Armenian Masscres
قدرت	هێز ، دەسەڵات	power
قدرت باوری	دیکتاتۆریەتی	authoritarianism
قدرت سیاه	هێزی ڕەش	black power
قدرت ملی	دەسەڵاتی نەتەوەیی	national power
قرارداد الجزایر	ڕێککەوتننامەی جەزایر	Algery Agreement

ک

کابینه	کابینه	cabinet
کابینه سایه	دەوڵەتی سێبەر	shadow cabinet
کاپیتولاسیون	کاپیتۆلاسیۆن	capitulation
کاخ سفید	کۆشکی سپی	White House
کارتل	کارتل	cartel
کاسترویسم	کاسترۆئیزم	castroism
کا. گی. ب	کا. گێ. بێ	K G B
کثرت گرایی سیاسی	فرەدەنگیی سیاسی	political pluralism
کشتار سیاسی	کۆمەڵکوژیی سیاسی	politicide
کشور	وڵات / نیشتمان	country
کشور تک حزبی	وڵاتی تاکەحیزبی	One-Party State
کشورهای عقب افتاده	وڵاتانی دواکەوتوو	Backward Countries
کشورهای کمتر توسعه یافته	وڵاتانی کەمتر پێشکەوتوو	Less Developed Countries (LDCs)
کمالیسم	کەمالیزم	Kemalism
کمونیسم	کۆمۆنیزم	communism
کمونیسم علمی	کۆمۆنیزمی زانستی	Scientific Communism
کمیته ختم استعمار	جارنامەی سەربەخۆیی وڵاتە داگیرکراوەکان	The special Committee on Decolonization
کمیساریای عالی پناهندگان سازمان ملل متحد	راسپاردەی باڵای پەنابەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان	United Nations High Commissioner for Refuges
کمیسیون اقتصادی اروپا	کۆمیسیۆنی ئابووری ئەورووپا	Economic Commission for Europe
کمیسیون حقوق بشر ملل متحد	کۆمیسیۆنی ماف مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان	United Nations Commission on Human Rights
کمیسون بین المللی تحقیق	کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتی لێپرسینەوە	International Commission for Investigation
کناره گیری / انزواگرایی	گۆشەگیری / دوورە پەرێزی	Isolationism
کنترل تسلیحات	کۆنترۆڵی چەك	Arms Control
کنسول	کۆنسۆل	consul
کنفدراسیون	کونفیدراسیۆن	confederation
کنفرانس	کۆنفرانس	conference
کنفرانس آلماآتا	کۆنفرانسی ئاڵمائاتا	Alma-Ata Conference
کنفرانس امنیت و همکاری آسیا	کۆنفرانسی ئاسایش و هاوکاری ئاسیا	Conference for Security and cooperation in Asia (CSCA)
کنفرانس امنیت و همکاری اروپا	کۆنفرانسی ئاسایش و هاوکاری ئەورووپا	Conference for Security and cooperation in Europe (CSCE)
کنفرانس بین المللی اشتغال	کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کار	International Conference of Employment

Potsdam Conference	کۆنفرانسی پۆتسدام	کنفرانس پوتسدام
Tehran Conference	کۆنفرانسی تاران	کنفرانس تهران
International Conference Againest Apartheid	کۆنفرانسی جیهانی دژی رەگەزپەرستی	کنفرانس جهانی ضد آپارتاید
Dumbarton Oaks Conference	کۆنفرانسی دومبارتون ئۆکس	کنفرانس دومبارتن اوکس
San Francisco Conference	کۆنفرانسی سان فرانسیسکۆ	کنفرانس سانفرانسیسکو
North-South Conference	کۆنفرانسی باکوور- باشوور	کنفرانس شمال و جنوب
Middle-East Peace Conference	کۆنفرانسی ئاشتی رۆژهەڵاتی ناوین	کنفرانس صلح خاورمیانه
Hague Peace Conference (1899)	کۆنفرانسی ئاشتی لاهای	کنفرانس صلح لاهه (۱۸۹۹)
Afro-Asian Conference	کۆنفرانسی ئاسیا - ئەفریقا	کنفرانس کشورهای آفریقایی - آسیایی
Geneva Conferences	کۆنفرانسەکانی جنێڤ	کنفرانس های ژنو
Yalta Conference	کۆنفرانسی یالتا	کنفرانس یالتا
2+4 Conference	کۆنفرانسی ٤+٢	کنفرانس ۴+۲
African National Congres	کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا	کنگره ملی آفریقا
convention	کۆنڤانسیۆن	کنوانسیون
European Convention for the Protection of Human Rights and fundamental Freedom	کۆنڤانسیۆنی ئەورووپی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەرەتییەکان	کنوانسیون اروپایی حمایت از حقوق بشر و آزادی های اساسی
Coup detat	کۆدەتا	کودتا
Kou-Min-Tang	کۆمین تانگ	کومین تانگ
comintern	کۆمینترن	کومینترن
cominfform	کۆمینفۆرم	کومینفورم
Kurdish Rebirth Society	کۆمەڵەی ژ. کاف (ژیانەوەی کورد)	کومله ژ. کاف
commune	کۆمۆن	کومون
Quixotism	کیشۆت ئاسایی/ پاڵەوانبازی	کیشوت مآبی

گ

Gangster	گانگستر	گانگستر
passport	پاسپۆرت / پەساپۆرت	گذرنامه / پاسپورت
World Bank Group	گرووپی بانکی جیهانی	گروه بانک جهانی
Pressure Group	گرووپی گوشار	گروه فشار
G 5+1	گرووپی ٥+١	گروه ۵+۱
G 6+2	گرووپی ٦+٢	گروه ۶+۲
G-8	گرووپی ٨	گروه ۸
G-15	گرووپی ١٥	گروه ۱۵
G-77	گرووپی ٧٧	گروه ۷۷
cessation	دابڕان	گسست / انفصال

gestapo	گشتاپۆ	گشتاپو
Dialogue Among Civilization	گفتوگۆی نێوان شارستانییەتەکان	گفتگوی تمدن ها
discourse	گوتار / دیسکۆرس	گفتمان
glasnost	گلاسنۆست	گلاسنوست
gobinism	گوبینیزم	گوبینیسم

ل

Laic	لاییک/لادین	لائیک
lobbying	لۆبیگەریی	لابیگری
laissez-faire	لسەفەیر/ئابووری ئازاد	لسه فر
leninism	لینینیزم	لنینیسم
lumpen proltariat	لۆمپن پرۆلتاریا	لومپن پرولتاریا
leviatan	لیڤیاتان	لویاتان
liberalism	ئازادیخوازی/ لیبرالیزم	لیبرالیسم / آزادیخواهی
Neo-Liberalism	لیبرالیزمی نوێ	لیبرالیسم نو
legalism	یاسا پەروەریی	لگالیسم / قانون باوری

م

Maoism	مائۆئیزم	مائوئیسم
Dialectical Materialism	مەتریالیزمی دیالیکتیک	ماتریالیسم دیالکتیک
Cultural Materialism	مەتریالیزمی کولتووری	ماتریالیسم فرهنگی
Historical Materialism	مەتریالیزمی مێژوویی	ماتریالیسم تاریخی
Marxism	مارکسیزم	مارکسیسم
Neo-Marxism	مارکسیزمی نوێ	مارکسیسم جدید
Marxism-Leninism	مارکسیزم ـ لینینیزم	مارکسیسم ـ لنینیسم
Mafia	مافیا	مافیا
Machiavellism	ماکیاڤلیزم	ماکیاولیسم
manifest	مانیفست	مانیفست
Class struggle	خەباتی چینایەتی	مبارزه طبقاتی
metropole	میترۆپول	متروپل
parliament	پەرلەمان	مجلس / پارلمان
senate	ئەنجومەنی پیران / سینات	مجلس سنا
General Assembly	کۆمەڵی گشتی	مجمع عمومی
blockade	گەمارۆ / ئابلۆقە	محاصره / دریابندان
conservatism	کۆنە پارێزیی/قایمەکاریی	محافظه کاری
lutheranism	لۆترانیزم	مذهب لوتری
centralism	ناوەندگەرێتی	مرکز گرایی
colony	داگیرکراو	مستعمره

Political Participation	بەشداریی سیاسی	مشارکت سیاسی
Convention on political Rights of Women	کۆنڤانسیۆنی مافی سیاسی ژنان	مقاوله نامه حقوق سیاسی زنان
political school	قوتابخانەی سیاسی	مکتب سیاسی
Mc-Carthyism	مەك كارتيزم	مک کارتیسم
Nation	نەتەوە	ملت
nationalization	خۆماڵی کردن	ملی کردن
United Nations Charter	جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان	منشور ملل متحد
national interest	بەرژەوەندی نەتەوەیی	منافع ملی
Political Balance	هاوسەنگیی سیاسی	موازنه سیاسی
Balance of Power	هاوسەنگیی هێزەکان	موازنه قوا
Sykes-Picot Agreement (1916)	ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ (١٩١٦)	موافقت نامه سایکس پیکو (۱۹۱۶)
mossad	مووساد	موساد
meditation	ناوبژیوانی	میانجیگری
International Covenant on Civil and Political Rights (1966)	پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان (١٩٦٦)	میثاق بین المللی حقوق مدنی و سیاسی (۱۹۶۶)
International Covenant on Economic, Social and Cultural Rights (1966)	پەیمانی نێودەوڵەتی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان (١٩٦٦)	میثاق‌بین‌المللی‌حقوق‌اقتصادی،ا جتماعی‌وفرهنگی(۱۹۶۶)

ن

nazism	نازیسم	نازیسم
nationalism	ناسیۆنالیزم	ناسیونالیسم
Kurdish Nationalism	ناسیۆنالیزمی کوردی	ناسیونالیسم کردی
Civil Disobedience	نافەرمانیی مەدەنی	نافرمانی مدنی
Neo-Nazism	نیۆنازیسم	نئو نازیسم
racism	ڕەگەز پەرستی	نژاد پرستی
political generation	وەچەی سیاسی	نسل سیاسی
genocide	کۆمەڵکوژیی / جینۆساید	نسل کشی / نژادکشی
multiparty system	سیستەمی فرە حیزبی	نظام چند حزبی
political system	سیستەمی سیاسی	نظام سیاسی
New World Order	سیستەمی نوێی جیهانی	نظم نوین جهانی
political theory	تیۆری سیاسی	نظریه سیاسی
Three Worlds Theory	تیۆری سێ جیهان	نظریه سه جهان
J. Curve Theory	تیۆری کەوانەی جەی	نظریه منحنی جی
nihilism	نەهیلیزم / پووچگەرایی	نیهیلیسم / هیچ انگاری

و

Vatican	ڤاتیکان	واتیکان

veto	ڤیتۆ	وتو
visa	ڤیزه	ویزا / روادید
whig	ویگ	ویگ
		هـ
hegemony	هەژمۆنی	هژمونی / برتری
refrandum	راپرسی/ ریفراندۆم	همه پرسی / رفراندوم
holocaust	هۆلۆکۆست	هولوکاست
identity	شوناس	هویت
National Identity	شوناسی نەتەوەیی	هویت ملی
		ی
note	یاداشت نامه	یادداشت
11/9	یانزەی سێپتەمبەر ٢٠٠١	یازده سپتامبر ٢٠٠١
autocracy	ئۆتۆکراسی	یکه سالاری
anti-semitism	جوولەکه قڕان	یهود ستیزی